Raman

- خاوەن ئیمتیاز
  شەوکەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
  ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
  سەرکەوت وەلی
- مۆنتیژ و پۆرتریت
  قەرەنی جەمیل

129

خولی سێیەم / ساڵی دوازدە / شوبات ۲۰۰۸

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدریسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ۲۲۳۰۵۸۲
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٠٦-٢٢٢٨٥٠٦-٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

نرخ/ ۷۵۰ دینار

ناوەرۆکی ڕامان

دەق

- زەرەبینەکان/ شێرکۆ بێکەس/ 3
- تارای باران.. شەقامی تارمایی.. دۆت کۆم/ نەژاد عزیز سورمێ/ 9
- ڕێکێڵ/ ئەحمەد قەرەنی/ 11
- وەرسین لە بۆنی سێو و ئێوارەکانی تەنیایی/ توانا عەدنان بەرزنجی/ 12
- خانمێکی بێ بەزەیی جوان/ لە ئینگلیزییەوە: مەحموود ئیبراهیم پێمامێکی/ 14
- شاعیرەکانی باخی گشتی/ غەفوور سالح عەبدوڵڵا/ 16
- ئێ فرۆتنێ/ لە تورکییەوە: ڕۆنی وار/ 21
- پیرۆزی و تەلیسمی خەیاڵ/ جووتیار ئەحمەد/ 25
- مۆتەکە/ لە فارسییەوە: سەلاح نیساری/ 32

هەڤپەیڤین

- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ مامۆستا (سەلام ناوخۆش)ی باسکار و فەرهەنگساز/ ئا: ڕامان/ 34

ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا/ مارف خەزنەدار/ 45
- چۆنیەتی پێکهاتنی وەگێڕ و کەسایەتی لە کورتە چیرۆکی «پێکەنینی گەدا»دا/ د. محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی/ 55
- (شیوەخوێن) ناوێکی نوێ بۆ کەرکووک/ بەکر دەرویش/ 62
- گوننار ئێکێلۆف و خەونی ڕۆژهەلات/ لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی/ 72

بیروڕا

- پێڕگەرایی ڕەخنەگر: ئەفراندنی گەندەڵی/ هەندرێن/ 82

هزر و فەلسەفە

- بنەما فرە ڕەنگییەکانی تیۆرییە کۆمەلایەتییەکان/ د. حەمید عەزیز/ 91
- سایکۆلۆژیای گواستنەوەی کاریگەری فێربوون/ د. کەریم شەریف قەرەچەتانی/ 98
- تووڕەیی و کات/ بەکر عەلی/ 104

زمانزانی

- کۆزمانەوانی/ بەهزاد موحسین/ 112

وتار

- هورمزگان؛ سەرەتای سەرهەڵدانی لیریکای نڤیساری کوردی/ عادڵ محەمەدپوور/ 125
- شێخ محەمەدی خاڵ، زانایەکی نوێخوازی سەردەمەکەی خۆی/ د. ئاراس محەمەد سالح/ 129
- هونەرێ کورتە چیرۆکێ و پێداچوونەک/ خالد عەلی سلێڤانی/ 133

هونەر

- گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 136
- کۆمپۆزیشنی پۆرترێت/ فارس سەعدی/ 142

خوێندنەوەی کتێب

- دۆزینەوەی میژووە ونبووەکانی تاک، لە سەدەی دیکتاتۆرەکاندا/ ئارام سدیق/ 142
- نەبزی ژیان لە «ئاوێنەیەک نیگا»دا/ ئەمین گەردیگلانی/ 149
- سۆفیگەرێتی/ هاشم سەڕاج/ 154

زاراوەسازی

- نغرۆبوون/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157

ئێستێک

- شیعری ئازاد و ژنی ئازاد/ نیگار نادر/ 160

زەڕەبینەکان

شێرکۆ بێکەس
(سلێمانی)

کەڵەشێر

کازیوە بوو
بە تەنها هەر
کەڵەشێرێ چاوی لێبوو
کچەی عاشقی ناو گوندیان
لە بنەبانی کادانێ
چۆن سەربڕی!
بۆیە ئەویش
گەڕایەوە بۆ کولانە و
مانی گرت و بڕیاریدا
بەیانیان ئیتر نەخوێنێ!

قاپێ شەراب

قاپێ شەرابی «ڕوومەمانی»
ئەگەڕایەوە بۆ سابلاخ
ڕووی تێکردم: ئیشێ؟ کارێ؟
ڕاسپاردەیەک، چیت هەیە؟
وتم تەنها هەر ئەوەندە
کە گەیشتی
لای «هێمن» ببە بە میوان
با پێش هەموو کەسێ هەر ئەو
سەرت بادا و هەڵتبڕێ و
هەر لە ژوورەکەی ئەویشدا
لە تەک ژنە شیعرێکی مەست و سەرخۆشدا
بۆ خۆت بنوو
تا شاعیر لە خەو هەڵنەسێ!

دوور و نزیک

چاو ئەنووقێنم نزیکی
کە کردمەوە ئێجگار دووری

تۆ بۆ من هەرگیز جەستە نیت
تۆ بۆ من ڕۆحی بێ شوێن و
زەمانێکی بەردەوامی
خەون و شیعری!

دارکونکەرە

دارکونکەرە
دارتاشێکی لووت درێژە
بە تەنها پەنجەرەی خڕ خڕ
بۆ سمۆرە دروست ئەکا
تا سمۆرەیش قاچ لەسەر قاچ
بە ئێواران لەبەر دەمیا
دابنیشێ و
لەوێوە سەیری مەمکۆڵە
خڕمکانی دار گوێز بکا!

دڕێژترین قەسیدە

ئەم پاییزە
هەر خەریکی کۆکردنەوەی
وشە ئەبم
بۆ ئەوەی کاتێ زستان هات
من دڕێژترین قەسیدە
بۆ خۆشەویستیت بنووسم!

عەشق

عەشقی کچێ
دەستی وەشاند لە کوڕێک و
ئیتر کوڕە بوو بە پووشووی
ناو گێژەنێ!
کە نامۆییش
دەستی وەشاند لە شاعیرێ
ئیتر شاعیر بوو بە مەڵێکی ئێوارەی
پاییزان و
هۆنراوەیشی
بوون بەو جۆگە غەمگینانەی
بەدەم ڕێوە
ناوە ناوە
پەلکیان بەسەردا ئەبارێ!

گەڕان

گەر گەڕای بە شوێن پاییزدا
مەچوو بۆ هیچ شوێنێکی تر
دڵم نەبێ
گەر گەڕای بەشوێن بەهاردا
بۆ هەر شوێنێ ئەچی بچۆ
دڵم نەبێ!

جیاکردنەوە

تا «ئازادیی»
دەمامکدار و «ئازادیی» بێ دەمامک
لە یەکتری جوێ کەیتەوە،
ئەبێ بچی و لە پشتەوە
جلەکانیان هەڵبەیتەوە،
لە ناوەڕاستی پشتیان و
سەر و سمتیان وردبیتەوە.
تا بە چاوی خۆت ببینی:
لەسەر کامیان جێ پەنجەی قیژە هەر ماوە؟!
لەسەر کامیان ئازار جۆگەی هەڵکەندووە؟!
لەسەر کامیان خۆری خوێنین هەڵهاتووە؟!
لەسەر کامیان دەموچاوی جەللاد دیارە؟!
تا ئازادیی دەمامکدار و ئازادیی
بێ دەمامک لە یەکتری جوێ کەیتەوە!

چاوەڕوانی

لە چاوەڕوانی باراندا
هەموو کز کز ڕاوەستابوون
درەختێکی پیرەمێردیان
بە درەختێکی گەنجی وت:
ئەگەر نەهات
تا هەفتەیەکی تر نەهات
من نامێنم و
ئەوسا تۆ زیندوو من مردوو
بچۆ بەو خانووە قوڕانەی
ئەوبەر بڵێ
با هەموویان
بێن بۆ ئێرە و بمبڕنەوە و
کەرتم کەن و هەڵمگرن و
لە شەوگاری بەفرانباردا

بمکەن بە پشکۆی ئاگردان!

دایکی

دایکی ئەیوت:
ئەوسا من دوو دڵم هەبوو
دڵێکیانم لەلای تۆ بوو
لەسەر شاخ و
دڵێکیشم لێرە لای نان!
ئەموت ئەگەر
یەکەمیان بگەڕێتەوە
دووهەمیشیان پەیدا ئەبێ و
لەگەڵ ئەودا دێنەوە ماڵ.
گەرچی ئەو دڵەی سەر شاخم
هاتۆتەوە و وا لە ماڵە
بەڵام دڵی لای نانەکەم
وەکو جاران
ئێستەیش ژوورێکی خاڵییە و
ئێستەیش سکێکی بەتاڵە!

وروژاندن

هەنگێک بە تەنها هەر لەبەر
وروژاندن
ڕۆژێ شانەکەی خۆی شێوان
هەتا شانە کەوتە خوارێ و
هەنگوین ڕژا
«با»یەک بە تەنها هەر لەبەر
وروژاندن
لەگەڵ ئاگر کەوتە گاڵتە
هەتا خەرمان گڕی گرت و
دەشتیش سووتا
منیش ڕۆژێ
هەر لەبەر وروژاندن بوو
هیچی تر نا
ڕقی هەندێ وشە و ڕستەی
خۆمم هەستان
بەڵام وەختێ تەماشام کرد
لە نێوانی شیعرەکانما
شەڕێکی گەورە هەڵگیرسا و
لەو ناوەدا
قەڵەمەکەی منیش کوژرا!

هۆکارەکان

بە هۆی خەمێکی بچکۆلەی
کۆڵانەوە
خەمی گەورەی ناو گەڕەکم
هەموو ناسی
بەهۆی بیرێکی ڕووناکی گەڕەکەوە
هەموو بیرە گەشەکانی شارم ناسی
بەهۆی کتێبێکی جوانی ناو شارەوە
کتێبی جوانی وڵاتم
هەموو ناسی
بەهۆی هاواری ئازادیی وڵاتەوە
هەموو هاواری
ئازادیی
دنیام ناسی!

بیرکردن

تۆ کە بیرم ئەکەیت ڕەنگە
جار بەجارێ بچیتە بەر
ئاوێنەکانی «دیوان» و
بۆ چەند ساڵێ من ببینی و
لە دواییشدا دابنیشی،
بەڵام کە من بیری تۆم کرد
خەیاڵێکم هەیە درێژ
لە کەناری شیعر و گۆرانیی درێژتر
ئەوەی نەیێ دانیشتن و کۆتاییە
ئەوەی نەیێ سنووری ئێرە و ئەوێیە
ئەوەی بە تەنهایش تیایەتی
چاوە سەوزەکانی تۆیە!

تووتی

پیرێژنێکی «باوەنوور»
تووتییەکەی خۆی فێرکردبوو
ئەمەی ئەوت:
من هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان
نەمبینیوە:
نەک خودا خۆی
«مەئموورێکی نفووس»یشی

به سەردانێ
بێت بۆ لامان!

سەرەوە و خوارەوە

لە سەرەوە
وەختێ چراکەیان هەڵکرد
پرشنگێ خۆی کرد بە ئاودا و
لە بنەوە
بۆ جێژوانی دوو ماسی
ئەویش لەوێ بوو بە چرا
لە سەرەوە چراکەیان کوژاندەوە
لە خوارەوە
جێژوان تاریکی کرد و
ماسی دڵدار لێک ون بوون و
چرایش خنکا!

خۆر

کە خۆری بەیانیان لێم ئەدا
هەست ئەکەم، خونچەم و تازەم و
ئەمەوێ پێبکەنم!
کە خۆری نیوەڕوان لێم ئەدا
هەست ئەکەم درەختم و گەرمامە و
ئەمەوێ گەڵاکان لەبەرم داکەنم
کە زەردەی ئێوارەیش لێم ئەدا
هەست ئەکەم شەپۆلی ماندووم و
بەرەو بن دائەچم!

گەورە بوون

لەو لاوە
ئەو دارە چرۆیەک دەرئەکا
لەم لاوە
ئەو تەیرە هێلکەیەک ئەکات و
لە خوارێ
زنەیەک هەڵئەقوڵی و
لە سەری
کزمیەک هەڵئەکا و
لە ژووری کاغەزما
وشەیەک پێ ئەگرێ
وەرز هات و
وەرز ڕۆیشت و
چرۆکە بوو بە دار
هێلکەکە هەڵفڕی
زنەکە هاژەی کرد
وشەکەیش
پڕوپۆی هاویشت و
ژوورەکەی داپۆشی!

دەرزی

کونی دەرزیی بچووک نییە
من ئەو ڕۆژە لەو کونەوە
تاڵێ دەزووی ڕەشم بینی
بوو بوو بە شەقام بۆ موورووی
نێوان مەم و بەر گەردنی!

پەند

هەموو پەندەکان نەخش نین
نەخشی بەرد نین
تیایاندایە
نەخشی کەفە و
نەخشی لە و
درۆی دێرین!

جل

«بێکەس» ئەیوت:
هەر «خۆشییەک» لەبەر ئەکەم
یان قۆڵەکانی دڕێژە
یاخود کورتە
یاخود فشە، یاخود تەنگە
بە بەری من
هەر «خەم»ێکیش لەبەرئەکەم
ڕێک ئەڵێی بۆ من کراوە
لە هەر کوێ بم!

بادە

تۆ ئەی بادە!
هەموو شەوێ وەرە بۆ لام
نە لە دەرگای ژوورم بدە و
نە بشپرسە

ئایا لێرەم؟!
من هەر لێرەم
لە وڵاتێکی بەتاڵ و کەپۆلاڵدا
چی بڵێم و بۆ کوێ بڕۆم؟!

ئەگەر

خودایە گەر دۆزەخیی بووم
بەو ئاگرە بمسووتێنە
کە لە ئەنفالدا کەوتەوە
خودایە گەر بەهەشتیش بووم
هەر چل حۆرییەکە بۆ خۆت و
حۆرییەکەی ئێرەم بەرەوە!

قرژاڵ

ئاوێکی لێڵ
قرژاڵێ ڕوونیکردەوە
بۆ ئەو ماسییە عاشقانەی
لە بنەوە
لە گەرمەی ماچ و موچدا بوون!

میرات

دوای مردنم
شیعرەکانم لە ماڵەوە کۆئەبنەوە
لەسەر میراتی وشەی جوان
لەسەر سامانی ئەفراندن
لەوانەیە لە بەینیاندا
شەڕێکی ناوخۆیش هەڵگیرسێ!
ئەوەی کە من لێی ئەترسم
هۆنراوە ناشیرینەکان
کودەتایەک بەرپاکەن و
سەریش کەون و
باشەکانیش کەمترینیان بەربکەوێ!

مردن و مانەوە

من هەندێ قەسیدەم هەبوون
خۆشەویست بوون
بەداخەوە بە گەنجێتی
مردن و سەریان نایەوە
یەکێک بە جەڵتەی دڵداری و
یەکێک بە جەڵتەی سیاسی و
یەکێک بە زەردوویی وشە و
یەکێکی تر بە «تەشەموع»ی ناوەڕۆک!
دووانی تریش لە شەوێکی
ئێجگار ساردی نامۆییدا و
لەناو بەفری زۆر باریوی
دەفتەرێکما ڕەق بوونەوە
وەلێ بۆ بەدبەختی بەهرەیش
کۆمەڵێ شیعریشم هەیە
ئەگەرچی عومریان درێژە و
ڕیشیان درێژ
کەچی لە بەخشین کەوتوون و
لە ناوونیشانی زل زیاتر
هیچیان نییە و
هێشتایش ماون!

خەڵوەت

ئەو پیاوە
چۆتە خەڵوەتی
ئەو دنیاوە
بۆ ئەوەی خودا ببینێ و
بەرز بفڕێ و
ڕۆحی بگاتە کەشکەڵان.
ئەم پیاوەیشیان
لە دۆزەخی ئەم دنیادا
وا ئەسووتێ و
خۆزگەی نییە
خوا ببینێ یان نەیبینێ
بفڕێ و نەفڕێ
تەنها خەونی ئەم ئەوەیە
نان ببینێ و
لەسەر زەوی
مانایەک بدا بە ژیان!

بیانوو

قومرییەک بە بیانووی
هێنانی پووشەوە
بۆ دەرگای هێلانە
هەڵفڕی و لە ڕێگا

ڕێی گۆڕی
بۆ ئەوەی لە پەنا بەردێکدا
یارەکەی ببینێ و
ماچی کا!

جرج

لە ژێر ئەرزا
جرجێ بە جرجێکی ئەوت:
دڵم خۆشە
لە سەرەوە دەنگی پاچ دێ و
لە پاش تۆزێ
لاشەیەکی تازە تازە دائەبەزێ و
بۆ زەخیرەیش
خەممان نابێ بۆ زستانێ!

ماڵی پاییز

ڕێگەم کەوتە ماڵی پاییز
نزیکەی مانگێ مامەوە
کە هاتمەوە
خەڵکی منیان نەناسییەوە و
بە گومان بوون
چونکە هەرچییەکم ئەوت
هەڵئەوەری و
هەرچیشم کۆئەکردەوە لەگەڵ یەکدا
هەر تەنیا بوون!

گەڕانەوە

«ئەو» بە قاچێکی شەلەوە و
بە یەک دەستەوە هاتەوە
نە توانی باوەشی تەواو
بکا بە ژنەکەی خۆیدا و
نە بە تەواوی هەڵپەڕێ و
نە ڕێک بڕوا و نە بتوانێ
ڕێک بوەستێ و
نە منداڵەکەیشی هەڵدا و بیگرێتەوە و
نە لە نزا و پاڕانەوە و
دەست هەڵبڕینی دوای نوێژدا
بە تەواوی خوایش ڕازی کا!
هەتا دوو قاچی تەواو و
هەتا دوو دەستیش وەستابن
نە کارگە ئەیەوێ و
نە پاچ و نە مەکینە و نە شوفێری و
نە حەرەسیی.
دوای ئەمانەیش
وەختێ ئەڕوات و ئەشەلێ
نیشتمان پێی پێئەکەنێ!

جام

جامێک هەتاو
لەسەر قەراغی خەونێکم
دانرابوو
کە بێزاریم دەستی جووڵان
ئانیشکی بەر جامەکە کەوت
هەتاو ڕژا و
لە خەونیشما
تاریک داهات!

سووتوو

تۆ نایبینی
ئەوە بە تەنها سووتوو نین
جگەرمکەم ئەیانخاتە
سەر تەپڵەکەکەی بەردەمم
ئەوە تێکەڵەی سووتانی
خۆم و شیعرە وەختێ خەمم
ئەبێ بە دووکەڵ و پەنجەیش
بەژنی زەردەخەنگەڕاوی وڵاتەکەم!

لەسەرکردنەوە

لەبەر ئەوەی کەڵێک لەسەر
مامزە دیلکراوەکان هەڵیدایە
گرتیان و قۆچێکیان شکاند.
لەبەر ئەوەی تەیرێ لەسەر
مافی هەموو خشۆکەکان هەڵیدایە
گرتیان و پەڕوبا‌ڵیان کرد.
لەبەر ئەوەی شاعیرێکیش
لەسەر هەموو نێچیرەکان هەڵیدایە
ڕاوچییەکان شاعیریان گرت و
هەموو شیعرەکانیان سووتان!

سلێمانی/ کۆتایی ٢٠٠٧ و سەرەتای ٢٠٠٨

تارای باران .. شەقامی تارمایی.. دۆت کۆم

نەژاد عزیز سورمێ

چ دەبێ ئەگەر هەموویان بڕۆن؟
وازیان لێ بێنە.. من دەمێنمەوە
بە دەریا بەر فراوانەکاندا دێم
ئاسمانی بێ پایان تەی دەکەم
بێ دڵتشکاوی، بێ شکایەت،
دێم گۆرانی بچڕم..
یانیس ڕیتسۆس

(1)

مەترسە! کۆڕ گەرمە، شانۆ ماندوو
هەور باڵیان
بەسەر شار و گوندان دەکوتن
مەترسە! دەستت بێنە!
خۆشەویستی دڵنیاییمان دەداتێ..
خۆشەویستی لە خەمی بێ چاووگ و سەرچاوەمان دەپارێزێ..
مەترسە!
خۆشەویستی لە دیواری ماندوو
لە سەعاتی هەناسە سوار و
کەوشەنی گومڕاییمان دەترازێنێ..
مەترسە!
ئیتر ترس لە دەفتەرە زەردەهەڵگەڕاوەکانی مێژوودا جێگەی نییە..
مەترسە! بێ گومان بای وادە
پیاسەیەکمان هەر پێ دەکا
زۆر لەو سەفەر و گەشتانە خۆشتر
دەزگاو سەندیکاکان بۆ هەوادارانیانی ڕێک دەخەن..

مەترسە! ئەگەر پەڵەیەک هەور و
چەند گەزێ خۆر و
شەرمنگی دواساتمان
لە شـــەقـــامـــە بە جـریوە ڕەنگاوڕەنگەکـانـەوە دەست
نەکەوت..

(2)

(وەرە ئازابە/ مـرۆڤ/ لە بەرابەر مـرۆڤدا../ ئاخـری/
لاوک و / حـەیران و / هۆرە و/ سیـاچەمـانـەم/ بینی/
بەناو/ یەکتر/ کەوتبوون../ من/ ڕەخشم/ پێ نەبوو/
گـۆرانییـەکی کـپکراو/ هـاوارێکی بێدەنگ/ بەدەردی/
چی/ دەخوا؟/ شەقامی تاریک/ دیواری کوێر...؟/)

پەردەی پەنجەرەم لە سەرمان هەڵدەلەرزێ..
پایزێکی درەنگ بوو
لەگەڵ گەلگامش پێکەوە بووین؛
دۆسیەی بارانمان دەخوێندنەوە
کە لەسەر شۆستەدا داوای تەسکەرە و
ناسنامەیان لێ کردبوو... تووڕە ببوو..
لەوێبای دەتدی
چەند گۆرانی، چەند ئاواز
چەند ئەستێرەی داڕژاو و
پارچەی مانگ پێشێل دەکران..
لەوێبای، بەتایبەتی
بۆنی مێلاقە و ئەرخەوانت دەکرد
گوێت لە پێخوستی بوولێڵ و
زرنگەی تارای زیوین دەبوو..
لەوێبای
بە ڕێژنەیەک فرمێسک سەوز دەبوویەوە..
ئای لە نەرمە خوناوان،
ئای لە سەدایێ پایزێ..
لە باوبۆرانی زستانێ..

(3)

(شـیـرین قـەد/ پەشـمـی ئاودامـان/ دەپۆشێ./بڵـێی/
دنیا/ ئەوە نەبێت دەیبینین؟/ئاگری شوانان/ لە/ دوور
ڕا/ دیار/ بوو.. لاقـــــایی/ تاوی/ بـۆ/ دەهـێنـایـن/
نەقـشی/ ناسـۆر/ بوو/ لە سنووورانیـان / دەکێشـا../
دڵم/ دەڵێ/ پێدەکەنی../)
دەستم بگرە.. مەترسە!

خەمی وایەرە تێکئاڵاوەکانت نەبێ
گوڵەکانی مافوور چاویان لە کڵاوڕۆژنە بڕیوە..
(هیوا)ی شێت
(ئومێد)ی لەعنەتی..
پیاڵەیەکی پڕ
لەو دیو ڕۆژگاری گلاراو چاوەڕێمانە..

شوباتی ٢٠٠٧

ڕێگێڵ

ئەحمەد قەرەنی

پێوەندێن پیر
شیان ژ ئافێ قەرکرن
د هەلچوونا دیتنەکێ دا
عەردی پێنگاف ماچی کرن
ئەڤینەک شێت
بێ گازندە
بێ خیانەت
بێ دوویاهی
ئاوازان خەم پێ نڤاندن
تەنێ هەسپان
ژین هەلگرت و ڕێگێڵ چاندن..!

ڕۆژێن جەژنێ
خوە نویکرن
هنەک روندک
هنەک یادگار
کاروانەکێ شەڤ لێ سوار
دیرۆکەک بێ ڕویدان و خوین
بێ سات و شوین
بێ سەرهتا
کەفتە کۆشا خانمەکێ
سێڤە ڕەشان
زارۆ خوارن
تەنێ دەستان
چاڤ پێڤە بوون
پێڵ دروین و ڕێگێڵ چاندن..!

دلۆپەکا
شیری تیرتر
هنەک سپیتر
گولەک کڕی
کانی کەنی، دیلان دیل کر
بەحرەکا مەست تژی عەمر
ڕێگێڵ هار و زەڤی ستەور
زوی ئاواز زان
هەر دەنگ ڤەدان
ڕێگێڵ کەفتن.. ڕێگێڵ چاندن..!

وەڕسین لە بۆنی سێو و ئێوارەکانی تەنیایی

توانا عەدنان بەرزنجی

پەمەیی... پەمەیی
وەک ئێوارە بەدەم خواردنی
لەتێک سێو و
هێشووە ترێیەکی سەوز
بەدیار ڕەنگکردنی
ڕەسمێک بە ڕەنگی مردن
بەدیار تەماشاکردنی تەپی
باخچەیەک لە تەنیایی
دێمەوە و وەک جارانی تر
پێت دەڵێم تۆ ڕابمێنە هاوڕێ
ژیان چەند بە جوانی
بە کاڵفامیی ئێمە پێدەکەنێ
تەماشاکە
عەشق چەند بە هێمنی
دەماندانە دەستی مەرگ
ڕابمێنە
عەشق چەند بە ئاسانی
ژیانمان لە مشت دەردەهێنێ و
کوفرمان بەبەردا دەکا
تەماشاکە و ڕابمێنە
مەرگ..
چەند بە ناشیرینی وەک لاولاو
لە باڵای عەشقت ئاڵاوە
ئێمە کە ناو لەپەکانمان
پڕە لە دوعای سەوزی فڕین
بە ئاسمانی نەورەسەکانی غوربەت
ئێمە کە هەردووکمان
لەسەر یەک بەرماڵ نوێژ دەکەین
بۆ بە یەککەیشتن
ئێمە کە ماڵێکی سوورمان
پڕ کردووە لە ڕەنگی سەوز
کە نەورەسەکانمان
ڕەنگ کردووە بە ڕەنگی عەشق
چۆن مەرگ دەهێڵێ

تەپوتۆزی فیراق چاوانمان
لە بخووردا بچنین
ئاخر مەرگ
هەر لە ئەزەلەوە
حەز لە کابووس و تەنیایی دەکا
تەماشاگە و ڕابمێنە
ئێوارەکانی پەنجەرە پڕن لە ڕاڕایی
ئێوارەکانی عەشق پڕن لە نیشتنەوە
سێوەکانی عەدەن پڕن لە تامی جیاواز
حیکایەتەکانی ژیان پڕن لە لەزەتی ماچ
گوڵەکانی عەشق پڕن لە بۆنی پەژموردەیی
پەپوولەکانی خەیاڵ پڕن لە بەرائەتی کۆتر
ئێمەیش
پڕین لە مەراقی ئێوارە و
بۆنی ڕێحان و
بۆنی خۆڵێک
دوای ئاوڕشێن کردنی بە بارانی خاوکەرێ
پڕین لە وەستانی شیعر
پڕین لە ڕەنگی سێو و
تامی هەرمێ و
بۆنی هەنار
ئێمە پڕین لە فەنتازیای فڕین
پڕین لە گریانی باخچە و
پڕین لە تەنیایی
وەلێ بەتاڵین لە جورئەت
بۆ کوشتنی "مەرگ"
ئێمە هەمیشە
سەبەتەیەکمان پڕ کردووە لە منداڵی و
زەمیلەیەکمان
پڕکردووە لە خواردنی خەمی سەفەر
کۆشمان شەاڵڵە؛ لە تەنیایی
ئێمە.
دوو بەقەد بۆڵە تریێیەک
دوو بەقەد تریش سەندووقێک هەنار
بەقەد
بڵقەی ئاوی سەر گۆنای کچێک
بەقەد شپرزەیی کتێبی منداڵێک
بەقەد ڕاڕایی دڵی پەڕسیلکەیەک
لە کاتی نیشتنەوەیدا
هێندەی داڵغەبردنەوەی پیاوێک
بۆ خەڵوەت چوونی لای خودا
هێندەی لەبیرچوونەوەی شیعرێک
لە زاکیرەی منداڵێکی لاکۆڵان
لەبەردەم مامۆستای ماتماتیک
لە وانەی تووڕەبوونا

هێندەی لەبیرچوونی سڵاوێکی تەڕی
بەیانییان لە هاوڕێیەک
بێزارین لە بێزاری و
لە تەنیایی و
لە مردن و
لە ڕۆژ.
وەڕسین
لە ژیان و
لە کاتژمێر و
لە باخچە و باران
وەڕسین
بەقەد قورسایی
دەنکێک گەنمی دەمی مێروولەیەک
هێندەی هێشتنەوەی نیگای قۆخێک
بەر لە خواردنی
هێندەی وەڕسی کۆڵانێک
لە ڕاکردنی ئەسپەکان
وەڕسین
لە عەشق و
لە ئێوارە و لە گۆرانی
وەڕسین
هێندەی خووسانی لاوێکی ژێر باران
لە کاتی ژوانا
وەڕسین لە چاوەڕوانی
هێندەی وشک بوونی کراسێکی سووری
سەرتەناف
چۆڕاوین
لە خوێنی وەڕسێتی (هاوڕێم)
وەرە با ئێمە
نەرم.. نەرم بچینە بەر ئەو بارانەی
کە تەڕ تەڕمان دەکا و
تنۆک... تنۆک لە کوفر دەمانتکێنێ و
سەرڕێژمان دەکا لە گوناھ
وەرە هاوڕێم
تا دڵ لە عەشق و
تا باخچە لە تەڕی و
تا چاو لە جوانی (وەڕس نەبوونە)
تا سیگارە لە لێو و
تا سێو لە مزری و
تا هەنار لە ترشی (وەڕس نەبوونە)
تاهەنگ لە گوڵ و
تا خاڵخاڵۆکە لە خاڵ و
تا خۆمان (لە خۆمان) وەڕس نەبووینە
وەرە هاوڕێم با بڕۆین

خانمێکی بێ بەزەیی جوان

جۆن کیتس
لە ئینگلیزییەوە: مەحموود ئیبراهیم پێمانکی
(قەڵادزێ)

ئەی شۆڕەسوار چییە وا ئازارت دەدات،
تەنیاو ڕەنگ زەرد دەخوایێتەوە؟
زەلی دەریاچەکە پەژمووردەیە و
باڵندەیەک نییە دەنگ هەڵبێنێت.
ئەی شۆڕەسوار چییە وا ئازارت دەدات،
شەکەت و غەم دایگرتووێت؟
ئەمباری سمۆرەیش سیخناخ بووە،
دروێنە تەواو بووە
لەسەر برۆت لاوڵاوێک دەبینم
شێی پڕ ئازار و شەونمی تای لێیە،
لەسەر کوڵمەکانیشت گوڵەباخێکی بزڕکاوو
خێرای پەژارە بەدی دەکرێت
لەچەمێکدا خانمێکم بینی
شۆخ و شەنگ و پەریزادە
زوڵف درێژ و پووز سپی
چاو بەخومار
تاجە گوڵێنەیەکم بۆ سەری چێ کرد
نەک جووتێک بازن و
کەمەربەندێکی لەگوڵ
کە تەماشای کردم، ئەویندارم بوو
بەدەنگێکی بەسۆز پارایەوە
منیش سواری ئەسپە خۆشڕەوەکەی خۆمم کرد
بەدرێژایی ئەو ڕۆژە شتی دیکەی نەبینی
چونکە بەلاتەنیشتدا چەمابووەوە و
گۆرانی پەریزادانەی دەچڕی
چێژی سەرچاوەی خۆشی لەمن وەرگرت
وێڕای هەنگوینی کێوی و گەزۆ
دڵنیا بەزمان و گفتێکی سەیرەوە گوتی:
ڕاستیت دەوێت، خۆشم دەوێیت

پاشان پەلکێشی ئەشکەوتەکەی خۆی کردم
لەوێ دەستی بەگریان کرد و
هەناسەی تژ لە پەژارەی هەڵکێشا
لەوێ چاوە بەخومارەکانیم
بە چوار ماچ نوقاند
لەوێ بەڵای لایە هاوێشتمییە
ئامێزی خەوەوە و
خەونم دەبینی، ئاخ چەند ڕەهابووم
دوایەمین خەونی ژیانم
لەسەر لاپاڵی گردی سارد بینی
لەخەونەکەمدا
چەند شاو شازادەی ڕەنگ زەردم بینی
چەند جەنگاوەری ڕەنگ زەرد و مردوو ئاسا
هەموویان دەنگیان بەرز دەکردەوە و
دەیانگوت «لا بیلە دەیم سانس مێرسی»
دەبێت بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئێمەوە
ئێوارە لێوە سەرما زەردەکانم بینین
داچەقاو و تۆقێنەر بوون
کە بە ئاگا هاتمەوە، بینیم لێرەم
لەلاپاڵی گردی سارد
بۆچی لێرە مامەوە
تەنیاو ڕەنگ زەرد دەخولێمەوە
وێڕای ئەوەش زەلی دەریاچەکە
هەر پەژمورده بوو
هیچ باڵندەیەک دەنگی هەڵنەدەهێنا

سەرچاوە:

Poems and Poetry Elisabeth. W.Schneider tample university American Book Company- New York.

شاعیرەکانی باخی گشتی
(دیالۆگەری، یان دیالۆگنامە)

غەفوور سالح عەبدوڵلا
(سلێمانی)

ئێـوارەیەکی درەنـگ، بۆنی چۆڵەوانی و کـپی لەگـەڵ بێدەنگی و خامۆشی خەستی پاساریـیەکان تێکەڵ ببوون و لەسەر درەختـە لەیەک دوورەکـانی ببوونە هەناسـەیەکی سەرەتای شەوێکی دەمەو پاییزێکی لە دوورەوە هاتوو، تازە دوا خـشـپـەی خـەڵکانی ئاوارە و دەسـتـبـەتاڵ ئەو ناوەیان جێ هێشتبوو، لەسەر گەڵا وردەکانی درەختەکانی ڕێپێڵگە چەمەنتۆییەکان، وەکو تۆز و گەرد نیشتبوونەوە. نەمـزانی ئەو دەمـەو ئێـوارەیە چۆن وا لە سـەر ئەو تەختـە بەردینەی ناو باخەکە خەوم لێکەوتبوو ! داخۆ لە مەراقان بووبێت، یان لەبەر برسیـەتی بوو بێت، ئەی بۆچی لەبیرم چوو بوو بچم لەناو بازاڕ لە کـــەبابخـــانەیەک لوولە کەبابێک بخۆم..! دواجاریش خۆم بکەم بە مەیخانەکەی فەرمانبەراندا... نەمزانی تـومەز ئەو هەمووەی کە دیبووم خەون بوو.. لە خەونەکەمدا نەمزانی وەخت کەیە، شەوە، ڕۆژە، بەیانیـیـە، چیـیـە؟ هێندەم زانی کۆمـەڵە کەسێک، هەمـوویان خڕ لە دەورم کـۆبوونەتەوە، یەکـێکیـان وتی: (نەگـبـەت ئەوە چیـیـە بێ کـەس و بەرەڵڵای وا لەم باخە سـاردوسـڕە گـرمـۆڵە بووی و خـەوتووی!، ئەوە ئێـمـە خـوا غەزەبی لێگرتووین و بووین بە بەرد، ئەی تۆ چی؟!.)

منیش هیـــچم بۆ نەوترا، لە ناو لێـڵاییـیـەکـەدا سـەرو سیـمایەکی پیرو تێکچەماوە، کـلاوێکی لەسەر کردبوو، قـژ ئاڵۆزاو و ناڕێک، بۆم دەرکـەوت ئەو کـابرایە خـاوەنی کەشتییەکەی (نووح) بوو، منیش هەر بۆ گاڵتە پێم وت:

– ها، مـام نووح، چۆنی، ڕاسـتـە تۆ عـومـری نـووحت هەیە..!

ئەویش بەدەم و دوویەکی نیمچە تووڕەوە پێی وتم:

– هەتیـوی ڕەزا قـورس، مـام نووحی چی و تەڕەمـاشی چی؟ من نەجمەدین مەلام..

دامە قاقای پێکەنین و وتم:

– چۆنە ئێستا قاپێک عەتری نافیعت بۆ بهێنم؟!
دیار بوو، نەختێ بەم قسەیەم وڕەی هاتەوەبەر و دڵی خۆش بوو، کە دیارە من چاکی دەناسم، بۆیە وتی:
– بۆ ئێستاش عەتری نافیع هەر ماوە؟!
– هۆهۆ.. سلێمانی ئێستا هەموو عەتری نافیع خانەیە. ئەوەتا لەو بەرەوە، بەرانبەرت، (دەستم درێژکرد بۆ بەرانبەر کە دەکاتە یانەی فەرمانبەران)، ئەوەتا ئەوە نادی مۆزەفینە..
ئەویش بە سەر سوڕمانەوە وتی:
– بۆ هێشتا ماوە؟ ئەو نادییەی کە (فایەقە فەنی) موریدی بوو؟
– بەڵێ، شەوانە جمەی دێت..
بە حەپەساوییەوە وەڵامی دایەوە:
– بۆ ئەوەنە عارەق خۆر زۆر بوون لەم عەسرەدا..
لەو دەمەدا کابرایەکی سەر و پۆتەڵاک گەرمیانی خۆی کرد بەناو دەمەتەقێکەدا و وتی:
– ئەوەندە عارەق خۆر زۆر بوون لەم عەسرەدا،
بووە بە شەڕی نێرەکەر لەم شارەدا.
منیش تۆزێک لێی تووڕە بووم و وتم:
– مامە شێخ ڕەزا شیعرەکەی خۆت مەگۆڕە کە دەڵێی:
– چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا
– بووەتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا..
ئەویش پێکەنی و بە خۆبادانێکەوە هەڵیدایێ:
–بۆ ئێستاش هەروایە؟
منیش وتم :
–ئۆ هۆهۆ.. خراپتر، کورد نیوەی بووەتە شاعیر، ئەگەر نەڵێم هەمووی!
بە پێکەنینەوە ئاوڕی لە کەسێک دایەوە لەبەر لێڵاییەکە لەمنەوە دیار نەبوو، پێی وت:
– وەرە، شێخ (مەحوی)، بزانە ئەم گەنجە قۆزە چی دەڵێ..
شکور هوشیاری..ها..؟..کەی لە وەختی ئێمە ئەم هەموو شاعیرە هەبوو؟ هەبوو نەبوو تۆ و قادر و کوردی و نالی و مەولەوی و سێ کوچکەی بابان..ها..؟.
گوێم لە دەنگێ بوو بە تووڕەییەوە هەڵیدایێ:
– ها شێخ ڕەزا ناوی منت هێنا؟ خۆ منیش شوکری فەزڵی نیم..ها..؟
ئەویش بە شێوە گاڵتەیەکەوە وەڵامی دایەوە:
– ئێ شێخەکەی خاک و خۆڵ و دۆستی شەوانەکەی (مەستوورە خان) خۆ خراپم نەوتووە.. ئەڵێم لە سلێمانی لە تۆ و سالم و کوردی کێی تر شاعیر بوون، لەگەڵ شێخ مەحوی..!
منیش پێم وت:
– مامە مەحوی، دنیاکەی ئێستا بووەتە خەرابات، لە داخی زۆر شت، نەک دنیاکەی ئەوسای ئێوە...
لەوڵاوە شێخ ڕەزا هەڵیدایە:
– بە بیرم دێ سلەیمانی کە دار و لمولکی بابان بوو، نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو..
منیش وشەی (ترحێو) لەدەمم دەرچوو، کە پێم وت:
– بەڵام ئێستا دارولمولکی کەس نییە..!
شێخ ڕەزا بە سەرسوڕمانەوە پرسی:
– بۆ..؟
–ئیییییتر..!
کۆمەڵێ زەلام لە نێو لێڵاییەکەوە پەیا بوون و لێم کۆبوونەوە، هەموو پێکەوە وتیان
– بۆڤۆ...؟
– لەبەر...لەبەر..
ئیدی نەموێرا قسەکەم تەواو کەم وتم:
– برادەرینە وەزیفە ناسکە..
هەموو بەیەک دەنگ وتیان:
– چ ناسکە؟
منیش وتم:
– برادەرینە، من مەئموورێ حکوومەتم، قسە بکەم فنیشم ئەکەن..
لەوڵاوە یەکێک لەنێو لێڵاییەکەوە هەڵیدایێ:
– وا ڕێگاتان لێ دەبەسترێ عێڵاتی جاف و بلّباس ئەگەر مردوون لە گەرمان مەمنووعە بچنە کوێستان
لەوڵاوە نالی هەڵیدایێ وتی:
– حاجی قادریش کوردایەتی هەستاوە!!
شێخ ڕەزا وتی:
– بەس نییە شوێنێکی دیکەی هەڵنەساوە..!
نەجمەدینی مەلا بە پێکەنینەوە بۆی سەندەوە:
– لێی مەترسێ، چونکی بوخچەی نەکراوەیە..!
هەموویان دایانە قاقای پێکەنین، حاجی قادر تووڕە بوو، بۆیە وتی:

– من له داخی دەسەڵاتی کوردی سەری خۆم هەڵگرت، بۆیە بە بوخچەی نەکراوە و لە دووەوڵات سەرم نایەوە.!!

نالی وتی:

– بۆ ئەو وڵاتەی کە شێخ ڕەزا بە ئەفسەرەکەی وتبوو: سواڕەی یان مەدفەعی، مەعاشەکەت چەندە..

دیسان هەموویان دایانە قاقای پێکەنین، بۆیە شێخیش خۆی دایە قاقای پێکەنین، چونکی زانی مەبەستیان چییە، وتیان:

– بەڵێ...بەڵێ..

حاجی قادر، دیار بوو کە لێم نزیک بووەوە و پێی وتم:

– ئەدی کوڕی چاک پێت نەگوتین، لۆ سلێمانی وەکو جاران دار و لمولکی بابان نییە؟!

بە شپرزەیی ئاوڕی لەم لاو ئەو لای خۆم دایەوە و دەستم کرد بە درۆکردن بۆی و وتم:

– وەڵاڵا باوکم، ئەلحەمدولیللا، ئاشتی و ئاساییش لە شاردا بەرقەراڕە، شکور گەندەڵی نییە، کەس مالّی میللەت نادزێت و نایخوات و حەپەلووشی ناکات، هەر چوار پارچەکەی کوردستان بوونەتەوە یەک و هەموو بە زمانێکی کوردی ڕەوان قسە دەکەین. لە خوا بەزیاد بێ تورک و عەجەم و عەرەب حەدیان چییە بە قەڕەماندا بێن و دەست لە کاروباری دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان وەردەن، کورد هەر زۆریش لێیان بێ منەتە. بە خوا ئێستا زەندەقیان لە ئێمە چووە، لە خوا بەزیاد بێ کەس ناچێت لە ڕقی ئەوی دیکە سوپای بێگانە بهێننە سەر یەکتر. دووبەرەکی هەر باسی مەکە، دووبەرەکی هەر باویشی نەماوە، ئەوە جاشایەتی و سیخوڕی هەرباسی مەکەن! ئەوە کۆنە دەردێکی سەد سالّی لەمەو پێشی کورد بوو، دەمێکە نەماوە، نەوەی تازە نازانێ شکور جاش و سیخوڕیش واتای چییە!!

ئیدی هەموویان بەو درۆیانەی من گەشانەوەو هەناسەی ئۆخەیان هەڵکێشا و دەستیان بە سەروڕیشی خۆیاندا هێنا.. بەڵام تەماشام کرد لە نێو لێڵاییەکە کەسێک هەڵکورماوەو هەنێسک دەدات، هێندەم زانی (خانی) بەرەو ڕووی چوو، بە سەریدا نووشتایەوە و پێی وت:

– یەڵە گیان، ئەوا بۆ کزی و دووری لە ئێمە؟ ئەوە گوێت لێ نەبوو، ئەو کوڕە قۆزە دەیوت شکور هەر چوار پارچەکەی کوردستان یەکیان گرتووە هەموویان بە یەک زمان و بە یەک دیالیکتیک دەئاخاڤن.. سەرەک کۆمارەکەمان عەرەبە و جێگرەکەی تورکە و سەرەک وەزیرانیشی عەجەمە؟!! ئیدی چت دەڤێ؟.

تێگەیشتم ئەو (یەڵە گیانە) خانی مەبەستی بوو، دەرهێنەری گەورەی سینەمای کورد بوو لە تورکیا (یڵماز گونای). ئیدی منیش کزەم لێوە هات بۆی. چونکی ئەو درۆیەی کردبووم بە ئەحمەدی خانی قووت درابوو، ئەویش (گونای) بەسەزمانی پێ خەڵەتاندبوو.

بەڵام لە ناکاو، کابرایەکی هەرە پەڕپووت و ڕیش و قژ درێژ وەکو ئەوەی دەروێشانی کورد و دەستێکی خستە کورت کەلەکەی و بە سەرما نەڕاندی و وتی:

– ئەرێ تۆ پێم ناڵێی بۆ ئەو هەموو شیعرەی منیان شێواندووە و کردوویانە بە زاراوەی سلێمانی..ها..؟

منیش زانیم شاعیرە دێوانەکەی شێتی (شەم)ی جافانە، پێم وت:

– دێوانە گیان، ئەم کوردە لە چ دەردێکایە و جەنابت لە چ دەردێکای... ئەوە لە پیرەمێرد بپرسە، گەر لە جەهەنەم، یان لە جەننەت هاتە خزمەتت..

دیسان بە تووڕەییەوە وتی:

– پیرەمێرد، کێیە؟.

منیش وتم:

حاجی تۆفیق! شاعیر بوو، بەخوای گەورە ئەو نەبووایە ناوی تۆ لە کولەکەی تەڕیش نەمابوو. ئەوەتا مامۆستا کەریم کابان و برا شەهیدەکەی قادر کابان، دوو لە جوانترین گۆرانیان هەیە کە شیعری تۆن.. (ئەی شەمی شەوان) و (یاران وەسیەتم). ئەگینا کێ بەو لەهجەی گۆرانەوە تۆی دەناسی! مژدەت بدەمێ..

بە تووڕەییەوە وتی:

– چییە؟

– گۆڕەکەت لەگەڵ شەم-ی ئامۆزات وا لە ڕێگەی خێڵانە، نەگبەت..

ئیدی بێ دەنگ بوو و کشایەوە.. یەکێکی دیکە لەولاوە هەڵیدایێ، ڕیش درێژێکی کزومات و هەر وڕێنەی دەکرد، نالی وتی:

–ئەو ئاگای لە مەحمودی بێزەوادیش نییە. دنیا بڕووخێ باکی نییە، ئەو دڵی لە لای عەنبەر خاتوونەکەیەتی.. تۆ بڵێی تاوەگۆزی وەکو خۆی مابێت؟.

ئەمە پرسیارێک بوو شێخ ڕەزا کردی..منیش وتم:
-هەزاران تاوەگۆزی بە ئەنفالێک خاپوور کران، با مەولەویش لە زیکر و فیکری خۆی بێ..
مەولەوی لەولاوە هەڵیدایێ:
-ئەوانە کافرن و نەوەی ئەبو جەهلن...
منیش وتم :
- نەخێر، شێخەکەی تاوەگۆزی تاسەر ئێسقان ئیسلامن و خۆیان بە نەوەی پێغەمبەر دەزانن. ئەگینا سووڕەتی ئەنفالیان نەدەکردە پێش قەڕەوڵی ئەو هەموو کاولکارییانەی کوردستان!
- وەڵڵا نازانم سەر ڕووت چی بڵێم..!
نالی هاتە پێشەوەو لێی پرسیم:
-ئەرێ، کابرا گەرچی ناوت نازانم، ئەرێ ئێستا حاڵی شێخ هەباس و کانی ئاسکان چۆنن؟
منیش پێم وت:
-قوربان لە شێخ هەباس و کانی ئاسکان
ڕێوی ڕاوەکە لە جێگەی شێران..
- ئەی مەردانی وەکو نەوەی شێخ مارف و ئەورەحمانی بابان چییان لێ هات؟
منیش وتم:
- قوربان، ئەوە پێش ڕاپەڕین بوو!
بەسەر سوڕمانەوە وتی:
- کام ڕاپەڕین؟ ڕاپەڕینەکەی پاشای کۆرە، یان ئەوەی خانی لەپ زێڕین دژی سەفەوییەکان؟
- نەخێر، قوربان، ڕاپەڕینێک لەم وڵاتە ڕووی دا، چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، ڕایانماڵی تەخت و تاراجی حوشتر سوارەکان..
- بۆ هێشتا عەرەب لەم دەوروبەرە هەر ماون؟! ئەی تورک و عەجەم چییان لێهات؟
وتم:
- قوربان هێشتا ئەوان سەردارن و ئێمەش دەسبەسەر..
حاجی قادر هاتە پێشەوە و وتی:
- بۆ هێشتا پەیایان نەکردووە ئەسباب و تفاقی جەنگ، لە تۆپ و تەیارە؟!
- نەخێر، ئەگەر هەشمانبووبێ ئاودیومان کردووە..
- بۆ کوێ؟!
- بۆ ئێران و ڕۆم.
- شێخ ڕەزا وتی:
- قەسەم بەوەی دروستی کردووین
- منیش خێرا بەرپەرچم دایەوەو وتم:
- قەسەم بەکێ؟!
- بەوەی دروستی کردووین!!
منیش بەگاڵتەجاڕییەوە وەڵامم دایەوە و وتم:
-ئەزانی کێ ئێوەی دروست کردووە؟
شێخ ڕەزا بە هەندێ تووڕەییەوە وتی:
-بەڵێ..خوای بانی سەر..!
منیش وتم :
-ئامەنتو.. بەڵام یا شێخ ئەزانی کێ ئێوەی دروست کردووە؟
تووڕە بوو:
- هەتیوەی دەم ڕووت ئەوەندە فڵتە فڵت مەکە وتم، خوای بانی سەر و ببڕێتەوە..
منیش وتم:
-دەسا وەڵڵا کابرایەکی هونەرمەندی کۆتەڵتاشی وەکو زایر سدیق ئێوەی دروست کردووە، ئەگەر خوای بانی سەر ئادەمی لە خۆڵ و قوڕ دروست کردووە، بەڵام ئەم زایر سدیقە ئێوەی لە گەچ و بۆرەک دروست کردووە..
نالی لەولاوە تووڕە بوو:
- چۆن؟
ئێ خۆ ئێوە ئێستا بە ڕۆح زیندوو نین، ئێوە دەمێ ساڵە مردوون، بەڵام زایر ئێوەی کردووەتە کۆتەڵ و لەم باخە ڕۆژانە پڕ لە کچە دایناون..
نەجمەدین مەلا بەسەر سووڕمانەوە وتی:
- ئەڵێم خوایە هەموومان لووتمان وەکو یەک وایە..
لەو سەرەوەش شەرەفخانی بەدلیسی هەرخەریکی نووسین بوو، شێخ ڕەزا وتی:
- ئەم مالوێرانە هەرخەریکی میژوونووسینە..
منیش پێم وت:
- کام میژوو؟ ئەو میژووەی هەمیشە بەکۆڵی کەرەوەیە؟
لەناکاو شەرەفخان لەسەرمان ئامادە بوو، دیار بوو گوێی لەو قسەیەی من بوو بۆیە وتی:
- بۆ خێرە وا بەسەر پشتی کەرەوەیە؟
- لە ترسی ئەوەی نەیدزن...
ئیدی دوای ئەم دەمەتەقێیە هیچم لەبیر نەما، دیار بوو

لە بەرەبەیانێکی درەنگدا لەبەر سەرما بە ئاگا هاتبووم و ئەو ناوەم بە جێ هێشتبوو. تازە خۆرکەوتبوو، هاتمەوە بۆ ناو بازاڕ، هەر کە بەلای باخی گشتیدا ڕەت بووم، دیتم عەشاماتێکی ئێجگار گەورە و گران ئەو ناوەی تەنیبوو. کاتێ بە تەنیشت ئەو خەڵکە دۆش داماو و لێو بە بارەوە ڕەت دەبووم، ئەوەی دەیانوت سەیر بوو، یەکێک بەوی دیکەی دەوت:

– باشە ئەم کۆتەڵانە بە کەڵکی چی دێن وا دەیدزن، بۆ لابران..؟

– بۆ بران ؟ بۆ کوێ بران؟

– باشە پەیکەری هەر چوار ئەفسەرەکەش، خۆشناو، قودسی، عیزەت، خەیروڵڵا...

یەکێک لەوڵاوە بە تەوسەوە وتی:

– ئیدی مێژوو پێویستی نەماوە قوربان..!!

– یەکێکی دی دەیوت:

– دیارە ئەفسەریان کەمە، ناهەقیان ناگرین سەرلەنوێ سوپا دروست دەکەنەوە..!!

لەپڕ کەسێک بە هەڵە داوان و هاتو هاوارەوە خۆی کرد بە ناو عەشاماتەکەدا و دەیوت:

– هەرچی پەیکەری شـار هەیە، ئەم شـەو هەمـووی براون، یان دزراون.. ئەی ڕۆ ڕۆ وەی لێ لێ وەی لۆ لۆ..

دەنگێ لە غەیبەوە بە سۆزەوە ئەم گۆرانییەی دەوت و کەس گوێی لێ نەبوو:

نە مێژوو سنوورە و نە سنوور مێژووە
لەو سنوورانە کەس خاوەنی خۆی نییە
لەو سنوورانە کەس کەرامەتی نییە
تەنیا پۆستاڵی ئۆردووەکانی دوژمن
مێژووی من دەنووسنەوە
لەو سنوورانە کەس خاوەنی ناموسی
کیژانی خۆیشی نییە
ئەو سنوورانە هەمووی مەرزن
بۆ ئاودیو کردنی پەیکەری مێژوو
بۆ ئاودیوکردنی پەیکەری ئابڕوو...

٢٠٠٧/١٠ سلێمانی

ئێ فرۆتنێ

گایە بۆرالیئۆغلو
وەرگەڕاندن ژ ترکی: رۆنی وار
(دیاربەکر)

سێ کــەس بوون. ژنەک و دو زلام. زلام روو قــەبیح بوون؛ مینا قەساسان. رووقەبیحیبوون. یەک ژێ زەرک بوو لێ بلاقــە، دیســا ژی رووقــەبیــحی بوون. ژنک ژی زەرک بوو، لێ زەرکەک درەوین. دوو رە بۆیاغ تێ دایە. ژ برهێن وێ من پێ دەرخــست. برهێن وێ رەش دکــرن. پۆرێ وێ زەر خــەلەک خــەلەکی. دلێ مــرۆڤ دخــەلینە. د هەر گــاڤێ دە ولۆ خــوە ل با دکــە، خــەلەک ژی تەڤــدەک رادبن و دادکــەڤن. ولۆ هلۆر دبە و داتێ. بیــسکەکێ کــو مــرۆڤ چاڤێ خوە ژێ ڤەنەقەتینە ماهدێ مرۆڤ ژ پێلدانا پۆرێ وێ ل هەڤ دکەڤــە. لێڤێن خــوە بۆیاغــەک زەرێ ب پەمبە ڤە تێ دایە. ژ سەرما جڤیانن سەر هەڤ، مینا مشمشێن هشک دخویێن. قەت ژ مشمشێ حەز ناکم. سۆلێن وێ ژی ب کابکە. کو دمەشە، دکە رەقە رەق. ئەو دەنــگ د دلــێ مــن دە دچــکــە. رەق. رەق، رەق رەق. تم دناڤبەرا وان هەر دو زلامان دە دمەشە. جارکێ ب هێلا ئەسمەرێ رووقەبیح ڤە دزیڤرە دبێژە هیک هیک هیک، جارەکێ ژی دزیڤرە سەری یێ زەری رووقــەبیح و دبێژە هیک هیک هیک. دوو رە دیسا دکە رەقە رەق دمەشە. هەر دو زلام د قــامەکێ دەنە. درێژن، نهێــتــینن. بەدلێ ل وان هێ بێتر ئەو نهێتی کرنە. هەما ببێژە ژنک ب قاما خوە ب بهوستەکێ ب بن ملێ وان دکەڤە. کو دپەیڤە سەرێ خــوە بەرژۆر دکــە و ل زلامــان دنێــرە. لێ تەقــەز دنێــرە. هنەکــان ژێ رە گــۆتیــە دڤێ تو ل چاڤێ زلامــان بنێرِی. قەت ل من نانێرە، ل زلامان دنێرە. قەت ب من رە ناپەیڤــە، ب زلامــان رە دپەیڤــە. رەق رەق دمــەشــە و هیک هیک دکــەنە، هەی دپەیڤــە. زلام ئاورتووژن. زلام هندکی دپەیڤن. نە کو ژ فەیلەزۆفیا وانە، کاوکن، ژ ڤی یە. هەگەر کو بپەیڤن وێ تاقلێ بێ فامکرن کو کاوکن. یا راست نەپەیڤن ژی ژێ تێ فــێــمکرن، ل ئەنیــا وان نڤیسیــیــە کو کاوکن. مــەلۆق مــەلۆقی دنێرِن. مینا کو

فاهمدارن دنێرن. خوه ب هەڤ دزەلقینن و دمەشن.

ئاڤـایە ئەو هەر سـێـیـێن هانێ هاتن کـەتن هوندر. خوەشکی نەگوّتن مەرحەبا ژی. بوو رەق رەقـا وان کەتن هوندر. بێی کو سوّلێن خوە ژ لنگێن خوە دەرخن، کەتن هوندر. یا راست دڤیابوو کـو من ئەو نەخستبـانا هوندر مـــالێ. دڤێ من ژ جـــەوات بەگ رە بگوّتا؛ «نا ئەز دەستووریّ نادم کو تو کەس تێکەڤە مالا من.» لەورا ئەز نکارم ببێژم؛ نا.

ژخوە ژ بەر ڤێ ژی ئەز زەوجیم. میّریّ من سەرگردەکی زلامـا بوو. تو نابێ ئەم هەردو ژی د هەمـان فـەبریقێ دە دخـــەبتن، هایا من ژێ تونەبوو. ئەو د پەرســـوّنەلێ دە دخـــەبتی. پاشێ ناڤێ وێ بەشێ بوو بەشـا چاڤکانیـا مرۆڤی. تو نابێ د خوارخانێ وان دە ئەز دیتم. من ئەو د پێشنیازیێ دە دیت. د فەبریقەیا مەدە جەژنا پێشنیازان ل دار دکەڤە. د ناڤ سالێ دە هەموو کەس ل سەر کارێ خوە پێشنیازەکێ دبینن و تینن. پێشنیازێن کو دبێژن بلا ولوّ بە بلا هالوّ بە. بەلێ مـەخســـەت ژ ڤێ وێ چاوا کـاردێرێ هێ بێتـر کـارێ ب دەست بخـەیە. پاشێ وان پێـــشنیـــازان د بەرچاڤ رە دەرباز دکن. یێن ژ بوّ ئافرینەریێ ژ ناڤ وان تێن ڤەبژارتن. د جەژنا پێشنیازان دە خـەلاتێ ددن یێ کـو هەری زێدە پێـشنیـاز ئانیـبـە و پێـشنیـازێن وان ب کـێـری کـار هاتبـە. خـەلات ژی پەیکەرێ زلامـەکی تێلینی و سەد فرانکە. ب خوە ئەڤ مژارا پێکەنینێ یە. سەرگردێ من ژی پێشنیازەک بریێ ژ کاردێر رە، بیست هەزار فرانک پێ دایە قەزەنج کرن. ل هەمبەری ڤێ چ کەت دەستا ؟

زلامەکی تێلینی و سەد فرانک. لێ گەلەکی پێ پایە بوو بوو. بانگ ل وی کرن ئەو دەرخستن پێشبـەری مە خوەستن کو ئەم ژێ رە ل چەپکان بخن. ئەوژی گەپێن وی سوّرۆمـوّرۆ و زلامێ تێلینی بلند دکـە ژۆر. پیێ وی ژی کتن، نکارە ب سەر سەرێ خوە خە ژی. ژخوە سەرێ وی ژی گـردە. ئەز قـەت پێـشنیـازان ناکم. ژ بەر ڤێ ژی تمی ئیکرامیا من کێمە. بلا نەدن! نەیسە ها ولوّ. ئەڤ کەتە دوو من. وەختێ کو ئەم خوارنێ دخون تێ ل هەمبەری من رووەنە. د پایدوّسا کار دە دسەکنە. هەتا مالێ ل دوو من تێ. ژ دەمـــەکێ و شـــوون دە دەست پێ کـــر گـــوّت ئەم بزەوجن. من نەکاری ببێژم؛ «نا.» ئەم چوون زەوجین. ب سەر دە رۆژا کـو ئەزێ بزەوجم کـووچک دەڤ ل من کر. ژ خوە دووەرە ئەم زێدە زەوجاندی نەمان. ئەز خـوەشکی ب وی رە د ئوّدەیەکێ دە رانەکـــەتم. ســـەرێ وی پێ گـــرد باهلیف تەڤدەک زەفت دکر و خورە خور ژێ دهات. د بەر خوە دە دپەیڤی و دکـر خورە خـور. ژخـوە ئەز ب زۆرێ د خەو رە دچووم، ئێدی نەما خەو دکەت چاڤێن من. ئەزێ بغـــەورم. ئەز رابووم چووم ئوّدا دنێ. ل ورا ب رەحـــەتی رادکـەڤم. لێ گـاڤـا هشـیـار بوو ب من رە غـەیدی. تم غـەیدی. د داوییّ دگوّت؛ «ئەم هەڤدوو بەردن.» دیسا ژ من نەهات کو بێژم نا. لێ باشبوو کو ژ من نەهاتبوو ئەز ببێژم نا. مە هەڤدوو بەردا.

ژبەر کـــو ژ من نەهات ئەز بێـــژم نا د ژیانا خـــوە یا دبستانا سەرەتە گشتکی دە ئەز مەجبوور مام کو دەرسێ رێ ترالێ، پۆلێ بدم و یێ کو بێـفـەسالێ پۆلێ بوو هەر رۆژ ببم مالا وی. مامۆستا گوتبوو، من کاریبوو چ بکرا؟ ژبەر کـو ژ من نەهات ئەز ببێژم نا، د وەختـەکی خوە یێ هەری دەستـەنگ دە من رابوو سێسـەد دۆلار دا ژنکا کو دهات مـالا من پاقـژ دکـر. نە ب دەین، هەمـا ولوّ من دایێ.

گاڤا کو مرۆڤ ژ هنەکان رە ببێژە نا دڤێ مرۆڤ داویا وێ بینە. دڤێ مـرۆڤ بکاربە ببـێـژە؛ نا، نە ولوّ، دڤێ مـرۆڤ ئا ولوّ بکە. لێ ئەز قـەت نزانم بێ ولوّ یە یان نە ولوّ یە، ئەز ڤێ نزانم. ئەز نکارم برپارەکێ بدم، تم ئەز فکرا خوە دگوهەرم. هێ کـو من گـوتیـە بەلێ ها «ئەڤـە» ئەز پێ رە دبێـــژم نا «ئەوە» و ئەز دەڤ ژێ بەرددم. وێ چاخێ ژی یێ کـو ل هەمبـەری منە ب یا وان دبە و «نا» یا من د هەرە «چۆپێ». بەلەسەبەب ئەز جرا خوە نەخوەش دکم.

هەچکو دڤێ ئەو شـانسێ مـرۆڤ هەبا کـو ب تەنێ کـاریبـا بگوّتا نا. دڤێ ئەڤ شـانسی ب مـرۆڤ رە بێ دایین. تـەو نەبـە دڤێ بـدنە مـن و یێـن نوّلا من کـــو بێبـرپاردایین. نا، نا هەما نا! بلا وەکی دن ژی کەسنی دن لێ بفکرە. چما نا، ئەز چ دخوازم، هنەکی دن بفکرن. بلا ئالتـەرناتیفان بئافرینن. مەراقدارێن ئالتەرناتیفان زەحفن. هەموو کـەس د حـەولا فکرا فـراندنێ دەنن. «ب من»- «ب من» دبێژن و دشتەخلن. «ب کەریان مرۆڤێن ولوّ هەنن. ئا ولوّ ئەز ببـێـژم نا، بلا ئەو هەڤـۆکێ سـاز بکن. هم ئەزێ ژ بار خـلاس ببم، هم ژی وێ ب یا وان ببە. ب سەردە ژی وێ هەڤکار بە. من ژ جەوات بەگ رە ژی نەگوّتبوو نا.. گوّت: «ئەزێ خێنی نەکاری ببێژم نا. هێ وەختێ قەداندنا قوّنتراتا من نەهاتیە. ئەز ژ مالا خوە ژی حـەز دکم. ل ڤـرا ئەز رووەنێم. دەنگێ من کـەتیـە هەمـوو دەرێ ڤێ مالێ. من ل ڤێ مالێ شوّپ هشـتیـە.

من نکاریبوو بگۆتا ئەز غەریبان ناگرم هوندرێ مالا خوە، ڤی خانی نەفرۆشە. من گۆت: «دبە بلا وەرن ئەزێ وان ل هوندر بگەڕینم. ئەزێ دەری ڤـەکم وێ تێکەڤن هوندر، وێ غەریب غەریب لێ بنێرن، وێ ل عەقدان، ل دیواران بنێرن، ب تلیکێن خوە ئەو دێ وێ دەرێ و ڤێ دەرێ رێ بدن، وێ دەریان ڤـەکن، وێ دەست بدن دەسـتـیێ دەری، وێ دەرکەڤن شانەشینێ، د جامێ رە وێ سەرێ خوە درێژ بکن، وێ ل سەر تەختکان ببە رەق رەقا وان بمەشن، وێ مالا من د مێزینێ خن، بوەزینن.»

هاتن. دو زلامـێن رووقـەبحی و ژنەک زەری رەنگ سختە ژبۆ مالا من بوەزینن هاتن، بێی سۆلێن خوە ژ پێ بکن دان سەر پارکەیان مەشیان کەتن مالا من. من ژی ژ وان رە نەگـۆت هوون ب خـێـر هاتن. من نەگـۆت کـەرەم بکن هوون چاوا دخوازن هوون دکارن ل هوندرێ مالا من بگەڕن، هوونێ چ ڤـەخون. من مینا خـەنزیر رووییێ خوە دالقـانـد و من خـوە دا ئالیـەکی. قـەت من دەنگ دەرنەخست و مینا خـەنزیر ئەز راوەستـیـام. ئەو هەردو زلام و ژنک ب هەڤ ڤە زەلقین و دەربازی هێوانێ بوون.

لێ ئەز ژی ڤـالا نەسـەکنیم. من خـەفکنن ئامـادە کربوون. ل هەر ئۆدێ خەفکەک جوودا!

زەرێ رووقەبیح وەختا کو دەرباسی هێوانێ بوو، گۆت: «مەزنە، ماسەیا خوارنێ ژی ب رەحەتی تێ دە هلتێ.» ژنکێ سـەرێ خـوە هەژاند. خـەلەکـێن پۆرێ وێ ژی هەژیان. ئەز ل کێلەکا پەنجەرێ سەکنیبووم. خەفکا من ل ورا بوو. دەما کو ئەسمەری رووقەبیح بەر ب پەنجەرێ ڤە دهات من ژ نوڤکا دە بەردە کشـاند. چارچۆڤـە گـشـتک مینا نانێ کوفکی یێ سەردی بوون. زلێم نێری نێری. گـۆت: «بەهر ژێ نەخـوبایە، لێ بەریا وێ ڤـەکـریە. وێ رۆنی بە.» دلێ من تەنگژی بوو.

ب رەقە رەقا سۆلێن خوە ڤـە مەشیـان دەربازی ئۆدەیا منا خەباتێ بوون. ئۆدەیا منا خەباتێ؛ نەیا وان. نە ژی یا جەوات بەگ. کـەتن ئۆدەیا منا خـەباتێ ژنکێ گـۆت: «ئەڤ ئۆدە هنەکی بچـووکـە.» یێ زەری رووقـەبیح ل شانەشینێ نێرِی و گۆت: «دبەکو مرۆڤ ڤێ شانەشینێ بگرە و ب سـەر ئۆدێ ڤـە بەردە.» ب سـەر گـرتنا شانەشینان دە مرین. ب یا من با، منێ ئەو د شانەشینێ دە گرتی بهشـتـانا. دڤێ من تاڤلێ خەفکا خوە ب کـار بئانیـیـا. من پێل بشکۆکا تەیبێ کر. من بەرێ کاسەت خستبوویێ. ریتا هایورد. دەنگێ پیرەکـا نەمر ل هوندر بەلابوو و داگـرت: پـووت ذی بلێم ئۆن می بۆی...» و مـینا هەر گـاڤێ ب داگـرتنا هوندر تەنێ ڤـە نەمـا؛ د دیوارێ کـو مینا کـاغەتێ یە رە دەرباز بوو و خوە گهـاند قـاتێ ژۆر. خەفکا من تـام مینا کـو من تەخمین کربوو د وەختەکی باش دە کەت دەورێ. مامۆستەیێ د قـاتێ ژۆر دە رووەنشت بوو گورمە گورما وێ ل دیوار خست. زلامێ ئەسـمـەری رووقـەبیح ڤـەجنقی گـۆت: «چەر بوو؟» ب کێڤخوەشیەکە مەزن من بەرسڤ دایێ: «جیرانا منا ژۆرە. جرا وێ گەلەک نەخوەشە. دەنگەکی بچووک ژی دەرکەڤە هەمـا دبە گـورمـە گـورمـا وێ ب دیواران دکـەڤـە.» زەرێ رووقـەبیح دەڤێ خـوە یێ تام و نیـڤێ رووییێ وی دە بجـهـبـوویی قـەنج ڤـەکـر ژ وی هەبوو کـو دبشـرە. گـۆت: «مافدارە. دڤێ مرۆڤ بێدەنگ بە»

من تەیب گرت.

دەربازی ئۆدەیا منا رازانێ بوون. گۆتن: «ئەمێ دیواران ب رەنگێ سـۆمـۆن بۆیاغ بکن. ئەمێ مـرێکێ ژی دینن ورا. دڤێ پەردە کـەسکێ تاری بە. ئەمێ خـەوگـەیێ ژی دەینن ها ڤێ دەرێ.» تە دگوت قەی مال یا وان بوو، ئۆدا من راخـسـتن، هەمـوو تشت ب جـھ کـرن. ل وێ دەرێ مـرێک نا بە! لێ وێ دەرێ خـەوگـەها من هەیە. ئەز نـافکرم کـو دەینم جـهـەکی دن ژی. پەردەیێن من لاجـیـوەردە، روحێ من ژ رەنگێ سـۆمـۆن دچە. بەس من ڤانا نەگۆتن لێ من خەفکا خوە خست دەورێ. باهلیفا مەزن یا ل سەرێ خەوگەها من بوو من ژ جھ کشـاند. تە دگـۆت قـەی ئەو دەرا دیوێر خـووری دەرخـسـتـیـە. ولۆ ب مـەزن مـەزنی بۆیاغکرنا ژ سـالان ڤـە مـایە تەرت تەرت دەرکـەت چاڤ، دناڤ وان دە کـوڤـارک شین هاتبـوو. ئوو ڤـایە ژنک کـەتە تۆرێ گـۆت: «وی ی ی، هەلا هوون ژ خـوە رە ل ورا بنێـرِن!» باشـە د داوێ دە چێـبـوو. وێ تێبگهێژن بێ ئەڤ مال چقاسی هێوی یە. وێ بفکرن کو بارکن ڤی خـانی وێ ب ئاسـتـمـێ کـەڤن، ب زەکـەمێ کـەڤن، وێ باوی بن. هەکـەر کـو باوی بن وێ نکاربن ئائەرۆکان بکن، وێ چاخێ وێ نکاربن ب سمەتی بژین. وێ ژ هێوبوونێ یەکۆ یەکۆ بمرن و هەرِن. ژبەرکو گەلەکی ژ ژیانێ حەز دکن وێ دەڤ ژ کرِینا مالا من بەردن.

یێ کو پێشی ل دەنگێ ژنکێ ڤەگەرِیا زلامێ ئەسمەر یێ رووقـەبیح بوو. گـۆت: «سـەیرە. هەو ب تەنێ ڤێ دەرێ هێـوی بوویە. دڤێ بێ پارزنـاندن.» ژنکێ تاڤلێ گۆت: «وی نا نا. ما تو نابینی بێ چ تشـتەکی خوەشک ژێ دەرکـەتـیـیـە. بوویە وەک تابلۆکێ. نهـا تشـتـێن ولۆ زەحف مۆدەنن. ئەمێ تام وێ دەرێ د ناڤا چەرچۆڤەیەکێ

خن. ژ بەر کـو ئەمێ خـەوگـەیێ بدن ڤێ هێلێ وێ تو پرسگرێکێ ژێ دەرنەکەڤە.»

وێ ببـە پرسگرێک. هم ژی پرسگرێکەک چاوا؛ ئەو کـوڤـارکـێن هانێ وێ مـەزن ببن، وێ د چەرچۆڤێ دە هلنێن. دیواری تەڤدەک ببە خوری و ب سەر وە ڤە برژە. هوونێ د بنی دە بمینن.

کەتن متباخێ. من ژ بۆ متباخێ خەفکەک ب تایبەتی ئاماده نەکربوو. ژ خوە متباخ ب خوە خەفک بوو. مینا خـەفکەک مـشکان بچـووک بوو. ژنکێ گـۆت: «زەحف بچـووکە.» زلامێ زەری رووقەبیح تەسدیق کر و گـۆت: «لێ نها متباخێن پر کۆمپاکت هەنە. هەموو تشتی پڕ ب هاواکی کـۆمـپـاکت حالّ دکن. راسـتـە ل ڤێ دەرێ. جـھ نەخـوەش هاتیـە بکارئانین. «من مـتـبـاخـا خوە نە چێ بکانەئانییە. راستە من تێ دە خوارنەک بێهەمپا جێنەکر ژێ مـن نـەهـشـت ولـۆ تـاوان ژی ژ بـەر دوو بـلـەوتـە. کـێلەکـێن ئۆجـاخـا من روون نەگرت. ژ هەر هێلێ بێهنا قـەلاندنێ نەهات. من قـەنج ل مـتـبـاخـا خـوە نێـرِی. نە کۆمپاکتە لێ من قەنج لێ نێرِی. لێ من ڤانا نەگۆتن.

تام د وێ گـاڤێ دە دەنگەکی ئیلاهی هاتە بـهـیـستن. ژ دەنگەکی خـست. ژنکێ گـۆت: «ئەڤ چ یە؟» مـن خـوە ئاڤێت ناڤ پەیڤێ و من گۆت: «مشکە» ب راستی ژی ژنکێ رەنگ ڤەدا زپیزەر بوو. ب ڤی هاوی زەریتیـا وێ یا سـخـتـە هندکـیـتـر مـرۆڤ ژ خوە عـاجـز دکـر. رووبێ ئەسـمـەرێ رووقـەبیح هێ بێـتـتـر تاری بوو. بێ زەری رووقەبیح ب چەنگا خوە یا مەزن ڤە دیسا کەنیا، گۆت: «جانا من. ژ خوە وێ متباخ بێ چێکرن. ما قەی مشکێ خوە ل بەر ئینشائاتێ بگرن؟ ژ خوە رە نەکن دەرد.» دوو رە فـتـلی سەر من و کۆمـەک ناڤێ ژەهرا مشکا رێزکرن. من ب ئاورێن ڤـالا بالا خـوە دایێ. من گـۆت: «ئەز ژێ حـەز دکم. ژ سـالان ڤـە یە ل ڤـر دژی... هێ هوون تونەبوون ئەو هەبوو!» زلامێن رووقەبیح ب شاشوازی ل من نێرِی. دوو رە خوە نەگرتن ب شاشوازی ل هەڤ ژی نێرِین. من ژی ولۆ ب ماڤایی ل وان نێرِی.

دەرباسی سەرشـۆکێ بوون. دەست پێ کـرن مـووسلوخ تەڤدان، ل سەر ئامووران کەتن نیقاشێ. ژ ڤێ خافلتیا وان من ئیستیفادە کر و من خەفکا خوە خست دەورێ. من قـاپاغا کلۆزەتێ راکـر. کـانالیـزاسـیـۆنا ئاپارتمانێ ب هاواکی عـەجـێب هاتیـە چێکرن. هەمـا سـورا بێ وەرە تاڤلێ ژ قلۆزەتێ بێهنەک گەنی تێ. لێ ناحلەت لێ بێ، ئیرۆ پەل ژی نالڤن. من هنەکی پف کر هوندرێ کلۆزەتێ وان ژی، لێ دیسا ب کێرِی تشتەکی نەهات، سەرشۆک زەحف عـەجبـاندن. تشـتـەکی گۆتنێ ژێ رە نـەدیتن. بڕیار دان کـو فـایانسـێ وێ بکن لاجیوەرد و سپی. ژاکوزی ژی دەبنن قـۆرزیێ. وەرگی من درانێن خـوە ب هەڤ شـداند پدێن درانێن من ژان کەتنێ.

د داویـێ دە بوو رەق رەقـا وان د ئالۆلەیێ رە دەرباس بوون هاتن بەر دەریـێ دەرڤـە. زلامێ ئەسـمـەرِی رووقەبحی، زلامێ زەری رووقەبحی و ژنکا زەر یا رەنگ سخته زیڤرین سەر من وب هەڤدوو رە گۆتن: «سپاس، د خـوەشـیـێ دە بمینن.» ب کـەنەکی مـرینی رە من گـۆت: «ئۆغر بە.»

جارەک دنێ چاڤێ من ل وان نەکەت. پشتی هەفتیەکێ خوەدیێ خانیێ من هات سەریەک دا من. گۆت کو ئێدی ژ فـرۆتنا خـێنی گـەڕیایە هەر کـو دچە بوهایێ مـەحـەلێ رادبە، نها فرۆتنا خێنی وێ نەکارێ عاقلان بە.

من گـۆت: «هوون زەحف بئـاقلن.» گـۆت: «کـەنگی بوهایێ مەحەلێ قەنج رابوو، وێ بوهایێ خێنی ژی پێ رە رابە، ها وێ گـاڤێ ئەوێ بفـرۆشـە.» ل سـەر بوهابوونا مەحەلێ یا کو رادبە، زەحف د سەکنی. پاشێ من فێمکر بێ چما ولۆ ل سەر دسەکنە. دخوەست مەسەلێ بینە ب کرێ ڤە گرێدە. ژ سەدی سەد کرێ بوها کر.

من ژی ژ سـەدی سـەد دایێ. قـەنە ئەز ژ مـالا خـوە دەرنەکـەتم، بلاقـە. لێ ژ سـەدی سەد زام نەئاڤێتن سەر مەعاشێ من. ئەزێ ڤێ چاوا بکم، نزانم.

تێبینی : ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا کۆمەلّە چیرۆکێن (هەمـوو چیرۆکن) یا (گـایە بۆزالیـئـۆغلو) هاتیـە وەرگرتن، کـو رووپەلێن (٣١-٣٧) گرتبوون. یا هەژییە بێتـە گـوتن، کـو ئەڤ چیرۆکنڤیسا دەستهەل ل رۆژا (١٩٦٣/١٠/٢٢)ێ ل ستەنبۆلێ ژ دایکبـوویە. ل زانینگەها سـتـەنبـۆلێ ل پشکا ئەدەبیـاتێ دا فەلسـەفە خوێندییە. پاشان ل سەر سیستەماتیک فەلسـەفە و مـەنتق بڕوانامـەیا مـاسـتـەرێ وەرگرتیـە. کـارێ رۆژنامـەڤـانیێ، نڤیسکاریا سەناریۆ و ریکلامێ کرییە.

ئەڤ پەرتووکـا وێ (هەمـوو چیـرۆکن) ل سـالا (٢٠٠١)ێ چاپبوویە. پاشی رۆنی وار ژ زمانی ترکی وەرگەڕاندییە سەر زمانێ کـوردی و ل زنجیـرەیا وەشانێن (وار)دا ب هەژمـارا (١٥) هاتیـە چاپکرن و وەشـاندن، کـو چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠٠٤)ێ ل دیاربەکر دەرچوویە.

پیرۆزی و تەلیسمی خەیاڵ

جووتیار ئەحمەد
(سلێمانی)

بەنیازم چیرۆکێک بنووسم، بەڵام ئەو پاڵەوانەی کە ئەمەوێت بیخوڵقێنم کێشەم بۆ دروست ئەکات، چونکە ئەو فریوی خەیاڵی خواردووە، یا چاکتر وایە بڵێم لەگەڵ واقیعدا کێشەی هەیەو ناگونجێت، هەمیشە لەبەردەم ئاوێنەیا دانیشتووە، بەشێوەک خۆی ئەگۆڕێ کە لەگەڵ دنیای ناو ئاوێنەیا بگونجێ، بەردەوام لە ئاوێنەیا بەشوێن خۆیدا ئەگەڕێ. ئیتر پێوەندی بە ژیانەوە نەماوە و وەک پەیکەری لێهاتووە. ئەو هیچ کاتێک ئامادە نییە لە خەڵک بڕوانێت یا خەڵک لەو بڕوانن، هەموو بەیانیان پێش ئەوەی بەڕێ کەوتایە بۆ زانکۆ کاتژمێرێک لەگەڵ وێنەی خۆی ئەدوا لە ئاوێنەدا. ئەو کەسێکە لە خەیاڵەکانیشیدا تەنهایە لە هیچ شتێکی واقیع ڕازی نییە (بەنیازی شوێنی خوا بگریتەوە، چارەنووسم بۆ دیاری بکەی چیرۆکنووس، بەبێ ئەوەی ڕێگە بەخۆم بدەی، نهێنییەکانی ژیانم بۆ خوێنەر باس ئەکەی) لە کاتێکدا دەستم کردووە بە نووسینی چیرۆکی ژیانی تۆ کە پاڵەوانێکی شکست خواردووی، بۆئەوەی زامەکانت نەکولێنمەوە ناچاری ئەوەی من ئەینووسمەوە پێی ڕازی بی. تۆ کێشەیەکت هەیە ئەویش ئەوەیە لە خەیاڵا ون بووی، بەناو ئاوێنەکەدا ڕۆچووی ئەوێش شوێنی تەنها کەسێکی تیا ئەبێتەوە ئەگەرچی هەموو جیهانیش پیشان بدا، تەنانەت لە دەموچاوی خۆشت ڕازی نەبووی، چەندین جار ماکیاژەکەت ئەگۆڕی، بەبەردەوامی خەریکی خۆڕازاندنەوە بووی، لەگەڵ ئەوەشدا شتەکانت بە دڵ نەبوو، کاتێک بەلای کۆڕەکاندا ئەڕۆیشتی سەرت بۆ ئاسمان هەڵئەبڕی، قسەت لەگەڵ کەس نەئەکرد، ورتە ورت پیشەی تۆ بوو، ئەتوبست هەموو هەڵسوکەوتێکت شاراوەبێ. نازانم ئێستاش کچەکەی جارانی، چونکە من ئێستا لە نادیاری تۆدا لەسەر کاغەز بە وشە دروستت

ئەکـــەمـــەوە، بەو هیـــوایەی گـــەر بە رێکەوتیش بێ بیخوێنییەوە، تەنها چاوت یەک ڕەنگ بوو هەمیشە لە خـــۆگـــۆڕیندابووی هەر ڕۆژەو جلوبەرگـــێک، جـــۆرە مـاکـیـاژێکت بەکـار ئەهێنا، ئەتویست واقـیع چاو لە تۆ بکات، بەوەیا ئەمزانی ڕوانینت نەگۆڕاوە، چونکە چاوت هەمـیـشـــە یەک ڕەنگ بـوو (چیـــرۆکنووس ناتوانی بە ئەمانەتەوە ئەو ڕووداوانە بگێڕیتەوە کە لە خەیاڵ ئەچن، تۆو هاوڕێکانی زانکۆم درۆ ئەکەن، تۆ بە زمانێکی زبر و نێـرانە باسم ئەکـەی، تۆ تەنهـا بنووسـە لێگەڕێ بـا من بگێـڕمـەوە، گـێـڕانەوەی ڕووداو بەوردی هەر لە مـێـینە جـــوانە، پیـــاو واتە دەســـەڵات، نـووســینـەوە بەگـــوێرەی بەرژەوەندی) زۆر خۆت لە گێڕانەوە هەڵمەقورتێنە، ئەگێن لەم چیـرۆکـەدا بە ئازارێکی سـەختـەوە کـۆتایی بە ژیانت ئەهێنم، ئەتەوێ هێزی من تێک شکێنی من بەنیـازم ئەم گێـڕانەوەیە درێژە بکێشێ و لە چیـرۆکەوە ببێتە ڕۆمـان، تکایە بهێڵـە دەسـەڵاتم بەسـەر کەسـایەتیدا بەهێزبێ. لە بیـرتە دوای ئەوەی لە پاشـەملە باسی شـەرەفی یەکێ لە هاوڕێکانت کردبوو بەخراپە، کـە لە بەشـە ناوخـۆی وەک خوشک لە ژووڕێکدا ئەژیان، بێئەوەی خەڵک تێگەیەنێ لە ژووڕەکەیدا سەرزەنشتی کردی لە کۆتاییشدا ئەیویست بەرەو دنیـای واقـیع بەکـێشت بکات، بەڵام تۆ تەنهـا لە ئاوێنەیا گـوێت لە خـۆت ئەگـرت... گـێـســووم ئەبێت ئەوهابێت، پەرچەمم بەناوچەوانما ناهێنمـە خـوارێ، وا نییە خونچە گیان، بەیانی تاڵەکانی تریش زەرد ئەکەم ، لێو ئەمڕۆ سوورم کردی، بەڵام بەیانی پەمەییت ئەکەم... لە ماکیاژدا بلیمەت بووی سەرت لەو کوڕانە شێواندبوو کـە گـیـرۆدەت ئەبوون، چونکە ئەو ڕۆژەی کـە ئەتویست سەرنجی یەکێکیان بەلای خۆتا ڕابکێشی، بۆ بەیانی بە جـۆرە مـاکـیـاژێکەوە ئەهاتیـتـەوە بـۆ زانکۆ کـوڕەکـە نەیئەتوانی تۆ بناسێـتـەوە، چونکە خەیاڵ وەک سەرابی لێکردبووی ئەتوانم بڵـێم تۆ تەنهـا هاوڕێ نزیکەکـانت ئەیاننـاسـیـــتـــەوە ئاخـر تۆ هەر ڕۆژەو وێنەیەک بووی. سەرزەنشت کردنەکەی سروود کاری تێکردی زیاتر بوغزت خواردەوە، هەرخـۆت باسی سـروودت بۆ ئێـمـە گـێـڕایەوە گـــوایە گلەییت هەبوو، ڕۆژێک دوای ئەوەی ســـروود سەرزەنشـتی کردی زانکۆت جێ هێشت ڕۆیشـتیـتـەوە بۆ شـارەکـەی خـۆت، چونکە مـاڵـتـان لەو شـارە نەبوو بێزاربووی ئەتویست چەند ڕۆژێک بە ئارامی لە مـاڵەوە بگوزەرێنی (چیـرۆکنووسـێکی چەواشـەکـەری ناتوانی لە خەیاڵا ڕووداو بخوڵقێنی، کتومت میژوونووسەکانی سەر بە سـیـاسـەتی ڕۆژ، تۆ هەمـیـشـە کـەسـێکی خۆتێهەڵقورتێنەر بووی، ئەبینم ئێستا خۆت بەسەر منا ئەسەپێنی، بهێڵە هیچ نەبێ بەخەیاڵ بژیم) زۆر سەرەڕۆی ئاخر کەسانێک هەن ژیانێکی تایبەت ئەژین کە ناکرێت پشـتگوێ خـرێن. خـۆت گـێـڕاتەوە ئەو شـەوە لە مـاڵەوە لەگـەڵ دوو خـوشکەکـەتدا ڕاکـشـابوون باسی خـەڵکـتـان ئەکرد، بەڵام تۆ ئاگات لەوان نەبوو، چونکە سووکایەتیت پێکرابوو، ئەو شـەوە باوکت بە سـەرخـۆشی هاتەوە، کـە دایکت دەرگای لێکردەوە لەتری ئەدا قاچەکانی دیلانێیان ئەکرد، دایکت بە باوکتی وت: خـونچە گیـان هاتۆتەوە. ئیتر ئەو شەوە باوکت بە تۆوە گرتی وەک خۆت باست کرد باوکت پیـاوێکی میـهـرەبانە، بەڵام ئینسـان کە سـەرخـۆش بوو خـــۆی لەدەست ئەدا، هەر کـــەزانی گـــەڕاویتـــەوە بۆ مـاڵەوە بانگی کردی، تۆ هەر لەخۆتەوە لە ژیان بێزاربووی دەمـــوچاوت مـــۆن کـــرد و چوویت بۆ لای باوکت ئەو نەیئـــەزانی شـــەوە یا ڕۆژ، لەجـــیـــاتی ئەوەی دەست بۆ ڕوومـەتت بەرێ بۆ ڕاگـرتنی هاوسـەنگی سـەرت تـاوەکـو مـاچت بکا، دەســتی بۆ سنگ و مـەمکت برد، تۆ زۆر ئاســایی ئەو شـــەوەت بۆمن گـــێـــڕایەوە گـــوایە لە من ڕائەبینی، تۆ حـەپەسـای و دەسـتی باوکت گـرت، بەڵام نەتوێرا تووڕەیی خۆت دەربڕی لە ناخی خـۆتا ئەتقـیـژاند بێـزت لە هەناسـەی باوکت ئەبۆوە، لەو کـاتەدا کـە دەمی هێنا بۆڵای ڕوومـەتت هێـڵـنجـێکی دا، ئیـشـەکـە بۆ تۆ ناخۆشتربوو باوکت پێش خۆدا بۆڵای دەستشۆرەکە، بە لچ لارکردنەوە چەمۆڵەیەکت لێنا دایکت و خـوشکەکـانت لە ژووری میوان چاوەڕێی ئێوە بوون بێ ئەوەی بایەخ بە ئێوە بدەن، تۆش پڕ بەدڵی خۆت ئەتقیژاند بۆ ئەوەی یەکێکیان بێ و تۆ خـۆت لە باوکت بدزیتـەوە، بەڵام کـەس قـسـەی نەکـرد، کـەس بە دەنگتـەوە نەهات، باوکـیـشت هیـچی نەوت ویستی بڕشێتەوە، بەڵام بۆی نەکرا تەنها ئاوی کرد بە دەموچاویا تۆ لەو کاتەدا ویستت بڕۆی باوکت بانگی کردی بۆ ئەوەی بیبەی بۆ سەر سیسـەمەکە، کاتێک چووە سەر جێگەکەی و ڕاکشا داوای لێکردی گۆزەوییەکانی بۆ داکەنی تۆ تووشی سەرسوڕمان ببووی، وات ئەزانی لەو ماوەیەدا کە لە ماڵ نەبووی یاسای خانەوادەکەت گۆڕاوە، چونکە کەس نەئەهات بۆ لاتان گوێت لە دەنگی کەسیان

نەبوو، ئەوانیش گوێیان بە دەنگی ئێوە نەئەدا هەر چەندێکیش زیاتر هاوارت بکردایە. من تێناگەم مال و دەرەوە ئێستا یەک شێوەیە بۆ من، بۆ دایکم نایە بۆ لای باوکم لەوانەیە ئەوانیش ڕقیان لە من بێ هەر لەبەر ئەوەش منیان ڕەوانەکرد بۆ شارێکی تر، کاتێک وتم لە زانکۆوە دای ئەبەزێنم بۆ پەیمانگا هیچ نەبێ لە مالّەوە نزیک ئەبم، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون.. هەموو دنیات لێببوو بە خیانەت نەگبەتی زیاتر هی ئەوە بوو برایەکیشتان نەبوو هەر سێ خوشک بوون، پاشان گێڕاتەوە بە دەستێک لووتی خۆت گرتبوو لە بەر بۆنی گۆرەوی بە دەستەکەی تریش گۆرەوییەکانی باوکت دائەکەند، باوکت ئاگای لە خۆی نەبوو ئەگین لەبەر ئەو ڕەفتارەت تووڕە ئەبوو بە بێدەنگی جنێوت بە باوکت ئەدا بەڕقەوە گۆرەوییەکانت لەپێ داکەند، باوکت تکای لێ ئەکردی لە سەرخۆ بجوولێیی قاچەکانی ئازار نەدەی تۆ بە خێسەوە لێت ڕووانی لە یادت چووبۆوە کە ئەو پیاوە باوکتە. ئەگەر یەکێک بە کەمترین شێوە بێزاری بکردیتایە ڕقت لێی ئەبۆوە.. ئەمە باوکە یان بەڵایە، بەناخێری گیانم هاتوومەتەوە تا لە مالّەوە بە ئارامی دانیشم نەک بۆنی گۆرەوی هەڵمژم..؟ لە کاتی قیژاندندا جنێوێکی زۆر ناشرینت دا سەرت وەک کیسەڵ لە بەینی هەردوو شانتا ون کرد و چاوە بزەکانت بەچواردەوری خۆتا گێڕا، بەڵام کەسیان تۆیان نەئەبینی گوێشیان لە دەنگت نەبوو. تۆ لەخەیاڵا دنیایەکت دروست کردبوو تەنانەت باوکیشت گوێی لە دەنگت نەبوو سیسرکەکانیش دەنگیان نەئەهات. خوایە بەس نەبوو گوێیان لە جنێوەکەم نەبوو.. باوکت چاوەکانی لێک نا تۆش ئەوەت بە هەل زانی جێت هێشت.

هەرچەند سەرنجت ئەدا سەیربوو بەلاتەوە چرکە ژمێرو خولەک ژمێرو کاتژمێر هەر سێکیان چوبوونە سەریەک و بە یەکەوە ئەخولانەوە، چاوەکانت زەق ئەکردەوە تاوەکو تێبگەی، بەڵام کاتژمێر لەگەڵ دیوارە سپیەکەدا ئەبوون بەیەک، نەتئەزانی بەرەو شێتبوون ئەچی یا ئینسانەکان تۆ ناگرنە خۆ. ملت نا بۆ ژووری میوان بۆ ئەوەی لەگەڵ دایکت و خوشکەکانت باسی خەڵک بکەی، بەڵام ئەوان ئەیانویست باسی زانکۆیان بۆ بکەی کاتێک سەرت کرد بە ژووری میواندا کەسیان گوێیان بە تۆ نەدا، هەستت ئەکرد لەهەوادا ونبووی شپرزە بووی لە شوێنی خۆت ڕاچڵەکیت، هێزت نەبوو چیتر لە دڵی خۆتا بقیژێنی دەستت بە سنگتەوە گرت و نەتئەوێرا ئاوڕبدەیتەوە... باوەڕناکەم ئەمە مالّی خۆمان بێ... بیرت لە ئاوێنە ئەکردەوە، چونکە ئەتزانی ئاوێنەکەی هەمیشە تیایدا لە خۆت ئەڕوانی هەڵیلوشیوی، کەوتییە گومانەوە لەشوێنی خۆت نەبزوای تەنیا چاوت ئەسووڕاند قاچەکانت ئەلەرزین، بەهێواشی دەستەکانت لەسەر سنگت خشاند بەرەوخوار تا سەر ڕانت، بۆ ئەوەی ڕایانگری پشتت بە چوارچێوەی دەرگاکەوە توند کرد، گومان لەسەر گومان بە ڕووتا هەڵئەشاخا، سمت و پشتت لەسەرخۆ لە دەرگاکە ئەخشاند و بەهێواشی بە چیچکانەوە دانیشتی، خۆت لە باوەش گرتبوو ئەتویست ئەوان کردەوەکانت نەبینن، بۆ پاکانە کردنی هەڵسوکەوتەکانت وات دائەنا کە ئەوان تۆ ئەبینن، دڵنیاش نەبووی ئایا ئەو ژووڕە چۆڵە، یان نا بە نووزەیەکی پڕ لەپارانەوە... دایە، دایە گیان.. خەندە.. کەنار... کەسیان وەڵامیان نەدایتەوە ڕۆحت لەمشتتدابوو وەختابوو بفلیقێتەوە. سەرت لەباوەشتا ون کردبوو بە دزییەوە فرمێسکی وردت ئەڕشت، لەپی دەستەکانت تەڕبوون فزەت لە خۆت بڕیبوو (چیرۆکنووسێکی عەقڵ منالانەی بەڕاستی تۆ لە ئاوێنە فریودەرتری، لە سەرەتادا باسی واقیعیەتی خۆت ئەکرد ئێستاش خەونێکی هەڵبەستراو بگێڕیتەوە، جگە لەوەی زیادەڕەوی لە گێڕانەوەکەیا ئەکەی هەرگیز نەمئەزانی کەسێکی قسە گێڕەوەی، هەمیشە وەک خاوەن ئەخلاق خۆت نیشانی ئێمە ئەدا، تۆ لەو نووسەرانە ئەچی کە شەو و ڕۆژ بەشوێن قوونی خەڵکەوەن، تاوەکو نهێنیەکانیان لێدەرهێنن و بیکەن بە نووسینێکی حەیابەرەو هەڕەشە ئامێز. تۆ بەچ غیرەتێکەوە کێشەی خانەوادەکەم باس ئەکەی) خەریکە بە تەواوەتی لەسەر لاپەڕەی چیرۆکەکە وەک واقیع دەرئەکەوی، جار دوای جار زیاتر قسە ئەکەی و من بە درۆئەخەیتەوە، لەهەمان کاتا من درۆناکەم تەنها ئەوشتانە ئەگێڕمەوە کەئەو کات ئەتگێڕایەوە، تۆ هەرگیز خۆت بە تاوانبار نازانی لە فریودانی زەمانەدا لێهاتووی. دیسان ئینسان بە هاناتەوە هات ئەوان وەک تۆ نەبوون جن و شەیتان نەبوون، لە ژووری نووستنەکەوە تەقەی دەرگات گوێ لێبوو، هاتیتەوە سەرخۆ، بە پەلە سەرت هەڵبڕی ئاوڕت دایەوە بۆ دەرەوەی ئەو ژووڕە، بەڵام هەر ئەو تەقەیە بوو هیچیتر لەو ژووڕەدا دایک و

خوشکەکانیشت ون بوون، زۆر بە بێدەنگی دانیشتی ماوەیەک هیچت نەبیست لەپڕ وەک شێت هەڵتکوتایە سەر قەنەفەکان بۆ ئەوەی جەستەیەکت بەردەست کەوێت، بەڵام کەس نەبوو لە داخا زۆر بەهێزەوە لەسەرسک خۆت دا بە سەر زەویدا بۆ ئەوەی سەیری ژێر قەنەفەکان بکەی، سنگت ئازاری پێگەیی تفێکت لە ڕاخەرەکەی ژێر خۆت کرد، نەتئەزانی ماوەی چەند ئەبێت باوکت هاتۆتەوەو تۆ کەوتوویتەتە ئەو ئاژاوەیەوە. هەستت ئەکرد ئەوە پاداشتی گوناهەکانتە، چونکە جوانییەکەت وەک جادووگەرێک ئەفرۆشت بە خەڵک بۆ ڕۆژی دوایی جوانییەکەت لای ئەو کەسە نەئەما بە شێوەیەکی تر دروستت ئەکردەوە. گوێت لە تەپەی پێبوو خەندە بوو بە دەنگێکی خەوالّوو پێی وتی بچی بخەوی، پرسیارت لێکرد بەڵام ئەو هیچی نەوت خۆشت گوێت لە دەنگی خۆت نەبوو ناچار بەشوێنی کەوتی بۆ ژووری خەوەکە، بۆ ئەوەی ئەوان گومانی شێت بوونت لێنەکەن هەوڵت ئەدا بێدەنگ بی دوابەدوای خەندە چوویتە ژوورەوە دەرگاکەت لەدوای خۆتەوە زۆر بە هێزەوە داخست لە بەرگوێی تۆدا دەنگێکی بەرزی لێوەهات، ترسای دەستت بەگوێچکەتەوە گرت و چاوەکانت داخست. چاوەڕوانی جنێوی دایکت و بۆڵە بۆڵی خوشکەکانت بووی، بەڵام بە پێچەوانەوە تەنانەت خەندەش کە لە پێشتەوە بوو، نەشڵەژا وەک ئەوە وابوو گوێی لەو دەنگە نەبووبێ، ترس زیاتر جەستەی لەرزۆک کردی.. تێناگەم من هەر لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆم یان ئەوان لە مالّەوە نین... لە نێوان هەردوو خوشکەکەتدا ڕاکشای، جێگەکەی تۆ لە سەرپەڕ ڕاخرابوو، بەڵام لە ترسا بەزۆر خەندەت ڕاکێشایە سەر شوێنەکەی خۆت بێ ئەوەی نووزەی لێوەبێ، لە ترسا لەگەڵ خەیاڵە گڵاوەکانتدا خۆت مت کرد تەنانەت خەیاڵیش هەر یەک فلاشباک بوو دووبارە ئەبۆوە. دەرگاکە جیرەیەکی لێوەهات بە هێواشی کرایەوە، تۆ ڕاچڵەکیت و ڕووت بۆ وەرگێڕا خوشکەکانت جووڵەیان نەکرد، باوکت تا ئەو کاتەش مەست بوو ئەژنۆی خستە سەر ڕاخەرەکەو بە سەر خەندەدا چەمییەوە خۆی بۆ تۆ دڕێژ کرد، پەشۆکای خۆت خستە باوەشی (کەنار)ەوە کەنار بە ئاگا نەهات، خەندەش لەژێر سکی باوکتا جووڵە جووڵی بوو، بەڵام قسەی نەئەکرد سەرسام بووی نەتئەزانی تەماشای کێیان بکەی هەر پاڵت بە کەنارەوە ئەنا بەڵام دەنگی نەئەکرد، بێدەنگی و بێگوێی تۆی شێت کردبوو باوکت دەستی بە سەر و پرچتدا هێناو تۆش خەمی خەندەت بوو دەستت بۆ لای قەپرغەی برد. خەندە بە خەبەری، ئازارت پێناگا هەستە ئەو شوێنە چۆڵ کە..؟ خەندە دەنگی نەبوو باوکت تکای لێئەکردی کە خەبەریان نەکەیتەوە، ئەو شەوە تۆ تەنها گوێت لە دەنگی باوکت ئەبوو، دەستی خستە سەر سکت تۆش دەستیت گرت ویستت لایبەی، بەڵام باوکت زۆر بە نەرمی بە غەڵبە غەڵبێکی خاوەوە دەستی گرتی و لای برد داوای لێکردی بەو شەوە بەشوێنی کەوی بۆ نەخۆشخانەی منالّبوون.. کچم وەرە ئەچین بزانم سکت پڕنەبووە؟ چاوت چووە پشتەسەرت بانگی دایکت کرد، باوکت زۆر بە ڕێزەوە تکای لێکردی کە بێدەنگ بی نەکا ئەوان بەخەبەر بێن، نەک دایکت بە هاناتەوە نەهات، بەڵکو خەندەو کەناریش گوێیان لە دەنگت نەبوو ئەگریای.. چیبە باوکە بۆناچی بۆ حەمام تا بێیتەوە هۆش؟ وازم لێبێنە ئێوارە درەنگ گەیشتمە مالّەوە هیلاکم، باوکە گیان شوورەییە چۆن قسەی وا ئەڵێیت من کچی خۆتم بەوە نابێ لە مالّەوە دوورکەوتوومەوە شارەزای ڕەفتاری کچی خۆت نی.؟ بە گریان و پاڕانەوە لەگەڵ باوکت ئەدوای ئەویش زۆر لەسەرخۆ بە پێچەوانەی تۆوە کچی خۆم زۆر ئاساییە زووکە با فریاکەوین خەڵک پێمان نەزانێ و حەیامان نەچێت.. بلووزەکەی هەڵدایتەوە بۆ ئەوەی دەست لە سکە ڕووتەکەت بدا هێزت ئەدایە بەر خۆت، بەڵام وەک ئەوە وابوو جەستەت لە ڕۆحت جیابووبێتەوە خۆت بە زەلیلی ئەبینی، ئیتر هاوار کردنەکانت کەڵکی نەما تەنها گوێی خۆت و باوکت قسەکانیان ئەبیست، قوڕگت وەختابوو دەرئەهات تەنها دڵت گوێی لە دەنگت بوو قرخە قرخت بوو، دەستی باوکت بۆ ڕانەگیرا بە نووزەوە.. باوکە شەرم کە دەست بۆ کوێم ئەبەی؟ ئەپاڕایتەوە نەتئەزانی خەوە یان ڕاستی، تۆ شێت بووی، یان بابە گیان، هەرچەندە دەستی باوکت ئەگرت وەک ئەوە وابوو دەست لە هەوادا ڕاوەشێنی یاخود دەستی بابەگیان چەوربێ و نەگیرێ.. بابەگیان خۆمن نەچووم بۆ بەڕەڵاخانە من چووم بۆ زانکۆ.. خۆ ڕاپسکانەکانت لە دەستی بابەگیان بێ سوود بوون دنیا لە تۆ ببوو بە دوژمن، ئەو شەوە ئاواتت بە زانکۆ ئەخواست، باوکت زیاتر دەستی لە سکە ڕووتەکەت توند ئەکرد، فانیلەکەی ژێر بلووزەکەتی

هەڵدایەوەو ئەو لە مەستیا ئەو کردارەی ئەکرد لە هەمان کاتدا باوکت ترسێک هانی ئەدا، من نازانم پێئەچێ خۆت لە مەبەستەکەی باوکت گەیشتبی. هەستت کرد سکت پڕبووە باوکت دەستی ئەبرد بۆ خوار ناوکت، یاخود سر سینەت، نووزەکەت ئەبوو بە بورکان و ئەتقیژاند خۆت ڕائەچڵەکاند لە تاو قیژەکەت، بەڵام کەس نەهات بە هاناتەوە دەستی باوکت هەرچۆنێک بێ بوو بە تەڵەی دەستەوە نەتهێشت زیاتر سنووری خوار ناوکت ببەزێنێ، گریانەکەت پڕبوو لە پاڕانەوە. تەواو کەوتیتە ناوەڕاستی ڕووداوەکەوە وڕێنە و خەیاڵ لای تۆ ڕاستی بوو دەستت بۆ سکت برد.. بابەگیان شەرم بتگرێ ئەوە کەی ئیشی باوکە لەگەڵ کچی خۆی، باوکە ئەگەر ئەزانی سکم پڕە بمکوژە با ڕزگارم بێ. دەستی خستە سەر ڕوومەتە فرمێسکاوییەکانت، پەنجەکانی تەڕ بوون بردی بۆ دەمی سوێر بوو پەنجەکانی خۆی ماچ کرد واتە ڕوومەتی تۆی ماچکرد زیاتر بەزەییت بە خۆتا هاتەوە.. باوکە گیان چییە بوختانیان بۆ کردووم؟ بە خودا جەستەم لە هیچ لایەکەوە خوێنی لێ نەتکاوە هیچ پیاوێک منی ڕووت نەکردۆتەوە.. (ئەوە چییە بۆ پاڵەوانەکەی خۆت بەو شێوەیە لاواز ئەکەی نازانی ئەدەبی میللەتێک لاواز ئەکەی، من یەکجار بەو شێوەیە خۆم لە دەستنەداوە ڕاستە ئاوێنە فریوی داوم، بەڵام ئەوەش خۆم ئارەزووم کردووە، چونکە خەیاڵ شوێنی ژیانە، بەڵام ئەو کەسەی شوێن خەونێکی تاقانە ئەکەوێ هیچ زەوییەک نایگرێتە خۆی، تۆ چیرۆکنووسێکی بێ خەیاڵی، واقیع چەواشە ئەکەی لە کاتێکدا ئەتەوێ بیگێڕیتەوە، تۆ واقیعێکی ڕوتوقووت بەیان ئەکەی، نووسەر بۆ ئەوەی ئەفسوونی داهێنانەکەی بەتاڵ نەبێتەوە، هەرگیز سەرەداوێکیش بۆ درککردنی واقیعییەتی دەقەکەی دەرناخات، بەچەند کۆدێکی بەهێز وەک داوی جاڵجاڵۆکە ئەیتەنێت کە سەر لە ڕەخنەگرەکانیش ئەشێوێنێت، بەڵام تۆ بەپێچەوانەوە هەر ئەوە ماوە ناوی سیانی پاڵەوانی چیرۆکەکەت بۆ خوێنەر ئاشکرا بکەی. من ئەوکات وام بەخەیاڵا ئەهات کە وەک دکتۆرێکی دەروونی شیفابی بۆ کێشەکانی من، هەستم ئەکرد وەک دکتۆر، کەسێکی متمانەت پێئەکرێت) بێدەنگ بە قسەکانت ڕووبەرێکی زۆریان داگیرکرد واهەست ئەکەم لەچیرۆکەکە دێیتە دەرەوە لە ژوورەکەیدا دەستەو یەخەم ئەبی، بەڵام ڕێگەت پێنادەم (تۆ تازە ناتوانی ڕێچکەی چیرۆکەکە بگۆڕی، چونکە بە نووسینەوەی ژیانێکی ڕاستەقینە دەستی پێکرد) چییە ئەتەوێت دەسەڵاتی دنیای چیرۆکەکە بگریتە دەست؟ تائێستا هیچ پاڵەوانێک لەگەڵ چیرۆکنووسەکەیدا وا زمان درێژ نەبووە ئاگاداربە یاساو ڕێسا هەیە (ئەو یاساو ڕێسایەی کە ڕێگە بەتۆ ئەدا نهێنییەکانی خەڵک ئاشکرابکەی؟ من ئەوەندەی بە منداڵی هەزار و یەک شەوەیان بۆ خوێندبێتمەوە یاسایەکی تیانابینمەوە، خەیاڵ و ئەفسانەو پەرجوو بەکار هێنراون، ئەویش لە پێناو بەردەوامبوونی ژیان، واتە چیرۆکبێژ بۆ پاراستنی ژیانی و پاڵەوانەکەی خۆی هەموو جۆرە تەکنیکێک بەکار ئەهێنێ، ئەدەب و هونەر خەیاڵی ئینسانەکانن لەخەیاڵا یاسا جێگەی نابێتەوە) بەسە تەواو بێزار بووم بهێڵە بنووسم خۆ تۆ تێکشکابووی، وابڕوا خوێنەریش ئەهێنیتە ناو دەقەکەوە (زۆرباشە چیتر ماوە بینووسە ئەو بوختانانەی کە هەڵت بەستوون، بەڵام لە کۆتاییدا منیش خەونەکەی تۆ باس ئەکەم ئێستا هیچ نالێم) بابە گیان وازی نەئەهێنا لە سەرخۆ دەستی بەسکتا ئەهێنا پەنجەکانی تێئەچەقاند، فرمێسک سینە و سکتی خووساندبۆوە، سەیر بوو بەلاتەوە کەدایکت نەئەهات باوکت بباتە سەر جێگەی خەوەکەی.

ئەو شەوە دنیا تەنها تۆی تیا ئەژیای، کەنار پرخەی ئەهات مەگەر تۆ بتجوولاندایە ئەگینا وەک ماری سڕی لێهاتبوو، باوکت ئەجوولاو خەندەش لەژێریا وەک پارچە کەولێکی لێهاتبوو، توانات نەما جەستەی خۆت خستە ژێر دەستی باوکتەوە، قژە خاوەکەی خەندە بە سەر سەرینەکەدا پەخشان ببوو باوکت ئەنیشکی لە سەرینەکە توند کردبوو خەندە دەموچاوی بە قژ داپۆشرابوو، ڕوخساری هەردوو خوشکەکەت لێ ون بوو. باوکت سەرنجی ڕاکێشایتەوە بۆ لای خۆی.. کچم ئەچین بۆ نەخۆشخانەی منداڵبوون زوو ئەگەڕێینەوە هەستە تا حەیامان نەچووە.. تۆ چیتر بەرگریت بۆ نەئەکرا هەستت ئەکرد ڕووداوەکە ڕاستە. بابە گیان ئێستا درەنگە بەڵێن بێ بەیانی زوو ئەچین، پێش ئەوەی خەڵک بەخەبەربێن.. بەو پێیەی کە دایک و خوشکەکانت دەنگیان نەبوو ئەوەندە موخەنەک بووی... بابەگیان دایە و خوشکەکانم ئەو بوختانەیان... باوکت بەو مەستیەوە بەرگەی ئەو تۆمەتەی نەگرت کە تۆ داتەپاڵ دایک و خوشکەکانت،

فرمێسکی ڕژاندە سەر سکی ڕووتت دەستی لە سەر هەڵگرتی و بە بێدەنگی هەستا جێی هێشتی گوێت لە هەنسکی بوو، کاتێک بەو شێوەیە باوکت جێی هێشتی بەزەییت پێیداهاتەوە داوای مەرگی خۆت کرد بەڕاکشانەوە تفێکت هەڵدا، بەڵام کەوتەوە سەر دەموچاوی خۆت، تۆ وات ئەزانی هەموو ئەوانەی لێتەوە نزیکن ئەیانەوێ فریوت بەن.

پاش ئەوەی گەڕایتەوە بۆ زانکۆ لە بەشە ناوخۆییدا نەخۆش کەوتی، دایک و باوکت هەفتەی جارێک سەردانیان ئەکردی و دڵیان ئەدایتەوە، بەڵام تۆ هەستت ئەکرد شێتیەکەت ئاشکرا ئەبێ وتت: سەردانم مەکەن، سروود بۆ ئێمەی ئەگێڕایەوە واتە بۆ گرووپەکە گوایە گەدەت بە نانخواردن ژەهراوی بووە.. خونچە لە بەشە ناوخۆیی هەمیشە ئەڵێت ئەڕشێمەوە کاتێک ئەیبەمە حەمامەکە ناڕشێتەوە.. ماوەیەکی زۆری پێنەچوو سروود هۆی نەخۆشییەکەتی بۆ دەرکەوت چوار ڕۆژ لە نەخۆشخانە بەدیارتەوە بوو ویستی تەلیفۆن بۆ دایکت بکات، بەڵام تۆ دەستتکرد بە گریان کە ئیشی وانەکات، گرووپەکە و ئەوەی تۆی ئەناسی، هاتنە خەستەخانە تۆ زیاتر پەست بووی لە پاشەملە زەمی سروودت کردبوو کە بۆچی خەڵکی تێگەیاندووە، نەخۆشیەکە تەواو بێ هێزی کردی، بەڵام درۆکردنت لەگەڵ جەستەو ڕوخسارتدا هەر بەردەوام بوو ئەگەرچی مۆدێلەکان کەمتر ببوونەوە بەدوو ڕۆژ جارێک شێوەی خۆت پیشانی خەڵک ئەدا، تواناکەی جارانت نەمابوو، بەڵام ئەبوایە بەردەوام بوویتایە، چونکە ئەوە خوویەکەو گیرۆدەی بووی هەمیشە بەرامبەر ئاوێنەکە شێوەی خۆت ئەگۆڕی تۆ خەڵک ئەبینی، بەڵام ئەوان تۆیان لەبیرچۆتەوە، تۆ جگە لەخەیاڵ هیچی تر نی، ئیتر بەهۆی خۆگۆڕینە خەیاڵییەکانتەوە لەبەرچاوی خەڵک ون بووی، لە دنیای ئاوێنەدای ئەو دنیایەش تەنها جیهانی یەک ئینسانە. کاتێک لە زانکۆ ئەمبینی، هەمیشە ئەخوێنیتەوە زۆر بلیمەت لێت تێگەیشتبووم، بەڵام ئێستا پاش چەندین ساڵ خوێندنەوە نووسەرێکی زۆر دەست و پێ سپی (تۆ کەسێکی نەخۆشی) بەڵێ ئەگەر کەسێک مێژووی ئاڕاستەکراوی ژیان ڕەت کاتەوەو یاخی بێ لە پێناو خەیاڵەکانیا ئێوە بە نەخۆشی دائەنێن یا پیاوکوژ (ئەبینم قسەکانی منی چیرۆکنووس ئەکەونە ناو کەوانەوە چ جادووگەرێکی بەتوانای، بەڵام بەداخەوە من چیرۆکەکەم تەواوکرد لە کۆتاییدا دەفتەرەکە ئەخەمە سەر ڕەفەی کتێبخانەکە) نا ئەوە لە لایەن ئەفسوونی چیرۆکەکەو کەوانەکان دائەخرێنەوە بەسەرتا، ئەبێ ڕێز لە خوێنەر بگری ئیشەکە بە نیوەچڵی جێ مەهێڵە هەردووکمان تا کۆتایی ئەڕۆین. ئیشی دکتۆری دەروونی نهێنییەکەی ئەوەیە کە گێڕانەوەی نەخۆشەکان نەدرکێنێ، چونکە بە درکاندنی، نهێنی ئیشەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە (ببڕەوە واز لەو یارییە خەیاڵییە بهێنە، من هیچ کات ڕازی نابم پاڵەوانێکی بێ گیان فکرەی خۆی بەسەر قەڵەمەکەمدا بسەپێنێ ئەم کەوانانە هەڵگرە) هەموو ئەو نێهێنیانەت باس کرد کە ڕۆژانێک خەیاڵێک بوون و من هۆگریان بووم. تۆ هەمیشە پاڵەوانەکەی خۆت لەناو کەوانەدا بچووک ئەکردەوە، بەڵام ئێستا ئەوە من نیم تۆ بچووک ئەکەمەوە بۆ ناو کەوانە، بەڵکو ڕێڕەوی خەیاڵێکی بێ تەمومژە، چارەنووسی چیرۆکەکەیە (بەڕاستی پاڵەوانێکی سرک و پیسی دەستەمۆ نابی) کاتی ئەوە هاتووە من بگێڕمەوە (وام لێ مەکە پەشیمان بم لە نووسینی چیرۆکەکە ئەگینا ڕەشی ئەکەمەوە تەواو وەڕس بووم، بۆ ئەوەندە پاڵەوانێکی بێ مێشکی ئێستاش دەسەڵات بە منە) هەموو کەسێک هەر لە ئەزەلەوە خەونێکی سەرکێشانە لە ناخیایە، لەبەرئەوە نووسەرە ناشیرینەکان کاتێک خەوەکانیان لەژیاندا بەدی نەهاتووە ناچار لەسەر پەڕەی کاغەز خۆیان کردووە بەخوڵقێنەری دنیایەک، بە ئارەزووی ویستی خۆیان، ئەوکەسەی کە لەسەر پەڕەی کاغەز ئەیخوڵقێنن، لە دنیا خەیاڵییەکەیاندا زۆر کوێرانە بەلاڕێیا ئەبەن بێ ئەوەی پێویست بێ لە ناوی ئەبەن. ئێستا ئەگەڕێینەوە بۆ چەندین ساڵ لەمەوپێش بۆ زانکۆ بۆ باسکردنی خەیاڵەکانی خۆم نا، بەڵکو بۆ باسکردنی ئەم چیرۆکنووسەی ئەیویست بوختان بۆ من هەڵ ئەبەستێ، ئەو چیرۆکنووسەی زۆر بێ بەزییانە پاڵەوانەکەی خۆی لاواز و ڕیسوا کرد. لە کاتێکدا کە ئەوەی ئەیگێڕایەوە یەکەمین چیرۆکی بوو پاش بیست و پێنج ساڵ خوێندنەوە، لە زانکۆ هەمیشە سەرقاڵی خوێندنەوە بوو، ئەو کاتەی کتێبی دەست نەکەوتایە بۆ خوێندنەوە ئەهات بۆ لای ئێمە، لاواز، ڕیش هاتوو هەموو کاتی خۆی تەنها لە کتێب خوێندنەوەدا بەسەر ئەبرد، ڕەنگی زەرد وەک لاپەڕەی کتێبە کۆنەکان،

بەشێوەیەک ئەچووە زەمەنی کتێبەکانەوە ڕوخساری بەپێی ئاوو هەواو بەرزونزمی هەرێم و جوگرافیای جیهانی کتێبەکە چڕ و لۆچی تێئەکەوت. لە قۆناغی سێیەمی زانکۆدا ماوەیەک دیارنەما، واتە نەهاتەوە بۆ زانکۆ دوای ئەو چوار ڕۆژە کە هاتەوە بەشێوەیەکی سەیر پیر ببوو، بەڵام خۆی هەستی بەو گۆڕانە نەکردبوو کە لە جەستەیدا ڕوویدابوو، مووی سپی ڕوخساری داپۆشیبوو، تەنها بە جوولەی خۆین دەموچاوی ئەناسرایەوە، خۆێنێک کە زۆر بەخێرایی سووڕی خۆی تەواو ئەکرد، چووبووە ناو زەمەنی کتێبەکەوە، ئەیوت: لەماوەی چوار ڕۆژی ڕابردوودا ڕۆمانێکم خوێندۆتەوە، باسی ژیانی سی ساڵی کەسێکی کردووە کە چۆن بە ئازارەوە ژیانی تێپەڕئەبێت و پیر ئەبێ، لە کاتی خوێندنەوەدا هەستم ئەکرد ڕۆحی من دۆناودۆنی جەستەی ئەو پاڵەوانە ماندوو شەکەتە بووە. هەروەک چۆن سەردەمی کشتوکاڵی ئینسان بە کێڵگەکەیەوە بەسترابۆوە لە توانایدا نەبوو کۆچ بکا، ئەویش گیرۆدەی کتێب ببوو چووبووە دنیایەکەوە لە تێپەڕ بوونی زەمەن بێئاگابوو یاخود لای ئەو زەمەن بوونی نەبوو زەوی سڕابۆوە، مەبەستمە بڵێم ئەوەندەی ژیانی چەواشەی منی ئەگێڕایەوە ڕابردووی خۆی بگێڕایەتەوە نووسینێکی زۆر جوانی ئەخوڵقاند، چونکە ژیانێکی سەرسوڕهێنەری هەبوو خوێنەرێک بوو چاوی بەهەموو کتێبی دنیا پڕ نەئەبۆوە کاتێک پێمان ئەوت بۆ نووسین بڵاوناکەیتەوە ئەیوت:ئێشتا زووە ئەمەوێ شتێکی جوان بنووسم جیاوازبم لە نووسەرانی تر، لە کاتێکا هەرکەسێک دوو سێ کتێب بخوێنێتەوە دەس ئەکا بە نووسین، بەڵام ئەو هەر نەینووسی دوای زانکۆش تا ئەو کاتەی من ئاگام لێی بوو هەر نەینووسی. من هیچ کاتێ ئارەزووی خوێندنەوەم نەبووە واتە شارەزاییم لە ئەدەبدا نییە، بە منالی باوکم شەوانە پێش خەوتن چەندین جار کتێبی هەزارو یەک شەوەی بۆ ئەخوێندینەوە ئێستاش زۆربەی چیرۆکەکانیم لەبیر ماوە، بەڵام شەوێک باوکم چیرۆکێکی جیاوازی بۆ خوێندینەوە، هی بەلزاک بوو کە هەرگیز لەخەیاڵما کاڵ نابێتەوە، پاڵەوانی چیرۆکەکەی بەلزاک ناوی (لوئی لامبر) بوو پیاوێکی زۆر عاقڵ و تێگەیشتوو بوو لە ناو خەڵکیشدا خۆشەویست بوو، ئەو پیاوە بە هۆشترین ئینسان بووە لە جیهاندا، ئەو پاڵەوانە تا ئەو کاتەی پیر بووەو مەرگ لە کتێبی جیاکردۆتەوە، سەرقاڵی خوێندنەوە بووە لە تەنها ژوورێکدا، بەڵام ئەوەی لە مێشکیدا بووە نەی توانیوە دەربپڕێ واتە لە گفتوگۆکردندا قسەی بیر ئەچۆوە، چونکە نەیتوانی پێوەندی زمانی لەگەڵ خەڵک دروست بکا، ئەو لە زمانی کتێبدا لە زمانی دنیایەکی تەنهادا ون ببوو. ئەو خوێنەرەی کە لەموپێش ئەیوست بوختانم بۆ هەڵبەستێ لەچاوەڕوانی دەقێکی ناوازەدا سەر ئەنێتەوە، کە تائێستا هیچ عارفێک ئەو شانسەی نەبووە بەخەیاڵیدا تێپەڕێ، دۆزینەوەی خەیاڵ و چرکەساتێکی مێژوویی کە تائێستا نە دۆزراوەتەوە، واتە لەودیو سنووری عەقڵەوە لە ئینسان شاراوەیە، وەک ئەو کیمیاگەرە خۆش خەیاڵانەی هەموو تەمەنی ناسکی خۆیان لە ئەشکەوت و ژوورە لاتەریک و شێدارەکانا بەهەدەر ئەدەن. تاوەکو ئۆکسیدێک بدۆزنەوە قورقوشم بکات بە ئاڵتوون، ئەو نهێنییەیان نەئەزانی کە ژیان هەرچەندێک درێژبێ بارتەقای بچووکترین خەون نییە، کاتێ بە ئاگا ئەهاتن خۆرەی تێپەڕبوونی زەمەن جەستەی ڕزاندبوون. ئەو خوێنەرەی ئەیویست ژیانی من چەواشە بکا بە نیازی نووسینێکە کە ئەوانەی پێش خۆی ڕەت کاتەوە، ئەیەوێ کتێبێک بێ کە ئینسان توانای کردنەوەی کۆدەکانی نەبێ، دەقێک بێ دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا بشکێ، وەلامی پرسیاری هەموو نەوەکانی هەڵگرتبێ، کتێبێ کە تەورات و ئینجیل و قورئان بسڕێتەوە. هەرچەند ئەکات دەستی گۆ ناکات بە عەقڵی خۆی دێڕێک بنووسێت، چونکە ئەوەی ئەینووسێت لە خەونەکەی ناچێ، لە چاوەڕوانی ئەوەدایە دەنگێک لە ئاسمانەوە ئەمری پێبکات، هەر بۆیە هەمیشە تەنها و دوورەپەرێز سەری بەسەر کتێبدا شۆڕکردۆتەوە و خەیاڵی لە ئاسمانە.

مۆتەکە

هۆشەنگ گوڵشیری (*)
لە فارسییەوە: سەلاح نیساری
(بۆکان)

گوتم بەڕێز سەداقەت، من دەڵێم وەرە شتێک بڵێین، با، هەر چییەک بێ، باشە زۆر باشە، تەنیا قسە بکەین. دەکرێ هەر هەموومان بەیەکەوە، قسە بکەین، سەبارەت بە چی؟ نازانم. بەڵام نابێ کەس دەنگ بەرز بکاتەوە، یانی دەبێ بە جۆرێک بدوێین، وەک ئەوە وابێ قسە بۆ یەکدی دەکەین، هەروەکو ئەوەی کەسێک لە پەستا خەریکی قسەکردن بێت. کەسەکانی دیکە گوێ هەڵ دەخەن. دەسەڵاتیش هەیە هاوار بکەین، یانی ئەگەر کەسێک حەزی لێ بوو دەتوانێ بگوڕێنێ، بەڵام نە ئەوەندە بە تۆندی ئەو ژنەی وا لە خوارەوەیە گوێی تێوە بێت.

ڕەنگبێ بکرێ چاومان بگرین و زارمان بکەینەوە، وەک ئەوەی کەس دیار نەبێ، وەک ئەوەی کەس گوێ نەگرێ، با، نەی گرێ، ئێمە با قسە بکەین، من حەزم لە قسە کردنە، قسەکردنێک هەست بە خەم و خەفەت نەکەم وابێ بیر نەکەمەوە ئێستا دەست بەگریان دەکەم، خۆ ئەگەر هاتوو ملم لە گریان نا، یان ئێوە، یان یەکێک لە ئێوە، گریا، دەتوانێ سەر بکاتە سەر شانی من. هەر وەک گوتم سەر شانی من. ناچاریش نیت. تەنیا وێستم بڵێم دەبێ ڕاست هەروەکو ئەو کاتەی لەبەر خۆتەوە وێرەوێر دەکەی، مل بنێ لە گریان یان وەکو ئەو وەختەی سەرتان دەکردە سەر ڕانی دایکتان، بەبێ ئەوەی شەرم بتان گرێ، یان بیر لەوە بکەنەوە، کەسێک دەتان بینێ... من کە ئاوام.

گوتم، فەرخوندە خانم، بڕواتان هەبێت ئەمن ترسێکم نییە، خۆ ئەوە شتێک نییە بکرێ بە دەرزی و دەرمان، یان پیاسە کردن لە کەناری شەقامەکان، یان بە داگیرساندنی سیگارێک و دوان چارەسەر بکرێ. لێرەدا بڕوات هەبێ من جاری وایە هەر دەڵێی ناتوانم هەناسە بکێشم. نەک لە داخ و قیندا، تەنیا ناتوانم، بە شێوەی

ئێستا... سەیر بکەن. دەستم درێژ دەکەم ئاوا، قامکەکانم خەریکی لەرزینن، بۆچی؟ نازانم، لە تووڕەییمە؟ لە بێ خەوێم؟ نا، خەتای ئەو شتانە نییە. هەر بۆ نموونە ئەو کەیکە گەورەی بەڕێز سەداقەت، یان ئەو چەپکە گوڵەی ئێوە جارزم دەکات. بۆچی؟ تێناگەم. لەگەڵ داوای لێخۆشبوون، هەڵبەت. یان وەکو ئەو بۆینباخە ڕەشەی خاڵۆ گیان کە پازدە ساڵە لە ملی دایە هەر دەڵێی تەنیا ئەو تاقە دەنکەی هەیە، سەیریش نییە تەواوی بۆینباخەکانی هەر ئەو ڕەنگە بن، یان هەر ئەو تەنیا ڕەنگە لەسەر جلوبەرگەکەی دەکاڵێتەوە، دەڵێ مەی بخۆوە، ڕوو بکە مەیخانەیەکی بێ هەرا و هۆریا، بەسەر پێوە، بە دڵی خۆت بخۆوە. دوایە چی؟ بۆ ئەوەی مەستی بکەم؟ شتی وا نابی، تازە، مەستیش نابم، بەم زووانە نامگرێ، تەنیا گیژبیە و هیچی دیکە. خۆ ئەگەر زۆریش بخۆمەوە، خراپتر دەبێ، تازە بێ فایدەیە! ئەدی بەیانی؟ بەیانیش سەر هێشە و مەزەی گەس و تامی دەم و .. مرۆ تێ دەگات تەنیا خەون بووە، خەوێکی ئەوەندە قورس وەک بڵێی هەشت نۆ کاتژمێر زیندوو نەبووە، قورس و ڕووت بەبێ هیچ خەونێک، زیندە خەوێک، شتێک.

گوتم، خاڵۆ گیان، خۆ جیرانەکانی منت لەبیرە؟ نازانم. دوور نییە ئەوتان نەدیبێ، زۆرباشە، گرنگ نییە. کەڵەگەتە. بەڵام لەوێوە، لەبەرتیشکی مانگە شەوەکەوە بەرز دیاری نەدەدا، ئێواران دەهاتە نزیک باغچەکە، سەری خونچەی گوڵی نیلوفەڕەکانی بەسەر پەنجەی دەستی ڕاست دەگرت و بە قامکی دەستی چەپی هەڵی دەپساندن. ئەوە کارەکانی بوو، دوو سێ ڕۆژێک هەر بەم چەشنە دەمبینی، مەگەر لەنێو باغچەیەکی چووکەدا، ئەویش تەنیا ئەو کاتەی چەند باداکێک هەبووبێ، چەند دانە نیلوفەڕ وەدەست بکەوێ. هەر ئەو گوڵانەی کە هێشتا پێنەکەنیون؟ ئێوارەی ڕۆژی چوارەم و پێنجەمیش دۆزییەوە.

دەگەڕا و پەیدای دەکردن. زۆرباشە، دواتر ئێوارەی شەشەم ڕۆژ بوو. وەک بزانم نەدیبیەوە. دەبوو نووکی نیلوفەڕەکەی گرتبا، ئەو خونچەیەی وا هێشتا نەکرابۆوە، هەر دەبوو بە دوو سەری قامکی ئاماژە و قامکە گەورەی دەستی چەپ قەوەی لێدابا. چەند جارێک ئەو کارەی کردبوو. بەڵام دەنگێک نەبوو. وای بۆ چووم لەوانەیە من نەتوانم، یان لەبەر ئەوەی ناتوانێ باش نووکی گوڵەکە بگرێ، نایگرێ. بە دڵ پێی خۆش بوو بیدۆزێتەوە. دەمزانی ئەگەر هاتوو یەکێک پەیدا نەکات، دەست پێدەکاتەوە. هەوڵیشی دا، وا دیار بوو زیاد لە ڕۆژان. چووە نێو باخچەکەوە و ژێر گەڵاکانیشی پشکنی.

منیش تەنیا جوولانەوەی شانەکانیم، بینی، گوتم: «خاتوو (اشراف السادات)، شتێک ڕووی داوە؟» هەوڵم دا بڵێم: «(اشراف السادات، اشراف السادات)، مەگەر نەئەوجارە پەیدا بوو؟»

نەم گوت، تەنیا گوتم: «خانم گیان!»

نەی بیست. دەنگم هەڵبڕی «خاتوو (اشراف السادات)، داوای لێخۆشبوون دەکەم بوومەتە زەحمەت بۆتان.»

هەر لەوێ لە قەراخ باغچەکە دانیشتبوو. سەیری من، یان ئەو بەرزاییەی نەکرد. بەڵام من تێگەیشتم سەر و چاوی تەواو تەڕە. بەدەم بزەیەکەوە ددانەکانی دەرەوشانەوە، دوو ڕێز ددانی سپی، بیرم لێ دەکردەوە زەردەیەک لەسەر لێو، گوتی «ئێوەن؟»

گوتم: «بەڕێز نەبەوی لێرە نییە؟»

گوتی: «لە ژوورێن، کارتان پێیەتی؟ دەتەوێ بانگی بکەم؟»

گوتم: «ئێوە دەبێ...»

ویستم بڵێم: «دەبێ زیاتر بگەڕێن، لەوانەیە لەسەر دیوارەکە، یان لە نزیک تەنافی جلەکان بتوانن بیدۆزنەوە»

دەرفەتی نەدا گوتی: «ئەی من؟»

گوتم: «بەڵێ، یانی بیرم کردۆتەوە، نەکا دیسان منداڵەکانتان... پێم نالێی حاڵ و وەزعی نەسرین چۆنە»

گوتی: «هەر ئێستا شیرەکەی خوارد هەتاکو دوو کاتژمێری دیکە لەخەو هەڵناستێ»

(*) هوشنگ گلشیری: ۱۳۱۶- ۱۳۷۹ هەتاوی (۱۹۳۷-۲۰۰۰ ز) ڕۆمانnووس و چیرۆکنووسی بە توانای ئێرانی خاوەنی کورتە ڕۆمانی «شازدە احتجاب» کۆمەڵە چیرۆکی «جبەخانە» و ... ئەم چیرۆکەی بەناوی مۆتەکە لە جبەخانە وەرگیراوە. سالی چاپ (۱۳۷۹) هەتاوی (۲۰۰۰ ز) انتشارات نیلوفر.

سەلام ناوخۆش:

لەبەر ئەوەی گەلێکی چەوساوەین، زمانی خۆمان خۆش دەوێ..

مێژووش وامان لێ دەکات پرسیار بە زیندوویی بهێڵینەوە

هەڤپەیڤینی: ڕامان

سەلام ناوخۆش ساڵی (١٩٦٦) لە گوندی زێبارۆکی سەر بە شارۆچکەی شەقڵاوە لە دایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە. ئێستا لە زمانی ئینگلیزی پرۆفیسۆری یاریدەدەرە. لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە نووسینی هەمەجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوەکاتەوە و بیست و پێنج کتێبی چاپکراوی لە ناو کتێبخانەی کوردیدا هەیە.

کتێبەکانی بەسەر پێنج تەوەر دابەش دەبن (زمانەوانی، فەرهەنگ، وەرگێڕان، مێژوو، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە).

سەرەڕای ئەوەی وەک وانەبێژ لە زانکۆدا دەرس دەڵێتەوە، لە ناو ئەو بوارانەی کاری نووسینی تێدا بەجێ دەهێنێت نووسەرێکی کارا و چالاک و هاوسەنگە. دەربارەی پێشهاتە چارەنووسسازەکانیش بە بێ سڵکردنەوە بیروڕای خۆی دەنووسێت. بەرهەمەکانیشی جێگای بڕوای خوێنەرانن و بە بیر و زمانێکی پاک و ڕەوانی کوردی دەیانگەیەنێت. دەربڕینەکانی پاراوە و بەردەوام لە گەشە پێدانی دایە.

میژوو زانستە و هەموو بنەماکانی زانستی تێدایە، پێوەندیشی بە هەموو دیاردەکانی ژیانەوە هەیە

ڕامان: مێژوو چییە. هربارت دەڵێت: مێژوو بریتییە لە ڕووناککردنەوەی ئێستا بە ڕووناکی ڕابردوو. لەلایەکی تر لە ڕوانگەی مۆسۆلینی مێژوو چەمکی هەموو شوێنەکانی ژیانە و شیانی ئەوەی هەیە داهاتووش دیار بکات، ئەمانە چۆن دەبینیت؟

سەلام ناوخۆش: پێش هەموو شتێ میژوو زانستە و هەموو بنەماکانی زانستی تێدایە، ئەم زانستە هەر تەنیا لەڕووداوەکان و تۆمارکردنیان ناکۆڵێتەوە، بەڵکو زانستێکی فرە ڕەهەندە و پێوەندی بە مرۆڤناسی و سۆسیۆلۆژی و فەلسەفە و ئایینەوەش هەیە. ئ. ئییج. کار دەنووسێ «یەکەم وەڵامم بۆ پرسیاری میژوو چییە، ئەوەیە کە مێژوو پرۆسێسێکی بەردەوامی نێوان میژوونووس و ڕاستییەکان و دایەلۆگێکی بێ کۆتایی نێوان ئێستا و ڕابردووە».

لایەکی تری پرسیارەکە بەرەو ئەوەمان دەبات لە ڕاڤە و هزری میژوو بکۆڵینەوە. میژوو وامان لێدەکات پرسیار هەر بە زیندوویی بهێڵینەوە نەک بیکوژین. پرسیارکردن لە نەگۆڕەکان وەک خودا، سروشت، مرۆڤ بە ئاقاری هزرماندا دەبات و ناچار دەبین باوەڕ بەوە بکەین کە ڕاڤەی میژوو کۆمەڵە هزرێکە میژوو دەجوولێنێ. لەمەدا بواری ئەوە دەڕەخسێ کە (کۆتایی مێژوو)ییەکەی فۆکۆیاماش لە ئاست هزر، پێکۆڵ و جووڵانی هزری مرۆڤ و دروستکردنی ڕووداودا هەروەک سۆشیالیزمەکەی شیوعیەت هەرەس بێنێت.

ئەم بەردەوامییەی مێژوو، خۆی هەر لە چەمکی مێژوودا دەبینێ، چونکە خۆی بریتییە لە گەڕان و توێژینەوە لە ڕاستییەکان و ڕووداوەکان و تۆمارکردنیان، هەروەها ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردنی ڕووداوەکان. لە تەفسیرکردنی میژوودا، ئاراستەی توێژینەوەکەمان بەرەو فەلسەفەی میژوو دەچێت. لەو نێوەندەشدا چەندان ڕێباز و قوتابخانە دروست بوونە. هەریەکەی بە جۆرێ لێکدانەوەی مێژوو دەکات. مێژوونووس هەیە لێکدانەوەیەکی دینی بۆ مێژوو دەکات. هەیە لێکدانەوەیەکی ڕەگەزپەرستی بۆ میژوو دەکات..تاد.

ڕامان: شاعیرێکی کورد دەڵێت: «میژوو پێخوستی درۆیانە»، ئایا بەڵای ئێوەوە مێژوو هەر مێژووی پادشاکان و بنەماڵەکانە، یان خەڵکی ڕەشۆکی و میللەتیش بەشێک لەو میژووەیان هەیە؟

سەلام ناوخۆش: جاران نەک هەر مێژوو، بەڵکو ئەدەبیش بریتی بوو لە پەسنی بتە خوداوەندەکان، پادشا و بنەماڵەکان. کارەکتەری سەرەکی ڕووداوەکان هەر کەسە خانەدانەکانی میللەت بوون. ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی و ئینگلیزی تژین لەم دیاردەیە ئەوەندەی لە مێژووی دروستکردنی ئەهرامەکان و شارستانیەتی میسری کۆندا باسی فیرعەونەکان دەکرێ، نیوە ئەوەندە باس لەو گەلانە ناکرێ کە ئەو ئەهرامانەیان دروست کردووە.

پادشا و خانەدانەکان میژوو بۆ خۆیان دروست دەکەن، ئەگەرنا میژوو هەر میژووی هەژارەکانە بەرلەوەی میژووی ئاغا و میر و پادشاکان بێت. لەنێو کوردانیش هەر لە کتێبی شەرەفخانەوە بگرە، میژوو هەر میژووی بنەماڵە و میرەکان بووە. لە هەموو میرنشینەکانی کورد، جگە لەڕۆلی بنەماڵەی بەدرخانییەکان، میری سۆران، میری بابان، میری بادینان، میری ئەردەلان. باسی شتێکی پەیوەست بەمیللەتەوە نەکراوە. ئەوانە خۆیان بزوێنەری میژوون، کەچی دروستکردنی میژووەکە هەر بۆ بنەماڵە و ماڵباتەکان دەگەڕێتەوە. کەچی لەمێژووی نوێدا، جەختەکە ئەوەندە لەسەر میرو پادشاکان نییە، بەڵکو کارەکتەرەکانی میژوو لێرە و لەوێ دەردەکەون. دیاردەی ئامادەیی پلورالیزمی سیاسی و هزری سیاسی و ژیانی دامەزراوەیی ڕۆلی گرنگیان لە دروست کردنی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو لایەنی میژوو بینیوە، میر و پادشا- میللەت، دەوڵەمەند و گەدا و هەژار.

ڕامان: کە پسپۆرییەکەت لە زمانە، چۆنە لە بواری میژوو دەنووسی. ئەمە دوورکەوتنەوە نییە لە پسپۆری خۆت؟

سەلام ناوخۆش: سەربوردەی پەیوەست بوونم بە میژووی کوردەوە زۆر پێش خەریک بوونم بەزمانەوە. هەر لە هەشتاکانەوە مژۆڵی خوێندنەوەی میژوو بووم. لە قۆناغی ئامادەیی بووم زۆربەی هەرە زۆری کتێبە میژووییەکانی کورد و کوردستانم خوێندبووەوە، بە ماوەیەکی زۆر کورت (شەرەفنامە) و (خولاسەیەکی کورد و کوردستان)م خوێندەوە. لە خوێندنەوەی کتێبەکەی

(عەبدولڕەحمان قاسملو) زۆر ماندوو بووم. هێندە خەریکی مێژووی کورد بووم، ناسیونالیستێکی عەیار (٢٤)م لێدەرچوو بوو. ئەوسا لاو و ڕۆشنبیرانی کورد مژۆلی مارکسیەت بوون.

هەرکە خۆم شارەزاییەکی باشم لەمێژووی کورد و کوردستان پەیداکرد، دەستم بە خوێندنەوەی مارکسییەت کرد. زۆربەی کتێبە گرنگەکانی مارکسییەتم خوێندەوە وەک «اصول الفلسفة المارکسیة، أسس الفلسفة المارکسیة، مەتریالیزمی دیالێکتیکی، المارکسیة و الفوضویة...تاد.

مامۆستایەکی بەڕێز کە وەرگێڕ و نووسەرێکی ناوداری کوردستان و شارەکەمانە، هەم هاوڕێ و هەم هاوسێمان بوو. ئەو ئامۆژگاری کردم بچمە بەشی ئینگلیزی، چوونم بۆ بەشی ئینگلیزی تەنیا بۆ سوود وەرگرتن بوو لەو سەرچاوە مێژووییانەی بە ئینگلیزی نووسراون. لەسەردەمی خوێندنی بەکالۆریوس (١٩٨٥-١٩٩٠) نەمتوانی نە هیچ کتێبێک لەسەر مێژوو بنووسم نە وەریشی بگێڕم، بۆیە بەناچاری ڕووم کردە وەرگێڕانی هەر نووسینێک دەربارەی ڕەخنە و ڕۆمان و شیعر بووبێ. خوێندنی زمانی ئینگلیزی نەک هەر ساردی نەکردمەوە لەمێژوو، بەڵکو بووە پاڵپشتم بۆ ئەوەی لە ئینگلیزییەوە هەندێ وتار و کتێب وەربگێڕم.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، من هەرگیز لە پسپۆری خۆم دوور نەکەوتوومەتەوە. لەلایەک زیاتر لە دە کتێبم لە سەر پسپۆری خۆم نووسیوە. لەلایەکی تریش توانیومە دە توێژینەوەی زانستی بەزمانی ئینگلیزی لەگۆڤارە زانکۆییەکانی زانکۆکانی بەغدا، هەولێر، دهۆک، سلێمانی بڵاوبکەمەوە و لەچوار کۆنفرانسی زانستی بەتوێژینەوەی ئەکادیمی بەشداربم. هەر بە ماستەرەکەم توانیم ببمە پرۆفیسێوری یاریدەدەر، کەچی هەیە دەیان سالّە ماستەری هەیە تەنیا مامۆستای یاریدەدەرە، یان دەیان سالّە دکتۆرای هەیە، هێشتا تەنیا «مامۆستا»یە.

ڕامان: چۆن مێژوونووس دروست دەبێت، ئایا هەر لە زانکۆ مێژوونووس دروست دەبێت، یان دەکرێ لە دەرەوەی زانکۆش لەڕێگای ئەزموونەوە بەبێ هەبوونی هیچ بڕوانامەیەکی زانکۆیی مێژوونووس دروست ببێت؟

سەلام ناوخۆش: زۆربەی مێژوونووسانی کورد کە کتێبەکانیان سەرچاوەی سەرەکین لە لێتوێژینەوەی نوێدا، مێژوویان لەزانکۆ نەخوێندووە: شەرەفخانی بەدلیسی، محەمەد ئەمین زەکی، ئەحمەد خواجە، ڕەفیق حیلمی، جەمال نەبەز، هەروەها زۆربەی ڕۆژهەلاتناس و کوردناسەکان دەرچووی بەشی مێژوو نین.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە بەشی مێژوو، مێژوونووس دروست نابێت، بەڵکو ئەوەی مەبەستمە، ئەوەی دەرچووی مێژوو بێت، یان ماستەر و دکتۆرای لە بەشی مێژوودا هەبێ مێژوونووس نییە. ئەوانە هەروەک ئەوەی لەبەشی کیمیا دەردەچێ، دەبێتە مامۆستای کیمیا. ئەوانیش زۆربەیان تەنیا مامۆستای وانەی مێژوون نەک مێژوونووس. ئەگەر وانەبێ لەناو کوردان چەند (د. کەمال مەزهەر) هەیە؟

ڕامان: یاداشت نووسین بووەتە دیاردەیەکی باو، زۆربەی ئەو یاداشتانەش هەر خۆیان، یان ئەوانەی دەوروبەریان ژێدەری زانیاریەکانن نەک سەرچاوەی مێژوویی، دەکرێ ئەوانە بە ژێدەرێک لە ژێدەرەکان دابنرێن؟

سەلام ناوخۆش: یاداشتەکەی (ڕەفیق حیلمی) و چیم دی (ئەحمەد خواجە) دوو سەرچاوەی مێژوویی باوەڕپێکراون. ئەو دوو کەسە زۆر لە دەسەلاتی (شێخ مەحموود) نزیک بوونە، هەروەها دوو کەسایەتی ڕۆشنبیری سەردەمی شێخ مەحموود بوونە، هەروەها لە نووسینەوەی مێژووی سەردەمی دەسەلاتی شێخ مەحموود بەوێژدان بوونە لەڕێگای یاداشتی کەسانی وانزیک لەدەسەلات، یان ئەوکەسانەی بەشێک بوونە لە دەسەلات زۆر نهێنی مێژوویی، پرسی سیاسی و کەسی ئاشکرا دەکرێن، بەڵام لێرەدا یەک شت زۆر گرنگە و کە لە فەرموودەناسی بە (علم الرجال) ناسراوە. خەسڵەت و ئەدگارەکانی ئەوکەسانە زۆر گرنگە بە ڕاستی کەسی ڕاستگۆ بوونە؟ ئەو زانیارییانەی لەیاداشتەکانیاندا بڵاودەکرێنەوە چەندی لە ڕاستییەوە نزیکن؟

جا هەر توێژەرێک کە بیەوێ لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموود بکۆڵێتەوە ناچارە هەردوو یاداشتەکەی (ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجە) بخوێنێتەوە، هەروەها بیرەوەرییەکانی مامۆستا (محەمەد ڕەسوڵ هاوار) و کتێبە گرنگەکەی بەناوی «شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروو کوردستان»، هەروەها ئەوەی بیەوێ لەشۆڕشەکانی بارزان بکۆڵێتەوە ناچارە کتێبە سێ بەرگییەکەی کاک (مەسعوود بارزانی) بخوێنێتەوە،

چونکه ئەو کتێبەش بەشێکی زۆری لەسەر یاداشت بیناکراوە.

بەکورتی کتێبی یاداشتئامێز سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ توێژینەوەی مێژوویی. بەمەرجێک ئەوەی یاداشتەکە دەنووسێ مەبەستی پاک بێت، نەک وەک لایەنگرێک لە کێشەکانی سەردەمەکەی مێژووەکە بنووسێتەوە. لەمەدا هەندێ جار شێواندن دروست دەبێ، ئەمەش زەرەرێکی مەعریفی لەتۆماری مێژوو تۆمار دەکات. ساغ کردنەوەی ئەمانە توێژینەوەی تری دەوێت تا لە ئاکامدا وای لێدێ خوێنەر هەر لەبازنەیەکی بۆشدا بسووڕێتەوە.

ڕامان: چۆن لەشێواندنی مێژوو تێدەگەی، ئایا ئەوەی لە ڕوانگەی یەکێکەوە «شێواندن» بێت لەڕوانگەی یەکێکی تر «ڕاستکردنەوەی مێژوو» نییە؟

سەلام ناوخۆش: لە مێژوودا شێواندنی مێژوو، شێواندنی ڕاستییەکان ئامادەیی هەیە. ئەمە هەر تەنیا پەیوەست نییە بە ڕای جیاوازی دوو توێژەرەوە. هەرسێ گەلی دەوروبەرمان بە حوکمی ئەوەی دەسەلاتدارن و دەتوانن شت بسەپێنن. چ بەسەر نەوەکانی ئێمە و چ بەسەر نەوەکانی خۆیانەوە، لەو ڕێگایەوە مێژوویەک تژی لەشێواندن دروست دەکەن. ئەگەر تەنیا باسی گەلانی کۆنی کوردستان بکەین ئینجا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو گەلانە لەدژی ئێمە خەریکی چین. ئەمانە زیاتر لەسەردەمی بەناسیۆنالیزم و (عوسمانی بوونی) دەسەلاتی ئەوگەلانەوە دەرکەوتووە. هەر لەسەردەمی عوسمانییەکاندا بە گوێرەی هەموو داموددەزگاکانی عوسمانییەوە کەرکووک شارێکی کورد بیە، کەچی هەر لەگەڵ سەرهەلدانی کەمالیەت، شەریف فراتی مێژوونووسی تورک بەقسەی (مستەفا کەمال) جارێکی تر مێژووی تورکی نووسییەوە و کوردی بە تورکی چیا دانا. هەر لەسەر ئەو بنەمایە جەمال گۆرسیل لەبەرانبەر کورد هاواری دەکرد لە تورکیا بێجگە لەتورک هیچ نەتەوەیەکی تر نییە.

قەومیە شۆڤینییەکانی عەرەبیش لەتەمەنی هەشتا ساڵەی دەوڵەتی عیراقدا، چەندان نەوەیان لەسەر بنەمای شێواندنی مێژوو تەلقین داوە. ئەوەتا لە ناو هەموو عەرەبی عیراقدا بە ئیسلامی و مارکسی و قەومییەوە دە کەس نادۆزینەوە باوەڕی بە کوردی بوونی کەرکووک هەبێ. خەڵکە ڕەشۆکییەکەی عەرەبیش هەروا گۆش کراون نەک کەرکووک، بەڵکو هەموو هەرێم تەنیا (شیمالی عیراقە).

لەسەر ئەم شەنگست و بنەمایانە توێژەر دەبێ هەردەم لە پێکۆڵی خۆی بەردەوام بێت بۆ ئەوەی بۆ خوێنەرانی ئاشکرا بکات کە چ شێواندنە. چ ڕاستکردنەوەیە. خۆم لەکتێبێکی چوار بەرگیدا بەناوی (بەرەو ڕاستکردنەوەی مێژووی سیاسیمان) هەوڵێکی تاکەکەسیم داوە نەک هەر وەڵامی داگیرکاران بدەمەوە، بەڵکو وەڵامی ئەو نووسەرانەش بدەمەوە (بە مەبەست) و (بێ مەبەست) بەشێک: لەمێژووی سیاسیمان دەشێوێنن. چ لە مەسەلەی بە (ئیسلام بوونی کورد) و چ لە مەسەلەی (جینۆسایدی ئەرمەن و دەوری کورد)، هەروەها لە بە «مارکسی کردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد) یشدا.

ڕامان: دەتەوێ بڵێی ئەرمەن دووچاری جینۆساید نەبووە، سواری حەمەیدیش بەشداری لەو کۆمەڵکوژییەدا نەکردووە؟

سەلام ناوخۆش: شەڕی ئەرمەنەکان کراوە. لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا گرووپی (ئیتحاد و تەرەقی) شەڕی هەموو ئەو نەتەوانەی کردووە کە تورک نەبوونە. ئەوەی جینۆسایدەکەی دەرهەق بە ئەرمەنەکان ئەنجام داوە، حکوومەتە ماسۆنییەکەی ئیتحاد و تەرەقی بوو، ئەو حکوومەتە ئەگەر وەک (د. کەمال مەزهەر) دەڵێ: جینۆسایدی ئەرمەنی کردووە، ئەوە جینۆسایدی کوردیشی کردووە. هەر چ نەبێ ئەرمەنەکان ڕووسیا داکۆکی لێدەکردن، بەڵام کەس داکۆکی لە کورد نەدەکرد. ئەرمەنەکانیش وەک ئیتحادییەکان کەوتوونەتە قڕانکردنی زۆر گوند و شارۆچکەی کوردی لەداگیرکردنی ڕەواندزدا، ئەرمەنەکان بەپاڵپشتی ڕووسەکان نزیکەی پێنج هەزار پیاو و ئافرەت و منداڵی کوردیان لەخەرەندی ڕەواندزدا بە زیندوویی فڕێداوەتە خوارەوە. لەلایەکی ترەوە ئەرمەنەکان هەروەک ئیتحادییەکان دەیانویست باکووری کوردستان بکەنە ئەرمەنستان (حاجی قادری کۆیی) هەرزوو هەستی بەو پیلانەی ئەرمەن و ڕووسیا کردووە، بۆیە لە شیعرێکدا دەڵێت:

لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا گرووپی (ئیتحاد و تەرەقی) نەک شەڕی ئەرمەنەکان، بگرە شەڕی هەموو ئەو نەتەوانەی کردووە کە تورک نەبوون

خاکی جزیرە و بۆتان یانی ولاّتی کوردان
سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان
هیچ غیرەت نەماوە، سەد جار قەسەم بەقورئان
پەیدا بێ ئەرمەنستان نامێنێ یەک لە کوردان

ئەمە لە بەندی شازدەی پەیمانی سان ستیڤانۆ و بەندی شەست و یەکی پەیمانی بەرلین و هەندێ بەندی پەیمانی سیڤەر مافی ئەرمەن لەسەر خاکی کوردستان ئاماژەی پێ کراوە، ئەرمەنەکان خۆشیان لەتۆماری خۆیاندا نووسیویانە کوردستان لەبنەڕەتدا ئەرمەنستانە.

سواری حەمیدیش هێزێکی میلیشیایی بووە، گوزارشتی لە دەسەلاّتی کوردی نەکردووە، بەلاّکو دەسەلاّتی کوردی لەباشوور هێزێکی ڕەوانەی باکوور کردووە بۆ پاراستنی گیانی ئەرمەنییەکان.

ڕامان: لەپرسی زماندا، پرسیارێک خۆی دەسەپێنێ: زمان چۆن پەیدا بووە، مرۆڤ خۆی فێری زمان بووە، یان خودا فێری زمانی کردووە؟

سەلام ناوخۆش: بەگوێرەی دەقی تەورات و قورئانی پیرۆز، خودا زمانی وەک دیاریەک بە مرۆڤ بەخشیوە. بە گوێرەی تیۆرەکانی چۆمسکیش بۆ زمان، مرۆڤ وا پڕۆگرام کراوە کە توانستێکی مەعریفی هەیە ئەو توانستە مەعریفییە لە هەر مرۆڤێکی ساغلەمدا هەیە دەربارەی زمانەکەی. ئەم توانستە مەعریفییە لەدیدی (دی سۆسێر) شتێکی ئەبستراکت بوو، تۆڕێکی دەبێت لەڕێگای گوتەوە Parole لێی بکۆلێتەوە. ئەم تێڕوانینە بۆ بنەچەی زمان پێی دەوترێ Divine sourle ژێدەری ئاسمانی.

لەدەرەوەی ئایینیش چەندان تیۆری تر هەن کە هەریەکەی بەجۆرێ لەپەیدابوونی زمان دەکۆلێتەوە. تیۆر و گریمانە هەرە بەناوبانگەکان ئەمانەن:

١- ژێدەری دەنگی سروشتی. Bow- Wow theory: بەگوێرەی ئەم تیۆرە وشە بەراییەکانی مرۆڤ لەئاکامی لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت On-omatopoeic پەیدابوون. زمان هەر خۆی بریتییە لەلاساییکردنەوەی سروشت.

٢- Pooh- Pooh theory: زمان لەلاساییکردنەوەی هاوار و و فیغان و خۆشی مرۆڤەوە دروست بووە. بەواتای هەرکە مرۆڤ هەستی بەتووڕەیی، ئازار، ئێش، یان خۆشی کردووە، ئەم حاڵەتانە ناچاری کردووە، ئەمانە بە زمان دەربېرێت.

٣- تیۆری یو هیڤ ڕهۆ. ئەم تیۆرە بنەچەی بەقسە هاتنی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ چوارچێوەی کۆمەلاّیەتی Social Context ئەو کارانەی مرۆڤی بەرایی لەگەلّ یەکتریان کردووە ڕەوشە کۆمەلاّیەتییەکە زۆری بۆ هێناون کە قسە بکەن.

٤- تیۆری دینگ- دۆنگ: مرۆڤ کە شتێکی لە سروشت، لە دەوربەری خۆی بینیوە دەنگێکی لە دەم دەرچووە بۆ ئاماژەکردن بەشتەکە، لەپاشان ئەم دەنگە گەشەی کردووە و بووەتە وشە. بەگوێرەی ئەم تیۆرە کە ئەفلاتوونیش باوەڕی پێ بووە، شتەکان لەسروشتدا بەرانبەر وشەکانن. وشە و شت لەپێوەندییەکی ڕاستەوخۆ دان.

٥- تیۆری ئاماژەی زارەکی: پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئاماژەی فیزیکی و دەنگەکانی مرۆڤ هەیە. دەوترێت کە ئەو ئاماژە فیزیکیانە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر گەشەیان کردووە تا بوونەتە کەنالّێک لەنێوان مرۆڤەکاندا. لەدوا قۆناغدا مرۆڤ ناچار بووە ئۆرگانەکانی ئاخاوتن وەک زمان، لێو، لووت... بەکاربێنێ بۆ ئەوەی لەجیاتی ئاماژە قسە بکات.

٦- تیۆری پەرەسەندن: ئەم تیۆرە جەخت لەسەر بنەما و شەنگستی بایۆلۆژی دەکات. باوەڕی وایە هەروەک چۆن خودی مرۆڤ بە چەند قۆناغێک تێپەڕیوە هەتا بووەتە ئەو مرۆڤەی ئەمڕۆ، زمانیش بەهەمان قۆناغ تێپەڕیوە.

ئەمانە هەموویان زیاتر تیۆر و گریمانەن، نەک مەسەلەیەکی زانستی. لەڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاّت لە ئاکامی ئەم توێژینەوانەدا چەندان تیۆری تر لەسەر بنەمای ڕەگەزپەسەندی پەیدابوون. پرسیارێکی زۆر ناماقوولّ و نازانستییان دەوروژاند ئەویش ئەوە بوو: یەکەم زمان چ زمانێکە. ئادەم بە چ زمانێک قسەی کردووە. خودا بە چ زمانێک قسەی لەگەلّ ئادەم کردووە. هیچ بەلّگەیەکی ئارکیۆلۆژی و فیزیکی لەبەردەستدانین ئەوەی هەیە تەنیا لێکدانەوە و تەئویلی توێژەرانە بۆ مەسەلەکە. جوولەکە دەلّێن: یەکەم زمان عیبری بووە. عەرەبەکان بەوەندە ناوەستن کە بلّێن زمانی ئادەم عەرەبی بووە، بەلّکو دەلّێن زمانی بەهەشتیش عەرەبییە. ئێزدیەکانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خودا بەکوردی قسەی لەگەلّ مەلیک تاووس کردووە. لە زوویەکەوە کۆڕی زانیاری فەرەنسی هەموو ئەو توێژینەوانەی ڕەت کردەوە کە

بانگەشەی پەیدابوونی زمان و زمانی یەکەم دەکەن.

ڕامان: زمانەوانی هەر لە زمان دەدوێ، یان زانستێکی فرە ڕەهەندە؟

سەلام ناوخۆش: زمان خۆی دیاردەیەکی مێنتالی - هۆشەکییە. چوارچێوەیەکە لە عەقڵی مرۆڤدا زانیاری لەبارەی فۆنۆلۆژی و سێنتاکس و واتاسازی لەخۆ دەگرێ. هەرچی ئاخاوتن و نووسینن، ئەوە تەنیا زمان دەنوێنن. ئەم تێڕوانینە بۆ زمان لە دی سۆسێرەوە سەری هەڵدا. دی سۆسێر بوو وتی: زمان خۆی سیستمە. ئەم سیستمەش ڕێک لەیاری شەترەنج دەچێت. گرنگ نییە تەختەکەی شەترەنج لە زێڕ، یان لە دار دروست کرابێت، گرنگەکە لە جوولّە و بزاوتنی ڕەگەزەکانی یاریەکەیە، هەموو ئەو ڕەگەزانەش شا، وەزیر، قەڵا، ئەسپ. هەموو بەیەکەوە پەیوەستن، ڕەگەزەکانی زمانیش هەروان.

لەم ڕوانگەیەوە، زمانەوانی وەک تۆێژینەوەیەکی زانستی لەچییەتی زمان دەکۆڵێتەوە، هەروەها شرۆڤەی ئەو زانیارییە نا- هۆشەکییە دەکات کە هەر ئاخێوەرێک لە بارەی زمانەکەیەوە هەیەتی.

لە پەنجاکانەوە، زمانەوانی شۆڕشێکی گەورەی تێدا بەرپاکرا، ئەم شۆڕشە هەر بەردەوامە. نۆوم چۆمسکی لە وەڵامی فۆرمالیست و ستروکچرالیستەکاندا تیۆری پێکهاتەی سێنتاکسی لەساڵی ١٩٥٧ بڵاوکردەوە. لە شەستەکانەوە هەر خۆی هەتا ساڵی ١٩٩٥ چەندان گۆڕانکاری لە تیۆرەکانی خۆی کردووە. ئێستا زمانەوانی هەر تەنیا لەخودی زمان ناکۆڵێتەوە. ئەوەی لەزمان دەکۆڵێتەوە هەر تەنیا توێژەرێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو فەیلەسووف و کۆمەڵناس و دەروونناس...تاد. لەزمان دەکۆڵنەوە. هەریەکە لەمانە بوونەتە زانستێکی سەربەخۆ. زۆرێک لە فەیلەسووفان مژوڵی ئەوەن پێوەندی لەنێوان هزر و زمان بدۆزنەوە. هەندێ باوەڕیان وایە پێوەندییەک لەنێوان هزر و زماندا هەیە، هەندێکی تر ئەو پێوەندییە نابینن، بە تایبەتی لەهەندێ حاڵەتدا نەبێت. دەروونناسەکان خەریکی زمانەوانی دەروونین -Psy cholinguistics. ئەمانە جەخت لەسەر پێوەندی نێوان زمان و عەقڵ دەکەنەوە، وێڕای ئەمانە لە گەشەی زمانی مندالّ دەکۆڵنەوە، هەروەها گرنگی بە ڕاڤە کردنی واتا لە ڕستەدا دەدەن. زمان و کۆمەڵ بووەتە بابەتێکی

هەر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە گوێرەی هەموو داموودەزگاکانی عوسمانییەوە کەرکووک شارێکی کوردییە

گرنگی زمانەوانی و کۆمەڵناسی. زمانی خەڵک، زاری، شێوەزاری چەندان حاڵەتی دی کۆمەڵایەتی لەزمانەوانی- کۆمەڵایەتی دیراسە دەکرێن، هەروەها لە زمانەوانی دەماریدا پێوەندی نێوان زمان و مێشک. لەم زانستەدا شوێنی زمان لەمێشک دیار دەکرێ. ئەگەر مێشک دووچاری هەر ترسێک ببێ چەند کاریگەری لەسەر زمان دەبێت؟ بێگومان دیارکردنی شوێنی زمان لەمێشکدا زۆر لەم سەردەمەی ئێستا کۆنترە، بەڵام تەنیا لەم سەردەمەدا بووەتە حەقیقەتێکی زانستی. لە چەندین ڕێگەی ترەوە لەزمان دەکۆڵدرێتەوە وەک پراگماتیکس و شرۆڤەکردنی ئاخاوتن، بۆیە دەکرێ بڵێین: هەرچەندە زمان کرۆکی سەرەکی زمانەوانییە، بەڵام چیەتی زمان و پێوەندییە فرە ڕەهەندییەکانی زمان بە زانستی ترەوە دیار دەکات.

ڕامان: لەڕەهەندی کۆمەڵایەتی زماندا، دیاردەی زمانی ستاندەر و ناستاندەر، زار و شێوەزار بەشێکی ئەم بوارە داگیر دەکات، بۆچی لەم ڕوانگەیەوە لەڕووی زانستییەوە مەسەلەی زمانی ستاندەر ناوروژێنرێت؟

سەلام ناوخۆش: لەنێو ئێمەدا تەنیا چەند تۆێژینەوەیەک لەم بوارە کراون. ئەگەرنا هەتا لە قۆناغی زانکۆشدا ئەوەندە گرنگی بەو ڕەهەندەی زمان نادرێت. مەسەلەی زمان و زارەکانیش جگە لە دووبارەکردنەوەی هەندێ بیروڕای حەفتاکان، هیچی تر نین. زمانی کوردی بەزارەکانییەوە یەکێ لە زمانە زیندووەکانی نەک هەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵکو دەکرێ لەگەڵ زۆر زمانی دی جیهانی وەک ئینگلیزی بەراورد بکرێ. ئەو بەراوردکردنانە ئێستا دەکرێ ڕۆژئاواییەکان لەسەدەی هەژدە و نۆزدە ئەنجامیان داون، ئەمەش زیاتر بریتییە لە فیلۆلۆژی بەراورد- Comparative Philology.

ئەگەر بە وردی لە زارەکانی کوردی بکۆڵدرێتەوە چەندان دیاردەی زمانەوانی هەن کە لە ئینگلیزیدا نییە. هەر بۆ نموونە، لە کرمانجی سەروودا، زاراوەکانی خزمایەتی Kinship Terms زۆر وردترن لە دیارکردنی پلەی خزمایەتی نەک لە ئینگلیزی، بەڵکو هەتا لە فەرەنسیشدا. لەم زارەدا بۆ هەر پلەیەکی خزمایەتی زاراوەیەک هەیە، کەچی لە ئینگلیزیدا ئاوا نییە:

- مەت: خوشکی باوک
- خالّەت: خوشکی دایک aunt

پسمام: کوڕی مام
دۆتام: کچی مام Cousin

مام: برای باوک
خالّ: برای دایک uncle

عەرەب لە ڕێگای قورئانەوە توانی زمانی ستاندەری خۆی بپارێزێ ئینگلیز لەڕێگای شارستانی و دەسەلاّتەوە، فارسەکانیش لەڕێگای مەزهەب و شارستانی جودا لە شارستانی «عەرەبی». ئێمە لەوانە هیچمان نییە و بە جددی ئیشیشی بۆ ناکەین.

ڕامان: دەکرێ دوو دایەلێکتی سەرەکی کرمانجی ناوەڕاست و سەروو بکەین بەیەک، زمانێکی ستاندەری لێ دروست بکەین؟

سەلام ناوخۆش: ساڵی ١٩٩٦ کە لە ئادابی زانکۆی دهۆک بوومە مامۆستا، سەیرم کرد زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایەکانی ئەم کۆلێژە «سۆرانی»ن. قوتابییەکانیش بادینی. ئەوسا لەڕۆژنامەی «پەیمان» وتارێکم لەسەر «سۆرمانجی» نووسی. وتم با بە سۆرمانجی بدوێین. ئەو شێوە قسەکردنە بەقازانجی ئێمە و قوتابییەکان بوو. ئێمە بەزۆری خۆمان دەبوارد لەمەسەلەی گێندەڕەوە- سێکس لەزماندا- لەمەدا برایانی بەڕێزم (د. فوئاد ڕەشید، د. ئازاد عەبدولواحید کەریم، د. عەبدوڵلاّ بابان) ڕۆڵێکی باشیان لە دروست کردنی ئەم کەناڵەدا هەبوو. ئەوان مامۆستای بەشی کوردی بوون، منیش کە وێڕای وانەی ڕۆمان و دراما و ڕێزمانی ئینگلیزی، وەرگێڕانیشم دەوتەوە، ناچار بووم لە وانەی وەرگێڕاندا بەکوردی قسە بکەم. سەیرم کرد ئەم سۆرمانجییەتە تەنیا لە قسەکردن و وشەسازی چارەسەری لەیەک گەیشتن دەکات لە ڕستەسازیدا سەرناگرێ، چونکە نەک هەر لە کرمانجی سەروودا گێندەر هەیە، بەڵکو شوێنی ڕاناوەکانیان لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاستدا جودان. ئەمڕۆ چەندان کێشەی تری ڕێزمانی هەن کە ناکرێ بە هەردووکیان زمانێکی ستاندەر دروست بکەن.

ڕامان: بەڕای ئێوە ناکرێ لە باشووری کوردستان، ئاریشەی زمانی ستاندەر چارەسەر بکەین؟

سەلام ناوخۆش: ئێمە لەبەر ئەوەی گەلێکی چەوساوە و ژێردەستەین و زمانی خۆمان زۆر خۆش دەوێ. زمان بە هۆکارێکی سەرەکی نەتەوە دادەنێین، ئەگەرنا مەرج نییە زمانی نەتەوەیی زمانی فەرمی و ستاندەری حکوومەت و پەرلەمان و دامودەزگاکان بێت. لە زۆر لە وڵاتانی دنیا زمانی ئینگلیزی، یان فەڕەنسی زمانی فەرمی دامودەزگاکانە. زەمەنێکی زۆریش زمانی ڕووسی لەیەکێتی سۆڤیەت زمانی فەرمی وڵاّت بوو.

لە باشووری کوردستاندا هەر لە سەردەمی بابانەکانەوە کرمانجی ناوەڕاست هەژموونی بەسەر زارەکەی تردا پەیدا کردووە و بەجۆرێ هەتا حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقیش هەر لەسەردەمی پاشایەتییەوە ئەو زارەی کوردی بەزمانی خوێندن و نووسین داناوە. لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا کرمانجی ناوەڕاستی زمانی فەرمی دامودەزگا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بووە. هەتا شێوە ئاخاوتنەکەی (مەلا مستەفای بارزانی)یش بە پەیڤ و دەستەواژەکانی کرمانجی ناوەڕاست بووە. هەرچی کرمانجی سەرووە، کە لە باشوور بە بادینی بەناوبانگە بە هیچ جۆرێ لەو بوارانەدا هاوشانی کرمانجی ناوەڕاست نەبووە.

لەلایەکی ترەوە هەتا ئەستەمبوڵ بنکەی چالاکی ڕۆشنبیری کوردی بووە، کرمانجی سەروو نەک هەر زمانی نووسین بووە، بەڵکو یەکەم ڕۆژنامەی کوردیش- کوردستان ١٨٩٨ زۆربەی بەو زارە نووسراوە. هەرچی یەکەم چیرۆکی کوردیشە چ مەم و زینەکەی (مەلا مەحمودی بایەزیدی) (١٧٩٩- ١٨٦٧) بێت، یان ئەوەی فوئادی تەمۆ- گۆڤاری کورد- ١٩١٣ بێت هەر بەو زارە بووە. وێڕای ئەمەش یەکەم تازە کەرەوەی شیعری کوردیش (عەبدولڕەحیمی ڕەحمی) هەکاری (١٨٩٠- ١٩٥٨) لەپێش (گۆران)ی شاعیر بەو زارە شیعری نوێی لە گۆڤاری (ژین) بلاّوکردووەتەوە، بەڵاّم هەرکە کەمالییەکان حکوومەتی ئەستەمبوڵیان ڕووخاند و پایتەختیان گواستەوە بۆ ئەنقەرە، هیچ بوار بۆ ڕۆشنبیرانی کورد نەمایەوە پەرە بەزمانەکەیان بدەن، بەڵکو لەمەشدا خراپتر لەژێر کاریگەری عەقڵی ڕۆژئاوایی کەمالییەکان وازیان لە ڕێنووسی عەرەبی- کوردی هێنا و ڕوویان کردە ڕێنووسی لاتینی بەمەش گورزێکی کوشندەیان لەو زارە و لە ئەدەب و کولتووری ئەو زارە دا.

ئەوەی ئێستا لە باشوور هەیە زیاتر لەسەر شێوەزاری سلێمانی داڕێژراوە و بەشێکی زۆری شێوەزاری هەولێر و

کەرکووک فەرامۆش کراوە، هەرچی زاری بادینییە هەر گرنگی پێنەدراوە، جا بۆ ئەوەی زمانێکی ستاندەرمان هەبێ دەبێ سوود لە هەموو زارەکان لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە ببینرێت بۆ ئەوەی هەر تاکێکی ئەو شارانە خۆی لە زمانەکەدا بدۆزێتەوە. مەسەلەی ئەو هەموو زار و شێوە زارەی باشوور حەساسیەت و مۆرکێکی ناوچەگەری وەرگرتووە. خودی مەسەلەکە دەکرێ بە خۆ هێشتی چارەسەر بکرێ. ئینتمای خەڵکیش بۆ زمانەکە هۆکارێکی هاریکار دەبێ بۆ خۆ سەپاندنی زمانەکە. ئەمە جارێ ناکرێ، چونکە ئێمە هێشتا هەر بە عەقڵی قۆناغی دەرەبەگی بیردەکەینەوە و جارێ هزرمان ڕزگاری نەبووە لە قەلەمڕەوی گوندەکە و شارەکەی خۆمان.

چارەسەری و سەپاندنی زمانی ستاندەرد بەسەر تاک و کۆمەڵدا، ئەمەش بە چەند ڕێگایەک دەبێ:

– دەسەلاتی سیاسی: پەرلەمان وحکوومەت بە بڕیارێکی سیاسی دەتوانێ زارێک لە زارەکان هەڵبژێرێ و بیکات بەزمانی فەرمی خوێندن و داموودەزگاکان.

– کۆڕی زانیاری.

– دەقێکی زیندوو، دەقێکی ئایینی، دەقێکی میژوویی.

– زمانی شاکاری نووسەرێک، زمانی سەرکردەیەک.

دروست بوونی زمانی ستاندەر واتای ڕەتکردنەوەی دایەلێکتەکان ناگەیەنێ، دەکرێ بە دایەلێکتەکان نەک هەر قەسەی ڕۆژانەیان پێ بکرێ، بەڵکو دەقی ئەدەبیشیان پێ بنووسرێ.

ڕامان: هەبوونی ئەم هەموو دایەلێکتە دیاردەیەکی ساغڵەم و تەندروستە، ئەو هۆکارانەی دایەلێکت دروست دەکەن چین، لە هەموو زمانێکدا وەک یەکن؟

سەلام ناوخۆش: زۆربەی هەرە زۆری زمانە جیهانییەکان وەک ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، عەرەبی، چەندان دایەلێکتیان هەیە و هەبووە، دایەلێکت نەبۆتە کێشە، چونکە ئەو زار و شێوەزارانە بە زۆری تەنیا لە ئاخاوتندا بەکاردێن. ئەمانە زیاتر لەبوار سۆسیۆلۆژی زمان، یان زمان و کۆمەڵگە بەکاردێن. لە زۆر شوێن قسە پێکەرانی دایەلێکتەکان لەیەک ناگەن، بەڵام لەنووسیندا، یان لەناو داموودەزگاکاندا بەهیچ جۆرێ ئەو کێشانەیان نییە. قسە پێکەرانی ئینگلیزی لە ئینگلستاندا، وێڵز و سکۆتلەندا و ئیرلەندا لەلایەک، ئەمریکا و ئوستراليا لەلایەکی تر لە قسەکردن دووچاری زۆر کێشە دەبن، بەڵام لە نووسیندا ئەو کێشەیەیان نییە. عەرەبەکانیش هەروا، بەڵام لەنووسیندا بێ کێشەن.

هۆکارەکانی دروست کردنی دایەلێکت لەزماندا زۆرن، بەڵام هۆکاری جوگرافی، سیاسی، ئابووری لەهۆکارە سەرەکییەکانن. ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی دروست بوونی دایەلێکت لەکوردی لەگەڵ عەرەب و ئینگلیز، بۆ نموونە، وەک یەک نین. لەلای ئێمە زۆربەی هۆکارەکان هێشتا ماون، بەڵام لە ئینگلیزیدا نەماوە، بەڵام ئەوان هەر قسە بە دایەلێکتی خۆیان دەکەن، هیچ کێشەشیان نییە.

ڕامان: لەناو کورددا فەرهەنگی عەرەبی– کوردی، فارسی–کوردی، کوردی– کوردی هەتا ڕووسی– کوردی لەمێژوویەکی کۆنی نییە. ئەمە بۆ چ هۆکارێک دەگەڕێنیتەوە؟

سەلام ناوخۆش: ئەوەی فەرهەنگ دەنووسێ دەبێ هەردوو زمانەکە چاک بزانێت، هەروەها باکگراوەندێکی باشیشی لەبارەی زمانی لادێی– گوندیاتی هەبێ، چونکە زمانی ڕەسەن، زمانی بێ خەوش و پیس نەبوو، زیاتر لە گوند هەیە. زمانێکی وەک ئینگلیزیش هەرچەندە لەعیراق و کوردستان هەر لە پێنجی سەرەتاییەوە لەقوتابخانە دەخوێنرێ، بەڵام نەبووەتە بەشێک لە ژیانی کولتووری تاک و کۆمەڵی کوردی. لەم ڕوانگەیەوە، فەرهەنگی ئینگلیزی– کوردی، کوردی–ئینگلیزی پێویستی بەوە هەیە فەرهەنگنووس، یان لەوڵاتێکی ئینگلیز زمان ژیابێ و خوێندبێ، یان ئەو زمانەی لە زانکۆی وڵاتەکەی خۆی خوێندبێ. لەزانکۆی سەڵاحەدین، ساڵی (۱۹۸۵) بەشی ئینگلیزی لە ئادابی هەولێر کرایەوە. ئەوسا هەر تەنیا (د. عەبدوڵڵا دەباغ) دکتۆرای لەزمانی ئینگلیزی هەبوو، ئەگەرنا دوو سێ مامۆستاکەی تر تەنیا ماستەریان هەبوو. ئەوانە شارەزاییەکی باشیان لەزمانی ئینگلیزیدا هەبوو، بەڵام کەسیان کاری وەرگێڕانیان نەدەکرد. ئەوسا ئەوەی نووسینێک، یان کتێبێکی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕابێ، تەنیا چەند کەسێک بوون وەک: (عەزیز گەردی، حاجی ئەحمەد، عەلی عوسمان یەعقووب، شێرزاد حەسەن) بوون. ئەوانە هەر تەنیا مامۆستا نەبوون، بەڵکو ئینگلیزیان و کوردیزانێکی باش بوون، بەڵام کەسیان خۆیان لەقەرەی فەرهەنگی ئینگلیزی– کوردی نەدا. نازانم بۆ؟ باوەڕم وایە (عەزیز گەردی) دەیتوانی فەرهەنگێکی ئینگلیزی–

کـــوردی باش دابنێ، بەڵام نەیکرد زیاتر خـــۆی بە وەرگێڕانەوە خەریک کرد.

خـۆم هەرکـە لە سـاڵی (١٩٨٥) لە بەشی ئینگلیـزی وەرگـیـرام، بیـرم لەوە کـردەوە، چونکە هەر دەقـێکم لە ئینگلیـــزی وەربگێـڕایە دەبوایە ســەیری فـەرهەنگی ئینگلیزی- ئینگلیزی، یان ئینگلیزی- عـەرەبی بکەم. ئەمـەش بەڕاستی کـارێکی گـران بوو، چونکە ئیـشـەکە دەبووە چەند سەرە. ڕەوشەکە هەروا مایەوە هەتا بەدەیان وتار و سێ کـتێبم لە ئینگلیـزییـەوە وەرگێڕا هەر هیچ فـەرهەنگێکی ئینگلیـزی- کوردی، کـوردی- ئینگلیـزی لەباشوور وەک کـتێب و بەشێـوەی کـرمانجی ناوەڕاست نەبوو. ســاڵی (٢٠٠١) یەکـەم فـەرهەنگی ئینگلیـزی- کـوردیم داناو ســاڵی (٢٠٠٢) بڵاوکـرایەوە. لەم پێنج ساڵەدا نزیکەی هەشـتـا هەزار دانە لەم فـەرهەنگەی من چاپ کراوە. لەدوای من چەندان فـەرهەنگی تر دەرچوون، وەک فـەرهەنگی گـیـــرفـانی جـاف، فـەرهەنگی یاد، فەرهەنگی ئازادی..تاد.

ڕامان: هەرکـەسـەی فـەرهەنگێک ئامـادە بکات، یان بنووسێ، دەکرێ پێی بگوترێ «فەرهەنگنووس» ؟

ســەلام ناوخـۆش: (هەژاری مـــوکـــریانی) هەمـــوو کوردسـتان گـەڕا، زۆربەی شێـوەزارەکان فـێربوو، ئەوجا توانی (هەنبانە بۆرینە) بنووسێ. (مام گیوی موکریانی) لەناو چاپ و ڕاگـەیاندن و نووسین و دەربەدەری هەمـوو ژیانی خـۆی بەســەر برد، ئەوجـا توانی (فـەرهەنگی مـهـاباد) و (نۆبەرە) و (کـوردسـتـان) بنووسێ. (شـێخ مـحـەمـەدی خاڵ)ی بەهەشـتی بەشێکی زۆری لە ژیانی خـــۆی تەرخـــان کـــرد، ئەوســـا توانی لە سێ بەرگـــدا (فـەرهەنگی خاڵ) بنووسێ. ئەوانە لە خـەڵکەوە فـێری زمـان بوون، نەک لە زانکۆوە. ژیان و ئەزمـوونی خـۆیان باشـتـرین زانکۆ بوو بۆیان، بۆیە توانیـان بەردی بناغـەی فـــەرهەنگ نووسین دابنێن. هەرچی فـــەرهەنگی دوو- زمـانـیـیـە Bilingual هەوڵدانی زیاتری دەوێ، وێڕای ئەمـەش ئەگـەر زمـانی دووەم- زمـانێکی ناو خـەڵک نەبوو، زمانی کتێب بوو، کارەکە قورستر دەبێ. بە واتای دانانی فـەرهەنگی عـەرەبی- کـوردی زۆر ئاسـانتـرە لە دانانی فـــەرهەنگی ئینگلیـــزی- کـــوردی، هەروەها فـــەرهەنگی ئینگلیـــزی-کـوردی ئاســانتـــرە لە دانانی فەرهەنگی فەڕەنسی- کوردی.

هەرچەندە خـۆم پاش زیاتر لە پـازدە ســاڵ لەنووسین و خوێندن بەزمانی ئینگلیزی و کوردی ئەوسا بوێری ئەوەم کـرد فـەرهەنگێکی ئینگلیـزی- کـوردی، یەکـێکی تر کـــوردی- کـــوردی- ئینگلیـــزی دابنێم، بەڵام خـــۆم بەقوتابییەکی بچووکی (هەژار موکریانی و گیو موکریانی و شێخ محەمەدی خاڵ) دادەنێم.

ڕامان: لەنووسینێکدا نووسیوتە ئەلف بای فەرهەنگ ئەلف بای زمان نییە، مەبەستت لەمە چییە ؟

ســەلام ناوخـۆش: ئەلف بای زمـان هەمـوو ئەو پیـتـانە دەگـرێتـەوە کـە لەزمـانەکـەدا هەن و بەو پیـتـانە وشـەی کـوردی پێ دروست دەکـرێن. هەر پیـتـەک لەو پیـتـانە بەشداڕە لە ڕۆنانی وشەی کوردیدا. جا لەوانەیە پیتەکە لەسـەرەتا، ناوەڕاست، یان کۆتایی وشەکە بێت، هەرچی ئەلف بای فـەرهەنگییـە تەنیا ئەو پیـتانە دەگرێتـەوە کە لەســـەرەتای وشـــە دێن، نەک ناوەڕاست و کـــۆتایی. فەرهەنگ خۆی لەسەر بنیـادی ئەبجەدی دادەڕێژرێت جا ئەو پیـتـانەی شیـانی ئەوەیان نییـە لەسـەرەتای وشـەی کـــوردی بێن، بە بەشـــێک لە ئەلف بای فـــەرهەنگی دانانرێن. لەم ڕووەوە لەڕووی ژمارەوە هەردەم پیـتەکـانی ئەلف بای زمـان لە پیـــتـــەکـــانی ئەلف بای فـــەرهەنگی زیاترن. هەر بۆ نموونە ئەم پیـتانەی خوارەوە بە بەشێک لە ئەلف بای فـــــەرهەنگ دانـانرێن، چونکە نـاتوانن لە سەرەتای وشەی کوردی بێن.

- (ر)ی لاواز
(ڵ)ی قەڵەو

ڕامان: چۆن لە چەمکی وەرگێڕان تێدەگەی؟

سەلام ناوخۆش: هەندێ توێژەر باوەڕیان وایە وەرگێڕان پرۆسەیەکە و بریتییە لە گواستنەوەی transference واتا لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. ئیتریش باوەڕیان وایە وەرگێڕان خۆی لەخۆیدا بەرانبەر هێنانە equivalence لەدەقێکەوە بۆ دەقێکی تر. ئەوەندەی لە چەمکەکە بگەم، دەقـەکە بڕیار دەدات وەرگێـڕان چییـە. زمـانی دەقـەکـە و بابەتی دەقەکە زۆر گرنگن. وەرگێڕ ئەو دەقەی لە زمانی لێـوەرگـێـڕدراو Source language بۆ زمـانی خـۆی target language وەردەگـــێـــڕێ هەر تەنیـــا واتای دەقـــەکـــە وەرناگـــێـــڕێ، بەڵکو هەرچی لە دەقـەکـەدایە وەردەگێڕێ. بە شێوازێکی تر، هەرچی پەیوەست بە دەقە لەڕووی فـۆرم و ناوەرۆکەوە وەریدەگرێ و بەزمـانی خـۆی دایدەڕێژێتەوە.

ڕامان: دەتەوێ بڵێی وەرگێڕ دەبێ نووسەریش بێت؟

ســەلام ناوخـۆش: باوەڕ ناکـەم ئەوەی نـووسـەر نەبێ، بتـوانێ هیـچ دەقـێک بە دروسـتی وەربگـێـڕێ. خـودی

پرۆسەی وەرگێڕان دووبارە نووسینەوە و داڕشتنەوەی دەقەکەیە، جا ئەگەر وەرگێڕ تەواو شارەزای نهێنییەکانی زمانەکەی خۆی نەبێت، شیانی ئەوەی نابێت ئەو دەقە بەخوێنەرانی زمانی خۆی بناسێنێ.

ڕامان: هەندێ وەرگێڕ دەستەواژەی «وەرگێڕان بەدەسکارییەوە» بەکاردێنن، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە وەرگێڕ لەڕووی زمان و ناوەرۆکەوە دەرەقەتی دەقەکە نایەت؟

سەلام ناوخۆش: ئەو وەرگێڕەی زمانێکی پاراو و باکگراوەندێکی هزری و ڕۆشنبیری هەبێت، دەقێک وەرناگێڕێ، کە دەرەقەتی نەیەت. ئەو وەرگێڕەی دەنووسێ بەدەسکارییەوە دەقەکە ناچاری دەکات. لەلایەکی تریش، دەقنووس ئەو مافە بە وەرگێڕ نادات دەقەکەی بشێوێنێ، ئەمە لەڕاستیدا، لە زۆر حاڵەتدا، دەق شێواندنە، چونکە وەرگێڕ دەبێ شێواز و ئیستێتیکای دەقەکە بپارێزێت. دەسکاری کردنی دەق خۆی لەخۆیدا دەبێتە جۆرێکیش لەدەق نووسین، ئەمەش پرۆسەکە لێڵ دەکات و دەقی نووسەر لەگەڵ «دەقی» وەرگێڕ تێکەڵ دەبێ.

ڕامان: باوەڕت بەوە هەیە کە وەرگێڕ دەبێت پسپۆڕ بێت، دەرچووی زانکۆ بێت، یان پرۆسەکە زیاتر بەهرەمەندی و ئەزموونییە؟

سەلام ناوخۆش: وەرگێڕی ئەکادیمی نەک وەرگێڕی وەزیفەکاری، پێویستییەکی ناچارییە، چونکە لەڕێگای کەسانی پسپۆڕەوە دەکرێ زیاتر بەشارستانی و کولتوور و دنیای دەرەوەی خۆمان شارەزا بین، بەڵام ئەم بزاڤە لە ناو ئێمەی کورد دا زۆر دەگمەنە و هەتاکو ئێستاش وەرگێڕێکی کارامە لەم بوارەدا نییە، ئەوەی هەشە تازە لەهەنگاوی بەرایین. ئەوەی لە زانکۆ دەردەچێ زیاتر دەبێتە وەرگێڕێکی وەزیفەکاری، بەواتای هەروەک چۆن دەرچووی ماتماتیک و فیزیک تەنیا دەبنە مامۆستا، هیچ داهێنانێک لەم دوو بوارەدا ناکەن. ئەوانیش هەروا. لەمەدا دەفامرێتەوە زانکۆ وەرگێڕی پێ دروست ناکرێ. ئەوانەی وەرگێڕی ناسراون لەناو بزاڤی وەرگێڕاندا هیچ کامێکیان دەرچووی بەشی وەرگێڕان نین هەتا هەندێکیان دەرچووی زانکۆش نین.

ئاوارەیی و دەربەدەری (هەژار موکریانی) کردە ئەو وەرگێڕەی شیانی ئەوەی هەبێ قورئانی پیرۆز وەریگێڕێ و شەڕەفنامە لەفارسییەوە وەریگێڕێ. (شوکر مستەفا و عەبدوڵڵا حەسەن زادە) لەزانکۆ فێری وەرگێڕان نەبوون، بەڵکو بەهرەمەندی و ئەزموونی ژیانی تایبەت فێری کردن.

ڕامان: ئایا شیعر وەردەگێڕدرێت، یان هەموو وەرگێڕێک شیانی ئەوەی هەیە شیعر وەریگێڕێ؟

سەلام ناوخۆش: زمانی شیعر، زمانێکی شیعرییە. لە شیعرێکدا وا ڕێک دەکەوێ شاعیر چەندان وێنەی شیعری لەپەیڤەکانیدا بخولقێنێ، پەیڤەکانی شیعر ئاسایی نین. ئیستێتیکای شیعرەکە لە زمانەکە، دەربڕینەکە خۆی دەنوێنێ. شاعیر وا هەست دەکات زمانەکەی ڕۆحی پەیڤەکانیەتی.

وێڕای ئەمەش، شیعر شێوازی خۆی هەیە. شێواز هەر ئەوە ناگەیەنێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کۆپلە شیعر دروست بکەی، چونکە خودی شیعر شوێنکاتی دیار نییە، بەڵکو خۆی ژانێکە هەرکە هات لەدایک دەبێت نەک بەکرداری قەیسەری دەربازی بکەی. جا ئەگەر ئەمە بەشێک بێ لە ڕامانی شیعر، وەرگێڕ ئەگەر خۆی شاعیر نەبێ چۆن دەتوانێ ئەو هەموو هەست و سۆز و وێنەیە جارێکی تر بەزمانی خۆی وێنا بکاتەوە. ستەم لە شیعر دەکرێ، ئەگەر هەرکەسێ دوو زمان بزانێ بەبێ ئەو باکگراوەندە شیعرییە، شیعر وەربگێڕدرێ. بێگومان هەر لە ڕێگای وەرگێڕانەوە ئێمە لە شیعری گەلانی دنیا دەگەین. بەواتای دەبێت شیعر وەربگێڕدرێ هەتا لە دەقی شیعری گەلانی دی بگەین، بەڵام بۆ ئەوەی شیعر، شیعرییەتی خۆی لەدەست نەدات، دەبێ شاعیرێکی وەرگێڕ شیعرەکە وەربگێڕێ.

ڕامان: خۆت هیچ شیعرێکت وەرگێڕاوە؟

سەلام ناوخۆش: سێ کتێبم بەناوی «قورئان و زانستی نوێ» و «کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی مووسڵ» و «کوردەکان و کوردستان» لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە. بەدەیان وتاریشم لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە، بەڵام تەنیا یەک شیعرم لەفەڕەنسی وەرگێڕاوە. لەدەسپێکدا، منیش شیعرم دەنووسی، هەندێ لەشیعرەکانیشم لەهەشتاکاندا بڵاوکردەوە، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە هیچ شیعرێکم بڵاونەکردووەتەوە. ئەو شیعرەشم کاتی خۆی هەر لەسەر ئەو بنەمایە وەرگێڕا کە شاعیرم، بەڵام ئێستا بەهیچ جۆرێ بەخۆم ناڵێم شاعیر، بۆیە بەهیچ جۆرێ ئامادەنیم هیچ دەقێکی شیعری وەربگێڕم، چونکە ئەوەی شاعیر نەبێ لە ڕۆحی شیعر و دنیای شیعر ناگات.

ڕامان: لەناو وەرگێڕە کوردەکان، وەرگێڕانی کام وەرگێڕت زیاتر لەلا پەسەندە؟

سەلام ناوخۆش: وەرگێڕانی «داغستانی من» بەجۆرێکە بەهیچ جۆرێ ئەو هەستەت لەلا دروست نابێت کە ئەمە وەرگێڕان بێ، بەڵکو (د. عەزیز گەردی) دەقەکەی وا داڕێژتووەتەوە کە تەواو لەدەقێکی کوردی بچێ. عەبدوڵڵا حەسەن زادە «گێڵە پیاو» و «حەمەدۆک»ی وا وەرگێڕاوە وەک بڵێی نەک هەر کوردییە، بەڵکو لەڕووی کولتوورەوەش کوردییە، وەرگێڕانەکانی هەژار موکریانی هەتا ڕاڤەکردنی دیوانی (مەلای جزیری)، ئەو ڕاستییە خۆیا دەکات کە بەڕاستی (مام هەژار موکریانی) کوردیزانێک و فارسیزانێک و عەرەبیزانێکی هەمە لایەنە بوو.

ڕامان: ڕەخنە و ڕۆمان لەناو ئێمەدا مێژوویەکی کۆنیان نییە، ئەوەی هەیە هەمان ئەدگار و خەسڵەتی ڕەخنە و ڕۆمانی ئینگلیزی هەیە؟

سەلام ناوخۆش: لە هەشتاکاندا کە دەستم بەوەرگێڕان کرد بە ڕەخنەی ئەدەبی دەستم پێکرد. لەناو هەر ئەدەبێکدا ڕەخنەی جددی، ڕەخنەی جۆێن ئامێز هەیە. زۆر لە ڕەخنەگرانی ئێمە ڕەخنە بەشکاندنی دەق تێگەیشتوون. وێڕای بێزەوەرکردنی دەق لەلای خوێنەرەوە زۆرجار پڕووشکی (ڕەخنە) کە کەسێتی دەقنووسیش دەگرێتەوە.

لەئەدەبی ئینگلیزیدا ڕەخنە وەک خوێندنەوەیەک بۆ دەق دروست بوو نەک شکاندنی دەق و هەڵوەشاندنەوەی بنیادەکەی. هەر لەسەدەی شازدەوە ڕەخنە لەدەقەوە سەری هەڵدا، دەق هەم دەق بوو هەم میتۆدێکی نوێتر بوو لە دەقی پێش خۆی. لەبواری شیعردا دەقی کلاسیکی و دەقی کلاسیکی نوێ و دەقی ڕۆمانسی لەبنەما و شەنگستەکان ڕەخنەیان لەیەک دەگرت. قۆناغی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی گرنگ بوو لە پووکانەوەی جۆرە دەقێک و گەشەسەندنی دەقێکی تر. سەردەمی ڕینیسانس سەردەمی کلاسیکی نوێ بوو، بەڵام لەسەدەی هەژدەیەمدا کۆڵۆپچ و وۆردس وۆرس بنەماکانی شیعری ڕۆمانسی ئینگلیزیان داڕشت. هەرچەندە ویلیەم بلەیەک بەدەقەکانی پێش کۆڵۆپچ و وۆردس وۆرس خۆی لەزمان و بنەماکانی شیعری کلاسیکی نوێ ڕزگار کرد. کێشە کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی دنیای پیشەسازی و شەڕی جیهانی شاعیرانی ناچارکرد پشت لەزاتی خۆیان بکەن و دروست بوونی داداییزم، بوونایەتی، بێهوودەیی، نەک هەر ڕەخنە بوو لەدەق، بەڵکو ڕەخنەش بوو لە ژیانی سیاسی وڵات و بزربوونی تاک لەکۆمەڵگەدا.

ڕۆمانی ئینگلیزیش، ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروستی کرد. یەکەم ڕۆمانی «ڕۆبنسن کرۆزۆ»ی دانیال دیفۆ زۆربەی ڕەگەزەکانی ڕۆمانی تێدایە. ئەو ڕۆمانە بووە سەرەتایەک بۆ ژانرێکی نوێی ئەدەبی.

لە ئەدەبی کوردی لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو ڕۆمانەش هێشتا هەندێ ڕەخنەگر گومان لە هەبوونی ڕۆمان دەکەن. بێگومان ڕۆمانی کوردی قۆناغی (مەسەلەی ویژدان) و (لە خەوما)ی بڕیوە. هەندێ لە ڕۆماننووسەکانمان لەڕێگای ئەزموونی گەلانەوە وەک: (شێرزاد حەسەن) و (عەبدوڵڵا سەڕاج) زۆر تەکنیکی نوێی ڕۆمان لەڕۆمانەکانیاندا بەکاردێنن.

گومانی تێدا نییە کە (ڕەخنە) و (ڕۆمان) وەک (میتۆد) و (ژانری ئەدەبی) ڕۆژئاوایین. کورد لە ڕێگای وەرگێڕانەوە پەی پێ بردوون.

ڕامان: بۆچی دەقی کوردی لە شیعر، ڕۆمان نەیتوانیوە سنووری کوردستان ببڕێ و بچێتە پێشبڕکێی دەقەکانی دی وڵاتان؟

سەلام ناوخۆش: ئەمە بۆ لاوازی دەقی کوردی ناگەڕێتەوە وەک هەندێ وا زەن دەبەن، مەسەلەکە لەلایەک پەیوەستە بەزمانی دەقەکانەوە. هەموو بەکوردی نووسراون. کوردیش زمانێکی ناوخۆی تەنیا هەرێمێکی دەوڵەتێکە، هەروەها وەرگێڕی بەتوانامان زۆرکەمن ئەو دەقە باشانەی کوردی بۆ ئینگلیزی، یان فەرەنسی وەربگێڕن، ئەگەرنا زۆر دەقی کوردی هەیە لەگەڵ دەقێکی ئینگلیزی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. ئەگەر ئەمەش هەبێ، هۆکاری سیاسیش ڕێگرێکی تڕە.

بیبلیۆگرافیا و ڕەخنە

گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا

مارف خەزنەدار

پێشەکی

مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار هەمە تۆفیق کتێبێکیان بەناوی «گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا» لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوکردووەتەوە. ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبە دەگمەنانەی بەهەناسەیەکی بۆچوونەکانی زانستی سیۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و ڕەخنەی ناوەوە و شێوازی نوێی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئەورووپاییەکان نووسراوەتەوە. ئەم ڕێبازە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەری لەناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنگی نەبووە. پەیدابوونی لەناو کۆمەڵی کوردەواری مژدەی هوشیاری و وردبینێ و قووڵ بیرکردنەوە دێنێتە ناو مێشکی خوێندەواری کورد کە بەڕاستی لەسامانی نەتەوەیی و بەرهەمی شاعیر و نووسەر و هونەروەری میللەتەکەی خۆی تێبگا.

تا ئێستا ئەم ڕێبازە لەلای ئێمە بەکارنەهێنراوە بۆ یەکالاکردنەوەی بەرهەمی شاعیر و نووسەر و هونەروەرەکانمان. گەلێ ڕووداوی ناڕاست و ئێستگەی جیاواز و پێچەوانەی یەکتری ژیان و بەرهەمی ئەو گەورە شاعیر و نووسەرانەی لێڵ کردووە، یەکێ لەمانە گۆرانە.

ئەم دوو لێکۆڵەرەوەیە چاکیان کردووە بێ لایەنانە وەستاون و هەڵوێستی فیکری خۆیان لەکاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەکارنەهێناوە، چونکە مەبەستیان ئەوەیە هەرچی پێوەندی بەگۆرانەوە هەیە تۆماری بکەن، چاک و خراپ، ڕاست و ناڕاست، جوان و ناشیرین، بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە بن، یان ڕەتیان بکەنەوە. ئەمە کارێکی باشە، من لەوە دڵنیام هەندێ شت لەناو ئەم نووسینانەدا دەکەونە بەر چاو، گومانم لەوەدا نییە ئەم دوو کەسە بیروڕای تایبەتی خۆیان هەیە، هەندێکی

پەسەندە و هەندێکی ڕەت دەکەنەوە.

بەشی زۆری کتێبەکە بریتییە لەسەرچاوەی مەیدانی، واتە گفتوگۆ کردن (ڕیپورتاژ) لەگەڵ ئەو کەسانەی گۆرانیان ناسیوە. ئەمانە دەکرێن بە دوو بەشەوە:

١- بەشێکیان کۆمۆنیست، یان دۆستی ئەوانن. ئەمانە گۆران وەک نیشتمانپەروەر و خەباتچی دەخەنە ڕوو، ئینجا وەکو شاعیر، گەورەی دەکەن لەبەر ئەوەی کۆمۆنیستە، ئەوجا شاعیرە.

٢- بەشەکەی دیکە ئەوانەی ستایشی گۆران دەکەن، ئەمانەش دەبن بەدووبەش. هەندێکیان ناسیۆنالیستەکانن زیاتر بایەخ بە لایەنی کوردایەتی گۆران دەدەن، هەندێکی دیکەیان بەسادەیی باس لە هەڵسوکەوتی گۆران و لایەنی جوانکاری شیعری دەکەن، ئەمانە لەسەر ئەو باوەڕەن گۆران شاعیری کورد بێ نزیکترە لە حەقیقەت، نەک شاعیری حیزبێک، چونکە میللەت لە هەموو حیزبێک گەورەترە. بەلای منەوە بیروباوەڕی ئەمانە لە هەموویان مەوزووعیترە. هەرچی بۆچوونی کوردەکانی گۆرانیشن (هۆگر و ئەژی) پێم وایە بەشێکی زۆر لە زانیارییەکانیان ڕاست و بەجێیە، چونکە لەڕاستی لایان نەداوە.

جگە لەمە کتێبەکە بەباس و وتاری بلاوکراوە دەوڵەمەند بووە، هەروەها کۆمەڵێک نامە و دەستووس و وێنە و دوکیومێنت بلاوکراونەتەوە کە یارمەتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەدەن لەپێناوی ئەوەی گۆران بچێتە ناو ئەم حەقیقەتەوە، ڕاستی و بەسەرهاتی ژیانی بپارێزێ و ئیستێتیکی شیعری بخرێتە ڕوو و بەرهەمی لەجێی لایەقی خۆی دابنرێ.

مەبەستی منیش وەکو خاوەنەکانی ئەم کتێبە دەربڕینی بیروباوەڕ نییە لەمەڕ هەموو ئەو بیروڕایانەی لەبابەت گۆرانەوە لەم کتێبەدا بلاوکراونەتەوە، بەڵکو مەبەستم تەنیا ئەوەیە هەندێ لەو بیروڕایانە ڕوون بکەمەوە، یان ئەگەر هەڵەیان تێدا بێ ڕاستیان بکەمەوە. من ئەم ڕێگەیە بەخۆم دەدەم، چونکە دەمێک بوو گۆرانم ناسیبوو، لەسەرەتا کە هێشتا قوتابخانەی ناوەنجیم تەواو نەکردبوو، نزیکەی دوو ساڵ لە هەولێر شەوو ڕۆژ لەگەڵ گۆران بووم، چونکە ئەو دەستی لەکارکێشرا بووەوە و منیش لە قوتابخانە دەرکرا بووم و بێ کار بووم. لەپاشاندا لەکەرکووک، ئەوجا لەسلێمانی و بەغدا، لەدواجاردا لەمۆسکۆ چەند مانگێک پێش کۆچی دوایی، واتە دوازدە سێزدە ساڵی دوایی پێش مەرگی، من لەگەڵ گۆران بووم، تەنیا ئەو ماوانە نەبێ کە لە بەندیخانە بوو.

زۆربەی تێکەڵ و پێکەڵی لەژیانی گۆران-دا لەدوای ڕووداوەکانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بیۆگرافیای شاعیریان لێڵ کردووە، بەتایبەتیش ئەو سەردەمانەی لەبەندیخانە بووە. لەبەر ئەوە پێویستە ئەوکاتانە دەست نیشان بکرێن.

١- لەماوەی نزیک کۆتایی ساڵی ١٩٥٠ لەهەولێر دادگایی کراوە لەسەر بڕینی قاسەی حکوومەت، دوو ساڵ حەپس بووە و لە ساڵی ١٩٥٢ ئازاد بووە.

٢- لە ساڵی ١٩٥٤ بۆ جاری دووەم سێ ساڵ حوکم دراوە لەگەڵ ساڵێک لەژێر چاودێری پۆلیس. لەساڵی ١٩٥٦ ئازاد بووە. لەپاییزی ئەو ساڵە لە بەغدا ماوەتەوە.

٣- لەسەردەمی نزیک کۆتایی ساڵی ١٩٥٦ بۆ جاری سێیەم دەگیرێتەوە و سێ ساڵ حوکم دەدرێ. لەساڵی ١٩٥٨ لەدوای ١٤ی تەمووز بەهۆی لێ خۆش بوونەوە، ئازاد دەبێ.

بەم جۆرە جاری یەکەمی لەسەر بڕینی قاسەی حکوومەت بووە، دوو جارەکەی دیکە لەسەر کارکردنی لەڕێکخراوی لایەنگرانی ئاشتی و بیروباوەڕی کۆمۆنیزم بووە.

قسەکانی ع ح ب

ع ح ب ئەوە دەگێڕێتەوە گۆیا شیعرێکی خۆی بۆ گۆران ناردووە بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەی «ژین» بڵاوی بکاتەوە. لەو دەمەی گۆران بە (ع ح ب)ی گوتووە هەندێ دەسکاری شیعرەکەی کردووە، زۆری پێ خۆش بووە. ئیتر گۆران بە ع ح ب دەڵێ شاعیرێکی دیکە وەکو ئەو شیعری بۆ گۆران ناردبوو، ئەویش هەندێ دەسکاری کردبوو، بەڵام ئەم شاعیرە پێی ناخۆش بوو، لەدواییدا ع ح ب دەڵێ گۆران ناوی شاعیرەکەی نەهێنا، بەڵام بەبۆچوونی ع ح ب ئەو شاعیرە دیلان بووە. بەڵێ ئەمە ڕاستە، دیلان لەکاتی خۆیدا ئەمەی بۆ من گێڕایەوە. بەلای منەوە ڕاستی ئەوەیە، هەردوو شاعیر دیلان و (ع ح ب) هەڵوێستیان هەبووە لەگەڵ ئەوەی پێچەوانەی یەکتریش بوون. مەسەلە چێژ و خەیاڵ و هەوێنی شاعیریەتە، هەروەها توانای داهێنان و مەشقی نهێنییەکانی ناو دڵ و دەروونە، یەکێکی وەکو دیلان

بەرهەمی شیعری بەکاملّی دروست دەکرد، چونکە بەتوانا بوو، لەبەر ئەوە پێویستی بەوە نەبوو گۆران دەسکاری شیعری بکا.

قسەکانی هۆگر عەبدوللا گۆران

هۆگر دەڵێ گۆران پێش ئەوەی بۆ یەکەم جار بگیرێ فیکری مارکسی پێیەوە دیار بوو، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کارکردنی لەڕادیۆی ڕۆژهەلاّتی نزیک لەماوەی جەنگی دووەمی گێتی لەشاری یافای فەلەستین. لەماوەی یەکتری ناسینمان لەهەولێر پێش گرتنی یەکەمی نزیکەی دوو ساڵ پێکەوە بووین، من ڕەوشت و ئەخلاقی کۆمۆنیستیم پێیەوە نەدەدی. هەروەها هەستم بەوە نەدەکرد بیری مارکسی هەبێ، لەوانەیە لەگەڵ من هەڵوێستی وا بوو بێ. من و ئەو زیاتر باسی تازەکردنەوەی شیعری کوردی و شیعری مەهجەری عەرەبی و ڕۆمانتیزمی ئەدەبی نەتەوەکانی ئەوروپامان دەکرد، ئەو زیاتر هەڵوێستی خۆی دەگێڕایەوە لەبابەت شیعر و شاعیریەتی نووری شێخ سالّح و ڕەشید نەجیب و دەوریان لەنوێ کردنەوەی ئەدەبی کوردیدا.

هۆگر دەڵێ گۆران لەماوەی جەنگی دووەمدا کە لە فەلەستین بووە دۆستایەتی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل بووە، ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، دەبێ پارتی کۆمۆنیستی فەلەستین بووبێ، چونکە لەوکاتەدا هێشتا دەوڵەتی ئیسرائیل دانەمەزرابوو. بۆ زانین پێویستە



ئەوەش بگوترێ زۆربەی ئەندامانی ئەو حیزبە عەرەب بوون و ژمارەی جوولەکە تێیاندا کەمتر بوو.

هۆگر لەگفتوگۆکەیدا بەڕاستی بۆ هەندێ شت نەچووە، وەکو ئەوەی ئێستگەی ڕادیۆی ڕۆژهەلاّتی نزیک لە حەیفا نەبووە و لەیافا بووە، ئێستا ئەم ئاوەدانییە لەگەڵ شاری تەلئەبیب تێکەڵ بووە، گۆران لەیافا ژیاوە. هەروەها هۆگر ئەوە دەردەبڕێ گۆیا گۆران لیریکی «قژکاڵی لیۆئاڵی...» بۆ کچێک گوتووە لە موسڵ گۆرانی بەدەستی بە کەلەپچەوە دیوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە گۆران ئەم شیعرەی بۆ کچێک گوتووە لە فەلەستین بەناوی «جوانی بێ ناو»ەوە. لە پاشاندا شیعرێکی دیکەی گۆران هۆگر دەڵێ بۆ کچێکی گوتووە لە موسڵ، ئەمە لەوێ نەبووە، بەڵکو لە هەولێر بووە، لەو کاتەی پۆلیسەکان بەدەستی بە کەلەپچەوە گۆران بۆ بەندیخانەی موسڵ دەبەن (لەم وتارەدا بەدرێژتر باسی لێوە دەکرێ).

هۆگر دەڵێ پلەی ئەندامیەتی گۆران لەپارتی کۆمۆنیستی عیراق بەرز نەبوو، ئەمە ڕاستە؛ بەڵام زۆر خزمەتیان کرد، ئەمەش ڕاستە. بەڵای منەوە هۆی ئەم دیاردەیە پارتی کۆمۆنیست بۆ پڕۆپاگەندە بۆ خۆی خزمەتی شاعیرێکی ناوداری وەکو گۆرانی دەکرد. وەکو دەڵێن ئەوان پێویستیان بەگۆران هەبوو، نەک پێچەوانەوە. نابینین نووسەرێکی وەکو میخاییل شۆلۆخۆف ئەندامێکی ئاسایی نەبوو لە پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیا، بەڵکو ئەندامی لێژنەی ناوەندی بوو، باوەڕ ناکرێ ئەم نووسەرە لە هیچ کۆبوونەوەیەکی حیزبی ئامادە بووبێ، ئەوە نالّێم لە کۆنگرەکاندا نەبێ، ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەی سەر بلّندییە بۆ کۆمۆنیستەکان کەسێکی وەکو شۆلۆخۆف لەگەڵیاندا بێ.

ئەو زانیارییانەی هۆگر لەبابەت باوکیەوە دەری بڕیوون شتی تازە و بەکەڵکیان تێدا هەیە. هەندێ حەقیقەتی لە بابەت گۆرانەوە خستووەتە ڕوو، دۆستە کۆمۆنیستەکانی شاردوویانەتەوە.

قسەکانی مستەفا سالّح کەریم

زانیارییەکانی مستەفا سالّح کەریم بەگشتی لەبابەت گۆرانەوە ڕاستن، بەڵام شتی تازەیان تێدا نییە، چونکە هەموویان لەژیان و لێکۆڵینەوەی بەرهەمی شیعری باس کراون. لەگەڵ ئەوەشدا مستەفا هەندێ زانیاری تازەی بەکەڵکی خستووەتە ڕوو لە بابەت بزووتنەوەی ئەدەبی و

ڕۆژنامەگەری و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی زانیاری تازە لەبارەی هەندێ لە کردەوەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق دەدا بەدەستەوە، چونکە لێیانەوە نزیک بوو.

قسەکانی حەمەبۆر

حەمەبۆر لەسەر ئەو بیروباوەڕەیە گۆران هەستی نیشتمانپەروەری نەبووە. ئەو دەڵێ گۆران هێندەی باسی کۆمۆنیزم و لینینی کردووە ئەوەندە خەریکی کوردایەتی نەبووە.

دیارە مەبەستی حەمە بۆر لەم قسەیە، قۆناغی دووەمی ژیانی ئەدەبی گۆرانە. ئەم شاعیرە لە بنەڕەتدا نیشتمانپەروەر بووە و بەڕاستی کوردایەتی کردووە. لەو قۆناغەدا ئەگەر بەقەدەر ئەوەی پێویستە کوردایەتی نەکردبێ لەبەر ئەوە بووە فیکری ئەو قۆناغە ئەوەی خواستووە ئەنتەرناسیۆنال بێ نەک ناسیۆنال. لەپاشاندا بەڵگەی نیشتمانپەروەری شاعیر بەڕاستی لەقۆناغی یەکەمیدایە. لە قۆناغی دووەمدا لەبەرئەوەی ڕەسەنی ئیستێتیکی لەبەرهەمی شیعریدا لاواز بوو، بۆیە بەرهەمەکە لەو پلە بەرزە ئیستێتیکییە نەبووە، بەڵام نرخی هونەری خۆی هەیە، هیچ نەبێ وەکو شیعری پەروەردەیی (دیراکتیکی) لە ئەدەبی عالەمیدا لەسەردەمی هۆمیرۆسەوە لەناوەوەیە تائێستا.

حەمەبۆر دەڵێ لەدوای حوکمدانی ماوەیەک لە نوگرەت سەلمان حەپسییەکەی بردە سەر، ڕاستییەکەی ئەوەیە لە هەولێر حوکم دراو دەست بە کەلەپچە بردیان بۆ بەندیخانەی مووسڵ، بەڵام گرتنەکانی دیکەی سیاسی بوون و لەبەندیخانەیەکی سیاسی بۆ بەندیخانەیەکی دیکەی ئاقارە جیاوازەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق دەگوێزرایەوە. لە گفتوگۆی حەمە بۆردا زانیاری تازە لەبابەت شاعیرەوە خراوەتە ڕوو.

قسەکانی د. موکەڕەم تاڵەبانی

کۆمۆنیستە کوردەکان لەبابەت هۆی گرتنی یەکەمی گۆرانەوە لایان داوە و باسی حەقیقەتیان نەکردووە، تەنیا د. موکەڕەم تاڵەبانی نەبێ دەڵێ، ئەوکاتە گۆرانی شاعیریش لەو بەندیخانەیە بەند کرابوو، بەڵام لەسەر چالاکی سیاسی حوکم نەدرا بوو، لەدواییدا دەرکەوت بەهۆی چەند کێشەیەکەوە دوو ساڵ حوکم درابوو. لە جێیەکی دیکەدا دەڵێ، ڕاستە لەسەر کێشەیەکی ئاسایی گیرابوو، هەر ئەمەش ببووە گرێیەک لەلای. دیسانەوە د. موکەڕەم دەڵێ لەبەر ئەوەی لەسەر بابەتێکی تایبەت حوکم درابوو، بۆیە هەستی بە کەموکوڕی دەکرد. لەدواجاردا دەڵێ، هەندێ جار لە شوققە سەردانم کردووە، یەک دووجار لە مەجمەعی عیلمی بینیومە. ڕاستییەکەی ئەوەیە مەجمەعی عیلمی کوردی (کۆڕی زانیاری کورد) لەبەغدا بوونی نەبووە، لەساڵی ١٩٧٠ دروست کراوە، واتە لەنێوان ماوەی دوای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ تا کۆچی دوایی گۆران لەساڵ ١٩٦٢ ئەم دەسگایە لەناوەوە نەبووە.

لەگفتوگۆکانی د. موکەڕەم زانیاری تازە هەیە، لە قسەکانیدا سنوور بۆ سەردەمی گیران و بەندکردنەکانی نەکێشراوە، هەندێ تێکەڵی لە قسەکاندا هەیە، لەوانەیە ئەمە زیاتر بۆ ئەوکەسە بگەڕێتەوە کە ڕیپۆرتاجی لەگەڵدا کردووە.

قسەکانی ئەحمەد زرنگ

لەدوای ئازاد بوونی گۆران لەگیرانی یەکەمی ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ژین» بوو لەسلێمانی. ئەحمەد زرنگ خاوەنی چاپخانە و ڕۆژنامەکە بوو. لە قسەکانی لەبابەت گۆرانەوە زۆرتر ستایش و پێداهەڵدانی پیرەمێردی کردووە (باپیری لەدایکەوە)، لەوکاتەی پێویست بوو باس لەگۆران و هەڵسوکەوتی بکا وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ژین». ئەوەی شایانی باسە لێرەدا گۆران بە ئارەزووی خۆی وازی لەڕۆژنامەکە نەهێنا، بەڵکو نەوەی پیرەمێرد بەتایبەتی ئەحمەد زرنگ بەسیاسەتی ڕۆژنامەکە ڕازی نەبوون و نەیاندەویست پرۆپاگەندە بۆ لایەنگری ئاشتی و بیری کۆمۆنیزمی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەیان بچێتە سەر، لەبەر ئەوە لە ڕۆژنامەکە دووریان خستەوە.

قسەکانی د. ئیحسان فوئاد

د. ئیحسان فوئاد دەڵێ «بەهەشت و یادگار» و «فرمێسک و هونەر»ی گۆران لەسەر ئەرکی عەلائەدین سەجادی چاپ کراون. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم دوو کۆمەڵە شیعرەی گۆران لەسەر کیسە و ئەرکی ڕەشید عارف چاپ کراون، بەڵام لەسەر بەرگی چاپەکان ئەم هەواڵە نەنووسراوە. ڕاستییەکە ئەوەیە سەجادی سەرپەرشتی چاپی کردبوو لەبەغدا، هەروەها پێشەکیشی

بۆ نووسیبوو. ئەوەی من ئاگادارم لە دوای بڵاوکردنەوەی دوو کۆمەڵە شیعرەکە، گۆران ئەو پێشەکییەی بەدڵ نەبوو، پێی خۆش نەبوو، چونکە پرسی پێ نەکرا بوو، گۆران خۆشی داوای لێ نەکردبوو ئەو پێشەکییە بنووسێ، دەوری سەجادی تەنیا ئەوەبوو هەڵەچنی و سەرپەرشتی چاپی بکا. پێویستە ئەوەش ڕوون بکرێتەوە ئەو پارەیەی بۆ چاپی دوو کۆمەڵە شیعرەکە تەرخان کرابوو، ڕەشید عارف بە باربوو حسێبی کردبوو، چونکە لەوکاتەدا گۆران دەستی لەکارکێشرابووەوە و وەزعی دارایی خراپ بوو، چاوەنۆڕی دادگا بوو لە هەولێر.

د. ئیحسان لە قسەکانیدا باس لەوە دەکا گۆران کە هاتە مۆسکۆ لەنەخۆشخانەی کرملێن پاڵیان خست. گۆیا ئەمە گەورەترین نەخۆشخانەیە و تەنیا بۆ پیاوە گەورەکانە، وەک ئەندامانی لێژنەی ناوەندی، یان وەزیر، یان سکرتێری حیزبی کۆمۆنیست و لەم بابەتە زۆرانە، تەنانەت چوونە ژوورەوەش بۆ لای ئەو نەخۆشانە پێویستی بە بڕیارێکی تایبەتی هەبوو.

دەبوو د. ئیحسان فوئاد لەهەموو کەسێک زیاتر ئاگاداری ئەوە بێ ئەم نەخۆشخانەیە یەکێکە لە نەخۆشخانە ئاسایی و گشتییەکانی شاری مۆسکۆ. نەخۆشخانەی لەویش گەورەتر و بەناوەرۆک گرنگتر هەیە وەکو نەخۆشخانەکانی ئەکادیمییەی زانستی و سوپایی و هی دیکە. ئەم نەخۆشخانەیە لەبەر ئەوە بەناوی کرملێنەوە ناوزەد کراوە، چونکە لەنزیک ئەوەوەیە. لەبەر دەرگای نەخۆشخانەکە پیاو چاوی بەدیوارەکانی کرملێن دەکەوێ. ئەمە هەمووی لەگەڵ گۆڕەپانی سوور و گۆڕەپانی شۆڕش و شانۆی گەورە (بەلشۆی تیاتر) و نامەخانەی لینین (ئێستا نامەخانەی ڕووسیا) و نەخۆشخانەی کرملێن هەموویان لە سێنتەری مۆسکۆن و گەورەترین شەقامی مۆسکۆ بەناوی مەکسیم گۆرکی- یەوە لێیان جیا دەبێتەوە. ئەوەی پێویستە بگوترێ خەڵکی دانیشتووانی ئەو دەوروبەرە بەگەورە و بچووکیانەوە فایلی تەندروستیان لەو نەخۆشخانەیە پارێزراوە.

بەگشتی قسەکانی د. ئیحسان فوئاد لەبابەت گۆرانەوە هەندێ زانیاری تازەیان تێدا هەیە.

قسەکانی عومەر عەلی سەعید موتابچی

لەگفتوگۆی عومەر موتابچی هەست بەزانیاری تازە دەکەم لەبابەت گۆرانەوە، بەتایبەتی هەندێ ڕووداو و کردار من ئاگاداریان نیم و بە نیسبەت منەوە تازەن، ئیتر بەپێی ئاگاداریم لە هەڵسوکەوتی گۆران بەڕاستیان دەزانم.

قسەکانی عوسمان محەمەد هەورامی

عوسمان هەورامی تێبینی ڕاست و ژیرانەی لە مەسەلەی شیعری بێسارانیدا هەیە. ئەو ڕاستییە دەردەبڕێ کە شیعری بێسارانی لەلای گۆران پەسەند و جوان بووە، ئەمەی لە گۆران خۆی بیستووە، بەڵام من ئەمەم لەگۆران گوێ لێ نەبووە، لەدواییدا پێش ئەوەی ئەم جۆرە هەوالانە ببیستم من خۆم گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە کاریگەری بێسارانی بەسەر گۆرانەوە زۆرە.

هەروەها ئەم شاعیرە یەکێکە لەوانەی لە ڕێزی مەولەوی دەوەستێ لە شیعری شاعیرانی گۆران زەمینی دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی. بێسارانی لەبەرزی ناوەرۆکی شیعریدا لەڕووی هونەرییەوە یەکێکە لە گەورە شاعیرانی کە جوانکاری لیریکی، غەزەلیان داگیرکردووە. لە ڕوخساردا لەکێش و قافیە و ڕیتم و مۆسیقا لەخاسیەت و نەریتی شیعری دیالێکتی گۆرانی لای نەداوە. لەزماندا شێوازی خۆی هەیە، بێسارانی-یە. لەم ڕووەوە شاعیرانی تیرە و هۆزەکانی گۆران شیعریان بەدیالێکتە بچووکە ناوچەییەکەی خۆیان گوتووە. گەلێ وشە و تەعبیریان بەمانایەک هاتووە لە دیالێکتێک بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوەی لە شیعری دیالێکتی گۆرانی دەکۆڵێتەوە، یان واتای لێک دەداتەوە ئاگاداری ئەوە بێ. هەندێ لەو شاعیرانەی بڕێک شیعری دیالێکتی گۆرانی-یان بەکرمانجی خواروو لێک داوەتەوە، لێکدانەوەکە جوانتر بووە لە ئەسڵەکە، لەوانەش شاعیرانی وەکو پیرەمێرد و عەلی کەمالی باپیر ئاغا و جەمیلی ڕۆژبەیانی و کاردۆخی و عوسمان هەورامی و هی دیکە دەکەونە بەرچاو.

بەگشتی گفتوگۆی عوسمان هەورامی لەبابەت گۆرانەوە زانیاری تازەی بەکەڵکی تێدایە.

بیروڕای حوسێن عەلی شانۆف

حوسێن عەلی شانۆف، بە «کورد ئۆغلی» ناسراوە. گەنجێکی کوردی ئازربێجانی ڕووسیایە. لە شەستەکانی سەدەی بیستەم نامەی خوێندنی بەرزی لە بابەت گۆرانەوە

بوو. لەدوای بەرگری کردن بەزمانی ئازربێجانی وەک کتێب لە باکۆ بڵاوکرایەوە. لەپاشاندا شوکور مستەفا کتێبەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و بەم ناوەوە بڵاوی کردەوە «عبدالله گوران، شعر الشاعر الكردي المعاصر، تأليف حسين علي شانوف، ترجمة شكور مصطفى، بغداد، ١٩٧٥»

هەندێ لە زانیارییەکانی ناو کتێبەکە بەدەسکاری و لە تێنەگەیشتنەوە بەسەر پێی لەسەرچاوەکانیان وەرگیراون. ئەوەی من ئاگادارم سەرچاوەی سەرەکی بۆ کارەکەی عەلی شانۆڤ ئەو ئەڤتۆبیۆگرافیایە بوو گۆران بە تایبەتی بۆ ئەوی نووسیبووەوە، ئیتر مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمە تۆفیق زانیارییان لەچەند لاپەڕەیەک کۆکردووەتەوە و لە تێکستی کتێبە عەرەبییەکەی شوکور مستەفا وەریان گرتووە. قسەی سەیر لەدەمی گۆران هاتووەتە دەرەوە، ورد نییە و لە ڕاستییەوە دوورە. وەکو ئەوەی بۆ بەڵگە گۆران گوتوویەتی «ئینگلیزەکان پێیان گوتم لە کردەوەکانم ڕازی نین لە ئێستگەی ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە یافا، بە تایبەتی لەدوا ڕۆژانی سالّی ١٩٤٥ مامڵەیان لەگەڵمدا خراپ بوو، ناچار بووم بگەڕێمەوە عیراق، تا لەوێش بەر بەرەکانیان کردم و ڕازی نەبوون لە سلێمانی نیشتەجێ بم، ناچار بووم لەهەولێر بژیم تا دوا ڕۆژانی سالّی ١٩٥٠، لەو ساڵەدا خرامە ناو بەندیخانەوە، بەتاوانێکی دروست کراو فەرمانی دوو سالّ ژیانی بەندیخانەیان بۆ دەرکردم، ئەمە هەمووی لەبەر ئەوە بوو شیعرێکم هۆنیبووەوە بەناوی «لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا».

من لەوە دڵنیام ئەم قسانە بەم جۆرە لە ئەڤتۆبیۆگرافیای گۆران تۆمار نەکراوە، ئەوەی بۆ حوسێن عەلی شانۆڤی نووسیوە. لەکاتی وەرگرتن وەکو سەرچاوەیەک دەسکاری تێدا کراوە. ئەمە و من حوسێن عەلی شانۆڤ دەناسم. کوردێکی ئازربێجانی زیرەک بوو، بە توانابوو. لەنامەی خۆبندنی بەرزی لەبابەت گۆرانەوە تاڕادەیەک عیلمیەتی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پاراستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەوتووەتە ژێر پڕوپاگەندەی ڕۆژنامەگەریانەی بێ سەروپا بۆ پێدا هەڵدانی گۆران وەکو کۆمۆنیستێک، جگە لەوە بەگشتی نامەکە بەهەناسەیەکی تیۆرییەکانی مارکسیزم نووسراوەتەوە، ئەمە ئارەزوو و خواستی دەسەڵات بوو کەس نەیدەتوانی لە ڕێباز و مەنهەجی پارتی کۆمۆنیست لابدا. لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکەی حوسێن عەلی شانۆڤ لەبابەت گۆرانەوە بەگشتی بە کەڵکە و خزمەتی خوێنەری کوردی دەکا و سەرچاوەیەکە بۆ قوتابیانی هەموو قۆناغەکانی خوێندن.

شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ڕەفیق حیلمی

بڵاوکەرەوەکانی کتێب هەندێ زانیاریان لەبابەت گۆرانەوە لە کتێبی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ڕەفیق حیلمی وەرگرتووە و بە بەرگی یەکەم لە قەڵەمیان داوە و لە ساڵی ١٩٥٦ لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە، ئەوان بەهەڵە کتێبەکەیان بە بەرگی یەکەم داناوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە بەرگی یەکەم لە ساڵی ١٩٤١ لەبەغدا چاپ کراوە، ئەوەی باسی گۆرانی تێدایە بەرگی دووەمە.

بەپێی زانیاری من ئەو نووسینانەی باسی گۆرانیان تێدا کراوە وەکو ئادەمیزاد و شاعیرێک لەوانەیە کەموکوڕی و هەواڵی دروست کراویان گرتبێتە خۆ، ئەو بیروڕایانەی لەلایەن ڕەفیق حیلمی-یەوە بۆ گۆران گوتراون زۆربەیان ڕاست و بەجێ و بەنرخن، لەبەر ئەوە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێ کراون بۆ لێکۆڵینەوە لەژیان و شیعری ئەم شاعیرە.

نووسینی کاکەی فەللاح

لێرەدا بەڕاستگۆیی و شایەدی کاکەی فەللاح دەمەوێ هەندێ هەڵە ڕاست بکەمەوە لەبابەت شیعری «دوا سەرنج»ەوە. لەکاتی خۆیدا چەند جارێک ئەو ڕاستییەم ڕوون کردووەتەوە کە ئەم شیعرە لە دوای حوکمدانی گۆران لەدادگای هەولێر و دەست بە کەلەپچە ڕەوانە کردنی بۆ مووسڵ ئەم شیعرەی بۆ کچێک گوتووە لەبەر دەرگای مانگێکی هەولێری چاوی پێ کەوتووە. کاکەی فەللاح دەڵێ لە گۆرانی بیستووە گوتوویەتی لەوکاتەی لە هەولێرەوە بردوویانە بۆ مووسڵ قومیسێرێک و دوو پۆلیس وەک پاسەوان لەگەڵی بوون. پاسەکەیان لەبەردەمی مانگی کچێکی شۆخی قژزەرد دەوەستێ، کچەکە لەبەر دەرگا دەبێ، ئەمە مایەی ئەو ئیلهامە بوو کە گۆرانی وروژاند، شاعیر کە دەگاتە مووسڵ لەبەندیخانە ئەم شیعرە تۆمار دەکا.

مانگی ئەو کچە لە یەکێک لەو دوو سێ مانگانە بوو لەلای دەستە ڕاستی شەقامی هاتوچۆی سەفەری نێوان هەولێر و مووسڵ، لە دوای نەخۆشخانەی کۆنی هەولێر،

ئێستا بووە بەنەخۆشخانەی دڵان.

لەگەڵ ئەوەی من چەند جارێک لەبارەی ئەم بابەتەوە نووسیومە، کەچی هەندێ لێکۆڵەرەوەی ئەدەب سوورن لەسەر ئەوەی گۆران ئەو شیعرەی لەسەر کچێک نووسیوە گۆیا لەکاتی بەند کردنەکەیدا لەبەر دەرگای ماڵێک لەمووسڵ چاوی پێی کەوتووە.

یادەوەرییەکانی کاکەی فەللاح زانیاری تازەیان تێدا هەیە، هەندێ لایەنی هەڵسوکەوت و شێوازی بیرکردنەوەی گۆران لە بابەت شیعر و کولتووری گشتییەوە دەخەنە ڕوو.

بیروڕای هەژار لەکتێبی «چێشتی مجێور»دا

قسەکانی هەژار لەسەرانسەری کتێبی «چێشتی مجێور»دا گومرگی لەسەر نییە. لەو کاتەی هێرش کردن و قسە سارەکانی هەموو خوێندەواری کوردی گرتبێتەوە دوو سێ کەس نەبێ، چۆن گۆرانیش ناگرێتەوە!

لەوکاتەی هەژار باس لە گۆران دەکا نازانم چی هۆیەک پاڵی پێوە ناوە ناوی جەمال حەیدەری ببا! با من خۆم وەرامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، ڕەنگە مەسەلەکە تەنیا ئەوە بێ جەمال حەیدەری و گۆران هەردووکیان کۆمۆنیستن، بەڵام هەژار وا بۆی دەچێ یەکەمیان سەرکردە و دووەمیان کۆیلەی ژێر دەستیەتی.

هەژار دەڵێ: جەمال حەیدەری ئەگەر شاعیرێکی کوردی کۆمۆنیستی بدایە پێی دەگوت شیعرێکمان بۆ بڵێ، فلان و فیسار شتی تێدا بێ.

هەژار هەندێ لە هەڵوێستی گۆرانی شی کردووەتەوە، هەوڵ دەدا بەدوو ڕوو بیخاتە بەرچاو، پێویستی نەدەکرد ئەمە بکا. ئەو قسانەی بەزمانی گۆرانەوە هەڵبەستراون، ئەوەی من بیزانم قسەی وای نەکردووە و لەبیروباوەڕی ئەوەوە دوورە. لە «چێشتی مجێور» کەس ماوە عەبرەت نەگرێ وەکو هەولێری دەڵێن. لەناو کتێبەکەدا ئەو پیاو چاکانەی بەدڵی هەژار نین سەدان ڕۆشنبیر و خوێندەوار و شاعیر و نووسەر و هونەروەر و خەڵکی دیکە.

زانیاری مەلا عەبدوڵڵای حاجی سمایل

لەگەڵ ئەوەی بیرەوەرییەکانی ئەم زاتە لەکتێبی «سەربردەی ژیانی سیاسیم» پێوەندییەکی ئەوتۆی بەگۆرانەوە نییە، بەڵام سەرچاوەیەکە بۆ ڕوون کردنەوەی واقیعی ژیانی بەندە سیاسییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیکی عیراق، بەتایبەتی ژیانی پڕ لە ئازار و ئەندێشەی حەپسە کۆمۆنیستەکانی عیراق و کورده دیمۆکراتەکان. تاڕادەیەک ئەم کارە نامرۆڤەیەتیانە گۆرانیشی گرتبووەوە.

ئەحمەد دلزار لە وتارێکیدا لە گۆران دەدوێ

دلزار قسەی جوان و باشی پێیە لەبابەت گۆرانەوە، بەڵام ئەگەر ناوی کۆمۆنیستی لەسەر نەبوایە وابزانم ئەوەندە ستایش و گەورەی نەدەکرد. گۆران مەدح و سەنای دلزار هەڵدەگرێ وەکو شاعیرێکی گەورە، پێویستە ئەمە لەچوارچێوەی شاعیریەت نەچێتە دەرەوە، لەڕووی هونەری و ئیستێتیکی شیعرییەوە. هەروەها دەکرێ یەکێکی وەکو گۆران نیشتمانپەروەر و خاوەن ئایدیۆلۆژییەتێکی دیاریکراو بێ، بەڵام ئەوەی لەکەسانی وا بۆ خۆیان و بۆ میللەتەکەیان دەمێنێتەوە شاعیریەتەکەیە، چونکە بەرهەمەکە لەناوەوەیە و بووە بە بەشێک لەسامانی نەتەوەیی و بۆ نەوەکانی سەردەمی خۆی و نەوەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە. لەلایەکی تریشەوە گۆران و خەڵکانی وەکو گۆران دەبن بە مولکی نەتەوە و هەموو مرۆڤایەتی.

نزیکەی دوو سەدە بەر لە ئێستا مستەفا بەگی کوردی (١٨١٢-١٨٥٠) گوتوویەتی:

کە من ڕۆییم جەهەننەم پڕ مەکەن لێم
لەمن خاڵی مەکەن کۆشک و سەراتان

لێرەدا (کوردی) ئاموژگاری کورد دەکا لەدوای مردنی گلەیی لێ نەکەن، بەڵام لەوە دڵنیا بووە بەهۆی دیوانی شیعرییەوە خەڵکی کورد ناتوانن لەبیری بکەن و هەمیشە دیوانی لەناو دەلاقەی کۆشک و سەراکاندا دەبێ و لەبیری کوردزمانان ناچێتەوە.

ئەژی گۆران لەتاقی کردنەوەی باوکی دەدوێ

لەپرسیارێکدا لە ئەژی کراوە لە بابەت نزیک بوونەوەیەک لەنێوان گۆران و سەییاب لەناوەوە بووە، لەوەرامدا ئەژی دەڵێ، ئەگەر نزیک بوونەوە هەبووبێ لەنێوان ئەم دوو شاعیرە قازانجی کوردی تێدایە بەوەی نوێ کردنەوە لە شیعری کوردی پێش نوێ کردنەوە بووە لە شیعری عەرەبیدا. بەنیسبەت نەتەوەی عەرەب هەموو دەوڵەتەکانییەوە لە چلەکانی سەدەی بیستەم پێشەنگی

بزووتنەوەی شیعری نوێ بەدر شاکر سەیياب و نازک ئەلملائیکە بوون.

بەڕاستی لەشێواز و ڕێبازدا هیچ جۆرە نزیکیەک لەنێوان گۆران و سەیيابدا نییە. گۆران ڕووکەش و سەرەوە و دیار و سەهلی مومتەنیعە، کەچی سەیياب قوڵ و مانا لەژێرەوە و ڕەمزە، هەندێ ئەدگاری ڕۆمانتیکی تەماوی لەلای ئەم شاعیرە دەکەوێتە بەرچاو لە ڕۆمانتیکە ئەوروپاییەکانی وەرگرتووە، ئەوانەی لە شار ڕایان دەکرد و لەگەڵ سروشتی ڕووت دەژیان. ئەم دوو شاعیرە سەر بە دوو قوتابخانەی جیاواز بوون، تەنیا لەوەدا یەک دەگرنەوە، هەریەکەیان بەشداری لەشۆڕشێک کردووە لەپێناوی نوێ کردنەوەی شیعری زمانی نەتەوەکەی خۆی. بە شێوەیەکی دیکە لەوەدا لەیەکتری دەکەن، گۆران لەگەڵ نووری شێخ سالح و ڕەشید نەجیب لەسییەکانی سەدەی بیستەم شیعری کوردییان تازە کردەوە، کەچی سەیياب لەگەڵ نازک ئەلملائیکە لەچلەکانی سەدەی بیستەم (١٩٤٧) شیعری عەرەبییان تازەکردەوە.

ئەژی دەڵێ، گۆرانی باوکی لەگەڵ سەیياب لەیەکێتی نووسەران یەکتریان دیوە. ئەمە وانییە، چونکە یەکێتی نووسەران لە دوای ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ دامەزرا، لەنزیکەوە ئاگادارم لەوکاتەدا سەیياب مەقبوول نەبوو، چونکە لەدژی پارتی کۆمۆنیستی عیراق زنجیرەیەک وتاری لەڕۆژنامەی «الحریة»ی بەغدا بڵاوکردبووەوە. من و چەند کوردێکی دیکە لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی عیراق بووین بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، سەیياب لەوکاتەدا لەدوور و نزیکەوە تخوونی یەکێتی نووسەران نەدەکەوت. ڕاستییەکەی ئەوەیە گۆران و سەیياب بەهۆی منەوە بۆ یەکەم جار و دواجار پێش ١٤ی تەممووز بۆ چەند سەعاتێک لەگەڵ یەکتری دانیشتن. لە لاپەڕەکانی داهاتووی ئەم وتارە لەم لایەنەوە هەندێ ڕاستی ڕوون دەکەمەوە.

ئەو شاعیرە کوردەی ئەژی گۆران باسی لێوە دەکا گۆیا لەنامەیەکدا ناوی هاتووە بە عەرەبی لە ئەرشیفی سەیياب دۆزراوەتەوە بۆ هاوڕێیەکی عەرەبی نووسیوە، بە مەزەندەی ئەژی گۆران هی باوکیەتی. ڕاستییەکەی ئەوەیە مەبەستی سەیياب لەو شاعیرە گۆران نییە، بەڵکو محەممەد تۆفیق وردی-یە. من لەنزیکەوە ئاگادارم، سەیياب لەلای من چەند جارێک باسی کردووە. مەسەلەکە ئەوەیە لەدوای ١٤ی تەممووز کۆمۆنیستەکان بەخراپە ناوی ئەو کەسانەیان دەبرد کە لەگەڵیاندا نەبوون، یان ڕەخنەیان لێ دەگرتن. یەکێک لەوانە وردی بوو، جا سەیياب لەو نامەیەیدا بەرگری لە بیروباوەڕی ئەو شاعیرە کورد دەکا کە وردی بوو، لەم مەسەلەیەدا سەیياب ئەم شاعیرە کورد بەخۆی دەچوێنێ.

سەیياب لەسەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم قوتابی بوو لە خانەی بەرزی مامۆستایان (دارالمعلمین العالیة)، ئەوکاتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو، لەدواییدا هەڵگەڕایەوە و زنجیرەیەک وتاری لەدژی پارتی کۆمۆنیستی عیراق نووسی. وردیش ڕەخنەی لە پارتی کۆمۆنیست دەگرت. ئیتر سەیياب دەیوبست ئەوە بخاتە ڕوو کۆمۆنیستەکان دوژمنی هەموو شاعیرو نووسەر و ڕۆشنبیرێک بوون کە بیروڕایان لەگەڵ ئەواندا نەبوایە.

لە هەندێ شوێن زانیارییەکانی ئەژی تێکەڵ و پێکەڵن. بۆ بەڵگە لەوەپێش گوترا گۆران و سەیياب لەیەکێتی نووسەران یەکتریان ناسیوە، ئەمە ڕاست نییە، چونکە یەکێتی نووسەران پێش ١٤ی تەممووز لەناوەوە نەبوو. لەدوای دروست بوونی یەکێتی نووسەرانیش سەیياب دوور و گۆران لێیەوە نزیک بوو. لەم ماوەیەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیمۆکراتی کوردستان دەوری سەرەکیان لە دروست کردنی ئەم ڕێکخراوە هەبوو. ئەوکاتە ڕەفیق حیلمی و گۆران لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بوون. ئەمەش کێشەیەکی گرنگی دروست کرد لەمێژووی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا. هەندێ جار لە نووسینەکانمدا ئاماژەم بۆ کردووە.

بەگشتی زانیارییەکانی ئەژی لەبابەت باوکییەوە ڕاستی زۆریان تێدا هەیە، بەتایبەتی ژیانی منداڵەوەی خۆیان و بەسەرهاتی باب و باپیرانیان.

دیدارێک لەکۆواری «گەلاوێژی نوێ»

عادل گەرمیانی و محەممەدی مەلا کەریم بەشداریان لەم ڕیپۆرتاژەدا کردووە.

لە وەرامی پرسیارێک گۆیا گومان لە ساڵی لەدایک بوونی گۆران-دا هەیە، ساڵی (١٩٠٤)ە، یان (١٩٠٥)ە! ئەوی ڕاستی بێ لەکاتی خۆیدا ساڵی لەدایک بوونی گۆران بەپێی تەقویمی هیجری نووسراوە، دیارە ساڵی (١٣٢٢) بووە. کە ئەو ساڵەیان گۆڕیوەتە سەر تەقویمی مەسیحی دیویانە ئەو ساڵە دەکەوێتە نێوان

هەردوو سالّی (١٩٠٤) و (١٩٠٥). ئەگەر ڕۆژ، یان مانگ لەگەڵ سالّەکە لەناوەوە بوونایە ڕاستییەکە دەدۆزرایەوە. لەم حالّەتەدا لە ڕۆژهەلّاتناسی و کوردناسی ئەورووپا سالّی یەکەمەکە وەردەگرن، ئیتر مەسەلەکە ناچێتە ناو گفتوگۆی درێژدادڕییەوە، چونکە ئەوە هەلّناگرێ. ئەگەر مەسەلەکەش لەڕووی زانستییەوە زۆر گرنگ بێ هەردوو سالّەکە بەم شێوەیە دەنووسن (١٩٠٤/١٩٠٥). بەم پێیە بۆ گۆران و هەموو شاعیرانی دیکەمان لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەگەر سالّی هیجری کەوتبێتە نێوان دوو سالّی مەسیحی یەکەمەکەم وەرگرتووە. ئیتر بۆ لەدایک بوونی گۆران سالّی (١٩٠٤)م دەستنیشان کردووە. پێویست بەوە ناکا ناوی هەردوو سالّ ببرێ.

ئەم دوو نووسەرەی ڕیپۆرتاژیان لەگەلّدا کراوە گومان دەخەنە سەر ئەوەی گرتنی یەکەمی گۆران لەسەر مەسەلەی ئیختیلاسی پارە بووبێ، مەسەلەکە دەگەڕێننەوە سەر سیاسەت، لەبەر ئەوەی گۆران کۆمۆنیست بووە، بۆیە ئەم داوەیان بۆ ناوەتەوە بۆ ئەوەی وەک بەدڕەوشتێک بکەوێتە بەر چاو. بەڵگەی ئەمانە ئەوەیە بە کەفالەت بەردراوە تا ڕۆژی موحاکەمە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە هەموو مووچەخۆرێک ئەگەر لەسەر ئیختیلاسی دەستی لەکاربکێشرێتەوە وەکو حالّەتی گۆران حەپس ناکرێ تا بە کەفالەت بەربدرێ، تەنیا لە دائیرە دەوام ناکاو نیومەعاشیش وەردەگرێ تا بڕیاری دادگا بلاّو دەکرێتەوە، ئەوکاتە ئەگەر بێ تاوان دەربچێ ئازاد دەکرێ و هەموو نیو مەعاشەکانی دیکەی وەردەگرێتەوە. بە هەموو جۆرێکیش ئازاد بکرێ، یان بخرێتە بەندیخانەوە مافی خانەنشینی دەپارێزرێ.

هەر چۆنێ بێ مەسەلەی بڕینی قاسەی حکوومەت لە لایەن گۆرانەوە گومان تێدانییە، چونکە خۆی ئیعتیرافی بەوە کردووە کە قاسەی بڕیوە لەو شیعرە جوانەی لەبەندیخانە بۆ ئەم مەبەستەی گوتووە.

لەگفتوگۆکەدا لە وەرامی پرسیاری بیستەم ئەمە هاتووە: مارف خەزنەدار بەمنی گوتووە لە سالّی ١٩٥٥ لەگازینۆیەکی نزیک مەیدانی حافز قازی لەبەغدا گۆرانی بە سەیباب ناساندووە.

جارێ لەپێش هەموو شتێک نازانرێ ئەم پرسیارە کێ لەمنی کردووە! عادل گەرمیانی، یان پەیامنێری «گەلاوێژی نوێ»! هەرچۆنێ بێ ئەمە بەڕوونی نەنووسراوە، بەڵام دەبێ پرسیارەکە هەر عادل کردبێتی، چونکە من گفتوگۆی ئەدەبی و ڕۆشنبیریم لەگەڵ ئەم کۆوارەدا نەکردووە.

لەوەرامدا عادل قسەی منی بە سادەیی و تەماوی نەقڵ کردووە، چونکە سالّ سالّی ١٩٥٥ نەبوو، لەبەر ئەوە کەوتووەتە هەڵەیەکی زەقەوە. منی خستووەتە ڕوو ئەگەر یادداشتەکانم بەم زوانە بلاّوبکرێنەوە دەبێ هەموو ئەو شتانەی دەیانگێڕمەوە باوەڕیان پێ نەکا، دەڵێ «لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا لە دوو شت دڵنیام، یەکەم ئەوە کە مارف خەزنەدار بەدرێژایی سالّی ١٩٥٥ گۆرانی نەدیوە..» (١)

بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مەسەلەیە بەکورتی دەڵێم «لەسالّی خوێندنی زانستگا ١٩٥٦-١٩٥٧ من لە پۆلی چوارەمی کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا بووم. لەپاییزی ئەو سالّەدا مالّمان لە کۆلاّنی تەپەتولکوردی گەڕەکی فەزلی بەغدا گواستەوە گەڕەکی کەسرە لە ئەعزەمییەی بەرانبەر بە بارەگای مەلیک (البلاط الملكي). تازە لەم خانووەدا جێنشین بووین کە لە ماوەی مانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی سالّی ١٩٥٦ گۆران بەغدای کردبووە جێی ژیانی خۆی لەدوای ئازادبوونی لەبەندیخانە. لەو دەمەدا زۆرتر خەریکی چارەسەری نەخۆشی هۆگری کوڕی بوو لەبەغدا. وەک بزانم ئارەزووی ئەوەی هەبوو ماوەیەک لەبەغدا بژی بۆ ئەوەی لەسلێمانی دووربکەوێتەوە. ڕەفیق حیلمی ئەوکاتە لەشارەوانی بەغدا (أمانة العاصمة) لەسەر پەرشتی چاکسازی ڕێگەوبان لە ئەبوغرێب بەچاوەش دایەزراند بوو. ئەو گرووپە کرێکارە لەلایەن خوالێخۆش عومەر خەزنەداری برامەوە بەڕێوە دەچوو. گۆران بۆ سەر کار نەدەڕۆیشت، عومەر کارەکەی ئەوی دەکرد و هەموو هەفتەیەک ڕۆژانەی بۆ دەبرد و گۆران هاتوچۆی مالّی ئێمەی دەکرد و شەوێکیش لەمالّمان مایەوە.

لەوکاتەدا چوار سالّ بوو ئاشنایەتیم لەگەڵ بەدر شاکر سەیاب پەیداکردبوو. زۆر لێیەوە نزیک بووم، ئەگەر هەموو ڕۆژ چاوم پێی نەکەوتایە هەفتەی دوو سێ جار دەگەیشتینە یەکتری. بەزۆری هەردووکمان پێکەوە دەبووین، هەندێ جاریش لەگەڵ عەبدولڕەزاق عەبدولواحید و کازم جەواد ڕامان دەبوارد.

ئێوارەیەکی خۆشی پاییزی بەغدا بوو، لەچاپخانەیەک لە چاپخانە هاوینییەکانی سەربانی دوکانەکانی دەوروبەری گۆڕەپانی حافز قازی گۆران و سەیاب بۆ

یەکەمین جار ناسیاویان لەگەڵ یەکتری پەیدا کرد.

من و گۆران پێکەوە لەبابولموعەزەمەوە بەپیاسە لە شەقامی ڕەشید کەوتینەڕێ. کە سەرکەوتین بۆ سەربان سەیباب بەخۆی و کۆمەڵێک ڕۆژنامە و کۆوار و کتێبی ئینگلیزی لەچایخانەکە دانیشتبوو و چاوەڕێی ئێمەی دەکرد.

ماوەی زیاتر لە سێ سەعات دەمەتەقێ بوو، باسی هەموو شتێک کرا، بەتایبەتی ئەدەب تەنیا سیاسەت نەبێ. کات گەیشتە نیوەی شەو. نانی ئێوارەمان سیوجگەر (فەشافیش) بوو، هەر لەو سەربانە لەنزیک چایخانەکەوە کابرای کەبابچی سیوجگەری دەبرژاند بۆ دانیشتوانی کە لەوێ دەحەسانەوە. ئەمە یەکەم جار و دواجار بوو ئەم دوو شاعیرە گەورەیە چاویان بەیەکتری کەوت. ئیتر وابوو پێش کۆتایی ساڵی ١٩٥٦ گۆران بۆ دواجار گیرایەوە و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی مەلیکی لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ئازاد کرا.

ئەم وتارەی گەلاوێژی نوێ زانیاری تازەی تێدایە، بەڵام لەهەندێ جێگە زانیارییەکان لێڵ و تەماوین، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بەسەردەمی جموجۆڵی گۆرانەوە هەیە لەڕۆژگارانی ژیانی بەندیخانە و ژیانی تایبەتی خۆی لە سلێمانی و بەغدا.

* * *

کتێبی «گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا» یەکێکە لە کتێبە دەگمەنە چاکەکان کە لە کوردستانی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوکراونەتەوە. هەندێ کەموکوڕی تەکنیکی و فاکت و نادروستی بیری پێچەوانە و ئیجتیهادی کەسایەتی تێدایە کە دوورن لەشێوازی لێکۆڵینەوە و بەرنامەی زانستی. لەم ماوەیەدا بۆ بەڵگە هەندێکیان دەخەمە ڕوو.

١- لەپەراوێزی ژمارە (٩)، ل٦٠ نووسراوە (شانۆڤ، حوسێن عەلی...) ڕاستییەکەی ئەوەیە بنووسرێ (عەلی شانۆڤ) ئەمە لەقەبی حوسێنە. لەبنجدا بەیەک وشە حسێب دەکرێ (عەلی شان، یان عەلی شا). بەپێی دروست کردنی لەقەب لە زمانی ڕووسیدا پاشگری (ئۆڤ) دەخرێتە سەر هەموو ناوێک ئەگەر بکرێ بە لەقەب. ئیتر ئەم نووسەرە ناوی (حوسێن)ە و لەقەبی (عەلی شانۆڤ)ە، بەزمانی ڕووسی بەسەریەکەوە دەنووسرێ (عەلیشانۆڤ).

٢- لەپەراوێزی ژمارە(١٥)، لە ل٦٠ نووسراوە (سۆن، مێجەر...) ئەمە هەڵەیەکە نابێ لەنووسینی کوردیدا ڕووبدا، دیاردەیەکی ناشیرینە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا. ئەم ئەفسەر و کوردناسە ئینگلیزە ناوی (ئیلیا)یە، لە قەبی (سۆن)ە. لەبەر ئەوەی لە سوپادا پلەی (مێجەر، یان مایۆر)ی بووە لەناو خەڵکی بە (مێجەر سۆن) ناسراوە، لە قسەکردندا، بەم جۆرە ناوی کەوتووەتە سەر زمانی خەڵکی، بەڵام لەکتێب و باس و وتار و بڵاوکردنەوە بەناوی (ئیلیاسۆن) بڵاوکراوەتەوە، لەبەر ئەوە لە نووسینیدا پێویستە ناوی بە (ئیلیا سۆن) تۆمار بکرێ و (مێجەر) بەکارنەهێنرێ.

٣- نموونەی شیعر و هەندێ نووسینی دیکە لەکتێبەکەدا بەتیپ و ئەلفوبێ و خەت و حەرفی جوانکاری (حروف الزینة) چاپ کراون، ئەمە لەکاری زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی پەسەند نییە، لەکاری هونەری و ئەلبوومی و بڕوانامە و دوکیومێنتی یادگاری گرنگ بەکار دەهێنرێن.

٤- لەکتێبەکەدا هەڵەی چاپی کەم نییە، پێویستە هەڵەچنی لەچاپی هەموو تێکستێک تەنیا بەتاکە کەسێک نەسپێررێ. ئەو سەردەمە کۆنە بەسەرچووە، واتە دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم کتێبی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەند لاپەڕەیەکی کۆتایی کتێبەکە بۆ (غەلەتنامە) تەرخان دەکرا. ئەوکاتە تیپی نووسینی بۆ ئامادەکردنی کتێب بۆ چاپ بەدەست دەچنرا، ئێستا بەکۆمپیوتەرە، مەسەلەکە ئاسان بووە و تەنیا هۆشیاری پێویستە.

پەراوێز:

(١) قسەکانی عادل هەندێ درێژە و تێکەڵ و پێکەڵیش بووە، خوێنەری ئەم وتارە ئەگەر مەبەستی بێ دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ کتێبی (گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٨٠).

چۆنیەتی پێکهاتنی وەگێڕ و کەسایەتی لە کورتە چیرۆکی «پێکەنینی گەدا»دا

د. محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی
(سنە)

کەسایەتی و وەگێڕ [ڕاوی] دوو سەرچاوەی بنەڕەتی گێڕانەوەن لە چیرۆکدا. هێندێک ڕۆمان، یان کورتە چیرۆک دەوری سەرەکی گێڕانەوە دەدەن بە وەگێڕ و هێندێکیش بە کەسایەتی. بە وتەی باختین لە چیرۆکی چەشنی یەکەمدا «مەودای وەگێڕ۲» بەهێزە و لە چیرۆکی چەشنی دووهەم «مەودای کەسایەتی۳». بەڵام لە ڕاستیدا، هەروەک ئالەن ڕاباتێل٤ چیرۆکناسی فەڕەنسایی دەڵێ ئەم دوو مەودایە هێند تێکەڵن کە زۆر جار سنوورەکانی یەکتر دەبەزێنن. بۆ نموونە دەکرێ لە بەشێکی چیرۆک کە کەسایەتی دەیگرێتەوە، دەستێوەردانی وەگێڕی تێدابێ، یان بە پێچەوانە. ئەو تایبەتمەندییە پێوەندی هەیە بە چەشنی ڕۆمان، یان کورتە چیرۆک.

بە گشتی، دەستێوەردانی وەگێڕ زۆر باوترە لە دەستێوەردانی کەسایەتی، هۆیەکەشی ئەوەیە کە مەنتیقی چیرۆک، هێندێک ئەرک دەدا بە وەگێڕ کە کەسایەتی لێیان بێبەشە: وەگێڕ بەشێوەیەکی ئاسایی ڕێکخەری چیرۆکە [گێڕانەوە، سازدانی کات و شوێن، ڕێکخستنی پلەکانی گێڕانەوە]. بەڵام مەودای وەگێڕ تەنیا لەو ئەرکانە کورت نابێتەوە، بەڵکو هندێک تایبەتمەندی دیکەش هەن کە وەگێڕ لە کەسایەتی نزیک دەکەنەوە، وەک ئەرکی ئایدیالۆژیک، یانی ئەو چیرۆکەی دەیگێڕێتەوە، بێشک هەڵگری هێندێک بیروبڕوایە کە وەگێڕ [وەک ئاوێنەی زەینی ناوشیاری چیرۆکنووس] دەیەوێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەربڕێ. شتێکی دیکە کە وەگێڕ لە کەسایەتی نزیک دەکاتەوە ئەوەیە کە وەک کەسایەتی، وەگێڕیش چەشنێک

دەروونییەت، یان سوبژێکتیویتەی هەیە کە کاتی گێڕانەوە دەربیدەخا [بۆ نموونە دەربڕینی هەستی هۆگری، یان دژایەتی لە ئاست کەسایەتی، یان نرخاندنی ڕووداوەکان، یان گاڵتەکردن بە کەسایەتی].

هەروەک گوتمان دەوری کەسایەتی لە چیرۆکدا پێوەندی هەیە بە چەشنی ڕۆمان، یان کورتە چیرۆک، بۆ نموونە لە ڕۆمانی ئۆتۆبیۆگرافیک، یان ڕۆمانی «ژیاننامەی خۆنووس» کەسایەتی و وەگێڕ یەکێکن. کەوابوو کەسایەتی یەکەمی چیرۆک هەموو ئەرکەکانی وەگێڕ وەئەستۆی خۆیدەگرێ. بۆ نموونە لە ڕۆمانی دوورو درێژی پرووست واتە بە دوای کاتی لە دەستچوو، مارسێل هەم کەسایەتی و هەم وەگێڕە و تەواوی ئەرکەکانی گێڕانەوە وە عۆدەی خۆ دەگرێ.

بەڵام لە چیرۆکی سێیەم کەس، یانی لەو ڕۆمان، یان کورتە چیرۆکانەی وەگێڕ و کەسایەتی یەک نین و بگرە وەگێڕ زۆر جار نەناسراوە، ئەو سنوورە زۆر دژوارتر دەبێ.

ئەم پێشەکییە کورتە تەنیا مەبەستی نیشاندانی گرینگی وەگێڕ و کەسایەتی لە چیرۆکدا بوو بەگشتی، بەڵام بۆوەی بزانین، لە ڕۆمان، یان کورتە چیرۆکێکی تایبەتدا، دەوری هەر کامێک لەو دوو سەرچاوەیە (وەگێڕ و کەسایەتی) چۆنە، دەبێ چۆنێتێ پێک هاتنیان لەو ڕۆمان، یان کورتە چیرۆکەدا شیبکەینەوە. هەڵبەت، ئەوە شتێکی ڕوونە کە دارشتنی پێکهاتەی ڕۆمان و کورتە چیرۆک زۆر لێک جیاوازن و کورتە چیرۆک بەهۆی کورتبوونی و دارشتنی تایبەت [ژمارەی کەمی کەسایەتییەکان، ڕووداوەکان، تاد] بە ئەندازەی ڕۆمان مەودای سازکردنی وەگێڕ و کەسایەتی نییە و کەسایەتییەکانی کورتە چیرۆک زۆر ساکارترن لە کەسایەتییەکانی ڕۆمان. کەوابوو، لە لێکدانەوەی چیرۆکی (پێکەنینی گەدا) ئەو تایبەتمەندییە لە بەرچاو گیراوە.

ڕەوشتی لێکدانەوەی ئێمە، ڕەوشتێکی زماناسی- نیشانە ناسانەیە، و وەگێڕ و کەسایەتی وەک دوو دیاردەی زمانی وەبەرچاو دەگیرێ و نەک تەنیا وەک دوو بوونەوەری گیانداری ئامادە [بەشێوە] ئینسان.

پێکهاتنی کەسایەتی [حەمەڕەش]

هەروەکو گوتمان، کەسایەتی، یەکێک لە تەوەرەکانی هەر چیرۆکێک و لە هەمان کاتیشدا یەکێک لە

حەسەنی قزڵجی

کلیلەکانی تێگەیشتنی چیرۆکە. لێکدانەوە نەریتییەکان، کەسایەتی تەنیا لە هێندێک تایبەتمەندی دەروونناسانە کورت دەکەنەوە و زۆر جار کەسایەتی وەک گیانلەبەرێکی ڕاستەقینە وەبەرچاو دەگرن، واتە کەسایەتی [کە پێکهاتەیەکی زمانی چیرۆکییە] لەگەڵ کەس [یانی ئینسانی زیندووی دنیای واقیعی] بەیەک دادەنێن. بەڵام وەبەرچاوگرتنی کەسایەتی وەک نیشانەیەکی زمانی یارمەتیمان دەدا ئەم دیاردەیە وەسف بکەین. وەسف کردنی کەسایەتی وەک نیشانەش یانی لە ڕاستیدا «هەڵبژاردنی ڕوانگەیەک کە کەسایەتی دەخاتە نێو پەیامێکی [واتە دەقی چیرۆک] زمانی کە لە کۆمەڵێک نیشانە پێکهاتووە.»٦

کورتە چیرۆکی پێکەنینی گەدا بەسەرهاتی کابرایەکی جووتیاری خەڵکی شارەزوور بەنێوی «حەمەڕەش» دەگێڕێتەوە کە لەبەر نەهاتی و نەداری و بەهیوای دۆزینەوەی کارێک هەڵوەدای شاری هەڵەبجە دەبێ. بەڵام لەبەر نەخۆشی و لاوازی، کەس کاری ناداتێ و ناچار دەبێ دەست بکات بە سواڵکردن.

پێک هاتنی کەسایەتی حەمەڕەش لەڕێی هێندێک ئامێری زمانی و نیشانەیی بەڕێوەدەچێ. ئەم نیشانانە دەکرێ لە پەرەگرافێک، یان لە تەواوی دەقدا بڵاوببنەوە. ئەرکی شیکردنەوەی زمانەوانەیی ئەوەیە ئەم نیشانانە کۆکاتەوە و بۆ لێکدانەوەی دەوری کەسایەتی لە ڕووداوەکان و هەروەها لە تەواوی دەقدا کەڵکیان لێ

وەرگرێ. هێندێک لە ئامێرەکانی سازبوونی کەسایەتی لە کـورتە چیـرۆکی پێکەنینی گـەدا بریتین لە: ناونانی کـەسایەتی، نیـشـانە کـردن [دووپات کـردنەوە، شـێـوە ئاوەڵناوەیی... تاد]. لێـــرەدا، دەوری هەر کـــام لەم ئامێرانە لە پێکهاتنی کەسایەتیدا شیدەکەینەوە.

نێوڵێنانی کەسایەتی

نووسـەر نێـوێک بۆ کـەسـایەتی، یان کـاراکـتـەری چیرۆکەکەی هەڵدەبژێرێ. نێوی کەسایەتی دەبێ هەڵگری تەواوی تایبەتمەندیەکانی ئەو و ئەو بایەخانە بێ کە وەگێڕ دەیخاتە پاڵی.

هەڵبژاردنی نێوی حەمەڕەش بۆ ئەو چیرۆکە هەڵکەوتی و لە خـۆوە نـیـیـە بەڵکو هێندێک هۆی سـەرەکی هەیە: حـەسـەن قـزڵـجی وەک پسـپـۆری کـۆمـەڵی کـوردەواری، دەزانێ کـــابرایەکی ڕەش و ڕووتی، لەڕوڵاوازو لادێیی ناتوانێ هەڵگرێ ناوێک بێ کـــە لەگـــەڵ بارودۆخی چینایەتی ئەویەک نەگرێتەوە. ئەگەر لە جێی حەمەڕەش، قارەمانی چیرۆک ناوی «بایز ئاغا»، «عەلی خان» یان شـتـێکی تر بایە، ئەو بۆچوونە یان لەگـەڵ مـەنـتـیـقی چیـــرۆکـــەکـــە نەدەهاتەوە یان تەواو بایەخـــەکـــانی ئایدیۆلۆژیکی چیرۆکەکەی دەگۆڕی. وەک پەراوێزێک دەبێ بڵـێـین کـە نێـوی «حـاجی ڕەشـیـد»یش بۆ خـۆی هەڵگری هۆ و مـانایەکی تایبـەتـیـیـە. هەر کـەسایەتێک دەبێتە نیشانەو نوێنەری بەهایەک.

با بگەڕێینەوە سەر باسی کەسایەتی یەکـەمی کـورتە چیـرۆک. نێـوی کـەسـایەتی چیـرۆک پێکهـاتووە لە دووبەش: حەمە+ ڕەش. ئاوەڵناوی «ڕەش» ڕەنگە خوازە یـەک بـێ بۆ چـارەنـووسی ڕەش و بـارودۆخی نـالـەبـاری قارەمانی چیرۆک.

چەند وێنای پڕمانای دیکەش ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن:

«دووکـــەڵەکـــە لە کـــونێکی ڕەشی گـــەورەی وەک ئەشکەوت دەهاتە دەرێ، خـــۆی کـــرد بە کـــونەکـــەدا» [حـەسـەن قـزڵـجی، پێکەنینی گـەدا، بەغـدا، ۱۹۸۵، چاپی سێـهـەم، چاپەمـەنی ڕهرەوی مـەهاباد، ۱۳۷۷، ل۲۰]

قـیـــر، خـەتی ڕەش: «ئەوەندە بایەکـــە ڕایدەوەشـــاند بەفـرەکـە بۆیەی سـپی تێ هەڵدەسـوو. فـایدەی نەبوو، سـەرتاپا دەتگوت لە قـیـرت هەڵکێـشـاوە، ڕەشـاوی لێـدەچۆڕاوەو بە دوایدا خـەتێکی ڕەشی لەسـەر لاپەڕەی بەفری سـەر زەوی دەکێـشـا، بەڵام لەو وەخـــتـــەدا کێ هەبوو ئەوەندە وردبێ ئەم خـــەتە بخـوێنێتـەوە و بەسـەرهاتی ئەو تێبگات؟ [لاپەڕەکانی ۲۱-۲۲]

۳- دووپات بوونەوەی واتەیی [وشـە] کـە دەکـرێ بە چەند شێوە بێ:

(۱-۳) جێگری واتەیی: یان وشەیەک جێی وشەیەکی بەفـری سـەر زەوییەکـە دەکێـشـا، بەڵام لەو وەخـتـەدا کێ هەبوو ئەوەندە وردبێ ئەم خەتە بخوێنێتەوەو بەسەرهاتی ئەو تێبگات [هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ۲۱ و ۲۲].

نیشانکردنی کەسایەتی

نیشانکردنی کەسایەتی چیرۆک یانی خستنی هێندێک تایبـەتمەندی و نیـشـانـە، دوای نێـولێنانی. ئەم خـاڵە بۆ خوێنەری چیرۆک گەلێک گرینگە چونکە بەیارمەتی ئەو نیـشـانانە خـوێنەر وێنەیەک لە قـارەمـانی چیـرۆک لەلای خـۆی پێـک دێنێ کـە دەتوانێ ببـێـتـە هۆی سـەمـپـاتی [هۆگری] یان ئانتی پاتی [دژایەتی و کینەی] خوێنەر لە ئاست قارەمان.

نشانەکردن لە ڕێی چەند ئامێری زمانەوە بەڕێوە دەچێ:

۱- دووپات کـــردنەوەی نێـــوی کـــەســـایەتی: هەتا نێوەڕاستی چیرۆکەکە نێوێک لە ئارادا نییە و قارەمان تەنیـا بە ڕاناوی «ئەو» کـە زۆریش ونە دیاری دەکـرێ. پاش هێنانی نێـوی «حـــەمـــەڕەش» و بە پەرەســـەندنی چیـــرۆکـــەکـــە، نێـوی «حـــەمـــەڕەش» بۆ نۆ جـار دووپات دەبێتەوە.

دووپات کـــردنەوە یـارمـــەتی خـــوێنەر دەدا بەدوای کـەسـایەتی چیـرۆکدا بڕوا و بەم چەشنە زانیـاری خـۆی لەمەڕ ئەو زیاد کا. هەڵبەت هەر نێوی کەسایەتی چیرۆک نیـیـە کـە ئەم دەورە دەگـێـڕێ بەڵکو، دووپات بوونەوەی هێندێک ئامێری زمـانی تریش یارمـەتی خـوێنەر دەدەن کەسایەتی بەپێی پەرەگرتنی چیرۆک چاکتر بناسێ:

۲- ڕاناوی سێـیـەمین کەس: ئەم جۆرە دووپات بوونە تەنانەت لە دووپاتبـوونەوەی نێـوی کـەسـایەتی زۆرترە. چەند نموونەی خوارەوە:

«ئەو و گـەوزەی ئەو لە درەودا دەیـوەشـاند، کـەم پاڵە هەبوو بیـوەشێنێ» [هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ۱۹۵]

«فـایدەی نەبوو، ســەر تاپا دەگـوت لە قـیـــرت هەڵکێشاوە، ڕەشاوی لێ دەچۆڕاوە و بە دوایدا خەتێکی ڕەشی لەسـەر لاپەڕەی بەفری سـەر زەوی دەکێـشـا، بەڵام لەو وەخـــتـــەدا کێ هەبوو ئەوەندە وردبێ ئەم خـــەتە بخـوێنێتـەوە و بەسـەرهاتی ئەو تێبگات؟ [لاپەڕەکانی ۲۱-۲۲]

۳- دووپات بوونەوەی واتەیی [وشـە] کـە دەکـرێ بە چەند شێوە بێ:

(۱-۳) جێگری واتەیی: یان وشەیەک جێی وشەیەکی

دیکه دەگـرێ کـه بـه مـاناوه زۆری لێ نزیکه. لـه نموونەی خـوارەوه وشـەی «گـەدا» بەجـێی «حـەمـەڕەش» بەکـار هاتووەو «سـەعـه» (بـه ئیـشـارەی ناڕاسـتـەوخۆی وەگـێڕ) نیـشـانـەیەکی گـرینگ دەخـاتـه پاڵ قـارەمـانی چیـرۆک و ڕەسـمـیـەت دەداتـه هاتنی بۆ نێـو ڕیزی گـەدایان، یان باشتره بڵێین چەوساوەکان:

سـەعـه قـاپی یەکی و کـردەوه، چاوی بـه حـەمـەڕەش کەوت. لـه وەڵامی کابرادا گوتی: بەگم، بێژم چی! داوەڵێ ڕەشه، وادیاره گەدایه.» [لاپەڕه ٢٣]

(٢-٣) شێـوەی ئاوەڵناویی: لەم چەشنه دووپاتەیەدا هێندێک ڕستە دەخرێنە پاڵ کەسایەتی کە تەوسیفین. نموونەی خوارەوە ئەوەمان پێدەسەلمێنێ:

«حـەمـەڕەش بە درێژای ژیانی کـوڕی ناو مـەزراو و شیناوەرد بوو...» [لاپەڕەی ١٩].

لێرەدا، دەستەواژەی «کوڕی ناو مەزراو و شیناوەرد» وەسـفی بارودۆخی حـەمـەڕەش پێش ئەوەی تووشی مەینەتباری و کۆچی شاری بێت دەکا. بە بەراوردکردنی ئەو دوو نیـشـانەی کـه خـراونەتە پاڵ حـەمـەڕەش یانی «کـوڕی ناو مـەزرا و شـیناورد» و «گـەدا» بۆمـان ڕوون دەبێـتـەوە کـه وەگـێڕ [و بەشـێـوەیەکی ناڕاسـتـەوخـۆ نووسەریش] چەشنێک مێتامۆرفۆزی [ڕەمۆزن] سەلبی قارەمانمان پێ نیشان دەدا. بەڵام ئەم مێتامۆرفۆزە زۆرتر هۆی کـۆمـەڵایەتی هەیە تا تاکـه کـەسی. لێـرەدا دەبێ بە کورتی بڵێین کە شێوەی نیشانەکردنی کەسایەتی چیرۆک لـه ڕاسـتـیـدا بۆچوونی وەگـێـڕ و نووسـەر لـه ئاست کەسایەتێکان و ڕووداوەکانی نێو دەقەکه دەسەلمێنێ.

جگه لـه نێـوی کـەسـایەتی، هێندێک ئامـێـری دیکەی نیـشـانـه کـردن دەور دەگـێـڕن لـه ناسـاندنی بەخـۆیـنەر، بەتایبەت پێناسەی کەسایەتی:

پێناسەی کەسایەتی

سێ شت بەتایبەتی کەساتێمان پێ دەناسێنن: لەش، لیباس، ژیانی دەروونی کەسایەتی.

١- لەش: لەشی کەسایەتی وێنای جیسمی ئەو دابین دەکا. کـەسایەتی حەمـەڕەش بەو جۆرەی وەگـێڕ وەسـفی دەکـا لـەشـێکی نەخـۆش و لەڕولاوازی هەیە: «دەتگوت ملی وەکـو فـەنەرێکی ڕەواوە وایەو توانای ئەوەی تێـدا نەماوە سەرەکەی بۆ بەرزکاتەوە... ئەمجار پەنجەکانی لە بەریەک ترازاند و دەستی نا سەر زەویەکـه. بەو نەخـتـه هێـزەی کـه لـه دەسـتـیـدا مـابۆوە یـارمـەتی قـاچەکـانیـدا، هەموو جمگەکانی کەوتنە قرچە قرچە تا ڕاسـتـەوە بوو» [ل١٨٠]

٢- لیـبـاس: ئەو لیـبـاسـەی کـەسایەتی لە بەری دەکـا نەتەنیـا پێـمـان دەڵێ لـه کـام تۆێژی کـۆمـەڵایەتی وفەرهەنگییەوە دێ، بەڵکو نیشاندەری سیما و ڕوالەتی ئەوە: وەگـێڕ زۆر باسی پۆشاکی حەمەڕەش ناکا. تەنیـا باسی لێفە شڕەکەی دەکا کە لە هەموو جێیەک بە دوای خۆیدا دەیکێشی.

هەڵبـەت لـه سـەرەتای چیـرۆک، نووسـەر بەشـێـوەیەکی خـوازەیی و بەهێنانی مـەتەڵێکی کـوردی ئامـاژە بە بێبەرگی کەسایەتی چیرۆک دەکا: «بێ کراس گەزەجاو بە خەو دەبینێ» [ل١٦٠]

٣- ژیانی دەروونی: وەنسـان ژوو٨، بووتیـقـانـاسی فـەرانسـایی دەڵێ: «ژیانی دەروونی کـەسـایەتی چیـرۆک پێـوەندی هەیە لەگـەڵ هێندێک فـەرمـان [فـیـعـل] وەک توانین، ویستن، زانین و پێـویست بوون، لە ڕاسـتـیـدا پێـوەندی خـوێنەر لەگـەڵ کـەسـایەتێکانی چیـرۆک لە چوارچێـوەی ئەم فـەرمـانـانەدا هەڵدەکـەوێ: ئەگـەر کەسایەتی تەنیا ئەو شتەی بوێ کە دەتوانێ ئەنجامی بداو تەنیـا ئەو شـتـه دەزانێ کـه پێـویسـتـه ئەنجامی بدا، ئەو کەسایەتییە بە کەسایەتییەکی ساکار و ساویلکە [گەوج] دەناسرێ. بەڵام ئەگەر ویستی کەسایەتی زیاتر لە توانایی ئەو بێ و زیاتر لەوەی پێویستە بزانێ، ئەم کەسایەتییە ژیانێکی دەروونی قوولّی هەیە. «٩»

هەرچەندە ژیانی دەروونی کـەسـایەتی ڕۆمـان بەهۆی درێژبوونی [ڕۆمـان] زۆرتر پەروەردە دەکـرێ تا ژیانی دەروونی کەسایەتی کورتە چیرۆک، بەڵام حەمـەڕەش لە کـورتە چیـرۆکی پێکەنینی گـەدا، ژیانێکی دەروونی مـامناوەندی هەیە. لە کـەسـایەتی حـەمـەڕەش ئەو چوار فـەرمانەی باسـمـان کردن، بەشـێـوەیەکی نابەرابەرو جاری وایە دژ بە یەک دابەش کراون:

١- توانین/ ویستن: توانایی کەسایەتی چیرۆک لەگەڵ ویستی ئەو یەک ناگرنەوە. کارەساتی ئەم کورتە چیرۆکە شایەد هەر لەوەشدابێ: لە حاڵێکدا حەمەڕەش دەستی لە ژیانێکی ئاسـایی شـتـووەتەوە [ژنوو مندالّەکی کـەی مـردوون، مـانگاکـەی حاجی ڕەشـیـد بردوویەتی و...]، بەڵام ویسـتـی کـارکـردن و هاتنەدەر لەو حـاڵە نالەبارە لە دەروونی دا زۆر بەهێـزە. دوو شت پێـشـی ئەم ویسـتـه

دەگـرن: لەشی لەڕولاواز و نەخـۆش (هۆی ڕوالـەتی) و جەبری ئابووری- کـۆمـەلایەتی (هۆی ڕاسـتـەقـینە). ئەم دژایەتـیـیـەی نێـوان توانین/ ویستن، دەتوانی نموونەیەک بێ لە ژیانی واقیـعی زۆر کـەس و لە ئاکام ببێـتـە هۆی سەمپاتی و بگرە بەزەیی خوێنەر بەرانبەر حەمەڕەش.

٢- زانین/ پێـــویست بوون: ئەم تەوەرەیـە لە لای کەسایەتی زۆر پەروەردە نەکراوە، زۆر جار وەگێڕ ئەم کارە لە جێی حەمەڕەش ئەنجام دەدا. وەگێڕی چیرۆکی قزڵجی لە بـاری بەڕێوەبردن لایەنی ئایدۆلۆژیکی چیـــرۆک لە وەگێڕی هێندێک لە ڕۆمانەکانی ئێمیل زۆلا«١٠» زۆر نزیکە، یانی لە زۆر جێ کـــردەوە دەســـپـــێـــردرێ بە کەسـایەتی، بەڵام لێکدانەوەو ڕامـان لەژێر دەسـتـەڵاتی وەگێڕ دەمێنێتەوە.

بە بەراوەردکـــردنی ئەم دوو جـــوتە تەوەرە [توانین/ ویستن، زانین/ پێـویست بوون] بەو ئاکـامـە دەگـەین کـە کەسایەتی حەمەڕەش نە ساکارە نە قوڵ، بەڵکو لە نێوان ئەو دوو قـۆناغـــەدا هەڵکەوتووە. کـەســایەتی کـــورتە چیـرۆکی پێکەنینی گەدا بەو جۆرەی پێـویسـتـە سـازو پەروەردە کـراوە: ئیـمکانی سـازکـردنی کـەسـایەتێک کـە دەروونێکی ڕەوانی قـــووڵی بێ لە چوارچێـــوەی کـــورتە چیرۆکدا زۆر ئەستەمە، ئەویش لە کورتە چیرۆکێک دا کە لە چوارچێوەی ڕیالیسمی سۆسیالیستی هەڵدەکەوێ و لەودا، کـردەوە و تێکۆشـانـی ژانی ڕۆژانە بەهێـزتـرە لە بیـــرکـــردنـەوەی دەروونی. بەڵام لەلایەکی دیکەش، کەسایەتی حەمەڕەش ساکارو سادە نییە، بەڵکو هەروەک دیتـمـان تەوەرەی توانین/ ویستن لەودا (هەرچەند بە ئەندازەیەکی نابەرابەر) بە هێـــزە و تەوەرەی زانین/ پێـویست بوون لەودا «ئاوڵەمـەیی [جـەنینی]»یە، یانی ئەگەرچی ڕامانی فەلسـەفی و قووڵ لە کەسـایەتی بەدی ناکـرێ، بەڵام لە زۆر جێ، کـەسـایەتی لە حـاڵی زاری ئاگـاداڕە، دەوروبەری خـۆی جـوان دەبینێ (هەڵبـەت هێندێک جار هەست بەوە دەکەین کە حەمەڕەش لە نێوان خـەون و بێداریدایەو زۆرتری هەسـتـەکـانی لە قـۆناغی فیزیۆلۆژیکی تێناپەڕن).

پێک هاتنی وەگێڕ

پێکەنینی گەدا، چیرۆکی سێیەم کەسە [ئەو]. کەوا بۆ وەگێڕ نە ناسـراوە، بەڵام نیشـانەکانی بوونی لە تەواوی چیـــرۆکـــدا خـــۆیان دەنوێنن. لە زۆر جێ هێندێک دەسـتـێوەردان، هێندێک تەفسـیـر و بڕیار بوونی وەگـێڕ نیشـان دەدەن: بە یارمەتی چەند نموونەی هەڵبژێردراو لە دەقی پێکەنینی گـەدا، هەوڵ دەدەین وەگـێـڕ لەو کـورتە چیرۆکەدا سازکەینەوە:

«لێفە شڕەکەی بە شانیدا دا، دەستی دا گاڵۆکەکەی و لەق لەق کەوتە ڕێ. ئەوەندە بایەکە ڕایدەوەشاند بەفرەکە بۆبەی سـپی تێـهـەڵدەسـوو، فـایدەی نەبوو، سـەرتـاپا دەتگوت لە قـیرت هەڵکێشاوە، ڕەشاوی لێدەچۆڕاوەو بە دوایدا خـەتێکی ڕەشی لەســەر لاپەڕی بەفـری ســەر زەوییەکە دەکێشا، بەڵام لەو وەختەدا کێ هەبوو ئەوەندە وردبێ ئەم خەتە بخوێنێتەوە و بەسەر هاتی ئەو تێبگا؟» [هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢١- ٢٢]

لێـرەدا ئامـرازی پێـوەندی «بەڵام» دەقەکـە دەکـا بە دوو بەش: بەشی یەکـەم گـێـڕانەوەی سـاکـاری ڕووداوەکـانەو تەواوی فەرمانەکان بەکاتی ڕابردوون، بەڵام بەشی دووەم زۆرتر بەڵگە هێنانەوەیە [ئیـسـتـیـدلال] و وەگـێـڕ بە پرسـیـاری گرنگ کە بێ وەڵام دەمێنێتەوە، سـەمـپـاتی و بگرە دڵسـۆزی خـۆی لە ئاست حـەمـەڕەش-دا دەسـەلمێنێ (ئەو شـتە لە ڕاسـتیدا بۆچوونی خودی نووسەرە بەرانبەر بەچینی چەوسـاوە). بە زمـانـی سـاکـارتر، بەشی یەکـەم گێڕانەوەی پەتی و بەشی دووەم، تەفسیرییە.

چەندین نموونەی زۆر بەرچاوی دیکەش بوونی وەگـێـڕ دەسەلمێنن:

«ئەگـــەر لەو وەخـــتـــەدا ســـەری بەرزکـــردایەتەوە لە بەرانبـەری خۆی ببڕوانییایەتە تەبەقی ڕۆژ، ڕەنگ بوو لە کـولێـرەیەکی گـەنمەشـامی داغ بەولاوە هـیـچی تری بە خەیاڵدا نەهاتایە. «بێ کراس گەزە چاو بەخەو دەبینێ». کـابرای نەخـۆش و برسـیـیش کـە چاوی تراویلکە دەکـا، دوور نییـە ڕۆژی لێ ببێـتـە کولێرەی زەردو زۆڵی گـەرمـە تەنووری گەنمە شامی» [لاپەڕەکانی ١٦- ١٧]

وەک نموونەی پێـشـوو، ئەم دەقـە گـێـڕانەوەو تەفسـیـر تێکەڵ دەکا: لە گێڕانەوەی پەتی دەست پێدەکا تا دەگاتە قۆناغی تەفسیری:

١- ئەگـەر لەو وەخـتـــەدا ســەری بەرز کـردایەتەوە لە بەرانبەری خۆ ببڕوانییایەتە تەبەقی ڕۆژ...

٢- ڕەنگ بوو لە کولێرەیەکی گەنمەشامی داغ بەولاوە هیچی تری بە خەیاڵدا نەهاتایە.

٣- کابرای نەخۆش گەزەجاو بەخەو دەبینێ

٤- کـابرای نەخـۆش و برسـیـش کـە چاوی تراویلکە دەکا، دوور نییـە ڕۆژی لێ ببێـتـە کـولێرەی زۆرد و زۆڵی گەرمە تەنووری گەنمەشامی

لە ڕستـەی دووەمـەوە، وەگـێـڕبوونی خۆی ڕادەگـەیەنێ: بەکـارهێنانی دەسـتـەواژەی «ڕەنـگ بوو» هەوڵی یەکـەمی

وەگێڕ دەنوێنێ، بۆ ئەوەی بچێتە نێو زەینی حەمەڕەش و بزانێ شت چۆن دەبینێ! هەڵبەت هەروەک سەلماندمان، کەسایەتی چیرۆک واتە حەمەڕەش بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە لەنێو چیرۆکەکەدا، بەڵام ڕشتەی گێڕانەوە لە دەست وەگێڕدایە. دەستەواژەی «ڕەنگبوو» لە هەمان کاتدا کە نیشانەی حوزووری وەگێڕە، بەڵام بەو مانایەی بەکار هاتووە، نیشان دەدا کە وەگێڕ نایەوێ بۆچوونی خۆی داسەپێنێ. بۆیە بە بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە هەوڵ دەدا لە قۆناغەکانی ڕیالیزم نەچێتە دەرێ. هێندێک ئامێری ئەوتۆ لە ڕاستیدا یارمەتی نووسەر دەدەن بۆ وەی لە سنووری چیرۆکی پەتی بمێنێتەوە نەکەوێتە نێو زیادبێژی ئایدیۆلۆژیک ئەو ئامێرانە لە کورتە چیرۆکی پێکەنینی گەدادا کەم نین «لەوە دەچوو»[ل. ١٧]،» وادیاربوو «[ل.١٧]،» بەڵام دژوار بوو بزانرێ «[١٨]،» بەڵام وادیاربوو «[ل.١٩٠]،»

وەگێڕ پێمان دەڵێ ئەوە من نیم ئەو شتانە دەڵێم، خودی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی سروشتی وا دەچێتە پێش.

تەواوی ئەو دەستەواژانەی سەرێ کە جێی دەستی وەگێڕیان پێوە دیارە لە هەمان کات وەک ئامێری ونکردنی ئاسەواری وەگێڕ دێنە کایەوە: نووسەر هێندێک مێکانیزم دەخاتە ڕوو بۆ «عەینی» نیشاندان و ڕاستنواندنی چیرۆکی خۆی و شاردنەوەی هەر شتێک بۆنی دەستێوەردان و نرخاندنی نابەجێی لێ بێ. جیاوازی کورتە چیرۆکی پێکەنینی گەدا دەگەڵ هێندێک لە کورتە چیرۆکەکانی تری نووسەر ئەوەیە چیرۆکنووس تا ئەو جێیەی دەتوانێ لە چوارچێوەی چیرۆکی پەتی دەمێنێتەوە. ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورەیە.

بەڵام، هێندێک یاسای دەروونی چیرۆک و کورتە چیرۆک ئەم ئیزنە بەوەگێڕ دەدەن وەک کارگێڕی چیرۆک بێتە مەیدان و ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان کۆنترۆڵ بکات: ڕادەی ئەم دەستێوەردانە بەستراوەتەوە بە چەشنی ڕۆمان، یان کورتە چیرۆک.

ئێتۆس و وەگێڕ

بۆ ناسینی زیاتری وەگێڕ لە پێکەنینی گەدا دەبێ «ئێتۆس»ی ئەو دووبارە سازکەینەوە. ئەرستۆ بەم چەشنە ئێتوس پێناسە دەکا:

«ئێتۆس بریتیە لە هێندێک تایبەتمەندی و کاراکتەر کە بێژەر لە قسەکانیدا دەریدەخا بۆ ئەوەی وێنەیەک لە خۆی نیشان بدا کە لەگەڵ کەسایەتی و وتاری ئەو یەک بگرێتەوە».١٢

کەوابوو ئێتۆس هێندێک شێوازی بوون و ئاخاوتنە کە یارمەتی ئێمە دەدا وێنەیەک لە وەگێڕ ساز بکەین کە بتوانێ بایەخەکان و «بەڵگەکانی»١٣ ئەو لە چیرۆک دا ساغ کاتەوە.

ئێتۆسی وەگێڕی چیرۆکی پێکەنینی گەدا دەتوانێ بەدوو شێوە پێک بێ:

١- ئێتۆسی پێش دەق: یانی وێنەی چاوەڕوان کراو لە وەگێڕ، پێش نووسنی چیرۆکەکەی. وەگێڕی چیرۆکی قزڵجی وەک نوێنەری بیروڕاکانی ئەو ناشێ وێنەیەکی بێ کە لەگەڵ بڕوای ئەو دژایەتی بێ. ئێتۆسی پێش دەقی وەگێڕی قزڵجی لەگەڵ ئێتۆسی وەگێڕی ناو دەقی چیرۆکی پێکەنینی گەدا تەواو یەک دەگرنەوە. هەروەک چۆن قزڵجی چیرۆکنووس بڕوای بە کێشەی چینایەتی هەیە و هۆگری چینی چەوساوەیە، وەگێڕ لە چیرۆکەکەی دا تەواو لایەنی حەمەڕەش وەک چەوساوەیەکی کورد دەگرێ. کۆچی نابەدڵی حەمەڕەشی وەرزێر لە دێوە بۆ شاریش لەگەڵ ئایدۆلۆژی نووسەر یەک دەگرێتەوە: ئەم کۆچە نیشانەی تێپەڕبوونی کۆمەڵی کوردەواریە لە دۆزی دەرەبەگایەتی [فیودالی] بۆ قۆناغی بورژوازی و پێکهاتنی چینی کرێکارە (هەرچەند ئەم پێکهاتنە هێشتا زۆر ساکارە).

٢- ئێتۆسی وتاری: هەروەک گوتمان وەگێڕ تەنیا کاری گێڕانەوەی پەتی نییە. بەڵکو هێندێک ئەرکی دیکەشی لە ئەستۆیە، بۆ نموونە ئەرکی ئایدۆلۆژیک کە زۆرتر لە وتاری چیرۆک دا خۆی نیشان دەدا. لە پشت چیرۆکی پێکەنینی گەدا، وتارێکی ئیدۆلۆژیک هەیە. بەڵام ئەم وتارە قەت تا ئەندازەی دروشم ناچێتە پێش و ژیرانە خۆی لە چوارچێوەی چیرۆکدا دەشارێتەوە. ئێتۆسی وتاری وەگێڕ لەم لاو لەولای چیرۆک، لە چەند وشەو ڕستەدا خۆی دەنوێنێ: وەگێڕی پێکەنینی گەدا بۆ سەلماندنی وتار خۆی پەنا دەباتە پەندی پێشینیان و مەتەڵۆکی کوردی، چونکە پەندو مەتەڵۆک ئاکامی ئەزموونی سەدان سااڵەی نەتەوەیەکن و بەهۆی ئەوەی هەمیشە ڕوویان لە یادی هاوبەشە [حافیزەی جەمعی]، هێزی قەناعەت هێنانیان لەلای خوێنەرانی ئەم نەتەوەیە یەکجار زۆرە. وەگێڕ جارێک بۆ خۆی و جارێکش لە زمان حەمەڕەشەوە دوو پەندی پێشینیان بەکاردێنێ: «بێ کراس گەزە چاو بەخەو دەبێنێ» [ل.١٦]، «هەر کەس گوێز لە هەمانەی خۆی دەژمێرێ» [ل.٢٣]

ڕستەی واش هەن کە پەندو مەتەڵۆک نین، بەڵام بەهۆی کورت بوونیان و گشتی بوونیان، هێندێک بیرو باوەڕی

کۆمەڵایەتی دەنوێنن، وەک ئەم گوتەیە لەسەر کارکردنی کرێکار:

«خەڵک کرێکاری دەویست کە هەر لە بەیانییەوە تا ڕۆژئاوا، پشوو نەداو وەکوو خولخولە هەڵخولێ.»

هەڵبەت ئەم ڕستەیە کە بیروباوەڕێکی کۆمەڵایەتی زۆر بەر بڵاوە دژی ئایدۆلۆژی وەگێڕە [نووسەرە]، چونکە ئێتۆسی پێش دەقی وەگێڕ باوەڕی بە یەکسانی ئینسانەکانەو ئەوەی کە دەبێ کرێکار لە بەیانییەوە تا ئێوارە وەک خولخولە هەڵسووڕێ بە ئایدیۆلۆژیکی سوودخوازانەی چینایەتی دانەنێ.

ئیتۆسی وتاری وەگێڕ پێمان دەڵێ کە وەگێڕ تەواو بۆچوونێکی چینایەتی هەیە: نموونەی ئاخری چیرۆکەکە ئەم شتە جوان دەسەلمێنێ: بەراورد کردنی تووڕەی حەمام کە حەمەڕەش و تووڕەچی تێیدا دەژین، لەگەڵ گەمالێ کابرای دەوڵەمەندو جیاوازی نێوان ئەو دوو ژیانە، دوو دنیای زۆر لێک جیاواز دەخولقێنێ: دنیای کابرایەکی گەدا کە بەیانی زوو هەڵدەستێ بۆ سوالکردن و بۆ وەی لە برسان نەمرێ و دنیای کابرایەکی دارا کە نوێژی نێوەڕۆ لە خەو هەڵدەستێ و کلفەت و نۆکەری هەیە. ئەم جیاوازێ ڕواڵەتییە، خولقێنەری هێندێک جیاوازی بۆچوون و ئاخاوتنیشە لە نێوان کەسایەتییەکان کە هەر کام نوێنەری چینێکن.

جیاوازی وتاری نێوان حەمەڕەش و سەعەو حالێ نەبوونیان لە یەکتر بەهۆی لە خۆ بێگانە بوونی سەعەیە کە لە چینی خۆی دوور کەوتووەتەوە (وەگێڕ ئەو لەیەک نەگەیشتنە بەشێوەی دیالۆگێکی گالتە جارانە و بەکارهێنانی پەندێکی پێشینان نیشان دەدا)، لە حالێکدا، لە نێوان حەمەڕەش و تووڕەچی ئەم جیاوازیە بەدی ناکرێ.

هەروەها وەسفێک کە وەگێڕ لە کابرای دەوڵەمەندی دەکا، تەواو نرخاندنێکی سەلبییەو ئانتیپاتی ئەو لە ئاست ئەم کەسایەتییە دەسەلمێنێ (هەرچەند وەگێڕ بەچاوی حەمەڕەش تەماشای کابرا دەکا):

«کابرایەکی سەر زلە، بەسەری ڕووت و باوەشێ قژەوە، کولێرەت لە لاملی ساوییایە چەوری دەکرد...» [ل.٢٣].

ئاکام: هەروەک دیتمان کەسایەتی چیرۆکی پێکەنینی گەدا لە هێندێک نیشانەی زمانی و هێندێک کردەوە پێک هاتووە کە وردە وردە و بە پێش چوونی کورتە چیرۆک دەخرێنە پاڵ یەک بۆ سازکردنی کاراکتەری حەمەڕەش. بڵاوبوونی ئەم نیشانانە لە ناوچیرۆکدا بارێکی دینامیک و چالاکانە دەدەن بە چیرۆک، چونکە کەسایەتی تەنیا هێندێک سیفەتی لکاو بەنێوێک نییە، بەڵکو وەک سەرچاوەیەکی گێڕانەوە ئەرکی پێش چوونی چیرۆکیشی بەئەستۆیە. لە ڕاستیدا، دوای ئەو لێکدانەوە کورتە بۆمان ڕوون بووەوە کە کەسایەتی حەمەڕەش قارەمانێکی سەردەمی ئێمەیە، چونکە یەخسیری ڕووداوەکان و جەبری کۆمەڵایەتی- ئابووری زەمانەی خۆیەتی. بۆیە، باشتر ئەوەیە کە وەک دژی- قارەمانێک ناس بکرێ.

وەگێڕی پێکەنینی گەدا، نەناسراو و بێ نێوەو خوێنەر وا هەست دەکا کە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی سروشتی دەچنە پێش، بەڵام هەروەک نیشانمان دا، وەگێڕ لە هەموو جێیەکی کورتە چیرۆک بەشێوازی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێ: لە چەند شوێنی چیرۆک وەگێڕ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ لایەنگری خۆی بۆ قارەمانی چیرۆک و چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەت دەردەبڕێ. نرخاندنی سەلبی هێندێک کەسایەتی کە لە ڕەوتی چیرۆکدا دژی قارەمان دەجوولێنەوە و هەروەها نیشان دانی دووشێوە ژیانی نایەکسان و دژ بەیەک، دەبێ لە چوارچێوەی وتاری ئایدیۆلۆژیکی وەگێڕ لێک بدرێتەوە.

پەراوێز:

1- Bakhtine.

2- La sphere du narrateur.

3- La sphere du personnage.

4- Alain Rabatel.

5- A La recherche du temps perdu.

6- Philippe Hamon ((statut semiobgi que du personnage)) in poetique durecit, Editions du seuil, paris, 1977, p.117.

7- Metamorphose.

8- Vincent Jouve.

9- La poetique du roman, sedes, paris, 1977, p. 58.

10- Emile zola.

11- ethos.

12- Aristote cite par Alain Rabatel in ((Argumenation encontexte narratif. Ecrire Peffet point de vue)).

13- Arguments.

(شیوەخوێن)
ناوێکی نوێ بۆ کەرکووک

بەکر دەرویش
(دوزخورماتوو)

سەرەتا

هیچ دەقێکی ئەدەبی بێ مێژوو نییە و هیچ تێکستێکی ئەدەبیش لە بۆشاییەوە نایەت، بەڵکو بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەگ و ڕیشەی لە زەوییەکەوە ئاودەخواتەوە و لە کەشوهەوای واقیعێکەوە سەرچاوە دەگرێت، دەقی ئەدەبی داڕێک نییە لە بۆشایدا بڕوێت، بەڵکو داڕێکە ئینتمای بۆ واقیعی خۆی هەیەو بە گوێرەی ژینگەکەی سەوز دەبێت و گەشە دەکات، گەڵای سەوز و جوانی بەگوێرەی دنیاکەی خۆی ڕەونەق دەداتەوە، هەر دەقێکی ئەدەبی ئەگەر مێژوویەکی تێکەڵ بە فەنتازیاو واقیع و خەیاڵی هەڵنەگرتبێت ئەوە هەر زوو دەبێتە تێکستێکی بێڕەنگ و بەرگەی کەمترین تینی هەتاوی ڕەخنەیەک ناگرێ، گەلێک لە ئەدیبان و هونەرمەندان لەم ڕوانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکانیاندا دەکەن و ئەوەی دەینووسن تێهەڵکێشێکە لە مێژوو و خەیاڵ و جوگرافیا و جوانی، ئەدیبی شارەزاو کارامە نایەت هەروا بۆ شۆخی دەقێک لە نێوان ئەرز و ئاسماندا بنووسێ و بەناوی جوانییەوە بەمۆلەقی بیهێڵێتەوە، چونکە داری ئاوا بەرگەی بچووکترین باهۆز ناگرێت و (با) دەیبات، بۆ بەرگری کردنیش لەوەها حاڵەتێک ئەو داڕێک دەڕوێنێت ڕەگی پتەوی لە نێو زەوییەکی ڕەسەندا بێت و پەلوپۆکەشی ڕەنگاڵە و جوان و سەرنج ڕاکێشەر بێت، ڕۆژانە ببێتە جێگا و مەقسەدی دەیان بالندەی عاشقی دوای خوێندنەوە و موتاڵا کردن بەم تێگەیشتنەمان لە دەقی ئەدەبی، چیرۆکی (شیوەخوێن)ی چیرۆکنووس (جەلیل کاکەوەیس) دەخوێنینەوە.

ناوونیشانی چیرۆکەکە

ناوونیشان لە کاری ئەدەبی و فەرهەنگیدا هونەرێکی

جەلیل کاکەوەیس

ئێستێتیکی وردکارە و پێویستی بە شارەزایی و سەلیقە هەیە، چونکە وەک یەکەم هەنگاو وایە کە خاوەنەکەی دەیهاوێ، دواتر ئەم هەنگاوە کاریگەری لەسەر سەرجەم تێکستەکەی دەبێت، بێجگە لەوەی بۆ خۆی ستراتیژییەکی تایبەتی خۆی هەیە و بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە کاردانەوەی لەسەر سەرجەمی دەقەکە دەبێت، ناوونیشان هەروا وشەیەک نییە وەک مۆرکێک بنرێ بە شتێکەوەو ببڕێتەوە، چونکە لە پشتی هەر وشەیەکەوە واتاو مەبەستێک ئامادەیی هەیە، ناو مەدلوولێکە ئاماژە بۆ دالێک دەکات کە پێشتر لە لای بیسەر، یان خوێنەر پێگەی خۆی هەیە و بە گوێرەی پێویست مامەڵەی لە تەکدا دەکات، هەر ناوێک، یان وشەیەک هەڕەمەکانە و بەبێ مەبەست بنرێ بە شتێکەوە وەک تیرێکە کوێرانە بیهاوێژی زەحمەتە مەبەست بپێکێ، بۆیە نووسەران و خاوەن ئەربابان پێش لە دانانی هەر ناوو ناوونیشانێک بۆ بەرهەمەکانیان قەدەرێک لێی دەوەستنەوە و مشووری دەخۆن و چەندان جار تاوتوێی دەکەن ئینجا جورئەتی دانانی دەکەن، بە دیوێکی تردا دەتوانین ناوونیشانی دەقی ئەدەبی بە دەرگایەکی ڕەنگاوڕەنگ بچوێنین کە لێیەوە خوێنەر دەچێتە نێو پانتایی دەقەکەوە، بۆیە ئەو دەرگایە چەند جوان و پانوپۆڕ و ڕەوان و پڕ مەبەست بێت، ئەوە زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و پەلکێشی نێو فەزای دەقەکەی دەکات، نەک تەنیا ئەمە بەڵکو ناوونیشان زۆرجار هەموو تێکستەکە لە خۆیدا چڕ دەکاتەوە، بۆ ئاستێکی باڵاتری سەردەخات و لە مەودای تاقە وشەیەک دەیباتە دەرەوە، لێرەوەیە کە ناوونیشان بەشێکی دابڕاو نییە لە جەستەی دەق، چیرۆکنووس (جەلیل کاکەوەیس) لە چیرۆکی (شیوەخوێن)دا کە لە گۆڤاری کاروانی ژمارە ٢١٩ ساڵی ٢٠٠٧ باڵاوی کردووەتەوە زۆر بە وردی و بە مەبەستەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم چەمکەدا کردووەو بە شێوەیەکی هۆشمەندانە ناوونیشانێکی لێکدراوی بۆ چیرۆکەکەی هەڵبژاردووە کە لە دوو وشە پێکهاتووە (شیو + خوێن) کە بووەتە شیوەخوێن، ئەوەی ئاگادارو شارەزای چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە بێت دەزانێ ئەو هیچ وشەیەک بەبێ مەبەست نائاخنێتە نێو چیرۆکەکانییەوە و هەروا سەرپێیانەش مامەڵە لەگەڵ زماندا ناکات، بەڵکو لە دانانی هەر وشەو دەستەواژەیەکدا مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها ئەو زۆر بە بەربڵاوی مامەڵە لەگەڵ ڕەمز و جەفەنگدا دەکات، بە دەگمەن چیرۆکی هەیە زیاتر لە ڕەمزێک و سیمبولێکی تێدا نەبێت، لەم چیرۆکەیدا زیاتر لە ڕەمزێکی بەکارهێناوە و هەوڵی داوە بە تیرێک زیاد لە مەبەستێک بپێکێ، هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەوە ناوونیشانەکەی هێمایەکە بۆ مەبەستێکی گەورەتر کە نەیویستووە ڕاستەوخۆ باسی لێوە بکات، وشەی (شیو) کە لە گەرمیان (کۆریان و کۆردەرە و دۆڵ)یشی پێدەڵێن لە نێو پانتایی فەرهەنگی کوردەواریدا بە تایبەتی لە ناوچەی گەرمیان زیاد لە مانایەکی هەیەو پێوەندی تووندوتۆڵی بە چەندان بیرو بۆچوونی ئایینی و ئەفسانەیی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، واتە بۆ خۆی بەتاک و تەنیا ڕەمزێکە کە دەتوانرێ بۆ چەندان مەبەستی جۆراوجۆر بەکار بهێنرێ، هەر بەم مەبەستەش لەم چیرۆکەدا بەکار هاتووە، بۆ نمونە شیوەسوور، شیوەتاڵ، شیوەمارو چەندان ناوی تر کە بریتین لە چەندان شوێنی بەرچاوو ناسراو لە کوردستاندا بەتایبەتی لە ناوچەی گەرمیان، کاتێک بەم شێوەیە باس لە شیو دەکەین کۆمەڵێک چەمک و مەفهووومی میللی و کۆمەڵایەتیمان سەبارەت بە شیو بیردێتەوە کە پێشتر بیستوومانن، چونکە شیو سەرەڕای ئەوەی شوێنێکی وشک و خەرەندێکی پڕ لە تلوتاوێرو بەردە زۆرجار شوێنێکی تاریک و ترسناکە و جێگای دێوودرنج و جانەوەرانیشە کە ئەمەیان لە مەتەڵی کوردەواریدا زۆر باسی لێوە کراوە، سەبارەت بە وشەی خوێنیشەوە ئەوە هەموومان دەزانین چ مانا و واتایەکی هەیە و پێویست بە شیکردنەوە ناکات، لەم چیرۆکەدا هەرچەندە ڕەنگی خوێنیش هەر سوورە، بەڵام چیرۆکنووس

پێشنیاری ئەوەی کردووە شیوەسوور ناوبنرێ شیوەخوێن، چونکە بە درێژایی مێژوو خوێنێکی زۆری تێدا ڕژاوەو تاکو ئێستاش بەردەوامە، بەپێی تێگەیشتنی ئێمە چیرۆکنووس مەبەستی لە شیوەسوور کە پێشنیاری گۆڕینی ناوەکەی کردووە بۆ شیوەخوێن (کەرکووک)ە، چونکە هۆکاری ئەم خوێن ڕشتنەمان بە درێژایی مێژوو کەرکووک بووە، بۆیە ئێستا ڕەنگی خاکەکەی سورهەڵگەڕاوە و چیرۆکنووسیش پێشنیازی گۆڕینی ناوەکەی کردووە بۆ شیوەخوێن، بە دیوێکی تردا ئەم پێشنیازە بۆ کوردستانیش گونجاوە (شیو + خوێن) = (کورد + ستان) شیو، شوێن و جوگرافیایە، کە بەرانبەری ستان دێت، کە ئەویش شوێن و جوگرافیاو نیشتمانە، خوێنیش پێوەندی بە جەستەی مرۆڤەوە هەیە، کوردیش وەک مرۆڤێک چەندان ساڵە لە پێناوی وڵات و ئازادیدا خوێن لە جەستەی دەڕوات، بۆیە ڕێگا بە خۆمان بدەین و بە کەمێک دەسکارییەوە ئاوای لێ بکەین (شیو = ستان) (کورد = خوێن) بەم شێوەیەش دەتوانین بڵێین چیرۆکنووس مەبەستییەتی بڵێ کوردستان لەبەر ئەو هەموو شەڕو شۆڕەی دیویەتی بووە بە شیوو جێگایەکی ترسناک و تۆقێنەرە کە بەردەوام خوێنی پێدا تێدەپەڕێ، (جەستەی کورد)یش جەستەیەکی مێژوویی‌یەو بەردەوام خوێنی لێ ڕژێشتووە، بۆیە دەکرێ ناوی شیوە خوێنی لێ بنێین، بەم شێوەیە هەر لە سەرەتاوە خۆمان لە بەرانبەر خوێندنەوەی چیرۆکێکی سیمبولیزمیدا دەبینینەوە کە چەندان پێگەی لە خۆ گرتووە، هەوڵ دەدەین لەم خوێندنەوەیەدا چەند پێگەیەکیان شی بکەینەوە.

پێگەی زمان و وشە لە چیرۆکی شیوەخوێندا

زمان بڕبڕەی پشتی ئەدەبە، بە بێ بوونی زمان ئەدەبیش بوونی نییە، وشەش بە تەنیا کۆمەڵێ پیت نییە لەزاری مرۆڤێک بێتەدەر، یان لەژێر قەڵەمێکەوە تێپەڕێ و واتایەک لە شتێک بنێ، یان مەبەستێک دەستنیشان بکات و دواتریش هەر لە جێگای خۆیدا وەک بەرخۆرێکی ڕۆژانە کۆتایی پێ بێت و نەمێنێ، زمان لە کاری ئەدەبیدا فۆرمێکی جیاواز بە خۆی دەدات و هەوڵ دەدات بە جاویدانی بگات، بۆیە زۆرجار واتای وشە لە ئەدەبدا هەمان واتا ڕۆژانەکەی نییە کە کەسێک لە کاتی قسەکردندا بەکاری دەهێنێت، ڕاستە وەک ڕێنووس هەمان شێوەی هەیە، بەڵام لێرەدا وشە ئاسۆیەکی بڵاوتر لە بەردەم خۆیدا دەکاتەوە، کە واتا باوەکەی تێدەپەڕێنێ و چەندان مانای تر لەخۆ دەگرێ کە یەکێکیان واتا باوەکەیەتی، واتە وشە لە کاری ئەدەبیدا پانتاییەکی گەورە لەسەر خۆی و خوێنەر دەکاتەوە، ئەڵقەی بەیەک گەیشتنەکەیان پانوپۆڕتر دەکات، لێرەدا زمان دەبێتەجۆرێک لە هەڵوێست وەرگرتن لە سروشت و ژیان، لە بوون و ڕووداوەکان، لە دەسەڵات و حوکمەکانی، بەگژ هەموو ئایدیایەکی چەق بەستوودا دەچێ، زمان لە پرۆسەی ئەدەبیدا دژی هەموو قاڵبگیرییەک دەوەستێت تانەمری خۆی مسۆگەرکات، چیرۆکنووس (جەلیل کاکەوەیس) کە ناوێکی دیارو درەوشاوەی دنیای چیرۆکی کوردییە، سااڵنێکە لەم بوارەدا کاردەکات، لەم ڕوانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ زمان و وشەدا دەکات و لە نووسینی چیرۆکدا هیچ کات بێ مەبەست و بێ ئامانج نانووسێ و وشە بەکار ناهێنێ، زۆر ئابووریبانە لە تەک زماندا مامەڵە دەکات، بە هێمنی و لەسەرخۆ نیشانەی خۆی دەپێکێ، وشە لای ئەم چیرۆکنووسە سەرەڕای ئەو چەمکانەی باسمان کرد وەک تیر وایە هەرگیز بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە بە کاری ناهێنێ، تا جوان لە نیشانەکەی ورد نەبێتەوە و نەزانێ بە چاکی ئامانجەکەی دەپێکێ تیری وشە ناهاوێ، ئەو هەرگیز چیرۆکەکانی بە وشەی ستۆک و دەستەواژەی بێ مانا نائاخنێت، هەر وشەیەک وەک خشتێک بەکار دەهێنێ کە بینای جوانی و هونەری چیرۆکەکەی پێ تەواو دەکات، چونکە بەکار هێنانی ناشارەزایانەی وشە لە کاری ئەدەبیدا دەبێتە هۆی ناشرینکردنی خودی بینای کارەکەو قرپۆک و لاوازی دەکات، ئەمەش بۆشاییەک لە نێوان دەقەکەو خوێنەردا دروست دەکات کە ئەنجام بە مەرگی خێرای دەق کۆتایی دێت، لە چیرۆکی شیوە خوێندا زمان زۆر هونەریانەو ڕەمزیانە بەکارهاتووە، سەرتاپای چیرۆکەکە بە شێوەیەک چنراوە کە ڕەنگە هەڵاوێردن و دەرهێنانی هەر وشەیەک ببێتە هۆی ڕووخان و لەنگی چیرۆکەکە، هەروەها هەوڵی داوە ئەو وشانە بەکار بهێنێ کە سیاقی دەقەکەو بەرەو پێشچوون و گەشەکردنی تێکستەکە پێویستی پێیانە، بە پێی زانستی زمانەوانی نوێش بێت، وشە دالێکە و ئاماژە بۆ مەدلوولێک دەکات کە لەلای خوێنەر بەرجەستەو دیارە، هەرچەندە ئەم بۆچوونە لەم سااڵنەی دواییدا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و چەندان تیۆری زمانەوانی تازە پەیدا بووە کە هەریەکەیان بە شێوەیەک دەڕوانێتە وشەو پێگەی وشە لە کاری ئەدەبیدا، لە چیرۆکی شیوەخوێندا پێگەی وشە بە ڕوونی دیارە و

چیرۆکنووس هەر وشەیەکی کردووە بە هەڵوێستێک و بەرانبەر بە ڕووداوێک نواندوویەتی، هەروەها ئەو وشانەی بەکارهێناوە کە بەجوانی و بەڕوونی مەبەستەکان دەپێکن و پڕ بە پێستی ئەو شوێنەن کە سیاقی گشتی چیرۆکەکە پێویستی پێیانە، نەهاتووە وشەی قەپەو زەق بەکاربهێنێ تا دەقەکەی پێ زل بکات، بەڵکو وشەگەلێکی بەکارهێناوە کە لە ئاستی گەشەسەندنی چیرۆکەکەدان، لەم چیرۆکەدا وشە پێگەی هەڵوێستی هەیە، ئەویش هەڵوێستی چیرۆکنووس خۆیەتی لە بەرانبەر ڕووداوەکاندا، هەروەها ڕستەی کورت و چڕی پڕ واتای بەکارهێناوەو بە زمانێکی بێ گرێ و گۆڵ چیرۆکەکەی نووسیوە، ئەمەش جوانییەکی پتری بە چیرۆکەکە بەخشیوە.

پێگەی شوێنکات لەم چیرۆکەدا

لە کاری ئەدەبیدا شوێنکات پێگەیەکی گرنگە، بە تایبەتی لە ڕۆمان و چیرۆکدا، چونکە چیرۆک گێڕانەوەی ڕووداوە، ڕووداویش لە شوێنکاتدا ڕوەدات، ڕووداویش هەمیشە سیماو کەشوهەوای ئەو جێگایانە لە خۆدەگرێ کە تێیدا ڕوەدەدات، ناکرێ ڕووداو لە شوێن و جێگاکەی جیابکرێتەوەو بە شێوەیەک لە دەروەی شوێن و جوگرافیا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، تەنانەت یادەوەری و زەینی مرۆڤیش هەمیشە گۆشبوو پەیوەستی ئەو شوێنەیە کە بەمندالّی تێیدا گەورەبووە، لەم چیرۆکەدا ناوی چەند جێگاو شوێنێک ڕاشکاوانە و ڕاستەوخۆ هاتووە، وەک (کەرکووک و شیوە سوور و خالّخالّان) بێجگە لە چەند شوێنێکی تری وەک مالّی میمکە تەمین و ئەپارتمانە خڕەکەو هۆڵی پیشانگاکە، ئەم شوێنانەش دیارە شوێنگەلێکن لە کوردستاندان، لە کاری ئەدەبیدا دەکرێ شوێن لە چەند جۆرێکی جیاجیادا خۆی بنوێنێ وەک شوێنی گشتی و شوێنی تایبەتی، شوێنی نهێنی و ئاشکرا، هەروەها شوێنی خەیاڵی و واقیعی و ئیفترازی، شوێنی دژکار و شوێنی مالّی، دەکرێ شوێن مالّێک، ژوورێک، دوکانێک، قوتابخانە و بازاڕ بێت، هەرچییەک بێت ئەنجام، ئەو ڕووداوانەی لە شوێندا ڕوەدەدن دەبنە بەشێکی ئەو شوێنانە و لێیان جیا نابنەوە، لەم چیرۆکەدا پاڵەوان بەنێو چەند شوێنێکی جیاجیادا گوزەر دەکات، ڕووداوەکانیش بەپێی گۆڕانی شوێنەکان دەگۆڕێن، زۆربەی شوێنەکانی ئەم چیرۆکە شوێنگەلێکی ناسراو و ئاشکراو دیارن، دەتوانین بە شوێنی خۆمالّی ناویان ببەین، تەوەری سەرەکی چیرۆکەکە لەسەر ئەم شوێنانە وەستاوە بە تایبەتی کەرکووک کە شوێنێکی مێژوویی ستراتیژییە و چیرۆکەکەی لێ ڕوودەدات، یەکەم شوێن کە پاڵەوان لێیەوە دەست پێدەکات و ڕووداوەکان دەجوڵێنێ مالّەکەی خۆیەتی، پاشان بەرەو کتێبخانەی ئاسۆ و تەلارە خڕەکە دەڕوات کە پێشەنگاکەی لێیە، لە ڕێگا لە مالّی میمکە تەمین گوێی لە دەنگی گریان دەبێت کە بووە بە گۆڕستان و هەرجارەی تەرمی یەکێک لە زیندانییەکانی شار، کە لە بەندیخانە دەیکوژن، بە ناوی جەنگی خالّخالّانییەوە تێدا دەنێژن، پاشان تەلارە خڕەکە کە پێشەنگاکەی لێیە، لێرەوە بە فلاش باک دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مندالّی باسی ڕۆیشتنەکەی خۆی و دایکی دەکات بۆ مەزارگەکەی خالّخالّان کە بەشیوە سووردا دەڕۆن، لەوێشەوە دیسان دەگەڕێنەوە بۆ کەرکووک، کەوابوو ئەو شوێنانەی لەم چیرۆکەدا هەن و شوێنگەلێکی زیندوو و کارامەن و ڕۆڵی سەرەکییان لە جووڵاندنی ڕووداوەکاندا هەیە ئەمانەن:

یەکەم: مالّی پاڵەوان و کتێبخانەی ئاسۆ.
دووەم: مالّی میمکە تەمین کە بووە بەگۆڕستان.
سێیەم: تەلارە خڕەکە و پیشەنگاکە.
چوارەم: خالّخالّان ومەزارگە.
پێنجەم: کەرکووک و شیوەسوور.

ئەم شوێنانە وەک گومان شوێنگەلێکی ناسراو و زیندوون بە ناوهێنانیان خوێنەر دەزانێ ئەم چیرۆکە لە کەرکووک ڕووی داوە و هەر لەم شارەشدا تەواو دەبێت، ئەمەش وەک دواتر ڕوون دەبێتەوە مانای جیۆپۆلۆتیکی خۆی هەیە، بێجگە لە هەموو ئەمانەی باسمانکردن، شوێن لەم چیرۆکەدا خەسڵەتێکی تریشی هەیە ئەویش ئەوەیە کە سەرپای خەڵتانی خوێنەو لە هەموو جێگایەکەوە فیجقەی خوێن دێت (ئەم شیوە لە زەینی منداو بە دۆڵێکی ئەفسانەیی دەچوو، چونکە لە حیکایەتەکانی دایکمدا کوشتارگەیەک بە پانی و قووڵایی دۆڵەکە خوێنی بنیادەمی کوژراوی پێدا دەڕۆیشت، ئیدی دیقەتی ئەو خەرەند و لووتکانەوە ئەم بەرو ئەو بەری شیوەکەم دەدا بە خەیاڵی خوێنێکی گەش چەشنی تاقگە دەهاتە خوارێ) هەر لەم سیاقەدا دەکرێ بە پێی لێکدانەوەیەکی ڕەمزی بڵێین چاڵە نەوتەکانی کەرکووک چاڵی خوێنن و لە جەستەی کەرکووک دێنەدەر، لێرەوە شوێن تێهەڵکێشێکی توکمەی ڕووداوەکان بووە و

به هیچ جۆرێک لێی جیانابێتەوە، ئەمەش مەبەستی سەرەکی چیرۆکنووسە، چونکە سیمەی چیرۆکەکەی لە سەر کەرکووکە و کەرکووکیش وەک شوێنێک ڕووداوەکانی لەخۆی گرتووەو لەخۆیدا تواندوویەتییەوە، کاتیش بە شێوەیەکی هونەرییانە مامەڵەی لە تەکدا کراوە، لێرەدا دووجۆر کاتمان هەیە.

یەکەم: ئەوکاتەیە کە پاڵەوان چیرۆکەکەی تێدا دەگێڕێتەوە، کە بۆ چیرۆکەکە کاتێکی کورت و گونجاوە، کە لەوانەیە لە سەعاتێک کەمتر بێت.

دووەم: ئەو کاتەیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن، کاتێکی دوورودرێژە و چەندان ساڵە، ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەی لەسەر جوانی چیرۆکەکە نییە، چونکە گرنگ کاتی یەکەمە واتە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە نەک ئەوکاتەی کە سەرجەم ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن.

پێگەی ڕەمز لەم چیرۆکەدا

ڕەمز بریتییە لەو هێمایەی کە دەلالەت لە حاڵەتێکی ڕۆشنبیری، کولتووری، ئایینی، هونەری گەورەتر لە پشتی خۆیەوە دەکات، دەکرێ بڵێین ڕەمز سەرجەمی تەوەری حاڵەتێک، یان مەبەستێک لە خۆیدا چڕ دەکاتەوەو ئاماژە بۆ سەرەوەی خۆی دەکات، وا لە مرۆڤ دەکات خودی ئەو ڕەمزە تێپەڕێنێت و سەرەوەو پشتی بخوێنێتەوەو شی بکاتەوە، زۆرینەی نووسەران ئەو کاتانە ڕەمز بەکاردەهێنن، کە نایانەوێ بە شێوەیەکی دڕێژادڕ، یان ڕاستەوخۆ قسە لەسەر ڕووداوێک بکەن، مەرجیش نییە هەموو جارێک بەکارهێنانی ڕەمز لەبەر هۆکاری سانسۆر بێت، چونکە ڕەمز وا لە خوێنەر دەکات ببربکاتەوە و بە ڕۆشنبیری خۆیدا بچێتەوە، هەوڵبدات ئەو ڕەمزە شی بکاتەوەو لە مەبەستە شاراوە و نادیارەکانی نووسەر بگات، هەروەها جۆرە جوانییەک بە دەق دەدات، ڕەمز لە دەقی ئەدەبیدا وەک شاگوڵێکە لە نێو باخچەدا چۆن سەرنجی بینەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێ، لە نێو دەقی ئەدەبیشدا ئاوا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، ڕەمز یەک ئاست و جۆری نییە، ئەو پانتایەش کە دایدەپۆشێ هەمەڕەنگە، ڕەمز هەیە مەودای داپۆشینەکەی بڵاوە، هەیە بەرتەسکە، ڕەمز هەیە ناوچەییە، هەشە جیهانییە، ڕەمز هەیە پێوەندی بە تاقە میللەتێک، یان تایفەیەک، یان ڕێبازێکەوە هەیە، هەشە پێوەندی بە کێشوەرێکەوە هەیە، کاردانەوەشی هەر بەپێی ئەو پانتاییە دەبێت کە دایدەپۆشێ، لێرەوە وەک پێشتریش گوتم ئەوەی ئاگاداری چیرۆکەکانی چیرۆکنووس (جەلیل کاکەوەیس) بێت دەزانێ ئەو هەمیشە خۆی لە ڕاستەوخۆیی دەبوێرێ و بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕەمز بەکار دەهێنێ، هەوڵدەدات لە چیرۆکەکانیدا زیاتر لە ڕەمزێک و هێمایەک بەکار بهێنێ، هەروەها زۆر مەبەستیەتی وا لەخوێنەر بکات بە ڕەمزەکانیدا بچێتەوە و هەڵیان بسەنگێنێ، نەک سەرپێیانە بەسەریاندا تێپەڕێ، لە چیرۆکی شیوەخوێندا بەفرەوانی ڕەمزی بەکارهێناوە کە هەرەیەکەیان ئاماژەن بۆ مەبەستێک کە لە واقیعی ژیانماندا هەن، سەرەتا ناوی چیرۆکەکە بۆ خۆی ڕەمزێکە ئاماژە بۆ مەدلوولێک دەکات وەک گوتمان دەکرێ هەم کەرکووک و هەم کوردستانیش بێت، هەورەها جەنگی خاڵخاڵانی وەک ڕەمزێک هێمایە بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە بەڕاستی تەنیا لە پێناوی کوردایەتیدا شەهید بوون، گومبەزەکەشی هێمایە بۆ هێزێکی میتافیزێکی، گۆڕستانەکەی ماڵی میمکە تەمین ڕەمزە بۆ ئەوەی کە لەم ولاتەدا ماڵ نییە چەند کەسێکی نەکۆڕابێت، بەم شێوەیە ئەم ولاتە بووە بە گۆڕستانێکی گەورە و جگە لە ژن و دایک و خوشکی ڕەشپۆش چی تری تێدا نەماوە، پێشەنگاو تابلۆکانیش ئاماژەن بۆ وێنەکانی میژوو کە لێرەشدا ئازار و غەمی کورد لە دنیادا وێنەی نییە، ئەو لە جیاتی ئەوەی باسی پێشمەرگە بکات، یان ناوی عەسکەر و سەرباز بێنێ دەڵێ: (ئەها ئەوە پۆستاڵ ئەوە پێلاوی لاستیک) ئەم دوانەش هەموومان دەزانین مانایان چییە و ڕەمزن بۆ چی، پاشان کاتێک پاڵەوان باسی ئەوە دەکات کە منداڵ بووە لە گەڵ دایکیدا چووەتە سەردانی مەزارگەی خاڵخاڵان ئەمە هێمای گەڕانەوەیە بۆ هێزێکی میتافیزیکی کە هەمیشە مرۆڤە بێدەرەتان و لێقەوماوەکان لە کاتی تەنگانەدا پەنای بۆ دەبەن و وەک هێزێکی مەعنەوی تەماشای دەکەن.

تەماشاکە دایکی پاڵەوان چۆن لەو مەزارگەیە دەپارێتەوە و دەڵێت: «تۆ تاقە پشت و پەنای ئێمەیت گەر سواری کوڕی تاقانەم لەو دەردە نەخەڵەسێت ئیدی پەنا بۆ کێ ببەم ئاخر من بێوەژنێکی بێ ڕووم و دەبمە پێخۆری پیاوە چاولەدەرەکان» هەموو ئەمانە ڕەمزن و هەریەکەیان بە پێی وجوودی خۆیان لەنێو چیرۆکەکەدا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن و مەدلوولی خۆیان هەیە، بەم شێوەیە دەبینین لەم چیرۆکەدا ڕەمز بە شێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە نەک لەبەر ئەوەی خودی ڕەمز و هێمان،

بەڵکو ئەم ڕەمزانە جوانییان بە چیرۆکەکە داوە و چیرۆکنووسیان لە درێژدادڕی و ڕوونکردنەوە و ڕاستەوخۆیی ڕزگار کردووە، کارێکی واشیان کردووە خوێنەر لەسەریان بووەستێ و لێکیان بداتەوەو خێرا بەسەریاندا تێنەپەڕێ کە ئەمەش یەکێکە لە مەبەستەکانی چیرۆکنووس، ئەوەی لەم چیرۆکەدا کە چیرۆکنووس پتر بایەخی پێداوە و لەسەری وەستاوە جەنگیی خاڵخاڵانییە ئەم ڕەمزە تەمومژاوییە و خوێنەر تووشی پەشۆکان دەکات و وای لێ دەکات لەسەری بووەستێ، چونکە بە چەند باڕێکدا باسکراوە هەم بە باش و هەم بەخراپ، پێم وایە چیرۆکنووس (جەلیل کاکەوەیس) مەبەستی لەم ڕەمزە پێشمەرگەیە، بۆیە چەند خوێندنەوەیەکی جیاجیای بۆ کردووە و بە چەند جۆرێک پیشانی داوە، چۆن لە ژیانی ڕۆژانەماندا ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لەلایەن چەندان کەس و لایەنەوە ئیستغلال کراوەو دەکرێ، لێرەشدا هەروایە، ئەوەتا دەبیننی دوای شەهید بوونی جەنگی کوڕی میمکە تەمین یەکەم کەس کە ناوەکەی ئیستغلال دەکات بۆ کوشتنی خەڵک ڕژێمە، کە بە تۆمەتی پێشمەرگە بوون ڕۆژانە چەندان کەس دەکوژێ، ئەوەتا کاتێک تەرمێکی تر دەهێنن بۆ میمکە تەمین دەڵێ: (جەنگی خاڵخاڵانی کوڕم دەمێکە کوژراوە) ئەوانیش دەڵێن: (ئەو کوڕە نەفرەتییەی تۆ پشیلەی حەوت ڕۆحە و ناتۆپێت) هەروەها ئەم جەنگییە ڕۆژانە چەندین جار دەکوژرێ و زیندوو دەکرێتەوە، ئەمەشمان لە دەمی خودی پاڵەوانەوە گوێ لێ دەبێت (وەلێ ئەم جارە بەدڵێکی پڕەوە ئەمەم بۆ زیادکرد هونەرمەندی ئازیز تۆ نەتتوانیوە جەستەی شێواوی جەنگی خاڵخاڵان لە تابلۆیەکدا بەرجەستە بکەیت، نەتتوانیوە لە تابلۆیەکدا حەوش و ماڵەکەی میمکە تەمین و سێ کچەکەی پیشان بدەیت کە بووەتە گۆڕستانی ئەو تەرمە نەناسراوانەی کە هەموویان ناویان جەنگی خاڵخاڵانییە! تۆ نەتتوانیوە ئەوە وێنا بکەیت کە جەنگی خاڵخاڵانی عەیامێکە زیندوو دەکرێتەوە و دووبارە دەکوژرێتەوە).

هەروەها هونەرمەندەکەش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کاتێک دەڵێت: (ئەوەی ڕاستی شێتبوونەکەی یووسف بیبانی نەزانێت، هەرگیز جەنگی خاڵخاڵانی ناناسێت و نازانێت چەندجار کوژراوەو زیندوو کراوەتەوە) لە شوێنێکی تردا ئەم جەنگییە دەبێ بە مەتەڵ و ئەفسانە (وتەکانی هەنەرمەندەکە ئەوەندەی تر سەربردەی جەنگی خاڵخاڵانییان لێ کردم بە مەتەڵ و ئەفسانە). پاش ئەمە ئینجا جەنگی خاڵخاڵانی دەبێت بەپیاوچاک و ئەولیا، ڕۆحە پاک و بێگەردەکەی لە گەڵ ڕۆحی پیاوە ئیماندار و نوورانییەکاندا دەردەکەوێ ئەوەتا لە نێو مەزارگەکەی خاڵخاڵاندا بووە بە پیاوێکی نوورانی بێ دەنگ و ڕەنگ، کەچی بە تەنیشتییەوە جەنگییەکی تریش هەیە کە دەموچاوی خۆی هەڵپێچاوەو لە گەڵ پاڵەواندا قسە دەکات (کوڕێژگە وابزانم ئەم شەو لە نێو ئەم مەزارە زۆر ترسایت! کە ئاوڕم دایەوە لەبەردەم ئەو تاقە ژوورەی کە پێیان دەوت گەنجینەی مەزار، پیاوێکی دەموچاو هەڵپێچراوم دی بە دەنگێکی خۆبیانە وتی: مەترسە من جەنگی خاڵخاڵانیم).

لێرەوە دیسان جارێکی تر شێوەی جەنگی دەگۆڕێت و ئەمجارەیان دەبێ بە کەسێکی زیندووی هەمیشە نەمر (من جەنگی خاڵخاڵانیم و نامرم، ئاخر گەر من بمرم ئێوەش شوێن و هەتەرتان نامێنێت) ئەم نەمرییە وای لێکردووە ببێتە فریادڕەسی هەموو لێقەوماو بێ دەرەتانێک و بیانپارێزێ (ئاخر گەر من بمرم خەڵکی دەشت وچیا نان بڕاو دەبن، قاچاغچی و سەوداگەران لە برسان دەمرن، ئەو هەموو سەربازە هەڵاتووە لە کوێ بحەوێنەوە؟ ئەو پیاوە ژن هەڵگر و دوژمندارانە کێ دالدەیان بدات؟). بڕوانامەی ئەم نەمرییەشی لە سەرداری گەورەی پایتەختەوە بۆ هاتووە، ئەو پرسیارەشی لێرەدا وەڵامی نییە ئەوەیە ئاخۆ دەبێ مەبەستی لە سەرداری گەورەی پایتەخت کێ بێت وا بڕوانامەی نەمریی پێداوە؟ پاش ئەمە دیسان جارێکی تر ڕووبەڕووی ئەو هەقیقەتە دەبینەوە کەوا جەنگی خاڵخاڵانی ڕاستەقینە گۆڕی و نەو ئێستا زۆر کەس ناوی ئەویان بۆ بەرژەوندی خۆیان قۆستووەتەوە و بەم ناوەوە خەڵک دەچەوسێنەوە، هەر لەبەرئەمەش ڕووی دزێوی خۆیان شاردووەتەوە و بەدەری ناخەن، ئێستا ئەم ناوە بووە بە تەڵەیەکی کوشندەو تا بمێنێ هەموو ماڵەکانمان وەک ماڵەکەی میمکە تەمین دەبێتە گۆڕستان، چارەش هەر ئەوەیە هەموومان بۆ گۆڕی جەنگی ڕاستەقینە بگەڕێین کە ئێستا وەک گۆڕی سەربازی ون بێ ناوونیشانە (کەواتە ئەمێستا تۆش گومانت نەما کە ئەو تەرمەی دراوەتە دەست میمکە تەمین و سێ کچەکەی هی جەنگی خاڵخاڵانی نییە؟ ئەی هی کێیە؟ هی کەسێکە ئاگای لە مردنی جەنگی خاڵخاڵانی ڕاستەقینە نییە و بە دووی شەپوورەی ئەو دەمامکدارانەدا چووە کە

سەردەمێکە ناوی جەنگی خاڵخاڵانیان لە خۆ ناوە، کەواتە ناوی جەنگی خاڵخاڵانی تەڵەیەکی کوشندەیەو تا ئەو ناوە بمێنێ جگە لە ماڵەکەی میمکە تەمین ماڵەکانی هەموومان دەبێتە گۆڕستان ؟ نا تا ئەو دەمەی هەموو خەڵکی گۆڕی جەنگی خاڵخاڵانی ڕاستەقینە دەدۆزنەوە) لێرەدا دەپرسین بۆ ئێمە گۆڕی جەنگی ڕاستەقینەمان ون کردووەو کەی دەیدۆزینەوە؟ هەڵبەت وەڵامی ئەم پرسیارە لەسەر زەوی واقیعدا پێمان دەڵێت تا دوای حیزبایەتی بکەون لە کوردایەتی ڕاستەقینە دوور کەونەوە ئەوە هەموتان جەنگییەکی دەمامکدارن، ڕێگە دۆزینەوەی جەنگی خاڵخاڵانی ڕاستەقینەش تەنیا گەڕانەوەیە بۆ کوردایەتییەکی بێ غەلوغەش، هەر ئەمەشە وای کردووە ئەم ڕەمزە بەشی هەرە زۆری پانتایی چیرۆکەکە داگیر بکات و لە کۆتاییشدا هونەرمەندەکە بەڵێن بدا کە پاشماوەی تەمەنی خۆی بۆ ئەو تابلۆیە تەرخان بکات کە جەنگی خاڵخاڵانی ڕاستەقینە پیشان بدات،بەم شێوەیە دەبینین لەم چیرۆکەدا ڕەمز چ پێگەیەکی هەیە تا چ ڕادەیەک بایەخی پێدراوە.

پێگەی تەکنیکی هونەری لەم چیرۆکەدا

لەم چیرۆکەدا هەروەک چۆن زیاتر لە ڕەمزێک بەکار هاتووە، ئاواش زیاتر لە تەکنیکێکی هونەری بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەکار هاتووە، تەکنیک لە سادەترین پێناسەدا بریتییە لەو شێوازەی کە چیرۆکنووس چیرۆکەکەی پێ دەگێڕێتەوە، جاران زۆربەی چیرۆکنووسان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان یەک شێوازو ستایلیان بەکار دەهێنا، کە ئەویش تەکنیکی چیرۆکنووسێکی هەموو شتزان بوو، بەڵام ئێستا بەهۆی داهێنانی شێواز و تەکنیکی تازەو نوێوە هەر چیرۆکنووسێک شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە و کاری پێدەکات، هەشە لە یەک چیرۆکدا زیاتر لە تەکنیکێک و شێوازێک بەکاردەهێنێ، ئامانجیش لە بەکارهێنانی ئەم هەموو شێوازو تەکنیکانە لە گێڕەوانەی چیرۆکدا ئەوەیە کە جوانییەکی زیاترو تاموچێژێکی خۆشتر بە چیرۆکەکە بدات، تا خوێنەر زوو لە خوێندنەوەی بێزار نەبێت، لە چیرۆکی شیوەخوێندا چیرۆکنووس (جەلیل کاکەوەیس) زیاتر لە تەکنیکێکی بەکار هێناوەو هەوڵی داوە جوانکارییەکی زیاتر بە چیرۆکەکە بدا، سەرەتا پاڵەوان بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) قسەدەکات و وردە وردە سەرگوزشتەی خۆی بە زمانێکی چڕوپڕی هێمائامێز دەگێڕێتەوەو پاشانیش لە چەند جێگایەکدا دیالۆگی ڕاستەخۆ بەکاردەهێنێ، بێجگە لەمە چیرۆکنووس ڕەمزو هێماگەلێکی ڕاستەوخۆی زۆری بەکار هێناوەو لە کۆی ئەو هەموو ڕەمزانەش چیرۆکێکی ڕەمزی بەرهەمهێناوە لەم کارەشیدا پشتی بە دارشتنی ڕستەی بروسکە ئاسای کورتی پڕمانا بەستووە، هەروەها لە چەندان جێگادا دیالۆگی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لە نێوان پاڵەوان و دایکی و جەنگی خاڵخاڵانی و هونەرمەندەکەدا بەکارهێناوە، هەروەها مۆنتاژی کاتوشوێنی بەکارهێناوە و هەموو شوێنەکانی بە شوێنە سەرکییەکەوە گرێداوە کە وەک گوتمان کەرکووکە، هەروەها پاڵەوان چەند جارێک بە فلاش باک بۆ سەردەمی منداڵی خۆی دەگەڕێتەوە و باسی سەرگوزشتەی منداڵی خۆیمان بۆ دەکات، ئەو کاتەی منداڵ بووە و تووشی نەخۆشی دەروونی بووە، دایکی بردوویەتی بۆ مەزارگەکەی خاڵخاڵان تا چاک ببێتەوە، جێگا کردنەوەی ئەم هەموو تەکنیک و شێوازی دەربڕینە لە کورتە چیرۆکێکدا شارەزایی و لێهاتوویی دەوێ ئەگینا پانتایی چیرۆکەکە خۆی ئەوەندە نییە تا جێگای زیاتر لە ستایلێکی گێڕانەوەی تێدا ببێتەوە، لە کۆتاییشدا چیرۆکەکەی بە کراوەیی هێشتەوەتەو پاڵەوان کۆتاییەکە بۆ هونەرمەندەکە بەجێ دەهێڵێ و تا ئەو قسە بکات ئەویش بەڵێنی پێ دەدات کە پاشماوەی تەمەنی خۆی بۆ ئەو تابلۆیە تەرخان بکات کە جەنگی خاڵخاڵانی ڕاستەقینە پیشان بدات، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو هەویایەکی پاڵەوان ئەوەیە لە تابلۆیەکدا خەمە ئەزلییەکانی خۆی بدۆزێتەوە نەک تابلۆیەک کە باس لە جەنگی خاڵخاڵانی بکات، پرسیاریش ئەوەیە ئایا هونەرمەندەکە ئەو تابلۆیە دروست دەکات؟ بەم تەکنیکە چیرۆکنووس کۆتایی بە چیرۆکەکە دەهێنێ ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات کۆمەڵێ ئیزافات و ڕاوبۆچوونی خۆی بخاتەسەرو گەلێک مەزەندە و لێکدانەوەی جیاجیای بۆ بکات.

پێگەی کەرکووک لەم چیرۆکەدا

کەرکووک ئەو شارەیە کە بەلای کەمەوە لەم سەد ساڵەی دواییدا هۆکاری ئەو جۆرە خوێنە بووە کە لە جەستەی میژووی کورد ڕۆیشتووە، زۆربەی شۆڕشەکانی کورد لەسەر ئەم شارە بەئەنجام نەگەیشتوون، لەم چیرۆکەدا بەڕاشکاوی ناوی هاتووەو پێگەیەکی تایبەتی هەیە(دایکم دەستێکی لەرزۆکی بەسەرمدا هێناو داوای لێکردم کە مەزارگەکە بەجێ بهێڵێن و بەرەو شارێگەی

کەرکووک بکەوینە ڕێ ..) ، پاڵەوان خەڵکی کەرکووکەو ڕووداوەکانیش لەم شارەو دەوروبەریدا ڕوودەدەن هەر لەسەرتاوە دەبینین چۆن پاڵەوان باسی شاری کەرکووک دەکات و بە چەند دێمەنێکی پڕ لە ترس و تۆقین و خۆێن ئاشنامان دەکات ئەو کاتەی دەبینێ وا دیسان جەلادەکانی ڕژێمی ڕووخاو تەرمێکی دیکەی ئەشکەنجە دراوی زیندانییەکانی شار بە بیانووی ئەوەی کە تەرمی جەنگی خاڵخاڵانی کۆڕی میمکە تەمینە دێننەوە بۆ میمکە تەمین تا لە حەوشەی ماڵەکەیدا بینێژێ، ئەمەش حەوشەکەی کردووە بە گۆڕستان، لێرەوە دەبینین خەڵکی کەرکووک لە چ کەشوهەوایەکی پڕ لە ترس و تۆقیندا دەژین ماڵەکانیان وشارەکەیان هەمووی بووە بە گۆڕستان، خۆشیان مردووئاسا لەگەڵ مردووەکانیاندا دەژین، شیوەسووریش کە پاڵەوان خۆی و دایکی بە منداڵی پێیدا چوون بۆ مەزارگەکەی خاڵخاڵان شیوێکە لە دەوروبەری کەرکووکەوە دەست پێدەکا و دەچێتە خاڵخاڵان و دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک، کەرکووک لەم چیرۆکەدا سەراپای نەتڵی خۆێنەو لە هەموو کون و قوژبنێکییەوە فیچقەی خۆێن دێت (ڕۆژی پێشتر بەسەرێکی قورس و لووتێکی یەکجار درێژەوە لە گەڵ دایکمدا ماوەیەکی زۆر بە شیوەسووردا ڕۆیشتین، ئەم شیوە لە زەینی منداد بە دۆڵێکی ئەفسانەیی دەچوو چونکە لە حیکایەتەکانی دایکمدا کوشتارگەیەک بوو بە پانایی و قوواڵیی دۆڵەکە خۆێنی بنیادەمی کوژراوی پێدا دەڕۆیشت، ئیدی دیقەتی ئەو خەرەندو لووتکانەوە ئەم بەروە ئەوبەری شیوەکەم دەدا بە خەیاڵی خۆێنێکی گەش چەشنی تاقگە دەهاتە خوارێ، تەنانەت درەختەکانیش بە دارهەنار و زەدەلوو و گەڵاو بەرەکانیانەوە سوور دەچوونەوە). خۆێنەر لە سەراپای چیرۆکەکەدا بەردەوام ئەم دێمەنە خۆێناویانە دەبینێت، بۆنی خۆێن و خۆێن ڕشتن دەکات، هەموو ئەم خۆێنانەش لە کەرکووک و دەوروبەریدا دەڕژێن، پاڵەوان هەر لە منداڵییەوە ئەم هەموو خۆێنەی دیوە تا وای لێهاتووە هەموو شتێکی دۆڵەکەی لەبەر چاو بووە بە خۆێن، ئەو نەک تەنیا هەست بەمە دەکات بەڵکو پێشتریش دایکی ئەمانەی بۆ باسکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە نەک تەنیا بە بیرەوەری ئەم بەڵکو ئەم خۆێن ڕشتنە بەردەوامبوونێکی مێژوویی هەبووە، ئەمەش ڕاستی ئەو بۆچوونە دەردەخات کە پێگەی کەرکووک لەم چیرۆکەدا پێگەیەکی خۆێناوییەو جۆباری خۆێنی کورد لەسەر کەرکووک بووە،ئەوەی لەم چیرۆکەدا جێگای سەرنج و ڕامانە ئەم ڕستەیەیە کە پاڵەوان لە دەمی دایکییەوە دەیگێڕێتەوە (ئای ئەم شیوەسووڕە خۆێنی بە فیڕۆی تێدا ڕژا، دەبوو ناوی بنێن شیوەخۆێن) بۆ خۆم زۆرێکم هەڵوێستە لەسەر ئەم ڕستەیەکرد تابزانم بۆچی دایکی پاڵەوان ئەم هەستەی لەلا دروست بووە، کە ئەم هەموو خۆێنەی، کە لەم شیوەسووڕەدا ڕژاوە، بە فیڕۆ ڕژاوە؟ ئەنجام بەو قەناعەتە گەیشتم هەرچەندە چیرۆکەکە مێژووی نووسینی لەسەر نییە، بەڵام بە گوێرەی ئەو ڕووداوانەی تێیدا ڕوودەدەن هەردوو قۆناغی پێش ڕووخانی ڕژێم و دوای ڕووخانی ڕژێم دەگرێتەوە، واتە ئێستاو ڕابردووی کەرکووک، بۆیە ئەم ڕستەیە دوو ئەگەر هەڵدەگرێ یەکەمیان بارودۆخی ئێستای کەرکووک و مادەی سەد و چل و ئەم هەموو گەندەڵی و بێ سەروبەرییەی ئێستا لە کەرکووک ڕوودەدەن چیرۆکنووسی بەم قەناعەتە گەیاندووە کە بڵێ ئەو هەموو خۆێنەی کورد لە پێناوی کەرکووکدا ڕشتوویەتی بە فیڕۆ بچێ و بەهیچ نەگات، چونکە تاکو ئێستاش کورد لە کەرکووک خاوەنی هیچ نییە و کۆمەڵێک مشەخۆر و گەندەڵچی دەستیان بەسەر کەرکووکدا گرتووە و چارەنووسی ئەم شارەو خەڵکەکەی کەوتووەتە بەر قەدەرێکی نادیار، دووەمیشیان ئەگەری ئەوەیە کە چیرۆکنووس بڕوای بە کوشت و کوشتارو شەڕوشۆڕ نەبێت و حەزبکات ئەم کێشەیە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، بۆیە پێی وایە کێشەی کەرکووک پێوبستی بەم هەموو خۆێن ڕشتنە نەبووە و نییە و دەکرێ بە ڕێگای گفتوگۆ و دیالۆگەوە چارەسەر بکرێ، چونکە ئەو بە ئاشکرا ئاماژە بۆ پۆستاڵ و پێڵاوی لاستیک دەکات، ئەم دووانەش هەردووکیان هێماو ئاماژەن بۆ سەرباز و پێشمەرگە، کە هەردووکیان لەم دۆڵەدا پێکەوە کوژراون، ئەو پێی وایە دەکرا شتەکان ئاشتیانە چارەسەر بکرێ و پێویست نەبوو ئەم هەموو خۆێنە بە فیڕۆ بڕژێت، لە کۆتاییشدا پاڵەوان ئاماژەیەکی خێرای بە کێشەی تەعریبی کەرکووک و ئاوارەکردنی خەڵکەکەی داوە، کاتێک ئاماژەی بۆ وێڵ بوون و گەڕانەوەی ئاوارەکان کردووە بۆ کەرکووک بەڵام ئەمجارەیان بە ئاواتێکی گەشترو بە هیوایەکی نوورانیتر (ئیدی وەک دوو ڕێبواری ڕێگە وێڵکردوو ڕچەڕێیەکی قەدبڕمان گرتەبەر، هەریەکەمان تاریکە شەوەکەی نێو مەزارەکە و پیاوە نوورانییە بێدەنگ و ڕوخسار هەڵپێچراوەمان لەگەڵ خۆماندا هێنابوو) هەڵبەت ئەو ڕێگە قەدبڕە ئەوە ڕێگای

گەڕانەوەیە بۆ کەرکووک و هەرکەسەو بەشێوەیەک ڕابردوو ئێستاو ئایندەی کەرکووکی لە دڵی خۆیدا هەڵگرتووە. بەم شێوەیە دەبینین پێگەی کەرکووک وەک پێگەی واقیعی شارەکە پێگەیەکی خوێناوی پڕ ئێش و ئازارە.

پێگەی پاڵەوان لەم چیرۆکەدا

پاڵەوانی چیرۆکەکە کە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) قسەدەکات، لە دەسپێکدا ئاوا چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە (چەندین ساڵم بە سەردانی پیشانگا شێوەکارییەکان بەسەر بردو بە هەویای ئەوەبووم لە تابلۆیەکدا خەمە ئەزلییەکانی خۆم بدۆزمەوە ..... ئاخر من بنیادەمێکم تەمەنێکە باریکی قورسم بە شانەوەیەو ئێوە لێی بێ ئاگان، ڕازێکم پێیەو هێشتا نەم درکاندووە، دەی تۆیەک نەتوانی جێگەی خولیاو خەمەکانی من لە تابلۆکانتدا بکەیتەوە ئیدی ئەم ڕەنجەت لە پای چی؟) ئەم پاڵەوانە سەرەڕای ئەوەی تەمەنێکە باریکی قورسی بە شانەوەیە تاڕادەیەک ڕوخساریشی تەماوی و نادیارە، هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە هەست دەکەیت کەسێکی ونەو ڕوخساری کەسایەتی شێواوە (ئەو دەمە بە هۆی حیکایەتە ترسناکەکانی دایکم شەوانە خەونی سەیرم دەبینی و بۆ بەیانی هەستم دەکرد هیچ ئەندامێکی جەستەم وەک خۆیان نەماون، سەری خۆمم لێ ببوو بە کەللەسەری ئەسپی بالداری نێو حیکایەتەکان، لووتم وەک هی فیل درێژ ببووەوە، نینۆکی پەنجەکانم بەهی پشیلە کێوی دەچوون) ئەم بنیادەمە سەرەڕای ئەم بارە قورسەی بە کۆڵیەوەیە دەروونیشی لە ژێر هەمان باردا هیلاک و شێواو و ونە، لە چیرۆکەکەدا زانیاریەکی ئەو تۆ لەسەر خۆی نادات، جگە لەوەی کەناوی سوارەیەو بە منداڵی لە گەڵ دایکێکی بێوەژندا ژیاوەو تووشی نەخۆشی دەروونی بووەو دایکی بردوویەتی بۆ مەزارگەی خاڵخاڵان بۆ چاکبوونەوە و لەوێ جەنگی خاڵخاڵانی دیوە، کە گەورەش دەبێت چەندین ساڵ لە تەمەنی لە سەردانی پێشانگا شێوەکارییەکاندا بەسەر دەبات و بە دوای تابلۆیەکدا دەگەڕێت خەمە ئەزلییەکانی خۆی وەک (تاکێک) بدۆزێتەوە، دواتریش دۆزینەوەی خەمە گشتیەکانی میللەتەکەی لە تابلۆیەکدا کە لە بەرجەستە بوونی جەنگی خاڵخاڵانی ڕاستەقینەو بە گۆڕستان بوونی ولاتدا خۆی دەبینێتەوەو دەبێتە ئامانج و مەبەستی، لەگەڵ ئەوەشدا کە کەسێکی ون وێڵ و ماندووە، بەڵام پاڵەوانێکی وریاو بەئاگایە، بۆیە بەدوای تابلۆیەکدا دەگەڕێت خولیا و خەمەکانی ئەوی لە خۆ گرتبێت، ئەمەش دەقاودەق مرۆڤی کوردە کە چۆن تاکو ئێستا نەبووەتە خاوەنی کەسایەتی خۆی و لە نێو تەمتومانی ئەم گەردوونەدا گوم بووەو بە دوای تابلۆیەکدا دەگەڕێت خولیاکانی تێدا بیدۆزێتەوە، بە تایبەتی کوردی کەرکووک کە ئێستا تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی هاتوون، ئەو ڕازەش کە تا ئێستا نەیدرکاندووە ڕازی دەوڵەتی کوردییە کە تا ئێستا وەک ڕاز و ئاواتێک لەدڵی هەموو کوردێکدایە و کەس ناوێرێت بیدرکێنێت، ڕەنگە ئەو تابلۆیەش هەر ئەم دەوڵەتە بێت، کە هۆکاری ڕاستەقینەی خۆ دۆزینەوەیە لەم دنیایەدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەی دەیان پێشانگا دەگەڕێت، بەڵام تا کۆتایی چیرۆکەکە ئەو تابلۆیە نایدۆزێتەوە، بەڵام هونەرمەندێک بەڵێنی دروستکردنی ئەو تابلۆیەی دەداتێ، لە بەرانبەر ئەم خەمساردییەدا گلەیی ئەوە لە هونەرمەندەکان دەکات ئەوانەی دەتوانن وێنەی خەمە ئەزلییەکانی ئەم لە تابلۆکانیاندا بکێشن و باسی ئێش و ئازارەکانی بکەن و بە دنیای بناسێنن کەچی بۆی ناکەن (ئەو هونەرمەندانەش یەکەم خوداو دووەم دەوڵەتە زلهێزەکانن کە تاکو ئێستا بڕیاری دروستکردنی دەوڵەتی کوردییان نەداوە ئەوەی هەیەو نییە چەند بەڵێنێکی زارەکییە وەک ئەوەی هونەرمەندەکە) ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە تا ڕادەیەک ئاڵۆز و چڕ و پڕن، چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا چەندان مەبەست و ڕووداوی وروژاندووە کە هەرەیەکەیان پرسێکی گرنگ و مەسەلەیەکی چارەنووسسازن و لەسەر دڵ و دەروونی پاڵەوان ڕەنگیان داوەتەوە، ئەم پاڵەوانە ڕۆژێکیان لە کاتی چوون بۆ سەردانی پێشانگایەک گوێی لێدەبێت لە دەرگەی مالێی میمکە تەمینی دراوسێیان دەدرێت تەماشا دەکات تەرمێکی تریان بۆ دەهێننەوە، ئەم میمکە تەمینە کاتی خۆی کۆڕێکی بووە بە ناوی جەنگی خاڵخاڵانی کە ساڵی هەشتا لە خاڵخاڵان کۆچیەر کوشتوویەتی و کەسیش گۆڕەکەی نەبینیوە، ئیدی هەموو جارێک کە داروەدستەی ڕژێم کەسێک لە شاردا لەژێر ئەشکەنجەدا دەکوژن دەیبەن بە ناوی جەنگی کوڕیەوە دەیدەن بە میمکە تەمین، تا لە نێو حەوشەکەی خۆیدا بینێژێت، بۆیە حەوشەکەی دەبێتە گۆڕستان و پڕ دەبێت لە گۆڕی نەناسراو، ئیدی لێرەوە ئاستی ڕووداوەکان بەرەوسەرەوە دەچن. پاش ئەوەی دەچێتە پیشانگەی نێو تەلارە خڕەکە دیسان لەوێش ئەوەی بۆی دەگەڕێت نایدۆزێتەوە، لێرەدا کاتێک خەریکی تۆمارکردنی

سەرنجەکانی دەبێت قسەیەکی هونەرمەندەکە لەسەر جەنگی خاڵخاڵانی دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی ئەوکاتەی کە ئەم منداڵ بووەو تووشی نەخۆشی دەروونی بووە، دایکی بردوویەتی بۆ سەر مەزارەکەی خاڵخاڵان تا چاک ببێتەوە، لەوێ بۆ یەکەمجار زەلامێک کە دەموچاوی خۆی هەڵپێکاوە لەنێو گومبەزەکەی خاڵخاڵاندا دەبینێت و قسەی لەگەڵدا دەکات و پێی دەڵێت مەترسە من جەنگی خاڵخاڵانم، دواتر وتوێژێک لە نێوان پاڵەوان و جەنگی خاڵخاڵاندا دێتە ئاراوە و جەنگی پێی دەڵێت من جەنگییم و نامرم، ئاخر ئەگەر من بمرم ئێوەش شوێن و هەتەرتان نامێنێت، پاش ئەم دەمەتەقێیە ئەوکەسەی کە دەموچاوی خۆی هەڵپێکاوە و لافی ئەوە لێ دەدات کە ئەو جەنگی خاڵخاڵانییە بە پاڵەوان دەڵێت گێل ئەم گێلییە ڕایدەچەڵەکێنێت و هەست دەکات ئەویش بە گەورەبوونی سەری و درێژبوونی لووتی زانیوە، سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەو هێشتا دووداڵە لەوەی ئایا ئەمە جەنگییە، یان نا؟ ئەو شەوە لە مەزارەکە دەمێننەوە سبەی وەک دوو ڕێبواری وێڵ خۆی و دایکی بە ڕێچکەیەکدا بەرەو کەرکووک دەگەڕێنەوە، ئەمە پوختەی چیرۆکەکەیە، بەڵام ئەم چیرۆکە تەنیا گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە نییەو بەڵکو لەگەڵ ئەم تەوەرە سەرەکییەدا دەیان ڕووداوی لاوەکی ترو کورتیلە چیرۆکی تریشی تێدایە کە بە کۆی هەر هەموویان چیرۆکەکەیان تەواو کردووە، ئێمەش هەر ڕووداوەو بە پێی ڕۆڵی خۆی و لە شوێن و پێگەی خۆیدا قسەمان لەسەر کرد، وەک گوتمان چیرۆکنووس (جەلیل کاکەوەیس) لەم چیرۆکەدا زۆرشتی وروژاندووە و هێما و ئاماژەی بۆ زۆر شت کردووە، مەبەست و بیروڕاو بۆچوون و گۆشەنیگای خۆی لە چوارچێوەی پاڵەوانەوە لەسەر زۆر شت داوە، بەو پێیەی چیرۆکەکە لە کەرکووک ڕووی داوە پاڵەوانیش کەرکووکییەو ناوەکەشی کوردییە، بۆیە ئەویش وەک کوردی کەرکووک وێڵ و ون و ئاوارەیە، ئەوەتا لەبەر بێکەسی پەنا بۆ مەزارگەو گۆڕی شەهیدان دەبات، ئەم پاڵەوانە تەمەنی بەسەر دوو قۆناغدا دابەشە، قۆناغی حوکمی ڕژێمی ڕووخاو، قۆناغی دوای ئازادی عێراق، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم چیرۆکە وەک پێشتر گوتمان میژووی نووسینی پێوە نییە ئێمە میژووی بڵاوبوونەوەی دەکەینە میژووی نووسینی، وەلێ دیارە بەشێکی زۆری ڕووداوەکان لە سەردەمی ڕژێمدا ڕوویان داوە، وەک لە گۆڕستانەکەی ماڵی میمکە تەمیندا دەیبینین، بێجگە لە پاڵەوانی سەرەکی کە کوردێکی کەرکووکییە، عەیبی ئەم پاڵەوانە لەوەدایە ئەوەی دەیەوێ و پێویستی پێیەتی هەوڵ نادات بە دەست و مەچەکی خۆی بە فرچەی خۆی دروستی بکات، بەڵکو تەنیا بۆی دەگەڕێ و دەیەوێت خەڵک بۆی دروست بکەن، ئێمە دەزانین هەر ئینسانێک خەمی خۆی لە ناخی خۆیدایەو کەس وەک ئەو هەست بە ئازارەکانی ناکەن کەوابوو هیچ کەسێک ناتوانێت وەک خۆی گوزارش لە خەمەکانی بکات، بۆیە لە جیاتی ئەوەی لە تابلۆی ئەم وئەودا بۆ خەمەکانی خۆی و جەنگی خاڵخاڵانی ڕاستەقینە بگەڕێت، دەبووایە هەوڵی بدایە ئەو تابلۆیە خۆی دروستی بکردایە، وەلێ ئەوەی جێگای سەرنجە دەبینین لە ژیانی واقیعیشماندا ئێمە تووشی هەمان نەخۆشی بووین لە هەموو شتێکدا چاوەڕوان و دەستەڕوانی ئەم و ئەوین تا بۆمانی بکەن وەک خۆمان کەمئەندام و نقوستان بین، ئەمەش ڕەنگە بە دیوێکی تردا بگەڕێتەوە بۆ ئەو بێ بڕوا بە خۆبوونەی کە وەک نەخۆشییەکی دەروونی تووشی تاکی کورد هاتووە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی ڕاستی واقیعی ئەمڕۆی میللەتی کوردە کە پاڵەوانەکە وێنەیەکی زەقی تاکەکانییەتی.

ئەنجام

لە پوختەی باسدا بەو ئەنجامە دەگەین کە چیرۆکی (شیوەخوێن)ی جەلیل کاکەوەیس چیرۆکێکی سیمبۆلۆژییە و چیرۆکنووس لە چوارچێوەی پاڵەوانەوە بە کۆمەڵێ ڕەمز و هێما بیروڕا و گۆشەنیگای خۆی لەسەر چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دوێنێ و ئەمڕۆی واقیعەکەمان دەربڕیوە، ئەمەشی بە شێوەیەکی هونەری جوان کردووە و ستایل و تەکنیکی جوانی بەکارهێناوە، ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی ڕەخنە ئامێزە کە گوزارشت لە قۆناغێکی ترسناکی ژیانی میللەتی کورد دەکات، هەروەها ئیدانەی ئەو ئیستغلال کردنەی ناوی شەهید و پێشمەرگە دەکات، کە ئەمڕۆ زۆر کەس لە ژێر کۆمەڵێک ناوی دەمامکداردا پەیڕەوی دەکەن، هەروەها بەشێوەیکی هونەری کەسایەتی مرۆڤی کوردی پیشان داوین کە چۆن ئەمڕۆ لە نێو ئەم دنیا جەنجاڵەدا سەرگەردان بووە و بۆ دۆزینەوەی خودی خۆی پیشانگاکانی دنیا دەگەڕێت، ئەم چیرۆکە زێتر لە خوێندنەوەیەک و هەڵسەنگاندنێک هەڵدەگرێت، دەشێ بە پێی خوێندنەوە و بەکارهێنانی ئامراز و زاراوە ڕەخنەییە جیاجیاکان ماناو دەلالەتی

گوننار ئێکێلۆف و خەونی ڕۆژهەڵات

«عەرەبێکم، شێت و شەیدای جوانە بە ڕووبەندەکانم»

پرۆفێسۆر. ئەندێرس ئولسۆن*
لە سوێدییەوە: ڕزگار شیخانی (سوێد)

لە بن ناوونیشانی ئەم بابەتەدا گوتراوە «گوننار ئێکێلۆف و خەونی ڕۆژهەڵات». دەمەوێت هەر لەسەرەتاوە ئەوە بڵێیم، کە من لێرەدا هەوڵی ئەوە نادەم ڕوانگەیەکی شیکاری بدەم بە پێوەندی هەمەلایەنی ئێکێلۆف بە ڕۆژهەڵاتەوە. ئەمە زۆر درێژە دەکێشێت و لە توانای منیشدا نییە. گوننار ئێکێلۆف بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سنووردکانی کولتوور و زمانانی دەبەزاند، بەڵام سنووری باوەڕی ئایینیشی دەبەزاند: مۆتیڤی قووڵی بودی، تاوی و سۆفی لە شیعرەکانیدا هەن، کە زۆر ئاسان نین بەیەکەوە گرێ بدرێن.

لێرەدا زێتر باس لە ڕێگەی ئێکێلۆف بۆ ڕۆژهەڵات دەکرێت، کە چەند زۆریش گرنگ بوو بۆ شیعری ئەو، بەتایبەتی بۆ «سیانەی دیوان». لێرەدا من لە ئاسەوارێکی ئەدەبییەوە دەست پێدەکەم، کە ئەو زوو دۆزییەوە، کە بە ڕای من بۆ شاعیرەڕێی ئەو یەکلاکەرەوەو زۆر گرنگە.

کە دکتۆرا نامەکەمم (نا-ی ئێکێلۆف) دەنووسی، لەناو یەکێک لەو هەموو دەفتەرە ڕەشانەی تێبینیدا، کە هی ئێکێلۆفن و لە(١) Carolina Rediviva Up-psala پارێزراون، ئەم دێرە شیعرەم بەرچاو کەوت:

«عەرەبێکم، شێت و شەیدای جوانە بە ڕووبەندەکانم.»
کە یەکەمجار ئەم دێرەم خوێندەوە، شڵەژام.
بۆ ئێکێلۆف بەخۆی دەڵێت عەرەب؟
ئەوە چۆن ئێکێلۆف ئاوها بە ئاشکرا ڕەگەزی لە سوێدییەوە بۆ عەرەب دەگۆڕێت؟
هەر بەڕاست گوننار ئێکێلۆف، ئەوەی کە ئێمە بە خۆشییەوە دەمانەوێت وەکو ڕەنگە گەورەترین شاعیری

گونار ئیکیلۆف

سوێدی زمان بیبینین، چەند «سوێدی»یە؟

دێرەکە، کە بە قەڵەمی ڕەش نووسراوە، بە دڵنیایی هی ڕەشنووسی یەکەمی «شیعرەکانی دیوان»ە، کە ساڵی ١٩٦٥ نووسران. لەم ڕەشنووسانەدا زۆر جار ئیکیلۆف خۆی بە ئاشکرا بوونی هەیە، بە بێ ئەو میرەی کە پاشان لێیدەگەڕێ لە کۆمەڵە شیعری دیواندا بدوێت.

دێرەکە لە شیعرێکدا هاتووە، کە دەکرێت بە ئاسانی بگەڕێنرێتەوە سەر سەفەری ئیکیلۆف بۆ ئەستەمبوولّ لە بەهاری ساڵی ١٩٦٥دا. شیعرەکە وا دەردەبڕدرێت:

پاکیزە لە پشت ئاسنبەندێک
لە بن ڕووبەندێک
لە ڤلاچێرن
ڕوخسارتم نەبینیوە
بەڵام چاوەکانت
عەرەبێکم، شێت و شەیدای جوانە بە ڕووبەندەکانم.

واتە مەسەلەکە ڕەشنووسێکی زیکر، دوعا و نزایە بۆ پاکیزە لە بەشی یەکەمی «دیوان لەسەر میر ئێمگیوون»دا، ئەو کۆمەڵە شیعرەی کە لە ساڵی ١٩٦٥دا چاپ کرا، بەڵام ڕێک ئەم دێرانە بڵاونەکرانەوە، ڕەنگە لەبەر ئەوەی میرەکە خۆی عەرەب نەبوو، بەڵکو بەگوێرەی کۆمێنتارەکانی ئیکیلۆف لەکۆتایی کۆمەڵە شیعرەکەدا، کوردێکی باکووری ئێران بوو. وا پێدەچێت ئیکیلۆف لە ڕەگەزی خۆددا دووڵ بووبێت و ئەمەیش لەگەڵ ئەوەدا یەکدەگرێتەوە، کە چۆن ئەو نەک هەر تەنیا سنووری کات و شوێنی دەبەزاند. بەڵکو سنووری شوناسی خۆیشی و قسەکەریشی دەبەزاند.

ئەم دەربڕینە و گەمەی ئیکیلۆف لەگەڵ شوناسێکی نامۆدا چی دەگەیەنێت؟

نووسەران بەوە ناسراون کە ژیانی تر دروست بکەن، بچنە ناو ناخی کەسی هەبوو، یان کەسی خەیاڵکردە و بێنە دەرەوە، بەڵام بێگومان ئەمە جیاوازە لەوەی کە کەسی خەیاڵکردەی جودا دروست بکەیت و یەکێکیان بکەیت بە ئەلتەر ئێگۆ «خودێکی تر، یان منێکی تر»، بۆ نموونە، میر ئێمگیوون لە شیعرەکانی دیواندا.

تا ئێستا هیچ کەس گومانی لەوە نەبووە، کە لەم شیعرانەدا گوێمان لە ئاوازی ئیکیلۆفیشە دەبێت. گەمەی تێدایە لەگەڵ تەمەن، باری خزمایەتی و بابەتی بیۆگرافیی خاو، کە لە ڕەشنووسی یەکەمدا زێتر هەن. لە نامەیەکدا کە مێژووی ١٩٦٥/ ٤/١ی لەسەرە و لە ئەستەمبوولەوە بۆ ئۆلۆف و مارتینە لاگێر کرانز نووسیویەتی، ڕەشنووسێکی ئەو شیعرە بەناوبانگەی تێدایە، کە ناوی «ئەیاسمە»یە و ژمارە بیست و چوارە لە «دیوان لەسەر میر ئێمگیوون»دا. لە دیوانە چاپکراوەکەدا، ئەوە میرەکەیە، کە خۆی لە ئاودا ئاوێنا دەکاتەوە، بەڵام زۆر کەس شێوەی شاعیر خۆیان تێدا ناسیوەتەوە.

لە ئاوە مەندەکەدا(٢)
ڕۆحی خۆم نواند:
گەڵێ لۆچ.
سەرەتای ملێکی چرچ
دوو چاوی تەڵخ/.../

لە ڕەشنووسەکەدا ئیکیلۆف باسی خۆی دەکات: «وا خۆم لە ئاوەکەدا دەبینم/ گونار ئیکیلۆف...».

لای ئیکیلۆف، ئەم خۆ ناسینەوەیە درەنگە لە ڕۆڵی کەسێکی نامۆدا، پرسیاری گرنگ دەوروژێنێت، نەک هەر لەبەر ئەوەی، کە ئەو وەکو شاعیر زۆر وریایە لەو شتانەی کە خۆیین. ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی لە «دیوان

لەسەر میر ئیمگیوون»دا ئەم ڕۆڵە خەیاڵکردە شیعرییە دەربخات، دەبینین کە چۆن ئەم خۆناسینەوەیە لە نووسەرایەتی ئەودا وەکو ئاخافتن بە دەنگی خەڵکی تر دەردەکەوێت. لە هەمان کاتدا وا پێدەچێت کە خۆپەسندترین شاعیرمان، ئەو کەسەیە کە زێتر لە هەموو شاعیرەکانی ترمان، دەهێڵێت کەسی تر ئاوازی ئەو بڵێتەوە.

چۆن ئەم پارادۆکسە شی بکەینەوە؟

دەتوانرێت باسی نەبوونی پێوەندی کۆمەڵایەتی لای ئێکێلۆفی لاو بکرێت. ئەو وەکو تاقانە، زوو بێ باوک بوو و بە پێوەندییەکی سارد و سڕی بێ سۆز لەگەڵ دایکیدا، کەسی نەبوو لە گەشەیەکی هارمۆنی بۆ چوونە ناو تەمەنی گەورەیی پێشەنگی بێت. ڕەنگە ئەمە ڕوونکردنەوەیەک بێت لەوەی کە ئەو دەبوو وا گەرموگوڕ بە دوای پێشەنگدا بگەڕێت، لای ئەویش ئەم گەڕانە لە دەرەوە، لە شوێنێکی تر و کولتوورێکی تردا دەبێت. هەموو شاعیرێک پێویستی بە پێشەنگ هەیە کە سرووشی پێ بدات، بەڵام لە حاڵەتی ئێکێلۆفدا، ئەم پێویستییە زۆر پەیوەستە بە ڕێگەیەکی دەرچوون لە خۆدا. لە ڕۆژهەڵات و «ئەویتر»دا بۆ خۆی دەگەڕێت، بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی ڕەچەڵەکەکانی لە دوای خۆیدا جێبهێڵێت. قاسید ڕێگەی لەخۆ چوونە دەرەوەی بەرەو خودی بەپاکیزەیی لە دایکبووی ناو شیعر نیشان دەدات.

گوننار ئێکێلۆف حەزی لە گوتەی «کاریگەری» نەدەکرد، بەڵام باوەڕی بە «خۆناسینەوە» هەبوو. زۆر جاریش باسی کردووە، کە نەبوونی هۆیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ داهێنان. وەک ئەوەی نەکرابێت نەبوونی چارەسەر کرابێت. تەنانەت لای ئێکێلۆف وایە، ئەو باوەڕی بە شتێکە ڕێک لەبەرئەوەی خۆی بێبەشە لە شتەکە. نەبوونی دەبێتە باوەڕهێنان بە تەواو خۆناسینەوە، یان ڕازیبوونێک لە بۆشایی یان لە عەدەمدا، ئەوانەی ئێمە لێیان بێبەشین.

ڕەنگە لەبەر ئەمە بووبێت ئێکێلۆف وا تۆند کاردانەوەی هەبوو، دەمێک ئاماژە بە پێوەستی ئەو بە ئیلیەت، یان بە ڕامبۆوە کرا. هەستی بە زۆر نزیکبوونی ڕێنیشاندەرەکەی کردووە و دەبێت بەرگری لە خۆی بکات.

خۆ لەم حاڵەتەی کە لێرەدا بە لای منەوە سەرنجڕاکێشەو ڕەوتێکی شیعری دەداتە خەونی ڕۆژهەڵات، ئێکێلۆف وای نەکردووە. حاڵەتەکە لەمەڕ شاعیری عەرەب و سۆفی سەدەکانی ناوەڕاست «ئیبن ئەلعەرەبی»یەوەیە..

لای ئێکێلۆف خۆناسینەوەکە لەگەڵ دەنگێکی لە کات و شوێن لە ئارا نەبوودا بەر لە نووسینی شیعرەکانی دیوانیش مێتودێکی شیعری بوو، کە تێیدا بوو بە پێشەنگ. ڕەنگە غەریزەی ئەمە بووبێت، کە بەسەر مردووەکانیشدا هەڵبدات، کە (ئەوی زوو بێ باوک بوو) هەستی پێکردبوو و داهێنەری ئەم هونەرەیش بوو. لە شیعری En Molna- elegi و شیعرەکانی دیوانیشدا، مەسەلە ئەوەیە کە دەنگ بە سێبەرەکان بدات. هەموومان ئەو دێرانەی ئێلیگییەکە Elegi «شیعری سەردولکەیی» دەناسین، کە دەڵێ:

ئاوها لە قوواڵیی بەرسکمدا
هەست بەم مردووانە دەکەم:/
ئەو هەوایەی هەڵی دەمژم، لە مردووەکان گیر دەبێ،
ئەو تێنوێتییەی من دەیخۆمەوە، تێکەڵی مردووان بووە،
ئەوان بڕسێتی و بژێوی منن:/
من ژیانی ئەوان دەمرم، ئەوان مردنی من دەژین.

سەرنجی ئەوە بدە، لێرەدا ئێکێلۆف چۆن باسی ئەوە دەکات کە خودی تێنوێتی بخواتەوە و برسێتیش بخوات و لە دەستدانیش مسۆگەرە. ئێکێلۆف توانایەکی سەیری هەیە کە بخزێتە ناو دەنگی ئەویتر و بیکات بە دەنگی خۆی. بیربکەوە چۆن «خودی شیعر»ی ئێکێلۆف بێ بەرگریکردن گوتەی هێنری میچاوکس-ی شاعیری بەلجیکی وەردەگرێت، کە گوتوویەتی «لە وڵاتێکی دوورەوە بۆتان دەنووسم». و ئێکێلۆف لە سەرەتای شیعرێکی زۆر ناسراوی خۆیدا بەناوی Opus in-certunدا بەکاری هێناوە. ئێکێلۆف لەم دێرە شیعرەدا شتێکی تەواو جیاوازی لەوەی میچاوکس دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی دەقاودەق هەمان دەربڕینە، تەنیا بکەرێک گۆڕاوە. ئێکێلۆف نووسیویەتی: «لە وڵاتێکی دوورەوە بۆت دەنووسم»..

ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە، شیعرەکە لە بارەی

ڕوانگە گۆڕینێکە، کە دەستی بەسەر زمانیشدا گرتووە. نووسین گـۆڕینی خـاکـە، پەیڤـینە لەوبەرەوە. کـرۆکی لەســەرخــۆ هاتووی دەنگ، فــۆرمـێکی باوەڕپێکراوی نامـەکـەیە، وەک لەم شـیـعـرەدا، کـە لە مـەودایەکی زۆر دوورەوەیە. ڕێک ئەمـە بۆ من خـەسـڵـەتی ناسـینەوەی شـیـعـری ئێکێڵۆڤـە، مـتـمـانە هەبوون لەوەی کە وشـەکان دەگەنە جێگە. پێویست ناکات خۆیان دەربخەن، دەتوانن منگە منگ بکەن، بە دەسـتکوتان بڕۆن، کـاتی خـۆیان بەکاربهێنن. چرپەچرپی نێوان درزی شوورەن، وشەن کە لە کات و شوێندا مەودا دەبڕن و دەبن بە فۆرمێکی دیار.

دەگـوترێت، ئەزمـوونی گـرنـگ و یەکـلاکـەرەوەی نووسـەرایەتی ئێکێڵۆف لە سـاڵی ۱۹۲۹- ۱۹۳۰ لە پاریس گـەشـەی کـردووە، ئەو دەمـەی ڕەشنووسـە سەرەتاییەکانی یەکەمین دیوان و شـیـعری «شـەوێک لە ئاسـۆدا»ی نووسـیـوە، بەڵام بەر لەمـەیش، خـەونی هیندستان و شیعری ڕۆژهەڵاتی وەکو ڕێگە چارەیەک بۆ دوورکـەوتنەوە لە ئەوروپا و مـەسـیـحـایەتی بیـزەوەر، گەشەی کردووە. سەرەتا خەونی «ئەوی دیکە»ی ڕادیکاڵ و پاشانیش مودێرنیزم هاتووە.

با بە کـورتی ئامـاژە بەم ئارەزووە زووەی ئێکێڵۆف بدەم. زۆر کەس لەگەڵ من، لە سەربەخۆیی ئێکێڵۆف لە گەڕانیدا بەدوای ڕۆژهەڵات حەپەساوە. کە شاعیرانی تر دوای بیـرمـەندی سـەدەی هەژدەم دەکـەوتن، بە دوای شـوێنهـاوەرێک، یـان بەدوای نیـتـشـەیەک دەکـەوتن، بۆ ئەوەی خۆیان لە عەقڵ و دوالیزمی ڕۆژئاوا ڕزگار بکەن. ئێکێڵۆف بەدوای کـەسـێکی تر کـەوت، ڕێگەیەکی زۆر سەختتری گرتەبەر. ئەو باسی کردووە کە چۆن سەرەتا لە ئەفسانە و حیکایەتدا خولیای هیند و کۆنترین فۆرمی بودیزم و پاشانیش شیعری تەسەوفی فارسی و عەرەبی بووە. هەر لە هاوینی سـاڵی ۱۹۲۵ و لە شـاری دیپی فـەرەنسـا، کـە هێـشـتـا ۱۸ سـاڵی پڕ نەکـردبووەوە، نووسـیـویەتی کە دەیەوێت «دیوانێکی گەورە، «کۆمـەڵە شیـعـر» بێگومـان لە شێـوازی ڕۆژهەڵاتی، کە ئایینێکی نوێ لەخۆ دەگـرێت» بنووسـێت. چل سـاڵی ڕێک پێش ئەوەی «دیوان لەسەر میر ئێمگیـوون» بنووسێت، ئەمـەی نووسی.

ناوی دیوان، کە بە فـارسی و عەرەبی بە مانای کۆمەڵە شیعر دێت، ڕێک ئامـاژە بۆ شیعری سۆفیانە دەکات، کە خۆیشی لەم دەربڕینەدا دەردەخات، کە من لێیـەوە دەسـتم پێکردووە «عـەرەبێکم، شـێـت و شـەیدای جـوانە بە ڕووبەندەکانم».

لە نامـەیەکی تردا، کە ئەمجارەیان بۆ دایکی نووسیوە، بە دەنگێکی بەهرەمـەندانەی پڕ لە ڕاز و شـانازییـەوە، کـۆتایی دێنێت و دەنووسـێت: «هەستن حـوشـتـرەکـانی تاسـەم! کات لە سـەفـەری شەومـان دەڕوات،- ڕێگە دوور دەبێت و هەتا ڕووناک دەبێتەوە، سـەختە لە تـاریکاییـدا ببینین».

لە ڕاسـتیـدا هەر دوو دەربڕینەکـە، نامـەکـەی کە سـاڵی ۱۹۲۵ بۆ دایکی نووسی و ڕەشنووسی ئەم دواییـەی کـە سـاڵی ۱۹٦۵ نووسیبووی، ئامـاژە بە هەمـان ئەسـتێرەی ئاسمانی ئێکێڵۆف دەکەن، ئەویش «ئیبن ئەلعەرەبی»ە.

«هەستن حـوشـتـرەکـانی تاسـەم!» بۆ بەیـتی XXIIIی تەرجومان ئەلئەشواق دەگەڕێتەوە، کە دەڵێ:

My desire is my troop of camels...

ئەو دەمـەی دکـتـۆرانامـەکـەم (نا-ی ئێکێڵۆف) دەنووسی، هەستم کرد ئەم پێوەندییە چەند گرنگە، بەڵام بەم شـێـوەیە گـرنـگ و گـەورەم نەبینی و ئاسـەواری ئەم دەربڕینەیشم هەڵنەگـرتبـوو، یـاداشـتـەکـەیش لە دوا دوو کـۆپڵـەی بەیتی XXV تەرجـومـان ئەلئـەشـواقـەوە سـەرچاوەی گرتووە و لە وەرگێـڕانەکـەی نیکڵسـۆندا وا داڕێژراوە:

Do not wonder, do not wonder, do not wonder at an Arab passionately fond of coy beauties, who, whenever a turtle- dove moans, is thrilled by the remembrance of his beloved and passes away.

وەک کە گوێمان لێیەتی و دەبینین، وشەکانی ئێکێڵۆف ڕاسەوخۆ لە

an Arab passionately fond of coy beauties

وەرگیراوە. دیسان جیاوازییەکە خۆناسینەوەیە، گوتن بە فۆرمی من: «عەرەبێکم...».

ئێکێڵۆف «دیوان»ـەکـەی بە وشـە وەرگـرتن لە «ئیبن ئەلعەرەبی»ـەوە دروست دەکات.

چۆن ئێکێڵۆف ئیبن ئەلعەرەبی دەدۆزێتەوە؟

ئێکێڵۆف باسی کردووە کە چۆن ناوی ئەوی لە ڕۆمـانە

بچووک و سەیرەکەی هێیدێنستام، بە ناوی ئێندیمۆن بینیوە، کە ساڵی ١٨٩٢ چاپ کراوە.

بەڵام ڕۆمانەکە لە ڕووداوی سەردەمی نوێ دەدوێت و زێتر باسی ئەوینی ڕۆژهەڵاتی دەکات، کە دەتوانرا بخزێتە ناو کولتووری ئەوروپایی سەدەی هەژدەمەوە، لەوەی کە باسی ئیبن ئەلعەرەبی شاعیر بکات. لە بارەی ئەمەوە لە «ڕێگەی گۆشەگیرێک»دا زێتر شارەزا دەبین، لەوێ ئێکێلۆف باسی زوو «تێنوێتی جوانی»ی خۆی و تەواو بێتوانایی دەکات کە دەربببڕێت، چۆن لەسەر بەرزاییەکان دەوەستا و سەیری خۆری زەردەی ئێوارانی دەکرد.

«لەوێ لە هەموو لایەک تەسەوف هەبوو، کە ڕایدەکێشام» «بەڵام بەتەواوی ئەو شتەم نەدۆزییەوە، کە دەمویست بیدۆزمەوە. هەتا تەرجومان ئەلئەشواقی محییەدین ئیبن ئەلعەرەبیم دەست نەکەوت. کە بۆ ماوەیەکی زۆر خۆشەویسترین کتێبم بوو... لەوێ بوو نەک لە هیچ شوێنێکی تر کە فێربووم مەبەست لە سیمبۆلیزم و سوریالیزم چییە»

هەر لە ساڵی ١٩٢٥ـەوە نووسینی لەم کتێبە وەرگرتووە، ساڵی دواتریش لە سەفەری بریتانیادا ئەو کتێبەی کڕیوە و لەوێ لە مانگی ئابدا لە نامەیەکدا نووسیویەتی:

«لەم ڕۆژە ناخۆشانەدا، ئیبن ئەلعەرەبیم زۆر خوێندووەتەوە. چ جۆرە شیعرێکە! /.../ کە هاتیتە ئەو دیوی ڕووبەندەوە، دەبینیت بۆ هەر شیعرێک لە دووڕەوە دنیایەکی گەورە خۆی بکاتەوە و هەستی پێدەکەیت، خەیاڵی گەورە و بە جورئەتی ئەو دەبینیت. تەرجومان ئەلئەشواقی ئەوم کڕیوە. لێکدەرەوەی تاسە»

ئەم کتێبەیە کە نیکڵسۆن بە پەخشان کردوویەتی بە ئینگلیزی و ساڵی ١٩١١ لە لەندەن چاپ کراوە، کۆمێنتاری ئیبن ئەلعەرەبی خۆیشی تێدایە. کە ئێکێلۆف هەموو ژیانی تەرجومان ئەلئەشواقی خۆشویستووە و گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە..

کاریگەری شیعریی ئەم بەیەکگەیشتنە زوو هات، ئەوە ئیبن ئەلعەرەبییە کە سرووش دەدات بە هەوڵدانی نووسینی یەکەمین شیعر بە ناوی «پارچەکانی دیوانێک» کە ساڵی ١٩٢٧- ١٩٢٨ نووسرا. ئێکێلۆف خۆیشی ئەم وێنە چڕ و بچووکانەی بە «شیعرە سۆفییە سەرەتاییەکان» ناو بردووە.

ئێکێلۆف بە گەڕانی بێ کۆتایی سەرسوڕدەهێنێت، بەڵام بەقەد ئەمیش بە گەڕانەوەی بۆ سەر هەمان بابەت و هەمان ماتریاکی بنەڕەتیش.

دەبوو وا بێت، کە مودێرنیزم ئێکێلۆف ناچار بکات بۆ ماوەیەک دەستبەرداری ئەم شاعیرەی سەدەکانی ناوەڕاست ببێت. باسی «گۆڕانێکی بنەڕەتی و سەخت»ی کردووە، تێیدا ماوەیەک لە «سۆفیایەتی و باوەڕداری.» دوورکەوتووەتەوە و چۆن ڕووی لە «خوای ڕەقتر، زۆر کۆن و مودێرنتر» کردووە، بەڵام تەنیا چەند ساڵێک دواتر، لە کۆتایی ساڵانی ١٩٣٠دا، بە پێچەوانەوە جەخت لەسەر لە یەکچوونی ئیبن ئەلعەرەبی و مودێرنزم دەکات، گەرمیی شیعری عەرەبی و سیمبۆلەکانی وەکو خزمی سوریالی دەبینێت.

لێرەدا بەراوردێکی سەرنجڕاکێش لەگەڵ شاعیری عەرەب، «ئەدۆنیس»ی سەردەماندا هەیە، کە لە وتارەکانیدا هەوڵی داوە پێوەندییەکی نێوان تەسەوفی عەرەبی و مودێرنزمی شیعر نیشان بدات، بەتایبەتی لای ڕامبۆ. ئەدۆنیس، کە نوێنەری ڕەوتێکی تەسەوف و ئیسلامی دوور لە شەریعەخوازییە، جەختی لەسەر توانای میتافۆر کردووەتەوە، لە گەیشتن بە شتی نادیار. ئەو وەکو ئێکێلۆف، ئاماژە بە گوتە بەناوبانگەکەی ئیبن ئەلعەرەبی دەکات، لە بارەی «ئایینی خۆشەویستی». دوور لە سنوورە تەنگەبەرەکانی ئایینی. بۆ ئەدۆنیس «هەر شاعیرێکی ڕاستەقینە»، یان سۆفییە، یان سوریالییە. ئەو گەشە بەم ئاوێتە بوونەی شیعری عەرەبی سەدەکانی ناوەڕاست و مودێرنیزمی شیعری لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەدات، نزیکەی شەست ساڵ پێشتر ئێکێلۆف خۆی دەکاتە شیکەرەوەی هەمان ڕوانگە.

ئەمەیش لە وتاری «مودێرنزمی سەدەکانی ناوەڕاست»دا ڕوو دەدات، کە ساڵی ١٩٣٤ نووسی. لێرەدا ئێکێلۆف بەتایبەتی دەستنیشانی میتافۆری بوێرانەی ئیبن ئەلعەرەبی دەکات وەکو مودێرن. بۆ ئەو، خودایە کە دیار و بەرچاوە، ئێکێلۆفیش دێرەکە دەڵێتەوە: «ئەو کە تۆ خۆشت دەوێت لەنێوان پەراسووەکانتدا دەژی: هەناسەکانت لەم لاوە بۆ ئەو لایان دەبات.».

ئاوها ئێکێلۆف، لە تێکستێکی مودێرندا، لە هەوەسی

لە ناکاوی سۆفیانەدا، بە درێژایی هەمان هێڵی ئەدۆنیس- دا، ئاوێتەی ئیبن ئەلعەرەبی دەبێت. ئەو دەمە ئێکێلۆفیش وەکو ئەدۆنیس زۆر خولیای ڕامبۆ و سوریالیزم بوو، بەڵام دواتر دەستبەرداری ئەم جۆرەی مودێرنزم دەبێت.

کەچی ئەستێرەی ئیبن ئەلعەرەبی قەت خاموش نەبوو..

هەندێک جار ئیکێلۆف وا نیشان دەدات کە نازانێت گوتەی ئیبن ئەلعەرەبیە دەیڵێتەوە. با سەیری سەردێری شیعری «شەوێک لە ئوتوکاچ» بکەین، کە لە ساڵی ١٩٦١دا نووسیویەتی و دەڵێت:

Thou hast beheld thyself in what thou seest.

لەبن ئەم سەردێرەیشدا نووسیویەتی: «وشە لە خەوندا بیستراون». ئەمە وەک ئەوەی وشەکان لەخۆوە، دوور لە دەسەڵاتی بە ئاگاییەوە هاتبن. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاستی لە گوتەی کەمێک کۆنی ئینگلیزی دەچێت، کە وایشە. ئەم گوتە ئاسان سەرلەنوێ داڕێژراوەتەوە، لە بنەڕەتدا وایە:

Do not wonder at what thou seest, for thou hast beheld thyself in the mirror of a man.

تەنانەت ئەمەیش لە تەرجومان ئەلئەشواقەوە وەرگیراوە.

دیالۆگی ئێکێلۆف لەگەڵ ئیبن ئەلعەرەبیدا، لە شیعرەکانی دیواندا چڕ و پڕ دەبن. لێرە هەمان بەیەکگەیشتنی هەوەس و تەسەوف، وێنەی بەرجەستەکراوی زمان و بانگکردنی نادیارەکەی کە لە شیوەی خواوەندێکی ژنە، هەیە.

منێک کە پێویستی بە ڕووبەندی ژنانە هەیە، بۆ ئەوەی حەز و تامەزرۆی بەرەو عەدەم زێتر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراورد لەگەڵ نووسەرایەتی پێشووی ئێکێلۆف زۆر جیاوازە.

گەڕانەوەی ئیبن ئەلعەرەبی تەنیا لە چوارچێوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە توانای شیعردا دەکرێت.

ئێکێلۆف لە شیعرەکانی دیواندا هەنگاوێکی گەورە و یەکلاکەرەوە لە ڕوانگەی خۆبینینەوە دووردەکەوێتەوە، هەنگاوێک وەک ئەو ساتیرەی لە شیعری Strountes و تەکنیکی کۆلاژکردن کە لە شیعری En Molna- elegi دا ئامادەییان بۆ کراوە. ئەو کەسەی لێرە دەدوێت، لە لایەکی تر، لە کات و شوێنێکی تر دەدوێت. ئێکێلۆف بە شێوازی نووسین جەخت لە گوێزانەوە لە کات و شوێندا دەکات. ئەمەیش بە گوتنی زیکری زۆر کۆن، بەڵام بە وەرگرتن، یان ڕێک و ڕەوان وەرگێڕانی شیعر و پەخشانیش، کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەیانهێنێتە ناو شیعری خۆیەوە.

ئێکێلۆف لە «دیوان لەسەر میر ئێمگیوون»دا لە دەسنووسێکدا یاری لەگەڵ کەسێکی خەیاڵکردەدا کردووە، کە تەواوی نەکردووە. دەتوانرێت ئەمە لە کۆمێنتارێکی بلاو نەکراوەدا ببینرێت، کە لە Carolina Rediviva i Uppsala پارێزراوە، کە دەڵێت: «لە میر ئێمگیوونەوە، (نزیکەی ساڵی ١٢٠٠ دوای لە دایکبوون) لە پاش بەجێماو. گوننار ئێکێلۆف بە دەستپاکییەوە لە زمانی ئەسڵی کوردییەوە وەریگێڕاوە.» (پاشان لەناو کەوانەدا هاتووە) «(پەنجا شیعرێکم وەرگێڕاوە کە لە پاییزدا بلاوەدەکرێنەوە. لەبەر ئەوەی ئەمە بژاردەیەکە و شاعیریش نەناسراوە، ڕەنگە ئەم کۆمێنتارانەی خوارەوە تیشک بخەنە سەر ئەم شیعرانە...)»

لە کۆمێنتاری ئێکێلۆف لە دیوانە چاپکراوەکەدا هیچ لە بارەی وەرگێڕانەوە نەنووسراوە، بەڵام ئەمە لە چەند ڕەشنووسێکی تردا هەیە. ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە لەم کۆمێنتارەی کە ئاماژەی پێکراوە، ئەوەیە کە ئێکێلۆف میژوویەکی نووسیوە، «نزیکەی ساڵی ١٢٠٠» کە زۆر جودایە لە ساڵانی ١٠٧١- ١٠٨١، ئەو سەردەمەی کە دیوانەکە وا دەگەیەنێت کە شاعیرەکەی تێدا ژیاوە. کە میر ئێمگیوون ساڵانی ١٢٠٠ ژیابێت، ئەمە زۆر سەیر لەگەڵ ئەو سەردەمە دەگونجێت، کە ئیبن ئەلعەرەبی ژیاوە و دەتوانین لەم قۆناغە سەرەتاییەدا هەست بە بەئانقەست چوونە ناو یەکدی ڕۆڵەکان بکەین.

لە ڕاستیدا ئەمە لە دەفتەرێکی گرنگی تری یادەوەریدا هەیە، لەوێدا تێبینییەک هەیە کە ئێکێلۆف ماوەیەک بیری لەوە کردووەتەوە، کە کۆمەڵە شیعرەکەی ناوبنێ «تەرجومان»/ هی ئەو کە پێی دەڵێن/ ئیسماعیل/ شازادە ئێمگیوون/ وەرگێڕانی. هتد. یان ڕەنگە دیوان. وەک کە تێگەیشتووین، ئێکێلۆف ئیبن ئەلعەرەبی بەکارهێناوە و شیعری ئەویشی لە ئینگلیزییەوە

وەرگێڕاوە، بۆ ئەوەی زیکرەکانی میر و دوای مردنیشی سەردولکەکان دابهێنێت.

بەمە توانی لە ڕووی زمانەوانییەوە مەودایەک نیشان بدا، لە هەمان کاتدا ڕەنگ و بۆن و بەرامی ڕۆژهەلاتیش وەرگرێت، کە پێویستی پێبوو.

کەسە خەیاڵکردەکەی دەسنووسەکە، شێوازێک بوو بۆ ئەوەی گەشە بە کارەکتەرەکە بدات و ئەو دەنگە خواییانە داگیر بکات، کە بە شیعرەکانی دواییدا دیارن. لەگەڵ ئەوەشدا ئێکێڵۆف بە تەواوی کەسە خەیاڵکردەکەی دروست نەکردووە، لەسەر دیوانەکە ناوی خۆی نووسیوە و ئامرازی پێوەندی «لەسەر» داناوە. دیوان لەسەر میر ئێمگیوون. کە وا دەگەیەنێت دیوانەکە هی میر نییە، بەڵکو کۆمەڵە شیعرێکە دواتر نووسەرێکی تر نووسیویەتی.

ئەو خیانەت لە ڕەنجی خۆیشی دەکات، کاتێک لە کۆمێنتارەکەدا دەڵێت کە ئەو «وەکو زۆر نووسەری مودێرن، باوەڕی بە دابەشکردنی چاخەکان نییە»، مێژوو بینینێکە کە لەگەڵ جێمس جۆیس هاوبیرە و ڕوونکردنەوەیەکیش دەداتە ئەو گواستنەوانەی لە کات و شوێندا دەیانکات.

ئێکێڵۆف لە بەرهەمەکانی دواییدا بەشێوەیەکی تەواو نوێ، سنوورەکان بۆ ژانری شیعر دەکشێنێت، بەوەی کە نەک هەر داستانە شیعرییە کلاسیکییەکان بەکاردەهێنێت، بەڵکو کۆمەڵێک ژانری پەخشانیش، وەک یادەوەری، ئەفسانە و چیرۆکیش، بەکاردەهێنێت.

لێرەدا هەمەڕەنگییەکی دەنگ هەیە و ئاوازی «ئیبن ئەلعەربی»یش کە من هەڵوەستەم لە بارەیەوە کردووە، ئاوازێکە لەناو زۆر ئاوازدا، بەڵام شوێنێکی تایبەتی هەیە و هەر لە سەرەتای «دیوان لەسەر میر ئێمگیوون» دەبیسرێت:

ئەم شیعرەم بێ سەروایە: من(٤)
تەنێ دەیبەخشمە ئەو.
وشەی «ئەو» ئامانجمە و بۆ ئەو
ئامادەی هیچ سەودایەک نیم،
«بەخشین» و «وەرگرتن» نەبێ.

ئێکێڵۆف خۆی ئاماژەی کردووە، کە سەرچاوەی ئەم دێرانە لە بەیتی XLIIی تەرجومان ئەلئەشواقەوە وەرگیراوە.

This poem of mine is without rhyme: I intend by it only Her.

The word Her is my aim, and for Her sake Iam not fond of bartering except (with) Give and take,,,.

بەڵام، لێرەدا دەخوازم بەتایبەتی لەسەر شیعری ژمارە ٢٧ لە بەشی دووەمی «دیوان لەسەر میر ئێمگیوون» بوەستم، چونکە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش «تەرجومان ئەلئەشواق»ی ئیبن ئەلعەرەبی بەکارهێناوە. دەڵێت:

ئاخاوتنمان(٥)
لەسەر ڕێگای نێوان ئاو و تێنوەتیدا
سەردەمی گەنجی و گەشانەوەیم
دێنێتەوە یاد.

بەخۆمم گوت:
دوای پەنجا ساڵی تر
دوای لەخۆ ڕامانێکی زۆر
کە وەک زەرنەقوتەیەک بێ هێز دەبم
ڕێگەی نێوان گۆماوی «بەڵێن» و «نەخێر»م
دێنێتەوە یاد.
چۆن حوشترەکانمان بەسەر چیاکان و
بەناو دۆڵاندا دەهێناو دەبرد،
چۆن بە لێکخشاندنی کۆڵکەداری هیچ شتێک،
بە کۆڵکە داری شتێک
ئاگرم بۆیان دەکردەوە.

لە گۆرانی XXXII ی تەرجومان ئەلئەشواقدا وا گوتراوە:

1- Our talk between al- Haditha and al-Karkh recalls to me the period of youth and its prime.

2- I said to myself: After fifty years, when through long meditation I have become as weak as a young bird,

3- It recalls to my mind the period of youth and its prime,

4- And the driving of the camels up hill and down dale, and my kindling fire for them by rubbing the afar and the markh together.

بێنگت لاندگرێن، لە دکتۆرانامەکەیدا «تەنیایی، مەرگ و خەونەکان» ئەم پێوەستییە تونەی نێوان ئەم دوو شیعرەی دەستنیشان کردووە و ئاسانیشە لە شیکردنەوەکەیشی قوولّ بیتەوە. ئەم شیعرە لە ناو ئەم دەفتەرە ڕەشەی تێبینیدا هەیە، کە پێشتر ئاماژەم پێکردووە و لە ڕاستیشدا چەند لێکدانەوەیەکی هەیە. ئەگەر کەمێک لە نزیکترەوە سەیری شیعری ئێکێلۆف بکەین، وەک وەرگێڕانێکی دەقاودەق خۆی دەنوێنێت.

Our talk کراوە بە «ئاخاوتنمان»

recalls to me the period of youth and its prime

کراوە بە «سەردەمی گەنجی و گەشانەوەیم/ دێنێتەوە یاد.

لە شیعرەکەدا، تاکە جیاوازی، بەلاّم گرنگ کە هەیە، ئەوەیە کە ئێکێلۆف ناوی شوێنەکان «الحدیثة» و «ألکرخ» دەگۆڕێت و «ئاو» و «تێنوێتی» لە جێگەیاندا دادەنێت، کە دوو چەمکی سیمبۆلین.

لە بەردەوامیشدا بە هەمان شێوەیە، کاتی یادهاتنەوە، بە تەواوی لەگەلّ ئەو کاتە دەگونجێت کە باسی کراوە و لەوێ وێنەی خودی شاعیر هەیە، کە بە بیرکردنەوە و لە خۆ ڕامان شەکەتە و وەکو زەرنەقووتەش بێ هێزە. دیسان ئێکێلۆف ناوی شوێن دەگۆڕێت، «سل» و «حجر»ی بە دوو وشەی پێچەوانەی یەکدی دەگۆڕێت و دەیانکات بە ڕێگەی نێوان گۆماوی «بەلّێ» و «نەخێر».

ئەم پێچەوانەیە تا کۆتایی بەردەوام دەبێت و لە دوا وێنەی پڕ لە ڕاز و کاریگەریشدا دەلّێت:

«چۆن بە لێکخشاندنی کۆلکە داری هیچ شتێک،
بە کۆلکە داری شتێک
ئاگرم بۆیان دەکردەوە.»

ئێکێلۆف بە ڕوونی نهێنی شاراوەی لە وێنەی «ئیبن ئەلعەرەبی»دا بینیوە، بەلاّم دایڕێژاوەتەوە بۆ ئەوەی ساکار و لە ڕووی شیعریشەوە بەهێزتری بکات. لێرەدا ئێکێلۆف ڕێگەی ئەبستراکت دەگرێت، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا دەبینین چەند نزیکی پێشەنگەکەیەتی، کە and my kindling fire for them by rub- :دەلّێت bing the- afar- and the- markh- together.

به گوێرەی پەراوێزی نیکلسۆن، ئەم وشانە، names of trees whose wood was used for this purpose

واتە، ناوی جۆرە دارێکن کە ئاگریان پێ دەکرایەوە.

کاتێک ئێکێلۆف ئەم بەریەکدی کەوتنە فیزیکییەی کۆلکە دارەکان دەکات بە میتافۆرێک بۆ ئەو ساتە دراماتیکییەی نێوان دیار و نادیار، «هیچ شتێک و شتێک» کە بە پیتی گەورە نووسراون، ئەوسا تەواو بە هەناسەی ئیبن ئەلعەرەبی کار دەکات و هەمیشە وا دەکات کە نادیار و دیار بخزێنە ناو یەکدییەوە، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا شیعری «ئیبن ئەلعەرەبی»ش دەکات بە هی خۆی. ئەنتیتێسەکە (دژەڕا) ڕوون و جوان دەردەکەوێت، دژەکان کە بە پیتی گەورە نووسراون، هەر لە سەرەتاوە شیعرەکەیان بینا کردووە: ئاو و تینوێتی، بەلّێ و نەخێر، هیچ شتێک و شتێک. ئەم شێوازەی لە شیعری «بگرە و بنووسە»دا هەیە، هاتووەتە ناو ئەم شیعرانەی دواییشیەوە. ڕێگەی نێوان دژەکان، ڕێگەی ژیانە، بە ڕوونی لە دیمەنی سروشت و بەریەکدی کەوتنی کۆلکە دارەکاندا نووسراوە. ئێکێلۆف دارشتنی کۆپلّە شیعریشی ڕۆشنتر کردووە. دەتوانین لێرەدا بلّێین لە شیعری خۆیشیدا دوو وەرگێڕانی کردووە، لە ئینگلیزییەوە بۆ سوێدی و لە پەخشانیشەوە بۆ شیعر. ئێکێلۆف قەت تەواو وەرگێڕانە پەخشانییەکەی «نیکۆلسۆن»ی بەدلّ نەبووە.

مانای چییە، کە بە دەنگی کەسێکی تر بەم شێوەیە بنووسیت؟

ئێکێلۆف لە شیعرەکانیدا مامەلّە لەگەلّ غیابی شوناسی خۆیی دەکات، لە دیوانیشدا وا دەکات:

بە تەنیا لە شەوی کپ و بێدەنگدا(٦)
ئەو دەمەی هیچ شوناسێک هی من نییە
بێناو ئاسوودە بیم؟
ئەستێرەکان وەک ئاوێنابووی سەر ڕووی دەریایەک
چ شوناسێکیان هەیە؟

هێشتا له عەکسی ئەوان بچووکترم، له تاریکایی

ئەمە هەمان بابەتە کە لە شیعری Farjesangدا گوتراوە: «لە ڕاستیدا تۆ هیچ نیت». لە «سیانەی دیوان»دا دەنگەکە جیاوازە، بەڵام لە هەمان شەوەوە هاتووە و بە هەزار و یەک شەویتریش دەوڵەمەند کراوە.

دەنگێکە بێ بنەچەیە و ئەم دەنگەیشە کە دەنگێکی زۆر تایبەتی نەناسراو و بە چرپە دەداتە شیعرەکانی دوایی ئێکێلۆف. ئەوەی کە سەیرە، ڕەنگە ئەوە بێت کە ئێمە وەک تایبەتمەندییەکی ڕەسەنی ئێکێلۆفی لەم شیعرە دەگەین، ئەگەرچی هەر تەنیا لە وەرگێڕان و وەهم پێکهاتووە. ئەمە دەنگێکە لە بەرەکەی تردە- لە یادەوەرییە زۆرەکەوە، لەگەڵ سێبەر دەدوێت. لەوێ گۆڕان و تێکەڵکردنەکان هەن، بەڵام ئەم ساکارییە نوێیەیش هەیە، کە هەموو شتێک لە هەمان کانیاوە گەورەکەوە هەڵدەقوڵێت.

ئامادەنیم ئەوە ڕوون بکەمەوە لێرەدا چی ڕوو دەدات، بەڵام ئەمە دەهێنێت ئەو ساتانە بهێنینەوە یادمان، کە ئەم گۆڕانەی لە شیعرەکەدا ڕوو دەدا. ساتێکی ئەفسوناوییە، کە کاتێک ئێکێلۆف دەیبەستێتەوە بەو حیکایەتە موعجیزەیەی کە چۆن میرێک سەری لە کانییەک هەڵدەهێنێت و کە دەریشی دێنێت، سەدان ساڵ ون بووە، سەرلەنوێ لە دایکبووەتەوە و ناناسرێتەوە.

ئێمە زۆرجاران کە یەکێک دەمرێت، دەڵێین ئەو کەسە «لە کات دەرچووە». وا پێدەچێت لای ئێکێلۆف وا نەبێت. ڕاستتر مردووەکە دەچێتە ناو کاتێکی گەورەتر و ئێکێلۆف دەیەوێت ئەم ساتە بهێنیتەوە.

وەک ئەو میرەی جارێکیان سەری لە کانییەک هەڵهێنا،(۷)
لە چاوترووکانێکدا هەستی بە وڕبوونی کات کرد،
١٠٠١ ساڵ بۆ دواوە، لێشاو بێنیتەوە ناو کات.

ئاکام. دێرەکەی ئێکێلۆف «عەرەبێکم، شیت و شەیدای جوانە بە ڕووبەندەکانم» مانای چییە؟

وەک کە بینیمان ئەمە پێوەندی چڕی بەم حاڵەتە شڵەژاوییەوە هەیە، کە لە ئەستەمبوولێ لە پەرستگەی ناو کۆشکی «بلاچێرن» ئێکۆنی خواوەندێک دەبینێت و شەپۆلی یەکەمی شیعرەکانی دیوانی لێ لەدایک دەبێت. ئەمە داستانێکی ڕۆمانسییە، کە شیعرێکی وا لە غەیبەوە بێت. شیعرەکە بەشێوەی تەقینەوە هات، بەڵام زۆر بە وردی و بە دیقەت خۆ ئامادەیی بۆ کرابوو. لەو دەفتەرەی تێبینیدا(۸) kurdisk getaboren، کە پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، بەشێک نووسین بەرچاو دەکەوێت، زێتری ڕوون دەکاتەوە کە مەسەلە چییە.

عەرەبێکم
بە ئەشق نەخۆش
کە تەنیا عەرەب دەتوانێت وا بێت.
فرانکییە گۆرانییێژەکانی ئەشق عەرەب بوون
کە دەستبەرداری باوەڕیان نەبوون.

لێرەدا تێدەگەین، کە ئێکێلۆف چەند بە ئاگا بووە لە گەشەی شیعری عەرەبی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئیسپانیا، تا دەگاتە شیعری کۆشک و پاشایەتی لە خۆرئاوا، کە دواتر دانتی و پێتراسە گەشەیان پێدا. ئەویش وەکو ئیبن ئەلعەرەبی مکورە لەسەر بوونی ئایینێکی خۆشەویستی دەرەوەی سنوورەکانی ئایین، بەڵام ئێکێلۆف باسی خودا ناکات، خوا نییە.

ئاوێتەبوونی ئێکلۆفی گەنج لەگەڵ مودێرنیزم و شیعری سۆفیانەی سەدەکانی ناوەڕاست، کە زۆر لە پرۆگرامی ئەدۆنیس دەچێت. ڕێگە بە شیعرێک دەدات، کە بەناو کات و شوێندا دەڕوات و وادەکات سێبەرەکان دەنگیان هەبێت. لێرەدا ئێکلۆف هەنگاوێکی تا ڕادەیەک گەورەی ناوە، لەوەی کە لە پاریس چۆن بیری دەکردەوە، لەو بیرەوەرییەی کە ساڵی ١٩٢٩- ١٩٣٠ نووسیویەتی، دژی ئیبن ئەلعەرەبی دەبێتەوە و نووسیویەتی: «ناتوانیت بیخوێنیتەوە، بێئەوەی ڕۆحت زۆر بریندار نەکات». ڕەنگە ئێکێلۆف لە دوا خۆخەریک کردنیدا سەرکەوتوو بووبێت، کە ئیبن ئەلعەرەبی هەزم بکات، هەر لەبەر ئەوەی شوێنێکی دوور لە ڕەچەڵەک و بنەچەی خۆی دۆزیوەتەوە. ئەو کەسەی دەدوێت هیچ کەسە، یان هەموو کەسێکە. «کەواتە من، من بووم، کەواتە من کەسێکی تر بووم...» ئەمەی لە ڕەشنووسێکی شیعری «ئەو کەسەی سیکلۆپ لە چاو لەناو خەون نقوم دەبێت»، لە ڕێ نیشاندەر بۆ ناخی زەوی نووسیوە. «لەژێر لێوەوە ناوێکم

گـوت، نـاوی خـۆم یـان هی کـەسـێکی تر» مـردووەکـان نوتقیان دراوەتێ.

لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕەنگە شـیـعـری ئـێکێلۆف، قـەت لەم شیعرانەی دوایی بەهێز و زیندووتر نەبن.

پەراوێزی وەرگێڕ:

- ئەم بابەتە لە یادەوەریی ١٠٠ ساڵەی لە دایکبـوونی گـوننار ئێکێلۆف، لە ٢٠٠٧/٩/١٥ پێشکەش کرا. هێشـتان بە سوێدی بڵاونەکراوەتەوە، بۆیە ئاماژە بە سەرچاوەکەی نەکراوە.

*** ئەندێرس ئۆڵسـۆن. پرۆفـێسـۆری زانسـتی ئەدەبە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم. شاعیر، ڕەخنەگر و ئێکێلۆفناسە.**

١- ناوی کتێبخانەی زانکۆی ئوپسالایە.

٢- دیوان لەسەر میر ئێمگیوون، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٦ ل. ٤٢.

٣- ڤـارنەرڤـۆن هێـیـدێنسـتـام ١٨٥٩- ١٩٤٠، نووسـەرێکی سوێدی بوو، ئەندامی ئەکادیمیای سوێدی بوو و ساڵی ١٩١٦یش خـەڵاتی «نۆبڵ»ی وەرگـرتبـوو. ئێکێلۆف لە ١٩٣٢/٩/٢٩ نامـەیەک بۆ هێـیـدێنسـتـام دەنووسـێت و دەڵێت:... ئەگـەر «ئێندیمیون»ی تۆم نەخوێندبایەوە، قەت بەم ناوەوە نەدەنووسام،... ئەم ڕێککەوتەش، بەش بەحـاڵی خـۆم گـەورەترین مـانای بۆ من هەبوو، چونکە ئیبن ئەلعـەرەبی، بوو بە یەکـەمین هاندەرم بۆ ئەم ڕووباری سـیـمـبـۆلە، کـە بە بن هەمـوو وشـە، خـەیال و فـۆرمـە دیارەکاندا دەڕوات.

٤- دیوان لەسەر میر ئێمگیوون، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٦، ل١٧

٥- دیوان لەسـەر میـر ئێـمگیـوون، سـتـۆکـهـۆڵم ٢٠٠٦، ل ٨٥ سەرنجی ئەمە بدە، کە کەمێک جیاوازی لەنێوان ئەم شیعرە لێرە و لە چاپی یەکـەمی شـیـعـرەکـەدا هەیە، دەکـرێت ئەمـەیان بە دوا وەرگێڕان بخوێنرێتەوە.

٦- ڕێ نیشاندەر بۆ ناخی زەوی، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٧ ل٤٦.

٧- ڕێ نیـشـانـدەر بۆ نـاخی زەوی، سـتـۆکـهـۆڵم ٢٠٠، ل٢٨، هەروەها لە شیعری سوالکەرێک گوتی، ل ٩٢دا، باسی سەفەری شـازادەکـە دەکـات. ئێکێلۆف لە پەراوێزدا نووسـیـویەتی، کـە ئەم چیرۆکە لە هەزار و یەک شەوەوە وەرگیراوە.

٨- کـۆمـەڵێک دەفـتـەری تێـبـینی و ڕەشنووسی شـیـعـری ئێکێلۆف، لە کـتـێـبـخـانەی زانکۆی ئوپسـالا پارێزراون.. لەسـەر یەکێک لەم دەفتەرانە نووسیویەتی: نێریی کورد، کە تێبینی و ڕەشنووسی یەکـەمی شـیـعـری «دیوان لەسـەر مـیـر ئێـمگیـوون»ی تێدایە.

پێڕگەرایی ڕەخنەگر: ئەفراندنی گەندەڵی

هەندرێن
(سوێد)

هەندێک جار خوێندنەوەی کتێبێک، یان دەقێک سوودبەخشتر و چێژدارترە لە نووسین لە بارەیەوە. هاوکاتیش دەکرێ زۆر جاران پێوەندی لە نێوان ڕەخنەگر و کتێبدا بە پێچەوانەوە بێت. دەکرێ خوێندنەوەی کتێبێک بە قەد ڕەخنەگرتن لێی دژوار بێت، یان دەکرێ ڕەخنەگر کە مەبەستمان خوێنەری هۆشیاریشە، توانای تێگەیشتنی لە کتێبێکدا زیاتر بێت، لێ هاوکاتیش دەکرێ ڕاڤەکردنی ڕەخنەگر مەبەستی خودی نووسەری کتێبەکەش هەڵەتە بکا. لێرەوە گەمەکردن بە پەیڤ و چەمکەکان لە لایەن ڕەخنەگرەوە کارێکی مەترسیدارە، وەلێ هاوکاتیش دەکرێ ئەو یاریکردنە مایەی سەرنجڕاکێشانیش بێت، چونکە خودی پرۆسەی نووسین چەشنە دۆستاییەکە لەگەڵ وشە و ئاوەڵاکردنەوەی ڕەهەندە نادیارەکانی. لێ ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو یاریکردنە بێ دەست پێوەگرتنەی ڕەخنەگر لەگەڵ چەمکەکان و پەسنددانە جەڵەبییەکەی ببێتە سەرگێژکردنی خوێنەر. ڕەنگە ڕەخنەگر لەو یاریانەدا نەتوانێ ئەو مەبەستە بەرجەستە بکاتەوە کە نووسەر گەرەکیەتی.

لەو ڕوانگەیەوە نووسینی ڕەخنەیەک، یان کتێبێکی چاک لەسەر بابەتێک، یان دەقێک، دەبێ هەڵگری قورسایی، واتایەکی زیندوو بێت. خوێنەری وریا، خودان چێژ، بە جۆشەوە ئەو جۆرە ڕەخنە و کتێبەش دەخوێنێتەوە. مەبەستمان لە کتێبێکی چاکدا، لە یەکاتییەکدا هەڵگری بابەتێکی دڵفڕێن، ڕێنیشاندانی خوێنەرە بەرەو گەردوونێکی نادیاری وێناکراوی هونەری، چینەوەی پێشهاتێکی ژیان و ڕەهەندە پەنهانەکانی مرۆڤ. هەروەک کتێبێکی خراپیش، بریتییە لە زمان،

شێواز، بابەتێکی بێتام، زارقەڵەباڵغی، پێوەنانێکی بێ بنەما لە وێناکردنی بابەتێکدا. بە کورتی کتێبێک کە هیچ ڕەسەنایەتییەکی تێدا نەبێ و بە زمانێکی لەرزۆک نووسرا بێت. هەڵبەتە ئێمە لە نووسینی کوردیدا ڕۆژانە ئەو تەرزە بۆچوونە دوژێن، جنێو ئامێزانە نەک هەر لە بارەی دەقی نووسەر و شاعیرە لاو و (نەناسراو)ەکاندا دەخوێنینەوە، بەڵکو لەمەڕ دەقەکانی نووسەر و شاعیرە (ناسراو)ەکانیش دەبیستین و دەخوێنینەوە.

لێرەوە ئەرکی (ڕەخنەگر)ی کوردی، (کە هەموومان بە گومانین لە ناسنامەکەی، لێ وەک گریمانەیەک وێنای دەکەین)، ئەوەیە نە هێندە لە ڕوانگەیەکی هەمەگیری، گۆترەییەوە بەرهەمی ئەو نووسەرانە داپلۆسێ، کە بە مگێزی خۆی، یان هاوپێڕی خۆی نییە، نەک لە ئاستی داهێنانەوە کە کەیفی پێنایەت، نە ئەوەندەش بە هۆی دەروێشایەتی، هاوشاری و هاوپێڕییەوە، بە پێوەنانێکی مەیلکوژەوە بەرهەمەکانی بە (تاکە داهێنان)ی کوردی، بنرخێنێ. دیارە ئەو دوو شێوە لێکدژە، کرۆکی ئەو بەناو ڕەخنەسازییە کوردییە پێک دەهێنن. هەر بۆیە مرۆ بە دەگمەن ڕەخنەیەک لەسەر کتێبێک، شیعرێک، ڕۆمانێک، بەرهەمێکی هونەری دەخوێنێتەوە کە ناچاری بکا بە تاسەوە بیخوێنێتەوە، وەلێ هاوکاتیش ئێمە خوێنەر و نووسەرگەلێکمان هەیە کە شاگردێکی شەیدای ئەو دوو شێوە ڕەخنە دوژێن و پەسەندەدەرەن.

ئەمەش چونکە هێشتا دەستاوێژ و کەڵکەڵەی ئەو ڕەخنەیە، لە سەلیقە و یەکلابینی و داخراوی ڕۆحی خێڵ و حزبییەوە خۆراک وەردەگرێ، بۆیە خوێنەر لەمدیو زۆرینەی ئەو ڕەخنەیەدا، مەیلی لایەنگیری و خودزاڵی، یان گشتگیری، سڕینەوە و دەقەراندنی نووسەر دەناسێتەوە. لەوەش زیاتر، ئەو ڕەخنەگرانە وەک چەشنە هاڤرکێییەک لەگەڵ یەکتردا، تەنیا سەرقاڵن بە گەرمکردنی ئەو شەڕە ڕەخنە لێکدژە، پیاهەڵدان و لێکترازاندنی پێوەندییە ڕۆشنبیری و ئەو نووسەرانەی، کە وەک دوو پێڕ، هەریەکە و لە دەقەرێکدا بااڵدەستی بە هەڕمێنن. لێ بە دەگمەن ئەو ڕەخنەگرە توانیویەتی دەنگێکی نادیاری نوێ، نووسەرێکی (نەناسراو) ئاشکرا بکا، یان لەسەر دەقێک بنووسێ کە جیاوازە لەو شێوازە باو و دەقگرتووەی ئەمڕۆ. ئەو قەتیسمانەی ڕەخنەگری کورد لەو سنوورە باوەدا هۆکردگەلێکی هەیە: بۆ نموونە، وێڕای ئەو فرچکگرتنە ڕەگئاژۆیەی ڕەخنەگر بە نەریتی خێڵ و ئاکار مێگەلییەی حزبایەتییەوە، کە بریتییە لە ئاوێزان بوون بە نەگۆڕی و پیرۆزاندنی چەند نووسەرێک، چڕکردنەوەی دەقەرچییەتییەکی سیخناخ بە بوغزە. هاوکاتیش ئەو ڕەخنەگرە، بە هۆی پاشکۆیی بە ڕۆشنبیرییەکی دەقەری و زمانی سێیەمەوە، هەڵگری ڕۆشنبیرییەکی بزۆک نییە. لەبۆیە سەرچاوە ماریفییەکانی دیاری کراوە و خولیای گەڕانیشی بە دوای کۆزانینی، ماریفەی نوێ و گەشەدان بە زانیارییەکانی کەم خایەنە. بە دیوێکی دیکەوە، ڕەخنەگری کوردی، وەک بواری سیاسیمان، بە ئاگاییەکی ڕەخنەییەوە ئیش لەسەر ئەزموونەکانی ڕابردووەوە ناکا، بەڵکو هەمان ناوکۆیی، نەریتە نەخۆشەکانی ئەو ئەزموونە نەریتگر و باوانەی ڕابردووە بەرهەم دەهێنێتەوە. بە دیوێکی دیکەشەوە، لە بری ئەوەی دیوە باشەکانی ئەو ئەزموونە ڕەخنەسازییەی ڕابردوو بە ڕوانگە نوێیەکانەوە بفراژێنێ، شەن و کەوی بکا، کەچی تەواو فەرامۆشی دەکا، یان بە جۆرێک ئەو پشتێنە ڕەخنەییە دەسڕێتەوە، وەک ئەوەی ژیانی ئەدەبی کوردی هەر ئێستا دەستی پێکرد بێت، هەر بۆیە زۆرێک لە ڕەخنەگر و نووسەرانی ئەمڕۆ دەخوازن بەوە ڕازیمان بکەن، کە ئەدیبانی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە (شاکار)یان بەرهەم هێناوە، نووسینەکانی ڕابردوو هیچیان (شاکار) نین. دیارە بۆ نەگبەتیمان کە کورد لە فەرامۆشکردنی یادەوەری زۆر زرینگە، بۆیە ئەمڕۆ بە دەگمەن نووسەرێک خوێندنەوەیەک، یان ئاوڕێک لە بواری جودایەکانی ڕۆشنبیری ڕابردووە دەداتەوە، یان دەنووسێ. بەم جۆرە ئێمە لە جیاتی ئەوەی وەک کۆچەرێک لە هۆبە بە هۆبەی یادەوەری زمانەکەمانەوە بەرەو ئێرە و داهاتوو گەشت بکەین، کەچی خەریکی تاڵانکردنی ئەو یادەوەرییەین.

لە ئاکامی ئەوەدا، ئەو ژیانە ڕۆشنبیرییەی کە ئەو ڕەخنەگرە تێیدا دەژی، بە مشەخۆریی، کاڵاگەریی و گەندەڵی گەمارۆدراوە. لەو دۆخەدا ڕەخنەگر مەیلی گەڕان بە دوای دەنگی نوێ و دۆزینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی لە دەستداوە، خەیاڵ و ئەندێشەی بە جۆرێک گۆڕ بووە کە نەتوانێ بیر لە دەرچوون لەو دۆخە چەقگرتووە بکاتەوە. لەو ڕوانگەیەوە دوور لە مەبەستی تایبەتییەوە، ڕێگەمان بدەن بێژین، کە ئەمڕۆ ڕەخنەگری کوردی، وەک

سیاسەتوانی کورد، تەنیا لە ئاستی دروشمدا زارگەرمە بە کۆمەڵێک چەمکی وەک: (ئازادی)، (ڕەخنەگرتن)، (دیموکراسی)، (مەدەنی)، (خوێندنەوە)، (ڕاڤەکردن) و ئاماژە کردن بۆ تیۆرییەکان و... تاد، کەچی لە ئاستی کردەییدا لە بەهای ڕەخنەگرتندا دوورە، ئەو ڕەخنەگرە لە لایەک بە هۆی بالادەستی ئەو چەمکانەوە، نائاگایانە وابەستەی چەمکگەلێک و دروشمی ڕەخنەگرتنە، کەچی وەک ژیان ناتوانێ لە هەمبەر دەق و نووسەردا ئەو پرینسیپ و مەرجانەی کە لە پشتەوەی ئەو چەمکانەوەیە بئەزموونێنێ، پیادە بکا. بەم جۆرە باسی (ڕەخنەی ئاوەزگەری) دەکا، کەچی لە ڕەخنەکەیدا سەبارەت بە دەقێک هەست و سۆز، لایەنگری، یان دژایەتی جلەوی زمانی ڕادەکێشێ.

کەواتە بەشێک لە قەتیسمان، پاشاگەردانی لە زمان و نووسین و بێ کایەی ڕۆشنبیری کوردیدا، لەو دوو شێوە ڕەخنەگرتنەوە سەرچاوە دەگرن، چونکە ئەو ڕەخنەیە، لە جیاتی ڕەخنەگرتن دابڕان لەو دۆخە چەقگیرە و دۆزینەوەی ئاسۆیە نوێیەکان، خەریکی قوولکردنەوەی دیاردەی پێرگەرایی و بێ بەهاکردنی زمانی بیرکردنەوەیە. لە کاتێکدا ئەرکی ڕەخنە پێوانەیەکە بۆ هاوێرکردنی جوانی لە کرێتی؛ گۆشکردنە بە هزراندن و خەملاندنی بەهای بیرکردنەوە و هاوئاهەنگی دەق و زمان؛ هاندانە بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نادیارییەکانی ژیان و بەرهەمداری زمان.

لێرەوە مرۆ بڕێک جار لە بەرانبەر ئەو دوو ئاراستە دژە، پەسەندەرە چێژکوژ و بوغزاوییەی ڕەخنەی کوردیدا، شێواز و هەوڵی نووسەرانی سەدەی ڕابردووی، وەک: عەلائەدین سەجادی، شاکر فەتاح، شرۆڤەکانی مالباتی فاتیح عەبدولکەیم مودەڕیس لە شاعیرانی وەک نالی و مەحوی، خوێندنەوە دانسقەکانی مەسعوود محەمەد لە بارەی نالی و حاجی قادری کۆیی و نووسەرە هاووێنەکانی ئەوانەی بە یاد دێتەوە. ئەو نووسەرانە لە هەوڵە ڕەخنەییەکانیاندا بە جۆشێکەوە دەق و بابەتگەلێکی میژوویی و ئەدەبییان هەڵدەسەنگاند کە چێژیان بە خوێنەر دەبەخشی و ئاستی زانیاریشی لەمەڕ ئەو بابەتانەوە بەرز دەکردەوە. بە کورتی ئەو نووسەرانە بە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکانیانەوە خوێنەریان بە پێرگەری، دەروێشگەری، شارگەری و... تاد فرچک نەدەدا. وەلێ هاوکاتیش ناکرێ ڕوانگەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکانی ئەوان، لەگەڵ خواست و پێداویستییەکانی ئێستای ڕەخنەسازیدا بەراورد بکەین، چونکە لەو قۆناغەدا ئەرکی ئەو نووسەرانە، وەلامدانەوەی پێداویستییەکانی ئەو ڕۆژگارەی ئەدەبی و خوێنەر بووە. هەروەک وێڕای ڕەچاوکردنی ڕۆژگار و بێلایەنییەوە، لە ئاستی جواناسیدا زۆرێک لەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوانەی ئەوان بۆ ئەوکات و ئێستاش جواناسی خۆیان هەیە، بۆیە ئەرکی ڕەخنەگری ئەمڕۆ ئەوەیە، کە ئەو ئەزموونە ڕەخنەیی و ڕۆشنبیریانەی ڕابردوو تەتەڵە بکا، دیوە هەڵەکانی لەگەڵ دیوە جوانەکانی هاوێر بکا و لەگەڵ تیۆرییە نوێیەکانی ئێستا بیخەملێنێت، تاکو ئەو ئەزموونانەی ڕابردوو ببنە وزە و بەهایەک بۆ ئەرکەکانی ڕەخنەسازی ئەمڕۆ و داهاتوومان.

مرۆ دوای ئەزموونی ئەو نەوەی پێشوو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە ئەو نەوەی ئێستایە بە ڕوانگەیەکی سیستەماتیکی و دیسپلینێکی تۆکمەتر، تیۆری و میتۆدی بزاو، چڕ و خەملێو دەقی ئێستایان بخوێندبایەوە، واتا بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی زمان و ئەدەبی کوردییەوە، پشتێنە و ناوکۆیی ئەو تیۆر و میتۆدانەی کە لە ڕۆژئاواوە دەیانگوازێتەوە شرۆڤە بکا و بیانکوردێنێ. کەواتە ئەوە ئەرکی ڕەخنەگرە کە بە دەست پێوەگرتنەوە وردبینانە و دوور لە پاشکۆیی، یان ڕقی کەسێتییەوە پەیامی دەق بە خوێنەر ڕابگەیەنێ، چونکە وەک چۆن ڕەخنەگر بە پەسندانێکی بێتام، کاریگەری لەسەر میشک و چێژی خوێنەر بەجێ دێلێ، هاوکاتیش نووسینێکی ڕقهەلگر و دوژێنیش هەمان کار ئەنجام دەدا. ئاکامی ئەو دوو شێوە ڕەخنەیە، بەرهەمهێنانی پەروەردەیەکی گەندەڵانەی نەوەی ئێستا و سازکردنی نووسەری تاکڕۆ و پیرۆزاندنی نووسەرە لە شێوەی دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتدا. کەواتە ئەو ڕەوتارە جەڵەبی و بەرتیلخۆرەی ڕەخنەگری کورد، هەروەک زۆربنەی ڕێکخراوە بەناو (مەدەنی)یەکان، دەرهاوێشتە، یان منداڵی ئەو دۆخە گەندەڵێنراوەی ژیانی سیاسیمانە کە حزبی کوردی سازاندوویەتی. لە ئاکامی ئەمەشدا، ئەمڕۆ لە کوردستاندا نووسین بە هەموو لکەکانیانەوە، وەک ئاکاری بالا، بەهایە نیشتمانییەکان، ئەڤین، دۆستایەتیی و... تاد، بەڕەو هەڵدێرانێکی خەمهێنەر دەچن و ئەو

ڕەخنەگر و نووسەرە پێڕگرانەش، وەک بەڕپرس و بازرگانە پێڕگرەکان، لەبەر مەستبوونیان بە زیاتر و زیاتر پارە وەرگرتن و نووسینی ڕەخنە بە ڕاداندراوەکەیان لە لایەن سەرۆک پێڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان و کۆکردنەوەی کۆی شیعرەکانی و بۆ چەند بارە چاپکردنەوەیان، ئاگای لە هەڵدێرانی ئەو بەهایە ڕۆشنبیری و جڤاکییانە نەماوە، چونکە ئەو پێڕانە خۆیان بەشێکن لە بەرهەمهێنانی ئەو دۆخە دارماوە.

بەم جۆرە کاتێک خوێنەرێکی وریا ئەو دوو شێوە ڕەخنە هزرکۆژ و بەهاکۆژە نووسەر پەرست و نووسەرداپڵۆسێنە دەخوێنێتەوە، دەبێ لە خۆی بپرسێ: ئاخۆ ئەو ڕەخنەگرە بە چاکی لەو دەقە، یان کتێبە گەیشتووە کە باسی چی دەکا؟ گەلۆ ئەو ڕەخنەیە لە دەقەکەیە، یان هەستی نەخۆشی ڕەخنەگرە لە نووسەری دەقەکە؟ بۆیە پێویستە خوێنەری وریا شەقێک لەو دوو شێوە ڕەخنەگرییە هەڵبدا و دوای ئەوەی خۆی ئەو دەقە، یان کتێبە بخوێنێتەوە و دواجار بە خۆی هەڵیسەنگێنێ نەک ببێتە کۆیلەی ئەو ڕەخنەگرە.

لەو ڕوانگەیەوە، بە پێچەوانەی وێنەی ئەو ڕەخنەگرە پێڕگرە، ئەرکی ڕەخنەگرێکی دڵسۆز ئەوەیە کە بە شێوەیەکی هێور، بە دوای مەبەستی ئەو دەقە، یان کتێبەدا شۆڕ بێتەوە. کاتێک ڕەخنەگر دەقێکی شیعری، یان ئەدەبی دەخوێنێتەوە، دەبێ وەک ئەزموونێکی سەربەخۆ، بێلایەنگرییەکی سۆزئامێز هەڵیسەنگێنێ، نەک وەک ئەوەی ئێستا لە بواری ڕەخنەسازی کوردیدا بووەتە مۆدە کە ڕەخنەگر، بێ ئەوەی شارەزاییەکی پێویستی لەو تیۆر و ڕێبازە ڕەخنەییانەوە هەبێت، بە هانکە هانکەوە دەقێکی شیعری، یان ئەدەبی و هونەری دەخاتە بەر ڕەحمەتی تیۆرییەکەوە، کە بە لینگاوقووچی لە دەستی سێیەم و چوارەمی وەریگرتووە، یان بە لاساییکردنەوەی ڕەخنەی نووسەرگەلێکی عەرەبی و فارسی، یان بە قرتاندنی چەند دێرێکی وەک دریدا، ڕۆلان بارت، فرۆید و... لە کتێبێکی فارسی، یان عەرەبییەوە بەر دەبێتە گیانی دەقێکەوە و لە قاڵبی دەدا، کە ڕاستییەکەی ڕەنگە دەقەکەش فڕی بەو تێگەیشتنانەوە نەبێت، هەڵگری خەمێکی دیکە بێت. کێشەی ئەو ڕەخنەگرەی کورد ئەوەیە کە لە شێوەی بەڕاداندانی جلوبەرگدا دەقێکی هاوڕێیەکەی لە ڕوانگەی ئەو فەیلەسووف و ڕەخنەگرانەوە هەڵدەسەنگێنێ، سەرنج لەوە نادا کە ڕەنگە تیۆرییەکانی ئەو فەیلەسووفانە، نەک هەر لەگەڵ ناوکۆیی ئەو دەقە کوردییانەوە نەسازێن، بەڵکو ڕەنگە لەگەڵ یەکتریشدا جیاواز بن. دواجار خوێنەر کە ئەو تەرزە ڕەخنە جەڵەبییە دەخوێنێتەوە نەک هەر لەو دەقە نزیک نابێتەوە، بەڵکو وای لێدەکا کە نووسەر و دەقەکەشی لەبەرچاو بکەوێت. من خۆم یەکێکم لەو خوێنەرانەی کە هەمیشە دوعای خێر بۆ ئەو چەشنە ڕەخنەگر و خوێنەرانەی ئەو دەکەم. بەم جۆرە بە هەڕمێن بوونی ئەو چەشنە ڕەخنەیە چێژی خوێنەر و کتێبیش دەشێوێنێ. (هەڵبەت هەمیشە ئەو ڕەخنە ژیاندۆست و مەیلەو هیدڵی، جیددییانەمان ڕەچاوە کردووە کە ناشکرێ هەمیشە ئەوە جەخت بکەینەوە).

لەو ڕوانگەیەوە دەبێ ئاگامان لەوە بێت کە ڕەخنەی ئەدەبی لە گشت ولاتاندا هاوچەشن نین. مرۆ ئەگەر بۆ نموونە سەیری ڕەخنەی سوێدی بکا، (کە من بە هۆی جێنیشین بوونم لەو ولاتەدا، کەم تا زۆر ئاگام لێیە)، بە ئاسانی ئەو جیاوازییە دەبینێت. مرۆ لێرە لە سوێددا، دەتوانێ بە شێوەیەکی گشتی بێژێ، کە ڕەخنەسازی سوێدی لە ڕوانگەلێکی تیۆرییەوە دەقی ئەدەبی و هونەری دەخوێنێتەوە، کە ئەو نەریتەش لە سوێددا پشتێنەیەکی دووری هەیە بە کورتی لە سوێددا شتێکی ئاشکرایە کە ئەوانەی ڕەخنەگرن، زۆرینەیان، خاوەن کارنامەی فەلسەفە، زانستی ئەدەب، میژووی هزر و... تاد. لە زانستگایەکاندا. هەر ئەو چەشنە ڕەخنەگرەشن کە لە بەشی کولتووری ڕۆژنامە ناسراو و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا ئیشیان ڕانان و ڕەخنەگرتن، ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبییە. هەڵبەتە لە بواری هونەریشدا هەر وایە. بەم جۆرە کاتێک ئەو ڕەخنەگرە لە بەشە کولتوورییەکاندا کتێبێک دەناسێنێ، لای خوێنەر ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم، کە ڕەخنەگری سوێدیش گرفتی خۆی هەیە کە من لێرەدا باسکردنی بە پێویست نازانم. لێ بۆ نموونە زۆر جار ئەوەندەی ناوی ڕەخنەگر لای خوێنەری سوێدی گرینگە، خودی کتێبەکە هێندە گرینگ نییە. بەم جۆرە ڕەخنەگر بووەتە دادوەرێکی بالادەست کە لای خوێنەر ناوی ئەو لە کتێب و نووسەرەکەش زاڵتر بێ. هاوکاتیش ئەگەر ڕەخنەگرێکی پسپۆڕ و بەرهەمدار لەسەر کتێبێک بنووسێ، ئیتر کتێبەکەی ئەو نووسەرە بازاڕی بە

هەڕمێن دەبێ. لە هەمان کاتدا دەیان کتێبی باش بلاوەدەبێتەوە، لێ لەبەر هۆگەلێک، وەک چاپخانەیەکی نەناسراو، لە ئاستێکی دیاریکراودا دەناسێنرێت.

کەچی لە بواری ڕەخنەسازی کوردیدا، دیاردەیەکی عەنتیکەمان هەیە: ئەمڕۆ ئەوەی لە بواری ڕەخنەسازی کوردیدا مانای نەبێت، ئەوانەن کە لە زانستگایەکانی کوردستاندا ئەدەب و بەشەکانی دیکەی ڕۆشنبیریان خوێندووە، بۆیە ڕەخنەگری کوردی بریتین لەوانە کە بە هۆی هاوڕێیاتی، بالادەست بوونیان لەو بلاوکراوانەی کە لە لایەن حزبەوە پشتیوانییەکی ئابووری و کار ئاسانییەکی زۆریان بۆ دەکرێت، یان ئەو نووسەرانەی کە زارقەڵەبالغن لە چەمکە باوەکانی ئێستا، کە زۆربەیان لە ڕێگای عارەبی و فارسییەوە لاسایی مۆدەکانی ڕەخنەی فەڕەنسی دەکەنەوە. بەشێکیان چەند کەسێکی ناو ئەو پێڕانانەن کە بە هۆی توانای ئابووری و دەسەلاتدارییەوە خۆیان کردووەتە موختاری ڕەخنەی کوردی. کێشە لەوەدایە، بێ ئەوەی ئەو ڕەخنەگرەمان بیری لەوە کردبێتەوە کە بۆ نموونە، بزاقگەلێکی وەک: دادایزم، سوریالیزم، یان سیمەنتیک، واتاسازی لە زماندا، فێنۆمێنۆلۆگی، مەرگی نووسەر، دەقئاوێزانی/ئینترتێکستواێلێت، هەڵوەشاندنەوەگەری، هەرمێنتیک و ... تاد، پێوەندی بە تایبەتمەندی فەلسەفەی نەریتی ڕۆشنبیریی فەڕەنسیی لە بواری زمان و بگرە فەلسەفەی (کۆنتینێنتال - ئەڵمانی و فەڕەنسی)، کە ئاراستەیەکی جیاوازە لە فەلسەفەی (ئەنگلۆساستیک)ەوە هەیە، کەچی ئەو ڕەخنەگرە، بێ شیکردنەوە و وریاکردنەوەی خۆی و خوێنەر لەو ڕەهەندانە، لە ئاستێکی لاساییکردنەوە، نەک بەشداریکردن و خەملاندنا، سەرگەرمە بەو بزاقە ڕەخنەییانەوە. هەرچەندە زۆرێک لەو چەمک و ئاراستە ڕەخنەییانە لە خودی فەڕەنسیشدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، لک و پۆی دیکەیان لێ زاوە، کەچی ئەو ڕەخنەگرە پێڕگەرمە هەتا ئەوکاتەی مۆدەیەکی دیکەی ڕەخنە لە عارەبی و فارسییەوە بەسەردا دەسەپێنرێ، کە ڕەنگە ئەو مۆدەیەش لە سەرچاوەکەیدا بەسەرچوو بێت، وەک چەشنە بڕوایەکی ئایینی، دەستبەرداری ئەو چەشنە ڕەخنە نیوەچڵە نابێت.

دیارە ئەوە مانای ئەوە نییە، کە ڕەخنەگر دەبێ دەرچووی زانستگا بێت، لێ ڕاستییەکەی ئەگەر ڕەخنەگرێک بە شێوەیەکی سیستماتیکی، ئەکادیمی ئەو تیۆرییانەی نەخوێند بێت، مەحاڵە بتوانێ بە شێوەیەکی دروست و قوول لەو چەمک و تیۆرییە ڕۆژئاواییانە تێبگا. ڕەخنەگرێک ئەوکاتە دەتوانێ بە وردی لەو چەمک و تیۆرییە ڕەخنەییانە شارەزا بێت، کە بە باشی زمانێکی ئەوروپی بزانێ، هاوکاتیش، بۆ نموونە کە لە ڕوانگەی ڕەخنەی فەڕەنسییەوە دەقی کوردی دەخوێنێتەوە، دەبێ شارەزاییەکی کەم تا زۆری لەو زمانەدا هەبێت.

جێگەی سەرنجە، بۆ نموونە لە سوێددا ئەوانەی کە لە گۆڤارە تیۆرییە هونەری و ئەدەبییەکاندا ڕەخنەگرن، زۆرینەیان ئاستی خوێندنیان لە ماجستەر کەمتر نییە، هەر بۆیە ئاسان نییە کە نووسینی ڕەخنەگرێک لەسەر تیۆرییەک، یان چەمکێکی ڕەخنەسازی بلاوبکەنەوە، کە لەو بوارەدا پسپۆڕ نییە، بەڵام لە بواری ڕەخنەسازی کوردیدا، ڕەخنەگر ئەوەیە کە بە زمانی عارەبی و فارسی چەند وتارێکی، بۆ نموونە، لەسەر چەمکێکی ڕەخنەیی فەڕەنسی خوێندووەتەوە، دوای ئەوە هەوڵ دەدا ئەو مۆدیلە لەسەر دەقێکی کوردیش پیادە بکا. دەکرێ هەندێک لەو ڕەخنەگرانە هەوڵی باشیان دابێت، بۆیە نابێ ئەو هەوڵانە فەرامۆش بکەین. لێ ناساندنی ئەو ڕەخنەگرە، وەک دەمڕاستی ڕەخنەی کوردی، بۆ نموونە کردنیان بە دادوەری لێکۆڵینەوە و بڕیاردەری دەقی (باش) و (خراپ) لە (فیستیڤاڵ) و ئەو چالاکییە مینا ئاهەنگ/پرسەنامانەی ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا، پێویستی بە هەڵوەستەکردن هەیە. چونکە ئەو ئەرکە، وەک هەر ئەرکێکی دیکەی لەو تەرزە، کارامەیی زانستی، ڕۆشنبیرییەکی ڕسکاو، ئاکاری بێلایەنی، ویژدان و ... تاد، گەرەکە. هاوکاتیش ئەو ڕەخنەگرە، بەو زمانە فارسییەی کە لە ڕێگای (فەرهەنگی عمید، یان منجد الطلاب)، بە هۆی شەیدا بوون بە دەنگی (داریۆش، یان کازم ساهیر) و خوێندنەوەی شیعرەکانی (فروغ و سپێهری)یەوە فێری بووە، ناتوانێ بە وردی ئەو چەمک و تیۆرییە ڕەخنەییە بیانییانە تێبگا و ڕاڤەیان بکا.

بەم جۆرە هەروەک پێشتر، زۆرینەی ڕەخنەگرەکانی حەفتا و هەشتاکان لە ڕوانگەی (ڕیالیزمی

سۆسیالیستی)یەوە، (پاڵەوان و ترسنۆک)، (شۆڕشگێڕ و خائین) و...، هەموو دەقێکی ئەدەبیی و هونەرییان هەڵدەسەنگاند. جا ئەگەر ئەو دەقانە پێوەندیشیان بەو خەسڵەتانەش نەبووایە، دواجار هەتا بلۆکی سۆڤییەت ئاوا نەبوو، ئەو ڕەخنەگرە لەو (ڕیالیزمی سۆسیالیستی)یە مالئاوایی نەکرد. مخابن گشت ئەو بەزمانەش بە ڕێگای شارەزاییەکی کرچ و کاڵ لە زمانی عارەبی و فارسییەوە وەردەگرین، ئەوجا دێین بە منەتەوە دەقی ئەدەبیان پێوە لە قەپان دەدەین. دواجاریش وەک پرۆسەیەک هەمیشە نەوەکانی دوای خۆمان بەو دیاردە ڕۆشنبیرییە نیوەچڵانەوە گۆش دەکەین.

ئەو دیاردەیەش یەکێکە لەو هۆکردە سەرەکییانەی کە وایکردووە ڕەخنەی کوردی لە ئاستی پێڕابزیدا، قەتیس بمێنێت. هەر بۆیە ئێستا دەبینین کۆمەڵێک لەو تاقمە ڕەخنەگر و شاعیرە، وەکی پێڕێکی قوماریاز، یان (سێکت)گەلێک لە بەشی (ئەدەب و هونەر)، یان بەشی (ڕۆشنبیری) ڕۆژنامە حزبی و (سەربەخۆ)یەکاندا، یان لە گۆڤارە دەڤەری و شارەکاندا کۆبننەوە و ڕۆژانە خەریکی پیاهەڵدان، وێناکردنی (داهێنان)ی بێ وێنەی یەکتر بن، یان بێ بەهاکردنی پێرە دژەکەی خۆیان بن. جێگەی سەرنجە کە پێوەندییە پێڕگرییەکانی ئەو ڕەخنەگر و ئەدیبە لێکجودایانە لەگەڵ یەکتردا دابڕاو و قەتیسماون. لە ئاکامی ئەوەشدا لە هەر یەک لەو شارانە و ناو ئەو شارانەشدا، هەر کۆمەڵە شاعیر، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسێک وەک یەکتر بنووسن. لێرەوە ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەو دوو سێ شارەن، لە گوند و شارۆچکەکاندا دەژین، یان لە کوردستاندا نین ناچارن لە خەمی ئەوەدا بن کە چۆن یەکێک لەو پێڕانە، یان بلاوکراوە ڕۆشنبیرییە مینا قومارخانانە پێکیان بکەن، ببنە هاوپێڕیان، تاکو جارێک دەقێکیان بۆ بلاوبکەنەوە، بانگهێشتی (فیستیڤاڵ)ێک بکرێن، (خەڵات)ێکیان بەرکەوێ. بەم جۆرە ئەگەر نووسەرێکی لاتەریک، یان (نەناسراو) خولیای ئەو پێڕابزی و وابەستەبوونەی بەو ناوەندە ڕۆشنبیریانەی نەبوو، ئیتر نە کەس کتێبێکی بۆ چاپ دەکا، نە بانگهێشتی بەزمی (فیستیڤاڵ)ەکان دەکرێ. بە کورتی خۆینتاڵ دەکرێ و دواجاریش، یان دەبێ واز لە نووسین بێنێ، یانیش لە چاوەڕوانی گۆدۆی ڕەخنەگر و بلاوکراوەکاندا بژی.

جێگەی سەرنجە، هەر پێڕە و بە یاری خۆی هەڵدەڵێ، هەر پێڕە و بە شێوازێکی نووسینەوە ئاوێزانە: تاقمێک لەوانە سەرگەرمن بە (مۆبایلە شیعر)، ئەوی تر مەستە بە نووسینی شیعری (ئاشقانە - سێکسی)، کە بێبەرین لە چێژ و بەهاکەشی، یەکێکی تر کە گوایە دوا نوێگەرە، بە شیعر و ڕۆمانی (فەنتازیا) و (حیکایەتاندنی زمان) سەرگەرمە... تاد. لێرەوە ئەگەر تۆی خوێنەر و نووسەر هاوڕێ و وابەستەی ئەو پێڕگرییەی ئەو ئەدیب و ڕەخنەگرانە نەبیت، ئیتر وەک چۆن لە بواری ئیشکردندا ئەگەر (واسیتە)یەکی باشت لە ئاستی حزبیدا نەبێ، کەسوکارت دەسەڵاتدار نەبێت، نەک هەر هەوڵدەدەن لە لاپەڕە (ڕۆشنبیری) و (فیستیڤاڵ)ەکانیان پەراوێزت بکەن، بەڵکو بێزیشت لە کردەی نووسین و ڕۆشنبیریش ببێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە، بواری ڕۆشنبیریش وەک بواره حزبێنراوەکانی کوردستان: (ئیش و کار)، (تەقاویت)، (شەهیدانە)، (زەوی و خانوو وەرگرتن) و... تاد، بە مۆدەی بەرتیلخۆریی، واسیتەکاریی، واتا پێڕابزییەوە تەنراوەتەوە. کەواتە ئەگەر تۆی نووسەر و شاعیر بێ کەس بیت، هاوپێڕی ئەو ڕەخنەگر و نووسەرە بالادەستانەی بواری ڕۆشنبیری نەبیت، ئیتر هاووڵاتییەکی سەر بەو زمانە نیت، هەر خزمەتێکت کردبێت، دەیان کتێبیشت بۆ کوردی وەرگێڕا بێت و داتهێنابێت، ئەگەر کتێبێکی فەلسەفی وەک (کۆمار)ەکەی پلاتۆ، یان (وەرزێک لە دۆژ)ەکەی ئارتۆر ڕامبۆش بنووسی، فەرامۆش دەکرێی.

کێشەش لەوەدایە ئەو ڕەخنەگرە وەرزشکارە بە وشە و سەرمەستە بە چەمکبازییە، هاوکاتیش ئاکار ئێلی و زمان خەسێنە، پێچەوانەی ڕەخنەگرە نەریتگر و ڕووخێنەرەکە، لە بری ئەوەی بە زمانێکی ڕاستەوخۆ و خەملێو و بوێرانەوە کتێبەکانی پێڕەکەیان پێ بناسێنێ، کە زۆر جار ئەو جۆرە ڕەخنانە، سەرۆکی بەشی ڕۆژنامە (ڕۆشنبیری)یەکان بەڕادانیان داون، کەچی سەرەتا بە پێشەکییەکی فرەگۆ و وردینە ئاسا دەست پێدەکا و وێجا بە زمانێکی لەچکدار و فەلسەفێنراو دێتە سەر دەقەکە. دواجار کە خوێنەر بە ناچاری تەواو دەبێت، نازانێ لە کوێوە بچێتە ناو دەقەکەوە، لە دەقەکە تێبگا و لە کام کون و دەرگای ئەو زمانە ڕەخنەییە قۆقزەشەوە دەرباز بێت، بۆیە زۆر جار خوێنەر کە ئەو (ڕەخنە)،

(خوێندنەوە) کۆکتێلانە دەخوێنێتەوە، هەست دەکا کە ڕەخنەگر کۆمەڵێ دەستەواژە و قسە نمایش دەکا کە کەم و زۆر پێوەندی بە دەقەکەوە نییە، هەر یەکە و بە ئاوازێک هەڵدەپەڕن. بە دیوێکی دیکەشەوە، بە جۆرێک بەسەر ئەو کتێبە و نووسەرە هاوڕێیەکەیدا هەڵدەڵێ، کە مرۆ نەتوانێ ئەو ڕەخنەیە بە ڕەخنە ناس بکا. هەروەک ڕووە پێچەوانەکەی ئەو ڕەخنەیە، کوشتەی هەمان ڕەوتارە.

هەر بۆیە لەو پرۆسەیەدا بەهای ئەدەب و ڕەخنەگریش لە کن دەسەڵات و هاوولاتیانی خاکیدا، نەک هەر ڕەنگدانەوەیەکی نییە، بەڵکو بە سووکیش سەیر دەکرێ.

بە کورتی، هەروەک ئێمە لە وتاری (مەسعوود محەمەد؛ ئێستێتیکای شێوازاندنی هزرێکی خۆکرد) ئاماژەمان پێکردبوو، کە دۆخی ڕۆشنبیری و ئەدەبیشمان، وەک دۆخی سیاسی و بەرپرسیارانمان، کوشتەی پێڕبازی و بە هەڕمێنکردنی بەهای بەرتیلخۆری و قۆرخکردنی بواری ڕۆشنبیری و داهێنانی گەندەڵییە.

ئاشکرایە کە ئەو ڕەخنەگر و ئەدیبە یەکتر تەواوکەرە، کە وەک پێڕگەراییەک، هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیریان قۆرخ کردووە. ئەوانەش وەک پیشەی بەرپرسە حزبییەکان، بە کەیفی خۆیان سامانی هاوولاتیان بە لێشاو بۆ چەند بارە چاپ کردنەوەی کتێبە مردۆخەکانیان تاڵان کردووە. هەروەک ساڵانە بە گۆترە لەسەر حیسابی ژیانی ئازاراوی دانیشتوانی کەرکووک، دەقەرە بە عارەبکراوەکان و جەستەی شەکەتی هەڵەبجە و ئەنفالکراوەکانی گەرمیان، پارە بۆ داوەتکردنی دەیان نووسەری عارەب و فارس بە فیرۆ دەدەن، تاکو لە دوای (فیستیڤاڵە)کانیانەوە وەک چەشنە سوالکردنێک، ناچاریان بکەن بە چەند نووسەرێکی پیرۆزێنراوی حزبەکانیان، یان هاوپێڕەکانیان هەڵبژێن.

مایەی سەرنجە، لەو ماوەیەدا ڕەخنەیەکی جینگز ئاکارم لەسەر نووسینی چەند قسەی نووسەرێکی عارەب خوێندەوە، کە وەک پێشەکییەک بۆ شاعیرێکی کوردی نووسیوە، بە کورتی ئەو نووسەرە دەخوازێ پێمان بڵێ کە ئەو شاعیرە عەرەبە بێئاگایە لە شیعرە باشەکانی کوردی، بۆیە ئەو شاعیرە کوردە (ناگرینگ)ەی پەسنداوە. لێرەوە مرۆ هەست دەکا کە ئەو نارەحەتی و جینگزییەی (ڕەخنەگر) لەو شاعیرە کوردەی کە ئەو شاعیرە عەرەبە لەسەری نووسیوە، لەبەر ئەوە نییە کە شیعرەکانی (باش) نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە خۆشی ناوێ؛ هاوپێڕ نین. لە کاتێکدا ئەو شاعیر و ڕەخنەگرە عەرەبە ساڵانە بۆ (فیستیڤاڵ)ەکان بانگ دەکرێ و شیعر و دەقە ڕەخنەییەکانی کراون بە کوردی و چاپیش کراون ، ئەمەش تاکو ڕۆژێک دڵی نەرم بێت و لەسەر ئەو شاعیرە ئەدیبە (مەزن)انە بنووسێ، کە نموونەی ئەو ڕەخنەگرە تووڕەیەی کە باسمان کرد، بە داهێنەری (ڕاستەقینە)ی شیعری کوردیان دەزانێت.

لەوەش بترازێین، خەمی سەرەکی سەرنووسەرانی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبیانە خودی گەشەدان بە ئەدەبی کوردی و ناساندنی ڕۆشنبیری کوردی نییە بە زمانی بیانییەوە، بەڵکو خەمی گەورەکردن و پیرۆزاندنی چەند شاعیرێک و ئەو بەرپرسە حزبیانەن کە بوونەتە (پسپۆڕ)ی بواری فەلسەفی، ئەدەبی، تیۆری، سیاسی و جڤاکییەکان، هەر بۆیە بودجەی تایبەتیان بۆ وەرگێڕان و ناساندنی خۆیان و وەرگێڕانی هاوپێڕەکانیان تەرخان کردووە کە گوایە بە وەرگێڕانی ئەو دەقانەوە، ئەدەبی کوردی دەبێتە جیهانی. هاوکاتیش ئەو بڵاوکراوە (ڕۆشنبیری)یانە کە وەک پەراوێزێکی ئەو چەند شاعیر و (تاکە داهێنەر)انە، باسی ئەم نووسەر و ئەو شاعیرانەی دیکە دەکەن، تەنیا بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکانە، یان تەنیا دروشمبازی و پۆشینی دەمامکی سەربەخۆیی و چەواشەکارییە. بە واتایەکی دیکە: بە ئاپۆڕەکردنی پێڕگەرییە، ئەگینا لە چەند نووسەری دیاری کراو بترازێ، نووسەری دیکەیان بۆ گرینگ نییە. کەواتە ڕەخنەگر و ڕەخنە لێگیراوەکان لە وێنایە پێڕگەرییەکەیدا، وەک وێنای پێڕگەری لە بواری حزبیدا، بە هەڕمێنکردنی گەندەڵاندنی ژیانی ڕۆشنبیرییە، قوولکردنەوەی ڕۆحی لێکترازاندن، هەستی خێڵەکی و دەقەر پەرستییە؛ فەرامۆشکردنی ئەرکی هزرکردنە. لە کاتێکدا دەبوو بواری ڕۆشنبیریمان بە پێچەوانەی بواری سیاسیمان، لە خەمی ئەوە بێت کە ئەو دۆخە گەندەڵییەی سیاسی گەمارۆ بدا، کەچی مخابن دەسەڵاتی سیاسەتی گەندەڵی توانی دیاردەیەکی ڕۆشنبیری لە وێنەی خۆی بەرهەم بێنێ و بەمەش زۆرینەی نووسەر بەرەو ئەو ئاراستەیە جڵەو بکا، تاکو هەمیشە ڕەوایەتی گەندەڵی خۆی بە ڕێگای ئەو نووسەرانەوە دەستەبەر بکا.

بەهەمە حاڵ، ڕەخنەگری ئەمڕۆی کورد وا دەزانێ کە

ئەگەر لەو ڕوانگانەی کە بوونەتە مۆدە ڕەخنە لە دەقێک نەگرێ، کەواتە نابێتە نوێگەر و مەعلان. لە کاتێکدا ڕەخنەگرێکی چاک و وردبین مەرج نییە تەنیا بەو ڕوانگە بەهەڕمێنانەی ئەمڕۆوە نوێگەر بێت، بەڵکو دەتوانێ لە ڕوانگەی خۆیەوە جوانترین ڕەخنە، یان خوێندنەوە لەسەر دەقێک بنووسێ. بە کورتی کێشەی ڕەخنەگری کوردی دوێنێ و ئەمڕۆ بە گشتی لەسەر (ڕێسێپت)، ڕێنمایی و قاڵبێکی حازربەدەستدا، دەق بپێوێ. هەر بۆیە وەک پێشتر ئاماژەمان کردبوو ئەرکی ڕەخنەگر لە حەفتا و هەشتاکاندا، پیاهەڵدان و گەورەکردنی چەند نووسەر و شاعیرێکی سەر بە ڕێبازی (ڕیالیزمی سۆسیالیستی) بوو. ئەو ڕەخنەگرە چیرۆکنووس و شاعیری کوردی ناچار دەکرد کە هاوشێوەی ئەوانە بنووسن. هاوکاتیش ئەگەر هەر دەقێک لە دەرەوەی ئەو قاڵبە مینا خشتبڕییە، (ڕیالیزمی سۆسیالیستی)یە نەبووایە، ئەوە بە دەقێکی (بۆرژوازی) و دژە (هەژاران) لە قاڵب دەدرا و لەبەر چاوی خوێنەردا خوێنتاڵ دەکرا. هاوکاتیش ڕەخنەگری ئەوکات ئیشی ئەوە بوو کە قسە لەسەر (شێوە و نێوەرۆک)، (شۆڕشگێڕی و شۆڕشی کرێکاران)، (خەونی سۆسیالیزم) و ... بکا.

پاشان ڕەخنەگرانی دوای نەوەدەکان، کە بریتین لە خودی سیاسی، شاعیر، ڕۆمانnووس... ئێمەیان فێری مۆدەیەکی دیکە کردووە، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر تۆ بخوازی ببیتە چیرۆکنووس، ڕۆمانnووس و شاعیرێکی بە هەڕمێن، دەبێ بۆ نموونە، وەک گارسیا مارکیز، سەلمان ڕوشدی، بۆرخیس، کافکا، ئەدۆنیس، سوهراب سپێهری، فروغی فروخزاد و... بنووسی، بۆیە ئیتر زۆرینەی ڕۆمان، چیرۆک، شیعری ئەو قۆناغەی ئێمە بریتین لە کۆپیکردن و لاساییکردنەوەی ئەو تەرزە شاعیر و ئەدیبانە. ئەو شێوازەش بریتییە لەوەی کە ئەو دەقە دەبێ تژی بێت لە (خەیاڵبازی)، (ئەفساندنی واقیع)، (زمانی شیعرییەت)، (ئەشقبازی) و... جا ئەو مۆدەیەش، هەتا گەردەلوولێک لە زمانی بالادەستانەوە مۆدەیەکی دیکەمان بۆ نەهێنێ، بازاڕی گەرمە. بە کورتی ڕەخنەگری ئێمە وەک مامۆستایەکانمان، خەریکی ئەوەن کە نووسەر لە بچمی خۆیاندا بسازێنن.

لێرەدا بۆ ئەوەی سادەتر ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوتارە خەمهێنەرەی ڕەخنەگر و ڕەوشە داهێزراوە ڕۆشنبیرییەی کورد تێبگەین، ئاماژە بە شاگردێکی عەنتیکەی ئەو پێڕگەراییەی ڕەخنەگر و ئەدیبان دەکەین. جارێکیان یەکێک لەو ئەدەبیە لاوانەی کە کە شاگردی ئەو دیاردە ناوبراوەیە و لە ولاتێکی ڕۆژئاواییشدا دەژی، دەیویست بە تۆبزی منی نیشمەنی سوێد ڕازی بکا، کە شیعرەکانی یەکێک لەو ئەدیبانەی کەلای ئەوی کورد (داهێنەر)ی وای هەرگیز نەبووە و نابێت، دەقەکانیشی لە (جیهانی)یش جیهانیترن، ئێستا شیعرەکانی لە (مەنهەجی خوێندن)ی خوێندنگایەکانی سوێد دەخوێنرێن. ئەو دەیگوت، مامۆستا و خوێندکارانی سوێد گوتوویانە کە ئەو ئەدیبە کورد لە (ئاستی خەڵاتی نۆبل)دایە. گوتم کاکە بە جۆرێک ئەو قسە جەڵەبیانە پێوەنێ کە مرۆ لە جیاتی بێزکردنەوە لە خۆت و نووسین، بەزەیی بە خۆت و نووسین بێتەوە. هەر چۆنێک بێت، کێشە لەوەیە کە بێ سوودە تۆ ڕەخنە لەو وەهمە کوشندەی ئەو تەرزە نووسەر و خوێنەرە گۆترە بێژە و دەرونشە بگری، چونکە وەک پاشکۆیەکانی ئەو حزبانە، بە (ئیرەیی)، (نەخوێندەوار)؛ قسەگەلێکی حازربەدەست و حیکایەتێنراو تۆمەتبار دەکرێی. بێ لە گەمە، ئایا ئەوە نەگبەتی نییە، کە ئەو ڕەخنەگرە پێڕگەرە سازاندوویەتی؟ ئاخۆ ئەو تەرزە شاگردە خودی ئەو نووسەرەی کە دەرونش ئاسا ئاوێزانیەتی، بێ بەها ناکا؟ گەلۆ ئەو پەروەردە ئیفلیجە بەرهەمهێنەری بیرکردنەوە، ئاوەزی ڕەخنەییە، یان بە کۆیلەکردنی ئاوەزی خوێنەر؟ گومان ئەرکی ڕەخنەگر و نووسەر هاندانی کۆخوێنەرە کە بیربکاتەوە خۆی سەروەری بڕیاردان بێت، فێری بکا بەرهەمهێن بێت. بەمەش کۆمەڵگا بەرەو دەستەبەر کردنی ژیانێکی بەختەوەر و بزۆک ڕێ بکا، نەک چەقین نەگۆڕی، کوشتنی ئاوەزی ڕەخنەیی و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ڕۆحی پاشکۆیی و نەریتی باوکسالاری و پیرۆزکردنی تاکەکەسە بالادەستەکان.

لەو ڕوانگەیەوە باسکردنی نەریتی فرچکدان و پەروەردەکردنی خوێنەر بە سەربەخۆیی و بەهای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرتن نەک ملکەچکردن لە بواری خوێندنگا و ڕۆشنبیریدا، بابەتێکی بەهاداره، لێ ئەمە ئەرکی ئەم وتاره نییە، بەو ئومێدەی لە داهاتوودا بە گوێرەی کات و توانامان، ئەو بابەتەش بەسەر بکەینەوە.

لێرەوە ڕەخنەگر ئەو کەسە نییە کە دەبێ لە ڕەخنەکەیدا

وتەگەلێک لەم و لەو نووسەرە بیانییە ناسراوانە نمایش بکا، بەڵکو ڕەخنەگر دەبێ هەڵگری خەسڵەتی پەروەردەی ئازادی، چێژی جواناسییەکی بەرهەمهێن بێت، هانی خوێنەر بدا خۆی بهەزرێ. بە کورتی ڕەخنەگر دەبێ ڕۆشنگەرێکی مەیل وروژێن و پەرۆشخۆر بێت. دەبێ شارەزای کارەکەی خۆی بێت، دەبێ پسپۆڕ بێت، مەبەستیش لەمە، تەنیا (دەرچووی زانکۆ) نییە، لێ مرۆ چۆن دەتوانێ لە پسپۆڕیش پسپۆڕتر بێت. بەڵێ، ئەو مرۆیە دەبێ لە خاوەن پیشەیەکی تەسکبین و باو، کاراتر و کارامەتر بێت. ئەوکاتە توانستی ڕەخنەگر و داهێنەر بەرجەستە دەبێتەوە، کە توانی سنوورە دیاریکراوەکانی ببەزێنێ. ڕەخنەگر دەبێ وەک دکتۆرێکی خاوەن ئێتیک و بە ویژدان ئەو نەخۆشە سەختەی کە لەبەر دەستیدایە بە قسەی هێور و ڕێزدار بیلاوێنتەوە. بە هەمان شێوەش نووسەر کە بە گشتی کەسێکی هەستدارە، بۆیە دەبێ ڕەخنەگر ئەوەش لە زەین بگرێ. ڕەخنەگر دەبێ جواناسانە، نەک بە پیاهەڵدانێکی تامسارد، یان دژایەتییەکی خوێنتاڵەوە، دەقێک هەڵسەنگێنێ. بەم جۆرە ئەگەر ڕەخنەگر بە شێوەیەکی هی دڵی (جددی)، دادپەروەر و ڕاستگۆیانە ڕەخنەکەی نووسی، ئەوکاتە هەم نووسەر و هەمیش خوێنەر سوودمەند دەبێ.

لەو ڕوانگەیەوە ڕەخنەگری سەررِاست، وەک نووسەر، خولیای هونەری خۆیەتی و بە ڕێگای ڕەخنەکانییەوە دەخوازێ بوونی خۆی دەربڕێ. ڕەخنەگر پێویست ناکا لە ڕەخنەکانیدا بە زارقەڵەبالّغی کردن لە چەمکەکان، قسەی لە قوتووکراوەوە خوێنی خۆی تاڵ بکا و خوێنەر بێهوودە بکا. دیارە بوونی ڕەخنەگرێکی ئیدیالی لە زمانی کوردیدا، شتێکی ئاسان نییە. وەلێ لەو دۆخەدا دەبێ بەوەندە دڵخۆش بین کە دەمنادەم ڕەخنەیەکی باش، ئەو ڕەخنەی کە هەڵگری گەمەی جواناسییەکی خەملّیو و ڕۆچوونێکی کارایە بەناو دەقدا بخوێنینەوە. ئەو ڕەخنەگرە هەست و ویژدان فەرامۆش ناکا، کە ئەو لە بەرانبەر خوێنەردا بەرپرسیارە کە دادپەروەر و بە ئەمەک بێ، تاکو خوێنەر بڕوای پێ بکا. بەم جۆرە ڕەخنەگر دەبێتە ئەو بەرپرسیارە دڵسۆزەی کە لە ئەرکە ئەدەبییەکەیدا بەرتیلخۆری و گەندەڵی ڕەت دەکاتەوە. لێرەوە دەبێ ئێمەی خوێنەریش هانی گەشەکردنی ئەو چەشنە ڕەخنەگرە بدەین. تاکو بواری ئەدەبیشمان وەک بواری سیاسی دانەهزرێ و بە گەندەڵی ئەو نەوەیە گۆش نەکا.

بە دیوێکی دیکەش، هۆشیاری لەوەدایە کە خەڵکی گشتی خۆی فێری ئەوە بکا، دوور لە ناساندنە باش، یان خراپەکانی ئەو ڕەخنەگرە خاوەن (ڕێسێپت)، قاڵبە ئازادانە کتێبی باش بخوێنێتەوە.

لێ دواجار، ئاخۆ ئەوە قەدەری نووسەر و ڕەخنەگری کوردە، کە هەتا هەتایێ پاشکۆی ئەو مۆدە ئەدەبی و ڕەخنەییانە بێت، کە لە بە درەنگەوە لە عارەبی و فارسییەوە ئاوەز و ژیانمان دەتەننەوە. ئەرێ ئەوە قەدەری کوردە، بواری ڕۆشنبیریشمان وەک بواری سیاسی، پشت لە کۆمەڵگا و ئایندەوە خەریکی قۆرخکردنی سەکۆی ڕۆشنبیری، ڕەخنەی بەرتیلخۆری، دوژێن و پیاهەڵدەری؛ گەندەڵاندنی ژیانی زمان بێت.

زستانی ۲۰۰۷
ستۆکهۆڵم

بنەما فرە ڕەنگییەکانی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەڵاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

١- پێشەکی

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە، پشت ئەستوور بەسەرچاوە زانستییەکان، کە مێژووی زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی) هیچ کاتێک و لەهیچ شوێنێکدا بەشێک نەبووە لەکۆمەڵناسی، بەڵام بابەتێک نییە لەبابەتە فرە ڕەنگییەکانی ئەو زانستە مرۆڤایەتییە کە مێژوویەکی دیاری نەبێت و بە زنجیرەیەک پەرەسەندندا تێنەپەڕبێ تاوەکو ئەو ڕوخسار و ناوەرۆکەی ئەمڕۆی پێ بڕاوە. ئەم پێودانگە بەتەواوەتی ئەو بابەتە دەگرێتەوە کە کەرەستەی ئەم نووسینەیە، واتە بابەتی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم بڕیارە کە هیچ ئەگەرێک هەڵناگرێت لەسروشتی ئەم زانستە خۆیەوە کەوتووەتەوە سۆسیۆلۆژی وەک زانستێکی کۆمەڵایەتی، هەر لەو ڕۆژەوە بەدەستی ئۆگوست کۆنت (١٧٩٨- ١٨٥٧ز) دوای کۆششە زانستییە ئابووریی سیاسییەکانی سان سیمۆن دامەزراو دوا ڕوخسار و ناوەرۆکی پێ برا، مرۆڤ و کۆمەڵگا، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، خێزان و بنەماڵە، کار و کار لەیەکدیکردنی کۆمەڵایەتی ئەرک و فەرمان لەچوارچێوەی ژیان و ڕێکخراوە هەمە چەشنە کۆمەڵایەتییەکاندا، سروشتی کۆمەڵگا مرۆڤییەکان، هۆکاری ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردە و کێشە و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، توێژینەوەی ئەو قانوون و یاسا گشتییانە کە دەبنە مایەی بزووتنەوە و گۆڕانی کۆمەڵگای مرۆڤ، ئەمانە هەموویان ئەو بابەتانەن کە سیۆسیۆلۆژی کردوونی بە مۆلک و پاوان و کەرەستەی لێکۆڵینەوە. سروشتی ئەم بابەتانە بووەتە مایەی ئەوەی کە

سۆسیۆلۆژی لە هەموو سەردەمێکدا گیانی سەردەم و مۆدێرنی تێدا دەربکەوێت، ئەم لایەن و ڕەهەندە ئاشکرا لەتیۆرییە کۆمەلایەتییەکاندا سەرنج ڕادەکێشێت. پشت ئەستوور بەم ڕاستییە ئەوەندەی پێوەندی بەم بابەتەوە هەیە دوو خاڵی گرینگ هەیە ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێن و پشت گوێ بخرێن:

یەکەم: هەموو بیرو بۆچوون و ئایدیۆلۆژی و تیۆرییەک ئەوەندەی پێوەندی بەمرۆڤ و کۆمەڵ و قانوونەکانی پەرەسەندن و بنیادی کۆمەلایەتی و ئابووری ژیانی کۆمەڵگا و هێز و هۆکارە بزوێنەرو فاکتەرەکانی جێگیری و ئارامی و گۆڕانەوە هەیە، کۆرپەی ئەو ژینگە و سەردەم و کوڕ و کۆمەڵە و ئەو هەلومەرجانەن کە تێیاندا سەریان هەڵداوە و لەناو جەرگەکەیدا دەستبەکار و کاریگەرن. هەر ئەم ڕەوشەش خۆی ئاراستەی ئەم بیروبۆچوونانە لە چوارچێوەی تیۆرییەکی کۆمەلایەتیدا دیار و دەست نیشان دەکات. بەواتایەکی دیکە ئەو هەلومەرجانەی بیرو تیۆرییەکەیان هێناوەتە ئاراوە مەبەست و ئامانج و هەڵوێستەکەی دیاری دەکەن کە لەدوو لا بەدەرنابێت:

- گۆڕانی سەرتاپاگیرانە.
- پەرەسەندنی پلە بەپلە.

دووەم: هیچ تیۆرییەکی کۆمەلایەتی نییە کە بە بنەمایەکی دیاریکراوی هزری و بیری و ئایدیۆلۆژی پشت ئەستوور(١) نەبێت، هەر ئەم لایەنەیە کە هەڵوێستەکەی دەربارەی ئەو کێشانەی دەستنیشانکراون، دیاری دەکات و ئینجا ڕوخسار و ناوەرۆک و ڕەوت و ئاراستەی بابەتی تیۆرییەکە بە ڕوونی سنووردار دەکات.

٢- هۆکارەکانی پەیدابوونی تیۆرییە کۆمەلایەتییەکان

ئەگەرچی سۆسیۆلۆژی خۆی وەک زانستێک و تیۆرییەکان وەک بابەتێکی سەرەکی ئەم لقە تارادەیەک نوێ و مۆدێرن و لەسەدەی هەژدەیەم بەدواوە سەری هەڵداوە و تیۆرییەکانیش کۆرپەی سەدەی نۆزدەیەمن ئەوا دەکرێت هۆکارەکانی پەیدابوونیان بەهۆکاری دوور و نزیک بەم پێیە دەستنیشان بکرێن:

١- چاکسازی ئایینی «هۆکاری ئایینی»
٢- هۆکاری ئابووری «شۆڕشی پیشەسازی»
٣- هۆکاری سیاسی «شۆڕشی فەرەنسا»
٤- هۆکاری فەلسەفەیی «بزووتنەوەی ڕوشنگەرایی»

یەکەم: چاکسازی و هۆکاری ئایینی

ئەگەرچی سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەلایەتی) وەک بابەتەکانی دیکەی زانستییە مرۆڤایەتییەکان داهێنان و بەرهەمی شارستانییەتی ئەورووپا و ڕۆژئاوایە، ئایینیش، بابەتێکی ڕۆژهەلاتییە، ئەوە ڕاستییەکی گومان و ئەگەر هەڵنەگرە کە ئایین، بەتایبەتی ئەو چاکسازییەی لەچوارچێوەی ئایینی مەسیحی (عیسایییدا) کراوە ڕۆڵێکی بەرچاوی گیڕاوە، لەوەدا کە ڕێگای بۆ پەیدابوونی زانستی کۆمەلایەتی و تیۆرییەکانی خۆش کردووە.

لەوە دەچێ بنەماکانی کولتوور و شارستانییەتی ڕۆژئاوا پێویستی بە فاکتەری ئایینی هەبووبێ، بۆیە ئایینی ڕۆژهەلاتی (مەسیحییان) لە ئۆرشەلیمەوە بۆ ئەورووپا برد. ئەوەی لێرەدا مەبەستە دوو شتە:

- شارستانییەت هەرچۆنێک بێت بەبێ فاکتەر و هۆکاری ئایینی کامڵ و تەواو نابێت. ڕاستە ئایینی مەسیحی نزیکەی هەزار ساڵ لە ئەورووپا کۆسپ بوو لەبەردەم زانست و پەرەسەندندا، بەڵام تارادەیەکی زۆر توانی دوای بڵاوبوونەوەی لە ئەورووپا و ئەمەریکا و ئەمەریکای لاتینیدا نەک هەر خۆی بگونجێنێ بگرە توانی شارستانی و کولتووری کۆنە ڕەسەنەکەی ئەم میللەتانە لاواز بکات و خۆی بسەپێنێ و سروشت و ناورۆکێکی دیکە بە کولتووری ئەم گەلانە ببەخشێ. ئەو ئەورووپا و ئەمەریکای لاتینەی دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لەکایەی شارستانی و کولتووردا خەت و خاڵیاندا بە تەواوی لەوی پێش بڵاوبوونەوەی ئایینەکە جیاوازن، بەڵام ئەم هەڵکەوتە ڕاستەقینەیە لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە ئایین ڕاستییەکی مێژوویی و دیاردەیەکی سەرتاپاگیری کۆمەلایەتییە، هیچ کۆمەڵگا و کولتوور و شارستانییەتێک ناکرێ و ناتوانن دەستبەرداری بن. جۆر و سروشتی ئایینەکە بە ڕوخسار و ناوەرۆکەوە جەوهەر و کەسایەتی و کارەکتەری نەتەوەیی ئەو نەتەوە و شارستانییەتە دیار و دەستنیشان دەکەن کە باوەڕیان پێ هێناوە. بۆ نموونە ئیسلام بەسەدان ساڵ لە باشووری ئیسپانیا دەستبەکاربوو، بەڵام لەدواییدا بەجێی هێشت و جێگەی چۆڵ کرد جارێکی دیکە ئایینی مەسیحی تێیدا بڵاوبێتەوە. ئەم دیاردە ڕاستەقینەیە

تووندوتۆڵ بە کەسایەتی نەتەوە و سروشت و پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگاوە بەستراوەتەوە.

- خاڵی دووەم بریتییە لە پشت ڕاستکردنەوەی خاڵی یەکەم بەو واتایەی کە چۆن هەڵبژاردنی ئایینەکە تایبەتمەندی نەتەوەکە دیاری دەکات، بەهەمان شێوە کۆمەڵگا لەخۆیدا بە هەموو لایەنەکانییەوە، دامەزراو و ئۆرگان و ڕێکخراوێکی زیندووە، هەمیشە لە هەموو سەردەم و قۆناغ و کاتێکدا کەسایەتی زیندووی خۆی ساغ دەکاتەوە. بەڵگەش ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر ئایینی سەرتاپاگیری مەسیحیدا کردی، گۆڕانێک کە لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵگاکاندا بگونجێ. بەم پێیە ئەگەرچی ئایین پێویستییەکی ناچارەکی و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و بڕوای ژیان و کۆمەڵگا و شارستانییەتە ئەوە کۆمەڵگا هەموو شتێک وەک خۆی تومار ناکات بگرە گۆڕانی ئەوتۆی بەسەردا دەهێنێ لەگەڵ سروشت و کەسایەتی خۆیدا بگونجێ. دەرکەوتنی مەزهەبەکان لە ئایینداا ئەم ڕەوشە چالاک و زیندووەی کۆمەڵگا پشت ڕاست دەکاتەوە.

با بزانین ئەم گۆڕانە کەی و چۆن بووە و لە چ ڕەهەند و لایەنێکەوە لە پێکهاتنی سۆسیۆلۆژی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی گێڕاوە؟!

ڕابەری ئەم گۆڕانە پیاوێکی ئایینی بووە کە خۆی لەباوەشی کڵێسەی مەسیحیدا پێگەیشتووە. چاکسازییەکەش خۆی بەر لەکۆمەڵگا لەنێو ئایینەکەدا کراوە. ئەم هەنگاوە جوامێرانە لەلای خۆیەوە چەند خاڵێک ڕوون و ساغ دەکاتەوە:

- پێکهاتە، ڕێکخراو، ڕێژیم و سستەم چەندە سەرتاپاگیر بێ ناتوانێ بە یەگجارەکی ڕێگەی بەردەم گۆڕان بگرێت. جا ئەم گۆڕانە سەرتاپاگیر بێت، یان لایەنێکی دیاریکراو بگرێتەوە و ببێ بە پەرەسەندنی پلە بەپلە. گۆڕانەکە هەردەبێ با ڕوخسار و ناوەرۆکیشی جیاواز بێت.

- گۆڕان، پەرەسەندن، ئیدی هەرچۆنێک بێت، با هۆکاری دەرەکیشی هەبێ، هەردەبێ لەناوە و لەناخی شتەکەدا لەناوجەرگەی پێکهاتەکە خۆیدا یەکەم جار سەرهەڵبدات ئینجا لایەنەکانی دیکە بگرێتەوە.

ڕابەری ئایینی مەسیحی بە نەتەوە ئەڵمان مارتن لوتەر (١٤٨٣- ١٥٤٦ز) ڕاستە ویستی گۆڕانەکە لەناوەوە و لەچوارچێوەی کڵێسە و دەزگا و دامەزرا و و ئایینی عیسایییدا بکات، بەڵام وردە وردە ئەم گۆڕانە فراوانتر بوو تا ئەو ڕادەیەی سەرانسەری کۆمەڵگاکانی ئەورووپا و بەریتانیاشی گرتەوە.

لوتەر هەوڵی داوە ڕۆڵی سەرتاپاگیری دام و دەزگەکانی کڵێسەی عیسایی لە ژیانی مرۆڤی ئاساییدا کەم بکاتەوە. بۆیە داوای کردووە کە کڵێسە هیچی تر ئەو لافە لێنەدات کە گوایە پەیامبەرێکە لەنێوان ڕەب(٢) و مرۆڤدا. ئەمەش بوو بەمایەی ئەوەی مرۆڤی تاکەکەس ئەو پلەو پایە و ڕۆڵەی لەژیاندا دەستگیربێتەوە کە کڵێسە لێی زەوت کردبوو. ئیدی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی پروتستانت بوون وەک جاران تەنیا هەر بۆ پیاوانی کڵێسە نەما. مرۆڤی دیکە کە کەشیش و لەپیاوانی ئایینی نەبوایە دەکرا وەک سەرکردە و ڕابەر دانی پیادابنرێت(٣). ئەم هەنگاوە ئەگەر لەسەردەمی خۆیدا شتێکی ئاسایی بووبێ دواتر ئەنجامی گەورە و کاریگەری لێکەوتووەتەوە. مرۆڤ و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی ژیان جارێکی دیکە تەوژمیان بەبەردا کراوەتەوە و شۆڕێن و پلەوپایەی ڕاستەقینەی خۆیانیان پێ بڕاوەتەوە. هەروەها بایەخ بەتوانای ژیرەکی و چالاکی و کارکردنی مرۆڤ دراوە. هەر ئەمە بووە وای لە ماکس ڤیبەر کردووە وای دابنێ کە ئەم ئازاد کردنەی تاکەکەسان و بایەخدان و پێداگرتن لەسەر کاری بەرهەمهێنەرانەی تاکەکەسان بۆتە مایەی سەرهەڵدانی ئەو پێکهاتەیەی کە دواتر بەسەرمایەداری ناوبراو.

ڕزگارکردنی مرۆڤ لە سیستەمی سەرتاپاگیری کڵێسە هەنگاوێکی گەورە بووە لەسەر ڕێگەی بەگوور کردنەوەی ڕەوتی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا و شارستانییەت و بایەخدان بەکێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ لەکۆمەڵگادا و تاڕادەیەک جیاکردنەوەی لەدۆگم و ڕێوشوێنەکانی کڵێسە کە سەرگەرمی دنیا و جیهان و ژیانێکی تر بووە.

دووەم: هۆکاری ئابووری:

لێرەدا مەبەست لە ئەو شۆڕشەیە کە لەبەریتانیا بەناوی شۆڕشی پیشەسازی و سنعات ناسراوە.

ئەگەر چاکسازییە ئایینیەکەی لوتەر پێی لەسەر ئازادی

تاکەکەسی داگرتبێ و هەوڵی جێگیرکردنی چەمکی ئازادی مرۆڤ و هاووڵاتیدابێ(٤)، کە لە ئەنجامدا بوو بە بنەمایەکی بنەڕەتی ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتی مەدەنی و هاووڵاتی کۆمەڵگا، ئەوا شۆڕشە پیشەسازییەکەی بەریتانیا کە بەدۆزینەوەی ئامرازی هەڵم ناسرا، ڕۆڵ و بایەخی هۆکاری ئابووری و پیشەسازی و سنعاتی لەژیانی کۆمەڵگا و شارستانییەتدا پشت ڕاست کردووەتەوە. نە ئازادی تاکەکەسان و نە پارە و پوول و مالّی دنیا و سەرمایە ئەو بابەتە نامۆ و ناحەزانە نەمان کە کلّێسە و دەزگاکانی ئایین وایان دادەنا و بەو چاوە تەماشایان دەکردن و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردن.

شۆڕشی پیشەسازی و سنعاتی بەریتانیا گۆڕانی گەورەی بەسەر ئەروپاشدا هێناوە. زۆربەی هەرە زۆری سیستەم و نەزمە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانی ڕیشەییان بەسەرداهاتووە. کۆمەڵگای ئەوروپا لە قۆناغی کشت و کاڵ و زەراعەتەوە بەرەو قۆناغی سنعات و پیشەسازی هەنگاوی ناوە(٥). ئەوی لێرەدا پێوەندی بە کۆمەڵگا و ڕەوشی کۆمەڵایەتییەوە هەیە ئەو کۆچ و بزاڤە سەرتاپاگیرە بوو کە بەرپا بووە. بە هەزاران وەرزێر و جووتیار گوند و لادێیان بەجێ هێشتووە و ڕوویان لە شار و باژێڕەکان کردووە بەو ئاواتەی لەوێ ژیانێکی خۆشتر و گوزەرانێکی باشتر بەسەربەرن و دەرفەتی چاکتری کارکردن و داراییان دەستگیربێ. ئەو سنعات و دەزگا و فابریقە و کۆمپانیایانەی لەباژێڕەکاندا دامەزرابوون ئەم دەرفەتەیان بەکرێکارانی لەگوندەکانەوە هاتوو بەرەو شارەکان دابین کردووە و خزمەتی سیستەمی تازە سەرهەڵداوی ئابووری سەرمایەداریان کردووە. بێگومان شان بەشانی ئەم لایەنە لەبارە، ئەم ڕەوشە نوێیە و هاتنی جووتیاران لەلادی و گوندەکانەوە و بەجێهێشتنی کێڵگە کشتوکاڵییەکان کێشەیەکی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆڤی دروست کردووە کە بووەتە مایەی ئەوەی بیرمەند و ڕیفۆرمیستەکان هان بدات بایەخ بەم ڕەوشە نوێیە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە بدەن و ڕێگا چارەسەری لەسەر شێوەی پێشنیاز و تیۆری پێشکەش بکەن.

سێیەم: هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی

«شۆڕشی مەزنی فەرەنسا»

دەکرێ بگوترێت ئەم فاکتەرە کە مەبەست لە شۆڕشی فەرەنسایە ئەوەندە ڕیشەیی و سەرتاپاگیربووە، سەرانسەری ئەوروپای ئەوسای هەژاندووە و لەخۆیدا هەموو هۆکارەکانی دیکەی کۆکردووەتەوە. ئەو شۆڕشە لەبواری سیاسەت و مافی مرۆڤدا بەوە ناسراوە کە سێ دروشمی هەبووە:

- ئازادی.
- برایەتی.
- یەکسانی.

لەلایەکی ترەوە دەستێکی کاریگەری لەڕێژیمی فیۆدالی- دەرەبەگی و سیستەمە سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆژییەکەی وەشاندووە. ئەو ڕۆڵەی جاران ئایینی مەسیحی لەژیان و سیاسەت و کۆمەڵدا گێڕاویەتی لەدەست کلّێسە و دامەزراوەکانی دەرهێناوە و داویەتە دەست سیاسی و سیاسەتمەدارەکان واتە بڕوا گۆڕاوە و بووە بە ئایدیۆلۆژیا. تاکەکەسان تاڕادەیەک ئازادیان بۆدابین کرا، ڕێژیم و سیستەم لەجۆرە کەشوهەواو ڕەوشێکی تردا کەوتنە دەستبەکار بوون. هەستی نەتەوەیی لە بەرانبەر پابەندی ئایینیدا خۆی سەپاندووە. پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری و پیشەسازی بە هەنگاوی گەورە بەرەوپێش چووە.

لەکایە و بواری زانستدا، ئەوەندەی پێوەندی بە کاروباری مرۆڤ و کۆمەڵ و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاوە هەیە، ئەو بیروبڕوایە خەت و خاڵی داوە کە لە کۆمەڵگادا چەندین یاسا و قانوونێکی کۆمەڵایەتی هەن وەک ئەو قانوون و یاسایانە وان کە لەزانستە سروشتییەکاندا هەن و جێگیرن(٦). قانوونی سەرەکی لەنێو ئەو قانوونانەدا یاسای پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونە، ئەم یاسایە ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە دەبێ کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بەناچاریی بەرەو قۆناغی پێشکەوتووتر و باڵاتر و باشتر پەرەبستێنن.

بەهۆی ئەو فاکتەرە سیاسییەی شۆڕشی فەرەنساوە بیرمەندان گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کە چەندین قانوونی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی هەن و ئەم قانوونانە بریتین لە چەند قانوونێکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. ئەم یاسایانە بە تێکڕای بنەما و بنیادێکی گرنگی تیۆرییەکیان لێ پێکدێت کە دەکرێت هزر و بیرو کردار و ڕەفتاری مرۆڤ(٧) لەنێو کۆمەڵگادا ئاراستە و شرۆڤە بکات.

ئەمەش هەنگاوێکی گرینگ بووە لەسەر ڕێگەی چوونە نێو جیهانی سۆسیۆلۆژی و تیۆرییەکانی.

چوارەم: هۆکاری فەلسەفەیی «بزووتنەوەی ڕۆشنگەرایی»

ئەوی لێرەدا مەبەستە ئەو بزووتنەوە هزری و فەلسەفەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەیە کە لەسەدەی هەژدەیەم لە بەریتانیا و فەرەنساو ئەڵمانیادا بڵاوو دەستبەکاربووە. ئەم بزووتنەوەیە هەڵوێستی دیاریکراوی دەربارەی دۆگم و بڕواکانی ئایین و ئازادی Li-beralismus و کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و بێ بڕوایی و مەتریالیزم هەبووە. لەبواری سیاسەتدا بەتایبەتی لەنێو بیرمەندانی فەرەنسا ئەم ڕێبازە تاڕادەیەک دەستبەردار بیرۆکەی پەرەسەندن بووە و ڕووی کردووەتە گۆڕانی سەرتاپاگر و شۆڕش(٨). ئەم شۆڕشەی بەشێوازێکی ڕەوای گۆڕان زانیوە.

ئەم چوار هۆکارە پێکەوە لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپادا بوونەتە مایەی هاتنەکایەوەی ڕەوشێکی نوێی ئابووری و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەیی، کاری لەبارونالەباریان لەکۆمەڵگا و مرۆڤ کردووە. ئەگەر بارودۆخێکی کۆنیان بەیەکێکی دی مۆدێرن و نوێ گۆڕیبێ ئەوا لەلای خۆیانەوە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووریان دروست کردووە کە هانی بیرمەند و نووسەر و زانایانیان داوە سەر گەرمی لێکدانەوەی ئەم کێشە و چارەسەرکردنیان بن. لێرەوە دەکرێت بگوترێت ئەمە بوو بەردی بناغەی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی دانا.

٣- ڕەهەند و لایەن و ئاستەکانی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان

تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان وەک هۆکارە فرە ڕەنگیەکانیان ناوەڕۆک و ڕوخسار و ئامراز و شێواز و ئامانجی جیاواز و جۆراوجۆریان هەیە. ئەم تیۆرییانە ئەگەر چاو لەجیاوازی نێوانیان بپۆشرێت و لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا پێناسە بکرێن دەکرێت بگوترێت:

تیۆری کۆمەڵایەتی نەزم و سیستەم و پێکهاتەیەکی تیۆرییە لەچالاکییەکی ژیرەکی کەوتووەتەوە هەوڵی لێکدانەوە و توێژینەوە و شرۆڤەکردنی ڕووداو و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەدات.

بەپێی سەرچاوەکان تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان چوار ڕەهەند و لایەنی کۆمەڵایەی جۆر بەجۆریان هەیە:

یەکەم: ڕەهەندی مەعریفی (زانین).

دووەم: ڕەهەندی وردبوونەوە و سەرنجدان(٩).

سێیەم: ڕەهەندی پێودانگییانە و گرینانەیی(١٠).

چوارەم: ڕەهەندی هەست و سۆز و خۆیەتی.

ئەگەر مرۆڤ لەتیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان وردبێتەوە و سەرنجێکی قوواڵیان بدات دەردەکەوێت کە هەر تیۆرییە لە ئامراز و ڕێباز و ڕێگەیەک دەچێ کە زانایانی ڕشتەی کۆمەڵایەتی پەنای دەبەنە بەر بۆ زانین شرۆڤەکردنی جیهانی کۆمەڵایەتی کە ئەمەش لایەنە مەعریفیەکەی تیۆرییەکە نیشان دەدات، واتە ڕشتنی ڕەنگی جیهاندیدێکی ڕێکوپێک دەربارەی ئەو بابەت و لایەنە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگا کە دەخوازرێ بخرێتە سەر خوانی باسکردن و تاوتوێکردن.

هەروەک تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان ئاوێنە ئاسا لایەن و ڕەهەندێکی کۆمەڵگا و کێشەکانی نیشان دەدەن ئەوە هەر خۆشیان ئامرازێکی سەرنجدان و تێگەیشتنی ئەو جیهان و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەن کە کراوە بە بابەتی تیۆرییەکان خۆیان. ئەمە لایەنی دەرەکی بابەتەکە دەستنیشان دەکات. مەبەست لە ڕەهەندی سێیەم کە بەدوور و درێژی لەلای ئەلقن گولدنەرەوە(١١) باس کراوە ئەو لایەنە دەگرێتەوەکە پشت بەگریانە کردن دەبەستێ بۆ وێناکردنی ئەو هەڵکەوت و ڕەوشە کۆمەڵایەتییەی شرۆڤەی دەکات پێویستە چۆن دەبێت و چۆن ڕەنگی لەچوارچێوەی تیۆرییدا دابڕێژرێت.

تیۆری کۆمەڵایەتی چالاکییەکی زانستی- ژیرەکی هزری بیرمەندانێکە کە لەبواری زانستی کۆمەڵایەتیدا پسپۆرن. ئەو بیرمەندانە ڕۆڵەی سەردەم وەدەوروبەر و ژینگەیەکی دیاریکراون و مرۆڤن و خاوەن هەست و سۆز و دەروونن بۆیە ناکرێ لەکاتی چالاکییاندا لەو لایەنی کارلێکردن و کارتێکردنی هەست و سۆز دەربازیان ببێت، هەروەها شارەزایی و ئەزموونی تاکەکەسیی بیرمەندەکە و وردبوونەوەیی و بەڵگەی ژیرەکیی کە پەنایان دەباتە بەر لەم بوارەدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن.

٤- سروشتی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان

تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان کە سروشت و جەوهەری ڕاستەقینەی سۆسیۆلۆژی وەک زانستێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ دیار و دەستنیشان دەکەن، بەگشتی دەکرێت لەدوو بەرەدا کۆبکرێنەوە:

یەکەم: بەرەی ئەو تیۆرییە کۆمەڵایەتییانەیە کە بایەخ بە ئارامیی و بەرقەراریی و سەقامگیریی کۆمەڵگا و پێکهاتە و نەزم و سیستەم و پێوەندییەکانی دەدەن. ئەم تیۆرییانە بابەتی گۆڕانی ڕیشەیی کۆمەڵگا پەسند ناکەن و پێ لەسەر پەرەسەندنی پلە بەپلە دادەگرن، بەڵام پەرەسەندنێک لەچوارچێوە و سنووری دیاریکراوی چەند دەزگا و دامەزراوێکدا.

دووەم: ئەو تیۆریانە مەبەستە کە گۆڕان و ململانێ و وەرچەرخانی سەرتاپاگیرانەی کۆمەڵایەتی بە گرنگ و ناچارەکی دادەنێن و سوورن لەسەر ئەوەی کە خەبات و ململانێ بنەمای سەرەکی ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر کۆمەڵگادا دێن.

بوونی ئەم دوو بەرە جیاوازەی دژ بە یەکترییە ئەو ڕاستییە ساغ دەکاتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان لە باوەشی ڕێژیم و سیستەمی ئابووری و سیاسی و فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری سەدەی نۆزدەیەمدا پێگەیشتوون و گەشەیان کردووە، ئەو سەدەیەی قۆناغی چارەنووسسازی شارستانییەتی ئەمڕۆ و لەوەو لای مرۆڤایەتی بووە، بەڵام دوو ناوەڕۆک و دوو ئامانج و ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازی جیاوازیان هەیە کە بەم جۆرەن:

یەکەم: ڕێباز و تیۆرییەکیان دەیەوێ ئەو ڕێژیمە سەرمایەدارییە کە لەباوەشیدا گەشەی کردووە و پێگەیشتووە لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕێت و لەجێگەکەیدا ڕێژیمێکی دی و کۆمەڵگایەکی دی دابمەزرێنێ.

دووەم: ئەو تیۆرییانە دەگرێتەوە کە بوونی ڕێژیمی سەرمایەداری بەشتێکی سروشتی دادەنێن کە ئەنجامی پەرەسەندنێکی ژیرەکی مرۆڤ و کۆمەڵگا و شارستانییەتە و بیرکردنەوە لە گۆڕینی بە پێچەوانەی سروشتی ژیر و شارستانییەت و زانستەوەیە. لێرەوە ئەم تیۆرییانە سەرگەرمی پەرەپێدان و گونجاندنی سەرمایەدارین لەگەڵ کۆمەڵگا و ئەو پێشهاتانەی لە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵگا و ژیاندا دێنە پێشەوە.

٥- پێکهاتەی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان

تیۆری وەک پێکهاتەیەکی هزری و ژیرەکیی لە چەند لایەن و دەستەواژەیەک پێکهاتووە لە بواری سۆسیۆلۆژیدا بایەخ بەم کێشە و لایەنانە دەدات:

- کۆمەڵگا چییە و ڕۆشنبیری و کولتوور چین؟

- ئەو یەکە بنەڕەتییانە کامانەن کە کۆمەڵگا و کولتووریان پێک هێناوە؟

- سروشتی ئەو پێوەندییە چییە و چۆنە کە لەنێوان کۆمەڵگا و کولتوور و کەسایەتی مرۆڤدا هەیە؟!

لایەنەکانی تیۆریش ئەمانەن:

- چەمک. بە بنەمای تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێن. ئەمانە جۆرە نیشان و سیمبۆڵ و هێمایەکن دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکەن.

- گریمانە، ئەو ڕێتێچوونانە نیشان دەدەن کە دەکرێت پشت ڕاست بکرێنەوە، یان بەپێچەوانەوە ناڕاستیەکەیان ساغ بکرێتەوە. بۆ نموونە گریمانە ئەو ڕێتێچوونە نیشان دەدات ئایا پێوەندییەکی هۆیەکی لەنێوان ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە یان نا؟

- پرۆپۆزیشن: دەستەواژەکان، Propositions. ئەم جۆرە دەکرێ بە دووبەشەوە؛- بەڵگەنەویست کە پێویستی بەپشت ڕاستکردن نییە و سەلمێنە کە دەبێ ساغ بکرێتەوە. ئەم دەستەواژانە لە بەیەکەوە بەستراوەی چەند چەمکێک کە بەشێوازێکی لۆژیکیانە بە یەکەوە گونجابن(١٣) و بابەتێک لەچوارچێوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکە وێنا بکەن، پێکدێن.

- بابەتی توێژینەوەکە کە لەسەرچاوەکاندا بە بابەتی گۆڕاو Variable ناودەبرێت. ئەمەش لەکێشەیەک، یان لە دیاردەیەک کە دەبێ توێژینەوەی لەسەر بکرێت پێک دێت.

- تێبینی کرد: ئەو پەیڕەوەیە کە بۆ سەرنجدان و تۆمارکردنی ڕووداو و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بێلایەنانە پەنای دەبرێتە بەر.

تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان کە کارو چالاکییەکی هزری ژیرەکین وەک ئامرازی یاریدەدەر توێژەرەوە بۆ لێکدانەوەی پێوەندی و ڕووداو و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەکاری دەهێنێ بەوەدا سروشتەکەیان دیاری دەکرێ تاچەند لەگەڵ گۆڕانن، ئایا ئەو گۆڕانە دەبێ چۆن بێ و چ لایەنێکی کۆمەڵگا و مرۆڤ بگرێتەوە؟ یان بابەتەکە پاراستنی

ئارامیی و نەزم و هێمنی و بەرقەراربیە و هەوڵدانە بۆ گونجاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەو نوێکارییانەی دێنە پێشەوە؟!

پەراوێز و سەرچاوە:

١- ليله، الدكتور علي، بناء النظرية الاجتماعية. جامعة عين شمس مصر بدون تأريخ ص٢١ فما بعد.

2- Storig, Hans Joachim., Kleine Welt-geschichte der Philosophie. stuttgart 1961. S.328 ff.

3- Russell, Bertrand., Philosophie des Abend Landes. Wien 2000. S.532.

4- Marcuse, Herbert., Ideen Zu einer Kritischen Theorie der Gesell schaft. SV. 300. Frankfurt am Main. 7.Aufl. 1980. S. 54 ff.

٥- عمر، الاستاذ الدكتور معن خليل، نظايات معاصرة في علم الاجتماع. أربد الاردن دارالشروق ١٩٩٧ ص٢٩ فما بعد.

٦- تيماشيف، نيقولا،. نظرية علم الاجتماع، طبيعتها وتطورها. ترجمة الدكتور محمود عودة و آخرون ط٢ دارالمعارف بمصر ١٩٧٢ ص٢١ فما بعد.

٧- بوتومور، تمهيد في علم الاجتماع. ترجمة و تعليق الدكتور محمد الجوهري و آخرون. دارالمعارف بمصر ط٣ سنة ١٩٧٨. ص٤٥ فما بعد.

8- Hirsch berger, Johannes., Geschichte der Philosophie. Bd.2. komet. II Aufl. 1980. s. 248.

٩- كريب، ايان.، النظرية الاجتماعية. ترجمة د. محمد حسين غلام مراجعة د. محمد عصفور.، عالم المعرفة ٢٤٤ الكويت ١٩٩٩ ص٣٩ فما بعد.

١٠- جولدنر، ألڤن.، الازمة القادمة لعلم الاجتماع الغربي، ترجمة. علي ليلة. المجلس الاعلى للثقافة بمصر- المشروع القومي للترجمة ٦٦٧. القاهرة- ٢٠٠٤ ص٨٠ فما بعد.

١١- جولدنر، ألڤن. المصدر نفسه ص٨٥- ٨٧.

١٢- تيماشيڤ، نيقولا: المصدر نفسه ص١٥.

١٣- عمر، الدكتور معن خليل: المصدر ذاته ص٤٧.

سایکۆلۆژیای گواستنەوەی کاریگەری فێربوون

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی
(زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

گواستنەوەی کاریگەری فێربوون یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی دەروونزانی پەروەردەیی و ڕۆڵی گرنگی لە بواری پەروەردە و فێربووندا هەیە، چونکە نابێت بەردەوام مرۆڤ بۆ هەر کێشەیەکی نوێ ڕاهێنان بکات و هەوڵی فێربوون بدات، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی زۆر گرفتی نوێ، سوود لە زانیاری و شارەزایی و فێربوونەکانی ڕابردووی وەردەگرێ، سوود وەرگرتن لە فێربوونی ڕابردوو بۆ چارەسەکردنی گرفتی نوێ، بە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون (إنتقال أثر التدریب) ناودەبرێت واتە فێرخواز فێری زۆر چەمک و پرەنسیپ و یاسا و ڕێسا دەبێت و دواتر سوود لەو چەمک و پرەنسیپ و یاسا و ڕێسایانە وەردەگرێت و بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نوێ و فێربوونی شستی تر بەکاریان دەهێنێ، ئەم سوود وەرگرتنە لە بەرژەوەندی فێرخوازە، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە بایەخ بە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون بدرێت. گواستنەوەی کاریگەری فێربوون دیاردەیەکە (ظاهرة) لەسەر بنەما و گریمانی ئەوەی کە (فێرخواز کاتێک فێری شارەزایی و زانیارییەک دەبێت، ئەوە دەتوانێت ئەو زانیاری و شارەزاییە بۆ کات و شوێنێکی تر بگوێزێتەوە و بۆ فێربوونی شتی نوێ سوودیان لێوەربگرێ، بنیاد نراوە. پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنیش هەر لەسەر گریمان و بنەمایەکی وەک ئەوەی پێشەوە بنیادنراوە واتە (فێرخواز ئەو شتەی کە لەناو چوارچێوەی قوتابخانەدا فێری دەبێت ئەوە بۆ زۆربەی بوارەکانی ژیان لە دەرەوەی قوتابخانە دەیگوێزێتەوە)، چونکە ئامانجی سەرەکی فێرکردن بریتییە لە ئامادەکردنی فێرخواز بۆ داهاتوو پاشەڕۆژ و بنیادنانی کەسایەتی هەر لەبەر ئەوەشە کە هەردوو زانا

(پرسی و ڕۆبنسۆن) گوتوویانە (ئەگەر شتێک هەبێت ناوی پەروەردە بێت، ئەوە دەبێت کاریگەری ئەو پەروەردەیە هەبێت و ئەو کاریگەریەشی بۆ بوارەکانی ژیان بگوێزرێتەوە) (الازیرجاوی، ۱۹۹۱، ص۱٤۲-۱٤۳)، کەواتە پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان پەروەردە و ژیان لەلایەک و فێربوونی کۆن و نوێ لەلایەکی ترەوە هەیە، چونکە هیچ فێربوونێکی نوێ بەبێ فێربوونی کۆن نابێت، واتە زانیاری و شارەزایی و فێربوونی کۆنی عەمبارکراوی ناو کۆئەندامی یادکردنەوە دەبن بە بنەما و سەرچاوەی فێربوونی نوێ، ئینجا کاتێک بۆ فێربوونی نوێ سوود لە زانیاری و شارەزاییەکانی کۆن وەردەگرین، ئەوە مانای ئەوەیە کە فێربوونی کۆن کاریگەری لەسەر فێربوونی نوێ هەیە و ئەو کاریگەریەشی دەگوێزرێتەوە، بەم پرۆسەیەش دەگوترێت، گواستنەوەی کاریگەری فێربوون و ڕاهێنان، هەندێک جار ئەو گواستنەوەیە، نێگەتیڤ و هەندێک جاریش پۆزەتیڤ دەبێت، واتە کاتێک فێری شتێک دەبین و دواتر ئەو شتەی فێری بووین دەبێت بە یارمەتیدەر بۆ فێربوونی شتێکی تر، ئەوکاتە گواستنەوەکە پۆزەتیڤ و باش دەبێت، بەڵام کاتێک فێری کارێک یان چالاکییەک دەبین و دواتر ئەو کار و چالاکییە دەبێت بەڕێگر و بەربەستن لە بەردەم فێربوونی کار و چالاکییەکی تر، ئەوە ئەو کاتە گواستنەوەکە نێگەتیڤ و خراپ دەبێت، کەواتە دەتوانین جۆرەکانی گواستنەوەی کاریگەری فێربوونی (ڕاهێنان) بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

(۱) گواستنەوەی پۆزەتیڤ و باش (الإنتقال الإیجابی): ئەم جۆرە گواستنەوەیە بریتییە لە ئەوەی کە کاتێک فێرخواز فێری کار و ئیشێک یان ئاراستە و ڕاو بۆچوونێک دەبێت، دواتر ئەو کار و ئیشە یان ئاراستە و ڕاوبۆچوونە دەبن بە بنەما بۆ فێربوونی کار و چالاکی و ڕاوبۆچوونێکی تر، ئەوکاتە جۆری گواستنەوەکە پۆزەتیڤ و باش دەردەچێت لەبەر ئەوەی فێربوونی کۆن دەبێت بە بنەما و یارمەتیدەر بۆ فێربوونی نوێ.

بۆ نموونە کاتێک فێرخواز فێری پرۆسە و کرداری کۆکردنەوە دەبێت و دواتر بۆ فێربوونی جاران (ضرب) سوود لە کرداری کۆکردنەوە وەردەگرێت، یان کاتێک مرۆڤ فێری لێخوڕینی ماشێنی بچووک دەبێت و دواتر سوود لەو شارەزایی و زانیارییانەی لێخوڕینی ماشێنی بچووک بۆ فێربوونی لێخوڕینی ماشێنی گەورە وەردەگرێت، یان کاتێک فێری بیرکاری دەبێت و سوود لە بیرکاری بۆ فێربوونی فیزیا وەردەگرێت، سەرجەم ئەوانەی سەرەوە دەچنە خانەی گواستنەوەی پۆزەتیڤ و باش، لەبەر ئەوەی فێربوونی یەکەم جار دەبێت بە یارمەتیدەر بۆ فێربوونی دووەم.

(۲) گواستنەوەی نێگەتیڤ و خراپ (الإنتقال السلبی): مەبەست لە ئەم جۆرە گواستنەوە ئەوەیە کە فێربوونی یەکەم جار (پێشوو) دەبێت بە ڕێگر و بەربەست لەبەردەم فێربوونی دووەم جاردا (داهاتوو). بۆ نموونە کاتێک یەکێک فێری لێخوڕینی ماشێنی گێڕ ئاسایی (عادی) دەبێت و دواتر دەیەوێ ماشێنی گێڕ ئۆتۆماتیکی لێخوڕێ، ئا لەم کاتەدا زۆرجار بەهەڵە پێ بە بریکدا دەنێ، وا دەزانێ کلاجەکەیەتی یان بە پێچەوانەوە پێشتر فێری لێخوڕینی ماشێنی ئۆتۆماتیکی بووە و ئێستاش دەیەوێ فێری لێخوڕینی ماشینی گێڕ ئاسایی (عادی) ببێت، ئا لەم کاتەدا زوو زوو ئۆتۆمبیلەکە بە دەستیەوە دەکوژێتەوە لەبەر ئەوەی کلاج ناکات و وادەزانێت گێڕ ئۆتۆماتیکییە و کلاجی نییە ئا لەم حاڵەتەدا گواستنەوەکە نێگەتیڤ و خراپ دەبێت، لەبەر ئەوەی فێربوونی پێشوو (لێخوڕینی ماشێنی ئۆتومەتیکی) دەبێت بە ڕێگر و بەربەست لەبەردەم فێربوونی دواتر (لێخوڕینی ماشێنی گێڕ ئاسایی و عادی).

(۳) نەبوونی کاریگەری گواستنەوە (إنعدام الإنتقال): ئەم جۆرە گواستنەوەیە بریتییە لە ئەو حاڵەتانەی کە هیچ پێوەندییەک لە نێوان فێربوونی پێشوو و فێربوونی داهاتوودا نییە.

واتە نە کاریگەری نێگەتیڤ و نە کاریگەری پۆزەتیڤی نییە و فێربوونی یەکەم جار نە بە باش نە بە خراپ کاریگەری لەسەر فێربوونی دووەم جار نییە.

ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر گواستنەوەی پۆزەتیڤ هەیە.

(۱) چوون یەکی: چوون یەکی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی پۆزەتیڤ، واتە کاتێک ناوەڕۆکی بابەت و جۆری شارەزایی و ئەرکەکەی یەکەم جار چوون یەک بێت لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەت و جۆری شارەزایی و ئەرکی دووەم جار، ئەوە گواستنەوەکە

کاریگەر دەبێت و فێربوونی یەکەم جار سوودمەند دەبێت بۆ فێربوونی دووەم جار هەروەها کاتێک شێوازی وانەگوتنەوەی فێربوونی پێشوو وەک ڕێباز و شێوازی وانەگوتنەوەی فێربوونی دواتر دەبێت، ئەوکاتەش جۆری گواستنەوەکە باش و پۆزەتیڤ دەبێت.

(٢) بڕی ڕاهێنان: هەتاوەکو ڕاهێنان و فێربوونی یەکەم جار زۆر بێت و چەندین جار دووبارە ببێتەوە، ئەوەندە فێربوونی پێشوو کاریگەری باشی لەسەر فێربوونی داهاتوو دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر فێرخواز لەناو قوتابخانە ڕاهێنانی زۆری لەسەر پرۆسە و کرداری (کۆکردنەوە و لێدەرکردن و جاران و دابەش کردن) کرد و بە تەواوی لێیان تێگەیشت، ئەوە دەتوانێت لە داهاتوودا بە باشی سوود لەو پرۆسە و کردارانە وەربگرێت و لە ژیانی ڕۆژانە و لەکاتی کرین و فرۆشتن و مامەڵەکردندا بەکاریان بهێنێ.

ڕێژەی زیرەکی: تا فێرخواز زیرەک و لێهاتوو بێت و ڕێژەی زیرەکی بەرزبێت ئەوەندە فێربوونەکانی پێشووی کاریگەری باشیان لەسەر فێربوونەکانی داهاتووی دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

حەز و ئارەزوو: هەتاوەکوو فێرخواز حەز و ئارەزووی لە بابەتێک هەبێت ئەوەندە بە باشی فێربوون و ڕاهێنانی یەکەم جار کاریگەری لەسەر فێربوون و ڕاهێنانی دووهەم جاری دەبێت. (الخوالده و عید، ٢٠٠٥، ص٢١٠) لێک چوونی وروژێنەرەکان: تاوەکوو وروژێنەرەکان لەیەک بچن و لە یەکەوە نزیک بن ئەوەندە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون زیاتر دەبێت.

بۆ نموونە، کاتێک منداڵ فێری ترس دەبێت لە مشکی سپی، ئەوە لە داهاتوودا گشتاندن (تعمیم) بۆ ئەو وروژێنەرە دەکات و لەسەرجەم ئەو شتانە دەترسێت کە وەک وروژێنەری یەکەم جار (مشکی سپی) وان. واتە لە پشیلە و سەگ و کەرویشکی سپیش دەترسێت. ئەمەش مانای وایە کە کاریگەری فێربوونی یەکەم (ترس لە مشکی سپی) گواستراوەتەوە بۆ داهاتوو و فێربوونی تر (ترسان لە کەرویشک و پشیلەی سپی). ئینجا ئەگەر بمانەوێت فێربوون سوودمەند بێت و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە قازانجی فێرخواز تەواو ببێت، ئەوە دەبێت ڕەچاوی ئەو پەرەنسیپ و خاڵانەی سەرەوە بکرێت و دەبێت ئەو بابەت و چالاکییانەی کە فێرخواز فێریان دەبێت، لە واقیعدا بوونیان هەبێت و لە ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازەوە نزیک بن، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانیان بۆ ژیانی واقیعی و ڕۆژانە بگوێزرێتەوە و بە قازانجی فێرخواز و دەوروبەرەکەی تەواوببێت.

لە لایەکی تریشەوە هەموومان باش دەزانین کە فێرخواز ماوەیەکی کەم لە قوتابخانە و خوێندنگە دەوام دەکات و زۆربەی کاتەکانی تری لە دەرەوەی قوتابخانەیە، ئینجا ئەگەر خوێندنی ئەو ماوە کەمە سوودمەند نەبێت و کاریگەری لەسەر داهاتوو نەبێت، ئەوە مانای ئەوەیە کە قوتابخانە ڕۆڵی خۆی نەگێڕاوە.

ئامارەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە فێرخواز نزیکەی (٩٠٠) نۆسەد کاتژمێر لە ساڵێکدا لەناو خوێندنگە بەسەردەبات (بێگومان لە وڵاتی ئێمە کەمتریشە) کە ئەو (٩٠٠) کاتژمێرەش یەکسانە بە (١٠٪) هەموو کاتەکانی، واتە (٩٠٪) تەمەنی لە دەرەوەی خوێندنگە (بە خەوتن و نان خواردن و یاری و گەڕان و چالاکی هەمەجۆری تردەوە) بەسەر دەبات.

هەرچەندە ئەو (١٠٪) زۆر کەمە، بەڵام ئەگەر بە باشی بەکاربهێنرێت و لە ناو چوارچێوەی قوتابخانەدا سوودیان لێوەربگیرێ ئەوە کاریگەری باشیان لەسەر کەسایەتی و پاشەڕۆژی فێرخواز دەبێت و ئەو فێربوونەی ناو قوتابخانەیان بۆ دەرەوەی دەگوێزنەوە (تریفرز، ١٩٧٩ ص١٩٢).

گواستنەوەی کاریگەری فێربوون تەنیا لایەنی ئەکادیمی و عەقڵی ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەم لایەنەکانی تریش (هەڵچوونی، کۆمەڵایەتی، ئاکاری) دەگرێتەوە.

بۆ نموونە کاتێک فێرخواز ڕاوبۆچوونێکی نێگەتیڤ و خراپ یان پۆزەتیڤ و باشی دەربارەی بابەتێکی خوێندن لە ناوەندی هەیە، ئەوە دوور نییە هەمان ڕاوبۆچوونی دەربارەی هەمان بابەت لە زانکۆش هەبێت، واتە لەگەڵ خۆی بۆ قۆناغەکانی تری خوێندنی بیگوێزێتەوە.

تیۆرەکانی گواستنەوەی کاریگەری فێربوون: ڕاوبۆچوون و لێکدانەوەی جیا جیا بۆ گواستنەوەی کاریگەری فێربوون هەیە و هەریەکەیان لە گۆشە نیگای تایبەت بە خۆیەوە ئەو دیاردەی لێکداوەتەوە. لە گرنگترین تیۆرەکان ئەمانەی لای خوارەوەن:

(١) تیۆری توانا ئەقڵییەکان (نظرية الملكات العقلية) بەپێی ئەم تیۆرە ئەقڵی مرۆڤ لە چەند توانا و

(ملكة) پێک دێت و له ڕێگەی ڕاهێنان و فێربوونی زەحمەت و گرانەوە گەشە بە ئەو توانا و (ملكة)انە دەکرێن، کە هاوشێوەی ڕاهێنان و بەهێزکردنی ماسوولکەکانی لەشی مرۆڤە، واتە مێشکی مرۆڤ لە تواناکانی وەک (بیرکردنەوە، یادکردنەوە، بە ئاگایی، خەیاڵ و ئیرادە...هتد) پێک دێن و هەریەک لەو توانستانە تایبەتمەندی خۆی هەیە و سەربەخۆیە و پێوەندی بە توانستەکانی ترەوە نییە. بۆ نموونە یادکردنەوە پێوەندی بە بیرکردنەوەوە نییە و ئەگەر توانیمان لە ڕێگەی لەبەرکردنی بابەتی مێژوویی و زمانی لاتینی و هۆنراوە و ئەدەبەوە یادکردنەوە بەهێز بکەین، ئەوە لە داهاتوودا یادکردنەوە لە هەموو بوارەکانی تریشدا بەهێز دەبێت. بە بۆچوونی ئەم تیۆرە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون بە ڕاهێنان و بەهێزکردنی ئەو توانستانەوە پەیوەستە، ئینجا چەند ئەو توانستانە بەهێز بکەین، ئەوەندە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون لە هەموو بوارەکانی تردا لە داهاتوودا زیاتر دەبێت. مامۆستای سەرکەوتووش ئەوەیە کە بە دوای ئەو ڕاهێنان و بابەتانەدا بگەڕێ کە دەبنە هۆی بەهێزکردنی ئەو توانستانە، چونکە هەر توانستە و بابەتی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ گەشە پێکردنی.

بەڵام ئەو تۆڕینەوانەی کە لەسەرەتای سەدەی بیستەم بە ئاکام گەیەنران بۆچوونەکانی ئەم تیۆرەیان پووچەڵ کردەوە و گەیشتنە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

أ- مێشک و ئەقڵی مرۆڤ لە کۆمەڵێک توانستی جیاجیا و سەربەخۆ پێک نەهاتووە، بەڵکو توانستە ئەقڵییەکان هەموویان پێکەوە کاردەکەن و کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەیە.

ب- گواستنەوەی کاریگەری فێربوون بەشێوەیەکی گشتی و سەرتاسەری نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی تایبەتییە، واتە ڕاهێنان لەسەر هۆنراوە تەنیا دەبێتە هۆی گواستنەوەی کاریگەری بۆ بواری هۆنراوە نەک بۆ هەموو بوارەکانی تری ئەدەب و هونەر، هەروەها ڕاهێنان لەسەر لەبەرکردن نابێتە هۆی پترکردنی توانای یادکردنەوە (ملحم، ٢٠٠٦، ص٥١٢) (القضاه والترتوری، ٢٠٠٦، ص٢٠٤).

ج- لە لایەکی ترەوە هیچ پێوەندییەکی زانستی لە نێوان قورسی و گرانی بابەتی خوێندن و قازانجی ئەقڵی و زۆر فێربووادا نییە، هەروەها ڕاهێنان و تێگەیشتنی هەژمارکردن (حساب) هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر چارەسەرکردنی گرفتەکانی تر نییە کە کرداری هەژمارکردنیان تێدا نەبێت.

د- تیۆری ڕەگەزە هاوبەش و لێکچووەکان (سۆرندایک)

بەپێی ئەم تیۆرە کاتێک فێربوون و ڕاهێنان کاریگەرییان دەبێت و بۆ فێربوونی داهاتوو دەگوێزرێتەوە و سوودمەند دەبێت، کە ڕەگەز و پێکهاتەکانی فێربوونی یەکەم جار و فێربوونی دووەم جار وەک یەک بن یان لە یەکەوە نزیک بن، بەڵام تا ڕەگەزەکان و پێکهاتەکانی هەردوو حاڵەتەکە لە یەکەوە دوورین، ئەوە فێربوون و ڕاهێنانی یەکەم کاریگەری لەسەر فێربوون و ڕاهێنانی دووەم نابێت، مەبەست لە ڕەگەز و پێکهاتەکان (ئامانج و شێوازی وانەگوتنەوە و ناوەرۆکی پرۆگرام و ڕێبازەکانی وانەگوتنەوەیە.. هتد). بۆ نموونە فێربوونی چاپکردنی ئینگلیزی یارمەتیدەرە بۆ فێربوونی چاپکردنی نووسراوی عەرەبی لەبەر ئەوەی زۆر ڕەگەزی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو جۆرە چاپکردن و چالاکییەدا هەیە. هەروەها فێربوونی ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا دەبێت بە بنەما و یارمەتیدەر بۆ فێربوونی ژەنینی ئامێرێکی تری مۆسیقا، واتە کاتێک وروژێنەرەکان و وەڵامدانەوەکان لە نێوان هەردوو جۆرە فێرکردنەکەدا هاوبەش و لێکچوو دەبن، ئەوە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون زیاتر دەبێت.

(٣) تیۆری گشتاندن (نظرية التعميم)

بەپێی ئەم تیۆرە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون لە ڕێگەی فێربوون و تێگەیشتنی پرەنسیپ و بنەما و یاسا و ڕێساکانەوە ڕوودەدات واتە کاتێک فێرخواز فێری چارەسەرکردنی گرفتێک دەبێت ئەویش لە ڕێگەی زانینی پرەنسیپ و یاسا و ڕێساکانی چارەسەرکردنی گرفتەکانەوە، ئەوە دواتر دەتوانێت لە ڕێگەی هەمان پرەنسیپ و یاسا و ڕێساوە چەندین گرفتی تر چارەسەر بکات کە لە گرفتی یەکەم جار جیاوازن، بۆ نموونە کاتێک فێرخواز فێری کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردن دەبێت، ئەوە دواتر دەتوانێت زۆر ژمارەی تر بەکاربهێنێ و کرداری کۆکردنەوە یان لێدەرکردن بە ئاکام بگەیەنێ، واتە هەر جارەی چەندەها ژمارەی جیاواز لە جارەکانی تر بەکاردەهێنێ، بەڵام هەمان پرەنسیپ و یاسا و ڕێسای

کۆکردنەوە و لێدەرکردن لە هەموو جارەکان بەکاردەهێنێت: هەروەها کاتێک منداڵ فێری چەمکی ئاژەڵ دەبێت و سەگ دەناسێتەوە.

ئەوە دواتر هەر چ سەگێک ببینێ (ئیتر بارستایی و شێوە و ڕەنگیشی) جیاواز بێت، ئەوە هەر دەیناسێتەوە و بەپێی چەمکی ئاژەڵ (سەگ) مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

کەواتە بەپێی ئەم تیۆرە، ئەو فێربوون و ڕاهێنانە سەرکەوتوو کاریگەر دەبێت و دەگوێزرێتەوە و لە داهاتوودا زۆر سوود بەخش دەبێت کە پشت بە فێربوون و تێگەیشتنی پرەنسیپ و چەمک و یاسا و ڕێساکان دەبەستێت، نەک پشت بە (دەرخ) کردن و ئەزبەرکردن ببەستێت.

لەبەرئەوە زۆر گرنگە مامۆستا بە شێوازێک وانە بڵێتەوە کەوا لە فێرخواز بکات لە پرەنسیپ و بنەماکانی بابەتەکە تێبگات و بتوانێت لە داهاتوودا گشتاندن بۆ ئەو پرەنسیپ و یاسا و ڕێسایانە بکات و بەسەر دیاردە و گرفتەکانی تردا پراکتیزەیان بکات، واتە تێگەیشتنی چوارچێوە و چەمکە گشتییەکان و پراکتیزەکردنیان بەسەر بەش و دیاردە بچووکەکان کە بەشێکن لەو چەمکە گشتییە و چوارچێوە بەرفراوانە. بۆ نموونە کاتێک فێرخواز لەو ڕاستییە تێدەگات کە (هەموو کانزاکان بە گەرما دەکشێن) (یاسا و ڕێسایەکی گشتی). دواتر هەر کانزایەک ببینێ ئەوە دەتوانێت پێشبینی ئەوە بکات کە هەرچ کانزایەک گەرمی بکەیت ئەوە دەکشێ (ئاسن، بەش). لەبەر ئەوە زۆر گرنگە مامۆستا هەوڵبدات کە فێرخواز والێبکات شارەزای پێوەندی نێوان دیاردە و بەشەکان ببێت و بزانێت پرەنسیپ و بنەما گشتییەکان کامانەن کە هەموو ئەو دیاردە و بەشانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و هەموویان لەژێر چەترێکدا کۆدەکاتەوە، بەڵام تەنیا بایەخدان بە بەشە بچووکەکان و تێگەیشتنی دیاردە پچڕپچڕ و پەرت و بڵاوەکان بەبێ دۆزینەوەی پێوەندی نێوانیان و تێگەیشتنی پرەنسیپ و یاسا و ڕێساکان، هیچ سوودێکی زانستی نابێت و کاریگەری لەسەر فێربوون و ڕاهێنانەکانی داهاتوو زۆر لاواز دەبێت. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە دەوڵەمەندی زمان و تێگەیشتنی چەمک و زاراوەکان بایەخی زۆریان لە گشتاندن و تێگەیشتنی یاسا و ڕێساکان هەیە.

(٤) تیۆری (وروژێنەر - وەڵامدانەوە):

بە بۆچوونی ئەم تیۆرە گواستنەوەی کاریگەری فێربوون بە گشتاندنی (وروژێنەر- وەڵامدانەوە) پێوەستە، واتە کاتێک فێرخواز فێری پێوەندی نێوان (وروژێنەر) و (وەڵامدانەوە) دەبێت، ئەوە دواتر ئەگەر ڕێکەوتنی هەمان وروژێنەر یان وروژێنەری نزیک و هاوشێوەی وروژێنەری یەکەم جاری کرد، ئەوە هەمان وەڵامدانەوەی یەکەمجاری بۆ ئەو وروژێنەرە نوێیە دەبێت، واتە کاریگەری فێربوونی پێشوو (زانینی پێوەندی نێوان وروژێنەر و وەڵامدانەوە) لەسەر فێربوونی داهاتوو دەردەکەوێت و کاریگەری یەکەمجار بۆ فێربوونی دووەم جار دەگوێزرێتەوە. ئینجا هەتاوەکوو وروژێنەرەکانی داهاتوو نزیکتر و زیاتر هاوشێوەی وروژێنەری یەکەمجار بێت ئەوە کاریگەری فێربوونی پێشوو لەسەر فێربوونی داهاتوو زیاتر دەبێت، بەڵام تا لەیەک جیاواز بن ئەوە ئەوەندە کاریگەرییەکە لاواز دەبێت.

هەر لەبەر ئەوەشە پەروەردیارەکان داوای ئەوە دەکەن، کە تا دەتوانرێت دەبێت بەرنامە و پرۆگرام و چالاکییەکانی ناو قوتابخانە ڕەنگدانەوەی جیهانی دەرەوە بێت، بۆ ئەوەی کاریگەری فێربوونی ناو خوێندنگە لەسەر کێشە و گیروگرفت و دیاردەکانی جیهانی واقیعی و ژیانی ڕۆژانە زۆر بێت و خوێندن و ماندووبوونی فێرخواز بە فیڕۆ نەڕوات.

بۆ نموونە کاتێک فێرخواز فێری (٦ × ٧= ٤٢) دەبێت، ئەوە جاری دووەم فێربوونی (٧ × ٦ = ٤٢) ئاسانتر دەبێت، چونکە چوون یەکییەکی زۆر لە نێوان وروژێنەری یەکەم جار (٦ × ٧) و وروژێنەری دووەم جار (٧ × ٦)دا هەیە و هەردووکیشیان هەمان وەڵامدانەوەیان (٤٢) هەیە ئا لەم کاتەدا کاریگەری فێربوونی یەکەم لەسەر فێربوونی دووەم هەیە و جۆری گواستنەوەکەش (پۆزەتیڤ و باشە). بەڵام کاتێک وروژێنەر و وەڵامدانەوەی یەکەم جار (٥+ ٢+ ٣= ١٠) لە وروژێنەر و وەڵامدانەوەی دووەم جار (ن+ ١+ ن= نان) جیاواز دەبێت، ئەوە ئەوکاتە کاریگەری فێربوونی یەکەم جار بۆ فێربوونی دووەم جار ناگوێزرێتەوە، لەبەر ئەوەی وروژێنەر و وەڵامدانەوەکانی هەردوو جۆرە فێرکردنەکە لە یەکتری جیاوازن.

ڕێگە و شێوازەکانی وانەگوتنەوە و گواستنەوەی کاریگەری فێربوون

پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان ڕێگەکانی وانەگوتنەوە و گواستنەوەی کاریگەری فێربووندا هەیە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە مامۆستا پەنا بۆ ئەو شێواز و ڕێگەیانە ببات کە دەبنە هۆی گواستنەوەی کاریگەری فێربوون، بەتایبەتیش بایەخدان بەفێربوونی پەرەنسیپ و چەمک و بنەما سەرەکییەکان و تێگەیشتنی ماناو ناوەرۆک و دووركەوتنەوە لە ئەزبەرکردن و عەمبارکردنی زانیارییەکان بەبێ تێگەیشتن، ئەویش لە ڕێگەی ئەم خالانەی خوارەوە:

(١) بایەخدان بە پەرەنسیپ و بنەما و چەمکەکان و هێنانەوەی جۆرەها نموونەی واقیعی بۆ تێگەیشتنی ئەو پەرەنسیپ و چەمکانە و دۆزینەوەی پێوەندی لە نێوان بەشەکان.

(٢) هەوڵدان بۆ پەرەکتیزەکردنی پەرەنسیپ و بنەما و یاسا و ڕێساکان لە ژیانی واقیعی، ئەویش لە ڕێگەی دابینکردن و ڕەخساندنی کەشوهەوا و ژینگەی گونجاو بۆ فێرخوازەکان تا ئەو پەرەنسیپ و بنەمایانە لە واقیع و ژیانی ڕۆژانەدا جێبەجێ بکەن.

(٣) تەنیا دووبارەکردنەوە نابێتە هۆی گواستنەوەی کاریگەری فێربوون، بەڵکو چۆنێتی فێربوون و باشترین ئامراز بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان پێویستن، لەبەر ئەوە ئەرکی مامۆستایە، فێرخواز بەرەو ئەو ئاراستەیە ببات.

(٤) پێدانی نموونەی جۆراوجۆر بە فێرخواز، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو نموونانەوە بگاتە دۆزینەوە و تێگەیشتنی پەرەنسیپ و بنەما و مانای گشتی دیاردەکان.

(٥) بەکارهێنانی جۆرەها ڕێگە و شێوازی وانەگوتنەوە (گفتوگۆو دیالۆگ، سیمینار، کارکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکان، لە بەشەوە بۆ کۆ و بەپێچەوانەوە، لە ئاسانەوە بۆ گران، لە هەست پێکراوەوە بۆ ئەبستراکت و نا هەست پێکراو و مەعنەوی... تاد.

سوود و قازانجە پەروەردەییەکان:

بۆ ئەوەی فێربوون و پرۆسەی پەروەردە کاریگەری لەسەر کەسایەتی و پاشەڕۆژ و ژیانی واقیعی فێرخواز هەبێت و کاریگەری فێربوونی پێشوو بۆ فێربوونی داهاتوو بگوێزرێتەوە، دەبێت مامۆستا ڕەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکات:

(١) مامۆستا چەند دەتوانێ هەوڵبدات کە چوون یەکی و هاوشێوەییەک لە نێوان فێربوونی ئێستای فێرخواز و ژیانی واقیعی و ڕۆژانەیدا بدۆزێتەوە.

بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سوود لەو زانیاری و شارەزایی و بەرنامە و پرۆگرامانەی خوێندنی وەربگرێت.

(٢) پێویستە بایەخ بە دووبارەکردنەوە و ڕاهێنان بدرێت، لەبەرئەوەی چەند دووبارەکردنەوە و ڕاهێنان هەبێت، ئەوەندە کاریگەری گواستنەوە زیاتر دەبێت و لە داهاتوودا سوودی دەبێت.

(٣) پێویستە بایەخ بە مانای گشتی و بنەما و پرەنسیپ بدرێت سەرەڕای نموونە و گواستنەوە لە ئاسانەوە بۆ گران و لە سادەوە بۆ ئاڵۆز.

(٤) حەز و ئارەزوو، ڕاوبۆچوونی فێرخواز گرنگن و دەبێت مامۆستا لەبەرچاویان بگرێت، لەبەر ئەوەی بۆ گواستنەوەی کاریگەری فێربوون فاکتەری گرنگن.

(٥) دەبێت ئاگاداری کات و ماوەی نێوان فێربوونی یەکەم و فێربوونی دووەم بین لەبەر ئەوەی تا ماوەو کاتەکەی نێوانیان زۆر بێت، ئەوەندە کاریگەری گواستنەوەی فێربوون کەمتر و لاوازتر دەبێت.

(٦) تاوەکو ڕێنمایی و ئامۆژگاری و ئاراستەکردن هاوشانی فێربوون بێت، ئەوەندە فێربوونی کۆن کاریگەری لەسەر فێربوونی تازەونوێ دەبێت.

(٧) دروستکردنی ژینگەی دەستکرد و هاوشێوەی ژینگەی واقیعی گرنگی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە مامۆستا دەتوانێت لە گۆشەیەکی پۆلەکەیدا دوکان و پێشانگەیەکی دەستکرد بۆ فێرخوازەکان، دروست بکات و منداڵەکان فێری کڕین و فرۆشتن و مامەڵەکردنی ناو بازاڕ بکات، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە ژیانی واقیعی و ڕۆژانەیاندا سوودی لێوەربگرن.

سەرچاوە:

(١) تریفرز (١٩٧٩)، علم النفس التربوي، ترجمة (د. موفق الحمداني و د. حميد دلي الكربولي، كلية التربية/ جامعة بغداد/ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، عطيفية- جامعة بغداد.

(٢) الخوالده، ناصر أحمد و عيد، يحيى إسماعيل (٢٠٠٥)، مراعاة مبادئ الفروق الفردية، دار وائل للنشر، عمان/ الأردن.

تیۆرییەکی نوێ بۆ ڕاڤەکردنی مێژووی جیهان

تووڕەیی و کات

بەکر عەلی
(ئەڵمانیا)

یەکتر ناسینی بەکر عەلی لەگەڵ فەیلەسووف پیتەر سلۆتەردایک لە پەراوێزی ئێوارە کۆڕێکدا لە بەرلین

هێندەی سەرنجم لە ئیشەکانی فەیلەسووف پیتەر سلۆتەرداک دابێت، ئەوەیە کە هەموو ساڵێک یان لە وەرزی پایزدا یان لە وەرزی بەهاردا یان زۆر ساڵ لەهەردوو وەرزەکەدا شاکارێک دەخاتە کتێبخانەی ئەڵمانییەوە و ئیدی تا وەرزێکی تر دادێ گۆمی مەنگی کایەی فیکری وسیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی دەشڵەقێنێت و بە خۆیەوە سەرقاڵی دەکات.

وەک ئەوەی ئەو دوو وەرزە هێمای نەک مردن و دووبارە زیندوو بوونەوەی سروشت بن بەتەنیا، بەڵکو هی چالاکییە ڕۆحییەکانی مرۆڤیش بن. ئەو وا دەکات هەر کتێبێکی بە هەناوێکی گەییو بچێت کە لە لقەکەیەوە بەردەبێتەوە سەر زەوی و ئیتر خۆی بۆ دەیان دەنگی بیروڕا دەکاتەوە. پایزی ٢٠٠٦ کتێبی «تووڕەیی و کات»ی بڵاوکردەوە، لەوکاتەشەوە چەندین وتار و بابەتی لەسەر نووسراوە و چەندین دیداری ڕۆژنامەیی و تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی لەگەڵدا سازکراوە، ئەمە جگە لەوەی خۆشی چالاکانە لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئەڵمانیادا وەک میونیخ، کۆلن، هانۆڤەر، هامبۆرگ و بەرلین کۆڕی خوێندنەوەی بۆ کتێبەکە لە پێناو پتر ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکەدا، ساز کردووە. لەم ئێوارە کۆڕەشدا (٢٠٠٧/٣/٢٦) لەبەرلین ئێمە بە جۆشێکی ڕۆحی و بە لیبیدۆیەکی فیکرییەوە چووین بۆ گوێگرتن لە کۆڕی فەیلەسووفی گەورە پیتەر سلۆتەردایک

لەسەر شانۆی بەرلین «ئەم شانۆیە کاتی خۆی شانۆی برتۆلد بریشت بووە و ئێستاش پەیکەرێکی ئەو لە گۆڕەپانی پێش خانەی شانۆکەدایە» ، کە چەند لاپەڕەیەکی لە کتێبی «تووڕەیی و کات» بۆ خوێندینەوە.

ئەگەرچی من لە سەرەتای پایزی ٢٠٠٦دا هەرزوو لەگەڵ بلاوبوونەوەیدا کتێبەکەم خوێندەوە، هەرچەندە نرخی بلیتی کۆڕەکەی نزیکەی هێندەی نرخی کتێبەکەی بوو، بەڵام لەمێژ بوو تامەزرۆی ئەوەبووم گەرهاتە بەرلین بتوانم لە نزیکەوە گوێبیستی بم و خۆمی پێ بناسێنم. ئەوە بوو کۆڕەکە بریتی بوو لە خوێندنەوەی تێکڕای چەند لاپەڕەیەک لە کتێبەکە و پاشان گفتوگۆکردنی نووسەر کلاوس پەیمان لەگەڵیدا کە لە کاتژمێر هەشتی ئێوارەوە تاوەکو یازدەی شەوی خایاند. پاشان خانەی بلاوکردنەوەی کتێبەکانی کە ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمەکانی سلۆتەردایکی بۆ فرۆشتن نمایش کردبوو، لەم بۆنەیەدا ژمارەیەکی زۆری کتێبەکانی ئەوی فرۆشت، یەکێک لەو کتێبانەش لەم وەرزی بەهارەدا کتێبێکی هەرە نوێی ئەو بوو بەناوی «فرمانی ئێستەتیکی» منیش دەستبەجێ دانەیەکم لێ کڕی و وەک ئەو خەڵکەی تر ڕیزم بەست تاوەکو فەیلەسووف واژۆ و ناوی خۆیم بۆ لەسەر بنووسێت، لەو نێوەندەشدا خۆم گەیاندە سکرتێرەکەی و خۆم پێناساند، پێم گوت، من ژمارەیەکی زۆری نووسینەکانی ئەوم خوێندووەتەوە و چەند شتێکی بچووکیشم لێ وەرگێڕاون و چەند هەوڵێکیشم داوە بۆ نووسین لەسەری لەبەر ئەوە ئەگەر کاتی هەبێت حەز دەکەم زۆر بەکورتی قسەی لەگەڵ بکەم. خانمەکە بە ڕووخۆشییەکەوە سەرسام بوو، گوتی بەڕێزتان خەڵکی کوێن،گوتم من کوردم لێرە دەژیم. گوتی ئەمە مایەی بایەخی فەیلەسووفەکەمان دەبێت، چاوەڕێ بکە تا لە کۆتاییدا بۆتی ساز دەکەم. چاوەڕێمان کرد تا دوایەمین کەسێکی دەوروبەری تەکییەوە، خانمی سکرتێر بە فەیلەسووفی گوت، بەڕێز سلۆتەردایک ئەم بەڕێزە دەیەوێت قسەتان لەگەڵدا بکات، گوتی بفەرموو، منیش گوتم؛ بەڕێز سلۆتەردایک مایەی ڕێزێکی گەورەیە بۆ من بە دیداری ئێوە شاد بم، من ناوم بەکر عەلییە، کوردم، جار جار نووسینەکانی ئێوە دەخوێنمەوە، چەند شتێکیشم لەسەر نووسیون و هەندێکیشم لێ وەرگێڕاونەتە سەر کوردی، زۆر سەرسام بوو، بە پێکەنینەوە گوتی من بە کوردی دەخوێنرێمەوە، گوتم کورد دەناسیت، هیچ ئاگاداریت لەسەر کێشەی کورد و کوردستان هەیە، گوتی بەڵێ کورد و ئەرمەن چاک دەناسم، ئەو کوردانەشی دەیانناسم هەموویان سەرنجی باشیان لام جێ هێشتووە. گوتم ئەی کەواتە بۆچی لەم کتێبەتدا «با لەرزە» کە باسی تیرۆریزمی کەشوهەوا دەکەن، نموونەکانی شەڕەکانی ئەوروپاتان هێناوەتەوە کەچی باسی هەڵەبجەتان نەکردووە کە حکومەتی عێراقی لەسەردەمی بەعسدا «ئەو ساڵەکەی بۆ تەواو کردم گوتی ١٩٨٨» گازی ژەهراوی دژی کورد بەکارهێناو هەزاران مرۆڤی لە چرکەیەکدا لێ کوشتین، واتە ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن ئەنفالیزم و شەڕیگاز، ئێمەش بینیومانە. دیار بوو ئاگای لە ڕووداوەکانی ئەو دەڤەرە هەبوو، بۆیە بەجدیەتێکەوە گوتی ڕاستە وایە.. گوتم پێویستە ئەگەر جارێکی تر لەو بابەتە دووایت ئاماژە بەو تراژیدیایەی کورد بدەن.

بەخۆشحاڵییەوە گوتی پێویستە، بەڵام لەبەرئەوەی کات درەنگ بوو، ئەوانیش بەرنامەی خۆیان هەبوو بۆ چوونە دەرەوە، تەنیا دەرفەتی ئەوەم هەبوو چەند کتێبێکی پێشکەش بکەم، کە لەگەڵ خۆم هێنابوون و بەزمانی ئەڵمانی لەسەر کورد نووسرابوون کە بریتی بوون لە «دوو ژمارە لە گۆڤاری کوردۆلۆگی، کە چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کێشەی سیاسی و نەتەوەیی کوردی تێدا بوون، لەگەڵ کتێبی حیکایەت و ئەفسانەی کوردی کە بەرگەکەی وێنەی زەردەشتی لەسەر بوو، هی نووسەرێکی ئەڵمانی بەڕەگەز کورد بوو بەناوی: کتێبە نەنووسراوەکەی کورد/ حیلمی ئەباس. شایانی باسە بەم کتێبانە زۆر دڵخۆش بوو، هەر قاقای لێ دەدا.» زۆر بە خۆشحاڵییەوە وەریگرتن و سوپاسێکی زۆری کردم و داوای لێکردم ئەو شتانەی لەسەری بە کوردی نووسیومن بۆی بنێرم، بۆ ئەم مەبەستەش ناوونیشانی زۆر تایبەتی خۆی پێدام و چەند وێنەیەکیشمان پێکەوە گرت و گوتی تا دیدارێکی تر با پێوەندیمان هەبێت و هیوای ئێوارەیەکی خۆشتان بۆ دەخوازم. بۆ من ئەو دیدارە یەکێکە لە هەرە خۆشترین ساتەکانی ژیانم، بە نیازیشم لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەم.

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەو بۆ ناساندنی کتێبەکەی لە زۆربەی شارەگەورەکانی ئەڵمانیادا کۆڕ و دیدار و سەمیناری جۆراوجۆری گێڕاوە، ئەمەش کارێکە هەموو نووسەر و فەیلەسووفێک لێرە لە حەوسەڵەیدا نییە بیکات. هەروەها لەبەر ئەوەش کە کتێبێکە وەک هەر

کتێبێکی تری ئەو، بەزمانێکی زۆر نائاشنا نووسراوە، دارشتنی زمانی کتێبەکە لە بڵندترین ئاستی هونەری زمانی ئەڵمانیدایە کە نەک هەر بۆ خوێنەری سەرەتایی وەک ئێمەمانان سەختە، بەڵکو بۆ خودی ئەڵمانەکانیش سەختە، لەبەرئەوەی لەلایەک ئەو باوەڕی وایە دەبێت ئەو گەمارۆیەی لەسەر زمانی نەتەوەیی ئەڵمانی هەیە لاببرێت تاوەکو زمانێکی ئەورووپی بەرجەستە ببێت، لەم پێناوەشدا سەرجەمی نووسینەکانی ئەو پڕن لە دەستەواژەی زمانە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپا، بێگومان ئەو زمانانەی کە شارستانییەتیان پێ نووسراوەتەوە وەک گریکی، لاتینی، فەرەنسی و ئینگلیزی، بەڵام لە ڕاستیدا مەسەلەکە هەر هێندە نییە کە ئەو لە ڕووی فەرهەنگییەوە زمانەکانی تر تێهەڵکێش بە زمانی ئەڵمانی بکات، ئەگەر وەها بێت گرفت نییە، خوێنەر دەتوانێت بە بڕێک خۆماندوو کردنەوە پەنا بەرێتە بەر لە کسیکیۆن و فەرهەنگەکانی زمان و کارەکەی بۆ ئاسان بکەن، بەڵکو من وای دەبینم گرفتەکە لەوێدایە کە ئەو دێت و دەستکاری زمانە بنەڕەتییەکەش دەکات و وەکو ئەکرۆباتێک یارییەکی ئەوتۆ بە چەمکەکان دەکات کە خوێنەری زمانە بنەڕەتییەکەش سەرسام دەبێت پێی و پێویستی بە بەکارهێنانی فەرهەنگ دەبێت. بەلایەکەی تریشدا ئەو پێیوایە قەیرانی هەنووکەی بیری خۆرئاوا بەندە بە گەمارۆدانی زمانەکەیەوە، بۆیە ئەوەی فیکری ئەورووپی ئێستا پێوستێتی زمانێکی تر و فیلۆلۆگیایەکی تر. ئەو لە هەموو کارەکانیدا کاری بۆ ئەو زمانە نوێیە کردووە، وەک لە دیدارێکدا لەمەڕ زمانی سەیری ئەو کتێبەیەوە پرسیاری لێ دەکرێت و دەڵێت: «ئێمە دەبێت خەمی دارشتنی هیگینێکی بالای زمانمان هەبێت، لەبەرئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بەدەست هەژارییەکی سامناکی گوزارەکانەوە لە دنیای سیاسەتدا دەنالێنین، ئەمڕۆ ئێمە زەلیلین لەوەی کە بتوانین ناوی نوێ لە ڕووداوە نوێکان بنێین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێت خۆمان لەوە بپارێزین کە ناوە میژوویییەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دووبارە بەکاربهێنینەوە. بە نموونە با شیکردنەوەی چەمکی «چینەکانی کۆمەڵگا» وەربگرین کە من لە «تووڕەیی و کات» دا ئەم چەمکەم دووبارە بەکارهێناوەتەوە، بەڵام ئاگاداری ئەوەشم لە دووبارە وەرگرتنەوەی زاراوەناسی «مارکس» بۆ چەمکی «چینایەتی»، چونکە ئەم گوزارەیە هەڵگری جۆرێک لە کوشتنی کۆگەلییە، واتە ئەوەی لەژێر دروشمی مارکسیزمدا لەبارەی «چینایەتی»یەوە بدوێت وەک ئەوەیە جۆرێک لە کوشتنی کۆگەلی پیادە بکات.». ئەمە سەرباری بیر تیژی و قوولی بیرۆکەکانی ئەو کە ئەوەی بەلایەنی کەمەوە هێڵێک لە هێڵەکانی فەلسەفەی خۆرئاوا شارەزا نەبێت، مەحاڵە بتوانێت لە تاکە دێڕێکی ئەو تێبگات، بەڵام ئەمە بەوجۆرە نییە کە تێگەیشتنی شتێکی نەکردەو نەشیاو بێت، چونکە هەموو فیکرێکی ڕەسەن چەندە تەمومژ چواردەوری تەنی بێت و چەندێک چڕوداخراو بێت، خوێنەری ڕەنجکێش دواجار دەتوانێت کەلێنێک، کلاوڕۆژنەیەک، کلیلێک بدۆزێتەوە، کەواتە مەسەلەکە تەنیا لەوێدایە کە خوێنەر دەبێت ڕەنج و کۆششی نەپساوەی هەبێت نەک بە تەمەڵی دەم پان بکاتەوە گوێزی پاککراوی بۆ بێتە بەردەم، بەم پێیە کارەکانی پیتەر سلۆتەردایک دەشێت لە کاری گەلێک فەیلەسووفی تر ڕۆشنتر بێت، بەڵگەش لێرەدا خۆخەریک کردنی ئێمەیە بەوەوە، واتە مادامەکی من چێژێکی گەورە لە خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەو وەردەگرم ئەوا بەخۆماندووکردنێکی زۆرەوە بەردەوام دەبم لە خوێندنەوەی کارەکانی، نەخاسما کارەکانی ئەو تەنیا توێژینەوەی فەلسەفەی ئەبستراکت و ڕووت نین، کە تەنیا بۆ هۆڵەکانی زانکۆ نووسراین، بەڵکو لەبەرئەوەی کارەکانی ئەو هەوڵدانی شیکردنەوەی هەموو کایە و دیاردەکانی ژیانە بە زمانێکی فەلسەفی بالآ، کە پڕیەتی لە شیعریەت ئەوە سەرچاوەیەکی گەلێک گونجاون بۆ تینوێتی شکاندنی ڕۆح و عەقڵ پێکەوە تەنانەت لای ئەو کەسانەشی کە نائەکادیمین، حاڵەتێک کە ئێمەش لەخۆ کۆششکردن بەخوێندنەوەی کارەکانی ئەوەوە پێمان گەیشتووە سلۆتەردایک لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە نهێنی توانای ئەفسوونی دارشتنی میتافۆری زمانەوانی لای ئەو دەڵێت: «من هەمیشە خۆم بە نووسەرێکی فەیلەسووف داناوە، لەم ئەرکەشدا من خوێنەرانم وەڕس نەکردووە، بەڵکو هەموو ئەو چەمکانەی تاوەکو هەنووکە بەکارهێناون من دێم و کەمێک لەجێی خۆیان دەیانترازێنم و بەس، واتە بابڵێین من لەژێر ئاسمانێکی تردا دەنووسم، نەک لەژێر ئەو کەشوهەوا باوەی کە بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگا و دەوروبەر و سروشتدا زاڵە.».

کتێبی «تووڕەیی و کات» هەوڵێکی سیاسی/

سایکۆلۆژییە لە گۆڕینی مانای مێژووی جیهان لەڕێی ڕۆچوونە ناو دیاردەی «تووڕەیی» لە مانا سیاسی و دەروونی و ئایینی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکەیەوە. دیاگنۆزەکردن و دەستنیشانکردنی جیهانی هاوچەرخمانە لە ڕۆحی مێژووەوە و لەناو فۆرمێکی زۆر تایبەتی کولتووریدا. شیکارێکی زۆرناباوی ئەو هەستانەی ناوەوەمانە کە بەشدارییەکی کارایان لە پێکهێنانی دنیای دەرەوەماندا هەیە و تاوەکو هەنووکە فیکر دەستی لێنەداون و فەرامۆش کراون. ئەو لێرەدا ڕەخنە لە شیکاری دەروونی باو دەگرێت کە وزەی «تۆڵە»ی وەکو غەریزەیەکی لاوەکی تەماشاکردووە. بۆیە ئەو لەم پرسیارەوە دەست پێدەکات، ئایا ئەوە هێزی کام غەریزەی وروژێنەرانەن کە وزەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ ڕەها دەکەن. بۆ سەلماندنی ئەم تێزەیەشی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرەتا، واتە بۆ لای گەنجینەی گریکەکان و بە دیاریکراوی بۆ لای هۆمیرۆس کە پێیوایە «تووڕەیی» وەکو کاریگەرێکی سامناکی مرۆیی لە «ئەلیادە»دا ئامادەیە و لە نموونەی ئەخیلیۆسیش-دا باس لەوەدەکات چۆن ئەم پاڵهێزە گاە دەبێتە مایەی شەڕ و گاە دەبێتە مایەی خۆشی. سلۆتەردایک لە لاپەڕەکانی ١١ و ١٢ی کتێبەکەدا ئەوە بە هەڵە دادەنێت ئەگەر تووڕەیی ئەخیلیۆس بە تووڕەییەکی موقەدەس وەک تووڕەییەکەی موسا یان تووڕەیی خودا تەماشا بکەین، بەڵکو مەبەست لە تووڕەیی بریتییە لە پەلاماری مرۆڤ لەشێوەیەکی پرۆفانەدا (ناموقەدەسدا)، چونکە ئەلیادەی هۆمیرۆس باس لە ئاکامە تراژیدییەکان و لە هەمانکاتدا پاڵەوانێتییەکانی ئەخیلۆس دەکات، لەو داستانەدا هۆمیرۆس یەکەمین ڕستەی بە باسکردنی «تووڕەیی خودا» دەست پێدەکات. سلۆتەردایکیش بەتێڕامانکردنی لەسەر یەکەمین دێڕی ئەو کتێبە، دەرەنجامی ئەوە دەکات کە سەرەتای کولتووری خۆرئاوا «تووڕەیی» بناغەی دارشتووە. ئەو هەر لە ڕابوردوودا نامێنێتەوە، بەڵکو دەستنیشانی ڕۆڵی تووڕەیی بەدرێژایی مێژوو لای کلێسەی کاتۆلیکی و لای شۆڕشی فەرەنسی و لای کۆمۆنیزمی سەدەی ٢٠ و لە کولتووری تووڕەیی ئیسلامگەرە توندڕەوەکاندا و لە دۆخی هەنووکەشدا دەکات و ئاسۆکانی ئایندەشمان بۆ دەخاتە بەردەست.

ئەو گرفتانەشی هەنووکە لە ئاراداون بەپێی سلۆتەردایک، سیناریۆکانیان لەمێژە نووسراون. کەواتە هەموو مێژوو بە کولتووری تووڕەیی دەست پێدەکات. ئیدی چەمکی سەرەکی کتێبەکە بریتییە لە «تووڕەیی/ تیمۆس» کە بە زمانی گریکی مانای ئەو ئۆرگانە دەگەیەنێت کە بەرپرسیارە لە هەڵچوون و خرۆشاندنی تووڕەیی. واتە سلۆتەردایک «تووڕەیی/ تیمۆس» دەخاتە پاڵ «خۆشەویستی/ ئیرۆس» و بەمەش دەخوازێت ئەنتڕۆپۆلۆژیای شیکاری دەروونی ڕاست بکاتەوە کە تاوەکو ئێستا مرۆڤی وەکو «قەرەقۆزی خۆشەویستی» وێناکردووە، واتە شیکاری دەروونی باو مرۆڤی وەکو وەحشێکی کیسە پڕ لە ئیرۆتیک و سێکس وێناکردووە کە هەمیشە دەکەوێتە ژێر بار و ڕکێفی و جەبری هەڵکشان و داکشانەکانییەوە. بەپێی فرۆید تووڕەیی ئەوەیە کاتێک ئیرۆس بەناتەواوی بەرزبێتەوەو هەڵبچێت. بەمەش سلۆتەردایک دێت و هاوتا لەگەڵ غەریزەی «ئیرۆس/ پاڵهێزی خۆشەویستی»دا غەریزەی «تیمۆس/ کە دەستگای تووڕەیی مرۆڤە» بە دیوێکی تری ڕاستەقینەی دەروونی مرۆڤ تەماشا دەکات. وەک دەبینین مرۆڤی مۆدێرن لە شارستانییەتەکانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتیشدا نوقمی کولتووری ئیرۆتیکی بوون کە پاڵهێزی غەریزەی ئارەزووکردنی شتەکانی وەک پارە و سێکس لە هەموو پاڵهێزەکانی تر بەهێزترە، ئەو دەڵێت «ئێمە دیوە ئەفسانەییەکەی تووڕەیی و ڕێزدارکردنە جەنگاوەرییەکەی تووڕەییمان وەلاخستووە.» لێرەوە سلۆتەردایک دەخوازێت شوێنێک و کایەیەک بکاتەوە بۆ ئەم دیاردەیە کە پاڵهێزی هەموو ڕووداوەکانی مێژوو بووە و کەچی چ شوێنێکی لە شیکارکردندا پێ نەبەخشراوە. ئەمەش ستراتیژی ئیشکردنی ئەوە، هەر لە سێینە کتێبی «کایەکان»ەوە خواستوویەتی جۆرێک لە ئۆنتۆلۆگیا ببەخشێت بە دیاردە هەناوگەرییەکان و ڕۆحییەکانی مرۆڤ، لەم ڕووەوە ڕەخنەگرێکی ئینگلیزی ناوی لێناوە «پیتەر سلۆتەردایک، دەروونناسێک لە فەزای دەرەوەدا». بەم مانایە ئەو چەمکی ئۆنتۆلۆگی لە کتێبی «بوون و کات»ی هایدێگەردا دەگۆڕێتەوە بەتێگەیەکی سایکۆلۆژی لە کتێبی «تووڕەیی و کات»دا. دیارە وەک خۆی لەسەرەتای کتێبەکەدا دەڵێت، مەبەستی ئەو لە «کات» واتە «مێژوو»ە، بەڵام ئەگەر لای هایدێگەر زەمانییەت و مێژوو لە «بوون بەرەو مەرگ» دا بەرجەستە بێت، ئەوا لای سلۆتەردایک وەهانییە، بەڵکو «پێشبڕکێ و بەربەرەکانێ» زەمانییەت و مێژوو دروست دەکەن.

بەمەش سلۆتەردایک شیکردنەوەی باوی دەروونناسی بۆ چەمکەکانی ئیرۆس و تانتانۆس دەباتە سەر ڕێگایەکی ڕاستتر بەوەی غەریزەی مەرگ وەکو «بونیادێکی سەربارخراوی درەنگ وەخت» بۆسەر «ئیرۆس» هەڵدەوەشێنێتەوە. واتە ئەم کتێبە نەک هەر بەناونیشان لە کتێبەکەی مارتن هایدێگەرەوە نزیکە، بەڵکو بەپێی ناوەرۆکەکەشی بێت توخمێکی گرنگی لە کتێبی «بوون و کات»ی هایدێگەرەوە خواستووە. وەک چۆن هایدێگەر ویستی لە دوای نیتشەوە تیۆلۆگیایەکی سێکولار (علمانی) یاخود بەزمانی خۆی بڵێین ئۆنتۆلۆگی دابمەزرێنێت، سلۆتەردایکیش بەم کتێبەی دەخوازێت ئەو ڕەوتە سێکولار و ئۆنتۆلۆگییە لەناو شوێنێکی دەروونی مرۆڤدا ساتار بکات.

کتێبەکە لە دەروازەیەکی درێژ و چوار بەش، لە دووتوێی ٣٥٦ لاپەڕەدا جێی بۆتەوە، بەشی یەکەمی کتێبەکە وەک ئەوەی لەسەرەوە کورتەیەکیمان نووسییەوە بریتییە لە پشکنینی میژوونیانەی دیاردەی «تووڕەیی»، لە ناو کولتووری ئەوروپیدا و پێوەندی ئەم پاڵهێزە بە جەنگەکان و بە هەستە خرۆشێنەرەکانی وەک «سەربەرزی» و «شانازی»ەوە، هەڵبەت لەناو یاریکردنێکی زیرەکانە بە وشە و گوزارە و ڕستەی نوێی ئەوتۆ کە تاوەکو هەنووکە بە هیچ مەرەکەبێکی ئەڵمانی نەنووسراوە. ئەو لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا، بەو دەستەواژە و گوزارە سەیرانەی بەکاری هێناون لە نووسینی ئەم بابەتە تووڕەیی هەژێنەدا چەندین جار ئامادەبووانی هێنایە خەندە و پێکەنین. دەستەواژەی وەک «بانکی تووڕەیی» و «ئابووری تووڕەیی» کەڵەکەکردنی تووڕەیی، یادەوەری تووڕەیی، پرۆژەی تووڕەیی و کارگێڕی جیهانگیریانەی تووڕەیی. ئامازەن لەسەر ئەو شوێنانەی کە تێیاندا «تووڕەیی» کۆ دەکرێتەوە و پاشەکەوت دەکرێت و دواجار بە ئۆرگانیزە دەکرێت و دەخرێتەگەڕ.

لەناو کولتووری کوردیشدا پێموایە ئەم چەمکە کلیلێکی گونجاوە بۆ کردنەوەی دەرگا کلۆمدراوەکانی سایکۆلۆژیای سیاسیانەی میژووی کورد. بە نموونە؛ ڕاپەڕین گەورەترین ساتەوەختی هەڵرشتنی ئەو تووڕەییە کەڵەکەبووەی ناو بانکی کوردی بوو کە بەڕووی داگیرکەراندا تەقییەوە. لە ئاستی تووڕەیی کۆمەڵایەتیشدا دەتوانین بڵێین تەقینەوە یەک لەدوای یەکەکانی جار جارەی کوردستان بەڕووی دەستەڵاتدارانی کوردیدا نموونەیەکی دیارن لەسەر کەڵەکەکردن و پاشەکەوتکردنی تووڕەیی هاووڵاتیان لەناو کۆمەڵگادا، دەسەڵاتی کوردی هێندەی سەرقاڵی تووڕەکردنی خەڵکە هێندە خەریکی ناز بەخشین نییە بە هاووڵاتییەکانی، گێلێتییە پێمان وابێت کردنەوەی بازاڕەکانی ناز سیتی و پاساجەکان لە هەنووکەدا کە دنیایەک گەندەڵی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئاماژە بن لەسەر ناز پێدان بە ژیانی هاووڵاتیانی هەرێم و مانای ئەوەش ناگەیەنێت کە ئەوان پرۆژەی درێژخایەنیان دامەزراندووە، بەڵکو پرۆژەی درێژخایەن کە دەبێتە شادەماری هەموو کۆمەڵگایەکی زیندوو لەوەدایە تۆ پرۆژەی کاری بەرهەمهێن بەرپا بکەیت، لەوەدایە هاووڵاتییەکانت لە بوونەوەری مشەخۆرەوە بکەیتە بوونەوەری ئیشکەر، بەبێ ئیشکردن هیچ بوونەوەرێک نییە بتوانێت ڕێز لە ژیان بگرێت و درێژە بەژیان بدات، لێرەوەیە دەسەڵاتی کوردی هەڵە دەکات پێی وابێت ئەو بە دامەزراندن وبەفەرمانبەرکردنی هەموو دانیشتووانی شار و گوندەکان نەخشەی کارکردن و ستراتیژی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای نوێی داڕشتووە و بەمەش نازی بەخشیوە بە ڕۆڵەکانی لە کاتێکدا دەبینین ئەم نەخشەیە چ گەندەڵییەکی هێنایە ئەو دنیایەوە بەڕادەیەک خودی ئەو فەرمانبەرە نازپێدراوە بێ بەرهەمانەش لەم ستراتیژە تووڕەن، بۆیە بێ هۆ نییە «بانکی خەڵک» تەنیا «تووڕەیی» تێدا پاشەکەوت دەکرێت، ئیدی سەیرنییە خەڵکی ئەو دەڤەرە چەندین ساڵە ڕق و تووڕەیی بەرانبەر بەو ناعەدالەتی و ناڕەوایەتییە گل دەدەنەوە کە بووەتە تارماییەک بەسەر ئەو دەڤەرەوە تا لەم دواییانەدا توانیان بڕێکی لێ هەڵبڕێژن، وەلێ کەماسی هەڵرشتنەکە لەوەدابوو کە ئەو جۆرە تووڕەییانە لە ڕووی دەستەڵاتدا باش ئۆرگانیزە نەکرابوون هەر بۆیە چ ئاکامێکی ئەوتۆی نەخستەوە. ئەگەرنا «تووڕەیی» مادەیەکی بەپێزە بۆ هەوێنکردنی هەویری هەر شۆڕش و یاخی بوونێک، چونکە تووڕەیی دەشێت پاشەکەوت بکرێت و بشخرێتە ناو پرۆژەی وەبەرهێنانەوە، وەک ئەوەی هەنووکە لە کوردستاندا ڕوودەدات کاتێک سیاسییەکان گێلێتی خۆیان لەوەدا دەردەخەن پێیانوایە خەڵک گێلن و بە هەموو جۆرێک ملهوڕی دەستەڵات دەبن، بەڵام ئیتر دەبێت لەوە تێبگەن کە کۆمەڵگا بانکێکە بۆ پاشەکەوتکردن و وەگەڕخستنی

«تووڕەیی» و چاوەڕێی ساتەوەختی سروشتیانەی خۆیەتی بۆ هەڵڕشتن، ئەگەر هێزێکی ڕیفۆرمخوازی دادوەر هەبێت دەتوانێت ئەو جەماوەرە تووڕەیە مۆبیلە بکات و شۆڕشێکی تووڕەیی پێ ئۆرگانیزە بکات، چونکە تووڕەیی لە جەوهەریدا دیوێکی پەیوەستە بە کێشەی نادادوەری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام جەوهەری گرفتەکە لەوێدا مت بووە کە کۆمەڵگای کوردی لە ئێستاداو لەوانەشە بۆ ئایندەیەکی درەنگتریش ئەو هێزە شک نەبات چ چەپ چ ڕاست بێت کە بتوانێت ئۆرگانیزەی تووڕەیی هاوولاتیان بکات.

ئەم تێزەیەی سلۆتەردایک پێمان دەڵێت، «تووڕەیی» تەوەری هەموو ململانێکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەسووڕێنێتەوە، واتە مێژووی تووڕەیی لە بەرەبەیانی هەبوونی مرۆییەوە لەناو حیکایەتەکانی ئایین و ئەفسانە و شۆڕشەکاندا تاوەکو ئایدیۆلۆگیا سیاسیەکان و کۆدێتاکانیشدا ئامادە بووە. گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتایەکی دێرینتریش، دەبینین لەناو کتێبی پیرۆزدا «بیبل» لە چیرۆکی ئەفراندندا «گەنەسیس/ سفرالتکوین»دا باس لە براکوژی هابیل و قابیل کراوە، کە کوشتنەکە بەرەنجامی کەڵەکەکردنی تووڕەییە، چونکە مەسەلەکە دەربارەی هەڵچوونێکی خۆڕسکی و هەڕەمەکی و خۆڕایی نییە، بەڵکو شتەکە پتر یادەوەری تووڕەییمان پیشان دەدات. بەشی دووەمی کتێبەکەی لەژێر ناونیشانی (خودای تووڕە) ڕێگا بەرەو دۆزینەوەی بانکی میتافیزیکیانەی تۆڵە، لاپەڕەی ١١٣ بۆ ١٦٩ی گرتووەتەخۆ. لە کۆڕەکەشدا پتر لاپەڕەکانی ئەم بەشەی بۆ خوێندینەوە، چونکە بەلایەوە ئەمە پەسەندکراوترین بەشی کتێبەکەیە، کە تێکڕای ڕەهەندەکانی خودا و ئایینمان لە ئێستاوە بەرەو ڕابردوو هەروەها بەرەو داهاتووش بۆ ڕاڤە دەکات.

کەواتە ئەمڕۆش ئەوەی لە کلێسەی کاتۆلیکیدا بە «تووڕەیی خودا» ناودەبرێت و ئەوەشی لە سیستمی کۆمۆنیزمدا وەک ڕق و تووڕەیی بەرانبەر دنیای سەرمایەداری هەبوو، تیرۆرزمی هەنووکەی ئیسلامیش هەموو بریتین لە هەڵڕژانی ئەوەی لە «بانکی تووڕەیی»دا پاشەکەوتیان کردبوو.

سلۆتەردایک بەم تێزەیە جارێکی تر تەواوی مێژووی خۆرئاوا و مرۆڤایەتی لە دیوێکی تەواو نوێوە دەنووسێتەوە. ئەو باس لە وەرچەرخانی غەریزەی «تووڕەیی و ڕق» دەکات بەرەو جەوهەرێکی چالاک و بەرهەمهێن. واتە دەخوازێت دیوە پۆزێتیڤییەکەی «تووڕەیی» بدۆزێتەوە. مێژووی شارستانییەتی خۆرئاواش گرێ دەداتەوە بە کارپێکردنی ئەم غەریزەیە بە هەردوو ئاراستەکەیدا، واتە بە دیوە پۆزەتیڤەکەی و نێگەتیڤەکەیدا. ئەو پێی وایە تووڕەیی غەریزەیەکە تەنیا هێزی ڕووخێنەر و وێرانکەری لێناکەوێتەوە، بەڵکو دەشێت پاڵهێزێکی بەرهەمهێنیش بێت. سلۆتەردایک لەسەر بنەمای ئەم دۆخەدا «دەستگای تووڕەیی»یە گەورەکەی خۆرئاوا دەنووسێتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا کارابوونی ئەم غەریزەیە لە تەواوی کاروانی خۆیدا و لە هەموو کایە و بواره جۆراوجۆرەکانی ژیاندا دەنووسێتەوەو ڕاڤەیان دەکات، وەک لەناو ئایینە مۆنۆتایستەکان (جوولەکایەتی، مەسیحایەتی، ئیسلامایەتی) و ئیدیۆلۆگیای تووڕەیی سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕێبازی ئازادی لە شۆڕشی فەرەنسیدا کە دواجار بووە مایەی زیاتر بەکارهێنانی «گیلۆتین/ مەقەسەلّە» و غەزەواتەکانی ناپۆلیۆن. هەروەها سیستەمی تووڕەیی لەسەدەی ٢٠دا کە بەسەدەی «تووندڕەوی» ناوزەدکراوە و لە شۆڕشی کۆمۆنیزمیشدا، ئەمانە هەموو دەخاتە پاڵ یەک. لێرەوەیە ئەو نەک هەر درێژە بەبەکارهێنانی تێگەی «ڕق و کینە/ ڕیسەنتیمێنت» لای نیتشە دەدات، لەناو مێژوونووسیەکدا کە «ڕق بەرانبەر ژیان» بووەتە شتێکی کرۆنیکی، کە هەر لەم حاڵەتەشەوە مرۆڤ وێنەی «دوژمن»ی بۆ خۆی وێنا کردووە، بەڵکو سەرباری ئەوەش سلۆتەردایک شیکاری «کارپێکردنی تووڕەیی» لە ڕووی سیاسییەوە و بە ئۆرگانیکردنی ئەم غەریزەیە بەشێوەیەکی زۆر توند لەناو مێژوودا، بەوردەکارییەکی هونەرییەوە یەکالا دەکاتەوە. واتە هەوڵی دەرخستنی فۆرمی مێژوونووسیانەی دیاردەی «تووڕەیی» بەشێوەیەکی کۆنکرێتی دەدات، نەک تەنیا لەناو تیۆرە ڕووتەکاندا بمانخولێنێتەوەو بۆ ئەم تێزەیە چەندین حاڵەت لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا شیکار دەکات، وەک کۆمۆنیزم و نازیزم کە هەریەکەیان دوژمنەکەی خۆیان وەک «چین» و وەک «ڕەگەز» وێنا کردووە. هەروەها ئەو چەمکی «جبەخانەی هەڕەشە» بەکاردەهێنێت بۆ «دۆزەخ» لەناو گوتاری ئایینە مۆنۆتایزمەکاندا و دیدی قیامەتبینی پێغەمبەرانە و سیستمی دۆزەخی پەیامبەرەکان تێکڕا بریتین لەو چەمکانەی دەکەونە بەر تیغی تیژی ڕەخنەی

سلۆتەردایکەوە ئەو دەڵێت «دۆزەخ ئەو شوێنەیە کە بەشێوەیەکی نارەوا هەموو شتێکی تێدا هەڵدەگیرێت بۆ ڕۆژێک کە هاوسەنگکردنەوەی ئازارەکانی تێدا بەرێ بکات.» لە بەشی سێیەمی کتێبەکەدا بەناونیشانی «شۆڕشی تووڕەیی» کار لەم کێڵگەیەدا دەکات. ئەمە بەبێ ئەوەی فاشیزمی چەپ و ڕاست لە سەدەی ٢٠دا لەم ڕەخنەیەی سلۆتەردایک هەموار کرابن، چونکە بزووتنەوەی چەپ کە لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕەبەقدا تاوەکو ئێستا هەرچییەکی بەئەنجام گەیاند بێت، ئەوا ئەمرۆ چیتر ئەو هێزە کارایە نییە. ئەو دەڵێت: «ئێمە نابێت باوەڕ بەوە بکەین کە سۆسیال دیموکراتی کۆن حیزبێکی بەکاربەری بوو، بەڵکو ئەو بزووتنەوەیە بوو کە هەستی شانازی کرێکارانی تێدا وروژێنرا. هەروەها ناشبێت باوەڕمان وا بێت کە ئەنارشیزمیش کۆمەڵەیەکی کۆنسومی بوو، بەڵکو پیلانگێڕێکی دڵخۆشی تۆڵەسەندنەوە بوو کە دواتر خۆی گۆڕی بۆ بزووتنەوەیەکی زۆر تاریکی پرۆتۆفاشیستی «سەرەتای فاشیستی» کە هەڵگرەکانی ئەو ئیدیالیستانە بوون کە هەوڵیان دەدا بە بۆمبا بفەلسەفێنن.». هەروەها دەڵێت «یەکەمین کەس کە توانی بانکی جیهانی تووڕەیی دابەزرێنێت کۆمۆنیزمی لێنین بوو». بۆ ئەمەش ئەو دەستەواژەی «بانکایەتی تووڕەیی» دادەڕێژێت کە لێیەوە مێژووی تووڕەیی ناو کولتووری خۆرئاوا بۆ پتر لە ٢٥٠٠ ساڵ دەستنیشان دەکات. «لە ٢٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا و لەگەڵ بەرپابوونی کولتووری شار و کولتووری ئیمپریالی و دیموکراتیدا، تەنیا یەک جۆر مرۆڤ داواکراو بوو، ئەویش ئەو مرۆڤەیە کە دەبێت هەستە شانازی بەخشەکانی خۆی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی چەپاندنەوە.». لەناو سیستەمی ڕێکخستنە ڕۆحییەکانی مرۆڤدا ئەوا جیاوازیەک دەخاتە نێوان ئیشکردنی هەستی (تووڕەیی/ تیمۆس) کە دەبێتە مایەی «خرۆشاندنی شانازیمان» و نێوان هەستە ئیرۆتیکییەکانمان، واتە نێوان هەموو ئەو هەستانەمان کە پێوەندییان بەچێژ و ئارەزووەکانمانەوە هەیە، چونکە وەک ئەو دەڵێ: «مرۆ لە ئارەزووەکانیدا پتر گوێ بۆ چنۆکی ڕادەدێرێت وەک لە خۆشەویستی»، لەم سیستەمی ڕێکخستنەشدا ئیدی ئێمە هاوسەنگێتی خۆمان بزردەکەین، چونکە پرۆسێسی بەشارستانییبوون ئێمەی کردووە بە کەسانی ئیرۆتیکی گێل و بە کۆنسومیستی (بەکاربەری) چاوچنۆک. پرۆسێسی شارستانییەت لەسەر تێچووی هەموو سەربڵندی و شانازی و شکۆ و دواجاریش هەموو تووڕەیی ئێمە بەڕێوە چووە.

سلۆتەردایک، بەپێی ئەوەی لە کتێبی تەوراتدا باسی خودای ئیسرائیل نیشاندراوە، کاردەکات بە مانای مێژوویی‌انەی کولتووری تووڕەیی لە ئایینەکاندا، چونکە ئامانژەکانی ئاینزای ئەنتیکی جوولەکایەتی بریتین لە «دۆزەخی خودای تووڕە و دوایەمین دادگای دنیا و دواڕۆژ»، وەکو دوایەمین پایەگای سزا و سزادانی مرۆڤ، کە پشت دەبەستێت بە بنەمای یادەوەرییەکی نارەوای یەزدانی و پەیمانی تۆڵەسەندنەوە لە مرۆڤ. واتە لە کایەی ئایینیشدا کلێسە ئەم چەپاندنەی لەڕێی بیرۆکەی «خودای تووڕە» و «دۆزەخ»ەوە، وەکو یادەوەرییەک کە مەحاڵە لێی قوتاربیت، داوای کردووە. واتە تووڕەیی دەبێتە گوناهی مەرگ.. «یەزدانی یادەوەرییە باشەکان بریتییە لە مەرجی بنەڕەتی تووڕەیی، چونکە لای ئەو یاسای کەڵەکەکردنی تووڕەیی هەیە.». کە ئەمە لە تەوەری بەشی چوارەمدایە و دەپرسێت: ئایا ئیسلامی سیاسی دەتوانێت بانکێکی جیهانی نوێی یاخیبوون دامەزرێنێت؟ وەڵامەکەی بێگومان نەخێرە. بۆ ئەمەش ئەو ڕەخنەی توند لە ئیسلامیزمی ڕادیکال دەگرێت کە ئەمرۆ لە پاش هەرەسی کۆمۆنیزمەوە دەخوازێت وەک تاکە دۆگمای جیهانی کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی تۆڵەسەنێرەوەیە لە دەرکەوتنی «لاوانی تووڕە»دا خۆی نمایش دەکات کە جگە لە سزادان چ شتێکی تری پێ ناکرێت. واتە ئیسلامیزمی سیاسی کە وەک هەڕەشەیەک لە جیهان دەردەکەوێت توانستی ئەوەشی تێدا نییە وەکو کۆمۆنیزم ببێتە «بانکێکی جیهانی بۆ تووڕەیی»، یان ببێتە چەترێک تووڕەکانی جیهان لەژێریدا کۆببنەوەو شۆڕش بەرپا بکەن. لەبەرئەوەی ئەم بزووتنەوە لاسارە مەرجە سیاسیەکانی ئیمۆراتۆریەتێکی جیهانیان هەڵنەگرتووە، ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی هەبوونی مەرجەکانی تەکنەلۆژیا و زانست و ئابورییەوە هەژارن. لەبەرئەوە لە خۆڕا نییە دواجار ئەگەر بۆ خۆی دوژمنێک لە دەرەوە پەیدانەکات ئەوا تووڕەییەکەیان لەسەر خاکی خۆباندا بۆ شەڕێکی ناوخۆ بەگەڕ دەخەن. کێشەی نێوان سونە و شیعە لە عێراقدا و پەلامکاری سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرک و شەڕی هەشت ساڵەی عێراق/ ئێران بەرەنجامی هەڵکشانی تووڕەیی و تونڕەوی ئیسلامی سیاسین.

دیارە ئەو مژدەیەی سلۆتەردایک دەیدات بە گوێماندا بریتییە لە «کۆتایی مێژوو» و سەردەمی «پاش مێژوو» کە ئێمە لە ساتەوەختی مایەپووچ بوونی دامەزراوە گەورەکانی تورەییەوە هەناسەی پێ دەدەین. ئەوەشی ئەمڕۆ «گەنجە تووڕە ئیسلامیستەکان» دەیژێننەوە، بریتییە لە دووبارە بارگاویکردنەوەی ئیسلامی مۆنۆتایست (یەکتاپەرستی)، بەو تووڕەییەی لە «بانکدا پاشەکەوت کراوە» لەلایەن «دۆڕاوە خراپەکانی مێژووەوە»، ئەوەش بریتییە لە شانۆیەکی کۆمیدیای هەرێمیانەی مێژووی «تووڕەیی»، لێرەوەیە ئەو تێزەکەی فۆکۆیاما «کۆتایی مێژوو» پەسند دەکات. مێژووش هیچ نییە جگە لە مێژووی پرۆسەی گلۆبالگەرایی. سەردەمی زێڕینی تووڕەییش لای ئەو بریتی نییە لە ڕابردوو، بەڵکو پتر دەکەوێتە ئایندەوە ئەو چەمکی «لەو دیوی کینەوە»ی نیتشە بەرفراوانتر دەکات بۆ داهاتوو. لێرەوە سلۆتەردایک دەبێتە خوێنەرێکی دیموکراتیانەی بیری نیتشە، چونکە ئەو پێی وانییە عەدالەتی جیهان بکەوێتە ئەودیوی ژیانەوە، بەڵکو دەکەوێتە ناو ئەو مێژووەی کە لەسەرزەمین ڕوودەدات. ئەو ئاستۆیەشی مژدەکەی ئەو بۆمان والآ دەکاتەوە لەو «سیاسەتە مەزنەدا» بەرجەستە دەبێت کە تەنیا لەڕێی «مەشقکردنی هاوسەنگیدا» شیاو دەبێت، چونکە وەک ئەو لە لاپەڕەی ٣٥٥دا دەڵێت: «سیاسەتی گەورە تەنیا لە ڕێبازی مەشقکردنی هاوسەنگیدا ڕوودەدات»، چونکە زەمەنی مێژوویی جگە لە «زەمەنی فێربوونی شارستانییەت» چ شتێکی تر نییە، واتە خۆت فێری ئەوە بکەیت بە چاوی ئەوانی تر ببینیت، بەمەش وا بکەیت زەمەنی جەوهەری خۆت وەک زەمەنی فێربوونی شارستانییەتەکانی تر پێناسە بکەیت. کە ئەم زەمەنەش ئومێدی ئەوەی لێکراوە «چەپکێک لە دیسپلینی پێکەوە گرێدراوی نێو کولتووری» لێ چاوەڕوان بکرێت. واتە «کولتوورێکی جیهانی» کە دواجار لە خزمەتکردنی جیهاندا بێت و خاڵی بێت لە ڕۆحی ڕق وکینە و ڕیزەنتیمێنت، ئەمە لە دوا بڕگەکانی کتێبەکەدا دەخوێنینەوە.

ناوی کتێبەکە بە ئەڵمانی:

Peter Sloterdijk
Zorn und Zeit, Suhrkamp Verlag 2006

کۆزمانەوانی

بەهزاد موحسین

دەسپێک

کۆزمانەوانی لقێکی گرنگی زمانەوانییە، لە ڕووی زمانییەوە پێوەندی تاکەکانی بەرانبەر یەکدی لێک دەداتەوە، هەروەها پێوەندییە کۆمەڵناسی و زمانییەکان پێک دەبەستێتەوە. هەروەک ئەوەی کۆمەڵێ دیاردەی کۆمەڵایەتی بۆ زمانەوانی ڕوون دەکاتەوە، کۆمەڵێ دیاردەی زمانەوانیش بۆ کۆمەڵناس ڕوون دەکاتەوە. کۆزمانەوانی پێمان دەڵێ: هیچ گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی نییە، لەسەر زمان ڕەنگ نەداتەوە. لە هەمان کاتیش ئەوەشمان پێ دەڵێ: کە هیچ گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی نییە، کە زمان یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەرگرتنی نەبێ، وەک هۆکارێک بۆ تێک گەیشتن و لێک حاڵیبوون، بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییە.

مێتۆدی گشتی لێکۆڵینەوەکە (وەسفی ـ بەراوردکاری)ـە. لە هەر جێگایەکیش پێویست بووبێ، مێتۆدی دیکەمان بەکار هێناوە. بە کورتی خۆمان بە تەنیا میتۆدێک، یان دووان نەبەستۆتەوە. لەم باسەدا ئەو شێوازەمان بەکار هێناوە، کە لەگەڵ هەر باسێکی تیۆری، یەکسەر لە دوای ئەو و هەر لە چوارچێوەی بابەتەکە، نموونەمان وەک لایەنی پراکتیکی هێناوەتەوە.

لە نێو کورددا لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو، هەندێ کار لەسەر کۆزمانەوانی کراون، ئەم باسەی ئێمەش، باسێکە بە ئاراستەی پتر ناساندنی ئەم بەشەی زمانەوانی بە خوێنەر و زمانەوانانی کورد. بە شێوەیەک هەوڵمان داوە، باسکردن و خستنەڕووی بابەتی کۆزمانەوانی هەر لە چوارچێوەی لایەنی تیۆریدا نەمێنێتەوە، بەڵکو هێناومانەتە نێو زمانی کوردی و بە نموونەی زمانی کوردی شیمان کردۆتەوە و ناساندوومانە.

بە مانایەکی دیکە نەهاتووین تەنیا بیردۆز و پێناسە و خاسییەتەکانی کۆزمانەوانی لە زمانەوانە جیهانییەکان وەربگرین و دوور لە پێک بەستانەوەی بە زمانی کوردی، بیدەینەوە خوێنەر و زمانەوانانی کورد. پێمان وایە هەموو لایەنێکی ئەو تیۆری کۆزمانەوانییە، هێندەی لەم باسەدا جێی بۆتەوە، لەسەر زمانی کوردیمان پراکتیزە کردووە، بۆ ئەوەی خوێنەر لە دەرگای زمانی کوردی، یان لە رێی بنەماکانی زمانی خۆی، لە کۆزمانەوانی بگا. پێشم وایە ئەمەیە جیاوازی ئەم باسەی ئێمە، لەگەڵ ئەو باسانەی پێشووتر لە نێو کوردان لە بارەی کۆزمانەوانیەوە نووسراون.

تەوەری یەکەم
کۆزمانەوانی و زەروورەتی لە زمانەوانیدا

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی کە کاریگەریان بەسەر زمانەوە هەیە، لێکۆڵینەوە لە بارەی زمان لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەی، باسێکی کۆن نییە. (بابەتێکی لە نێوان کۆمەڵناسی و زمانەوانی هێناوەتە ئاراوە. کە خۆی لە خۆیدا دەشێ، بکرێت بە دوو بەش: کۆمەڵناسی زمان و زمانەوانی کۆمەڵایەتی)(١).

دوای ئەوەی لە لایەن دۆرکھایمەوە، کۆمەڵناسی بووە زانستێکی سەربەخۆ، ئەوا زمانەوانیش لەسەر دەستی سۆسێر بووە زانستێکی سەربەخۆ و وای کرد، چیتر وەکو بابەتێکی لاوەکی، لە چوارچێوەی زانستێکی دیکە، لە زمان نەکۆڵرێتەوە. تا ئەو کاتە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان پتر سیستەمەکانی نێو زمانیان دەگرتەوە، بەڵام دوای سۆسێر کار لەسەر پێوەندییەکانی زمان بە دەرەوەی خۆی کرا، یەکێک لەوانەش زمان و کۆمەڵناسی بوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵناسیش تازە ببووە زانستێکی سەربەخۆ. ئەوە بوو ئەو لقە لە زمانەوانی بە «کۆزمانەوانی» واتە - زمانەوانی کۆمەڵایەتی - ناوی دەرکرد.

بە بڕوای سۆسێر (زمان بوونێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەو مانایەی زمان بەردەوام پێوەندی نێوان تاکێک و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا دروست دەکا، بە مانایەکی سادەتر زمان - لە ڕووە کۆمەڵایەتیەکەیەوە - جگە لە رێکخستن و پێکهێنانی پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە.)(٢) بەم پێیەش پتەوی ئەو پێوەندییەی نێوان زمان و کۆمەڵگا نکۆڵی لێ ناکرێ و بابەتی کۆزمانەوانی دەبێتە یەکێ لە گرنگترین ئەرکەکانی زمانەوانان و زمانەوانی، بە تایبەتی لە ڕووی کارەکییەوە. ئەو پێوەندییەی نێوان زمان و کۆمەڵ، وا لە زمانەوانێکی وەکو (ئەنتۆنیۆ مێیلێت) دەکا، بۆ دەرخستن و پەیبردن بە دیاردە و گۆڕانە زمانییەکان، بڵێ: (دەبێ بچین زانستی کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی کۆزمانەوانی ئەو زمانە بخوێنینەوە، چونکە مادام زمان واقیعێکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە زمانەوانی زانستێکی کۆمەڵایەتییە و تاکە هۆکارێک بۆ لێکدانەوەی گۆڕانە زمانییەکان، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانن.)(٣)

ئەگەر بمانەوێ لە دیاردە دەرەکییەکانی زمان بکۆڵینەوە، مەبەست لەوەیە وەکو خۆی لە حاڵەتی ئێستای زمانی کۆمەڵێک بکۆڵینەوە، ئەوا دەبێ کاریگەرییەکانی ژینگە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی و بەها و ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵە لەبەرچاو بگرین، چونکە ئاشکرایە لایەنە ئاستوییەکانی کۆزمانەوانی، وەکو دوو ژینگەی جیاواز و دوو جوگرافیا و زار، یان شێوەزاری جودای زمانێک، جیاوازی لە ئاخاوتنیان دروست دەکا، وەکو ئەوەی بە هۆی ژینگە و جوگرافیای جیاوازەوە، لە ناوچە شاخاویەکانی هەکاری وشەی (سارنجۆک)* بوونی هەیە، بەڵام لە ناوچە دەشتایی و گەرمەسێرەکانی باشووری کوردستان هاوواتای نییە.

هەروەها لایەنە ستوونییەکانی کۆزمانەوانیش وەکو زمانی چینەکانی سەرەوە و خوارەوەی کۆمەڵگا، خوێندەوار و نەخوێندەوار، پیر و لاو، ئافرەت و پیاو، کەسایەتییەکی ئایینی و کەسایەتییەکی سیاسی، شوانێک و بازرگانێک... لە ئاخاوتندا لێک جودان. هۆکاری جیاوازی زمانی ئەو توێژە جیاجیایانە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیانە و زەروورەتی ژیانی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیە دابەشی کردوون، بەمەش زمانەکەیان جیاوازی تێدەکەوێ، کەواتە بۆ لێکۆڵینەوە لەم جیاوازیانەی سەرەوە لە چوارچێوەی زماندا، بوونی لقێکی زمانەوانی بە ناوی کۆزمانەوانی نەوەک هەر ئاساییە، بەڵکو پێویستیشە، چونکە بێ بوونی ئەم لقە زمانەوانییە، وەکو لقێکی زمانەوانی سەربەخۆ ناکرێ لێکۆڵینەوە لە زۆربەی ئەو دیاردە زمانەوانیانە بکەین، کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە پێکهاتە و گرووپە

کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە.

کۆزمانەوانی و زار و شێوەزار

ئاشکرایە هەموو زمانێ پتر لە زارێکی هەیە، دەشێ زمانێک، زمانێکی ستاندارد تەواوی نەبێ. بەڵام ناکرێ زاری نەبێ، زارەکانی هەر زمانێکیش بە پێی جوگرافیا دابەش دەبن و لێک جیا دەکرێنەوە، زۆر جار هۆکاری دیکەش لە دروستبوونی زارەکانی زمانێک ڕۆڵیان هەیە، وەکو ئایینز، ئایینزا، دەسەڵاتی ئیداری، دەوڵەت... تاکەکانی سەر بە هەر زارێک زمانی ئاخاوتنیان زۆر لەیەک دەچێ، بە بەراوردکردنیش لەگەڵ زارێکی دیکەی زمانەکە، هەموو تاکەکانی ئەو زارە زمانی ئاخاوتنیان وەکو یەکە، بەڵام (کاتێک لە هەر زمانێک دەکۆڵینەوە، یەکسەر هەست بەوە دەکەین، کە ئەو زمانە یەک جۆر و یەک شێوەی نییە. واتا ئاخاوتنی تاکەکانی ئەو زمانە لە ڕووی گۆکردن و وشە و تەنانەت هەندێ جار لە یاساکانی زمانیش جیاوازییان هەیە.)(٤) ئەم جیاوازیەی نێوان زارەکانیش (دەشێ جیاوازییەکانی نێوان دوو زار و دوو شێوەزار، لە زمانێکدا ئاستەکانی وشە (فەرهەنگی) و دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی بگرێتەوە.)(٥)

«**زارناسی:** بریتییە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زارە هەرێمی و شێوەزارە ناوچەییەکان، زارناسی نزیکی سەدەیەک بەر لە ئێستا لەو گۆڕانە بەرفراوانە سەری هەڵدا، کە زمانەوانی مێژوویی لە دەنگەکانی زمان بەرچاویان کەوت. سەرەتا لێکۆڵینەوەکان لایەنی دەنگیان دەگرتەوە، بەڵام هەوڵەکانی دواتر لایەنەکانی دیکەی زمانیش دەگرێتەوە، کەچی لایەنی دەنگی وەکو پێشتر هەر گرنکی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە پلەی دووەمیش وشە و زاراوە دێ. زارناسان کەمتر گرنکی بە وشەسازی و ڕستەسازی دەدەن.»(٦)

ئێمەش پێمان وایە پێوەندی دروستبوونی زارەکانی هەر زمانێک بە لایەنی کۆمەڵایەتی، پێوەندییەکی ڕێژەییە، چونکە مەرج نییە جیابوونەوەی کۆمەڵانی ئەو زارە لەگەڵ زمانی دایکدا لە ڕووی مێژوویییەوە، هۆکارەکەی تەنیا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێ، دەشێ هۆکارەکە سیاسی، یان ئایینی، یان بە تایبەتی ئابووری بێ، چونکە دەشێ هۆکاری ڕەوکردنی کۆمەڵێک خەڵک بۆ ناوچەیەکی جوگرافیا جودا، بە هۆی کێشەیەکی سیاسیی وەکو ڕاگواستن، یان هەڵاتن لە سیاسەتێکی قڕکەر بێ، یان کێشەیەکی ئایینی بێ، یان گەڕان بێ بە دوای لەوەڕ و بژێوی. دەشکرێ سەرچاوەی هۆکارە مێژوییەکەی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو دوژمنداری بێ.

کەچی ئەگەر سەرچاوەی هۆکارە مێژوییەکەی سەرەتای دروستبوونی ئەو زارانە، کۆمەڵایەتیش نەبێ، ئەوا لە ئێستادا کاریگەری بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە، لەسەر زمانەکەیان هەیە و تایبەتمەندی و جیاوازی زارەکەیان قوڵتر دەکاتەوە و چوارچێوە و تخوبی زارەکەیان تۆختر دەکاتەوە. لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژووی کۆمەڵانی سەر بەو زارە، دیاردە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینییەکانیش هێدی هێدی لە دابونەریت نزیک دەبنەوە و دابونەریتیش دیاردەی کۆمەڵایەتین، یان ئەو تاکانەی ئێستا لەو زارە دەژین، ئەوان هەر لە منداڵییەوە لەناو زارێکدا گەورەبوونە و لە دەرەوەی ئارەزووی خۆیان ناچاربوونە، ئەو زارە فێربن و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیانیان پێ ڕێک بخەن. ئیدی لێرەوەیە پێوەندی کۆزمانەوانی و زار و شێوەزارەکانی سەرهەڵ دەدا و ئەو بیانووەمان دەداتێ، کە ئەو جیاوازییەی لە نێوان زار و زارێک، شێوەزار و شێوەزارێک هەیە، لە ڕێگەی کۆزمانەوانییەوە لێی بکۆڵینەوە.

بۆئەوەی لێکۆڵینەوە لە کۆزمانەوانی و ئەو بوارە زمانی و نازمانیانە ئاسانتر بێ، مەبەست لەو بوارانەش ئەوانەن کە پێوەندییان بە کۆزمانەوانی هەیە، ئەوا «مایکڵ ئێگراد» ئەو بوارانەی بەسەر دوو ئاراستە دابەش کردووە: (لایەنی جوگرافی و ژینگەیی و زار و شێوەزارەکان بە ئاراستەی ئاسۆیی کۆزمانەوانی دادەنێ و لایەنەکانی دیکەی وەکو جیاوازی ئاخاوتن بە پێی ڕەگەز و تەمەن و پیشە و... بە ئاراستەی ستوونی کۆزمانەوانی دادەنێ.)(٧) بیروڕاشی لەسەر ئەوەی کام ئاراستە پتر پێوەندی بە کۆزمانەوانی هەیە، یان ڕاستتر کام ئاراستە پتر شیاوە، بۆئەوەی بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە کۆزمانەوانییەکان، بەم شێوەیەی دەربڕیوە: (لەوانەیە زۆر دروست و پڕئینساف بێ، ئەگەر بڵێین زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵینەوە کۆزمانەوانییەکان لەگەڵ ئاراستەی ستوونیدان.)(٨) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ، وەک ئەوەی پێشتر گوتمان، بابەتی زار و شێوەزار (ئاسۆیی) لە زماندا

کەمتر پێوەندییان بە کۆزمانەوانییەوە هەیە.

پێشتر گوتمان جیاوازی نێوان زار و شێوەزارەکان، هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، نموونەش بۆ ئەوانە:

ئاستی دەنگسازی: لە زاری هەورامی دەنگ، یان ئەلەفۆنی (ذ) و (ث) هەیە، وەکو لە وشەکانی (بەنزین= بە نذین) و (ساردی= ثاردی)، کەچی لە هەر سێ زارەکەی دیکەی (سۆرانی، کرمانجی، لوڕی) ئەم دەنگانە بوونیان نییە، یان لە کرمانجی دەڵێن (مری، خارن)، کەچی لە سۆرانی (مردن، خواردن)، کەواتە لە کرمانجی بە زۆری دەنگی (د) دەکرێنن.

ئاستی وشەسازی: لە کرمانجی دوو دەستە ڕاناوی کەسی سەربەخۆ و یەک دەستەی لکاو هەیە، بەڵام لە سۆرانی بە پێچەوانەوەیە، کە یەک دەستەی سەربەخۆ و دوو دەستەی لکاو هەیە.

ئاستی ڕستەسازی: لە زاری لوڕی (مان)ی ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆی خاوەنی، دەتوانێ بچێتە سەر کاریکی تێنەپەڕی وەک (چوو)، لە دەمی ڕابردووی سادە، کە دەبێتە (چوومان)، بەڵام لە زاری سۆرانی ئەم کارە (چوو) ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆی ڕیککەوتن وەردەگرێ، کە دەبێتە (چووین).

ئاستی واتاسازی: لە زاری لوڕی دەڵێن (دۆتە). لە سۆرانی (کچ، کیژ) بەکار دەهێنرێ.

ئەم جیاوازیانە بە هەمان شێوە لە نێوان شێوەزارەکانی زاریکیش هەیە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر. بۆ نموونە شێوەزارەکانی زاری سۆرانی وەردەگرین.

ئاستی دەنگسازی: لە شێوەزاری سلێمانی زۆر جار دەنگی (د) دەکرێتێنرێ، (بەغا، ئەڕۆم) سلێمانی. (بەغدا، دەڕۆم) هەولێر، یان (خوێن) کەرکووک، (خون) کۆیە، (خین) هەولێر.

ئاستی وشەسازی:** لە شێوازی خۆشناوەتی بۆ (م)ی ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاکی خاوەنی (ن)یش هەیە، کەچی لە ناوچەکانی کەندیناوە و قەراج هەر (م)ـە.

(هەنارن خوارد.) خۆشناوەتی. (هەنارم خوارد.) کەندێناوە.

هەروەها لە شێوازی ناوچەی مرکیەی دەشتی هەولێر، زۆر جار (و) دەبێتە ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆی خاوەنی، کەچی لە شێوەزاری ناوچەی سالەیی دەشتی کەرکووک هەرگیز (و) وەکو ڕاناو نابینی.

(نانو خوارد؟) مرکیە. (نانتان خوارد؟) سالەیی.

ئاستی ڕستەسازی: لە شێوەزاری خەڵکی هەولێر، بە تایبەتی خەڵکە کۆنەکەی ئەو شارە، کە هەندێ جار قەڵاتیەکانیان پێ دەگوترێ. زۆر جار لەو ڕستانەی کە کارەکەیان تێپەڕە و بکەر و بەرکار وەکو ڕاناوی لکاو دەردەکەون، ئەوا هەردوو ڕاناوەکە دەستەی خاوەنین. لە کاتێکدا لە شێوەزاری کەرکووک و مەهاباد بکەرەکە ڕاناوی لکاوی خاوەنییە، بەڵام بەرکارەکە ڕاناوی لکاوی دەستەی ڕێککەوتنە. سەرەڕای ئەوەش لە شێوەزاری هەولێر بەرکار پێش بکەر دەکەوێ، بەڵام لە شێوەزاری کەرکووک و مەهاباد بکەر پێش بەرکار دەکەوێ.

(خۆشتم دەوێ) = (خۆش + ت(ڕ.ل.د.خاوەنی، بەرکار) + م (ڕ.ل.د.خاوەنی، بکەر+ دەوێ)/ هەولێر

(خۆشم دەوێی) = (خۆش + م (ڕ.ل.د.خاوەنی، بکەر) + دەوێ + ی (ڕ.ل.د.ڕیککەوتن، بەرکار)/ مەهاباد

هەولێر (گوتم لێ ڕاگرت، لای مامۆستا باسمت نەکرد؟). دەنگی «گ» لە (گوتم) بە هەمان دەنگی «گ»ی (گیا) دەدرکێنرێ.

مەهاباد: (گوتم لێ ڕاگرتی، لای مامۆستا باست نەکردم؟)

ئاستی واتاسازی: (کەسک) هەولێر، (سەوز) کەرکووک و سلێمانی. (مریشک) هەولێر، (مامر) کەرکووک.

نموونەی ڕستەیەک بە هەر چوار شێوەزاری (هەولێر، کەرکووک، مەهاباد، سلێمانی):

- ئەتو خەرکی کێندەری؟ (هەولێر)
- تۆ خەڵک کوێت؟ (کەرکووک)، دەنگی /ک/ی (کۆیت) بە هەمان دەنگی «ک»ی (کێ) دەدرکێنرێ.
- ئەتۆ خەڵکی کوێندەریت؟ (مەهاباد)
- تۆ خەڵقی کوێیت؟ (سلێمانی)

کۆزمانەوانی و تابۆ

بەها و دابونەریت و دەستوورە ئایینییەکان ڕووبەڕێکی فراوان لە کولتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگاکانیان داگیر دەکەن، بە دڵنیاییەوەش ئەو دەستوورە دینی و دابونەریتانە، نەوەک هەر لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ڕەنگ دەدەنەوە، بەڵکو هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگا، لە ڕووی پێوەندییان بەیەکدیەوە ئاراستە دەکا

و چوارچێوەیەک بۆ ڕەفتار و گوفتاری کۆمەڵ دیاری دەکا، بۆئەوەی لەو چوارچێوەیە دەرنەچن. لە هەموو کۆمەڵگایەکیش تاکە پیرەکان پتر گرێدراوی بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانن.

دیارە لە هەموو کۆمەڵگایەکیش هەندێ تاک هەن، کە بە گوێرەی ڕێنماییەکانی ئایین و دابونەریت و پڕ بە پێستی بەها کۆمەڵایەتیەکان ناجوولێنەوە. ئیدی کۆمەڵگا ئەو تاکە یاخیانە سەرزەنشت دەکا و ناو و ناتۆرەیان لێدەنێ و چەند تێڕوانینێکی گەلەکیان لە چوارچێوەی وشە و زاراوەی وەکو بێشەرم و بێئابڕوو و بێدین و... بەسەردا دەبڕێ.

ئا لێرەوەیە کۆزمانەوانی لەگەڵ دابونەریتەکانی کۆمەڵگا و ئایین تێکەڵ دەبێ، کە هەندێ تاک بەردەوام یاخیانە ڕەفتار دەکەن و کۆمەڵگاش لە بەرانبەر ئەوە، وشە و زاراوەی نوێ دێنێتە کایەوە، بۆ ئەوەی ڕیسوایان بکا.

ئەو بوارانەش کە پێوەندیان بە زمانەوە هەیە و کۆمەڵگاش لە ڕوانگە ئایینی و نەریتیەکەیەوە لە تاکەکانی قەدەغە دەکا، پێی دەگوترێ (تابۆ).

(زاراوەی تابۆ لە زمانی «تونگایی»ەوە هاتووە. بە شێوەیەکی گشتی مانای قەدەغە دەدا. سەرەتا چەمکێکی ئایینی بووە، بەڵام ئێستا لە کۆزمانەوانیدا بۆ ئەو وشە و زاراوانە بەکار دێ، کە ڕاستەوخۆ بەکارهێنانیان ئاسایی نییە و پێویستە ئەو وشە و زاراوانەیان لەجیاتی بەکار بهێنرێ، کە هاوواتای ئەوانن و بەکارهێنانیشیان ئاساییە.)(۹) بە شێوەیەکی گشتی تابۆ لە زماندا سێ جۆرە:

۱- تابۆی بێڕێزی***: بەکارهێنانی هەندێ وشەی وەکو وشەی (کەر) و (گوو)، کە بەرانبەر ئەوانە وشەی دیکە دانراون و دەربڕینیان تابۆ نییە، وەکو (گوێدرێژ، پاشەڕۆ).

۲- تابۆی سێکسی: وەکو وشەکانی (گان، قوون، قوز، کێر) بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو ناو و کارانەی کە پێوەندییان بە ئەندام و کردەی سێکسییانەوە هەیە، لە بەرانبەر ئەو وشانەش (جوتبوون، کۆم، دامەن، چوک) هەیە.

۳- تابۆی ئایینی: وەکو ئەوەی ناوبردنی موحەمەدی پێغەمبەر بێ «دروودی خوای لێ بێ» بێڕێزییە، یان لای ئێزیدییەکان لە ڕووی ئایینییەوە، ناوهێنانی شەیتان بە خراپە، گوناهە و تابۆیە، یان جنێودان بە ڕەنگی شین و باڵندەی تاووس تابۆیە، جا بە هەر وشە و دەربڕینێ بێ.

تەوەری دووەم
بنیادی زمانی و بنیادی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان

دابەشبوونی هەر کۆمەڵگایەک بۆ چین و توێژە جیاوازەکان، خۆی لە خۆیدا هۆکاری دروستبوونی جیاوازییە، لە وشە (فەرهەنگی) و یاساکانی دەنگسازی و شێوازی ئاخاوتن. هەروەکو ئەوەی گۆڕانکارییە ماددی و مەعنەوییەکانی هەر کۆمەڵگایەک، کۆمەڵێ وشە و مانای نوێ بە دوای خۆیدا دێنێ، کە لە لقەکانی دیکەی زماندا ڕەنگ دەدەنەوە.

هەروەک ئەنتۆنیۆ مێیلێت دەڵێ: (ئاشکرایە ئەو فاکتەرانەی کەوا واقعیەتە زمانییەکان دێننە کایەوە، بە دڵنیاییەوە ماهیەتێکی کۆمەڵاتیان هەیە)(۱۰). ئەم دیاردەیە جیاکەرەوەیەکی بەرچاوی ئەو زمانانەیە، کە کۆمەڵگاکانیان پێشکەوتوون و بەردەوام شتی نوێ دادەهێنن، بەرانبەر ئەو زمانانەی کە ئاخێوەرانی کۆمەڵگاکەی لە پێشکەوتن و داهێناندا سستن. هەر لەبەرئەوەش کە خودی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەر گۆڕانکارییەک کە بە درێژایی مێژوو لەو زمانە ڕوو دەدا، ئەوا لایەنێکی کۆمەڵایەتیشی پێوە پەیوەستە.

«سۆمێر فیلّت»یش سەرەڕای ئەوەی کە ئەوە دەردەخا، کە فاکتەری گۆڕانکاریە واتاییەکانی زمان کۆمەڵایەتین. فاکتەرەکانیش بۆ سێ جۆر دابەش دەکا: (۱-گۆڕانی واتا. ۲-گۆڕان لە شتێکی مەبەستدار. ۳-گواستنەوەی وشە و زاراوە لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی بۆ گرووپێکی دیکە)(۱۱).

هەمان زمانەوان بۆ نیشاندان و سەلماندنی بوونی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بنیادە زمانییەکان و بنیادە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو نموونەیە دێنێتەوە: (ئەو جیاوازیانەی لە نێوان پێکهاتە دەستوورییەکانی «یاساکانی» دوو زمان هەن، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو جیاوازیانە لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکانیش بوونیان هەیە.)(۱۲)

ئەو گۆڕانە خێرایانەی کە لە بواری تەکنەلۆژیای ولاّتە پێشکەوتووەکان هەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی لە زمانەکانیان بە خێرایی وشەی نوێ بێنە ئاراوە.

لەگەڵ ئەوانەش (دەشێ ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژیانە

کاریگەرییەکی کەم بکەنە سەر گۆڕانی بنەما وشەسازییەکان و کەم و زۆر هەر وەکو خۆیان دەمێننەوە، چونکە ئەو بنەمایانە لە قۆناغەکانی خوێندنی ئەو ولاتانە چەسپاون و قوتابیانیان پێ ڕادەهێنرێ.)(١٣)

جێی خۆیەتی بۆ کۆتاهێنان بەم بابەتە، تێڕوانینەکەی لیقی شتراوس بخەینە ڕوو کە دەڵێ: (بۆ ئەوەی بنەمایەکی پێوانەیی لە نێوان زمان و کۆمەڵگا دەست بخەین، پێویستە هەموو بنیادە زمانی و کۆمەڵایەتییەکان لەیەک کاتدا پێک بگرین.)(١٤)

کۆزمانەوانی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان

بە شێوەیەکی گشتی بابەتەکانی ئەم باسە، لایەنی ستوونی کۆزمانەوانی دەگرنەوە.

ئاشکرایە کە بە هۆی ئەو تێڕوانینە گەلەکییە جیاوازانەی، کە تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە، تاکەکانی کۆمەڵگا بەسەر چەند چین و توێژ و ڕەگەز و دەستە و گرووپێک دابەش بوونە. کۆمەڵگا بە چاوێکی جیاواز لێکدی سەیریان دەکا، لەبەرئەوەی کۆمەڵگا و زمانیش پێوەندییەکی پتەویان هەیە و زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە زمانی ئاخاوتنی ئەو چین و توێژ و دەستە و گرووپانەش جیاوازن. هۆکارێکی دیکەش بۆ جیاوازی نێوان ئاخاوتنی ئەو چین و توێژانە، شوێن و دەوروبەری کاری ڕۆژانەیانە. کە وای کردووە زمانی ئاخاوتنیان لێکدی جودا بێ، یان بە هۆی ئەوەی کە هەر تاکێکی ئەو گرووپانە سەروکار و هاموشۆی لەگەڵ چەند کەرەستە و دیاردە و چەند چەمکێکی دیاریکراو هەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لێک جودابوونەوەی زمانی ئاخاوتنیان.

دەکرێ پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ئەمانەی خوارەوە دابەش بکەین:

١- ڕەگەز: زمانی ئاخاوتنی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، یان ئەو زمانەی بەرانبەر هەریەک لەو ڕەگەزانە بەکار دێن، لە زۆر ڕووەوە جیاوازن، کە دەکرێ لە دوو جۆر کورتیان بکەینەوە:

ا-شێوازی ئاخاوتن: ئەمەش دەبێتە دوو جۆر، یەکەمیان لەسەر بنچینەی نەرمی و سوزداری لایەنی دەروونی مێیینە لە بەرانبەر توندی و خۆزاڵکردنی نێرینە بە شێوەیەکی گشتی، خۆی بنیاد ناوە، بە شێوەیەک کە هەندێ وشە و دەربڕین و دەستەواژە هەن، کە تەنیا ڕەگەزی مێ، یان بەزۆری ڕەگەزی مێ بەکاری دەهێنن و ڕەگەزی نێر بەکاریان ناهێنێ، وەکو: (ئەیەڕۆ، زگت نەسووتێ، چاوم کوێر بێ) ڕەگەزی مێ. هی ڕەگەزی نێرینش وەکو: (وەک سەگ پەتی دەکەم، بە شەرەفم، با هەموو قەپۆزت تێک نەشکێنم!)

جۆری دووەمیش لەسەر بنچینەی جیاوازی جەستەی نێر و مێ لێکدی، لە ڕووی بایۆلۆژییەوە خۆی بنیاد ناوە، بە شێوەیەک لە هەندێ ئاخاوتندا ئەو ئەندامانەی جەستە بەکار دەهێنرێن، کە لە نێردا هەیە و لە مێدا نییە، یان بە پێچەوانەوە. بەمەش جیاوازی لە شێوەی ئاخاوتنیان دروست دەبێ، بە نموونە: (حەفتێ میللەتی بابت دەگێم... چیت نەکردووە، بیکە، بەم گونە) نێر. (سەرت بە قوزم) مێ.

ب-ڕێزمانی: لە زاری کرمانجی ئامرازی خستنەسەر بۆ مێ (ا)یە، بۆ نموونە (دایکا من...). کەچی بۆ نێر (ێ)یە، بە نموونە (بابێ من...). یان ئامرازی بانگکردن لە زاری سۆرانی بۆ مێ (ێ)یە، بەڵام بۆ نێر(ە)ـە، وەکو: (کچێ شیلان وەرە!)، (کوڕە ئازاد وەرە!)

(ئەم جیاوازیانە لە زۆر زماندا ئاستی وشەی فەرهەنگی تێدەپەڕێنێ و دەگاتە ئاستی دەنگسازی و لەوێوەش ئاستی ڕێزمانیش دەگرێتەوە، کە پتر جیاوازییەکانی ئەم ئاستەی ڕێزمان قوواڵترە و پتر دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە.)(١٥) دیارە لە زمانی کوردی جیاوازییە ڕێزمانییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز، لەچاو هەندێ زمان زۆر کەمن و بە قووڵایی ڕێزماندا شۆڕنەبوونەتەوە، کەچی لە زمانێکی وەکو (عارەبی و ئینگلیزی) ئەم جیاوازیە بە ناو ڕێزماندا زۆر قووڵ بوونەتەوە، وەکو ئەوەی زۆربەی ڕاناوەکانیان بۆ نێر و مێ لێکدی جودان و لە زۆربەی کەس و دەمەکاندا ڕاناوەکان بۆ نێر، یان مێ تایبەت کراون. هەورەها (جیاوازی لە نێوان ڕاناوی نێر و مێ لە زمانێکی وەکو (تای)، کە دەکەوێتە باشووری نیمچە دوورگەی چین و هیندستان، ڕاناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاکیش دەگرێتەوە، کە بۆ نێر « phom» و بۆ مێ « dichan» بەکار دێ)(١٦).

٢- تەمەن: بە شێوەیەکی گشتی ئاخاوتنی پیر و لاوەکان لێک جودان، دەکرێ بە بیستنی ئاخاوتنیان مەزندەیەکی نزیک بۆ تەمەنەکانیان بکرێ، وەکو ئەوەی پیرەکان هەندێ وشە و دەستەواژە بەکار دێنن، کە لە هی

لاوەکان جودایە.

پیرەکان: (ڕۆڵە!، ئەوا چللە تێپەڕی، خواخێرت بنووسێ).

لاوەکان: (برادەر!، ئەوا سەرما ڕۆیی، سوپاس).

٣- پیشە: کۆزمانەوانی لەو ڕوانگەیەوە پێوەندی خۆی لەگەڵ پیشە و پیشەسازی دەبەستێ و لەو سۆنگەیەوە ڕووبەرێک لە پیشەسازیدا بۆ خۆی بۆ لێکۆڵینەوە داگیر دەکا، کە شێوەی ئاخاوتنی هەر پیشەکارێک لەگەڵ پیشەکارێکی دیکە جودایە، ئەویش وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بە هۆی ئەوەی کە ئەو پیشەکارە لەگەڵ چەند تاکێکی دیاریکراو، لە ژینگەیەکی دیاریکراو سەروکاری هەیە، کەواتە ناچارە کە زمانەکەی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو لایەنانەی باسمان کردن، بەمەش جیاوازی لە بابەتەکانی ئاخاوتنیش دروست دەبێ و دەبێ زمانەکەی ڕەنگدەرەوەی پیشە و کەسایەتی و ڕادەی ڕۆشنبیری ئەو بێ، بۆیە «ڕۆبێرت لۆرێنس تێرسیک» دەڵێ: (زمان وەسیلەیەکی یەکجار گرنگ و کاریگەرە لە دەرخستن و پاراستنی ناسنامەی تاک، هیچ بەڵگەیەکیشمان لە بەردەست نییە، کە ئەم گرنگی و کاریگەرییە لەو گرنگییەی زمان کەمتر بێ، کە پێوەندییەکانی تاک ڕێک دەخا) (١٧).

وەک ئەوەی ئاشکرایە کە زمانی ئاخاوتنی سیاسەتوانێک لە هی مەڕدارێک جودایە، مەبەست لەو جیاوازییە، جیاوازی بابەتەکانی ئاخاوتنیان نییە، بەڵکو شێوازی دەربڕین و بەکارهێنانی ئەو وشانەیە، کە تایبەتن بە کێڵگەی پیشەیی هەر یەکێکیان و بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانیان، هەڵیاندەبژێرن.

بە ئەوونە شێوازی ئاخاوتنی مامۆستایەکی ئایینی، لەگەڵ نووسەرێکی عەلمانی جودایە، لە ڕووی ئەو وشە و زاراوانەی کە بەکاری دێنن، وەکو ئەوەی مامۆستایەکی ئایینی لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا پتر وشەکانی نوێژ و زەکات و بەهەشت و جەهەننەم و خەیرات و حەسەنات... بەکار دێنێ، بەڵام نووسەرێکی عەلمانی پتر وشەکانی ڕۆشنبیری و ئازادی و مرۆڤایەتی و ڕەخنە و بابەت و نووسین... تاد. هەروەها لە ڕووی شێوازی ئاخاوتنیش مامۆستا ئایینییەکە کاتێ دەچێتە کۆڕێکی دانیشتن دەڵێ: (ئەلسسەلامو عەلەیکم). لە وەڵامی کەسێکیش کە دێتە کۆڕی دانیشتنەکە و سڵاو دەکا، دەڵێ: (عەلەیکە سەلام وە ڕەحمەتوڵڵاهی وە بەرەکاتوهو). بابای نووسەریش لە بەرانبەری ئەوانە دەڵێ: (ئەم کاتەتان باش، یان سڵاوتان لێ بێ). لە وەڵامی کەسێکیش دەڵێ: (گیانت باش، سەرچاو بەخێر بێی). یان مامۆستایەکی ئایینی پتر ئەم دەستەواژانە بەکار دێنێ: (شیفایە ئینشاڵڵا، خوا جەزات داتەوە)، لە بەرانبەر ئەمانە نووسەرێک ئەم دەستەواژانە بەکار دێنێ: (نۆشی گیانت بێ، سوپاس).

جیاوازی ئەم دەستەواژە و ڕستانەی کە وەک نموونە بۆ سەلماندنی ڕایەکەمان لەسەر مامۆستایەکی ئایینی و نووسەرێکی عەلمانیمان هێناوەتەوە، هەر لەوەدا نییە، کە ئەوان دوو وشەی هاوواتای جیاواز لە فۆرم بەکار دەهێنن، یان مامۆستاکە وشەی عارەبی بەکار هێناوە و نووسەرەکەش وشەی کوردی. بەڵکە جیاوازییان لەوەدایە، لەبەرئەوەی مامۆستا ئایینییەکە بە درێژایی تەمەنێک لەگەڵ دەسەڵاتی سەروو سروشت سەروکاری هەیە، کە (خوا)یە و پێی وایە ئەو لە هەموو هەڵسوکەوت و جووڵانەوە و تەنانەت لە بیرکردنەوەکانیشیدا بوونی هەیە، بوونەکەش هەم وەکو هێزێکی خۆشەویستە و هەم وەکو هێزێکی چاودێر و لێپێچەرەوەشە، بۆیە ئەو وشە و دەستەواژانە لە ئاخاوتنەکانی مامۆستاکە خۆنەویستانە، یان بە ئاگاداریەوە بوونی هەیە، تەنانەت ئەو هێز و دەسەڵات و لێپرسینەوەی خودا بە نزیک لە خۆی دەزانێ، کە پێی وایە دەبێ تەنانەت لە سوپاسکردنێکیشدا زیکرێک بۆ خوا هەبێ، کاتێ کەسێک پەرداخێک ئاوی بداتێ، دەڵێ: (خوا جەزات بداتەوە.)، کەچی کابرای نووسەری عەلمانی لەبەرئەوەی باوەڕی بە خوا لاوازە، یان هەر نییە، لە ئاخاوتنەکانیدا دەسەڵاتی سەرووی سروشت نابینرێ، بەڵکو دەسەڵات و سروشتی دەوروبەری لە ئاخاوتنەکانی بوونیان هەیە، پێی وایە لە سوپاسکردنی کەسێک کە پەرداخە ئاوێکی دەداتێ. بەشداری هیچ هێزێکی دیکەی تێدا نەبووە، جگە لە خۆی و کابرای کە ئاوی پێداوە. واتە لەو پرۆسەیە تەنیا وەرگر و بەخشەر بوونیان هەیە، بۆیە دەبێ تەنیا سوپاسکراو و سوپاسگوزار بوونیان هەبێ.

هەر لەبەر ئەم هۆیەی سەرەوەیە، کە ڕستە و دەستەواژەکانی مامۆستاکە بەردەوام خودایان تێدایە و بەردەوام خودا لەجیات ئەو هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی

دەوروبەری دەکا، بەڵام لە ڕستە و دەستەواژەکانی کابرای عەلمانی خۆی بکەرە و هیچ دەسەڵاتێکی دی تێدا نییە و جێی نابێتەوە.

ئەم جیاوازیەی نێوان زۆر بەکارهێنانی کۆمەڵە وشەیەک و جیاوازی لە شێوازی ئاخاوتن، لە دوو لقی جودای یەک پیشەشدا هەیە، بەڵام بە ڕووبەرێکی بەرتەسکتر. بە نموونە ئەو وشە و زاراوانەی بێژەرێکی هەواڵ لە میانەی کارەکەیدا بەکاری دێنێ، زۆر جودایە لەگەڵ بێژەری یاریەکی تۆپی پێ، بێژەرەکەی هەواڵ زیاتر وشە و زاراوەکانی سەرۆک، وەزیر، وڵات، پێوەندی، سەردان، سیاسەت، لافاو، باران... بەکار دێنێ، بەڵام بێژەرەکەی تۆپی پێ، پتر وشە و زاراوەکانی تۆپ، لێدانی بەهێز، سزا، یاریزان، گۆڵ ... بەکار دێنێ.

هەروەها لە ڕووی شێوازی دەربڕینیش جیاوازن، بێژەرەکەی هەواڵ ڕستە و وشەکان بە تەواوی و بێ کەموکوڕی دەدرکێنێ و بە تەواوی لەسەر هێماکانی خاڵبەندی دەوەستێ و لە هەناسە و هەڵوەستەکانی هەستیان پێدەکرێ، بەڵام بێژەری تۆپی پێیەکە لەبەرئەوەی بە گوێرەی خێرایی تۆپەکە و یاریزانەکان دەپەیڤێ، بۆیە کاتێ لەسەرەخۆیە، لەناکاو زۆر خێرا دەبێ و ناتوانێ ڕستەکانی تەواوبکا و زۆر جار کارەکان و بکەرەکان دەکرتێنێ. بە نموونە تەنیا دەڵێ: (تۆپێکی درێژ) ، یان (لێدانێکی بەهێز) کە مەبەست ئەوەیە، فلانە یاریزان شووتێکی بەهێزی لە تۆپەکە دا و تۆپەکە ماوەیەکی زۆر ڕۆیی.

٤- خوێندەوار و نەخوێندەوار: ئەم دیاردەیە زیاتر زمانی ئەو میللەتانە دەگرێتەوە، کە لە میللەتە پێشکەوتووەکانی جیهانن، چونکە بۆ دۆزینەوەی ئەو دیاردەیە پێویستمان بە بوونی ڕێژەیەکی بەرچاو هەیە، کە خوێندەوار و نەخوێندەوارەکانی ئەو کۆمەڵگەیەن. بە نموونە زمانی کوردی زۆر بە زەقی ئەم دیاردەیەی تێدا بەرچاو دەکەوێ، چونکە ڕێژەیەکی بەرچاوی لە خوێندەوار و نەخوێندەوار تێدایە. کە زمانی ئاخاوتنیان لە ڕووی دەربڕینی ڕاستی و دروستی وشە و زاراوە جیاوازە.

د. محەمەد ڕەزای باتینی پێی وایە (خوێندەواری، یان نەخوێندەواری دەتوانێ، جۆرە زمانێکی تایبەت بۆ هەریەک لە تاکی خوێندەوار و نەخوێندەوار بێنێتە کایەوە)(١٨). ماری. ڕ. هاس هەمان مەبەست بە شێوەیەکی دیکە دەردەبڕێ: (دەکرێ لە جۆری ئاخاوتن ڕادەی خوێندەواری و نەخوێندەواری ئاخێوەر ڕەنگ بداتەوە)(١٩). وەکو ئەوەی هەر کەسێ بڵێ: (مەتکەب، ڕوعب)، ئەوا دیارە کە نەخوێندەوارە، چونکە ئەو وشانە عارەبین و هی زمانی دایک نین، بۆیە نەخوێندەوارەکان بە گوێرەی خۆشهاتن لە زاریان دەریدەبڕن. کە دەشێ وشەیەکی بێگانەش بە هەڵگەڕاوەیی، یان بە شێوێنراوی بۆ تاکەکانی زمانێکی دیکە خۆشتر بێتە سەر زار، چونکە (یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی زمان ئەوەیە، کە دەتوانێ بە پێی هەڵکەوتە و ڕێککەوتە جیاوازەکان خۆی تایبەتمەند بکا، کە ئەمەش وا دەکا هەموو ئەو توێژانەی کە لە هەر ڕوویەکەوە لێک جودان، شێوەی ئاخاوتنیان جیا بێتەوە)(٢٠). کەچی ئەگەر خوێندەوار بێ، لەبەرئەوەی لە قۆناغەکانی خوێندن، یان ئەوەندە زمانی عارەبی (لە باشووری کوردستان) دەخوێنێ، کە بتوانێ ئەو وشانە وەکو عارەبان دەربڕێ. بۆیە ئامادە نییە بە هەڵە دەربانبڕێ و وەکو وشە ئەسڵیەکەی زمانی عارەبی (مەکتەب، ڕوبع) دەربانەبڕێ.

هەروەها لە هەندێ دەربڕینی دیکەی ژمارەیی وەکو (دوو جار بیست، سێ جار پێنج)، کە ئاشکرایە ئەم دەربڕینانە لە زمانی کوردی هی نەخوێندەوارەکانە، چونکە خوێندەوارەکان تا ئەو ڕادەیە بیرکاری دەخوێنن، کە بتوانن ژمارەکان بناسن و کرداری کۆکردنەوەی ژمارە گەورەکانیش بکەن، بۆیە ئەوان هەمان دەربڕینی نەخوێندەوارەکان، بە دروستی دەردەبڕن: (چل ، پازدە).

٥- پێگە: مەبەست لە پێگە هەردوو لایەنی پێگەی بەرز و نزم دەگرێتەوە. هەر کەسێک لە کۆمەڵگاکەی خۆی لە ئاستی هەرێم و شار و گەڕەک لە لایەک و لە لایەکی دیکە لە ئاستی کۆمەڵ و شوێنی کار و خزم و ناسیار و خێزانی خۆیدا پێگەیەکی هەیە، ئەم پێگەیەش کۆمەڵ، یان کەسانی دەوروبەری، یان خێزان بۆ تاکی دادەنێن. پێوەندی کۆزمانەوانییەکەش بەو پێگەیە، مەرج نییە لەبەرئەوە بێ، کە ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە، واتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو ڕیشسپی و براگەورە و سەرۆک هۆز و... بێ، بەڵکو دەشێ ئەو تاکە پێگەیەکی سیاسی، یان ئایینی، یان زانستی و هونەری ... هەبێ، بەڵام کۆزمانەوانی لەو خاڵەوە حەق بە خۆی دەدا، کە لە ڕووی زمانەوانییەوە لەو پێگەیە بکۆڵێتەوە، چونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە وەکو ڕێککەوتنێکی گەلەکی

کـــۆمـــەڵگایە و دەوروبەر، یان خـــێـــزان پێگەیەکی کۆمـەڵایەتی دەدەنێ، جـا ئەگـەر وەکـو پـیـشـە ئەو تـاکـە پێگەکەی لە یەکێ لەوانەی سەرەوە بێ، کە ژمارەمانن.

د. مـــحـــەمـــەد ڕەزای باتینی (تێکڕایی پێگە کۆمەڵایەتییەکانی تاکێک لە بەرانبەر تاکێکی دیکە بۆ سێ ئاستی پێگە دابەش دەکا. (ئاستی بەرزتر، ئاستی بەرانبەر، ئاستی نزمتر)(٢١).

بە نموونە پێگەی کـــۆمـــەڵایەتی باوک بەرانبـــەر منداڵەکانی، سەرۆک بەرانبەرگەل، مامۆستا بەرانبەر قوتابی، برا گەورە بەرانبەر برا گچکە، دایک بەرانبەر منداڵەکانی، بەڕێوەبەر بەرانبەر فەرمانبەر، ئەفسەر بەرانبـەر ســەرباز... ئاسـتی بەرزترن. هەروەها کـوڕ بەرانبەر کوڕ، هاوڕێ بەرانبەر هاوڕێ، سەرۆک بەرانبەر سـەرۆک، باوک بەرانبـەر باوکـێکی دیکە، کـارمـەند بەرانبـەر کـارمـەند، سـەرباز بەرانبـەر سـەرباز، ئەفسـەر بەرانبـەر ئەفسـەر... ئاستی بەرانبـەرن. هەروەها منداڵ بەرانبـەر باوک، منداڵ بەرانبـەر دایک، هاوولاتیـیـەک بەرانبـەر سـەرۆک، کـارمـەند بەرانبـەر بەڕێوبەر، سـەرباز بەرانبەر ئەفسەر... ئاستی نزمترن.

هەر تـاکـێک لە کـاتی ئاخـاوتنی بەرانبـەر تـاکـێکی دیکە، دەتوانێ بە پێی ئاسـتی پێگەی بەرانبـەرەکـەی شێوەی ئاخاوتنی بگۆڕێ، چونکە (زمانیش وەکو زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە، دەبێ بە پێی شوێنکات بۆ بەکارهێنەرەکەی خۆی بگونجێنێ.)(٢٢)

ئەمەش وا دەکا شێوە و جۆری ئاخاوتنی جیا لە زماندا بە پێی پێکهاتە جیاوازەکان بێتە کایەوە.

کۆزمانەوانی کار لەسەر جیـاوازی شێـوازی ئاخاوتنی تاکێک دەکـا، کـاتێ لە ئاسـتی بەرزتر، یان نزمـتردایە، زۆر جار دەکرێ تەنیا بە شێوازی قسەکردنی نێوان دوو تاک بزانین، کە پێگەی ئەو تاکانە دەکەونە کام پێگەوە. بە نموونە لەم ڕستانە: (دەی هەر ئێستا کارەکانت تەواو بکە، جارێکی دی نەبیستمەوە، لە ئیشەکانت سارد و ســـڕ بی.. ها!)، (دێی بچـــینە پەنایەک جگەرەیەک بکێشین؟)، (دەکرێ بەڕێزتان ئیزن بفەرموون قسەیەک لە حزووری جەنابتان بکەم؟)

ئەگـەر هەر کـەسێ ئەم ڕسـتـانە لە پێـوەندییـەکی تەلەفـۆنیش ببـیـسـتێ، ئەوا دەزانێ لە ڕسـتـەی یەکـەم قسـەکـەر پێگەی لە ئاستی بەرزترە و لە ڕستـەی دووەم پێگەی قـسـەکـەر و گـوێگر بەرانبـەرییـە و ڕسـتـەی سێیەمیش قسەکەر پێگەی لە ئاستی نزمترە.

بەڵام دەبێ وەکـو تێبـینییـەک ئەوە بخەینە بەرچاو، کـە زۆر جـــار بە هـۆی ڕێزگـــرتنێکی زۆرەوە لـە لایەن قسەکەرەوە، ئەگەر لە ئاستی بەرانبەریشدا بێ. شێوازی ئاخاوتنی وەکو ئاستی نزمتری لێدێ، بۆیە ئەو ئاخاوتنەی کە ڕێزگرتن تێیدا زاڵە بەسەر پێگەی کۆمەڵایەتییەکانی هەریەکەیان، ئەوا ناچێتـە ژێر لێکدانەوەی کۆزمـانەوانی پێگە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

تەوەری سێیەم
زمانەکانی دەرەوەی زمانی دایک

ئەگەرچی زمانیش کاردانەوەی لەسەر کۆمەڵگا هەیە، بەڵام بە هەمـان ئەندازەی ئەو کـاریگەریە نیـیـە، کـە کـۆمـەڵگا لەسـەر زمـان هەیەتی. ئەگـەر ئەو بۆچوونە لە بارەی وەرگـرتنی وشـە و زاراوەی بێگانە (اقـتـراض) دروست بێ، کـە دەڵێ: (وەرگرتنی وشـە پێویسـتـییـەکی کـــۆمـــەڵایەتی، ســـیـــاسی، ... ئابووریـیـــە، نەک زمانی)(٢٣). ئەوا بە تەرجەمەکردنی ئەو ڕایەی سەرەوە لەســەر وەرگــرتنی وشــە بۆ زمــانە تایبــەتی و چەند زمانییەکان، دەبێ ئەوەش دروست بێ، کە دروستبوونی خودی زمـانە جۆراوجـۆرەکـانی وەکـو زمـانی تایبـەتی و زمـــانی چەندزمـــانەیی -دواتر لێـــیـــان دەدوێین- پێـویسـتـییـەکی کـۆمـەڵایەتی و سیاسی و... ئابووریـن، نەک زمـانی. هەروەک ئەوەی (گـۆڕانە کـۆمـەڵایەتیـەکـان لەگـەڵ خۆیان سەرهەڵدانی وشە و زاراوەی نوێ پێـویست دەکەن و هەموو زمانێکیش لە توانایدایە پێویستییەکانی خۆی دابین بکات.)

دیاردەی کۆمەڵایەتی زمانە تایبەتی و چەندزمانییەکان دروسـتـیـان دەکـەن، بۆیە دەشێ ئەو زمـانانە تەنیـا لەو ژینگەیە، یان تەنیـا لەناو ئەو تاک و گـرووپانە بەکـار بێن، کـە ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییـەی لەخۆ گـرتووە، هەرم ئەم سیفەتەش زمانە تایبەتی و چەندزمانییەکان لە زمانی گـشـتـی جـودا دەکـاتەوە، کـە زمـانی ئاسـایی هەر نەتەوەیەکە.

زمانە تایبەتییەکان

زمانە تایبـەتییـەکان: (مەبەست لەو شێـوازە ئاخاوتنە کۆمەڵایەتیانەیە، کە پێوەندییەکی لاوازیان لەگەڵ یەکدی هەیە.)(٢٤)

ئەو جۆرە زمانانە تا ڕادەیەک لە واتا و بەکارهێناندا هێمادار و پڕپێچن و هەندێ جار هونەرکارییان تێدا دەنوێنرێ. گۆڕانکاری لەو شێوانەش لە زماندا بە ئاسانی ئەنجام دەدرێ، چونکە (بە بەرانبەر پێکگرتنی ئەو سروشتەی زمان هەیەتی، هەروەها ئەو سروشتەش کە مرۆڤ هەیەتی، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ، کە زمان ماهیەتی بەرفراوانبوون و لێک کشانی هەیە) (٢٥)، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەگەر گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکان...، پێویستیان بە هاتنەئارای هەر جۆرێکی دیکەی زمان، یان گۆڕانە زمانییەکان هەبێ، ئەوا هەم زمان وەکو سروشتی خۆی و هەم مرۆڤیش بەو سروشتەی کە هەیەتی، دەتوانێ بیانهێنێتە ئاراوە.

زمانە تایبەتییەکانیش ئەم جۆرانەن:

١- زمانی جنێوفرۆشی: ئەم جۆرە زمانە، ڕەسمیەتی بەکارهێنانی ئاشکرای لە کۆمەڵگادا نییە، چونکە بێڕێزی و سووکایەتی پێکردنی بەرانبەر یەکێکە لە ئەدگار و ئەرکە هەرە دیارەکانی. هەرچەندە ئەم جۆرە زمانە لای زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانی کۆمەڵگا بەکار دێ، لە بەرانبەر دیاردەیەکی ناشیرین، یان کەسێک کە ڕەفتارێکی نەشیاو ئەنجام بدا، بەڵام بەکارهێنانی گشتی نییە و ناتوانرێ لە هەموو شوێن و کات و لە بەرانبەر هەموو کەسێک بەکار بهێنرێ.

ئەم جۆرە زمانە زیاتر لە نێو هەرزەکاران و منداڵان بەکاردێ، کاتێ لەسەر شتێ بەشەڕ بێن. لەبارەی ئەم جۆرە زمانە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد نووسیویەتی: (تاکە سووک و بێ ئابڕووەکان سوود لەم جۆرە زمانە وەردەگرن، کە زمانێکی ئاست نزم و ڕەمەکیانەیە) (٢٦).

ئەم زمانە بە مەبەستی سووک کردن و شەڕپێفرۆشتن بەکار دەهێنرێ و کەسی بەرانبەر قبووڵی ناکا و کاردانەوەی توندی لە بەرانبەردا دروست دەبێ -ئەگەر دەسەڵاتی هەبێ-. وەکو ئەو وشە و دەستەواژانە: (خۆڕی، گەواد، ژنحیز، سەرسەری ...)، (هەی خۆڕی سەگباب، هەی داک و خوشکت...).

٢- زمانی هێما: ئەم جۆرە زمانە لە نێوان دوو کەس، یان دوو گرووپ دروست دەکرێ، بە مەبەستی ئەوەی کەسانی دی لێی تێنەگەن، زۆربەی ئەو زمانە دروستکراوانەش بە تایبەتی ئەگەر لە نێوان دوو گرووپ بەکاربێ، بەردەوام لە گۆڕاندایە.

ئەم زمانە پتر لە کاتی شەڕ و جەنگی چەکداری نێوان دوو وڵات، یان دوو دەستە بەکار دێ، هەر ناوێک، یان ژمارەیەک بۆ ناوی کەسەکان، یان شوێنەکان، یان کاتەکان دادەنێن، زۆر جار بۆ کار «فرمان»ی ڕستەکانیشیان وشەی دیکە بەکار دەهێنن، ئەو وشانە هەموویان هێمان بۆ وشەیەکی دیکە، کە لە فەرهەنگی زمانەکەدا واتای زۆر لێک دووریان هەیە، ئەمەیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەکو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، یان لە تەلەفۆن بەکار دەهێنرێ. هەروەها ئەم جۆرە زمانە لە نێوان دوو هاوڕێش، یان کوڕ و کچێکی دڵدار بەکار دەهێنرێ، کاتێ نایانەوێ کەسێکی دیکە لێیان تێبگا. ئەمەش لە تەلەفۆن دەبێ. هەروەها قوتابیانیش لە کاتی تاقیکردنەوە بە مەبەستی قۆپیە سوودی لێ وەردەگرن.

بە نموونە (لە ژمارە پێنجەوە بۆ هەندرێن، تکایە لە کاتژمێر سفر جەنگەڵەکە لە چەقەڵەکان پاک بکەنەوە.)، کە دەشێ ژمارە پێنج هێما بێ بۆ سەرلق، یان سەرپەل و هەندرێنیش سەرتیپ، یان سەرشانەیەک بێ، کاتژمێر سفریش دەشێ کاتژمێر ١، ٢، ٣.. بێ و چەقەڵیش هێزێکی بەرانبەر بێ و جەنگەڵەکەش ڕەبایە، یان سەربازگەیەک بێ و پاک کردنەوەشی مەبەستی کوشتن، یان بەدیل گرتن بێ.

٣- زمانی هونەری: ئەم جۆرە زمانەش وەکو زمانی هێما، لە نێوان دوو کەس، یان تاکەکانی گرووپێک بەکار دەهێنرێ، کە هونەرکاریەکی تێدا دەکرێ. بە مەبەستی ئەوەی خەڵکانی دەرەوەی بەکارهێنەرانی لێیان تێنەگەن، بە تایبەتی ئەو خەڵکانەی کە هێشتا ئەو زمانە نازانن. جیاوازی زمانی هونەری لەگەڵ هێما لەوەدایە، کە زمانی هونەری دەمێنێتەوە، بەڵام زمانی هێما ئەو تەمەنەی نییە، هەروەها دەکرێ بە وردبوونەوە و گۆڕگرتن، زمانی هونەری لە بەکارهێنەرانی فێربین، بەڵام زمانی هێما، ناکرێ بە گۆڕگرتن فێری بین. بە نموونە هەر ئەم جۆرە زمانە لە کوردیدا (هەزەمەزە) یان (هەزەلەزە)ی پێ دەگوترێ.

هونەرکاریەکەش لە ناو زمانی گشتی (کوردی دایک) دەکرێ. وشەکانی هەر ڕستەیەک بۆ فۆنیمەکان کەرت دەکەن و زنجیرەیەک فۆنیم کە بەزۆری (هەه) یان (هزە) دەخەنە پێش هەر فۆنیمێک و جگە لە هەردوو فۆنیمی ڤاوڵی (ە، ا). کە هەندێ جار ئەم زنجیرە دەنگە دەچێتە دوای فۆنیمی (ا)ش، ئەگەر کەوتبێتە کۆتایی بڕگە. بە نموونە ڕستەیەکی ئاسایی وەکو (ئەو نان دەخوات.)،

دەبێتە (ئەزە وەزە نەزە دەزە خازە تەزە)، یان (ئەهە وەهە ناهە نەهە دەهە خاهە تەهە.). لەم زمانەدا ڤاوڵەکان هیچ گۆڕانێکیان بەسەر نایەت و لە شوێنی خۆیان دادەنیشنەوە، بەڵام هەردوو ڤاوڵە (ە)ەکەی (ەزە) ئەگەر بکەونە تەنیشت ڤاوڵەکان، ئەوا بە هۆی یاسای تێچوونی فۆنۆلۆژی تێدەچن.

بۆ دروستکردنی ئەم زمانە، دەتوانرێ هەموو فۆنیمەکان جگە لە (ە ، ا) لە جیاتی (ز، ھ) دابنرێ، وەکو (ەکە)، (ەلە)، (ەوە)، ... تاد.

هەروەها هەندێ جار بۆ دروستکردنی ئەو زمانە، وشەی ڕستەکان بۆ برگەکان کەرت دەکرێن، نەک بۆ فۆنیمەکان، بە نموونە ڕستەیەکی وەکو (دە/مە/وێ/بێ/مە/لا/تان.)، دەبێتە (دەزە مەزە وێزە بێزە مەزە لازە تازە نەزە.)

٤- زمانی منداڵ: مەبەست لەو جۆرە زمانە زمانی منداڵ نییە، بەڵام لە لاساییکردنەوەی زمانی منداڵ دروست دەبێ، ئەم زمانە لە لایەن گەورەکانەوە بەکار دێ، کاتێ دەیانەوێ بە زمانی منداڵەکە قسە بکەن. ئەدگاری ئەم جۆرە زمانە ئەوەیە، کە هەندێ لە دەنگەکان بۆ ئەو دەنگانە دەگۆڕدرێ، کە منداڵ دەتوانێ دەریانبڕێ و بۆ ئەو ئاسانە، هەروەها کورتکردنەوە لە ئاستی وشە و ڕستەدا دەکرێ، کە زۆر جار گۆڕانی دەنگی و کورتکردنەوەکە دەچێتە دەرەوەی یاسا زمانییەکانی زمانی دایک و ماناکان دەشێوێنن. وەکو ئەوەی ئەگەر دایکێک بیەوێ بە منداڵەکەی بڵێ: (وەرە بۆ لای دایکت، وەی بابەڕۆ چەند جوانی!)، دەڵێ: (وەلە دایەی، وەی بابەلۆ سەند ذوانی!).

زمانە چەندزمانەییەکان

مەبەست لە چەندزمانەیی ئەوە نییە، کە کەسێک چەند زمانێک دەزانێ و دەتوانێ بە نووسین و ئاخاوتن بەکاریان بێنێ، بەڵکو مەبەست لەوەیە، کاتێ کەسێک دەچێتە ژینگەیەکی نوێ، کە ئاشنای زمانی ئەو ژینگە نوێیە نییە و ناچارە کار لەسەر زمانێک بکا و ئەو کێشەیە چارەسەر بکا. جا لێرەوە چەمکی چەندزمانەیی دێتەکایەوە.

بۆ لێک جیاکردنەوەی دووزمانزانی و چەندزمانەیی، جاشوا فیشمەن دەڵێ: (دووزمانزانی بەهرەیەکی تاکەکەسییە و دیاردەیەکی زمانەوانی دەروونییە، بەڵام چەندزمانەیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە)(٢٧). ئەم بۆچوونە جگە لەوەی هەردوو دیاردەی دووزمانزانی و چەندزمانەییمان بۆ لێکدی جودا دەکاتەوە، ڕێگەی ئەوەشمان پێ نیشان دەدا، کە پێویستە لە چوارچێوەی کۆزمانەوانی لە دیاردەی زمانی چەندزمانەیی بکۆڵینەوە. (هەروەک ئەوەی دەروونناسانی زمان باسیان کردووە، ئاخێوەرانی هەر زمانێک ژێردەستەی زمانەکەیان نین، ئەوان دەتوانن بەپێی پێویست زمانی جودا بەکار بهێنن)(٢٨). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە توانای مرۆڤ گەورەترە لەوەی بکەوێتە ژێر دەسەلاتی هەر زمانێک و دەتوانێ لەو زمانە زیاتر بەکار بهێنێ، بۆیە دەبینین هەموو تاکێک لە توانایدا هەیە، بە پتر لە زمانێک بنووسێ و قسە بکا. جگە لەوەش مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە، زمانێکی نوێ بێنێتە کایەوە، یان گۆڕانکاری بەسەر زمانەکاندا بهێنێ، یان زمانەکان تێکەڵ بکا و زمانێکی نوێی لێ بەرهەم بهێنێ.

لەبەرئەوەش کە ئەو توانایە لە مرۆڤدا هەیە و زمانیش ئەو نەرمیەی بۆ گۆڕان تێدایە، لە بەرانبەر ئەوانەش کە تێکەڵبوونی گرووپی جودای زمانەکان بە هەر هۆیەک بێ، لە ژیانی نەتەوەکاندا بوونی هەیە، کەواتە دروست بوونی زمانی نوێ، یان گۆڕانکاری گەورە لە زمانێک، یان لێکدانی دوو زمان و زیاتر... هەم دەشێ ئەنجام بدرێ و هەم پێویستیشە.

بەم دۆخانەی سەرەوە چەند جۆرە زمانێ دروست دەبن کە ئەمانەن:

١- زمانی پێککەهێن (وسیط - میانجی): «لوی-ژان کالڤا» وەها پێناسەی ئەم جۆرە زمانە دەکا، (زمانێکە بۆ پێوەندیکردن لە نێوان پتر لە گرووپێک بەکار دێ، کە دایکەزمانێکی هاوبەشیان نییە)(٢٩).

یەکەم جار لە ناوچەی «مەدتیرانە» لە سەدەکانی ناوەڕاست، جۆرە زمانێک بە ناوی «سابیر» دروست بوو، مەدتیرانە شوێنێکی بازرگانی بوو، کە بازرگانانی جودازمان ڕوویان تێدەکرد، ئیدی لە ئەنجامی ئەوە زمانی «سابیر» دروست بوو. (کە بەشی هەرە زۆری ئەو زمانە، لە زمانەکانی ئیتاڵی و فەڕەنسی و ئیسپانی پێک هاتبوو، جگە لەمانەش هەندێ ڕەگەزی زمانەکانی یۆنانی و عارەبی و تورکی لەخۆ گرتبوو)(٣٠).

لەبەرئەوەی ئەو زمانە (پێوەندییەکی بازرگانی دروستی کردبوو، نەک پێوەندیەکی زمانی، بۆیە لە ڕووی وشە و

دەستووورەکانی زمان زۆر هەژار بوو، تەنیا بەشی هەڵسووڕاندنی کاروباری بازرگانی دەکرد)(۳۱).

نە لە مێژوودا و نە هەنووکەش نموونەی زمانێکی پێکگەیەن نادۆزمەوە، کە زمانی کوردی لە پێکهاتەکەیدا بەشداری کردبێ.

(هەروەها بە ڕای «د. محەمەد ڕەزای باتینی» زمانی پێکگەیەن بۆ حاڵەتێکی دیکەش بەکار دێ، کە کاتێ دوو کەس زمانی یەکدی نازانن، ئەوا ناچارن زمانی سێیەم بەکار بهێنن، کە هەردووکیان دەیزانن، نموونەشی بەوە هێناوەتەوە، کە ئەگەر لە ئێران کوردێک و تورکێک بگەنە یەک، کە زمانەکانی یەکدی نەزانن، ئەوا زمانی فارسی وەکو زمانی پێکگەیەن بەکار دێنن)(۳۲).

بۆ ئەوەشیان من نموونەیەک نابینمەوە، کە ئەگەر دوو کەسی جودازمان کە زمانی یەکدی نازانن، بگەنە یەکتر و زمانی کوردی وەکو زمانی پێکگەیەن بەکار بهێنن.

۲- زمانی پەیجین: دەکرێ بڵێین زمانی پەیجین ئەو زمانەیە، کە لە ئاوێتەبوون و تێکەڵبوونی دوو زمانی سەربەخۆ پێک دێ، تێکەڵبوونەکە تا ڕادەی بنەما دەستوورییەکانی هەردوو زمانەکە قووڵ دەبێتەوە، بە شێوەیەک ئەگەر تاکێک کە تەنیا دایکەزمانێکی ئەم دوو زمانە بزانێ، ئەوا ناتوانێ لەم زمانی پەیجینە بگا، لە کاتێکدا زمانی دایکی خۆی نیوەی پێکهاتەکەیەتی.

سەرەتا ئەم زمانە بە هۆی بازرگانییەوە لە کەنارێ دەریای چین هاتە ئاراوە، کە ئەو کەنارە جێگای بەیەکگەیشتنی بازرگانە ئینگلیز و چینییەکان بوو، پەیجین لە وشەی (Business)ی ئینگلیزییەوە هاتووە. وشەکانیشی پتر ئینگلیزی بوون، بەڵام لایەنە ڕستەسازیەکانی پتر چینی بوون، کەچی ئەم زمانەش لە توانایدا نەبوو، هەموو ئەرکە زمانییەکان ببینێ و پتر بۆ کاری بازرگانی شیاو بوو)(۳۳).

لەوانەیە بکرێ وەک نموونەیەکی زمانی کوردی، زمانی بەختیارییەکانی لوڕستانی ئێران بخەینە بەرچاو، کە ئەگەرچی لە بنەڕەتدا زمانی ئەوان کوردی بووە، بەڵام بە هۆی تێکەڵبوونی لەڕادەبەدەریان لەگەڵ فارسەکان و کەوتنە ژێر کاریگەری کولتووری فارسی، زمانەکەی ئێستایان لە هەموو ڕووەکانەوە پتر پێکهاتەی زمانی فارسی تێدایە، نەک کوردی.

۳- زمانی کرێوڵ: (لوی - ژان کالوا) پێی وایە (بۆ دروستبوونی زمانە کرێوڵییەکان پێویستیمان بە تێکەڵبوونی دوو گرووپ هەیە، کە گرووپێکیان ژمارەیان کەمە، بەڵام زاڵن. گرووپەکەی تر ژمارەیان زۆرە، بەڵام ژێردەستەی گرووپە کەمینەکەن و لە نێوانیشیاندا هیچ زمانێکی هاوبەش نییە)(۳٤).

لە لایەکی دیکەوە (مایکل ئێگراد) (جیاوازی نێوان زمانی پەیجین لە زمانی کرێوڵ لەوەدا دەبینێ، کە زمانی کرێوڵ لە بنەڕەتدا زمانی گرووپی یەکەمە، بەڵام زمانی پەیجین وەکوبەک و بە هەمان ڕاددە لە نێوان دوو گرووپ هاوبەشە و ناکرێ بە تەنیا ببینەوە سەر دایکەزمانی هیچ گرووپێکیان)(۳۵)، بۆ ئەمەشیان ناتوانم زمانی کوردی، یان یەکێ لە زارەکانی کوردی بکەمە نموونە، چونکە من نەمبیستووە لە شوێنێک زمانی کوردی بووبێتە زمانی کرێوڵ.

پەراوێزەکان:

۱ - کورشی صفوی، گفتارهایی در زبان شناسی، انتشارات هرمس، تهران، ۱۳۷٦، ل ۱۱۳.

۲- هەمان سەرچاوە، ل ۱۱۳.

۳- مایکل اگراد و دیگران، درآمدی بر زبان شناسی معاصر - ترجمه: علی درزی..؟ ل ۱٦۵.

٤- گروه نویسندگان و مترجمان، زبان و جامعه شناسی - مجموعه مقالات- سازمان چاپ و انتشارات، تهران، ۳۸۱، ل ۳٤.

۵- مایکل اگراد...ل ۵۲٤.

٦- هەمان سەرچاوە، ل ۵۲۵.

۷- هەمان سەرچاوە، ل ۵۳۱.

۸- هەمان سەرچاوە، ل ۵۳۱.

۹- هەمان سەرچاوە...ل ۵٤۱.

۱۰- هەمان سەرچاوە...ل ۵۲۳.

۱۱- جولیا، اس فالک، زبان شناسی و زبان - بررسی مفاهیم بنیادی زبان شناسی -، ترجمه: خسرو غلامعلی زاده، چاپ پنجم، ۱۳۷۷، ل ۹۳.

۱۲- گروه نویسندگان و مترجمان، ...ل ۹٤.

۱۳- هەمان سەرچاوە ...ل ۹٤.

۱٤- هەمان سەرچاوە ...ل ۱۰۱.

۱۵- هەمان سەرچاوە ...ل ۳۸.
۱٦- هەمان سەرچاوە ...ل ٤۱.
۱۷- رابرت لارنس ترسک، مقدمات زبان شناسی، ترجمه: فریار اخلاقی، انتشارات نشرانی، چاپ اول، تهران، ۱۹۸۰، ل ۱۱۹.
۱۸- گروه نویسندگان و مترجمان، ...ل ۳۷.
۱۹- گروه نویسندگان و مترجمان، ...ل ۳۷.
۲۰- پیتر ترادگیل، زبان شناسی اجتماعی ـ درآمدی بر زبان و جامعه ـ، ترجمه: محمد طباطبایی، دفتر نشر آگه، چاپ اول، تهران، ۱۳۷٦، ل ۱۳۲.
۲۱- گروه نویسندگان و مترجمان، ...ل ٤۳.
۲۲- پیتر ترادگیل، ...ل ۱۳۱.
۲۳- جولیا، اس فالک، ...ل ۸۵.
۲٤- مایکل اگراد...ل ٥٤٦.
۲٥- جولیا، اس فالک، ...ل ۷۹.
۲٦- مایکل اگراد...ل ٥٤٦.
۲۷- لویی- ژان کالوا، درآمدی بر زبان شناسی اجتماعی، ترجمه: محمد جعفر پوینده، انتشارات نقش جهان، چاپ اول، تهران، ۱۳۷۹، ل ۷٤.
۲۸- پیتر ترادگیل، ...ل ۱٦۱.
۲۹- لویی - ژان کالوا، ...ل ٦۹.
۳۰- مایکل اگراد...ل٥٥۱.
۳۱- لویی - ژان کالوا، ...ل٥۱.
۳۲- گروه نویسندگان و مترجمان، ...ل۱٥
۳۳- لویی - ژان کالوا، ...ل٥۲.
۳٤- لویی - ژان کالوا، ...ل٦۷.
۳٥- مایکل اگراد...ل ٥٥۳.

* سارنجۆک: ئەو کونە ئەشکەوتەیە، کە جێیەکی سارد و نسێیە، خەڵکانی ئەو ناوچەیە پەنیر و هەر خۆراکێکی تێدا هەڵدەگرن، کە مەترسی ئەوەی هەبێ، بە گەرمای هاوینان تێک بچێ.

** ئەگەرچی جیاوازی لە ئاستی ڕستەسازی خاڵی لێک جیاکردنەوەی دوو زمانە، لەگەڵ ئەوەش جیاوازی ڕستەسازیانە لە نێوان دوو زار، یان دوو شێوەزاری یەک زماندا هەیە، بەڵام جیاوازییەکان سادەن و یاسا بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی ناگرنەوە. ئەگەر جیاوازیەکە هێندە قوواڵ بێ، کە زۆربەی یاسا ڕستەسازیەکان بگرێتەوە، کەواتە ئەو دوو زارە، دوو زمانی سەربەخۆن.

*** هەندێ جار لە زماندا وشەیەک کە لە خودی خۆیدا تابۆ نییە، بەڵام لەبەرئەوەی لە فۆرم و درکاندندا وەکو وشەیەکی تابۆیە، یان بەشێکی وەکو وشەیەکی تابۆیە، ئەوا وشەکە دەگۆڕدرێ. وەکو ئەوەی سەرەتا وشەی «یاریکەر» بە پێی ڕێبازی زاراوەسازی پێوانە، لەسەر پێوانەی وشەکانی (نانکەر، ئیشکەر، دارکەر...) ڕۆنرا، دواتر لەبەرئەوەی پاشگری «کەر» -کە لە ڕەگی چاوگی «کردن» و «ر»ی مۆرفیمی بکەری دروست بووە- لە (یاری + کەر)دا لەگەڵ وشەی (کەر)ی هاوواتای گوێدرێژ هاوفۆرم و هاوبێژبوون، ئەو وشەیەیان کردە (یاریزان).

سەرچاوەکان:

۱- پیتر ترادگیل، زبان شناسی اجتماعی، درآمدی بر زبان و جامعه، ترجمه: محمد طباطبایی، دفتر نشر آگه، چاپ اول، تهران، ۱۳۷٦.
۲- جولیا، اس فالک، زبان شناسی و زبان-بررسی مفاهیم بنیادی زبان شناسی-، ترجمه: خسرو غلامعلی زاده، چاپ پنجم، ۱۳۷۷.
۳- رابرت لارنس ترسک، مقدمات زبان شناسی، ترجمه: فریار اخلاقی، انتشارات نشرانی، چاپ اول، تهران، ۱۳۸۰.
٤- کورشی صفوی، گفتارهایی در زبان شناسی، انتشارات هرمس، تهران، ۱۳۸۰.
٥- گروه نویسندگان و مترجمان، زبان و جامعه شناسی - مجموعه مقالات - سازمان چاپ و انتشارات، تهران، ۱۳۸۱.
٦- لویی- ژان کالوا، درآمدی بر زبان شناسی اجتماعی، ترجمه: محمد جعفر پوینده، انتشارات نقش جهان، چاپ اول، تهران، ۱۳۷۹.
۷- مایکل اگراد و دیگران، درآمدی بر زبان شناسی معاصر، ترجمه: د. علی درزی...؟.

هورمزگان؛ سەرەتای سەرهەڵدانی لیریکای نۆیساری کوردی

عادڵ محەمەد پوور
(مەریوان)

لە نەهامەتییە مەزنەکانی کورد، بەداخەوە ئەوەتا بەو هەموو دەوڵەمەندییەوە، هێشتا مێژووی سەرهەڵدانی دیرۆک، ئەفسانە، ئوستووڕە و شیعر و ئەدەبمان، بەڕوونی و سانایی وەک باقی گەلانی تر، ساغ نەکراوەتەوە. ئەمە لە ناخدا دەتوانێ هۆکارێکی گەورەبێ بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و ژین و ژیاری فەرهەنگیمان. ئەم بۆشاییەش بۆ هەندێ هۆکاری چەسپێنراو دەگەڕێتەوە کە خستنەڕوویان کایەیەکی تری دەوێ و دەرفەتێکی تر، بەڵام خۆشمان کەمتەرخەمیمان کردووە و هەر کاتێکیش ویستبێتمان لەخۆمانەوە، یان بە قۆستنەوەی لەدیتران بەڵگەیەکی مێژوویی بخەینە ڕوو لەجیاتی چەسپاندنی زانستی و ئاکادیمی و شیکاری بەڵگەکە، خۆمان تەیار کردووە، لەجیاتی هێنانەوەی بەڵگەی ئەرێنی و ئیسپانی و پۆزەتیڤ، بەگژ مەسەلەکەدا چووین و خۆمانی لێ دوور دەخەینەوە. ئەم باسە کە خراوەتە ڕوو و خەریکە بابەتێکی ڕۆژی بۆ تۆژینەوە، لێدەوروورێ، بەهەواڵێکی تازە و چاوەڕوان نەکراوی دەزانین و زۆربەشمان سەرسام دەمێنین و دەکەوینە وتوێژە: ئەمە چی بوو ئەمە لەکوێوەهات؟!

هەورامانی مێژینە و ئەوورایی و تاقانەی کوردەواری لە ڕەوڕەوەی مێژوودا تاکو ئێستا توانیویەتی پارێزەری دابونەریت و ئەدەب و ئوستووڕە و ئەفسانە و دیرۆک و کەلەپووری نەتەوەییمان بێ. ڕەوتی زەمەن، گەردی بێ وەفایی زەمان گێژەلوکەی شاڵاوگەری نەیتوانیوە سیمای خاوێنی بشارێتەوە. ئەگەر ئەو هەورامانە نەبوایێ تا

ئێستا هەندێ لەئاسۆی مێژووەکەمان نادیار و پێوار دەمایەوە. ئەم مەسەلەیە تەنیا ئەدەب و شیعر و کەلەپوور ناگرێتەوە، بەڵکو هەندێ چەمکی شارستانییەت و مەدەنییەت و مەزاتی تری ئەمرۆیی دەگرێتە خۆ. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەورامان ئەوەتە: کە لە ڕەوتی مێژوودا سەربەرز و سەربەست ماوەتەوە و تەسلیم و دەسبەسەر و ملکەچی هەندێ قەید و بەند و بەستنەوەی دابێ کۆن و سواو نەبووە، بەڵکو لەفۆرم و ناوەرۆکدا خوڵقێنەری لیریکاو جوانی و نوێکاری و نوێباوی و بزاوتوویی بووە.

لێرەدا نامەوێ لاوەکی و تەنیشتی لە مەسەلەکە دوور بکەمەوە. دەمەوێ لەسەر دەقە شیعرییەکەی «هورمزگان» دیالۆگ بکەم.

لە یەکەم کۆڕی گشتی دامەزراندنی «ئەنجومەنی ئەدەبی، فەرهەنگی بێسارانی» لە باسەکەمدا ئاماژەم بەم خاڵە کرد کە شیعری «هورمزگان» بە پێگەو بنەمای سەرهەڵدانی شیعری کوردی دەژمێردرێ. ئەویش بەپێی بەڵگەی زانستی و شەمی شیکاری و توێژینەوەی بابەتەکە و ئەو بەڵگانەی کە لەمێژوودا چەسپاوە و هەندێ لەخاوەن ڕایانی کورد و غەیرە کورد باسیان لێ کردووە. ئێستا پێداگری لەسەر هەمان مەسەلەدا دەکەم. بە پێشنیاری «مەلا ئیبراهیمی مەردوخی» وتارێک لەکاک «ئەحمەدی شەریفی مەهابادی»- کە لە گۆڤارێکی تردا پێشتر لەچاپ درابوو- لە سیروانی ژمارە ١٨٥دا بڵاوکرایەوە، تا باسەکە بخرێتە بەر تیشکی نیگای خاوەن قەڵەمانەوە. ئاخافتنی لەسەر بکرێ و هەرکەسە بەنۆبەی خۆی کارێکی شیاو و گونجاو لەم بەستێنەدا بکات. بۆیە من سەرەتا بووم بە ڕچەشکێنی مەسەلەکە و بە بۆچوونی خۆم ئاوڕی لێ دەدەمەوە و تا بەڵکو دیترانیش بێنەوە دەنگ و کەلێنێکی نادیار لە مێژووی ئەدەبی گەلەکەمان ڕوون بکرێتەوە، بەڵام پێویستە بەر لە چوونە ناو ناخی دەقەکەی کاک ئەحمەد، بەدوو دۆزی سەرەکی ئاماژە بکەم.

أ- لە ئاستی ناوەرۆکدا، دەقەکەی «هورمزگان» هەڵوێستی ڕۆحی و ڕەوانی ئەوکاتەی گەلی کوردی هەورامانە بەرانبەر بە شاڵاوگەری عەرەب.

ئەم ڕۆژە، ئەم کارەساتە بۆ ئێمە لایەنی زۆر پیرۆز و خاوێنێتی (تقدس)ی هەیە. ئەمە چەشنی خۆڕاگری ئەو وەختەی گەلی کوردە لە هەمبەر پەلامارى عەرەب بۆ سەرماڵ و سامان و ولآت. ئەگینا ئێستا مرۆڤی هەورامی بە باوەڕترین و تۆکمەترین توخمی کورد دەژمێردرێ و هەموویان باوەڕی پتەویان بەدیانەتی ئیسلام هەیە.

ب- لە باری فۆرم و ڕوخسارەوە، دەقەکە بە شیعرێکی ڕەسەن و پڕ ناوەرۆک و سانا و سادە و ناخەکی دەژمێردرێ کە ئەگەر گەرەکمان بێ تایبەقەندی و خەسڵەتەکانی شیعری کوردی بدۆزینەوە و بیانپارێزێن، ئەم شیعرە دەتوانێ پێگەیەکی ئەستوور بێ بۆ سەرهەڵدانی میژووی شیعریان. ئەو خەسڵەتانەی کە لە سەدەکانی دواییدا لەلایەن بێسارانی و مەولەوی و سەیدی و خاڵۆی کۆماسی و خانای قوبادی و مەلا پەرێشان.. وەک دابونەریتی ئەدەبی ڕەسەن و خاوێن بەدوور لە خەسڵەتەکانی ئەدەبی بیانی (فارسی و عەرەبی) پارێزراوە. ئەمە وابزانم خاڵێکی زۆر بەهێز و پتەو بێ بۆ شیعری کوردی کە بەدوور لە قۆستنەوەی عەرووز و قافیە و قاوغی عەرەبییە. ئامادەیی ئەم دەقە، نە تەنیا ڕادەی هونەری و جوانیناسی هێرمنوتیکی بۆ ئەدەبییەکەمان دەبەینە سەرەوە، بەڵکو دەبێ بە دەسپێکی میژووی تۆمارکراوی کورد. بۆیە نابێ قەت نکوولی لێ بکەین. دەشکرێ ئەم خاڵە بە شانازی بزانین، چونکە فارسەکان کە میژووی سەرهەڵدانی شیعریان تەنیا بۆ سێ سەدە پاش ئیسلام دەگەڕێتەوە. ئەویش هێشتا بەهەندێ شک و شیمانە و گومانەوە، لەکاتێکدا ئەم دەقە حاشاهەڵنەگرە، ئێمە سێ سەدە دەخاتە پێش ئەوانەوە.

مامۆستا (گۆران) کە مافێکی زۆری بەسەر نوێکردنەوەی شیعری ڕەسەنی کوردییەوە هەیە و لەسەر ئەم ئامادەییە، لە ڕوخسار و ناوەرۆکی شیعری کوردیدا تازەگەری و نۆژەنی نواند. خۆی بەمیرات بەری مەولەوی و بێسارانی و بەتێکڕا ئەدەبی گۆران دەزانێ و ئاوا تیشک دەخاتە سەر ئەم مەسەلەیە:

«مۆسیقای دەریاکانی عەرووز، بتەوێ و نەتەوێ، جۆرە وشکی جووینەوە و گرمەو نالەیەکی ئەوتۆی بە دەمەوەیە لەکاتی بیستندا شتێکی نوێ و نەبیستراوت پێ نابەخشێت. مەگەر هەر ئەوانەی پەسەندی بکەن کە خۆیان بەرهەمێکی زۆریان لەسەر ئەو تانوپۆیە چنیوە،

یان گۆڤچکەی چێژیان تەواو ئاشنای ئەو ئاواز و کێشانە بووە و وەک شتێک پێی ڕاهاتوون. ئەمڕۆ جگە لەوەش کە بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە لەگەڵ پێزی زمانەکەماندا ناگونجێت و ئەوەی زۆر لە بەرشانی زمانەکەمان خۆشە کێشی خۆمالّی فۆلکلۆرییە.. بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە تێکڕای هەموو شیعرەکانی مەولەوی و بەرهەمی ئەو شاعیرانەیە کە بە لەهجەی هەورامی و لە سەرکێشی (٥+٥) شیعریان هۆنیوەتەوەوە.

(کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، ل٣٥٠)

لێرەدا بۆ ئەوەی بچمە سەر باسە ئەسڵیەکە، دەقەکەی «هورمزگان» لەکتێبی (سبک شناسی یا تاریخ تطور شعر فارسی) لە دکتۆر محەمەد تەقی بەهار چاپی ١٣٤٧ لاپەڕە ٤٠ دەنووسینەوە و بەوردی باس لەخاڵە سەلبییەکانی باسەکەی ئەحمەدی شەریفی دەکەم کە لەسەر شیعری هورمزگان کردوویەتی:

هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان
هۆشان شاردەوە گەورە گاوران
زۆر کەر ئەرەب، کەردنا خاپوور
گنانی پاڵە، بشی شارەزوور
ژەن و کەنێکان، وە دیل بشێنا
مێرد ئازا تلێی وەڕووی هوونینا
ڕەوش زەردەشتر ماننەوە بێ دەس
بزیکا نیکا هورمز وە هیچ کەس

لێرەدا من نامەوێ وتەکانی نێو وتارەکەی کاک ئەحمەد دووپات بکەمەوە. جارێ باس لە مێژووی شیعرەکە و بەدەست چ کەسانێک کەوتووە و چ کەسانێ نووسیویانەتەوە.. باس ناکەم، بەڵام باس لە خاڵە سەلبییەکانی وتارەکە دەکەم:

١- کاک ئەحمەد لە بەشێک لەوتارەکەیدا، دەنووسێ: «شیعری هورمزگان هەر وەک دەبینرێ (قافیەی) هەیە و قافیەکەشی زۆر لە شیعرەکانی کتێبی (مزگانی) دکتۆر سەعیدخان دەچێ. بەداخەوە ئێستا کتێبی مزگانیم لەدەستدا نییە، هەتا نموونەیەکی پێشکەش بکەم...

لە وەڵامدا دەڵێین ئەگەر کاک ئەحمەد نموونەی لەبەردەستدا نییە ئەی چۆن بڕیاردەدا قافیەکانی ئەم دەقە لە قافیەی شیعری دکتۆر سەعید دەچێ؟! عەقڵییەت و لۆژیکی تۆژینەوەی ڕێ بەم چەشنە لێکۆڵینەوەیە نادات.

٢- کاک ئەحمەد لەخاڵی پێنجەمی وتارەکەیدا دەنووسێ: بۆ شیعرەکە قافیەی هەیە و پەنجەیی نییە؟ چۆن دەبێ قافیەی شیعری عەرەبی هەبی؟

جارێ بۆ کاک ئەحمەد زۆر دووڕە کە بڵێ شیعرەکە پەنجەیی نییە؟! ئەو شیعرە پەنجەییە و مامۆستا بەهاریش دانی بەم خاڵە داناوە هیچ گومان لەمەدا نییە. هێنانەوەی قافیە بۆ ئەو شیعرە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم شیعرە دوایی وتراوە و بەڵگەی قافیەش بهێنینەوە، بڵێین چونکە قافیەی هەیە کەوابوو هیجایی نییە.

دەبێ قافیە بۆ شیعری ڕەسەنی کوردی و بەگشتی زمانە ئێرانییەکان دیاردەیەکی قەرزی نییە کە ئێمە لە عەرەبەکان وەرمان گرتبێ. بەشێکی مۆسیقای پاڵەکی شیعرەکە و بەشێکە لەخەسڵەتەکانی شیعری پاڵەوی و سەردەمی ساسانیەکان بەم لاوە. نموونەشی لە شیعری پاڵەوی زمانی دەری هەر ئەم شیعرە هەورامییە دەبینرێ. دکتۆر خانلەری لەکتێبی کێشی شیعری فارسیدا لەلاپەڕە ٢٩ لەسەر قسەی «کریستین سین»ەوە دەنووسێ «لەیەکێکی تر لەبەشەکانی (بندهشن)دا کە سەرگوزەشتی تافی منداڵی (کەی قوباد)ە پێنج دێری ٨ هیجاییم دۆزیوەتەوە کە دێرەکانی سێیەم و چوارەم لەم دەقەدا قافیەدارن».

(عەزیزوڵڵا حاتەمی) لەکتێبی (میراث در ایران) لە وتاری ئێربریدا لاپەڕە ٣٢٩ دەڵێ: «ا.ج. ابری گوتوویەتی دەڵێن بارامی گۆڕ، شای ساسانی شاعیر بووە و قافیە ئەو دایهێناوە».

خاجە نەسیری تووسی لەلاپەڕە ٦ی کتێبی (معیار الاشعار)دا دەنووسێ: «ڕەنگە قافیە لەهەندێک لە دێرەکاندا و هەم بەیتەکاندا ڕەچاو کرابێ وەک چوارینەکان و ئورامنەکان». کە ئورامنیش چەشنێکە لە شیعری کۆنی پاڵەوی و بەتایبەت خەسڵەتی نەغمەی ڕەسەنی هەورامی. مامۆستا موعین لەبورهانی قاتیعدا لەژێر وشەی «ئورامن»دا، دەنووسێ: «ئورامن چەشنێ شیعر بووە کە بە زمانی پاڵەوی کۆن وتراوە». دوور نییە ئورامن هەر بەگشتی شێوازی کێشی پەنجەی هەورامییە و بەتایبەتی کە مەبەست شێوەی شیعری گۆرانە و مامۆستا بەهاریش دان بەم خاڵەدا دەنێ.

دکتۆر شەفیعی کەدکەنی لەکتێبی مۆسیقی شیعردا لە لاپەڕە ١١١-١١٢ لەم بارەوە دەنووسێ: لەو هەمووو وتانەی کە وتیان و وتمان بۆمان دەردەکەوێ کە قافیە کەم تا زۆر هی ئێرانە و لەشیعری سەردەمی ساسانیەکاندا پەیدا بووە و بەوتەکەی مامۆستا بەهار بڕێک وەک (سروودی خەسرەوانی) قافیەی نەبووە و بڕێکیش وەک (ئورامن) قافیەدارن.

٣- لەبارەی چەشنی ڕێنووسی دەقەکە مامۆستا بەهار لە لاپەڕە ٣٩ی کتێبی (سبک شناسی) شیعردا دەنووسێ: دەڵێن ئەم شیعرە بەخەتی پالەوی بووە لەسەر پێستی ئاسکیش نووسراوە و نێردراوە بۆ ڕۆژنامەی (شرق نزدیک) و لەوێدا بلاوکراوەتەوە و ئەمنیش دەقەکەم لە دکتۆر سەعید کوردستانی وەرگرتووە ئەویش هاوکاری کرد و وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.

٤- مامۆستا بەهار بەلێهاتوویی زمانەوانییەوە دەقەکەی خوێندۆتەوە، چونکە پڕۆفیسۆر و پسپۆڕ و زمانەوان بووە توانیویەتی دژوارییەکان سانا بکات، جگە لەمانەش دەقەکە ئەوەندە دژوار و سەخت نەبووە کە دوو پسپۆڕ نەیانتوانیبێ بیخوێننەوە و کاری لەسەر بکەن.

٥- جیاوازی نێوان دەقەکە لەگۆڤار و کتێبەکاندا بەفارسی و کوردی ئەوە بووە کە هەر کام دوایی وەک ئێمە ناشارەزا بوون و فتوا و بڕیاری قەبەیان داوە بەزەوقی خۆیان دەقەکەیان گۆڕیوە.

٦- لەدەقە ئەسڵیەکەدا وشەی (ژەن Gan) بە نەشەن بەکار براوە ئەگەر (شەن)یش بێ هەر گۆڕدراوی (ژەن)ە و ئێستاش لەهەورامیدا (ژەنی) بەکاردەبرێ و لە ئاوێستایش (ژەنی)یە و نە (غن).

٧- لە تەواوی زاراوەکانی کوردیدا لەڕوانگەی تەبارناسیەوە وەک یەکن و لەیەک بنەماڵەن.

وشەی گنان، یان گنای، یان گونای هەمان گوندی کرمانجی و بەهەورامی ئێستا دەڵێن (دەگا) و لە بنەماڵەی زمانە ئێرانییەکانیشدا هەر (گوند)ە بەمانای شار، یان لادێ، یان ئاوایی. گوندی شاپوور کە لە عەرەبیدا بووەتە (جندی شاپور).

٨- جگە لەمانەش ئەم دەستەواژەگەلەی خوارەوە کە ئاماژەیان پێدەکەین تەمەنیان لەڕوالەت و مانادا بۆ ئاوێستا و پالەوی کۆن هەڵدەگەڕێنەوە کە ئەمە پیشاندەری ڕەسەنایەتی و مێژینەمەندی دەقەکەیە و نابێ حاشای لێ بکرێ:

- هورمزگان کە بەمانای پەرەستشگەو ئاورگەیە، وشەی هەورامانیش بڕیێک پێیان وایە هەمان مانایە.
- بەڵام من پێموایە بەمانای نیشتنگە و تەخت و فەنرەوای ئووڕە. بە تەسەل لەم کتێبەدا باسی لەسەر کراوە-

- ئەتران، لە ڕیشەی ئاتر هەمان ئازەری پارسی و ئاوری سۆرانی و ئاویری هەورامییە.
- کوژان، لەچاوگەی کوشتەی و کوشیایۆ و یانی کوشتن و کوژاندنەوە و خامۆش کردنە.
- هۆشان، وێشان و خۆیان کە هەمان هۆیان (خۆیان) لەئاوێستایە.
- خاپوور، وێران کردن.
- گنان ئاماژەمان پێکرد.
- پاڵە، شار، بەرانبەرە لەگەڵ وشەی پەهلەوو پاڵەوانیش هەر لەم وشە وەرگیراوە.
- بشی، برۆی، تابڕۆی لەڕیشەی شیای و ڕۆیشتن.
- ژەن، کە ئاوڕمان دایەوە.
- کەنیکان: کەنی، کناچێ کەنیشک، کچ لەپالەویدا: کەنیک و لە ئاوێستاو: کئی نین و کنیا.
- بشینا، لە ڕیشەی شیای و شۆ و چوون و ڕۆیشتن.
- میرد، (مرت)ی ئاوێستا، مەرد، دلێر، پیاو.
- تلێی، تل خواردن و تلاندنەوە.
- ژ: لە، وە، ئەزی فارسی
- هوونیا: خوێنین لە ڕیشەی (هوون)ی ئاوێستاکە دەبێتە (ون)ی ئێستای هەورامی، یان خوێن و خوون و خین و...

شێخ محەمەدی خاڵ زانایەکی نوێخوازی سەردەمەکەی خۆی

د. ئاراس محەمەد سالح
(سلێمانی)

مرۆڤ کاتێک دەتوانێت گۆڕان و ڕیفۆرم بکات کە لەو واقیعەی تێیدا دەژی یاخی بێت و بتوانێت لە دەرەوەی ئەو واقیعەی تێیدا لەدایک بووە شتێکی نوێ دروست بکات، یان بیرکردنەوەیەکی نوێ دابهێنێت و ئەو دۆخە چەقبەستووە بشلەقێنێت و لە دەرەوەی بازنەی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی دەوروبەری بیربکاتەوە و هەموو خاڵە جیاواز و لاوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی خۆی دیاربکات، ئەمە ڕەنگە بۆ وڵاتێکی پێشکەتوو شتێکی زۆر زەحمەت و ناوازە نەبێت، یان بۆ کەسانی ناوەندە مەعریفی و فەرهەنگییەکان ڕەنگە ئاسانتر بێت، بەڵام بۆ شێخ محەمەدی خاڵ، وەک کوڕی کۆمەڵگەیەکی دواکەتوو دوور لە هەموو ناوەندێکی مەعریفی و زانستی و تەواو پاشکەوتوو وەک خۆی دەڵێت: «لە واقعێکدا لەدایک بووم کەس شادی و پێکەنین لەسەر لێوانی نەبووە». شێخی خاڵ لە ناوەندێکی ئایینی زۆر داخراودا لەدایک بووە کە دەست بردن بۆی و ڕیفۆرم و گۆڕان تێیدا هێڵی سوور بووە و وا پەروەردە کراوە کە لەسەر ڕێبازی پێشووەکانی خۆی بڕوات و لادان لێی بێ وەفایی و کاری نابەجێیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و لەناو تاریکستانی ئەو ڕۆژگار و سەردەمەدا شێخی خاڵ چرای ڕۆشنگەری هەڵکردووەو بە پێچەوانەی خوێنەوارە هاوشێوەکانی خۆی هەنگاوی گەورەی ناوەو لەناو ئەو هەموو گرانی و نەزانی و نەهامەتییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و شوێنەوارە خراپەکانی لەسەر کوردستان کە خەڵکی نانی دەست نەکەوتووە ژیانی خۆی پێ ڕزگار بکات لەمردن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا

شێخی خاڵ خولیای نووسین و خوێندن و پێکەوەنانی کتێبخانە بووەتە خولیای و سەدان دەستنووسی بەنرخی لەفەوتان پاراستووە و هەزاران گۆڤاری ئەو سەردەمەی دەست خستووەو بیری خۆی پێ ڕووناک کردووەتەوە و هەر لەڕێگەی گۆڤارەکانی ئەو کاتی زانکۆی ئەزهەرەوە ئاشنای قوتابخانەی ڕیفۆرمی جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە دەبێت و دەبێتە یەکێک لە هۆگرانی ئەو قوتابخانە (ئیسلاحیە) و لەوێوە بەهرەو بیرکردنەوەی ئایینی و ڕۆشبیری خۆی دادەڕێژێتەوە، مامۆستای خاڵ هەر لە سەرەتای لاویەوە خولیای نووسین و ئەدەب دەبێتە خولیای و دەست دەکات بەخوێندنەوەو نووسین و لە زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی خۆیدا قەڵەمی تاوداوە و ڕۆژنامەنووسێکی بە توانا و خامە ڕەنگین بووە و هەر یەکێک لەو نووسینانە بەڵگەی ڕۆشنفکری و بیر ڕووناکی ئەو زانا بەهرەدارە دەسەلمێنن، هەموو کات لە خەمی بەرەوپێشبردنی باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی میللەتەکەیدا بووە و هەموو کات لە بیرکردنەوە لە دواکەوتوویی و چەوسانەوەی میللەتەکەیدا نالاندوویەتی و لە خەمی ئەوەدا بووە کە چۆن باری گوزەران و خوێندەواری و سیاسی گەلەکەی چاک بکات، هەر ئەمەشە وای لێکردووە کاتێک سەرجەم نووسینەکانی لە کتێبێکدا کۆدەکاتەوە و ناوی لێ دەنێت (نالەی دەروون) نالەی دەروونێکی تەواو ڕووناک و پڕ لە خۆشەویستی ئایین و گەل و وڵات، دەروونێک کە ئاسوودەیی خۆی لەبەرزی گەلەکەیدا بینیوە، دەروونێکی پڕ لە هیواو لێوانلێو لەعەشق و خۆشەویستی ، هەر ئەم عەشقە وا لەو زانا بیر ڕووناکە دەکات لە یەکەم لاپەڕەی فەرهەنگە ناوازەکەیدا و لەژێر وێنەکەی خۆیدا بنووسێت:

ئەمن دەمرم بەڵام وێنەم دەمێنی
هیوام وایە کە خۆشی گەل ببینی

ئەم زانا ڕۆشنگەرەی کورد هێندە عەشقی بووە بۆ وڵات و میللەتی خۆی و تەنانەت دڵشاد و کامەران بووە کە وێنەکەشی خۆشی گەلەکەی ببینێ ، ئەوە عەشق و خۆشەویستی مامۆستا خاڵە بۆ میللەتەکەی داخۆ لەدوای مەرگی و بااڵدەست بوونی گەلەکەی تائەندازەیەکی باش چ عەشق و وەفاو خۆشەویستییەکیان بووە بۆ ئەو زانا

شێخ محەمەدی خاڵ

عارف و عاشق و خواناسە کە گەورەترین خزمەتی بەزمان و مێژوو و ئەدەبی گەلەکەی کردووە، بەتایبەتی لە شەوە تاریکەکانی ستەم و دەستبەسەریدا؟! هەروەها دەبێت چۆن پاداشتی گەورەو زانایانی خۆیان بدەنەوە و لەکام کوچە و کۆاڵن و شەقام و زانکۆدا چرایان بۆ هەڵبکەن؟ شێخی خاڵ لەو زانا کوردانەیە بە درێژایی مێژووی پڕ ناسۆر و هەڵدێر و نشێوەکانی وڵاتەکەیان هەموو کات بەگژ نەهامەتییەکاندا چوونەتەوە و لە هەموو تاریکییەکدا چرایەکیان هەڵکردووە و لە نەبوون بوونیان دروست کردووە و لەگەڵ نەبوونی هیچ دامەزراوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە وڵاتەکەیاندا چەندین شاکار و داهێنانی گەورەیان پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەیان کردووە و چرای زانست و پێشڤەچوونیان بۆ هەڵکردوون و نەیانهێشتووە لە کاروانی شارستانی دوابکەون، زۆرکاری سەختیان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان ئاسان کردووە و هەموو لایەنەکانی ئەدەب و مێژوو و ئایینیان بۆ ڕووناک کردوونەتەوە وەک ئاسۆی بەربەیان.

شێخی خاڵ لەو زانا بەهرەمەندە هەڵکەوتووانەیە کە بە درێژایی تەمەنی خامە بە پێزەکەی لە خزمەتی ئەدەب و ئایین و مێژوو و زمانی شیرینی کوردیدا بووەو چەندین شاکاری ناوازەی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردووە. شێخی خاڵ لەسەردەمێکدا ژیاوە کە کوردستان لەبەردەم

شەڕی یەکەمی جیهانیدا بووە، لە ساڵی ١٩١٤ کە شێخی خاڵ تەمەنی ١٠ ساڵ بووە شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵدەگیرسێت و ئەو جەنگە کاریگەری کارای بەسەر تەواوی کوردستاندا هەبووە و زۆرێک لە کێشەکان لەسەر خاکی کوردان یەکلا کراونەتەوە، هەر ئەو جەنگە کاولکەرە چەندین نەهامەتی تووشی خەڵکی کوردستان دەکات و هەر لە گرانی و نەبوونی و قاتوقڕی سەفەربەرلک و تالانکردنی داهاتی ولات و وێرانکردنی ژێرخانی ژیان وهاتنی گرانی گەورەو چەندین نەخۆشی و ناخۆشی بەهۆی جەنگەوە، لە کاتێکدا شێخ لە تەمەنی لاوی گەشەکردندا دەبێت، ئەوە حاڵی ولاتەکەی دەبێت کە هیچ لەو فاکتەرانە هاوکار و یارمەتیدەر نەبوون کە خوێندن و زانست بەرەو پێش بچێت مرۆڤ بتوانێت ڕاژەی فیکری خۆی بکات، بەڵکو هەموویان ڕێگر و کۆسپی بەردەم خوێندن و گەشەی زانستی بوون لە ولاتدا.

بەڵام هەموو ئەمانەش نەیانتوانیوە بیری ڕۆشنگەرێکی نوێخوازی وەک شێخی خاڵ تاریک بکەن و نەتوانێت دڕێژە بەخوێندن و زانست بدات و بکەوێتە هەوڵی پەیداکردنی بژێوی ژیانی، لە کاتێکدا کە نان لە قورگی شێردا بووە و ژیان زۆر لەو ڕۆژگارەدا سەخت و دژوار بووە.

هەریەک لە جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لە ناوچەکەدا هاتنە گۆڕێ و سەرهەڵدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بە ڕابەرایەتی شێخ مەحمودی حەفید لەناوچەی سلێمانیدا و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان و بزاڤی ڕۆشنبیری دەسەڵاتە کوردییەکە و هەڵایسانی شەڕی دەربەندی بازیان و ئاوباریک لەساڵی ١٩١٩ دژی بەریتانیا و داواکردنی مافی چارەی خۆنووسی کورد لەلایەن شێخ مەحمود و شۆڕشەکەیەوە لەو سەردەمەدا کە شێخی خاڵ لە سەرەتای ژیانی لاویدا بووە دەوری بالای هەبووە لە جۆش و خرۆشدانی بیری ڕۆشنگەری لای بیر ڕووناکێکی وەک شێخی خاڵ.

هاتنی ئینگلیز بۆ سلێمانی و هێنانی چاپخانە و دەرکردنی (تێگەیشتنی ڕاستی) و سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆژنامەنووسی فاکتەرێکی باش بوون کە شێخی خاڵ خولیای نووسین و هەوڵی ڕۆژنامەنووسی لای گەشە بکات و بکەوێتە دنیای نووسین و ڕۆشنبیرییەوە، هەر لەوێوە بیری ڕۆشنگەری لای شێخ سەرهەڵدەدات و ڕۆژ بەڕۆژ بیری ڕووناکتر و فراوانتر دەبێت و دەبێتە موریدێکی دڵسۆزی بواری ڕۆشنبیری و ئەدەب و خوێندنەوە و دەکەوێتە هەوڵی پەیداکردنی هەموو جۆرە نووسین و کتێب و گۆڤارێکی ئەو سەردەمە و ئاگادارێکی بزاڤی ڕۆشنبیری سەردەمەکەی خۆی بووە، هەر لە ڕێگەی خوێندنەوە و هەوڵی پەیداکردنی بڵاوکراوەکانی ڕۆژگاری خۆیەوە، ئاگاداری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئایینی جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە و محەمەد ڕەشید ڕەزا دەبێت و گۆڕانێکی ڕیشەیی لە هزر و فیکر و تێگەیشتنی بۆ مەسەلە ئایینییەکاندا ڕوودەدات و بەتەواوی هۆگری ئاراستە فیکرییەکانی ئەو قوتابخانەیە دەبێت و زۆر بەڕوونی لە نووسینەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، بەتایبەتی لە تەفسیرەکەیدا.

کاریگەری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی لەسەر شێخی خاڵ

هەرچەندە تا ئێستا کاتێک باس لە قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەو قوتابییەکانیان دەکرێت، باس لەزانایەکی وەک شێخی خاڵ ناکرێت کە هەمان ڕێچکەی ئەوانی گرتووەو هیچی لەوان کەمتر نییە کە ئەمەش فاکتەر و هۆکاری خۆی هەیە و بەو هیوایەی لەمەودوا توێژەران گرنگی پێبدەن و زانایەکی گەورەی وەک شێخی خاڵ هەقی خۆی بدرێتی.

پێش ئەوەی بێینە سەر بیری نوێخوازی شێخی خاڵ، پێویستە ئاماژە بە سیما و تایبەتمەندییە دیارەکانی قوتابخانەی ڕیفۆرمی فیکری ئیسلامی بکەین.

یەکەم: یەکێک لەسیما هەرە دیارەکانی قوتابخانەی شێخ محەمەد عەبدە بەگژاچوونەوەی تەقلید و بیری چەقبەستووی ئایینی بووە کە چەند سەدەیەک بوو هەموو دەرگاکانی ئیجتیهاد و نوێ بوونەوە داخرابوون و زانایان هەر قسەی زاناکانی پێش خۆیان دووبارە دەکردەوە و ئەمەش گەورەترین تەنگژەی فیکری وخوێندنەوەی نوێ بۆ ئایین و هەڵکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بۆ جیهانی ئیسلامی دروست کردبوو، بەجۆرێکی وەها هەندێک وەها بیریان دەکردەوە کە ئایینی ئیسلام

ناتوانێت ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکانی سەردەم بێتەوەو چەرخی زێڕینی بەسەرچووە، هەرئەمەش وای کرد کە زانایانی ڕیفۆرمخواز دەربکەون هەریەک لە کەواکبی و جەمالەدین و شێخ محەمەد عەبدە ومحەمەد ڕەشید ڕەزا و شێخ محەمەد مستەفا مەراغی و شێخ محەمەدی خاڵ کەوتنە هەوڵی شکاندنی دیواری تەقلید و توانیان تازەبوونەوە و گۆڕانکاری لە بیری چەقبەستووی سەردەمەکەی خۆیاندا بکەن و بەشێوەیەکی سەردەمیانە تەفسیری دەقە ئایینییەکان بکەن.

دووەم: یەکێکی تر لە سیما و تایبەتمەندی ئەم قوتابخانەیە گرنگیدانیان بوو بەلایەنی ئەدەبی کۆمەڵایەتی کە بە (مدرسة اللون الأدبي والاجتماعي) ناسراون گرنگییەکی زۆر بە بوارەکانی ئەدەب و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە کولتووری کۆن و بەسەرچوو دەدەن.

سێیەم: زانایانی ئەم قوتابخانە فیکرییە پابەند نین بەهیچ ڕیبازێکی فیقهی (المذهب الفقهي) دیاری کراو، چونکە زۆرگرنگی بەولایەنە نادەن، ئەوان زیاتر گرنگی بەکرانەوەو بیری ئازادی ئایینی دەدەن نەک خۆقەتیس کردن بەڕێبازێکی دیاری کراوەوە هەرئەمەش یەکێکە لە خاڵەکانی سەرکەوتنیان و لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا خۆیندنەوە بۆ ئەدەبیاتیان دەکرێت و بەهۆی جیاوازی مەزهەبییەوە کەس سڵیان لێ ناکاتەوە، هەرئەمەش زیاتر بەرەو کرانەوە و ڕزگاربوون لە تەقلید دەیانبات.

چوارەم: عەقڵانیەت و ئازادی عەقڵ لە سیما هەرە دیارەکانی ئەم قوتابخانەیەیە، لەکاتێکدا بانگەوازی ئەوە دەکرا کەدەبێت عەقڵی موسڵمان دابخرێت و مرۆڤ دەبێت کوێرانە شوێنی دەقەکان و فیقهی زانایانی پێشوو بکەوێت، ئەمان بانگەوازی ئەوەیان کرد کە خوای گەورە ڕێزی زۆری عەقڵی مرۆڤی گرتووەو نابێت مرۆڤ کوێرانە تەقلید بکات و هیچ گرنگی بە ژیری و فیکری خۆی نەدات، بەڵکو پێویستە جارێکی تر عەقڵی مرۆڤ شوێنی شایستەی خۆی وەربگرێت و لەسەر بەرچاوڕوونی (البصيرة) شوێن شتەکان بکەوێت.

پێنجەم: هەوڵدان بۆ پێکەوە گرێدانی زانست و بیردۆزە زانستییەکانی سەردەم لەگەڵ گیانی ئیسلامداو هەوڵی سەلماندنی ئەوەی کە ئایینی ئیسلام دژی زانست نییە، بەڵکو ئیسلام و زانست تەواوکەری یەکترن و هەردووکیان ژیانێکی پڕ خۆشی بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکەن و بێ زانست مرۆڤ ناتوانێت سەر زەوی ئاوەدان بکاتەوە، کە ئەرک و کاری مرۆڤە و هەر بۆ ئەو مەبەستەش مرۆڤ دروستکراوە، لەم بوارەدا هێندە زیادەڕەویان کردووە هەندێک لە بیردۆزەکان کە ئەمڕۆ نازانستیان دەرکەوتووە ئەوان هەوڵیان داوە و بەڵگەی قورئانیان بۆ هێناوەتەوە کە ئەمە زانستە و قورئان پشتگیری دەکات.

شەشەم: گرنگیدان بە گۆڕانکارییەکانی سەردەم هەریەک لە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و کێشەی ژنان و لاوان لە ئەدەبیاتی ئەودا ڕەنگدانەوەی تەواوی هەیە و جێگەی گرنگی پێدانیان بووە.

تێکەڵاوبوونی شێخی خاڵ لەگەڵ ئەدەبیات و نووسراوەکانی ئەو قوتابخانەیە، دەوری دیار و کاریگەری لەسەر شێخی خاڵ بەجێ هێشتووە، بەشێوەیەکی وەها تەواو عەشقی دەبێت و لە هەموو نووسین و نوسراوەکانیدا بەزەقی ڕەنگی داوەتەوە، ئەگەر سەیرێکی تەفسیرە ناوازەکەی بکەین لە هەموو لاپەڕەیەکدا ئاماژە بە بۆچوونەکانی شێخ محەمەد عەبدە و محەمەد ڕەشید ڕەزا و هاوڕێبازەکانیان دەکات کە هەڵگری هەمان بیرکردنەوە و ڕێبازی نوێگەری و ڕیفۆرمی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسین و دەیەوێت ئیسلاحێکی ڕیشەیی لەسەرجەم ناوەندەکانی ژیاندا بکات، زۆر سوورە لەسەر ئیسلاحی ناوەندەکانی خوێندن و پێشخستنیان و گرنگی پێدانی زۆر بەو بوارە گرنگەی ژیان، بانگەوازی ئیسلاحی زانایانی ئایینی دەکات و داوای وازهێنان لە هەندێ زانستی ڕووکەش و دوور لە هیچ قوڵبوونەوەیەک و هەندێ بیرکردنەوەی خورافی و کردنی بەدین لە خەڵکی و لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بنەمایەکی شەرعی نییە و پێویستە زانایان زۆر جەسوور و ئازا بن و سڵ لە هیچ ڕێگر و بەربەستێک نەکەنەوە و زۆر ئازایانەو بە بەرچاو ڕوونییەوە بابەتە هەنووکەییەکان ڕوون بکەنەوە، هەروەها زۆر گرنگی داوە بە خۆڕۆشنبیر کردن و خوێندنەوەی بەسوود و قوڵبوونەوە لە بوارە مەعریفییە مرۆییەکاندا، بەمەش توانیویەتی سەروەتێکی مەعریفی گەورە لەسەریەک دابنێت و بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێ بهێڵێت.

هونەرێ کورتە چیرۆکێ و پێداچوونەک

(رۆژەکێ ژ رۆژان)، چ رستەکا ب جوانکاری یە، ئەم گەلەک جاران گوهێ لێ دبن... و ئەز دبێژم ئەو داخوازییەکە دووبارە و دوپات دبت، هەروەکو یەک بێژت: (برەخ من قە روینە و گوهێ خوە بدە قێ چیرۆکێ...).

وەهەیە ئەو چەندە دلخوەشییەک سنۆردارێت لێ هەژیە تۆ گۆهـ بدیێ، بەرامبەری دلخوەشییا نڤیسینا چیرۆکێ. ل قێ رێ دڤیایە بێژن رێبیرا چیرۆکێ وەک کاری بەهرەیی دڤیایە بئێت ئاشکراکرن هەر د وی دەمێ مرۆڤ ژۆرا مەیدانا زمانی دکەڤت.

چیرۆکا ریالیستی یا هەی و نڤیسییە ب قی رەنگی یان رەنگەک دن، ژبەری هزاران سالان، ل سەر (بردیات) ییێن مسرا کەڤن و ل سەر تەختەییێن تەقنێ ل سومەر و بابل.

نەدویرە ئەو نەخشێن ل سەر دیوارێن شکەفتان دمێژوویا کەڤن دە ئارمانچ ژێ دەربڕینا رەنگەکێ ژ (چیرۆکێ) بت؟ کو وی کەسی هەول دابت هزرەکێ یان بۆچوونەکێ یان هەستەکێ ژ سەرێ خوە دەربێخت و ب رێکا نەخشی دەربڕینت.

دوان دەمان دە رویِنشتنا ل دۆر ئاگری چ بۆ کلاندنا خوارنەکێ بت یان بۆ هەمبێزکرنا پیچەک گەرماتیی بت، دەسپێکەک بوو بۆ ڤەهاندنا چیرۆکێ، وەهەروەسا دەمێ بەرەڤ نێچیر و گەریانان دچوون، کو رۆژانەییێن خوە و دیتنێن ب چاڤان دوەشاندن بۆ یەک دوو.

خالد عەلی سلێڤانی
(زاخۆ)

د هەر حـال دە هەمی شـارستـانیـیێن ل دۆر مـاندۆری جیهـانێ چیرۆک بکاردئینان دا مێژوویا خوە خویا بکن، و قـەهرەمانیـیێن خوە بدن ناسکرن، و ئاوردەییێن ئاینی و کارێن خوداوەندێن کەڤن.

حـەزا چیـرۆکێ دئەڤـرۆ دە نەیا کـێـمـتـرە ژ یا وی سـەردەمی، و پسـیـار ل ڤێ رێ دئێت کـرن، بۆچی ئەم چیرۆکان دنڤیسن، یان بۆچی نڤیسەر چیرۆکان دنڤیست؟ و بەرسڤ دزڤرێت بۆ:

١- مە تشتەکێ هەی و مە دڤێت بێژن.

٢- حەزا خویاکرنا تشتان کو ئەڤە ژی هەڤبەری ئەگەرا یەکێ یە.

ئەڤـجـا ژ گـرنگـترین مـاکـینەییێن نڤـیـسـینێ، حـەزا خویاکرنێ یە ب رێکا چیرۆکان، و ئەم دشێن تاقـیـکرنا تشت و کـاران بکن، و ئەم جوانی و نەرمـیێ دهزرا خوە دە راکن، و بکارێ نڤـیـسـینا چیـرۆکـان ئەم دگـەهن قوناغێن کویرتر د تێگەهشتنا جیهانێ و خەلکی.

٣- ژێگرتنا چیـرۆکێ وەک رێکەک بۆ دەربڕینا دۆخ، ئاریش، سالۆخەت، هەست سۆزی، خوەشی، خەمگینی، وهەمی دۆخـێن ب ژیانا مـرۆڤی ڤـە گـرێدای، و جـاران دەرکەفتن ژ ریالیستی کو بەرەڤ ئاشۆپیێ.. هتد.

٤- زێدەباری کـو دلخـوەشـیـیـە، دەمێ مـرۆڤ رێزا تژی دکت کو چیرۆکەکێ بداوی دئینت، مینا سەرکەفـتنەکێ یە. وتەناهییەکا دەروونیە مینا هەر کارەکی ئەدەبی.

دەمێ کەسەک نڤیسنا مە دخوینت ب وێ چەندێ ئەو کەسە پشکداردبت، هەتا رادەیەکا سنۆردار، دتێگەهشتنا مـەدە، و ل سـەر ڤێ چەندێ رە نڤـیـسـنا چیـرۆکێ دلخوەشیەکا مەزنە.

کورتە چیرۆک چی یە؟

کورتە چیرۆک کارێ گۆتن یان نڤیسینا کاودانایە.

دێناسەک دن دە کورتە چیرۆک شێوازێ رێکوپێکیا ڤەگوهاستنایە، ئارمانج ژێ ئاگەهدارکرنا گوهداری یان خواندەڤانی یە ب شادکرن و سەرنج راکێشانێ، و هەر نڤیسەرەک ل دویڤ شێوازێ خوە و کارئینانا خوە چیرۆکا خوە دلەیزینت.

ئەڤـە ئەو ئاسـتـەنگێن ئەولی نە ئەوێن دکـەڤن درێکا نڤیسەری دە.

ئەڤـجـا هەر سنۆرکـردنەکێ پێکئـینانێن خـوە هەنە، و کورتە چیرۆک دیەنا هەمیان چارچووڤە ناکت، لێ دەمێ ئەم رامـانـا ئێـککگرتی دکن ئەڤ چەندە هاریکاردبت بۆ دامـەزراندنا چیـرۆکـەکـا ب رەزامـەندی تر بت ژ ئێکا دن لچەم خواندەڤانی.

ئەم دێ روناهیێ دن ل سـەر چیرۆکا کلاسیکی، یا کو هێـزا وێ دزێت ژ کـەسـایەتێن وێ بخـوە، بگرە ژ کـار و چێکرنا رۆیدانێن چیرۆکێ، ئەو چیـرۆکا ب دەستپێک و نیڤیاتی و دوماهیک، و هەمی کورتە چیـرۆک ل سەر ڤی بناغەی دئاڤانە.

ژ ڤێ چەندێ سوودا دیەنێ چیرۆکێ ئەوە کـو دەستویرا جـــۆرە و جـــۆریی یە، و نیـــشـــاندنا ســـەربۆرا، لێ دچارچووڤـەکی سنۆردایی، ناگـەهت وان ئاسۆییێن رۆمـان تێدە.

لەورا بۆ نڤـیـســەرێ کـورتە چیـرۆکێ چێ دبت ئەو گرنگیی بدت ل سەر نەخشەدانا کەسان، ئانکو نیگارکرنا رێز و دیەنان، و پارچەک ژ ژیانا خوە تێدە خویا بکت، ویاریا ب زمانی ب رەهوانی و نەرمـیـیـا خوە ب رێکا جـــۆرەوجـــۆرا وێنەیان، ئانکـو (پارچێن دارژاو)، ژ ئەزمـوونان، پێش دیەنی چیـرۆکێ ڤـە یێ کـلاسـیـکیـا گەلەک بکارهاتی، بکاربینت.

لێ هەر چیرۆکا کلاسیکی باشترین رێکێ ددت بەر مە بۆ (چێکرنا) کورتە چیرۆکێ.

و باشترین رێک بۆ گەهشتنا هەستێ ب هێز بۆ کورتە چیرۆکێ وەک دەقەکی ئەدەبی ئەوە کو مرۆڤ خوە فێرکت هەر ب رێکا کورتە چیـرۆکێ بخـوە، ودڤـیـایە یێ بڤێت خـوە فـێـرکت خـواندڤـانەک پلە بەرز بت، و ب هویراتی بچتێ، ودڤیایە هەمی جۆرە چیرۆکا بخوینت یێن ئەدەبی ژ دلداری و ریالیستی و ئاشۆپیا زانستی... هتد، داکو زانینەکا مەزن بۆ مرۆڤی پیەدابت ب بەردەوامیا خواندنا ڤـان چیـرۆکان، وبێن نڤـیـسـەرێن بەردەوام هێـز و هزرێن خوە بێن چیرۆکی پێش دئێخن.

متمایێ خاڤێ چیرۆکێ

ئەرێ ژ کیڤە (متمایێ خاڤ)ێ چیرۆکێ دئێت؟

بەرسڤ ب ئاسـانی، ئەوە کـو دەمێ تو چیـرۆکـەکێ دنڤیسی تو کارئینانا متمایێ دەسپێکێ ژ خەیالا خوە و

ئەزموون و دیتنێن خوە بۆ ڤێ ژیانێ دئافرینی، و چەوانیيا ب رێڤەچوونا وێ، وتو بەرەڤ ئاڤاکرنا جیهانەکێ دچی، ئەوژی چیرۆکە، هەر چەندە یا بچویکە، لێ ئەو یا تەواوکرە.

ب ڤێ چەندێت و جۆرە جیهانەکێ ئاڤادکی وەک هەڤیيا جیهانا راستیێ، و جێوازی، یا تە ب دیمەنەکێ بەرزترە و هونەریێ ب شێوازێ تە کارتێکرنا خوە ل سەر کریە.

وەهەیە جیهانا تە خودیک بت بۆ جیهانا راستیێ و پتر نێزیکی وێ بت، و ئەم خواندەڤان قایل دبن و ئەو وەکی ڤێ جیهانا ئەم تێدە دژین، و جێوازی دێ ل وێ رێ بت دەمێ تو ژ ریالیستیێ دەردکەڤی و بەرەڤ ئاشۆپێ دچی دنڤیسنا خوەدە.

وەک تۆ چیرۆکنڤیس بزاڤا تە هەمی دچت بەرەڤ چێکرنا جیهانەکا چیرۆکی یا زیندی و راستەقینەیی، هەتا وی رادەیی کو خواندەڤان ژ تە باوەڕبکن. و ئەم وەک خواندەڤان دێ جێوازیێ دناڤ بەرا هەردوو جیهانا دە کن ب بەراوردیێ، نە بکێشەکا چەند ژ ریالیستیێ دویرە.

و ل ڤێرێ دوو تشت هەنە د جیهانا کورتە چیرۆکێ دە دچارچووڤێ وێدە یێ ریالیستی ئەوژی:

١- د ژیانا ریالیستی هەر رویدانەک روی ددەت ب کتوپڕیە، لێ د چیرۆکێ دە هەر رویدانەک ب ئەگەرێن بەرچاڤ و دەستنیشانکرینە.

٢- ل سەر نڤیسەرێ کورتە چیرۆکێ یە، کو ئەو مە خواندەڤانا نەهێلت ل نیڤا رێ بێ کو مە دبیرۆکا خوە بگەهینت، یان مە نە گەهینت کنارێن دوماهیێ، هەروەسا دڤیایە مە تێ بگەهینت چەوا ژیان برێڤە دچت دئاڤاهیا چیرۆکا ویدە، و هەردەم خواندڤان ب باوەڕە کو ئەودێ گەهیتە چارەیەکێ، و هەستەکێ ب نێزیک بوونا ئارمانجا چیرۆکێ.

گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

(خالید دلێر) و (تایەر تۆفیق)

خالید دلێر نووسیویەتی(١):

کاک تایەر تۆفیقی هونەرمەند دوو مەقامی، یەکەم: (حیجاز - کە لە کۆیە بە هۆی هۆنراوەکەیەوە بە «نیوەشەو»ناسراوە)، لەگەڵ مەقامی: (مەحەییەر - کە لقێکە لە مەقامی بەیات و ئەمەیشیان بە هۆی هۆنراوەکەیەوە لە کۆیە بە مەقامی (ئەی لێ زالّم)(٢) ناسراوە. تایەر تۆفیق ئەم دوو مەقامەی تۆمارکردووە، لە هەندێ جێگای هەردوو مەقامەکەدا، بە نیازی چاکەکردن دەسکاری لە هۆنراوە فۆلکلۆرییەکاندا کردووە و مانای ئەو جێگا دەستکاری کراوانە لە دەست دراون، یان لە نرخی هۆنراوەکانی کەم کردوونەتەوە، لە مەقامی یەکەم (حیجاز - نیوەشەو)دا کۆپلەیەکی تەواوی لێ تۆمارنەکردووە.

خالّە خالید دلێر دواتر دەنووسێت:

بۆ ئەوەی خوێندەوار ئەو دوو مەقامە بناسن و بزانن کە ئەوانە و گەلێک مەقامی دیش، کە هەر لە هەمان ماوەی میژوویيدا سەریان هەڵداوە، کە ئەو دوو مەقامەی تێیدا دەرکەوتوون، چۆن و لە چی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتییەوە، لەچی سەرچاوەیەکی هونەرییەوە داهێندراون و لە مانای هۆنراوەکانیاندا: تاموچێژ و بۆن و بەرامەی ڕەسەنی خۆیان و لە ئاوازەکانیاندا: زرنگە و خرنگە و دەنگ و سۆز لەرانەوەی هەوەڵینی خۆیان(٣)، وەربگرن وبێتە گوێ. خالید دلێر دواتر دەنووسێت: خستنە بەر چاوی ئەم کورتەیەی خوارەوە لە بارەی (میژووی هونەری کۆیە)، وەکو ڕێگا خۆشکردنێک بۆ ئەو مەبەستانە، بە پێویست دەزانم:

لە مرۆڤی سەرنج و هەست ورد و ناسک دەوەشێتەوە،

وریا ئەحمەد



خالید دلێر

لە کاتێکدا کە مێژووی ئاسایی نەتەوەیەکی بێگانە دەخوێنێتەوە، یان بۆی دەگێڕدرێتەوە، تا ڕادەیەکی باش زۆر لایەنی باس نەکراوی ئەو ماوە مێژووییەی ئەو نەتەوە بێگانەیە، بۆ نموونە: وەکو لایەنی هونەری و ئابووری و..تاد، دەرک پێ بکات، چ جای ئەوەی مێژووەکە هەر خۆی مێژووی هونەر بێ و لە هونەری بەشێک لە نەتەوە و وڵاتەکەی خۆیشی بدوێت؟ هەروەک ڕوونە لایەنەکانی ژیان هەموویان پێوەندییان بەیەکەوە هەیەو زانینی هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ژیان، تیشک و ڕووناکی دەخاتە سەر لایەنەکانی دیکەش، ئەمە شێوازی لێکۆڵینەوە و گۆرج و گۆڵی زانستییانەی ئەم سەردەمەیە.

وەکو ڕوونە هەر نەتەوەیەک (هونەر - بەمانای هەرە فراوان)ی تایبەتی خۆی هەیە، کە وڵاتە تایبەتییەکەی: ئاو و هەوای، باری جیۆلۆجی و جوگرافی وچۆنیەتی ژیانی ئابووری و گوزەرانی نەتەوەکە و باری کۆمەڵایەتی و زۆران و ملمڵانێی نێوانیان و پاش ئەوانەش، ڕەخسانی زەوق و سەلیقە و هەست و ئارەزووی تایبەتی نەتەوەکە دەستی هەرە کاریگەر و دروستکەریان لە دروستبوونیدا هەیە و هونەرەکە وەکو هونەرێکی گشتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لە هونەری نەتەوە دراوسێکانیانی جودا دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا هەر هەرێمێکی جوگرافی لە هەمان وڵاتدا، بە هۆی هەندێک تایبەتی خۆی، کە بارێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی جودا لە هی هەرێمەکانی دیکەی دەوروپشتی خۆی، لە چوارچێوە تایبەتییە گشتی و فراوانەکەی سەرجەمی هونەری نەتەوەکە، تایبەتییەکی بچووکتری، تەسکتری، (خود)تری خەڵکی ئەو هەرێمە دێنێتە کایەوە، کە کەسایەتی و پێناسی خۆی لە ناو هونەری نەتەوەکەدا لە هونەری تایبەتی هەرێمەکانی دیکەی ئەو وڵات و نەتەوە، جودا دەکاتەوە.

وەکو ئەمڕۆ بە چاوی خۆمان دەبینین، یان ڕاستتر بە گوێی خۆمان دەبیسین، کە هونەری گۆرانی هەرێمەکانی: (لوڕ) و (موکری) و (کۆیە) و (هەولێرو دەوروپشتی) و (کرمانجی ژوورو) و (گەرمیان) و (هەورامان) و....تاد، لە یەکدی جیان و تایبەتی خۆیان تێدایە و هەر هەموشیان لە ناو چوارچێوەی فراوانتر و گەورەتر و خۆشتری (هونەری کوردی)دا یەک دەگرنەوە.

شاری کۆیەش پتر لەبەر ئەوەی کە لە دەمێکەوەیە شارە، لە ڕۆژگارێکی دێرینەوە ناوچەو مەڵبەندی ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و هونەر و ئەدەبی کوردی بووە، لە هەموو کوردستانەوە ڕوویان تێکردووە و کەڵکیان پێ بەخشیوە و کەڵکیشیان لی دیوە و ئیشوکار و فرمانی خۆیان تێدا ڕایی کردووە.

ئەم بەیەکەوە ژیانە دوور و درێژەی خەڵکی شارەکە، لە زۆر ڕووەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە ناو یەکدا تواندووەتەوە و جۆرە یەک بوون و تەبایی و لەیەک نزیکی و خزمایەتییەکی لە زۆر ڕووەوە: لە ڕووی سەلیقە و ئارەزوو و هەستی هونەری و وێژەیشەوە، لە ناویاندا دروست کردووە و شێوە و ڕوخسار و تامۆچێژێکی تایبەتی بە هونەر و ئەدەبەکەی داون. بە تایبەتی هونەری گۆرانی کە بەئاشکرا شێوە ناوچەییەکەی خۆی پێوە دیارە و بەمە لە شێوە و تام و بۆن و بەرامەی گۆرانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان جیادەکرێتەوە.

ئەو گۆرانی و مەقامانەی لە کۆیە سەریان هەڵداوە و سەر هەڵدەدەن، لە هی هیچ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان ناچن، لە هی (ناوچەی سابڵاغ و موکریان نەبێ!) کە هەندێک جار، جۆرە لەیەک چوونێک، یان تەرزە تامۆچێژێکیان لە یەک دەچێت، کە ئەمەش بۆ هۆیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دێرین دەگەڕێتەوە و تا ڕۆژگار، پتر بەسەر شاری کۆیەدا بڕوات و تێپەڕێت، تایبەتییەکەی خۆی و بە هونەری هیچ لایەک نەچوونەکەی خۆی پتر تێدا سەر بەرز دەکاتەوە، ئەوە بەو مەرجە کە ڕێگەی گەشەکردنی لە بەردەمدا هەبێت.

ڕۆژگارێکی دوورودرێژ، کۆیە مەڵبەندی بازرگانی و پیشەسازی و ئاڵوگۆرکردن و بازارێکی گەورەی ئابووری و کالای کوردستان بووە، لەبەر گەلی هۆ چەشنە هێمنی و بەیەکەوە ئیدارەکردن و هەڵکردنی دوو چینە

کـۆمـەڵایەتیـیـەکـەی دەرەبەگ و بۆرژوازی تازە پێگەیشـتـووی بەخۆیەوە دیوە و زۆرانەکە هەر لە نێـوان هەژارەکە لە سەرێک و ئەم دووچینە لە سەرێکی دیکەوە بووە و بەڕادەیەک کـز بووە کـە هەژاران و کـوڵاندنی سـەرانسـەری کـۆمـەڵی لە توانادا نەبووە، بۆیە ئەم دوو چینە و پیـاوانی ئاینیـیش لە کۆیە، لە ژیانێکی خۆش و ئاسـوودەییـدا ژیاون و تێـشـیـیـاندا هەڵکەوتووە کـە هاندەری پێـشـکەوتنی هونەری گـۆرانی و شـیـعـر بوونە.(٤)

لەو ڕۆژگارە دوور و درێژەدا گـۆرانیـبێژی داهێنەر و بە توانا لە کـۆیە سـەریان هەڵداوە گـەلێ لە مـەقـامـە ڕۆژهەڵاتیـیـەکـانیـان، وەکـو: حـیـجـاز، بەیات، چارگـا و..تاد، شـیـتـەڵ کـردووەتەوە و بە زەوق و سـەلیـقـەی کـوردانە، کـە ئەمـەش لە سـروشـتی کـوردسـتـان و هەمـوو لایەنەکانی ژیانی سەردەمەوە ڕسکاوە، دەسکاری کردووە و دروست کردووەتەوە و دارشتووەتەوە و بە دەیان بەستە و گـۆرانیـیـان لەو مـەقـامـە تازە و دارێژراو و تازە دروستکراوانەوە هەڵێنجاوە و داناوە و ئەم ئەرکە گران و وەستایانەی ئەو هونەرمەندانە، هەندێکیان دەماوەدەم بە ئێمە گەیشتوون و بێگومان هەندێکیشیان لە ناوچوون و لەوانەیە، ئەوانەی کـە بە ئێـمـەش گـەیشـتـوون، بە هۆی ئەوەوە کـە دەمـاوەدەم هاتوون، گـۆرانیـان بەسـەر ئاواز و شیعرەکانیشدا هاتبێت و کرابێت.

ماوەی بە خۆنازینی شاری کۆیە، وەکو مەڵبەندێکی بە پێـز و دەسـەڵاتداری تایبـەتی دیار و ئاشکرای هونەری گـۆرانی کوردی، لە مێژوویەکی دێرینەوە دەست پێدەکات کـە سـاڵ و دەیان سـاڵیـشـی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبـەتی دوور و درێژ نەبێ، دیاری ناکـرێت و درێژەی کێـشـاوە، هەتا دەیەی چلەکان و پەنجاکانی ئەم سەدەیەشمان(٥) دەسـتنیـشـانکردنی ئەو سـەردەمـە مـێـژوویـیـە بۆ ئەوە پێویست بوو، بە تایبەتی مـاوەی نزیکی سەردەمـەکە لە خۆمـان، واتا ناوەڕاسـتی ئەم سـەدەیەی خۆمـان(٦) کـە خوێندەوار بزانێت، نووسـەری ئەم وتارە(٧)، سەردەمێک لە تەمـەنی هەرزەکـاری و لاوێتی، لە نـاو ئەو مـەڵبـەندە هونەرییەدا ژیاوە و بەسەر بردووە. جگە لەمە وەکو خاوەن ئارەزوویەکیش، هەوڵی فێربوونی مەقام و گۆرانییەکان و خۆڕاهێنان بە گوتنیانەوە داوە و لەگەڵ زەوق و سەلیقەی هونەرە تایبەتییەکەی کۆیەدا ژیاوە و تاموچێژی چەشتووە و دەیانناسێ. بەم هۆیانەوە لە خۆی ڕادەبینێ کە لە بارەی مـەقـام و گـۆرانیـیـەکـانی ئەو ناوچەیەوە قسـەبکات و لە دەمـێکیـشـەوە هەندێک تێـبـینی و بۆچوونی تایبـەتی وەهای لە بارەیانەوە هەیە، بە تایبـەتی لەسـەر ئەو دوو مەقامەیان کە کەس دەری نەبڕیوە.

خـاڵە خـالیـد دواتر دەنووسـێت: لە سـەرەتای سـاڵی (١٩٨٧)دا دەستم بە نووسینی کتێبی «شیعری گۆرانی کـوردی» کرد و وا بزانم لە کۆتایی مـانگی ئابدا بوو، لە نووسینی بوومەوە. هەندێ تێبـینی کە لە بارەی هۆنراوە فۆلکلۆرییەکەی مەقامی (نیـوەشەو)ەوە هەم بوو لەوێدا، لە پێش مـەرگی کـاک (تایەر)دا، دەرم بڕیبـوو، بەڵام لە بارەی مەقامـەکەی دیکەیان (ئەی لێ زاڵم) ئەمە یەکەم جـارە لە بارەیەوە دەنووسم، وابزانم نەخـتێ لە باسـە سەرەکییەکە دەرچووین، با بۆ ئەوێ بگەڕێینەوە.

لەو کـاتەدا کـۆیە گـۆرانیـبـێژی دەنگ خـۆش و باشی، (لاو) یان (کامڵ)ی زۆری تێدابوو، کە لە گوتنی هەموو بەسـتـەکـانی دەوروپشت، دەسـەڵاتی باشـیـان دەنـواند و هەریەکەشیان لە گوتنی چەند مەقامێکدا، وەستایی، یان شارەزایی دەردەخست. تێشیاندا هەبوو لە گوتنی هەموو مەقامەکاندا وەستا، یان بە توانابووە.

لە هەموو گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە، بە تواناتر و دەنگ خۆشـتـر دووان بوون، هونەرمەندانی گەورە (تایەر تۆفیق) و (سێوە).

(تایەر تۆفـیـق) لەبەر ئەوەی بەتەمـەن لە (سـێـوە) بچووکتر بوو، ماوەی پێشکەوتنی زیاتر لەبەردەمدا بوو، جگە لەمـەش، دەنگی بەچریکەتر و پلەی مـۆسـیـقـایی دەنگی بەرزتر بوو. زووتر گەیشتە بەشی کوردی ئێزگەی بەغدا و زۆربەی گۆرانییەکانی ناوچەی کۆیەی قۆستەوە و تۆماری کردن. لەبەر ئەو هۆیانە لە (سێوە) زیاتر ناسرا و پێش ئەم کەوتەوە. ئەمە ئەگەر لایەنە هونەرییەکان باس بکەین، دەنا کاک تایەر لەگەڵ کەسانێکی کە ئەو دەمە هاوتەمـەنی بوون و کـوردایەتی و نیـشـتـمـان پەروەریان دەکرد، تێکەڵاوییەکی باشی هەبوو(٨) لەم ڕێگایەوە بوو کە (ڕێچکەی) گوتن و بڵاوکردنەوەی گۆرانی نیشتمانی و میللەتپەروەری گرتە بەر و هەتا مردن لەسەری بەردەوام بوو، بەری نەدا. ئەم لایەنانەش یارمـەتی گـەورەی کـاک تایەری دا بۆ دەرکەوتن و دیاربوون(٩).

لە پێش دا (تایەر تۆفیق)و ئەمجا (سێوە)ش ئەم دوو هونەرمـەندە گـەورە و بە توانایە، زۆربەی سـامـانی فۆلکلۆری، کەلەپووری سەردەمێکی دوور و درێژی کۆیە و دەوروبەریان، لە گۆرانی و لە مەقام و بەستە قۆستەوە و لە گەڵ (تیپی مۆسیقای بەشی کوردی ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا)دا، تۆماریان کرد. کاک تایەر کۆمەڵێک مەقام و بەسـتـە و (سـێـوە)ش پێنج مـەقـامـە بەناوبانگەکـەیان تۆمارکرد.

ئەنجـامـدانی ئەم ئیـشـە لەلایەن ئەو دوو هونەرمـەندەوە

تایەر تۆفیق

بەم ئیشە ئەو گۆرانییانە لە فەوتان و لە گۆڕانکاری زیاتر تێداکردن ڕزگار کران، ئەگەر درەنگتر تۆمار بکرابانایە، لەوانەبوو گۆڕانکاری زیاتریان لەلایەن گۆرانیبێژی دیکەوە تێدا بکرابایە و بەو بارەی دواییان تۆماریان بکردنایە. بە تایبەتی شیعرەکانی مەقامەکان کە زۆر لایەنی ژیانی، دێرینی نەتەوەکەمان ڕوون دەکەنەوە.

(١) ئەم نووسینەی سەرەوە لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە (١١٨)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٨) لە لاپەڕە (١٥١ تا ١٦٠) کە بابەتێکی مامۆستای بەڕێز خاڵە (خالید دلێر)ە، بە ناوی (دوو مەقامی فۆلکلۆری و چەند تێبینییەک) بڵاوکراوەتەوە، ئێمەش ئەوەی بە کەڵکی بابەتەکەی خۆمان واتە (مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کۆیە) هات، لێرانەدا خستمانە ڕوو.

(٢) هەندێ کەسی دی لە کۆیە ئەو مەقامە بە (وەیلێ زاڵم) دەناسن.

(٣) مەبەست لە نەوەی پێش خۆیانە.

(٤) دیارە ئەمە ئاماژەیە بە ڕۆژی (ئەمین ئاغای ئەختەر) لەکۆیە.

(٥) دیارە مەبەست لە سەدەی بیستەمە.

(٦) دیسان مەبەستی سەدەی بیستەمە.

(٧) دیارە نووسەری وتارەکە مەبەست لە خاڵە خالید دلێرە.

(٨) خاڵە خالید دلێر لەم قسەیەیدا مەبەستی کەسانی وەک: (ئەحمەدی حەمە مەلا و عومەر عەبدوڵڵا و دڵداری شاعیر و عەونی شاعیر وهی ترن).

(٩) خاڵە خالید لەو ڕستەیەی دواییشدا مەبەستی ئەوەیە: بە هۆی ناسین وهەستان و دانیشتنی کاکە تایەر لەگەڵ ئەو زاتانە بوو، وای کرد ئەو جۆرە هۆنراوە نیشتمانپەروەرییانە بڵێت و ئەو ڕێبازەی وا لە مێشک و دڵیدا بچەسپێت، کە تا لە ژیاندا بوو هیچ هێزێک نەبوو، بتوانێت لەو ڕێگایەی لابدات.

گۆرانیبێژی گەل کاکە (تایەرتۆفیق)

مامۆستا (باکووری) لە بەشی یەکەمی کتێبی (گۆرانیبێژەنەمرەکان)دا، دەربارەی هونەرمەندی پایەبەرزی کورد (تایەرتۆفیق)ەوە، دەنووسێت: ساڵی(١٩٤٥ - ١٩٤٦) لە پۆلی دووی ناوەندی بووم، ئەو کاتە ناوی تایەر تۆفیقم وەک دەنگخۆشێک بیستبوو، لەگەڵ هاوڕێانی دیکەی: (ئەحمەدی حەمە مەلا، سێوە، حەمەدەمینی کەبابچی، مەلاکۆرە، عومەری مام عەولا، عوسمان عەونی شاعیر، وەستاعەبدەی ئاسنگەر، عوسمانی مام عەولا، مام سالحی ڕیخەڵۆک) و زۆرانی تر، هەروەک کاکە تایەر خۆی، لە کتێبی (گوڵی سەربەستی)دا، باسیان دەکات و دەڵێت: من لە ساڵی (١٩٣٦)ەوە، تا ساڵی (١٩٤٠) لە هەموو باخێک و لە هەموو مزگەوت و ماڵێکدا، لە ئاهەنگی مەولوودی پێغەمبەر و لە کۆڕ و دانیشتنی تایبەتی خۆم، مەقام و بەستەی کوردیم لەسەر زار بووە، چونکە ئەوسا کۆیە مەڵبەندی ئاواز و گۆرانی کوردی بوو، ئەگەر هیچ بۆنە و موناسەبەیەک نەبوایە گۆرانی تێدا بڵێم، ئەوە لەگەڵ دەستەیەک لە برادەران (١) ڕوومان دەکردە دەم ڕووبارێک، یان باخ و ڕەزەکانی دامێن شار، ئیتر هەر گۆرانی گوتن و شادی و پێکەنین بوو، ئەم خۆشی و ڕابواردنەمان تا ساڵی (١٩٤٢ - ١٩٤٣)ی خایاند، دوایی گرانییەکی کوشندە سەبارەت بە گەرمی (شەڕی دووەمی جیهانی)، کە تووشی ولات هات، ئەوسا من لە پۆلی سێیی ناوەندی کۆیە بووم، بەڵام بەهۆی گرانی و دەسکورتی و هەژاری، دەستم لە خوێندن هەڵگرت.

(١) مەبەستی کاکە تایەری نەمر لەو برادەرانەیە کە زووتر ناوی هێنان ئەوانەش: (ئەحمەدی حەمە مەلا، سێوە، حەمەدەمینی کەبابچی، مەلاکۆرە، عومەری مام عەولا، عوسمان عەونی شاعیر، وەستا عەبدەی ئاسنگەر، عوسمانی مام عەولا، مام سالحی ڕیخەڵۆک) و زۆرانی تر.

کۆمپۆزیشنی پۆرترێت

پۆرترێت

بەشێوەی تیۆری، مرۆڤ ساکارترین و سادەترین بابەتە بۆ وێنەگرتن. ڕۆژانە دەیان کەس دەبینین بەشێوەی جیا جیا لەکارەکانیاندا، واتە دەتوانین بەدەیان شێوە وێنەیان بگرین کە هیچیان لەوەی تر نەچێت. هۆکارەکەش بۆ هەست و نەستی ئەو مرۆڤە لەگەڵ جوولّەکانی دەگەڕێتەوە، بۆیە بەهەر باریکدا وێنەیەکی تایبەتی بەدەستەوە دەدات. لەڕاستیدا پۆرترێت پێناسەکەی ئەوەیە نیوەی لەشی مرۆڤ بێت، یان لەشی بەتەواوی دەربچێت، ئەمانە پێیان دەڵێن پۆرترێت، پۆرترێتی ئەمڕۆ جیایە لە ڕابردوو چونکە دەتوانین لەکاتی کارکردن و جوولّە سروشتییەکانیدا زۆر بە ئاسانی وێنەیان بگرین، بۆیە لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا زۆر بەڕوونی دەردەکەون.

هیچ نیگەرانی تێیدا نییە ئەگەر هاتو وێنەی پۆرترێت بگری، بۆ ئەم مەبەستە هانا بەریتە بەر کتێب، یان گۆڤارەکان تەماشایان بکەی کە ئەو مرۆڤانە، یان ئەو کەسانە بەرانبەر کامیرا چۆن دەرچوونە.

هەندێ پۆرترێت لەنێو ستودیۆدا ئامادە دەکرێن بەرانبەر دوو ئەمبڕێللا واتە چەتری ڕووناکی ئەگەر وێنەی کەسەکە جوان دەرچوو، ئەوا دووبارە و سێبارەش دێتەوە وێنەی خۆی لە هەمان ستودیۆ دەگرێتەوە.

تەکنیکەکانی پۆز

نهێنی جوانی و سەرکەوتنی پۆرترێت بۆ پۆزی وێنەگرتنەکە دەگەڕێتەوە. ئەگەر کەسەکە بەدڵتەنگی و خەمۆکی دەرچوو ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پۆزی وێنەگرتنەکە. مرۆڤ بەگشتی بەرانبەر بەکامیراکە دەوەستێ، جام دەکات واتە ڕەق و وشک هەڵدەگەڕێ،

فارس سەعدی

بۆیە پێویستە وێنەگر کەسەکە بدوێنێ و وای لێ بکات گوایە بەرانبەر کامیرا نییە، لەباریکی سروشتیدا وێنەکە دەگرێت، پێویستە بزانی ئەوکەسە حەزی لەچییە لەو بارەوە بیدوێنی. هەروەها بەخیلی بەفیلم نەکەی تەنیا یەک گرتەی بۆ بگری و بەس وابکە چەند گرتەیەک، یەک لەدوای یەکی بۆی بگری ورده ورده کەسەکە ڕادێت لەبەرانبەر کامیرادا ئینجا کامە گرتە واقیعیانەتر بوو، ئەوەی بۆ گەورە بکە.

دەموچاو

وێنەیەکی کلۆز ئاپ واتە لەنزیکەوە بۆ دەموچاوی پۆرترێتەکەت بگری، ئەمە بەهێزترین حاڵەتە لەبواری وێنەی پۆرترێتیدا. کۆمپۆزیشنی ئەم جۆرە وێنانە ئەوەیە بابەتەکەت ڕاستەوخۆ تەماشای کامیرا دەکات، بەڵام ئەگەر هاتو کەسەکە تۆزێک خۆی بەلایەکدا سووڕاند، ئەوا باریکی تر دەخوڵقێنێ و بابەتەکە دەگۆڕێ. تاقیکردنەوە بۆ گۆشە نیگای بەرز، یان نزم فۆکەس کردنەکەت دەبێ لەسەر چاوەکانی کەسەکە بێت. کرۆپ کردنی سەڵکی پۆرترێتەکەت دەبێ وابێ کە پێستی دەموچاوی کەسەکە کاریگەری زۆری پێوە دیاربێت.

سەر و شانەکان

سەرو شانەکانی کەسەکە لەوێنەدا زۆر شت دەردەخات، بۆیە لەوێنەگرتنی ئەم حاڵەتەدا وا بکە کەسەکە شانەکانی بەگۆشەیەکی (٤٥) بەرانبەر بە کامیرا بێت جوولەی شانەکانیان بەم لاو ئەولادا زۆر جۆرە پۆزی جوانت دەست دەکەوێ. لێرەدا دەبێ ڕەچاوی ڕێسای سێ یەک بکەی، وابکە چاوەکانی کەسەکە بکەونە بەشی سێیەکی سەرەوە، وێنەکە بەهێزتر خۆی نیشان دەدات، وەک لەوەی لەسەر هێڵێکی ڕاست گرتبێتت. ئەمەشیان بەوە دەکرێ کامیراکەت تۆزێک خوارکەرەوە خوارێ، یان بەرزی بکەیتەوە. حاڵەتێکی دینامیکی بەرزت پێ دەبەخشێت.

لەشی تەواو

هیچ لەوە ناشیرینتر نییە مرۆڤ ڕاوەستێ وەک دار بەبێ جوولەی دەستەکانی و قاچەکانی. بۆ ئەوەی وێنەی تەواوی لەشی مرۆڤ بگری چەند شێوازێک هەیە پەیڕەوی بکەی وێنەی جوان و کاریگەرت دەست دەکەوێ. بۆ نموونە وا بکە کەسەکە وێنەی لەناو دەرگایەک بگری و چوارچێوەی دەرگاکە دەبێتە چوارچێوەی سروشتی بۆ بابەتە سەرەکییەکەت.

یان وا بکە کەسەکە لەسەر پایەکانی قادرمە دانیشێ، یان لەسەر کورسییەک، بەڵام بە ئیسراحەت بێت بەبێ گرژی و توندی بێت. لەبیرت نەچێت بابەتەکەت وادانیشێ لەگەڵ تەوەری کامیراکە (٤٥) پلە بن هەروەها دانیشتنی نزیک پەردە و پەنجەرەش گرتەی کاریگەرت پێ دەبەخشن.

باکگراوند

کاتێک وێنەی کەسێک دەگری، دەبێ بیر لەباکگراوندەکەی بکەیتەوە، چونکە تەواوکەری یەکترین وابکە باکگراوندەکە سادە بێت، چونکە ڕەنگی زۆر و بابەتی زۆرقەرەبالغ، لەزاڵ بوون بەسەر بابەتەکەت کەم دەکەنەوە. دەبێ باکگراوند لە کەسەکە بوەشێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر کەسەکە فیتەر بوو، ئەوا ناو مەکینەی سەیارە باکگراوندەکەی دەبێت.

وێنەی کلاسیکی وایان دەگرت چەند پەردەیەکی ئامادەکراویان لەپشتی کەسەکە دادەنا و دەهاتن وێنەیان دەگرت، بەڵام باشترین پەردە ئەوە بوو خۆڵەمێشی بێت. ئاسانترین باکگراوند ئەوەیە هاوێنەی تەلی فۆتۆ بەکاربێنی لە دوورەوە وێنەی بابەتەکەت بگری، ئەمە وادەکات باکگراوندەکە فۆکەس نەبێت و لێڵ بێت، تەنیا بابەتەکەت فۆکەس دەبێت بەمەش باکگراوندێکی سادەت بۆ دەردەچێت.

دەستەکانت

زۆرجار دەستەکان دەربڕی حاڵەتی ناخی مرۆڤەکەن پەنجەی دەستەکانیش زۆر دەربڕن، نابێ وابکەی زۆر وێک بێنەوە، واتە بچنە بار یەکتری، جاری وا هەیە چەناگەی کەسەکە خراوەتەسەر دەستی واتە بەدەست ڕاگیری کردووە، بەڵام دەبێ بەکەسەکە بڵێی زۆر قورسایی نەخاتە سەر دەستەکانی.

سەرچاوە:

Alisa Mc Whinnie, Complete Photography Manual, 2003.

دۆزینەوەی مێژووە ونبووەکانی تاک، لە سەدەی دیکتاتۆرەکاندا

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆرووێل

ئارام سدیق
(سلێمانی)

سەرەتا

هەرکاتێک ڕۆمانێکی نوێ دەخوێنمەوە، ئەوە دێتە بیرم بۆچی مرۆڤ ڕۆمان دەنووسێ؟ ئایا گرنگی نووسینی ڕۆمان لەچیدایە؟ یان بۆچی لە سەرەتای پەیدابوونی نووسینەوە، مرۆڤ لە تەک شیعردا ڕۆمانیشی نەدەنووسی؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە هێندە ساکار نییە، بەڵام گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارگەلی لەم جۆرە، وەزیفەی مرۆڤە و ئەو وەڵامانەش تەنیا تێکستە جوانەکان دەتوانن بیدەنەوە، ئەو تێکستانەی خەون و ڕوانینی نوێ لە هزرماندا دەخوڵقێنن. میلان کۆندێرا دەربارەی مێژووی ڕۆمان دەڵێت: هونەری نووسینی ڕۆمانی ئاڵۆز و گران تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم سەری هەڵنەداوە ئەوکات تەرزە ڕۆمانێک دەرکەوت. واتە کۆندێرا پێیوایە مێژووی ڕۆمان هێندە دوور نییە لێمانەوەو ئەوەیشی پێشتر نووسراون ڕۆمانی ساکار بوون، یان بەناو ڕۆمان بوون. دەکرێت لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیارەی سەرەتا کردمان کە ڕۆمان چییە؟ عەبدولڕەحمان مونیف دەڵێت: ڕۆمان بەتەنیا گوزارشتکردن نییە لە خود و بەتەنیا پێشکەشکردنی دانپیانانێک نییە، سەرەڕای گرنگی ئەو دوو ڕەگەزە، ئەرکی ڕۆمان بنیادنانی جیهانێکی تەواونییە بەهەموو لایەن و دژواری و ململانێکانییەوە. «ڕاوی»ش یەکە یەکە لە نێو چەندین یەکەی تردا. هەر لەم بارەیەشەوە کۆندێرا دەڵێت: مەبەستی ڕۆمان وەسفکردنی کۆمەڵگا نییە، چونکە بەدڵنیاییەوە ڕێگای باشتر هەیە بۆ کردنی ئەم کارە، هەروەها بەهیچ شێوەیەک وەسفی مێژوو ناکات، بەڵام ڕۆمان تاکە هۆکارە هەموو سیماکانی بوونی مرۆیی ببینێت و وەسفیان بکات و شیکاریان بکات و ڕوونیان بکاتەوە. لێرەدا هەم لە ئەرکی ڕۆمان و هەم لە گرنگی ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی تێدەگەین و ئەوەش ئاشکرایە ڕۆمان بەرهەمی شار و شارستانییەتە و کاتێک ئاسۆی بیرکردنەوە و ڕوانینی مرۆڤ فراوان بوو، ڕۆمانیش لە دایک بوو.

ئەوەی ئەم نووسینە مەبەستییەتی قسەی لەسەر بکات ڕۆمانی (١٩٨٤)ی (جۆرج ئۆرویل)ە کە یەکێکە لە ڕۆمانە جوانەکانی مێژووی ڕۆمانی جیهانی و هەڵگری جیاوازییەکی تایبەتیشە لە ئاست هەموو ڕۆمانەکانی سەدەی ڕابردوودا. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە قسە لە ئایندە دەکات و سەرجەم ڕووداو و کاراکتەرەکانی لە(٣٥) ساڵی داهاتووی مێژووی نووسینی ڕۆمانەکەدا دەژین، یان بنیادنراون. ئەمە خاڵێکی جەوهەری و بنەڕەتی ئەم ڕۆمانەیە، هەروەها خاڵێکی تر ئەو مۆرکە سیاسییەیە کە بەسەرجەم ڕووداو و کارەکتەر و فەزای گشتی ڕۆمانەکەیەوەیە، کەم ڕۆمان هەیە هێندەی ئەم ڕۆمانە و ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)ی هەمان نووسەر سیاسی بن، یان ڕاستتر بڵێین پانتایی سیاسەت لەم ڕۆمانانەدا بەرفراوانترە، هەروەها لەم ڕۆمانەدا قسە لەسەر بابەتێک کراوە کە سەرجەمی مێژووی مرۆڤایەتی پێوەی گیرۆدەیە و تەنیا خەمی گەل و نەتەوە و چینێک نییە، بەڵکو ئەوەی لەم ڕۆمانەدا باس کراوە خەمی سەرجەمی مرۆڤایەتییە، کە ئەویش دیکتاتۆرییەت و تۆتالیتاریزمە. گرنگی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەوەدایە نووسەر درکی بەوە کردووە تا سەرمایەداری پەرە بستێنێ تۆتالیتاریزمیش لە گەشەدا دەبێت و مرۆڤیش لەبارەیەوە پێویستی بە هۆشیاری سیاسی ڕۆشنبیری هەیە. جۆرج ئۆرویل لە ڕۆمانی (مەرزای ئاژەڵان)دا باس لە دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەت و حوکمی دیکتاتۆریانە دەکات لەڕێی ئاژەڵانەوە، بەڵام لە ڕۆمانی (١٩٨٤)دا دەیەوێت لەپاڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەوە تۆتالیتاریزمیش، کە درندانەترین شێوەی دیکتاتۆرییە بخاتەڕوو.

جۆرج ئۆرویل لە (١٩٠٣) لە هیندستان هاتووەتە دنیاوە ناوی تەواوی (ئەریک بلیر)ە و بەشێکی زۆری ژیانی لە ڕیزی پۆلیسدا بەسەر بردووەو لە چەندین حزب و ڕێکخراوی سیاسیدا کاری کردووە و لە سەرەتادا دژی ڕژێمی سەرمایەداری بووەو باوەڕێکی ئینتەرناسیۆنالیستانەی بووە، بۆیە کە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا دەستی پێکرد لە ساڵی (١٩٣٧) چووە ڕیزی کۆماریخوازەکان و لەو شەڕەدا بریندار بووە و تێکشکاندنی بەرەی کۆماریخوازەکانی بەچاوی خۆی دیوە. ئۆرویل لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی شتی بۆ ڕادیۆی (بی بی سی) دەنووسی و لە (١٩٤٢)دا یەکێک بووە لە نووسەرانی ڕۆژنامەی (تریبیۆن) و بەردەوام وتاری ئەدەبی و سیاسی تێدا دەنووسی، پاشان لە ڕۆژنامەی (ئۆبزێرڤەر) پەیامنێر بووە و ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)ی لە ساڵی (١٩٤٥) نووسیوە و دوا کتێبیشی ڕۆمانی (١٩٨٤)ە ئەم کتێبەی ئێمە دەمانەوێت لێی بدوێین لە ساڵی (١٩٤٩)دا نووسیوە و ساڵێک پاشتر واتە ساڵی (١٩٥٠) لە شاری لەندەن بە نەخۆشی سیل کۆچی دوای کرد. ئاماژە دان بە ژیاننامەی ئەم نووسەرە بۆ بەرچاوڕوونی زیاترە لەسەر دنیابینی و کاریگەری ژیانی تایبەتی نووسەر و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانیدا.

ئۆرویل و سیاسەت و ڕۆمانی ١٩٨٤

جۆرج ئۆرویل یەکێکە لەو نووسەرانەی کە هەموو، یان زۆرێک لە بەرهەمەکانی بۆنی سیاسەتیان لێ دێت و ژیانی تایبەتیشی لەناو سیاسەتدا بەسەربردووەو ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانیدا هەبووە، هەروەک چۆن بەرهەمەکانی هەمەنگوای ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی ژیانی تایبەتی خۆی پێوە دیارە. هەمەنگوای پاش بەشداریکردنی لە جەنگی یەکەمی جیهانی، ڕۆمانی (مالئاوایی لەچەک)ی نووسی کە کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە نزیکییەکی زۆری لەگەڵ خودی نووسەردا هەیە، هەروەها سانتیاگۆی ڕاوچیش لە ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا)ی هەمەنگوایدا دیسان نزیکییەکی زۆری لەگەڵ خودی نووسەردا هەیە. لای ئۆرویلیش لە ڕۆمانی (١٩٨٤)دا نزیکییەکی زۆر لەنێوان کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە (وینستۆن) و خودی نووسەردا هەیە و هەندێک لێکۆڵەر لە یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی ئەم نووسەردا جەختیان لەسەر ئەمە کردەوە.

ڕۆمانی (١٩٨٤) و (مەزرای ئاژەڵان) و (بژی کەتەلۆنیا) سێ ڕۆمانی بەناوبانگ و سیاسی ئەم نووسەرەن و بەسێنەی سیاسی ئۆرویل دادەنرێن لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا سیاسەت ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە و هەتا هەندێک لە لێکۆڵەران ڕۆمانی (بژی کەتەلۆنیا) بە یەکێک لە باشترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئۆرویل دەزانن کە بە

(راپۆرتێکی کلاسیک لە جەنگ) ناسراوە، لەم بارەیەوە (برخا)ی لێکۆڵەر دەڵێت: ئەم ڕۆمانە نووسینێکە بانتر لە سیاسەت و ئەوە یەکەم جار بوو کە ئۆرۆیڵ ئەوەی لە ئامانجیدا بوو جێبەجێی بکات، ئەویش تێکەڵکردنی ئەندێشە سیاسییەکان بوو لەگەڵ ئەدەب. هاوکات ڕۆمانی (١٩٨٤)یش یەکێکە لە بەرهەمەکانی تری ئۆرۆیڵ کە سیاسەت هەوێنی تەواوی ڕۆمانەکەیە، یان وەکو مەریوان وریا قانیع دەڵێت: ڕۆمانی (١٩٨٤) یەکێکە لە سیاسیترین ڕۆمانەکانی سەدەی ڕابردوو و ئۆرۆیڵ-یش بە سیاسیترین نووسەری سەدەی بیستەم دادەنێت. ئەم ڕۆمانە باس لە کەسێک دەکات بەناوی وینستۆن سمیس کە فەرمانبەرێکە لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری چوار وەزارەتیدا کە ئەمانەن: وەزارەتی ڕاستی، وەزارەتی ڕێکەوتن، وەزارەتی ئەوین، وەزارەتی فراوانی . ئەم وەزارەتانە هەریەکە و بەشێوەیەک هەوڵی جوانکردنی ڕووی ڕێبەری گەورە و حزب دەدات: وەزارەتی ڕاستی کاروباری هەواڵ و سەرگەرمی و پەروەردە و هونەرەجوانەکان بەڕێوە دەبات. وەزارەتی ڕێکەوتن خەریکی جەنگە. وەزارەتی ئەوین یاسای ڕێکوپێکی لەسەرە. وەزارەتی فراوانی-یش کاروباری ئابووری ڕادەپەڕاند. کاری وینستۆن لە فەرمانگەکەیدا سەرلەنوێ نووسینەوەی هەموو ئەو وتار و نووسینانەی ڕابردوو بوو کە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا هەبوون تا ڕابردووی حزب ببێتە ڕابردوویەکی خاوێن.

وینستۆن بیرۆکەی ئەوەی لادروست دەبێت کە دژ بە حزبی دەسەڵاتدار بوەستێتەوە لەبەر پەیڕەوکردنی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە لەوێوە بیرۆکەی (مەرگ بۆ ڕێبەری گەورە) دێتە بیری و پاشان هەوڵی قوتاربوون لە ڕێوڕەسمە حزبییەکان دەدات وەکو دواکەوتن لەدەوام، یان بەشداری نەکردن لە هەفتەی ڕق، کە هەموو هاووڵاتیان تێیدا بەشداربوون بۆ ڕقبوونەوە لەدوژمنانی حزب، کە تێیدا وێنەی دوژمنی گەورەی حزب "عەمانوێل گۆڵدستەین" پیشان دەدرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیان ڕقیان لێی بێت. هەروەها وینستۆن دەفتەرێکی یادگاری دەکرێت بۆ نووسینەوەی یاداشتەکانی تا لەو دۆخە بێ مێژوویەی حزب دروستی کردووەو مێژووی گەل یەکسانە بەمێژووی حزب و ئەوەی بە دڵی حزب نەبێت مێژووی نییە، یان نابێت هەبێت، لەم دۆخەدا وینستۆن دەیەوێت لەڕێی نووسینەوەی یاداشتەکانییەوە مێژوویەکی ونبوو بنووسێتەوە. مێژوویەک کە حزب دەیەوێت تەنیا خۆی خاوەنی بێت. ئەم پیاوە دەزانێت ئەم کارە پڕمەترسیترین کارە کە هەڵیبژاردووە و ڕەنگە ببێتە هۆی کوشتن و لەناوبردنی، بەڵام دەست بەنووسین دەکات و یەکەم دێر دەنووسێت (مەرگ بۆ ڕێبەری گەورە).

دواتر متمانە بەکەسێک دەکات بەناوی (ئۆبراین) وا دەزانێ ئەویش هەمان بیرکردنەوەی هەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە دەردەچێت و وینستۆن دەگیرێت و جولیاش، کە ئافرەتێکە خۆشەویستی وینستۆنە و پێوەندی هاوڕێیەتی و سێکسیان لەگەڵ یەکتردا هەیە ئەویش دەگیرێت، (ئۆبراین) ئەشکەنجەی وینستۆن دەدات تا دواجار هەموو بیروبۆچوونەکانی دژی ڕێبەری گەورە لە مێشکیدا دەسڕنەوەو ئەوکات ئازادی دەکەن.

لێرەدا دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ کاریگەری بیری سیاسی لە ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرەدا، تایلۆر لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ئەزموونی ئیسپانیا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئۆرۆیڵ بەجێ هێشتووە و بڕوای لەوەدا بەهێزە کە ڕۆح و سروشتی مرۆیی شکستی پێناهێندرێت. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئاشنای کەش و دۆخێک بووە کە دەیتوانی لە ئاست خۆیدا مەزنتربێت، چاندنی بێ ئومێدی یەکێکە لە کارە دیارەکانی هەر سیستمێکی دیکتاتۆری، وینستۆنیش زۆر بێ ئومێدە لە نووسینی یاداشتەکانی و پێیوایە نووسین و نەنووسینی هیچ کاریگەرییەکی نابێت و دواجار پۆلیسی خەیاڵ هەر دەیگرن.

بوون و جیاوازی

یەکێک لەو خاڵانەی لای سەرجەم حزبە دیکتاتۆرەکان هێڵی سوورە بوونی جیاوازییە و هەموو جیاواز مامەڵەکردن و بیرکردنەوەیەک لادانە لە پرنسیپە پیرۆزەکانی حزب. ئۆرۆیڵ لەم ڕۆمانەدا بایەخێکی زۆری بەم بابەتە داوە .

حزبەکەی ڕێبەری گەورە کە تەنیا لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئیستادا نەبوون، بەڵکو دەیاننوبست مێژوو وەکو ئەوەی خۆیان دەیانەوێت

مۆنۆپۆلی بکەن. واتە مێژووش وەکو ئەوەی تۆماربووە، بسرنەوە نەک لەکەیەکی بۆ ڕووی ڕێبەری گەورە تێدا بێت، هەروەها لەڕێی ئامێری چاودێریکردنەوە کە هەموو شوێنێک و تەنانەت ناوماڵەکانیشی گرتبووەوە هەوڵی چاودێریکردنی هاوواڵاتیانی دەدات و بەردەوام ئەو قسەیە دەدرایە گوێی خەڵکدا کە ڕێبەری گەورە چاوی لێتە جیاواز بیر نەکەیتەوە. خۆ ئەگەر کەسێک بیرێکی جیاواز لە بیروبۆچوونی ڕێبەری گەورەی هەبوایە تەنیا مەرگ سزاکەی بوو، یان بەدەردی وینستۆن دەبرا. هەروەها دەبوایە هەموو کەسێک سێ دروشمە سەرەکییەکەی حزبیان لەبەر بوایە (شەڕ ئاشتییە، کۆیلایەتی ئازادییە، نەزانی هێزە).

بەهێزترین و گرنگترین خاڵێک کە ڕێبەری گەورە پەیڕەوی دەکرد بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵاتی، چاندنی باوەڕی دووفاقانە بوو لەنێو خەڵکدا. لە یەک کاتدا ئینسانێک بە شتێک بڵێت باش و خراپ. واتە بوونی هەموو شتێک لەبیری مرۆڤدا هەڵگری دوو بۆچوونی جیاواز بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک بۆچوونی خراپی لەسەر ڕێبەری گەورە هەبێت، هاوکات خۆی بە درۆ بخاتەوە بڵێت زۆر باشە. چاندنی بیرکردنەوەی دووفاقانە (یان دوو جەمسەری) خاڵێکی بەهێزی نەهێشتنی بیری جیاوازی بوو لە نێو وڵاتدا، هەروەها چاندنی تۆوی جاسووسی لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵداو هەتا لەناو خێزانەکاندا منداڵیان بەسەر دایک و باوکەوە دەکرد بە چاودێر و بۆ مەبەستی جاسووسی بەکاریان دەهێنا. ئۆرویل لەم بارەیەوە دەنووسێ: منداڵیان بەپێی بەرنامەی خۆیان پەروەردە دەکرد بۆ جاسووسێتی بەسەر دایک و باوکی خۆیانەوە، بەڕاستی خێزان ببوو بە بەشێکی سەر پۆلیسی خەیاڵ.

لێرەدا کاتی ئەوە هاتووە باسی پۆلیسی خەیاڵ بکەین. پۆلیسی خەیاڵ لەشکرێک پۆلیسی نهێنین و حزب بۆ کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوە و ڕەفتاری هاوواڵتیان و کەس نەتوانێت نهێنی هەبێت و دواجار کەس توانای بیرکردنەوەی جیاوازیشی نامێنێت، یان ترس لە بەرانبەر بیرکردنەوەدا دروست دەبێت ئەم ترسە کە لەڕێی پۆلیسی خەیاڵەوە دروست بووە، کاری سەرەکی کوشتنی هەستی تاکەکەسی و بوونی هەموو بوویەکی تایبەتییە، بوونی دەفتەرێکی یاداشت چەند سادە و ساکار بێت لە هەمان کاتدا یەکێکە لە قەدەغەترین شتەکان و پێشێلکردنی سنووری یاساکانی ڕێبەری گەورەیە.

کاتێک وینستۆن زیندانی دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت لە ئۆبراین دەپرسێ (ڕێبەری گەورەبوونی هەیە) ئۆبراین دەڵێت: دیارە حزب هەیە و ڕێبەری گەورە سمبولیەتی. پاشان وینستۆن دەڵێت: وەک من هەم ئەویش وا هەیە. ئۆبراین دەڵێت: تۆنیت؟! گوتنی ئەم قسەیە هەروا سادە نییە، بەڵکو پڕ لە ئاڵۆزییە و واتە هەر کەسێک هاوشێوەی دیکتاتۆرەکان بیرنەکاتەوە بوونی نییە و تەنیا هاوبۆچوونەکانی حزب بوونیان هەیە. وینستۆن پاش ڕامانێک دەڵێت: لەو باوەڕەدام من بوونم هەبێت. ئاگاداری پێناسەی خۆمم. هاتوومەتە دنیاوە و لە دنیاش دەڕۆم. دەست و پێم هەن. بۆشاییەک پڕ دەکەمەوە. دەبینین وینستۆن گومان لە بوونی خۆی هەست پێدەکرێت، بەڵام دڵنیاشە کە هەیە. بێگومان ئەم خاڵە کرۆکی فیکری تۆتالیتاریزم دەخاتە ڕوو و ئۆبراین ئەوەش بەوینستۆن دەڵێت: دەسەڵاتی حزب هەمیشەییە، ئەمە لەسەر تەختەی خەیاڵی خۆت تۆمار بکە. هەروەها ئۆبراین دەڵێ: حزب تەنیا لە پێناوی خۆیدا دەسەڵاتی دەوێ، حەقتان بەسەر خێر و بێری خەڵکەوە نییە. تێدەگەین کە حزبەکەی ڕێبەری گەورە تەنیا خەمی پاراستنی کورسی دەسەڵاتە و گرنگ نییە چی لە وڵاتدا دەگوزەرێ. دوژمنی حزبیش تەنیا بوونی ئەوانەیە کە جودا لە حزب بیردەکەنەوەو دەیانەوێت بەشوێن حەقیقەتی تردا بگەڕێن، چونکە حەقیقەت تەنیا ئەو حەقیقەتەیە کە حزب باوەڕی پێیەتی . بۆ نموونە نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە (٢ + ٢ = ٥) ئەمە پەسەندکراوی حزبە هەر کەس بڵێت: (٢ + ٢ = ٤) ئەوە لە پرنسیپەکانی حزب لایداوەو حەقیقەتی (٢+٢) تەنیا پێنجە. لەسەر ئەمە دەیان کەس لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە دەدرێن وینستۆنیش کەسێکە لەوانە و ئەو سەرەتا هەر دەڵێت: (٢ + ٢ = ٤)، بەڵام ئۆبراین دەڵێت: (٢ + ٢ = ٥) دواجار لەژێر ئەشکەنجەدا حەقیقەتی حزبی پێدەسەلمێنێ کە (٢ + ٢ = ٥) وینستۆن دەڵێت: دەکاتە هەزار. ڕێبەری گەورە دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو کە یەک سەردەم نەبێ کە

حزب لەسەر حەقە سەردەمی تر بوونی نییە. نموونەی حزبی دیکتاتۆری لە هەر جێیەکی دنیابێت وەکو یەکە. سەدام حسێنی دیکتاتۆریش هاوشێوەی ڕێبەری گەورە مامەڵەی دەکرد و تەنیا هاوبۆچوونانی ئەو دەیانتوانی بین و ئەوەی جودا بوایە لە بیری ئەو بوونی دەسڕایەوە، واتە سڕینەوەی بوونە جیاوازەکان یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی سیستمی تۆتالیتاری .

ترس لە زەمەن

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە دیارەکانی دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆری ترسە لە ئایندە، چونکە گومانی لە بەردەوامبوونی ئەو ستەمانە هەیە کە دەیکات و ترس لە لەدەستدانی کورسی دەسەڵاتی هەیە. ناپلیۆن بۆناپارت دەڵێت: بێ مێشکەکان هەرباسی ڕابردوو دەکەن، ئاقڵەکان لە بیری ئێستادان و شێتەکانیش باس لە داهاتوو دەکەن. یان لە شوێنێکی تردا دەڵێت: پیاو ئەگەر دڵی بەهێز بێت ئایندە بەلایەوە بچووکە، بەڵام ئێمە دەزانین ناپلیۆن یەکێک بووە لە دیکتاتۆرەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و ویستوویەتی هەمیشە لەبیری ئەو پلانانەدا بێت کە لە ئێستادا لێی دەکرێت، بۆیە: زۆر گرنگی بە ئایندە نەداوە. بەڵام ئۆرویل بە پێچەوانەی ناپلیۆنەوە لەم ڕۆمانەیدا (١٩٨٤) پێشبینی ئایندەی ئەورووپای کردووە، ئەگەرچی پێشبینیەکەی ئۆرویل کە لە ساڵی (١٩٤٩)دا کردبووی وەکو ئەوە دەرنەچوو، بەڵام نزیکییەکی زۆری لەگەڵ ئەو جیهانەدا هەبوو کە نووسەر پێشبینی کردبوو.

یەکێک لە دروشمەکانی حزب ئەوەیە، ئەوەی ڕابردوو دەستەمۆ بکات جڵەوی ئایندەی لەدەستدایەو ئەوەی بەسەر ئێستادا زاڵ بێ جڵەوی ڕابردووی بەدەستەوەیە. ئەم دروشمە کتومت لە حزبدا پەیڕەو دەکرێت و ئیشی وەزارەتێکیش تەرخانە بۆ جوانکردنی ڕابردوو لە پێناو ئایندەدا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆرەکان ئەوەیە ترسیان لە مێژوو و زەمەن هەیە و لە مێژوو دەترسن، چونکە ڕابردوویانە، یان دەبێتە ڕابردوو. هاوکات لەخەمی ئێستای دەسەڵاتیاندان، چونکە بناغەدانەری ئایندە لە ئێستادایە، هەروەها لە ئایندەش دەترسن، لەبەر ئەوەی دڵنیانین لەوەی کە ئایندە لەبەرژەوەندی ئەواندایە، ڕەنگە بگۆڕدرێ، یان ئەگەری گۆڕانی هەیە. من کۆی ئەم ترسانە ناودەنێم (ترس لە زەمەن). ترس لە زەمەنیش هەناوی هەموو دیکتاتۆرێکی گرتووە، تێپەڕبوونی هەر چرکەیەک تێپەڕبوونی ژیانێکە کە دەبێتە مێژوو. شێواندن، یان دەستکاریکردنی مێژوو لەلایەن حزبی ڕێبەری گەورەوە بەشێکە لەزامنکردنی ئێستاو ئایندە. نووسینەوەو داڕشتنەوەی سەرجەم وتارو شیعرەکانی ڕابردوو کە دەبێتە ئەرکی وەزارەتی (ڕاستی) و تەرخانکردنی ئەو وەزارەتە تایبەتمەندە بۆ ئەو بواره سەلێنەری کۆی قسەکانی پێشوومانە. هەروەها ڕێبەری گەورە دەیەوێ ئەو ڕابردووە لە زەمەنێکی زۆرکەمدا بگۆڕدرێ بەشێوەیەک کە هیچ هاوڵاتییەک هەستی پێنەکات.

ئۆرویل لە زمانی وینستۆنەوە ئەم حاڵەتە دەخاتە ڕوو و دەنووسێت: ڕابردوو نەک هەر گۆڕاوە و بەس، بەڵکو ڕووداوەکان خۆبە خۆی خۆیان سڕاونەتەوە، چونکە دەسەپێنرێت. سەپاندنی بیروبۆچوون یەکێکی تره لە سیما هەرە دیارەکانی دیکتاتۆرەکان ئەو دەیەوێت لەڕێی ئەوەوە هەموو کەسێک بکاتە کۆیلەی خۆی تا کڕنووشی بۆ بەرن. لێرەشدا تاک دەسڕێتەوە و کۆمەڵگە دەبێتە مێگەلێک. ئۆرویل خەمی سەرەکی ونبوونی تاک بووە لەنێو گەمەکانی حزب و ڕێبەری گەورەدا. ئەم نووسەرە لە وتارێکدا نووسیویەتی: کێشەی سەرەکی سەردەمی ئێمە کەمبوونەوەی باوەڕە بە مانەوەی هەمیشەیی تاک.

تاک لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە و پەیدابوونی تاک، یان ڕاستتر بڵێم تاکگەری یەکێکە لە سیما دیارەکانی گەشەسەندنی شارستانی و داهێنان و ئەو کۆمەڵگایانەی تاک تێیدا ئازادە و کۆمەڵگەی کراوەن بەڕووی چالاکییەکانی تاکدا. بەشێوەی خێراو سەر سوڕهێنەر ژیان تێیاندا گەشەسەندن بەخۆوە دەبینێت، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی کۆمەڵگەی داخراو و خێڵەکی و دیکتاتۆرین، تاک تێیاندا ئامادەیی نییە و کۆمەڵگەی (کۆ)ن و هەموو بڕیارەکان دەستە جەمعین، ئەمەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر دەرنەکەوتنی توانای تاکدا هەیە. دیکتاتۆرەکان هەمیشە لە ڕای جیاواز و بیرکردنەوەی جیاوازی تاک دەترسن، بۆیە ئۆرویلیش لە خەمی

ئەم حاڵەتەدایە ئەو لە (مەزرای ئاژەڵان) و (١٩٨٤)دا دوو ئاگادار کردنەوەی کوشندە و ترسناکی نووسیوە سەبارەت بەوەی ئەگەر کۆمەڵگا بە گوێرەی یاسای مارکسیست - لینینەکان بەڕێوە بچێت مەترسی زۆر دەبێت، وێڕای ئەوەی کە ژیانی بۆرژوازی ڕەد دەکاتەوە و خۆشی لە ڕۆمانی (١٩٨٤)دا چەند جارێک دەنووسێت: تەنیا هیوایەک هەبێت تەنیا پڕۆلیتارە. ئۆرویلیش وەکو کارل پۆپەر نایەوێت هیچ سیستمێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی تەوق بکاتە ملی تاک و تاکبوون لە تاک بسەنێتەوە، یان زەوتی بکات. کارل پۆپەر لە کتێبی "کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی"دا بەوردی باس لەم حاڵەتە دەکات و پێیوایە نەکۆمارەکەی ئەفلاتوون و نەمارکسیزم و هێگڵییەت ناتوانن ژیانێکی ئازادانە بۆ تاک دەستەبەر بکەن، بۆیە دواجار کارل پۆپەر بە دوژمنی کۆمەڵگەی کراوەیان دادەنێت.

سەدەی دیکتاتۆرەکان

سەدەی بیستەم سەدەی دەرکەوتنی دیکتاتۆرە گەورەو بچووکەکان بوو، سەدەی جەنگ و مرۆڤ کوژی بوو، سەدەیەک بوو زۆرترین خوێنی مرۆڤی بەناحەق تێدا ڕژا. دەکرێت ئەم سەدەیە دەیان لێکدانەوە و خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت. ئۆرویلیش وەکو نەوەی ئەو سەدە جەنجاڵە و کاریگەری ئەو جەنجاڵیانە لەسەر بیرکردنەوەو نووسینی ئەم پیاوە بە ئاشکرا هەست پێدەکرێت. ئۆرویل لە (مەزرای ئاژەڵان)دا باس لەیەکێک لە دیکتاتۆرترین مرۆڤەکانی سەدەی نۆزدە دەکات کە ناپلیۆنە و لە (١٩٨٤)یشدا باس لەسەرجەم دیکتاتۆرەکان دەکات و پێموایە لەسەرووی هەموشیانەوە (ستالین) هەوێنی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و ئەو بە (ڕێبەری گەورە) هێمای بۆ کراوە.

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بە چەند تایبەتمەندییەکی دیاری سیستمی دیکتاتۆری کرد، بەڵام ئۆرویل لەمەش قوواڵتر ڕۆیشتووە و ئەو هێما بەوەش دەکات کە دیکتاتۆرە نوێیەکان بن، بەواتایەکی تر خۆیان بزواندنی هەموو هەستە مرۆییەکانی ئینسان قۆرغ بکەن. لەنێو ئەمانەشدا هەستی ئەوین و خۆشەویستی . وینستۆنی پاڵەوانی ڕۆمانی (١٩٨٤) لەگەڵ کچێکی قەشەنگ بەناوی (جولیا) پێوەندی دەگرێ. سەرەتای دروستبوونی پێوەندییەکە لەژێر گوشارێکی دەروونی توندو ترسێکی لەڕادەبەدەر کاریگەر لەژیانی وینستۆن دەستی پێکرد و پاشانیش بوونی پێوەندی خۆشەویستی و پاشان سێکس لەنێوان جولیاو وینستۆندا ئەوەندەی تر پێوەندی نێوان ئەم دوو تاکە مەترسیدارتر دەکات، بەڵام هەردووکیان حەز بەو گەمە ترسناکە دەکەن و ئاگاداری هەموو مەترسییەکانیش. هەروەها ژیان بەگشتی بەهۆی بیرکردنەوەی جیاوازەوە لە مەترسیدا بوو و هەرکەسێ بیرکردنەوەی جیاوازی هەبوایە، یان پێوەندییەکی هەبوایەو حزب ئاگاداری نەبوایە ژیانی دەکەوتە مەترسییەوە. حزب دەیویست ئاگاداری پێوەندییە سێکسییەکانی خێزان و هەتا منداڵ دروستکردنیش بێت، بۆ ئەوەی کۆی سیستمێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، چونکە دەیویست بەپێی بەرنامەی دیاریکراو منداڵ پەروەردە بکرێ بۆ جاسووسێتی بەسەر دایک و باوکەوەو هانیان دەدات لەڕێی لادانیان بۆ حزب ئاشکرا بکەن، وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا خێزان ببووە بەشێک لە پۆلیسی خەیاڵ. ئەم پەروەردەیە دەبێتە هۆی تێکدانی یەکجارەکی شیرازەی کۆمەڵگە هەروەک چۆن ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا توانی پەیڕەو بکات و تا ئێستاش ئاسەواری ئەو یاسا شۆڤێنیانەی بەعس بوونیان هەیە.

چۆنێتی بەکارهێنان و بەگەڕخستنی دەسەلات یەکێکە لە ئەرکە لە پێشینەکانی دیکتاتۆرەکان. ئۆبراین لە کاتی ئەشکەنجەدانی وینستۆندا لە پێناسەی دەسەلاتدا دەڵێت: دەسەلات ئەوەیە ئازار و سەرپێشۆڕکردن بخولقێنێ. دەسەلات ئەوەیە مۆخی مرۆڤ لەتوپەت بکەیت و سەرلەنوێ بەشێوەیەکی دی، وەک خۆت گەرەکتە دایبڕێژیتەوە. بێگومان ئەمە پەیام و مەرامی سەرەکی هەموو دەسەلاتێکی دیکتاتۆرییە و دەنا پێناسەی دەسەلاتی دیموکراسی کتومت پێچەوانەی ئەمەیە. هەروەها لە دەسەلاتی دیکتاتۆریدا وەکو ئۆرویل ئاماژەی پێدەدات، حزب هەرچەندە دەسەلاتی زیاد بکات، ئەوەندەش لێبوردنی کەم دەکات. دواتر ئۆبراین بە وینستۆن دەڵێت: گرنگترین شت ئەوەیە هەمیشە بەبادەی دەسەلات

مەست بین. دواتر دەڵێت: دەسەڵات کاتێک دەسەڵاتە کەبەسەر خەڵکدا بێ، بەسەر جەستەیاندا، بەڵام زیاتر بەسەر هۆشیاندابێ. واتە لەهەر سیستمێکی دیکتاتۆریدا گرنگ کپکردنی جەستەیی تاکەکانی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو لە هەمووی گرنگتر کپکردنی عەقڵ و بیرهۆشکردنیانە تا زیان بە بەرژەوەندی حزب و دەسەڵاتی ڕێبەری گەورە نەگەیەنن. ئۆرویل لەم ڕۆمانەیدا زۆر ورد حزب بە ئەمیر و دەسەڵات بەهەمیشەیی دادەنێت و دەنووسێت: دەسەڵاتی حزب هەمیشەییە. لێرەدا هەمیشەیی بوونی دەسەڵات ڕێگە بە یەک ڕەنگ کردنی ژیان و بیری مرۆڤەکان دەدات و توانای داهێنەران خەفە دەکرێت و مرۆڤ تووشی گومان دەکات لە بوون و مانای ژیانی خۆی.

بەر لە کۆتایی

سیحری نووسین لای ئۆرویل تەنیا لەوەدا نییە کە سیاسەت هەوێنی بەرهەمەکانییەتی، بەڵکو عەشقی ئافرەتیش یەکێکی تر لە لایەنەکانی ڕۆمانی (١٩٨٤). وینستۆن تاڕادەی ئەوینێکی باڵا جولیای دەپەرست و ئەویندار بوو. دەتوانین بڵێین ئەم نووسەرە لەڕێی ئەم ڕۆمانەوە گرنگی بە دوو خاڵی جەوهەری داوە، خاڵێک عەشق بۆ ئەوینێکی هەمیشەیی کە ئۆرویل لە ژیانی شەخسی خۆشیدا تا دواساتەکانی ژیان بەدوایدا وێڵ بووە. هەروەها عەشقێکی تر بۆ ئازادی و نووسین لەپاڵ ئازادیدا ئۆرویل دەیەوێت بنووسێ و هەموو ژیانی بۆ نووسین تەرخان بکات. نووسین لای ئۆرویل تەنیا لایەنێکی ژیان نییە، بەڵکو کۆی ژیان لەڕێی نووسینەوە دەکرێت جوانتر بکرێت. لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا ئەم نووسەرە بەهۆی نەخۆشییەوە تووشی گرفتارییەکی زۆر بووە و هەتا گەیشتە ئەوەی پزیشکەکانی ڕێنمایی ئەوەیان کرد کە دەبێت ئیدی پشوو بدات و نووسین وەلاوە بنێت.

هەندێک لە ژیاننامەنووسانی ئەم نووسەرە پێیانوایە پشتگوێ خستنی ئەم ڕێنماییانە و حەزی تۆندی بۆ نووسین مەرگی ئۆرویلی لێکەوتەوە، چونکە ئۆرویل ڕۆمانی (١٩٨٤)ی لە سەرەتای تەمەنی (٤٦) ساڵیدا نووسی کە پاش ساڵێک ئۆرویل مرد ئەو لە دواساتەکانی تەمەنیدا بەشێوەیەکی بێ بەزەییانە خەریکی نووسین بوو و لە هەفتەیەکدا سێ ڕەخنە، یان خوێندنەوەی کتێبی دەکرد و وتاریشی بۆ ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرە و ئەمریکا دەنووسی و سەرەڕای ئەوەش کاری لە هەر دوو ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان) و (١٩٨٤)دا دەکرد.

سۆمەرست مۆم دەڵێت: لەو بڕوایەدام بەلزاک گەورەترین ڕۆماننووسە کە تا ئێستا جیهان لە ئامێزی گرتووە، بەڵام پێموایە ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی) تۆڵستۆی گەورەترین ڕۆمانی دنیایە. ڕاستە ڕۆمانی جوان هەن و هەر ڕۆمانێک هەڵگری بەشێک لە داهێنان و جوانییە، بەڵام ڕۆمانەیە مرۆڤ پاش خوێندنەوەی ناتوانێ بیدەنگ بێت و بیرنەکاتەوە. ئەم دەقە هێندە زیندووە کە جوانی خۆی لە هەموو سەردەمێکدا لە دەست نادات، چونکە ئەوەی ئەم ڕۆمانە پێمان دەڵێت هیچ ڕۆمانێکی تر، یان ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت بڵێم هیچ کتێبێکی تر ناتوانێ ئەوەمان پێبڵێت، بۆیە چەندە خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکان بۆ مرۆڤە ئایینییەکان گرنگە، خوێندنەوەی ئەم کتێبەش بۆ ژیانی هەموو مرۆڤێک گرنگە و بەتایبەتیش ئێمەی کورد کە بەدرێژایی مێژوو لە ژێر ستەمی دیکتاتۆرەکاندا ژیانمان گوزەراندووە.

سەرچاوە:

١-جۆرج ئۆرویل، ١٩٨٤ - ڕۆمان، وەرگێڕانی: حەکیم کاکەوەیس، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، ساڵی٢٠٠٥.

٢- جۆرج ئۆرویل، مەزرای ئاژەڵان (ڕۆمان)، وەرگێڕانی : ئازاد مستەفا و محەمەد شاکەلی، چاپی دووەم - سلێمانی، ٢٠٠٠.

٣- میلان کۆندێرا، پێکەنین و بیرچوونەوە، ئاوات ئەحمەد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢.

٤-عەبدولڕەحمان مونیف، تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، شیرین. ک، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦.

٥- مەریوان وریا قانیع، دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزم، سەردەمی ڕەخنە، ژمارە(٢) زستانی (٢٠٠٥)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٦- ڕەزا مەنوچێهری خوێندنەوەیەکی نوێی ژیانی جۆرج ئۆرویل، گۆڤاری هەنار ژمارە (١٠) لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی .

نەبزی ژیان لە «ئاوێنەیەک نیگا»دا

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

شیعری ئەمڕۆ بووەتە زمانی باوی سەردەم، ئاوێنەی بالآنوێنی حەز و خەم و هیوا و ئاواتەکانی مرۆڤە، بەڵام ئێمە قسە لە شیعر دەکەین، نەک ئەو هەڵبەستە و وڕێنانەی بەزۆری ناوی شیعریان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و نووسەری ئەو دەقانەش بێ ئەوەی خۆشیان بزانن چییان نووسیوە و دەڵێن چی، خۆ بە شیعردا هەڵدەواسن و خۆشی پێوە ڕادەنێن.

بەر لە هەموو شتێک شیعر دەبێ جەوهەری شیعری و هەوێنی هەستی تێدا بێ و لە زەینێکی ئاگادار و وشیارەوە کەلاوڕێژی کردبێ و ئەگەر ئاوێتەی هەستی شاعیرانەی بنووسەکەش بێ، ئەوە شیعرە و بە دڵەوە دەنیشێ، خوێنەر و بەردەنگەکەشی دەتوانێ سیما و حەز و ئاوات و خولیاکانی خۆی تێدا بەدی بکا و پەیام و وێنەی شیعری شاز و نەسواو لە ناخی شیعرەکەدا تووشی ڕاچڵەکین و سەرسوڕمان بێ، یان موچڕکی چێژی شیعری سەرتاپای دابگرێ.

شیعری ئەمڕۆ گریان و کڕووزانەوە و فرمێسک هەڵوەراندنی زەلیلانە نییە. ئاوێنەیەکە ژیان بە هەموو ئازار و خەم و شادییەکانییەوە لە تەوێڵێدا دیارە. شیعری ئەمڕۆ بە نەسیحەت و ئامۆژگاری خۆی لەبەر چاوی خەڵک دێز و قێزەون ناکا.

شیعری ئەمڕۆ خاوەنی هەڵوێستێکی ئازادانە و ڕووڕاست و ڕاست وێژانەیە. قامک لەسەر ئازار و زام و کێشە دەرەکی و ناوەکییەکانی مرۆڤ دادەنێ، بەڵام دەرمانیان بۆ دەستنیشان ناکا و مەودا بە خوێنەر دەدا خۆی بیدۆزێتەوە. پاروویی ماناش بە دەمی بەردەنگەکەیەوە ناکا. بوار و گۆڕەپانێکی ئازادی بۆ خوێنەر هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی لە دەقەکەدا بەشدار بێ و چۆنی پێ خۆشە وای لێکداتەوە و چێژی لێ وەرگرێ.

سکاڵای گوللەیەک بۆن کە
لوولەی تۆپێک
سەرنێزەیەک
ئەی خودایە گیان!
بۆ نەبووینە هەسێرەیەک
دارێ، بەردێ
یان چوارچێوەی پەنجێرەیەک؟

لە دەلاقەی ئەم شیعرەوە سەردەکەین بە سروشتی گەرم و دڵگری «ئاوێنەیەک نیگا» و لەگەڵ ڕەوتی شەپۆلاوی شیعری ئەمڕۆ وەرێ دەکەوین و هەوراز و نشێوی خەمەکانی دڵی شاعیر بە خەمەکانی دڵی خۆمان دەگرین و

لەژێر ساباتی بەرین و سایەی نیانی شیعردا ئۆقرە دەگرین و بە پەلکی ڕەشە ڕێحانەی وشە دڵمان باوەشێن دەکەین و تاوێک ئاوێتەی ڕۆحی شیعر دەبین.

بە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرە بۆمان دەردەکەوێ کە (کەریم حیکمەتی) توانیویەتی تێکەڵی کاروانی شیعری ئازادی ئەمڕۆ بێ و کەند و لەندەکانی ببڕێ و سەیوانێکی شیعری دڵگیر و سایەخۆش دروست بکا و خوێنەری شەیدای شیعر بۆ ژێر ئەو ساباتە فێنکە بانگهێشت بکا.

هەروەک لەو شیعرەی سەرەتادا بۆمان دەرکەوت، ئازارێکی گەورە لە ناخەوە دڵی شاعیری خستووەتە تەنگژەوە و هەڵیدەچۆقێنێ. شەڕ و خوێن و ئازار و مەرگ کە یەکێک لە ژانە گەورە و لە بڕان نەهاتووەکانی مرۆڤی سەردەمە و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەک و خوێن وەک دۆڵپا و مۆتەکە سواری شان و سنگی ژیان بووە و دانابەزێ، لە هەستی حیکمەتیدا ڕەنگی داوەتەوە و بە دەنگێکی تازە و هاوارێکی زیندووەوە بەرەنگاری ئەو پەتا مرۆڤ فەوتێن و مالوێرانکەرەوە دەبێتەوە و هەڵوێستی لە هەمبەردا دەگرێ و نەیتوانیوە چاوپۆشی لێ بکا:

گوڵەکان دەگرین
ئەو دەمەی
مەڵەغانێ دەلەوەڕێ
هەستەکان دەدڕێن
ئەو کاتەی
تۆپەکان دەقریشکێنن.

یان:
شانامەم،
لە نەهاتی و مەرگی هیوا
ڕووبارم،
لە گەوهەر و
شاخم لە داخ

یان:
سکاڵای گوللەیەک بۆن کە
لوولەی تۆپێک
سەرنێزەیەک

یان:
هەڵچنینی ئارەقە و خوێن و خەفەت
ژیان، نان
گۆڕستان
وڵاتێکی میهرەبان

یان:
سەوزترین چرکەکان
شیعری ژیانم دەنێژن
دەمار و خوێن
دیەی نانن.
* * *
بزە وەری و زامم سەوز
بێ ڕەنگترین تاسەکانم
کوێوە دەچن؟
ئەم ڕووبارە جانتای سێو و ماسی نییە و
هەناریکیش سپی سپی
هەڵدەوەرێ
لەگەڵ چەپڵەی تیربارێکدا
هەڵپەڕین و
لەگەڵ هاژەی بزەیەکدا
هاوڕێ نەبوون،
هەتا کۆتر
زەریایەکی هەمووتانم

یان:
دایکم دەیکوت
من ڕادیۆیەکم خۆش دەوێ
لێو بە بزە

یان:
دڵنیا نین
دڵەڕاوکە و ئازارەکان،
ئەنفالەکان، هەڵەبجەکان
شیعرییەتیان داچۆڕاوە.

یان:
حافزا
منیش لە چاخی تەیوورا
شیعر دەڵێم
چاخی ئەنفال
هیرۆشیما....
لە هەڵەبجە منارەی سەدەی بیستەمی لێ چێ کرا.

یان:
سەرەوەتر بازێکم دی
لاوکێکی خەمینی دەهۆند
کە چوومە لای/ لەسەر بالّی/ بزەکانت
چەپک چەپک/ سەلاڵی سروود و خوێن بوون.

یان:
شار لە ئامێزی دووکەڵ ڕاکشاوە
شەقامەکان شەکەت شەکەت
هەڵکوڕماون.
گوێچکەی کۆڵان
پڕە لە گۆرانی گوللە و هاواری منداڵی ساوا
ئەوشەو چرایەک نایبیسێ.

یان:
بە بارتەقای هەڵەبجەدا شۆڕ دەبمەوە
نەورۆزی ڕەش،
چیای گوڵ و
توانەوە دەهۆنمەوە.

یان:

سەرهەڵێنە
دووکەڵ، بەرد،
ئاسن، گوللە
سەهۆڵستان هەڵم دەچێنێ.

سروشتیش لە شیعری (کەریم حیکمەتی)دا سروشتێکی زیندووە، زیندەوەرێکی ئاشقە و مرۆڤانە هەناسە دەکێشێ و ئەویندارانە چاو لە ژیان دادەگرێ. شیعری حیکمەتی هەتا سەر یەسقان بە جەستەی سروشتدا چووەتە خوارێ و نەبزی ژیان لەگەڵ لەرەی گەڵا و شنەی با و هاژەی ڕووبار و لەنجەی شەپۆلدا لێ دەدا. کاتێک سروشت شاد و دڵگیر و گەشایەوە، شیعرەکانی نێو باوەشی «ئاوێنەیەک نیگا»ش گەش و پاراو دەشنێتەوە. لەگەڵ هەڵوەرینی پەلک و گەڵا و هەڵقرچانی چیمەن و قژی دارستان و گڕگرتنی بەژنی جارە گوڵ و قەپاڵی بێ بەزەییانەی مەڵەغان (هێمای مەرگ) شیعرەکانیش ڕەنگ دەگۆڕن و ڕەنگیان زەرد هەڵدەگەڕێ و بە خەمەوە جینگڵ دەدەن و ڕادەچڵەکن. هەر ئەو ڕاچڵەکینە کتوپڕەش دەگوێزرێتەوە بۆ ناخی خوێنەر و بەردەنگی دەقەکە و وەک تەزووی کارەبا دایدەتروسکێنێ. ئەو ژیانەی لە شیعری حیکمەتیدایە شەپۆل دەدا، ژیانێکی ئەویندار مرۆڤە. لەوێدا ژیانەکە ئاشقی مرۆڤ دەبێ، نەک وەکو یاسای باو مرۆڤ ئاشقی ژیان بێ. لە ئاوێنەی دڵی ئەو شیعرانەدا دار و بەرد و خاک و گڵەمتک هەناسە دەکێشن و ڕۆح لەبەرێکن ئاشقی مرۆڤن و ژیانی بە چاودا دەدەنەوە و لەسەر یەک سروشت بە خاک و بەرد و گیاو ئاو و ئاوریەوە بووەتە قوتابخانەی ژیان و ئەوین بۆ مرۆڤ:

بێزار لە هەنگاوی هاوین گوڵەکان دەگرین
دڵنیام شەوێک مانگ دێت و
بسکی بەسەر چاوما دێنێ و
ژوورەکەم پڕ دەکا لە خۆی
*** * ***
ئەم گوڵاوە باڵا ناکات
ئاوێنە
گەرای تۆزی هەڵێناوە
*** * ***
ڕووبارێک من دەوەرێت و دەبێتە تۆ
لەنجەیەک تۆ دەوەرێت و
گەڵا گەڵا دەیخۆمەوە.
*** * ***
لە بستێ خاکا دەمنووسێتەوە ژین
مەرگ ئاسمانێکی غەوارەیە.
*** * ***
مەڵەغانی گوڵێکی کرد
گوڵە کوتی: خاکت بەسەر
دەمەو بەهارێکی دیکە
ڕیشەم دیسان دێتەوە دەر.
*** * ***
شاخێ وتی: بەردێ نەبوو
سنگی بەردێکم هەڵدرێ
گوڵێ، گوڵێکی ترم پەڕپەڕ کا
ڕێچکەیەکم، ئەوی تریان هەڵ بلووشێ و
کانیاوێکم، بزەی لەوانی تر نەچێ.
*** * ***
ڕیشەی گوڵێکیان هەڵکۆڵی
ئەمسا بۆ ڕیشەی بۆنەکەی دڵی بازێک.

شیعری «ڕەوەیەک ژیان» و «بۆنی چرایەک دەبینم» دەبێ خوێنەر خۆی بیخوێنێتەوە و هەست بە شەپۆلانی ژیان و نەبزی زەمان بکا لە ناخیاندا. لەو شیعرانەدا زەمان دەزێتە زمانەوە و زمان لە ژیاندا هەناسە دەکێشێ و ژیان لە ئەوین و خەمی بووندا.

تاو بەدەم هەڵاتنەوە
شەپۆلەکانی لستەوە
مزگێنی دا پەڵە هەورێ
بۆنی گوڵێک بەڕێوەیە...
تا کەی بۆ ماچێکی سێوی خۆرین
بتلێمەوە و گوڵاڵە سوورە بڕسکێم؟
*** * ***
ژیان لە خونچەوە دەپشکوێ و
لە خەزاندا دەکوژێتەوە
*** * ***
ئاواتم پۆلە هەورێکە
هەر نەبێ
دڵۆپە ئاوێک بنووسێ.
*** * ***
لە هێلکەی با و بزەی لۆدێر
جۆبارێکی تازەترم هەڵدەبەستن
هەور بە دورمدا چوار دەچڕن
ببورن
دەلاقەیەکتان نەدیوە لە ڕەنگی ڕوانینی ئێمە؟!

کاتێک بە زمانێکی شیعراوی و ئیجازێکی بە تەواو ماناوە لە شیعری «ڕەوەیەک بۆ»دا بەرەنگاری ئازاری مرۆڤ و بەتایبەت ژن و کچی دەسکەنەچی و بژارچی دەبێتەوە، ژانی جەمام بوونی مەچەک و کزانەوەی بلۆقی دڕاوی لەپی دەست و تینی سووتێنەری خۆری بە قرچە قرچ و کۆڵەکۆڵی هاوین و ئارەقەی شەکەتی و هێز لێ بڕان لە شیعرەکەدا باوەش بە ڕۆحی خوێنەردا دەکا، ئەوەی لەو کارە تاقەت

پرووکێن و پڕ ستەمەشدا ئارەقەی نەڕشتبێ و ئازاری نەچێشتبێ، بەگۆشت و خوێن هەستی پێ دەکا کە سامان چ تاوانێک بە دژی ژیانی ژنی کورد دەکا:

سوورە تاو
سامان
شاخێک سەرسوڕمان
جەمام
بلۆق
خولیا
؟؟!!
مژێ لە بای حەسانەوە
ئارەق
سوورەتاوێکی کەڵەگەت
بژارچن
تاوان...

لەم چەن وشە بە ڕوالەت ساکارەدا دنیایەک زوڵم و ئاوات و خولیا و ئازار و شەکەتی و کەیف و نەهەنگی خاوەن کار دەبینرێ. وشەی «ئارەق» لە نێوان «مژێ لە بای حەسانەوە» و «سوورە تاوێکی کەڵەگەتدا» دەبێتە ئیلهامێکی زیندوو لە نێوان بژارچی و خاوەن کاردا. ئەو ئارەقە لەوێدا، لە لایەکەوە ئارەقەی ماندوویەتی نێوچاوانی کرێکاری شەکەت و ماندووە و لە لایەکیشەوە پەرداخە ئارەقی مەستی و سەرخۆشی سامانە بۆ خاوەن کاری مالّ پەرست.

یان کاتێک لە شیعری «خەمی نان»دا هەست بە نەبزی ژیان دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ شاعیر چەندە ڕۆحێکی سەوز و دڵێکی ژیان پەرستی هەیە و لە هەمان کاتیشدا هەر ئەو ژیانەی ڕۆحی خۆی پێوە گرێ داوە، چۆن دەبێتە تەزووی لەش تەزێن و لەسەر سکڵە سەهۆڵی پڕ تەزووی یەسقان تەزێن، بیر لە ڕۆحێکی دیکەی ئەم سەوزییە دەکاتەوە، ژیانی خۆی بۆ ژیانێکی دیکە و بۆ خەمی بوونەوەرێکی دیکە هەڵدەتەزێنێ، ژیانێک کە ژیانی ئاژەڵێکی وردیلەی نەجیم و بەوەفایە، تووتکێکی بێ هێلانەی برسی کە دەتوانێ ئیستیعارەیەکی پڕ بە پێستی منداڵی برسی و بێ پەنا و دالّدە و بەوەفا و ئاشقە ژیانی ئەم گەلە لێ قەوماوە بێ. لەگەڵ ئازاری ئەو ئاژەڵە بەستەزمانەدا شاعیر ڕۆحی جینگڵ دەدا و هاوار دەکا.

هەر وەک لە پێشدا گوتمان شیعری حیکمەتی ژیانە و جاری وایە ژیان لە شیعری ئەوەوە نەبز دەگرێ و هەناسە دەکێشێ و زیندووە:

شەو بوو
خەڵک
لە ژێر شۆقی چرای نیئۆن
یا لانی کەم
لێفە شڕێکا نووستبوون
تووتکێکیش
لەژێر حەریری کڕێوە و لەسەر
دۆشەکی سەهۆڵین
بیری لە نان دەکردەوە
لە ڕەنگی مان...

لەگەڵ ئەو هەموو جوانی و ژیان و ئەشق و هەستەدا کە سەرتاپای شیعرەکانی حیکمەتی کردووەتە ڕووبارێکی زیندووی ڕانەوەستاو، بەداخەوە لە چەند شوێندا ڕەنگدانەوەیەکی پڕ بەپڕی ڕێزمانی فارسی پێوە دیارە و کەوتووەتە ژێر کارتێکەری زمانی فارسی و نەیتوانیوە، یان نەیویستووە خۆی لێ دەرباز کا. بۆ وێنە ئێمە لە زمانی کوردیدا لە سەرەتای ڕستەدا «واو»ی عەتفمان نییە و ئەگەر بشێ، یان دەکەوێتە دوای ڕستەوە، یان لە نێوان دوو وشەدا جێ دەگرێ. یان بە پاشگری وشەوە دەبێتە «ش» بۆ وێنە «وە ئەو» دەبێتە «ئەویش» و «وە ئێمە» دەبێتە «ئێمەش». لە لاپەڕەی حەوتدا شیعری سووتان «وەچاو جۆبار» کە دەبوو بڵێ: «چاویش جۆبار». لاپەڕەی نۆ «وە بۆنی ڕووباری پرچت» دەیتوانی بڵێ: «بۆنی ڕووباری پرچیشت» لاپەڕەی سی وپێنج «وە من بێ ئۆقرانە دەتلێمەوە» دەبوو بڵێ: «منیش بێ ئۆقرانە دەتلێمەوە.» لاپەڕەی سی و حەوت «وە جووتێ گوێنەی کاڵی کاڵ» دەبوو بڵێ: «جووتێکیش گوێنەی کاڵی کاڵ» یان «جووتێ گوێنەی کاڵی کاڵیش».

ئەم پەتای «واوە»ە لە شیعری زۆربەی شاعیرانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەیە و ڕەنگی داوەتەوە. لە شیعری (سواڕەی ئیلخانیزادە و قاسم موئەیدزادە و جەلال مەلەکشا و مارف ئاغایی و ناسر حیسامی) و زۆربەی تریشدا بەرچاوە و هەڵەیەکی تەواو زەق و قۆقزە و ئەگەر دڵمان بۆ زمانەکەمان دەسوتێ و بەو نووسینە دەمانەوێ خزمەت بە زمانەکەمان بکەین، وا چاکە فێری بین و بڕوا بەوە بکەین کە زمانی کوردی زمانێکی زیندووە و خاوەنی ڕێزمانی تایبەت بە خۆیەتی و نابێ تووشی پەتاو ئاپۆڕی زمانی دیکەی بکەین. بۆیە واچاکە پارێزەری بین نەک ڕووخێنەری. با ئیتر هەڵەی پێشینان دووپات نەکەینەوە و خۆ لە قەرەی ئەو کەڵەی زمانە نەدەین کە لە ڕیشەوە زمانەکەمان دەفەوتێنێ.

لێرەدا چەن نموونە لەو شاعیرانە دێنمەوە کە تووشی ئەو پەتای «واو»ە بوون:

سواڕە ئیلخانیزادە: وە تیشکی بێ

گـوناهی خـۆرەتاو ئەخـاتە بەند، وە مالّی بێ زگ و زا، وە پڕ بە پێستی لەشم، وە عـەتری زاری کـچی پێـوە، وە با بەسـۆزە، وە ئـیـمـانم، وە ژنانی شـێـن گـێـڕ، وە داری عـــوود، وە بیرەوەریم،

مـارف ئاغایی: وە من مـاندوو، وە تۆ سـەرخـۆش، وە مـرۆڤـێـک، وە لووڕەی با، وە مـن تەق.. تەق،. وە من قاسپە قاسپەی کەوم،

قـــاسم مـــوئەیەد زادە: وەتۆ چ مۆجزەیەکی

مـحـەمـەد ئەحـمـەدی سـامـاڵ: وە مەرگیشە...

جـەلال مـەلەکـشـا: وە زرمـەی لە یەکـــدانی تاوێـر و... وە مـن ڕۆ دەچم، وە گوڵخەندەرانە مەبەستم،

بەو ئاواتەی نووسەران و شاعیران ئـیـتـــر خـــۆ لە قـــەرەی ئەو هەڵە ڕێزمـانـیـیە نەدەن، ئەوانەی زیندوون با خۆیان ئەو هەڵانە ڕاست کەنەوە و ئەوانەی مـــردووشن با بـە ئەرکی خـــۆمـــانـی بزانین و بـژاری ئەو هەڵانەیان بکەین و ڕاســتـــیـــان کـەینەوە. هەر وەک ئێـمـە زۆرجـار ڕەنگدانەوەی عـــەرەبی لە زمـــانـی نووسـەران و شـاعـیـرانی باشـووری کـوردسـتـانـدا دەبینین و بەهەڵەی دەزانین، با ئەم هەڵانەی خـۆشـمـان ببینین. با ئـیـتـر ژێر چەپۆکەیی و بە کـوردی نەخـوێندن و بە فـارسی و عەرەبی خوێندن نەکەینە بیانوو.

کـەسێـک نووسـەر و شـاعـیـر بێ دەبێ بەسـەر زمـانەکـەیدا زاڵ بێت و هیچ دەلیل و بەڵگە و بیانوویەکیش قـەبوڵ نـیـیـە. ئەگـەر خـۆمـان بە نووســـەرێکی دەروەست دەزانین و بڕوامان بەوە هەیە کە زمانی کوردی زمـــانێکی ســـەربەخـــۆیە و وەک تاقـمـێک دەڵێن پەلێک لە زمـانی فارسییەو ئێمە قەبوڵمان نییە و بە زمانێکی زیندوو و خاوەن ڕێزمـانی تایبـەت بەخـۆی دەزانین، نابێ تەور لە ڕیشـەکـەشی دەین و ببینە جلە و کەڵەی بێستانی زمانەکەمان.

یەکـــێـکی دیکە لە خـــاڵە بەرچاوەکانی شـیـعـری حـیکمـەتی ئەشقە، ئەشقێکی زیندووی ئەمڕۆیی و ئاشق بوونێکی ئەمـــڕۆییـــانـە و درکاندنێکی ئەمڕۆیی و ڕوانگەیەکی نوێ بۆ ئەوین:

نەقاشییەکانی خودام خوێندەوە
چاوت
خەڵاتی نۆبێل هاتەوە
*** * ***
بە دڵێک
جووتێ ئەوین هەڵناگیرێ
وەکو بە دەستێ
.....
هەناوی من کـــوانووی ســـەوزی
عەشقی تۆیە.
*** * ***
دەڵێم بزە
چپکێ مۆڕەم بۆ دەنێری
دەڵێم سڵاو
بێدەنگی دەمنووسێتەوە.
*** * ***
جریوەی چاو هەڵدەمژم
*** * ***
من لە کەژاوی شۆخێکا
شاخم ناسی،
لە بەڵەمی ئەوینێکا بوومە شیعر
*** * ***
دڵم/ ئۆقیانووسێکی هەڵچوو
نیگام/ بەرەو لانەی چاوەکانت
تاسەی فڕین
هەڵدەمژێ
تۆ ڕووباری ئاواتی و
من/ ژیلەمۆی بزەکانت

«ئاوێنەیەک نیگا» لەگـەڵ ئەوەی لە باری داڕشتن و مـــۆســـیـــقـــای شـــیـــعـــرییـــەوە تا ڕادەیەکی زۆر ســـەرکـــەوتووانەیە و پڕیشـــە لە دەســـتـــەواژە و لێکچـــووانـدن و ئیـستـیـعـارەی تازە و نەسـواو کـە تایبـەتی زەینی شـاعـیـرانە و مـرخی خـــۆیەتی. وەک: جـــریوەی چاو، شـــەپۆلی باڵا، ئاوێنەیەک نیگا، پەنجـێـرەیەک بزە، چەپکێ مـــۆڕە، بەســـتـــێنی چرکـــە، پردی تاســـە، چەپڵـەی تیربار، ڕەوەیەک پەنجـێـرە، کـــەورگی هەورێکی غـــەواڕە، جـــیـکەڵدانی هەور، بایەقـــووشی ڕەژی، مژستانێکی ڕەش، دابڕانێکی کـەڵەگـەت، ژیلەمـــۆی بزە و بزەی بەژنی درەخت و زۆر شـــتی تریش. هەروەها بزە لە شیعری حیکمەتیدا زۆر بەرچاو و کـەم شـیـعـری هەیە وشـــەی بزەی تێـــدا نەبێ. بزە وەک موتیفێکی شیعری حیکمەتی لێ هاتووە و بەســـەر لێـــوی کـتـێـبی ئاوێنەیەک نیگاوە، دەدرەوشێتەوە: پەنجـێـرەیەک بزە، لە حـەوشـەیەک بزەدا، شنەی بزە نەرمەکانت، بزەکانم دەشواتەوە، کەڕووی بزە، هاژەی بزە، کـەشـفێ لە بزەکـان، لەسـەر باڵی بزەکانت، هەتا کەزی بزەکانت، بزەی لۆدێر، خـــەمـی ئەو بزە وەڕیـوە، لەسـەریەک ٢٦ جـاری وشـەی بزەی دووبارە کردووەتەوە، بەڵام هەرکام بە مـــانا و جـــوانکاری و وێنەیەکی تـایـبـــــەت و نـوێـوە لە ئـاوێـنـەی شیعرەکەدا داڕێژراون.

سۆفیگەریێتی

هاشم سەراج

سۆفیگەریێتی، یان ئینجیلی مۆدێرنی (کازانتزاکیس) ئەم تێکستە فەلسەفی و شیعرییەی نیکۆس کازانتزاکیس بەبنەماو سەرچاوەی فیکرو بۆچوونەکانی دادەنرێت کە لە ڕۆمانەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە «ڕەوف حەسەن» لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە و هاوکات هەوڵی داوە لە ڕێگەی زمانی کوردییەوە پرشنگە شیعری و تیشکە سۆفیزمییەکان بگوازێتەوە، «نیکۆس کازانتزاکیس» ساڵی ١٨٨٣ لەدوورگەی «کریت» لەدایک بووە.. لە ٣٠ساڵیدا چووەتە دیدەنی «چیای پیرۆز- ئایۆس ئۆرۆس» و سرووشی دانانی ئەم کتێبەی لەوێوە هەڵگرتووە کە یەکەمین ڕەشنووسی بۆ ساڵی ١٩١٤ دەگەڕێتەوە.. بەڵام لەساڵی ١٩٢٧دا بڵاوکرایەوە» بەرلەوەی ڕوو لەکتێبی سۆفیگەریێتی بکەین هەوڵ دەدەین گوفتارگەلێکی فەلسەفی بخەینەڕوو، دواتر لەڕێگەی هزرو بۆچوونەکانی «نیکۆس»ەوە گەشتێ ڕووەو خود دەکەین و لەچرکەساتە نیگەرانییەکانی ڕۆحی ئینسان دەکۆڵینەوە «زینۆن» دەڵێ «مرۆڤ گەردوونێکی چکۆلەیە».. هەروەها ئەفلاتوون و پەیڕەوانی ڕێچکەی ئەفلاتوونی نوێ.. جەخت لەسەر تیشکێکی یەزدانی دەکەنەوە «بەڵێ تەنانەت لەگوڵە باخێکدا و لەگوڵە نێرگزێکیشدا ئەم جۆرە تیشکە خودایییانەیە دەبینین». «پریشکی ئاگرەکە».. ئەم ڕووناکی خودایییانەیە لەبوونەوەرەکاندا هەیە، لەناو گوڵە خەشخاشێکدا، کە دەدرەوشێتەوە.. بەڵام مەزنترین نهێنی خواییانە لە ڕێگەی ڕۆحی خۆمانەوە لێی نزیک دەبینەوە.. لەوێ لەگەڵ نهێنی ژیاندا ببینە یەک».. «قدیس ئاوگستین» دەڵێ «مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕۆحانییە، کە خاوەنی لەشێکی ماددییە، لەشیش سەر بەجیهانی فیزیاوییە و ملکەچی نەمان و فەوتانە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا مرۆڤ خاوەنی ڕۆحێکیشە کە دەتوانێت درک بەخودا بکات و بیناسێت».. «سپینۆزا» خودای لەهەموو بوونێکدا دەبینی- «خودا جیهانەو جیهان لە خودا دایە، هەروەها لای سپینۆزا مادە ڕەسەنەکە، سروشت، خودا، خودا تەنیا لە ڕێگەی یاسای سروشتییەوە خۆی نیشان دەدات».. لای «لۆک» خودا لەناو خودی ئەقڵی مرۆڤدا هەیە».. بەڵام ئەگنۆستیک کەسێکە کە نازانێت خودا هەیە، نیکۆس کازانتزاکیس لەم تێکستەدا چۆن دەچێتە نێو خود و هەوڵی دۆزینەوەی نهێنییەکانی جیهان دەدات.. هەڵبەتە ئەو

گوفتار و گەلانەی لەسەرەوە خرانە ڕوو لەکتێبی «جیهانی سۆفیا» وەرگیراون کە لە نووسینی «یۆستاین گاردەر»ەو بەهرۆز حەسەن لە دانیمارکییەوە کردوویە بەکوردی. وەک لە پێشەکی کتێبی سۆفیگەرێتیدا هاتووە کە کازانتزاکیس- کاریگەری «پیشە» و «بێرکسۆن»ی بەسەرەوە دیارە و هەروەها خۆی دانی پێدادەنێت کە کاریگەرێتی «ئۆدیسێۆس»و (زۆربا)ی لەسەرە. «زۆربا» لە باشووری یۆنان کابرایەکی داربڕ بووە و کازانتزاکیس ماوەیەک لەتەکیدا ژیاوە و دەڵێت «لەزۆرباوە خۆشەویستی ژیان فێربووم»، بەڵام ئەگەر تۆزێ لەڕستە و دەستەواژە و بڕگەکانی کتێبی «سۆفیگەرێتی» ڕامێنین هەست بە ئەو گومان و ململانێیە دەکەین کە لەخودی کردەی نووسیندا بەرجەستە کراوە و هاوکات هەڵگری نیگەرانییەکی نهلیستی و ئەقینێکی سۆفیزمییە، لەهەمان کاتدا گەڕانێکی هەمیشەییە و بەدوای چەمک و مانای بوون و چارەنووسی ئینساندا دەگەڕێ و گەڕانێک لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی و بەزمانێکی شیعری کێشە و گرفتە ئەزەلییەکان دەخاتە ڕوو..:

«خۆر لەنێو کاسەی سەرمدا هەڵدێت و ئاوا دەبێت..لە ئەقڵمدا ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە» «لەخاڵێکی تاریکەوە هاتم کە «منداڵدانە» و بەرەو خاڵێکی تاریکی دی دەچم کە گۆڕە» «تامەزرۆی تاقە شتێکم.. بزانم چی لەودیو دیاردەکانەوە خۆی حەشارداوە! ئەو نهێنییە چییە دەمبوێنێ و ئەمجا دەمرێنێ» زۆرجار کردەی نووسین لە قووڵایی نیگەرانییەکی ڕۆحییەوە سەرچاوە دەگرێ و سەبارەت بەگەوهەری بوون پرسیارگەلێکی بێ وەڵام دەخاتە ڕوو، کە ڕاستەوخۆ بەگەمە و گەپی گەردوون و چارەنووسی نادیاری وجوودی مرۆڤەوە پەیوەستن، دەکرێ پرسیارەکان بەسەمای گەردیلەگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ بچووێنرێن کە لەکەشکەڵانی فەلەکدا بەڕەوش و شێوەیەکی سیزیفیانە دەخولێنەوە.

«کێ تۆوی ئێمەی بەزەوییەوە وەشاند.. بێئەوەی پرسمان پێبکات؟ کێ لەم زەویەوە دروێنەمان دەکات.. بێئەوەی مۆڵەتمان لێوەربگرێت»، یان دەڵێ «من زەمیلەیەکی پڕ لە گۆشت و ئێسک و خوێن و فرمێسک و ئارەقی ئاوێنەی ئارەزوو خەون و ئەندێشەم (..) لەنێویدا ژن و پیاوێک ئاوێزانی یەکدین.. دڵداری دەکەن و یەکدی دەبوغزێنن و.. تێدەکۆشن».. وەرگێڕی کوردی لەمەڕ کتێبی سۆفیگەرێتییەوە دەڵێ «سۆفیگەرێتی کازانتزاکیس.. کڵپە و بڵێسەی لە ئاگری زەردەشتییەوە.. تین و تەوژم و جۆش و خرۆشی لەدڵ و هەناوی مرۆوە.. گەشەسەندنی بالاڕەوی لەداروبنەوە.. ئەقڵین و خۆشەویستی و لێبوردەیی لە «مەسیح»ەوە. ململانێی چینایەتی و دادوەری کۆمەڵایەتی لە مارکسەوە.. ڕێژەیی شوێنکاتی لە ئاینشتاینەوە وەرگرتووە و.. لەگشتیشیانەوە «عیشق»ێکی جاویدانی گەڵاڵە کردووە و لەخودی ئەو «خواوەندە»دا گەشتر و بە جۆشتر و جوانتر دەنوێنێ ئەو خوداوەندەی کە خۆی بنیادی ناوە.. ئەوەی کە لە مرۆڤ ناچێت».

کازانتزاکیس وەک مەسیحییەکی نیگەران و ڕاڕا لەمەرگەساتەکانی بوون و جەور و ستەم و نەهامەتییەکانی ژیان دەڕوانێ و دەزانێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی ساویرێکە لەوەهمخانەی ژیاندا، پراکتیزە ناکرێ، یان لەڕوانگەی فەلسەفەی «شۆپنهاوەر»ەوە گەوهەری بوون و تابلۆگەلێکی خەفەتباری پڕ خەمۆکی و دێمەنگەلێکی قێزەون لە ئاسەوارەکانی پەتا و دەرد و نەخۆشی و مەرگ دەخاتەڕوو.. [گەرەکمە بیانوویەک بدۆزمەوە تاکو لەژیاندا بەردەوام بم و بۆ ئەوەی ڕۆژانە بەرگەی ئەو دێمەنە تۆقێنەرانەی نەخۆشی و دزێوی و ستەم و مەرگ بگرم] هاوکات بەشێوازێکی بروسکەیی و هەستێکی ئەنتۆلۆژی چەمکی کۆتاییەکان دەوروژێنێ.. [بەڵێ.. ئارمانجی ئەم زەمینە نەژیانە و نە مرۆڤ.. ئەو بەبێ ئەوان ژیاوە و دواییش بەبێ ئەوان دەمێنێ.. ژیان و مرۆڤ پزیشکە ساتەوەختییەکانی سووڕانەوە بەزەبر و زەنگەکەیەتی] هاوکات هەستێکی «ئەپیکۆر»ی لەکانگای تێکستدا بوونی بەردەوامی خۆی پاراستووە و وەک هێزێکی هەمیشەیی بڕوای تەواوی بە ئێش و لەزەت هەیە و لە پڕێکدا هەڵدەچێ و هەست و سۆز و ئەقینگەلێکی دیۆنیسۆزی و نیهلیزمی لەنێو دڵ و دەروون و زەینی خوێنەردا دەوروژێنێ و لەهەمان کاتدا ڕووبەڕووی ژەنگ و ژاڵەکانی عەقڵی فێندە مێنتالیست و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری گەمژە و دەمارگیر و هەڵەشەکاران دەبێتەوە.

کازانتزاکیس لەم تێکستەدا جەخت لەسەر چرکەساتە هەنووکەییەکان دەکا و دەزانێ بەختەوەری هەتا هەتایی وەهمێکە لەسەراب، کەواتە پێویستە ئینسان

ترسی لێ نەنیشێ و هەوڵ بدا غەریزە ڕۆحییەکانی بەلەنجەبێنێ و لە ئێستادا بژی و لەئێستادا بیربکاتەوە و لەئێستادا گۆرانی بچڕێ و گەمە ئیرۆتیکییەکانی ئەنجام بدا، یان لەئێستادا بەهەستێکی ڕۆحی چێژ و لەززەت لەجوانییە ناوازەکانی جەستە وەربگرێ، چونکە مرۆڤ هێدی هێدێ و لەسەرەخۆ و بەشێنەیی سەرلەبەری هێز و توانست و هیوا و ئومێد و شتگەلە دانسقە و نازپەروەرەکانی لەدەست دەدا، [بەسۆز و پەرۆشەوە دیدەت بگێڕە و ئەوجا بڵێ: ماڵ ئاوا، بڕوانە دەوروبەرت.. گشت ئەو جەستانەی دەیانبینیت هەڵدەوەشێنەوە و دەڕزێن و قوتار بوون نییە، نەوەکانی بەشەر لەخاکەوە سەردەکەون و دوایی ژێرخاک دەکەونەوە، ئێمە بەرەو کوێ مل دەنێین؟ مەپرسە؟ سەرکەوە و دابەزە نەسەرەتا هەیە و نەکۆتایی، ئەم چرکەساتەی ئێستە هەیە.. لێوانلێوی تاڵاوە و لێوانلێوی لەززەتە، بە تەواوی پێی شادمان بە، جەستەمان کەشتییەکە لە ئاوێکی قوواڵی شیندا مەلە دەکات سەوڵ لێدەو.. بشڵێ: هیچ شتێ نییە! نە ژیان هەیە و نە مەرگ].. کەچی بەردەوام لەناخی مرۆڤدا هاوارێکی شاراوەی ئالۆزسکاو هەس شەیدا و موبتەلای یەکتابوونە، گوێ بۆ ئەم هاوارەی خودت هەڵخە.. جار جارە پێت دەڵێ «بێگومانم لەوەی من بەشێکم لە گەردوونی بینراو و نەبینراو».. یان وەک ئەو بڕگە نیتشە- هایدگەرییەی کە- ئۆشۆ- لە کتێبی- عەشق سەمای ژیانە-دا دەیخاتە ڕوو و دواتر بەهەستێکی ئەفلاتوونی لەو تاسە و ئەڤینەی یەکتابوونە دەدوێ.. «هیچ شتێک لە ڕەهەندی زەمەن هەتا هەتایی نییە، ئەو شتەی کە لەزەمەن و کاتدا لەدایک دەبێت لەزەمەن و کاتدا دەمرێت، ئەگەر دەستپێکێک هەبێت بە دڵنیایی کۆتاییەکیش هەیە]، یان دەڵێ «خۆشەویستی تاسەیەکی زۆری دەروونییە بۆ یەکبوون لەگەڵ گشتدا، ئارەزوویەکی دەروونییە بۆ نقوم بوون لە یەکتابووندا، سەرچاوەی خۆشەویستی دابڕانە، بەبێ خۆشەویستی شادی و چێژوەرگرتن نابێت.. بەبێ خۆشەویستی ژیان واتایەکی نییە»، یان وەک مەسیحییەکی نیگەران لەبەردەم قاپی میهری باڵادا دەڵاڵێتەوە و دەڵێ «خواوەند بەخۆشەویستی و شکۆوە دەمخاتە ڕوو.. لەمن زێتر هیچ ئومێدێکی دی نییە.. ئەمجا دەفەرموێ: «ئەوە ئەو مەستەیە هەموشتێک دێنێتە ئاراوە و.. بەهەموو شتێک شادمان دەبێت و هەموو شتێکیش تەفر و تووناو دەکات.. ئەوە کورەکەمە!»، بەڵام خوداوەند لەتێکستی سۆفیگەرێتیدا هێزێکە لە عیشق و توندوتیژی.. بوونەوەرەکانی خۆش دەوێ کەچی دواتر تەفروتوونایان دەکا، عیشقێکی زەبر و زەنگاوی هەمیشە خودی مرۆڤ ڕووە و گەشتەکانی خۆدۆزینەوە ئاراستە دەکا، بەئومێدی ئەوەی بەستەڵەکەکانی بەدبەختی تێک بشکێنێ و سەرچاوەیەکی خۆشی و شادمانی بدۆزێتەوە، پێوندی نێوان خود و خوداوەند بەم شێوەیەیە [خواوەند هێز و توانایەکە هەموو شتێک دەگرێتە خۆی.. هێزێکە هەموو شتێکی لێدەکەوێتەوە.. گشت شتەکان دەڕەخسێنێ و خۆشیانیشی دەوێت و.. دوایی دەیانفەوتێنێ..» چەمکی سۆفیگەرێتی لەجیهانێکی داخراوەوە بەرەو گەردوونی بێ سنوور هەنگاو دەهاوێژێ و ئاوێتەی چرکە زەبر و زەنگییەکانی عیشق و گەمە ئیرۆتیکییەکانی جەستە و یەکتابوونی سەرلەبەری شتگەل و خەڵقندە و ئاوازە چێژ بەخشەکانی گیان دەبێ.. کەواتە مرۆڤ گەردوونێکی بچووکە، یان پاژێکە لە جەستە مەزنەکە!

«حۆرییەکان دەفڕێنین و دەیانبەینە نێو کەشتیەکەمانەوە.. تا ئەوانیش لەگەڵماندا لەسەفەردا بن، خواوەند لەناخی دڵمدا هاوار دەکات «ڕزگارم کە».. خواوەند گازی بەشەر و ئاژەڵ و ڕووەک و بێگیان دەگات «قوتارم کەن!» بەم جۆرە سۆفیگەرێتی لەکانگای عیشقێکی سووتێنەرەوە سەرچاوە دەگرێ، عیشقێک دڵ و زەین و گەردوون ئاوێزانی یەکدی دەکا، پێوستە «مرۆڤت خۆش بوێ.. چونکە ئەو و تۆ خۆتیت. ئاژەڵ و ڕووەکت خۆش بوێ.. چونکە تۆبش چوون ئەوان بوویت.. ئێستەش ئەوەتا وەدووتەوەن و باوەڕیان پێتە و هاریکاری و نۆکەریشت دەکەن» دوایین جار بەهەستێکی نیهلیستی گوزارشت لەم یەکتابوونەی سۆفیگەرێتییە دەکرێ: «ڕەچەڵەک و مرۆڤایەتی و زەمین و.. تیۆرە و پراکتیزە و خواوەند لە شەبەنگێکی لەخاک و ئەقڵ پێکهاتوو زێتر چیدی نین».

سەرچاوە:

ناوی کتێب -سۆفیگەرێتی- نووسەر: نیکۆس کازانتزاکیس، وەرگێڕ: ڕەوف حەسەن، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠٠٥.

نغرۆ بوون Décadantisme

د. موحسین ئەحمەد عومەر
(کۆلیژی زمان – بەشی فەرەنسی)

زاراوەی نغرۆبوون، یان ڕووچوون
Décadantisme

دەشێ بەزۆر مانا بێ کە لەعەرەبی پێی دەگوترێ (انحطاط)، یان (الانحطاط فی الادب و الفن)، من پێم جوان بوو (نغرۆبوون) (ئەدەبی نغرۆبوون) دابنێم لەناوبوونی کۆمەڵێک هاوتای دیکەی کوردی وەک: ڕووخان، لەناوچوون، ڕووچوون، تاریک، تاریک ئامێز...تاد.

نغرۆ بوون، یان ئەدەبی نغرۆبوون، بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بوو لەسەدەی نۆزدەم لەفەرەنسا سەری هەڵدا، دڵنیایی لەسەر سەربەخۆیی ئەدەبی و هونەری دەکردەوە هەڵبەت وەک ئەندێشە و خەیاڵێکی تایبەتی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی دوژمنایەتی کۆمەڵ و چینی بۆرژوازی دەکرد، داهێنانی ئەدەبی و هونەری لەسەرەوەی سروشت و واقیعەوە دادەنا و بەگیانێکی نوێی لەقەڵەم دەدا. لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەم هەندێک لە شاعیرانی لاوی فەرەنسی لەبزووتنەوەی پارناسیزم جیادەبنەوە. ئەمانە ڕاستەوخۆ کەوتبوونە ژێر کاریگەری دنیای شیعری و هونەری شیعری شارل بۆدلێرەوە، بەتایبەتی کۆمەڵە شیعری (گوڵەکانی خراپە- Les fleurs du Mal).

پەیڕەوانی مانا ڕاستەوخۆکان و هەستی ڕیالیزم و هەستی ناتورالیزمیان بەشێواز و هەست و ئەندێشەیەکی دروستکراو و بێ مانا لەقەڵەم دەدا، هەوڵیان دەدا ئەندێشەی خۆیان بەنارێکی (چونکە ژیان نارێکە) دەربڕن و سیفەتێکی ئەخلاقییان دەدایە ئەم هەستە کە زیاتر بە مانای ڕووچوون و نغرۆبوون دەهات. ئەوانە هەروەکو تیۆفیل گۆتییێ- T.Gautier، ئەدەب و

هونەریان لەپێوەندی و کاریگەرییەکانی مەوزووعیەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان جودا دەکردەوە. بایەخیان بە گەرەلاوژە و ئاپۆرەیی و هاتوهاوار دەدا. دواجار لەساڵی ١٨٨٦دا مانەفێستێکیان بەناوی نغرۆبوون- le déc-adent بڵاوکردەوە، دواتر ئەمانە بەنغرۆ بووەکان، یان ڕووچووەکان ناسران- Les décadents، لەلایەن ناوەندی ئەدەبی و هونەری و فیترین کلاسیکی و فەرمی ئەو سەردەمەوە کەرستەی توانج و پلار و گاڵتە پێ کردن بوون.

یەکێک لەو ڕۆمانووسە فەرەنسییانەی ئەو سەردەمە کە وەک ئەدیبێکی نغرۆ بوون ناسرابوو هویسمان- K. Huysmans بوو، هویسمان لە ڕۆمانە بەناوودەنگەکەی (دژە سروشت- Cantre Nature)، وێنەی پاڵەوان و کەسایەتییەکمان پێشکەش دەکات کە کەوتووەتە ژێر کاریگەری کۆێرەوەرییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و دووچاری ڕزانەوەیەکی ڕۆحی بووە، لەڕوانگەی ئەخلاقی گشتییەوە بەمرۆڤێکی بێ پرەنسیپ و بێ بەندوبارە و هەستی ناوێزە و غەریب و نائاسایی هەیە و هەوڵدەدات بەسەر ڕزانەوە و ڕووچوونەکانی خۆیدا زاڵ بێ، بەڵام لەم پرۆسەیەدا ڕووچوون و نغرۆبوون جێگەی بیرکردنەوەی ئاسایی دەگرێتەوە.

لەفەرەنسا، ناسراوترین شاعیرانی نغرۆبوون و ڕووچوون، ژول لافۆرگ- J. La Forgue-ە، ئەو لەهونەری شیعری خۆیدا سوودی زۆر لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و دەستەواژەی دەستکردی تازە و فەلسەفی وەردەگرت، سوودی زۆری لەکێشی شیعری میللی فەرەنسی وەرگرت، مۆنۆلۆگ و خوازەی نوێ و پارا دۆکسی نوێ و وێنە و داڕشتنی تازەی داهێناوە و لەشیعرەکانیدا بەکاری هێناون.

بێجگە لە لافۆرگ، ڤێرلین و ڕامبۆ-ش لەزۆر ڕووەوە بە شاعیرانی نغرۆبوون و ڕووچوون ناسراون.

بەڵام لە ئەدەبی ئینگلیزی جۆرج مۆر- G. Moore لەکتێبی - دانپیانانەکانی لاوێک- The confes-sions of a young Man- کە لە ساڵی ١٨٨٨دا بڵاوکراوەتەوە، وەک یەکەمین مانیفێستی ئەدەبی نغرۆ بوون و ڕووچوون دادەنرێن. مۆر لەم کتێبەدا بەرگری لەجوانیناسی هەستی نغرۆبوون و ڕووچوون دەکات. پاشان شاعیر و ڕەخنەگری ئینگلیزی ئارتور سمیۆنز لەکتێبی: بزووتنەوەی نغرۆ بووەکان، یان ڕووچووەکان لە ئەدەبیاتدا، کە لەساڵی ١٨٩٣دا بڵاوی کردەوە. بزووتنەوەی ئەدەبی نغرۆبوون بە (خەستە و نەخۆشی نوێ، جوانی و ناشیرینی) وەسفی دەکات.

ئەوانەی لەئەدەبی ئینگلیزی لە ڕیزی ئەمانەن: ئۆسکار وایلد، ئەرنست داوسۆن و شێوەکار بێردزلی-ین.

بەشێوەیەکی گشتی ئەدیبانی نغرۆبوون و ڕووچوون، کەسانێکی بەدبین و ئالۆز و تاریک بین و گیانێکی سووتاون. سەرچاوەی ئیلهامی ئەمانە هەستی مێلانکۆلی (غەمباری) و پێوەندی سێکسی ناڕێکە. لەچوارچێوەی (سەربەخۆیی ئەدەب و هونەر)دا ئەوەی سروشتی و ئاساییە لە ئەندێشە و شێوازی نووسینی خۆیان فرێی دەدەن و سوود لە نائاسایی و ناسروشتی و ناوێزەیی وەردەگرن. لەلای ئەوان ژیان تاریک و ڕوناکە، لایەنی تاریکی بەهێزترە و سەرچاوەی ئیلهام و بەخششە.

لەلایەکی دیکەوە، زۆرجار ئەم دەستەواژەیە بۆ هەندێک لایەنی دیکەش بەکاردێت وەک: بوونی ماوە و سەردەمی تاریک و هەژار لەبەرهەم هێنانی ئەدەبی. زۆرجاریش ئەدەب و هونەری سەردەمی فەرمانڕەوایی فاشیزم و دیکتاتۆری بە ئەدەب و هونەرێکی نغرۆ بوو و ڕووچوو لە قەڵەم دەدرێت، بێ گومان لێرەوە فاکتەری سۆسیۆسایکۆلۆژی ڕۆڵی مەزنی هەیە.

دیۆنیزۆس- Dionysos

دیۆنیزۆس کوڕی زێوس-ە، بەخواوەندی شەراب و مەی ناسراوە. یەکێ لە خوداوەندە هەرە گەورەکانی یۆنانی سەردەمی هێلینییە، بەخوداوەندی پیت و بەرەکەتی و زەمین-یش ناسراوە. یۆنانییە کۆنەکان بەزۆر شێوازی جیاجیا پەرستوویانە و ستایشیان کردووە.

یۆنانییە کۆنەکان، پەیرەوانی دیۆنیزۆس لەو باوەڕەدا بوونە کە لە ڕێگەی مەی و شەراب، وەک بەرهەمێکی ناوێزەی خاک مرۆڤ مەست دەکات و ڕێگەی ئازادی بۆ دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا وەک ئیلهام بەخشێکی هونەری و داهێنانی هونەری سەیریان کردووە. لەم ڕووەوە بە پاسەوانی هونەریان لە قەڵەم داوە. تراژیدی و کۆمێدی، لە شیعر و درامادا، سەرچاوەکانیان بۆ جەژن و کەرنەڤاڵ

و ستایشەکانی دیۆنیزۆس دەگەڕێتەوە، ئەم سەرچاوەیە لەدوو جۆرە شیعرەوە هاتووە، یەکەمیان شیعری لاواندنەوەیە (مرثیة) و ڕەگێکی ئایینیشی تێدایە لەبنچینەی تراژیدییەوە هەیە، هی دووەمیان شیعری ساتیریکییە کە لەکاتی کەرنەڤالەکاندا دەیانخوێند، لەبنچینەی کۆمیدیادا هەیە.

بەشیوەیەکی گشتی جەژن و کەرنەڤاڵەکان کە بۆ ستایشی دیۆنیزۆس بەرپا دەکران وەک ڕێزلێنان و ستایشی سروشتی زیندوو و خاک و دارستان دەژمێردرێت. تا ڕادەیەکی زۆر شێوەی باوەڕێکی ئایینی کۆنی Croyance Religieuse Archaique-ی وەرگرتبوو کە پەرستنی تێدابوو، ئەم پەرستن و ستایشانە سێ جۆر بوون، ئەمەش بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی یۆنانی کۆن دەگۆڕا.

یەکەمیان: جەژن و کەرنەڤاڵی دێهاتی بوو کە لەزستان دەکرا، شیعر و دیمەن و نمایشی ساتیریکی و پێشبڕکێ و هەندێک وەرزشی ئەکرۆباتیک دەکران.

دووەمیان: بەجەژنی شەراب ناسرابوو کە مانگێک دوای هی یەکەم بەرپا دەکرا، لەمانگی دووی هەموو ساڵێکدا، وەک ستایش و ڕێزلێنان لەشەراب کە سەمبوڵی ئازادی و پیت و بەرەکەت و هونەر بوو. جەژنی سێیەم بەجەژن و کەرنەڤاڵی دیۆنیزۆسی گەورە، یان مەزن ناسرابوو، بەدیۆنیزۆسی شار-یش ناسرابوو، لە کۆتایی بەهاردا ساز دەکرا (ئەم جەژنە لەکۆتایی مانگی سێ دەگێڕرا، تارادەیەک پێوەندییەکی بەنەورۆزی خۆمانەوە هەیە) لەم جەژنەدا یۆنانی و نوێنەرانی میللەتانی هاوسێی ئەوان تێیدا بەشداریان دەکرد. پەیکەری دیۆنیزۆس کوڕی زێوس بەکەرنەڤاڵ بەناو شاردا دەسووڕێنرایەوە و قوربانییان سەردەبڕی.

ئەم جەژنە سێ ڕۆژ درێژەی دەکێشا و نمایشی لاواندنەوە و ساتیریکی (تراژیدی و کۆمێدی) پێشکەش دەکرا. دواتر هەموو ئەم پێوەندییانە لەسەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە لەتەواوی شانۆگەری و دراماکانی کۆنی یۆنانی و شیعری یۆنانیدا ڕەنگ دەدەنەوە.

شیعری ئازاد و ژنی ئازاد

نیگار نادر
(بەریتانیا)

ئەو دەمەی هەست بە کارەسات و هەژەندێکی ترسناک دەکەی کە زۆربەی کاوێژ و وڕێنە و پێپەرکە لەناو وشە و مانادا بە شیعری ئازاد ناو دەنرێن و ژنە چەوساوەکان داوای ماف و ئازادی لەبۆ ژنانی کۆمەڵگاکەت بکەن و سیاسییەکان سنوور بۆ نووسەر و ڕۆژنامە نووسەکان دیاری کەن و شاعیرەکان حیزب ڕایانێن و ژنان هەر چاویان لە دوای ئەو ئازادییەوە بێ کە پیاوان پێیان دەبەخشن و هەموو تێکڕا یەک زمان و یەک پێناسەیان هەبێ بۆ سیاسەت و ئەدەب و مێژوو و ئازادی و ئافرەت. لەژیاندا هەڵدێر زۆرن، چارەنووسسازترینیان هەڵدێری فیکری، هەڵدێری سیاسی، هەڵدێری ئەدەبی و هەڵدێری ئازادین.

زۆرن ئەوانەی سااڵنێکە خەریکی ڕێزکردن و دابێژتن و بەباکردنی وشەن و بە زۆر جۆرە شێوە و ڕەنگ دەیانناوسنەوەو دەیان وەشێنن! لێ هەتا هەن ناتوانن بڕن بە شاعیر. دنیا پڕە لەو مرۆڤانەی تەمەنێکە گەیشتوونەتە لووتکەیەک لە ڕەهایی هەڵسوکەوت و پۆشینی بەرگی مۆدێرن، لێ هەتا هەن ناتوانن ئازاد بن. هەروەها دنیا لێواو لێوە لەو مێینانەی نوقومن لە مێیایەتی و لێ ناتوانن ڕۆژێک ژنایەتی بەخۆوە ببینن. لێرەدا لە سێ هەڵدێران دەفکرین کە هەڵدێری شیعری و هەڵدێری ئازادی و هەڵدێری ژنایەتین.

شیعری ئازاد زمان و هونەرێکی تایبەت بەخۆی هەیە، چۆن لە نووسینی ساتیرە شیعردا دەبێ بە کەمترین وشە جوانترین مانا بەدەستەوە بدەی لەبۆ نووسینی شیعری ئازادیش دەبێ بە زۆرترین وشە جوانترین مانا بدەیە دەست و لێ ئەگەر شارەزاییەکی زۆری لە زماندا نەبێ و فیکریش لە پشتی نەبێ، وەکو چێشتی مجێور دەردەچێ. زۆر کەس هەنە تەمەنێکە دەبەر وشە و فەرهەنگ و کتێبان ڕاچوونە، بەاڵم دە کەس ناویان نازانێ و ناوی هیچ دیوانێکیان لە مێشکی کەسدا نەچەسپیوە، هەندەکی دی هەنە لەوەتەی دەنووسن بە کۆمەڵێک وشەی لێکچوو و سواو چەند دیوانیان نووسیوە و وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی دی و خزێنراونەتە ناو فیستیڤاڵان و خەاڵت کراون، لێ چونکە شاعیر نەبوون کەس لە بیرشی نەماون و بەسەرچوون. نووسەری بەسەرچوو هەر هەوڵێک بدا خوێنەر ناهەژێنێ، زۆری دی شاعیر بوونە، بەاڵم وشە و زمان و شیعرەکانیان کردووەتە کەرەستەی حزبایەتی دەسەاڵتداران کە تەنیا بوونەتە یادەوەری نووسێک زۆری دی هەرچی نامەی دڵداری و یادداشت و خەونەکانیان تێکەڵ کردوون و دەیان وەشێنن بە ناوی شیعری ئازاد، لێ هەموو ئەوانە دە هەڵدێر دەکەون. بە دیوێکی دیدا زۆر کەس هەبوون شاعیری باش بوون، زمانزان و خوێندەوار و شارەزابوون، شیعری ئازادیان بە شارەزاییەوە نووسیوە، بەاڵم چونکە پشوو درێژو خۆراگر نەبوونە وەبەر دەستاڕی حیزبایەتی کەوتوون و بزر بوون، هەروەها هەندەک مرۆڤ هەنە زۆر ئازادانە لە ژیاندا ڕەفتار دەکەن و دێن و دەڕۆن، لێ چونکە ئازا نین و جەسارەتیان نییە وەکی پووشی بەر بایان لێ بەسەر دێ، نازانن سنووری ئازادی لەکوێ کۆتایی دێ و لە کوێندەرێ سنووری ئازایەتی دەست پێ دەکا، هەندەکی دی ئازادی وەها وڕیان دەکا هەتا لە ژیاندا بن بیر لە ئازایەتی ناکەنەوە، هەندەکی دی ئازادی وا لە پەلوپۆیان دەخا هەتا دەشمرن، ناتوانن جارێک هەستنەوە و ئاوڕێک بۆ پاش خۆ بدەنەوە، بە دیوێکی دیدا بنۆرین مرۆڤ هەنە زۆر ئازان، بەاڵم ناتوانن لەنێوان ئازادی و ئازایەتیاندا خۆڕاگرن، لە هەموو قۆناغێکی ژیاندا ئازایەتییان دەنوێنن، ئازایەتی بیرکردنەوە و ئازایەتی گفتوگۆ و ئازایەتی ڕەفتار لێک هەاڵوێرد ناکەنەوە، بۆیە هەر زوو هەڵدەدێرین و سڕگوم دەبن، دنیا پڕە لەو مرۆڤانەی داوەستاون لە مێینەتی، بەاڵم هەتا دەمرن لەبۆ ساتێکیش ژن بوون بەخۆوە نابینن و ژنایەتی لە ڕۆحیاندا ڕەگ داناکوتێ و ژنایەتی بەبیرکردنەوە و ژنایەتی بە ئاخافتن و ژنایەتی بە ڕۆح و ژنایەتی بە کردار لێک جودا ناکەنەوە، نازانن لەکوێ مێیاتییان بینا دەکەن، لە چ قۆناغێکدا ژنایەتی لە ڕۆحیاندا دەچەسپێنن و هەتا کوێندەرێ دەبێ ئازادبن و لەکوێڕا دەبی ئازادییان بینا بکەن.

زۆریان هەنە بە هەموو ڕەنگ و دەنگ و ڕوویەک ژەخۆدەدوێن بە ڕووی ژنایەتی نەبێ، مێینەتی تەنیا وەکو جەستە لەشیعردا بوونی هەیە و بۆنی دێ، زۆر کەمن ئەو شیعرانەی ژنیان وەکو ڕۆح و مرۆڤ تێدا داڕێژراوە و بە دیوێکی دیدا لە زۆربەی ئەو نووسینانەی بەناو شیعری ئازاد دەوەشێنرێن، هەموو شتێکیان تێدا دەبینییەوە تەنیا شیعر نەبێ. زۆربەی ئەو ئازادیانەی بەناوی ئازادی ژنەوە پێناسە دەکرێن، هەموو مێیێتەتیەکیان تێدایە تەنیا ژن بوون نەبێ.

*** هەژەند: سەرسوڕهێنەر.**
*** تێبینی: وشەی ژن و ئافرەت بەیەک مانا بەکاردێنم تەنیا بۆ جوانی دەربڕین ئالوگۆڕیان دەکەم.**